**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٩٨

**ساڵی/ ٢٠١٤ — بەرگی نەوەت و هەشت**

---

**چاپی یەکەم/ ساڵی ٢٠١٩**

له بڵاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

---

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆڵەكانی ساڵی(٢٠١٤)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: ٩٨
چاپی یەكەم: ٢٠١٩
تیراژ: ٢٥٠
نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات كردن: سروه هادی، شەرمین‌خضر، نەورۆز شێرزاد، دلێر اكرم، شوان محمد، نەهلە اسعد.
كۆڤان خسرو، مروان ابراهیم، اسكندر غریب، نشوان سلیمان، نداء جبرائیل، تارا رشاد
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێرِیست

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١) نائاسایی خولی چوارەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە ٢٠١٤/٧/٣ ل ٥

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٩) خولی چوارەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە ٢٠١٤/٧/٢٤ ل ١١ پرۆتۆكۆلی

دانیشتنی ژماره (٢) ی نائاسایی خولی چوارەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە ٢٠١٤/٨/٢٥` ل١٢٩

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەسپێكی خولی چوارەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠١٤/٩/٣ ل ١٩١

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (٢) خولی چوارەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە ٢٠١٤/٩/٢٣ ل ٢٥١

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی**

**پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤\٧\٣**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی

## پێنج شەممە ڕێكەوتی ٢٠١٤/٧/٣

كاتژمێر (١٢)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی ٢٠١٤/٧/٣ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی یوسف محمد صادق سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی خولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (١)ی نائاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەكەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كات (١٢)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی ٢٠١٤/٧/٣ دا بەم شێوەیە بێت:

١- ئامادە بوونی بەڕێز (مسعود بارزانی) سەرۆكی هەرێمی كوردستان بۆ پێشكەش كردنی دوایین هەڵوێستی بەڕێزی و ڕاو بۆچوونیان سەبارەت بە بارودۆخی هەرێمی كوردستان و ناوچە كوردستانییە جێ ناكۆكەكان و دوایین پێشهاتەكان لە گۆڕەپانی سیاسی عێراق.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنەكە دەست پێ دەكەین، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەكەم، خولی گرێدانی دووەم، دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی، ڕۆژی دانیشتن ٢٠١٤/٧/٣، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمی برگە (٢)ی مادده (٤٩) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار كراو، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (١٢)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی ٢٠١٤/٧/٣دا بەم شێوەیە بێت:

١- ئامادە بوونی بەڕێز (مسعود بارزانی) سەرۆكی هەرێمی كوردستان بۆ پێشكەش كردنی دوایین هەڵوێستی بەڕێزی و ڕاو بۆچوونیان سەبارەت بە بارودۆخی هەرێمی كوردستان و ناوچە كوردستانییە جێ ناكۆكەكان و دوایین پێشهاتەكان لە گۆڕەپانی سیاسی عێراق.

سەرەتا بە ناوی پەرلەمانی كوردستان و ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان بەخێر هاتنی بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان دەكەین، داوای لێبوردن لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەكەین بەهۆی درێژ كێشانی دانیشتنی نێوان سەرۆكی فراكسیۆنەكان و سەرۆكایەتی پەرلەمان و سەرۆكی هەرێم كە تیایدا دورشمەكانی ئێوەی بەڕێز لەگەڵ سەرۆكی هەرێم تاوتوێ كرا، بەو هۆیەوە دانیشتنی پەرلەمانی كوردستان كەمێك

دواکەوت، لەڕاستیدا ئێمە داوایەکمان لەبەردەستە هاوشێوەی ئەو گفتوگۆیانەی کە لە پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی رابردوو لە چوار دانیشتن سەبارەت بە رەوشی ئەمنی ناوچە کوردستانییە جێ ناکۆکەکان ئەنجام درا، کە تیایدا ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان داوایان کرد بوو کە دانیشتنەکە لەبەر هەستیاری ئەو بابەتەو، لەبەر گرنگی ئەوە بوو ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە ئێستاو داهاتووی هەرێمی کوردستان داوایان کرد بوو کە بەشێوەی داخراو بێت، بە نهێنی بێت، ئەمڕۆش جارێکی تر ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان داوایەکی لەو شێوەیان بەپێی ماددەی (٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ئاراستەی ئێمە کردووە، تیایدا داوا دەکەن لەبەر هەستیاری بارودۆخی ئێستای ناوچە کوردستانییە جێ ناکۆکەکان و، لەبەر هەستیاری دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و عێراق دانیشتنەکە بکرێتە نهێنی، بۆیە ئەمە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە دانیشتەکە بەپێی ماددەی (٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بکرێتە نهێنی دەستی بەرز بکاتەوە؟ (٧٧) کەس لەگەڵیەتی، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (٦) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، دانیشتنەکە دەبێتە نهێنی، بۆیە بەشێوەی راستەوخۆ پەخش ناکرێت، بەلام بەشێکی زۆری دانیشتنەکە، ئەوەی کە زانیاری نهێنی نەبێت، ئەوە بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن دوایی بڵاو دەکرێتەوەو پێیان دەگات و تۆمار دەکرێت، دوایی دەدرێت بە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ ئەوی بڵاوی بکەنەوە، ئێستا دانیشتنەکەمان بە نهێنی دەبێت، بۆیە داوا دەکەین لە پرۆتۆکۆڵ و کاروباری پەرلەمان کە کاری پێویست ئەنجام بدەن بۆ بە نهێنی کردنی دانیشتنی پەرلەمان. بەس نوقتەی نیزامی ئێستا دەتوانی باسی بکەیت، فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەمڕۆ بوار دەدرێت بە پەرلەمانتاران موناقەشە بکرێت؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوایی قسە دەکەین و باسی دەکەین، با سەرۆکی هەرێمی وتارەکەی پێشکەش بکات، دوایی باسی دەکەین.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە راستەوخۆ لەگەڵ ئەوان دەتوانین؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوایی باسی دەکەین، بەڕێزان، دانیشتنەکە دەبێتە نهێنی، ئەوە لەگەڵ جەنابتان باس بکەم کە پێش کۆبوونەوەکە دەستەی سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا تیایدا باسی ئەو راپۆرتانەمان کرد کە لەماوەی رابردوودا لە پەرلەمانی کوردستان موناقەشە کراوە، کە جەنابتان دەزانن لیژنەی پەرلەمانی کوردستان و هەروەها لیژنەی تەندروستیش دواتر کە سەردانی بەرەکانی جەنگیان کرد بوو، راپۆرتیان ئامادە کرد بوو، ئەو راپۆرتانە لەناو پەرلەمانی کوردستان

**موناقەشە کرا، ئێستا راسپاردەکانی ئامادە دەکرێت، بۆ ئەوەی لە هەفتەی داهاتوو وەکو بڕیار لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەربچێت، هەروەها لە ماوەی رابردوودا بەڕێز سەرۆکی هەرێمیش سەردانی بەشێك لە بەرەکانی جەنگی کردووە.**

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٩)**

**پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤\٧\٢٤**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١٩)

## پێنج شەممە رێكەوتی ٢٠١٤/٧/٢٤

**كاتژمێر (١٠)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی ٢٠١٤/٧/٢٤ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی یوسف محمد صادق سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١٩)ی خولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (١٩)ی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەكەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كات (١٠)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی ٢٠١٤/٧/٢٤ دا بەم شێوەیە بێت:**

**١ خستنەڕوو و گفتوگۆ كردن لەسەر پڕۆژە یاسای پێدانی بودجەی حیزبەكانی هەرێمی كوردستانی عێراق، و ڕاپۆرتی لیژنە پەیوەندیدارەكانی پەرلەمان سەبارەت بە پرۆژە یاساكە بە پێی ماددەكانی ٧٢ و ٧٤ و ٧٧ لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ١ ی هەموار كراوی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی كوردستانی عێراق**

**٢- راگەیاندنی كۆتایی هاتنی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی یەكەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لەلایەن سەرۆكی پەرلەمانەوە بە پێی برگەی ٢ لە ماددەی ١٧ پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە ١ ی هەموار كراوی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی كوردستانی عێراق**

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەكەم، خولی گرێدانی دووەم، دانیشتنی ژمارە (١٩)، ڕۆژی دانیشتن ٢٠١٤/٧/٢٤، بەرنامەی كار، بەپێی حوكمەكانی برگە یەك لە ماددەی ٢٠ ی پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە ١ ی هەموار كراوی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە ١٩ ی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەكەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر ١٠ ی پێش نیوەڕی ڕۆژی پێنج شەمە ڕێكەوتی ٢٠١٤/٧/٢٤ بەم شێوەیە بێت:**

**١ خستنەڕوو و گفتوگۆ كردن لەسەر پڕۆژە یاسای پێدانی حیزبەكانی بودجەی حیزبەكانی هەرێمی كوردستانی عێراق، و ڕاپۆرتی لیژنە پەیوەندیدارەكانی پەرلەمان سەبارەت بە پرۆژە یاساكە بە پێی ماددەكانی ٧٢ و ٧٤ و ٧٧ لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ١ ی هەموار كراوی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی كوردستانی عێراق**

٢- ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی خولی گرێدانی یەکەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە بە پێی بڕگەی ٢ لە ماددەی ١٧ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ١ ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق

ئێستا داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئەکەین کە ناوی ئامادە نەبووانی دانیشتنی دوێنێ ڕابگەیەنێ

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەناوی خوای گەورە، ناوی ئامادە نەبووانی دانیشتنی ژمارە ١٨ ی ئاسایی لە بەرواری ٢٠١٤/٧/٢٣ مۆڵەت پێدراوان یان بێ مۆڵەت ئامادە نەبوون:

١ تەلار لطیف- مۆڵەت

٢- زۆزان صادق-مۆڵەت

٣- ئێڤار ابراهیم-مۆڵەت

٤-جمال مۆرتکە -مۆڵەت

٥- صالح بەشار-مۆڵەت

٦- گەشە دارا- مۆڵەت

٧- عیزت صابر-ئامادە نەبووە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا داوا لە بەڕێزتان ئەکەین کە پوختەیەك لە کۆنووسی دانیشتنی پێشوومان بۆ بخوێننەوە

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پوختەی دانیشتنی ژمارە ١٨ لە بەرواری ٢٠١٤/٧/٢٣ بەم شێوەیە:

١ دەست پێکردنی دانیشتن لە لایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە

٢- خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادە نەبوو، و خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە

٣- پەسند کردنی پڕۆژە یاسای کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردن و ڕاپرسی

٤- ئاڵوگۆڕ کردنی خاڵی دووەمی بەرنامەی کار بۆ خاڵی سێیەم و بە پێچەوانەوە

٥- دەنگدان لەسەر بڕیارەکانی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر دۆخی ناوچە کوردستانییە جێ ناکۆکەکان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا دەست ئەکەین بە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان، بەڵێ کاك ئاری نوقتەی نیزامی؟

**بەڕێز ئارس هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەوانەیە بۆچوونی من پێچەوانەی بۆچوونی فراکسیۆنەکەی ئێمەش بێ، بەلاّم پێم وایە مەسەلەی میزانییەی حیزبەکان شتێك نیە ئینسان بە پەلەپەل، و لەم خولە بە زووترین کات ئەمە تێپەڕێنین، لەبەر ئەوەی........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئاری با دەست بکەین بە وتووێژ، ئەتوانی ڕەئی خۆت بڵێی.

**بەڕێز ئاری هەرسین:**

ئاخر قوربان نوقتەکەم نیزامییە، پەیوەندی بە بەرنامەی کارەوە هەیە، ئەوە پەیڕەوییە کە ئەیڵێم، من چی ئەڵێم؟ ئەڵێم مەوزوعێکی زۆر موهیمە، ئێمە ئەوە ناکەین بۆ حیزبەکەی خۆمان، ئەوە بۆ کوردستان ئەکەین، یەعنی بۆ ئەو حیزبانەی تا ئێستا دروست نەبوون، بۆیە بە پەلەپەل تێپەڕاندنی حاڵەتێکی ئاوا، من بە تەندورستی نازانم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەم بابەتە ماوەی مانگێکە لە نێوان فراکسیۆنەکان و لیژنەکانی پەرلەمان تاوتوێ ئەکرێ، و لە ٢٠ ی مانگەوە ڕاپۆرتی لیژنەی پەیوەندیدار ئامادەیە و لە سەندوقی ئەندامانە، وابزانم هەموو شتەکانی کۆتایی پێ هاتووە، بۆیە تەقریرەکەی هاتۆتە بەر دەستمان، ئێمە بە پێی پەیڕەو پێوستە بیخەینە بەرنامەی کارەوە، فەرموو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر صالح (کۆچەر):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری کاك ئاری ئەکەم، ئەم کێشەی خەڵك و ئەم ئەزمەی مالی ئەبینم نە لە مەصلەحەت دایە، نە لە بەرژەوەندی دایە کو ئەم میزانییەی ئەحزاب ڤێ فەترێدا بهێتە خارێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە سیفەتی لیژنەی دارایی من ئەم قسەیە ئەکەم، لەگەڵ ئەو پەڕی حورمەتم بۆ قسەکانی بەڕێز کاك ئاری، بەلاّم ئەوە ٣ مانگە ئەم پرۆژەیە تەقدیم کراوە، ئێمە وەکو لیژنەی دارایی، وەکو فراکسیۆنەکان، وەکو لیژنەی ناوخۆ و یاسایی، زیاتر لە ١٥ بۆ ٢٠ دانیشتنی لەسەر کراوە، ٣ جار ڕاپۆرت دەستکاری کراوە، من دڵنیام ئەگەر بخرێتە ساڵێکی تریش ئەو بابەتە لەوە زیاتری لێ هەڵناکرێت، سوپاس، و زائیدەن بۆ قسەی کاك عمر کۆچەر کە ئەم پرۆژەیە پەسند ئەکرێ مانای ئەوە نییە لەم ئەزمە مالییە بودجە بە حیزبەکان

ئەدرێ، تاکو ئەزمەی مالی چارەسەر نەکرێ، بودجە بە حیزبەکان نادرێ، ئەمە تەنیا پڕ کردنەوەی فەراغێکی یاساییە کە ماوەی ٢٠ ساڵە لە کوردستان هەیە، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ڕابوون فەرموو.

**بەڕێز ڕابوون توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەرەتای دانیشتنەکەمان تکا ئەکەم با دیسان ئیتیفاقێکی تری نێوان هێزە سیاسییەکان نەکەینە.......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڕابوون تۆ ئەم قسە ڕوو بەڕووی کێ ئەکەیتەوە؟

**بەڕێز ڕابوون توفیق:**

ئەو برادەرانە ڕووبەڕووی کێیان کردووە، منیش هەر ڕووبەڕووی بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی ئەکەمەوە، دیسان تەئکید ئەکەمەوە، با دیسان نەیکەینەوە بە موزایەدەی سیاسی و پرۆسەکەمان پێ نەڕوات، ئێستا قەیرانی سیاسی هەیە لە هەرێمی کوردستان، لە ٢٠١٤/١/١ بودجەی ئەحزاب نەدراوە، ڕاگیراوە، ئەو یاسایەش تێپەڕێ دیسان بودجەی ئەحزاب نادرێ، بەلاَم تەنیا یاسا دەرکردن ئیشی ئێمەیە بۆ ئەوەی پرۆسەکە تەنزیم بکەین، لە جیاتی ئەوەی عەشوائی پارە تەوزیع بکرێ بە میزاج، ئەیکەین بە یاسا، لەو کاتەی قەیرانی مالی هەبێ، بۆیە ئەو بابەتانە مەهێنە ناوەوە، بۆ ئەوەی دەست بە موزایەدات نەکرێتەوە، دیسان شڵەژانێکی گەورە لە ناو پەرلەمان ڕوو نەدات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا مەروان.

**بەڕێز حسین اسماعیل( مەروان گەلاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کاك علی کردی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاوڕام لەگەڵ ئەو برادەرانەی کە وتیان لە ئێستا قەیرانی دارایی هەیە، ڕاستە ئەوەی کاك ئاری ئەڵێ، بمبوورە کا ناوم هێنا، ڕاستە ئەو قانونە ئەکرێ دوای قەیرانی دارایی تەنفیز بکرێ، بەلاَم پێم وایە تەوقیتەکە زۆر نەگونجاوە، بۆیە پێشنیار ئەکەم ئەم پرۆژە یاسایە گفتوگۆ لەسەر کردنی دوا بخرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك تحسین.

**بەڕێز تحسین اسماعیل (دۆڵەمەری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری کاك علی دەکەم، ئەوەش وەکو هەر یاسایەك زۆر سروشتییە، ئەگەر ئێستا قەیران هەیە، ئێمە بۆ ئێستامان نییە، بۆ ئەو چوار ساڵەیە کە دێ، با بودجەی ئەحزابەکان بکرێتە یاسا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە ئیلتیزاماتی یاسایی خۆمان جێ بەجێ ئەکەین، ڕاپۆرتی لیژنە پەیوەندیدارەکان هاتۆتە بەر دەستمان، ئەمانەوێ بودجەی حیزبەکان بە یاسایی بکرێ، ئەگەر ئێستا، و ئەگەر سبەینێ کە ئەم یاسایە پەسند کرا، لە مانگی یەکەوە حیزبە سیاسیەکانی کوردستان وەریانـەگرتووە، لەبـەر ئـەوە نـاکرێ باسـی ئـەو مەوزوعـە بکرێ بڵێین یاسا دەرنەکرێ لەبەر ئـەوەی قـەیرانی دارایـی هەیـە، ئەسـلەن حیزبـە سیاسـییەکانی هـەرێمی کوردستان لە مانگی یەکەوە بودجەیان وەرنەگرتووە، بۆیە دەست ئەکـەین بـە بەرنامـەی کارمـان، لـە خـاڵی یەك، داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان ئەکەم کە بێنە سەر مەنەسە بۆ گفتوگۆ کـردن، تـەواو کـاك ئاری قسەی خۆت کرد، لایەنەکانی تریش قسەی خۆیان کـرد، خـاڵی یەکـەم لـە بەرنامـەی کـاری ئـەمڕۆمان (خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پڕۆژە یاسای پێدانی بودجەی حیزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێـراق، و ڕاپۆرتی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان سەبارەت بە پڕۆژە یاساکە بە پێی ماددەکانی ٧٢ و ٧٤ و ٧٧ لـە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ١ ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق)، ئێستا با لیژنە پەیوەندیدارەکان بفەرموون بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکەیان.

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپـۆرتی هاوبـەش سـەبارەت بـە پـڕۆژە یاسـای پێـدانی بودجـەی حیزبـەکانی هـەرێمی کوردسـتان، لیژنـەی کاروبـاری یاسایی و لیژنـەی ئاسـایش و ئەنجومەنـە خۆجێیـەکان و لیژنـەی دارایـی و کاروبـاری ئـابووری و وەبەرهێنان، ڕۆژی دووشەممە ٢٩ پووشـپەڕی ٢٧١٤ کـوردی بەرامبـەر بـە ٢٠١٤/٧/٢٠ ی زانـینی کۆبوونـەوەی هاوبەشیان ئەنجام دا بۆ تاوتوێ کردنی پڕۆژە یاسای پێدانی بوجەی حیزبەکانی هەرێمی کوردستان، کە لـە لایەن ژمارەی یاسایی ئەنـدامانی پەرلەمانـەوە پێشکەش کـراوە، دوای خوێندنـەوەی یەکـەمی لـە دانیشـتنی ژمـارە (٤) لـە ڕۆژی چوارشـەممە بـەرواری ٢٠١٤/٥/١٤ ڕەوانـەی لیژنەکـەمان کـراوە، دوای گفتوگـۆ کـردن و تـاوتوێ کـردن لیژنــەکان گەیشـتنە ئـەو ئەنجامانـەی خـوارەوە، مـاددە و بڕگـەکانی پـڕۆژە یاسـای پێـدانی بودجەی حیزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بەم شێوەیە:

ماددەی یەکەم:

ئەنجومـەنی وەزیرانـی هـەرێمی کوردسـتان بودجەیـەکی سـاڵانە بـۆ حیزبـە سیاسـییە مۆڵـەت دراوەکـان لـە هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتیدا دابین ئەکات

ماددەی دووەم:

بودجەی تەرخان کراو بۆ حیزبە سیاسییە مۆڵەت دراوەکان بەم پێوەرە دابەش ئەکرێ

١ کورسی پەرلەمان ئەکرێتە بنەما، و بەهای هەر کورسییەك مانگانە ٦٠ ملیۆن دینارە

٢- ژمـارەی کورسـییەکانی دوایـن دوو خـولی پەرلـەمان بـۆ هـەر حیزبێـك کـۆ ئەکرێتـەوە، هـەر حیزبێکـی کوردسـتانی لـە یەکـەم خـولی پەرلەمانـەوە کورسـییەکی بـۆ کـۆی ژمـارەی کورسـییەکانی زیـاد ئـەکرێ، بـە مەرجێ لە هەر خولێکدا ژمارەی کورسییەکانی لە ٤ کورسی کەمتر نەبێ

٣- هەر حیزبێك بەشداری هەڵبژاردنی خولی بەردەوامی پەرلەمانی کوردستانی کردبێت، کورسی بە دەست نەهێنابێ، بەڵام ڕێژەی ٤٠٪ یان زیاتری دەنگی پێویستی کورسـی بـە دەسـت هێنـابێ بـە هـای ٢ کورسـی بـۆ هەژمار ئەکرێ

٤- هەر حیزبێك بەشداری خولی بەردەوامی پەرلەمانی کوردستانی کردبێت و کورسی بە دەست نـەهێنابێ، بەڵام ڕێژەی ٢٠٪ بۆ ٣٩٪ دەنگی پێویستی کورسی بەدەست هێنابێ، بەهای (١ )کورسی بۆ هەژمار ئەکرێ

٥- هەر حیزبێکی بەشدار بوو لە خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستان بە هەمان ناو کە خاوەن (١) کورسی بێ لە خولی بەردەوامی پەرلەمانی کوردستان، دوای کۆکردنەوەی ژمارەی کورسییەکانی خولی پێشوو، بـەهای (٢) کورسی کۆمەك ئەکرێ

٦- هەر حیزبێك پێش ڕاپەڕین بەشداری خەباتی ڕزگاریخوزای کوردسـتانی کردبـێ و لـە خـولی بـەردەوامی پەرلەمان کورسی هەبێ، نابێ لە ٣٠٠ ملیۆن دینار کەمتر وەربگرێ

٧- هەر حیزبێك یان قەوارەیەکی سیاسـی کـە خـاوەن کورسـییە کۆتاکـانی خـولی بـەردەوامی پەرلـەمان بـێ، تـەنیا یـەك کورسـی بـۆ هـەژمار ئـەکرێ، بـەهای ئـەو کورسـییەش مانگانـە ٨٠ ملیـۆن دینـارە، بـەدەر لـە حوکمەکانی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە

ماددەی سێیەم:

حیزبەکانی ئەم یاسایە ئەیانگرێتەوە بێ بەش ئەکەرێن لە بودجـەی سـاڵانە لـە حاڵـەتی هەڵوەشـاندنەوەی، یان سەرپێچی کردن لە حوکمەکانی یاسای ژمارە ١٧ ی ساڵی ١٩٩٣ ی هەموار کراو

ماددەی چوارەم:

بەپێی سیستەمی ژمێریاری کارپێکراو لە هەرێم، پاکسازی بودجەی حیزبەکان ئەنجام ئـەدرێ کـە ئەکەونـە ژێر چاودێری دیوانی چاودێری دارایی

ماددەی پێنجەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن

ماددەی شەشەم:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاْو بوونەوەی لە ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان کاری پێ ئەکرێ

هۆیەکانی دەرچوواندن:

لە پێناو گەشە کردن و پەرە پێدان بە پرۆسەی سیاسی و فرە حیزبی لە هەرێم، و چەسپاندنی دیموکراسییەت و بەشداری چالاکانە لە ژیانی سیاسی، و هەروەها ڕێکخستنی بودجەی حیزبەکانی مۆڵەت پێدراو لە هەرێم، بە شێوەیەکی شەفاف و داد پەروەرانە لە بودجەی گشتی، ئەم یاسایە دەرچووێنرا

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش بە زمانی عەرەبیش ئامادەیە، داوا لە بەڕێز دکتۆرە بەهار ئەکەم بیخوێنێتەوە

**بەڕێز د.بەرهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

## الى/ رئاسة برلمان كوردستان-العراق

## م/ تقرير مشترك حول مشروع قانون (ميزانية الأحزاب في إقليم كوردستان-العراق)

اجتمعت لجنة (الشؤون القانونية) و (لجنة الداخلية و الامن و المجالس المحلية) و (المالية و الشؤون الاقتصادية ، و الاستثمار) بتاريخ ٢٩ / پووشپەڕ/ ٢٧١٤ كوردي المصادف ليوم ٢٠ / ٧/ ٢٠١٤ ميلادي لدراسة مشروع قانون **(ميزانية الأحزاب في إقليم كوردستان-العراق)** المقدم من قبل **العدد القانوني لاعضاء البرلمان** و المحال الى اللجان المعنية ، بعد القراءة الأولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (٤) في **١٤ / ٥ /٢٠١٤** ، و بعد المناقشة و المداولة توصلت اللجان الى ما يلي:

تقرأ مواد و فقرات مشروع قانون (ميزانية الاحزاب في اقليم كوردستان – العراق) كالآتي:

**المادة الأولى:**

يخصص مجلس وزراء إقليم كوردستان ميزانية سنوية للأحزاب المجازة في الإقليم ضمن الموازنة العامة.

**المادة الثانية:**

توزع الميزانية التي تخصص للأحزاب السياسية المجازة وفق المعايير الآتية:

**أولاً:** يُعتبر المقعد البرلماني أساساً لإحتساب الميزانية ، و يعادل كل مقعد برلماني بـ(٦٠,٠٠٠,٠٠٠) ستين مليون دينار شهرياً.

**ثانياً:** تجمع عدد مقاعد البرلمان لكل حزب كوردستاني للدورتين الأخيرتين لبرلمان كوردستان اعتباراً من الدورة الأولى ، و يضاف مقعد واحد الى مجموع مقاعدهم بشرط أن لا يقل عدد مقاعدهم عن أربعة مقاعد في كل دورة.

**ثالثاً:** الحزب المشارك في الدورة المستمرة لبرلمان كوردستان والغير حاصل على المقعد البرلماني والحاصل على (٤٠٪) أو أكثر من الأصوات اللازمة للمقعد الواحد للبرلمان يحسب له حساب مقعدين في البرلمان.

**رابعاً:** الحزب الحاصل على نسبة (٢٠٪) الى (٣٩٪) من الأصوات اللازمة للحصول على المقعد البرلماني يحسب له حساب مقعد واحد في البرلمان.

**خامساً:** الحزب المشارك في الحركة التحررية الكوردستانية قبل الانتفاضة بذات اسمه الحالي الحاصل على مقعد برلماني للدورات البرلمانية بعد جمع عدد مقاعده السابقة في البرلمان يضاف مقعدين الى استحقاقه.

**سادساً:** الحزب المشارك في الحركة التحررية الكوردستانية قبل الانتفاضة و له مقعد في الدورة المستمرة للبرلمان يخصص له مبلغ لايقل عن (٣٠٠,٠٠٠,٠٠٠) ثلاثمائة مليون ديناراً شهرياً.

**سابعاً:** اي حزب او كيان سياسي حصل على مقعد في الدورة المستمرة للبرلمان وفق نظام (الكوتا) للمكونات، يحتسب مقعده البرلماني بـ(٨٠,٠٠٠,٠٠٠) ثمانين مليون ديناراً شهرياً استثناءً من حكم الفقرة (أولاً) من هذه المادة.

**المادة الثالثة:**

تحجب الميزانية السنوية للأحزاب المشمولة بهذا القانون في حالة حلّه أو مخالفته للأحكام الواردة في قانون الأحزاب رقم (١٧) لسنة **١٩٩٣** المعدل.

**المادة الرابعة:**

يُتّبع النظام المحاسبي المعمول به في الإقليم لتصفية حسابات ميزانية الأحزاب و تخضع لرقابة ديوان الرقابة المالية.

**المادة الخامسة:**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة السادسة:**

يُنفّذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

## الأسباب الموجبة

لأجل تنمية وتطوير العملية السياسية والتعددية الحزبية في الإقليم تعريزاً للديمقراطية والمشاركة الفعّالة في الحياة السياسية وتنظيم ميزانية للأحزاب المجازة في الإقليم ضمن الموازنة العامة بشكل عادل و شفّاف ، فقد شرع هذا القانون.

راجين التفضل بالاطلاع و عرض المشروع و تقرير اللجنة القانونية و لجنة الداخلية و الامن و المجالس المحلية و المالية و الشؤون الاقتصادية و الاستثمار، بشأنه على البرلمان للمناقشة و ابداء الرأي المناسب و التصويت.

**بەڕێز د.ڤالا فەرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داوا لە بەڕێزتان ئەكەین كە ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنەكان بە زمانی كوردی ببێتە ئەساس، و دەنگدانی لەسەر بكرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

داواكاری لیژنەی یاسایی و لیژنە پەیوەندیدارەكان لەبەر چاو ئەگرین، كێ لەگەڵ ئەوەیە ڕاپۆرتی لیژنە هاوبەشەكان بە زمانی كوردی بكرێتە بنەما بۆ گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاساكە؟ ٨٦ كەس لەگەڵیەتی، كێ لەگەڵ نییە؟ كەس نییە لەگەڵی نەبێ، كەواتە پەسند كرا، فەرموو بێگەرد خان

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەم پرۆژە یاسایە و ئەو واژوویانەی كە كراوە لەلایەن ئەندامانی لیژنەكان، و ئەو پەڕەی كە دانراوە بەشێكیان نووسیویانە تەحەفوزمان هەیە لەسەر ماددەی (٥)، ماددەی (٥) یش ئەوەیە كە ئەڵێ لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئەم هینە جێ بەجێ ئەكرێ..........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

با بگەینە سەر ماددەی ٥، ئەوكات ئەتوانین قسەی لەسەر بكەین، كێشە نییە، فەرموو لیژنەی دارایی.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد:**

واژووەكانی ڕاپۆرتەكەی ترە خراوەتە سەر ئەو ڕاپۆرتە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی دارایی.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەك حاڵەت هەیە، دڵنیام بێگەرد خانیش خۆی باش ئەزانێ كە ئەم حاڵەتە هەیە، ئەم سەرنجەی وتووە، ئەوەیە كە ماددەیەك لە پێش ماددەی ٥، خاڵێك ئیزافە كرا گوایە ئەوە ئەسەری ڕەجعی هەیە، لەسەر داوای برادەران ئەم ماددەیەمان دەرهێنا، واتە هەمان ئیمزاكان، هەمان ئەو پەلەمانتارانە ئێستاش كە ئیمزایان كردووە قسە بكەن، هەمان ئیمزا ئەكەنەوە، ئەو ڕاپۆرتە دەستكاری نەكراوە، تەنیا یەك ماددە هەیە، لە ڕووی قانونیەوە ئەو ماددەیەمان دەرهێنا، هیچ هینێكی لەسەر نەبوو، بەڵام ئیحتیرامەن بۆ ئەوەی لە كۆبوونەوەی فراكسیۆنەكان تەوافوق لەسەر ئەو ماددەیە نەكراوە، ئێمە پێشنیارمان كرد دەبینین، ئەگەرنا هەموو ئەوانەی ئیمزایان لەسەر كرد ئەو ماددەیەی تێدا بوو، بەڵام ئێمە وەكو خۆمان ئیحتیرامی تەوافوقی بەڕێزتانمان گرت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بەهار خان.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەحەفوز لەبەر ڕاپۆرت كاتێ كە ئەندامان ئیمزا ئەكەن بۆ ئەوە ئەنووسرێ، كاتێ تۆ ئیمزا ئەكەی بێ تەحەفوز، واتە بە مانای ئەوەیە لە ناو هۆڵ بۆت نییە موناقەشەی ئەو ڕاپۆرتە بكەی، چونكە تۆ ئیمزات لەسەر كردووە برگە بە برگەی، بەس كە تەحەفوز ئەنووسی، بۆ ئەوەیە تۆ توانای ئەوەت هەبێ لێرە ئیختیارییە، ئایا لەوانەیە تەحەفوزیش بنووسی و قسەشی لەسەر نەكەی، بەس بۆ ئەوە ئەنووسی تا كە ئیمزات كرد، بەلاّم ڕێگەی گفتوگۆ كردنیشت پێ بدرێ، بۆیە ئەوە لە ڕووی قانونیەوە ئیعتیادییە ئەوانەی تەحەفوزیان نووسیوە لەسەر خاڵی پێنجەم، ئەتوانن قسە نەكەن، بەلاّم ئەتوانن قسەش بكەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باش، فەرموو بێگەرد خان.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئومێد ئەكەم قسەكەم بە هەڵە وەرنەگیرێ، چونكە واژوویەكان منیش ئەزانم ئەو خەلەلە بووە كە لە ڕاپۆرتی پێشوو هەبووە، خراوەتە سەر ئەم ڕاپۆرتە، بەلاّم هەموو قانونێك كە دەرئەچێ زۆربەی قانونەكان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە جێ بەجێ ئەكرێ، كێ تەحەفوزی هەیە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە جێ بەجێ بكرێ؟ من ئەسلی قسەكەم بۆ ئەوەیە كە ئەو واژوویانە هی ڕاپۆرتەكەی پیشوو تر بووە، ئەكرێ بگۆڕدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەتوانرێ ئەوە چاك بكرێ، هیچ كێشەیەك نییە، بە تایبەتی ئێستا پرۆسەی گفتوگۆ كردنەی لە پەرلەمانی كوردستان ئەنجام ئەدرێ لەسەر پرۆژە یاساكە، ئەوە ئەبێتە بنەما، تەنانەت ڕاپۆرتەكەش ئەتوانرێ گۆڕانكاری تێدا بكرێ، با ئێستا دەست بكەین بە گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژە یاساكە، فەرموو ماددەی یەكەم بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە گفتگۆوە.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یەكەم:

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان بودجەیەكی ساڵانە بۆ حیزبە سیاسییە مۆڵەت دراوەكان لە هەرێمی كوردستان لە بودجەی گشتیدا دابین ئەكات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

کێ لەسەر ئەو ماددەی قسەی هەیە؟ فەرموو وحیدە خان نوقتەی نیزامیە؟

**بەڕێز وحیدە یاقۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەك نزانم پێدانە بودجێ حیزبەکان و قەوارێت سیاسی ئەگەر ببتە کیانەت سیاسی ژی، چونکو نەهەمی حیزبن، ئەگەر عینوان وا لێبێت، باشترە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنە پەیوەندیدارەکان ڕاتان چییە لەسەر ئەو پێشنیارە؟

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە موناقەشەی ئەم بابەتەمان کرد، دووچاری خەلەلێك بووین لە ڕووی مالییەوە، جاری وا هەیە کیانێکی سیاسی، یان قەوارەیەکی سیاسی دوو کەسن، خۆیان تەرشیح ئەکەن دوو کورسی پەرلەمانی دێنن، حیزبیان نییە، بارەگایان نییە، مەسروفاتیان نییە، ئایا مەنتق لەوەیە دوو کەس هەموو مانگێك ٢٠٠ ملیۆن دینار وەرگرێ، من لە دۆخەکەی وەحیدە خان تێئەگەم، عەفوو داوای لێبووردن ئەکەم، ئەو نەتەوانە، یان تورکمان و مەسیحیەکان ئەو پێکهاتانە هەن، هیچیان بە ناوی حیزبەوە نین، بەڵام هەیکەلیەتی حیزبیان هەیە، مەکتەبی سیاسییان هەیە، ئۆرگانیان هەیە، بارەگایان هەیە، ئەوە ئەکرێ دواتر خۆیان لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران تەوافوق بکەن، حەلێك بۆ ئەوە بدۆزنەوە، یان داوای مۆڵەت بکەن لە وەزارەتی ناوخۆ بۆ ئەوەی ببنە حیزب، چونکە ئەگەر ئەو دەرگایە بکەینەوە سبەینێ یەك کەس، قەوارەیەك و هەموو مانگێك ١٢٠ ملیۆنی بدەینێ......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی ئەوە لە ڕاپۆرتەکە جێگەی کراوەتەوە، قەوارەی سیاسی تاکەکان جێگەی کراوەتەوە لە ماددەی حەوتەم، لە بڕگەی حەوتەم ماددەی دووەم، فەرموو دکتۆر فرست.

**بەڕێز د. فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کاك علی باسی کرد کێشە نییە، ئەگەر بەنیاز بن ناوی قانونەکە بکەنە (قانونی تەمویلی ئەحزاب و کیانی سیاسی)، یان تەنزیماتی سیاسی، ئەکرێ هەر لە ناو قانونەکە نەصیك دابنرێ بڵێ ئەشخاص، کە ئیستیسنا ئەکرێ لە جێ بەجێ کردنی ئەم قانونە، یانی ئەگەر کیانەکە ئەشخاص بوو ئەتوانی ئیستیسنای بکەی، ئەو ناوەی وەحیدە خان وتی ئیزافەی بکەی زۆر ئاساییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ڤەمان.

**بەرێز ڤەمان فیصل:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە یاسایەكا تایبەت ب حیزبا هەی، مەسەلەن ژمارە ٩٣ دەرچوو، و هەر فیئەتەك یان ژی جەماعەتەك ئیجازەی وەربگری بە پێی ئەو یاسایە، ژبەر هەندێ پشتەڤانیا كاك علی دكەم، هیچ ئیشكالیەتەك نییە ئەگەر ئەو ناڤە ژی نەبیتن.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دەست ئەكەین بە گفتوگۆ كردن لەسەر ماددەی یەكەم.

**بەرێز فخرالدین قادر/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ئەندام پەرلەمانە بەرێزانە ناویان لای ئێمە پێشتر تۆمار كراوە، جا تكایە لەسەر چ ماددەیەك قسە ئەكەن بۆمان بنێرن (شێركۆ حەمە امین، ئاری هەرسین، مونا قهوەچی، محمد سعدالدین، دكتۆرە جوان، فرست صۆفی، فەرهاد سەنگاوی)، ئەو بەرێزانە لەسەر چ ماددەیەك قسەیان هەیە با ناوەكەمان بۆ بنێرن، (باپیر كاملا) لەسەر ماددەی دووەم قسەی هەیە، (كەژاڵ هادی) لەسەر ماددەی دووەم.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر نوقتەی نیزامییە؟

**بەرێز عمر عینایەت:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی دارایی تەنیا بڕگەی یەكەمیان خوێندەوە، ئێمە تەنیا دەستمان بەرز ئەكردەوە فەقەت بۆ ماددەی یەك.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە ناو نووسراوە، مەبەستی بەرێز سكرتێری پەرلەمان ئەو ناوانەی كە نوورسراوە پێمان بڵێن بۆ چ ماددەیەك ناوتان نووسیوە؟ پێشتر ناو نووسراوە.

**بەرێز عمر عینایەت:**

ببوورە ، وامزانی ئەڵێ ئێستا ناو بنێرین، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك ئاری.

**بەرێز ئاری هەرسین:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی من حاڵی بووبم عورفی پەرلەمان تا ئێستا وابووە ماددە بە ماددە ئەخوێنێتەوە، جەنابت ئەفەرمووی كێ قسەی هەیە لەسەری؟ بەلام ئێمە حاڵی نەبووین كە لە كوێ هەموو ئەو ماددانەی كە باس كراوە،

یاداشتمان کردبێ و بڵێین ئێمە لیستێك بدەین بە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان بۆ ئەوەی قسەی لەسەر بکەین، ئەگەر جەنابت ئەفەرمووی ئەوە ئەکەین، بەلاّم خۆم وا حاڵی بووم کە بەس ماددەی یەکەمە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئاری ئەگەر لەسەر ماددەی یەکەم قسەت هەیە ئێستا ئەنووسین ماددەی یەك، ئەگەر لەسەر هەموو ماددەکان قسەت هەیە، بۆ هەموو ماددەکان ناوت ئەنووسین، هیچ موشکیلەیەك نییە، بەلاّم نامەوێ ئەوە دووبارە بکەینەوە، هەمووجار دووبارە بکەینەوە و بڵێن لەسەر ئەو ماددەیە قسەمان هەیە، کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی یەکەم مۆڵەتی یاسایی یان حیزبە مۆڵەت دراوەکان مۆڵەتیان وەرگرتووە، بەلاّم دواتر کۆمەڵێك پێوەر دیاری کراوە، من نامەوێ بەر لەوەی ماددەکانی تر بخرێنە ڕوو بۆ قسە کردن بگەین بە سەری یان قسەی لەسەر بکەم، لەگەڵ ئەوەشم پێوەر دیاری بکرێ، بەلاّم ناکرێ حیساب بۆ پشکی ئەو هێزە سیاسیانەش نەکرێ کە کورسییان لە پەرلەمانی کوردستان نییە، یان بە پێی ئەو پێوەرە دیاری کراوانەی لەم پرۆژە یاسایە هاتووە، ڕێژەی.......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قادر لەسەر ماددەی یەکەم چیت هەیە؟

**بەڕێز قادر ئۆتمان:**

ئەوە ماددەی یەکەمە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئەوە نووسراوە مۆڵەت دراوەکان.

**بەڕێز قادر ئۆتمان:**

ئاخر ئەڵێم دواتر ئەوە بە بنەما وەرنەگیراوە، کۆمەڵێك پێوەری تر هاتووە، ڕاستە مۆڵەت دراوەکان لە ڕووی یاساییەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کە ئەچینە سەر پێوەرکان ئەتوانی باسی ئەوە بکەی کە تۆ چ پێوەرێکی تر بە گونجاو ئەزانی، فەرموو کاك فەرهاد.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دووجار، یەکەمجاریش ناوم ناردووە پێش هەموو کەس، دووەم جاریش دەستم هەڵبڕی، ئیستا ئەمەوێ لەسەر ماددەی یەکەم و لەسەر عینوانیش قسە بکەم، بۆم هەیە قسە بکەم؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح:**

من داوا لە هەموو بەڕێزان ئەکەم ٣ دەقە، یان ٣ دەقەو نیو قسەی خۆم ئەکەم، کەس پێم نەبڕێ هەتا کۆتایی، دوایی ڕەئی خۆتان بڵێن، بەڕێزان، دانانی بودجەی حیزب کارێکی زۆر دروستە و دونیای پێشکەوتوو بۆ سیستەماتیك کردن ئەم سیستەمەی داناوە، تا حیزبەکانیان کە بێ پارەن لەلایەن کۆمپانیایەك، یان دەوڵەتێك نەکڕدرێن، بەلاّم لێرە ئێوە چی ئەکەن؟ با دەستەی نەزاهە، هەزار گیرفانەکەی حیزب بگەڕێ، پارەی تێدا نەبوو، ئینجا بیداتێ جێی خۆیەتی، ڕەنگە لەم هۆڵەدا هیچ کەس لە دایك نەبووبێ کە حیزبەکەی هیوا و شۆڕش، بەلاّم بە دەستپاکی، پیتاکیان بۆ حیزب کۆکردۆتەوە، لە شەستەکانیشەوە پوشانەو و سەرانە و تەنانەت جار جار ئار ئار و ئیس ئیسیش کەوتۆتە ناو زمانی کوردی، چەك و فیشەك و پارە لە ولاّتان تا ٩١ ی ڕاپەڕین، ئینجا کۆمپاینا جۆر بەجۆرەکانی حیزب، بازاڕ بڕدان، تەنانەت گومرگ نەك لەسەر سنوور، لە نێو شارەکانیش باجی دائیرەکان، شۆفل و بێخمە، شیش ئاودیو کردن تا ٢٠٠٣ ی پرۆسە، دیسان تالأن، ئینجا بودجە، پارەی نەوت بەخۆراکیش وەرگیرا، ئینجاش خاکەکەمان کرا بە کەوگیری کون کونی نەوت، چی ماوە باجی لەسەر دانەنێن؟ گوڵەبەڕۆژە فرۆش، پاکەت فرۆش، شیری منالّ، تەنانەت دەرمانی نەخۆش، ئێستاش هیچ نەماوە، هەر بینای پەرلەمان و جادە قیرەکان، ئەوەش ببەن، تەنانەت تەمەنی خۆمان و باب و باپیریشمانتان برد و ئێمەتان وا لێکرد کە ئەمڕۆ هەین، نەخێر ئێوە پارە ئەبەن لە کاتێکدا کە کەس و کاری شەهیدان، پێشمەرگە، کارمەندان، مووچەخۆران، خانەنشینان، هەژاران، تەنانەت دەوڵەمەندەکانیش داروبەردی ئەو ولاّتەش لە دەستی حیزب ئەناڵێنێ، پەرلەمانیش لەمێژە کراوە بە دەزگای (شاف الخیر) حیزب، سەرم سوورماوە چۆن سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری و سەرۆکی حیزبەکان و یەك سوپا لە سەرکردەی بێکار لەم ولاّتە بێدەنگن و ڕازین لەم ڕۆژگارە کە دیسان وەك نەوەتەکان خەڵك خەریکن ڕۆن پیشانی مەنجەڵ ئەدەن، داوای پارە ئەکەن لە حکومەت بۆ حیزب؟ بۆ پارە لە ولاّتان قەرز ئەکەن؟ بۆ لە حیزبەکانی خۆتان پارە قەرز ناکەن؟ من بەتەما بووم ئەم پەرلەمانە پێشنیارێك بکات بۆ ئەوەی پارە لە حیزب وەرگیرێ بۆ حکومەت، بەڕاستی زۆر جوانە، تا خاوەن ماڵ دزی گرت، دز خاوەن ماڵی گرت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەزانی سەرەڕای ئەوەی کە وتار ئاسا بوو، پەیوەندی بەم قانونەوە نەبوو بە هیچ شێوەیەك، بەلاّم قسەی خۆی کرد، تەبیعییە، کاك سەعید فەرموو.

**بەڕێز سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی یەکەم ئەنجومەنی وەزیران لە هەرێمی کوردستان بودجەیەکی سالآنە بۆ حیزبە سیاسییە مۆڵەت دراوەکان لە هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتی دابین ئەکات، پێویستە ئەگەر زیاد بکرێ بە پێی ساڵ و خەباتی دامەزراندنیان ئەو بودجەیە دابین بکرێ

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر فرست.

**بەڕێز د.فرست صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ئەم ماددەیە قسە ناکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ئاری هەرسین.

**بەڕێز ئاری هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەز ئەکەم جارێ ئەوە بڵێم کە بە تەئکید لێرە لەسەر ئەم قانونە قسە ئەکەین ئەم قانونە بۆ حیزبەکانی خۆمان دانانێین، شتێکی گشتگیر دائەنێین تەنانەت شمولی ئەو حیزبانەش ئەکات کە تا ئێستا لە دایك نەبوون، بۆیە زۆر پێویستە مەسافە وەرگیرن لە مەصڵەحەتی حیزبی خۆمان، و زیاتر بە عەینەکێکی نیشتیمانییەوە سەیری ئەو قەزیە بکەین، پشتیوانی لە قسەکانی وەحیدە خان ئەکەم، و مولاحەزەیەکیشم هەیە، لە سەرەتای ئەم قانونە کۆمەڵێك تەعریف هەیە نەکراوە، لە حاڵەتی حیزب، حیزب یەکێکە لە سکرەکتۆرە ئیدارەییەکان کە هەڵبژێردراوە بۆ حیزبی سیاسی، شێوازی زۆرن، لە ولآتانی دیموکراسی ئەو شێوازە سکرەکتۆرە جیاوازانەش لێرە و لەوێ جارجار بەشداری هەڵبژاردن ئەکەن، و کورسی پەرلەمانیش بەدەست دێنن، بۆیە لەسەر ئەم ماددەیە کە یەکەمە، ماددەکانی تریش ناوی خۆم نووسیوە بۆی، بە بۆچوونی من حەق بوو تەعریف هەبێ، دووەم، حیزبی سیاسی ئیزافەیەکی بۆ بکرێ بە موکەویناتی سیاسی، قەوارەی سیاسی، شتێك لەو بابەتە کە جائیزە لەو کۆمەڵگایە هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ابو بکر.

**بەڕێز ابو بکر عمر (ابو بکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم باشە ئەوەی نووسراوە حیزب بودجەیەكی ساڵانە وەرئەگرێ، بكرێ بە مینحەیەكی ساڵانە، چونكە لە ماددەی ١٤ ی یاسای ئەحزاب بە مینحە هاتووە، حیزبە سیاسییەكان مینحەیەك لە بودجەی ساڵانە لە هەرێم وەرئەگرن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد  حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمەوێ دووخاڵی زۆر بە كورتی ئەوە بڵێم كە ڕێكخستن و دانانی پێوەر بۆ پێدانی بودجە بە حیزبەكان ئەمە حاڵەتێكی تەندروستە، چونكە پێیشووتر ئەوەمان نەبووە، و بودجە بە شێوەی تر و بە  ناڕێكی و نایاسایی دابەش كراوە، لەم خاڵە زۆر زۆر گرنگە، هەرچەند پێم وایە بێگومان ئەو بودجەی كە دیاری كراوە بۆ هەر كورسییەك زۆرە، ئەكرا كەمتر بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك سۆران.

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یەكەم: كە دەڵێ ئەنجومەنی وەزیران بودجەیەكی ساڵانە بۆ حیزبەكان لە بودجەی گشتی دیاری دەكا، من دەمەوێ ئەوەی بخەمە سەر وەكو ڕوونكردنەوەیەك مانگانە (١٤) ملیار وەكو ئەو تەخمینەی لە لیژنەی دارایی كردوومانە، وەكو بۆ خەڵك بەرچاوروون بێ چەند لە بودجەی گشتی دەڕوا بۆ حیزبەكان لە ئەساسەوە، مانگانە چواردە ملیار و سێ سەدو بیست ملیۆن دەكا و، ساڵانە سەد و حەفتا و یەك ملیار و هەشت سەد و چل ملیۆن دەكا بە پێی ئەم پەیڕەوانەی لەم پڕۆژە یاسایەدا هەیە، واتا لە كۆی ئەو سەدو هەشتا و پێنج ملیارەی كە ئێستا ساڵانە وەكو سولفە دەدرێ بە لایەنەكان و لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ەوە هیچ سولفەیەك نەدراوە، نزیكەی (١٤) ملیار لەو سولفەیە كە سەدو هەشتا و پێنج ملیارە، دەگەڕێتەوە بۆ بودجەی گشتی، واتا ئەو بودجە گشتییەی كە بۆی دادەنرێ، لە (١٪)ی بودجەی گشتی هەریمی كوردستان دەكا كەمتر یان زیاتر نیسبەیەكی زۆر كەمە، بۆ ئەوەی خەڵك وا نەزانێ كە ئەمە بەهەدەردانێكی گەورەیە لە سامانی گشتی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بەهار خان،

**بەڕێز د. بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كاتێ ئەم ماددەی یەكەمی ئەم یاسایە ئەخوێنیتەوە، یەكسەر لە زهنییەت شتێك دروست دەبێت، چونكە لێرە وتوویەتی بۆ حیزبە سیاسییە مۆڵەت دراوەكان یەكسەر شتێك دروست دەبێ كە هەندێك حیزبی سیاسی مۆڵەت پێدراوە، بەڵام بودجە شمولی ناكات، ئەگەر چی موعالەجەی ئەمە لە ماددەی دووەمدا كراوە، بەڵام من پێشنیار دەكەم، بۆ ئەوەی لە ماددەی یەكەم و سەرەتای دەستپێكی یاساكەدا دەست پێ نەكات ئەو ئیشكالیەتە، ئەوەی لە ماددەی دووەمدا هاتووە بهێنرێتە ماددەی یەكەم، بەپێی ئەو پێوەرانەی لەم یاسایەدا دیاری كراوە، لە بودجەی گشتیدا دابین دەكرێ، واتە بخرێتە بەینی ئەوەی لە هەرێمی كوردستاندا لێرە بەپێی ئەو پێوەرانەی لەم یاسایەدا دیاری كراوە، لە بودجەی گشتیدا دابین دەكات، هەروەها پشتگیری بەڕێز مامۆستا بەكر هەڵەدنی دەكەم، كە بودجە بكرێ بە مینحە، بۆئەوەی پێچەوانە نەبێ لەگەڵ ئەو یاسایەی لەگەڵ یاسای ئەحزاب هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. جوان خان،

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دەزانم هەر حیزبێك ئەگەر دایبنێی دەبێ بودجەی هەبێ، وڵاتەكانیش بە حیزب دەڕوا، بەڵام نەك بەو شێوەیەی، من قەت دەنگ نادەم بەو یاسایە، نایدەمێ، چونكە زۆر گەندەڵی تێدایە، تیفساڵ كرایە، كو بەشەر دەچێتە خەیاتی، تكایە چۆن رێگاتدایە كاك فەرهاد سەنگاوی ئەوهاش رێگاش بە من بدە، جەنابیشت دائیمەن دەڵێی ئازادە ئەندام پەرلەمان راو بۆچوونی خۆی بڵێ، لە سەر ماددەی یەكەمە بە گشتیشە، بهێڵە قسەكەی بكەم با لە دڵم دەرچێ، لە دوێنێوە من لە حاڵەی نەفسی دامە لە بۆ ئەو پرۆژە یاسایەی، بهێڵە قسەكەی بكەم برام، چونكە ئەو بودجە زەبەلاحە بەڕاستی حەسەب ئەهوائی حیزب دانرایە، كو من دەچمە خەیاتی تیفساڵم دەوێ، تیفساڵ كرایە بۆ حیزبەكان، قەت مەعقول و مەنتقی نییە، غەدرێكی زۆر گەورە كرایە، وسكتیشم دەكەن، دەڵێن ئەوە باشترە لەوەی رابوردوو، مەمنوون بە بەوەی، نا وەڵلا مەمنوون نابم بەوەی، مەعنای من دەورم چییە لێرە ئێستا؟ من قەرداری ئەو خەڵكەیمە برادەران، بەڕێزان، بەخوای موزایەدەی سیاسی ناكەم، لە سەر حەق قسەی دەكەم، دەڵێ (قل الحق ولو علی نفسك) من دەڵێم (قل الحق ولو علی حزبك) راستە ئێمە لە بەرژەوەندی حیزبەكان دەدوێن، بەڵام بەسە لە بەرژەوەندی حیزبەكان قسە بكەین، با لە بەرژەوندی میللەتەكەی قسە بكەین، كە متمانەیان بە من داوەو لێرە دانیشتوومە قسەی بكەم، تكایە مەمبڕە، چونكە هەدر لە ئەموال هەیە، (تبذیر) لە ئەموال هەیە، واقیعی نییە، لەگەڵ ئەوەش لەگەڵە من بن بەڕێزان، تكایە بهێڵن قسەكان بكەم تكایە، دوایی تەعلیقی لە سەر قسەی من بدەن،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەزانی تۆ دەرفەتت هەیە، لە سەر پێوەرەکانی کە دیاریکراوە لە ماددەکانی تر، د. جوان تۆزێك هێور بەوە، بەو شێوە موناقەشە ناکرێ، لە ناو هۆڵی پەرلەمان، چیت هەیە دەتوانی باسی بکەی رای خۆت بڵێی، لە سەر ماددەی یەك چیت هەیە باسی بکە، لەسەر ماددەکان چیت هەیە باسی بکە، بەڵام پێویست ناکا بەم تەهەورە و تۆ وابزانی بەس تۆ نیشتیمان پەروەری و ئەندامانی تری پەرلەمانی کوردستان هەموویان خۆفرۆشن و حیزبەکانیش خۆفرۆشن، بەم شێوەیە نییە، تکایە تۆزێك لە سەرخۆ، فەرموو د. جوان خان.

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تکایە، بەم شێوەیە تەفسیری مەکە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکا دەکەم، هیچ پەرلەمانتارێك موزایەدە نەکات بە سەر پەرلەمانتارەکانی تر، فەرموو د. جوان خان،

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە من تێبگە، بزانە من چی دەڵێم، (١١١) ئەندام پەرلەمان لێرە هەیە، هەموو نیشتیمان پەروەرن، من (اقسم علی شرف)، بەڵام حیزبەکە ناهێڵی قسەی خۆت بکەی، راوەستە قسەکەی خۆم بکەم، من کە ئینفیعال دەکەم کە غەمی دەخۆم، برادەران وام لێ دێ، یەعنی ئەمە تەمسیلی نییە کە من دەیکەم، تکایە وەزعی نەفسی من تەقدیر بکە، ئەوە بەهێواشی قسەی دەکەم، ئەگەر بودجەی ئەوها بڕوێنی، مەعنای هاووڵاتی دەبێتە عەبدی ئەو حیزبەی، لە جیاتی بچێ مەعاشی لە حکومەت وەرگرێ، مەجبوور دەبێ مەعاشی لە حیزبەکەی وەرگری و، دائیمەن سەرشۆڕیش دەبێ، دەبێ لەگەڵ وەختی ئینتیخاباتی چونکە بودجەی هەیە، دەبێ هیچ مەوقفی نەبێ، ئەوە یەك: دوو: جێگای تەعەجوبە، لە دوێنێوە ئیندیهاشم کردییە، تۆ تەقیمی مەعاشی ئەندام پەرلەمانت کرد، هی وەزیرت کرد، لە (٥٠٪)ت کرد، باشە خێرە حیزبەکان ئەو بودجە زەبەلاحەی دەدیێ، یەعنی (السکوت عن الحق الشيء)،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تۆ لە بابەتەکە دەردەچی، باسمان کرد، تکایە گوێ بگرە، ئەم موزایەدانە مەکەن، حیزبە سیاسییەکان لە مانگی یەکەوە بودجەیان وەرنەگرتووە، مووچەی فەرمانبەران، مووچەی ئەندامانی پەرلەمان، مانگی پێنج دراوە، مانگی شەش نەدراوە، بۆیە تکایە ئەم موزایەدانە مەکەن، حیزبە سیاسییەکانیش بەشێکن لە پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان، ئێمە دەمانەوێ میزانییەکەیان بە یاسایی بکەین، میزانییەی حیزبەکان بەپێی یاسا پێویست دەکات بە یاسایەك دیاری بکرێ، لە میزاج بڕواتە دەرەوە، بەپێی پێوەر بێ، تۆ بەدڵتە بە دڵت نییە ئەتوانی قسەی لە سەر بکەی، بەڵام ئەمە مەڵێ ئەوە کاك فەرهادیش بەم شێوەیە قسەی کرد، ئەمە مەکەن بڵێین وەڵلا فەرمانبەر مووچەی وەرنەگرتووە تۆ دێی میزانییە بۆ حیزب دەبڕی،

ئەسڵەن حیزب لە مانگی یەكەوە میزانییەی وەرنەگرتووە، تكایە ئەگەر لە سەر ماددەی یەك قسەت هەیە فەرموو قسەكانت بكە و، ئەگەر نا لێیگەڕێ بۆ ماددەكانی تر،

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

باشە، من بیدایەت وتم، وتم هەر حیزبێك میزانییەی خۆی هەیە، خۆ هاووڵاتی لە ناو ئەو حیزبە ئیش دەكات و، دەبێ بودجەی هەبێ، بەڵام دەڵێم بەم شێوەیەی نەبێ، بەو گەندەڵییەی نەبێ، بەو بودجە زەبەلاحەی نەبێ،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەی یەك چیت هەیە؟ فەرموو د. جوان خان،

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یەك: نابێ (٦٠) ملیۆن بێ، كاكە بیكەنە (٣٠) ملیۆن،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە ماددەی یەك نییە، فەرموو كاك عبدالرحمن،

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوو، سێ، تێبینی و خاڵم هەیە لەسەر ماددەی یەك، یەكێكیان لە راستیدا من بۆ خۆم وەكو رەئی شەخسی خۆم لەگەڵ ئەوەدا نیم، بودجەی حیزب دابین بكرێ، واتە حیزبەكان بودجەیان لەلایەن حكومەتەوە بۆ دیاری بكرێ، ئەوە رەئی خۆمە لە راستیدا، خاڵێكی تر، من داوا دەكەم پەرلەمانی كوردستان چاكسازی بكات لە یاسای پارتە سیاسییەكانی هەرێمی كوردستاندا،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمە هیچ پەیوەندی بە بابەتەكەوە نییە، یاسای حیزبە سیاسییەكانمان نەهێناوەتە بەر گفتوگۆ تا تۆ داوای چاكسازی بكەی، ماددەی یەك لەم یاسایە، فەرموو كاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو بودجەیەی كە دیاری دەكرێت با بودجەیەك بێت نەگاتە زیاتر لە (٠,٥٪) واتە لە سەدا یەك كەمتر، لە سەدا نیو بێت، زیاتر تێپەڕ نەكات لە بودجەی گشتی هەرێمی كوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عادل،

**بەڕێز عادل عزیز شكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**وەڵلا من دەمەوێ هەر بۆ وزوحێك رەنگە ئەگەر هەڵە نەبم لە كۆی (١٨٥) دەوڵەت لە دونیادا (١٢٥) دەوڵەت ئەم یاسایەی تێدا بەرقەرارە، ئەو حیزبانە بودجەیان هەیە لە بودجەی گشتی.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**لە سەر ماددەی یەك چیت هەیە؟ فەرموو كاك عادل،**

**بەڕێز عادل عزیز شكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**وەڵلا هیچم نییە، بەڵام من پێم وایە هەر موزایەدەكردنێك لە سەر ئەم یاسایە، پێم وایە برادەرێك موزایەدە بكات وتاری حەماسی بخوێنێتەوە، پێم وایە بەر لە هەموو شتێك حیزبەكەی خۆی دەگرێتەوە، باس لە دەركردنی شۆفەڵ ئەوانە،**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو كاك زانا،**

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**تكات لێ دەكەم، ئاوا بڕوا گفتوگۆ ناكرێ بە موزایەدە، تكایە ئیستفزازمان نەكەن،**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**تكایە بێ دەنگی، من جەلسە رێك دەخەم، رێم پێ نەدا، تەواو، سەرەڕای ئەوەی رێم بە كاك فەرهاد دا، هەموو قسەكانی خۆی كرد و، رەنگە بەشێكی زۆر لە پەرلەمانتارانی نیگەران كردبوو، بەڵام لێگەڕێن من جەلسە بەڕێوە دەبەم، فەرموو مامۆستا عمر،**

**بەڕێز عمر صالح عمر (كۆچەری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من تێبینیەك هەی ل سەر قسەی جەنابت و، ئەو ئەندامانی پەرلەمان، د بێژن موزایەدە، ئەز حەز دكەم حوریەتەكا كامل بدەنە ئەندام پەرلەمانی تەعبیر ژ رەئیا خۆ بكەتن، نەبێژنە موزایەدەیە، ئەڤە رەئیا وییە تەعبیرێ خۆ دكەتن، هەر یەكی ژی مونتەڵەقەكی هەی، هەر یەكی شتەكی هەی، بەس ئیتیهامە یەك و دوو بكەین، ئەڤە تەشەنووجەكا دێ جێكەت ئەڤە ئێك، یا دوویێ: ل سەر ڤی بابەتی مەوزوعێ بودجێ، مە د ڤی وڵاتێدا ئەم هەمی زانین كە ئەحزابا چەوا تەسەروف ب ماڵێ ڤی وڵاتێ كریە و، میزانییەدا كریە، ئەڤرۆكە بێتە رێكخستن و تەنزیم كرن و وەكی گەلەك وڵاتێ دونیا تشتێكی تەبیعییە، بەس قەناعەتا من خەڵكێ مە هەند بریندارا هەتا خۆ بەعس كرنێ ژی، قەناعەتا من پەرلەمان نەێی موافەقەت بوون**

سەرۆكايەتى بۆ ئينانە ڤى بابەتى دڤێ فەترێدا، ئەز لەگەڵ ئەسڵى پڕۆژەی نيمە ڤێگاڤێ بێتە تاوتێكرن و سوعبەت سەر بێتە كرن، ئەز حەز كەم قەناعەتا مە ئەڤەيە ئەڤ بابەتە هەمى بێتە تەئجيل كرن،

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

مامۆستا عمر جەنابت راى خۆتت وت پێشتر، بەڵام ئێمەی دەستەی سەرۆكايەتى مولزەمين بەپێى پەيڕەوى ناوخۆى پەرلەمان راپۆرتى ليژنەكان سەبارەت بە هەر پڕۆژە ياسايەك تەواو بوو، پێويست دەكات بخرێتە بەرنامەی كار، سوپاس بۆ جەنابت، فەرموو د. شوان،

**بەڕێز عمر مصطفى باوەمير (د. شوان قەڵادزەيى):**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

وەڵڵا ئێستا من هەر لەگەڵ ئەوەدام كە ئێستا كاتەكەی كە مووچەی مانگى شەش نەدرايە، سولفەی عەقارات و زەواج وەستاوە، پێشتريش زۆر باس لەوە دەكرا، ئەو دوو حيزبە دەسەڵاتدارە بودجە بەهەدەر دەدەن، كە ئەو بودجە پێشتر باس لە بەهەدەردانى كراوە، ئێستا هەر ئەو بودجەيە بەشێوازێكى عاقلانە، بەشێوازێكى زانستى حيزبيانە، بە ئەجيندايەكى رێك و پێك، ئەوەی كە پێشتر پێى دەوترا بە هەدەردان، ئێستا دابەشكراوەتەوە بەسەر ئەو لايەنانەدا، با من زەرەريش بكەم، ئەم هەموو كورسيانە ريزكراوە زەربى شەستى بكە، ئەوە ئەگەر بڕينى قوتى خەڵكى كوردستان نەبێ چى پێ دەڵێن؟ لەبەر ئەوە من لێرە پێشنيار دەكەم ئەوەی كە كاك سۆران باسى كرد لە (١٪)ە، ئەو لە (١٪)ە بكرێتە لە سەدا نيو، با خەڵكى كوردستان بزانێ ئەو پەرلەمانە كە پێشتر بەهەدەر دراوە، ئەوە ئامادەيە نيوەكەی بدرێتەوە بودجەی گشتى، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

فەرموو كاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد شعبان عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئەگەر ئەڤ ئاخافتنێ ژ لاێ ئەندام پەرلەمانێ بەڕێز ل فراكسيۆنى جودا جودا هاتينە بەحس كرن، سەبارەت بودجە ئەحزابا سياسييا بيت، ئەز د رێ دەمە خۆ بە ناوى پارتى ديموكراتى كوردستان وەكو فراكسيۆنا پارتى، يەك دينار مە نەڤێت، ئەگەر رازينە بلا بهێنە بودجێ نووكە دێ ئيلغا دكەين، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

فەرموو كاك ابو كاروان.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابو كاروان):**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

من پێم وایە لێرە ئیزافەی ئەم فەقەرەیە بکرێت لەگەڵدا با بڵێین هەمان مادده، بوار بدرێتە ئەنجومەنی وەزیران بە بڕی بەهای کورسییەك تا دوو کورسی بداتە ئەو حیزبانەی کە لە دەرەرەوەی هەرێمی کوردستان و ئێستا بودجە وەردەگرن لە کوردستاندا، پێویست ناکات ناوەکانیان بوترێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئایدن،

**بەڕێز ئایدن معروف سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی یەکەم ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بودجەیەکی ساڵانە بۆ حیزبە سیاسییە مۆڵەتدراوەکان، لێرەدا من تەئیدی کاك ئاری هەرسین دەکەم کە دەڵێ بکرێت بە قەوارەی سیاسی و، لە جیاتی حیزبی سیاسی بکرێتە حیزب و بزووتنەوە و رێکخراوە سیاسییە مۆڵەتدراوەکان لە هەرێمی کوردستان، مولاحەزەی دووەم: لە سەر عینوانی پڕۆژەکەیە، کە دەڵێ، پێدانی بودجەی حیزبەکانی هەرێمی کوردستان، ئەو پێدانە زیادە، بمێنێتەوە بودجەی حیزبەکانی هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوە لە عەرەبیەکەش بەم شێوەیە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا مەڕوان،

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین (مەڕوان کەلالی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بوارم پێ بدەی پێم خۆشە ئەو سێ روونکردنەوەیە بدەم، چونکە زۆرێك لە خوشك و برایانمان کە قسەیان کرد لەسەر بەرنامەی کار قسەیان نەکرد، لە سەر ئەو مادده قسەیان نەکرد، ئەگەر بواریشم پێ نادەی من ئیلتیزام دەکەم و قسە ناکەم، بەس سێ خاڵ پێم خۆشە بە دڵسۆزی بۆ خۆم و بۆ خەڵکی کوردستان روون بکەمەوە، خاڵی یەکەم: حیزب شتێکی سەیر نییە لە هەرێمی کوردستان، هەڵقوڵاوی ئەم کوردستانەیە، رۆڵەی ئەو خەڵکەن، کوڕی من و کوڕی تۆ و من و تۆین ئەم حیزبانەمان پێك هێناون، جسمێکی غەریب نییە لە دەرەوە هاتبێتن، ئەو حیزبانە بوون لە رۆژە سەختەکان کە دیفاعیان لە خاك و ئاو و ئەو وڵات و نیشتیمانە کرد، قوربانی زۆریان داوە، حیزبەکانن ئەمڕۆکە لە کاتی سەخت و نارەحەتیدا ئەندامانیان پێشمەرگەکانیان، ئینجا چ ئاسایش بێ، چ شوڕتە، هەر کەسێکی هەیە، مونتەمییە لە بۆ جیهەتێکی سیاسی لە سەنگەرەکانی پیشەوەن و دیفاع دەکەن، خاڵێکی دیکە زۆر بە دڵسۆزی دەڵێم: ئەگەر ببێتە ئەو موزایەداتە، چونکە بەحوکمی ئەوەی لەوانەیە تۆزێك موتەلیع تر بم لە رووی ئیتفاقاتی سیاسی، ئەوەی کە لە ژوورە تاریکەکان دەکرێتن دەیلێم، ئەوانەی کە موزایەدە لێرە دەکەن پێم خۆشە کە دەڵێن با بودجەی ئەحزاب زەبت بکرێتن و بنووسرێتن، بۆ ئەوەی نەچین دوو بە دوو بیاڕێینەوە، ئەوانەی کە لێرە دەڵێن دیفاع لە قوتی خەڵك دەکەن، من ئاگادارم دوو بە دوو دەچن دیفاع لە سەرۆکی هەرێم

دەكەن كە بە شێوەیەكی نا قانونی پارە وەربگرن، بۆ ئەوەی ئەو پارانەوە نەمێنێتن، با لێرانە حیسەی خۆیان وەربگرن و ئینجا چەندی بەركەوت، هەرچەندەكی بەر نەكەوت با وەربگرین، هیوادارم لە سەر فەقەرەكان خەڵك قسەی خۆی بكاتن، ئەگەر نا شتی تر بە موستەمسەك و بە بەڵگە هەیە دەیخەینە روو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك سالار نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، هەموو ئەندامێكی پەرلەمان، ئازادە رای خۆی لە سەر هەر باسێك، هەر پڕۆژەیەك بڵێ و، پەیڕەوی ناوخۆ ئەم بابەتەی تەنزیم كردووە، بەڵام رجائەن با شعوری یەكتر بریندار نەكریت، ئەگەر ئێمە قسە لە سەر دۆخێكی تازە دەكەین، ئەمە دۆخێكی تازەیە پێویستە لە سەر بەم لای ئەو دۆخە تازەیە تێروانینەكانمان تەرح بكەین، ئەگەر قسە لە سەر ئەوەیە هەنگاوێك بگەڕێینەوە بۆ دواوە، هەریەكە هەنگاوی دواوەی خۆی ببینێ و، ئەوەی پەیوەندی بە دەستەواژەی موزایەدەوە هەیە، ئاساییە پەرلەمانتارێك بە منی پەرلەمانتار بڵێ تۆ موزایەدە دەكەی و، موزایەدە مەكە، بەڵام داواكارم لە جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، دەستەواژەی موزایەدە و موزایەدەكاری بەكار نەهێنێ، جەنابت موحامی ئەو پەرلەمانەی، ئیدارەی جەلسەكە دەدەی، مەوقیعی تۆ لە پەرلەمانتاران جیاوازترە، بەڵام مەسافەیەكیش بهێڵەوە بۆ ئازادی بیروڕای برادەران، ئینجا لە هەر چوارچێوەیەكدا مەنتقەكان روون و وازحن، هیوادارم جەنابت نەچیتەوە ناو ئەو بۆتەیەوە، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك سالار، وەكو چۆن دەبێ دیفاع لە هەر ئەندامێكی پەرلەمان بكەم، رای خۆی بە ئازادی بڵێ، بەڵام دەبێ پارێزەری هەموو ئەندامانی تری پەرلەمان بكەم كە رەنگە بە قسەی ئەندامێكی پەرلەمان دڵی گران ببێ، بەڕاستی دەبێ پارێزەری لە هەموو ئەندامانی تری پەرلەمانتارانیش بكەم، كە ئەندامیكی پەرلەمان دەیەوێت بەشێوەیەكی تر پێناسە و، تەفسیر بۆ سلوكیان، بۆ دەنگیان، بۆ قسەكردنیان بكا، بۆیە ناچارم هەندێك جار قسە لە سەر قسەی ئەندام پەرلەمانیش بكەم، بۆ ئەوەی نوقتە نیزامی نەگیرێ، ئەندامی پەرلەمان قسە لە سەر ئەندامی پەرلەمان بكا، بۆیە هەمووتان بە سینگ فراوانییەوە ئەمە رەچاو بكەن، من لێرە ناچارم رای هەموو ئەندامانی پەرلەمان، هەڵوێستی هەموو ئەندامانی پەرلەمان و، ویژدان و نەفسیەت و كارو پڕۆژەی هەموو ئەندامانی پەرلەمان رەچاو بكەم، بۆیە ناچارم جاری وا هەیە، ئەندامی پەرلەمان رابگرم و، دیفاع لە پەرلەمانتارانی تر بكەم كە رای خۆیان بڵێن، فەرموو د. شێركۆ،

**بەڕێز د. شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا من پێشتریش ناوم نووسی بوو، من پێشتیوانی لە قسەی کاك ابو بەکر هەڵەدنی و کاك عبدالرحمن علی دەکەم، ناوبنرێ هاوکاری و، پێشنیازیش دەکەم بکرێ بە لە سەدا نیوی بودجەی هەرێمی کوردستان کە پێیان بدرێت و، پشتیوانی لە (١٠٠٪)ی کاك مەڕوان دەکەم و، پێشنیازیش دەکەم هەموو ئەو دیکۆمێنتانەی لە ناو ئەو لیژنە پەیوەندیدارانە لە سێ مانگی رابوردوودا کە موناقەشەیان کردووە هەر هەمووی بۆ رای گشتی، بۆ خەڵکی کوردستان بڵاوبکەنەوە، یەعنی ئەو هاوڕێیانە لە لیژنەی دارایی، لە لیژنەی ناوخۆ، لە لیژنەی یاسایی، هەر وتوویژێکیان کردووە، رای فراکسیۆن بە فراکسیۆن، ئەندام بە ئەندام پێشنیاز دەکەم بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستانی بڵاوبکەنەوە و، من لەگەڵ ئەوەدام نەك بودجە نەبێ، قرانێك نەدرێ بە حیزبی سیاسی،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئومێد،

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن (خۆشناو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە قسەکانی مامۆستا مەلا مەڕوان، ئەمە کە فرسەت بوو هۆڵی پەرلەمان بووە ستۆدیۆی رادیۆ، هۆڵی پەرلەمان بووە سەکۆی وتاردان، هۆڵی پەرلەمان بووە هەموو شتەك، نەبووە هۆڵی پەرلەمان، دوو: ئەوەی مامۆستا مەلا مەڕوان وتی، ئێمەش دەڵێین کۆبوونەوەی ژوورە تاریکەکان کە ئەو ناوەی لێنرا، یان کۆبوونەوە داخراوەکان، با قسەکانی میدیا و قسەکانی هۆڵی پەرلەمان وەکو یەك بێتن، لەبەر ئەوەی ئەوەی کاك دڵشاد شعبان وتی، ئەمە سیاسەتی رەسمی فراکسیۆنی پارتییە، ئەگەر موزایەدە نییە، یەکەم حیزب پارتی ئامادەیە مەسەلەی بودجەی ئەحزاب، دوو: بودجەی ئەحزاب شتێکە لەو وڵاتە قسەی دەربارەی کرایە، بە نایاسایی بووە، ئەمڕۆ داوا دەکرێ بە یاسایی بکرێتن، یاسایەکە بە کەم و کوڕییە، بە کەم و کوڕی نییە، شتێکی نایاسایی بکەیتە یاسایی دەبێ پێمان باش بێت کە بە یاسایی بکرێت، دوێنێش قسەمان دەربارەی هەندێك شت کرد، ئێمە لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان قبوڵمان نییە کەسی دیکە بە ئێمە بڵێ لە ژێر فشاری ئێمە بڕیاریان لە سەر پێشمەرگەدا،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو بووە، ئەو مەوزوعە، فەرموو کاك ئومێد،

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن(خۆشناو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نا، تەواو نەبووە، لە دووی هاتووە، دوێنێ قسەمان لە سەر ئەوە کردووە لێدوان درایە، کە گوایە رازی نەبووینە لە چاکردنی ژیانی پێشمەرگە، ئەم شەو جارێکی تر تەکمیلەی کرایە، دەڵێین بە فشاری ئێمە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئومێد ئەمە پەیوەندی بە بابەتی ئەمڕۆ نییە تکایە، وازی لێ بێنە، بەڕێزیشت دەتوانی لە دەرەوەی هۆڵی پەرلەمان قسە کراوە، جەنابیشت دەتوانی لە دەرەوەی هۆڵی پەرلەمان ئەو باس و خواسە بکەی، بە دڵنیاییەوە لە ژێر فشاری کەس نەبووە، ئیمزا کۆکراوەتەوە بۆ ئەو بابەتە فەرموو کاك گۆران، بەس نوقتەی نیزامی بێ؟

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە داخەوە، یەعنی ئێستا هیچ کەسێکمان بودجەمان ناوێ، کەواتە با یاسا پەسەند نەکەین و، من پێم وایە ئەم قانونە کە دەردەچێ بۆ تەنزیمی بودجەی ئەحزابە و، هیچ ئەو قسانەی کەمی کردووە و زیادی کردووە نییە، ئەو مەبلەغە (١٨٥) ملیارەیە، جارێکی تر بە عادل تر تەنزیم کرایەوە بە سەر هەموو حیزبە سیاسییەکان و، هەموو لایەنێکیش تەوافوقی لە سەر کرایە، بەڵام من پێم وایە ئەم تەشەنوجاتییە و، ئەم ئیحراجییەی ئەندامانی پەرلەمان لە کاتی قسە کردن لە سەر میزانیەدا بریتییە لە یەك خاڵ، کە من پێشترێش لە لیژنە و، لە ناو فراکسیۆنیش گوتوومە رەبتی بەوە نییە حیزب نابێ پارە وەربگرێ، رەبتی بەوە نییە مەبلەغەکان زۆرن یان کەمن، رەبتی بەوە نییە ئێمە پارە بەهەدەر دەدەین یان نا، رەبتی بە زەمەنی موناقەشە کردنی ئەم قانونەیە کە دۆخەکە لە سەروبەندی قەیرانی داراییە، ئەندامانی پەرلەمان لە دەرەوە گلەییان لێ دەکرێ، ئەگەر نا زەمەنێکی ئاسایی بێ، من پێم وایە پڕۆژە یاساکە، پڕۆژە یاسایەکی ئاساییە و، پڕۆژە یاسایەکی عادلە، لەبەر ئەوە ئەو ئەندامانەی کە قسە لە سەر زەمەنی موناقەشەکە دەکەن و، پێم وایە بەشێکیان لە سەر ئەوە داوای تەئجیلیان کرد، بۆیە مادام ئەوە تەوافوقی لە سەر کرایە، یان ئەوەتە دەبێ بە تەوافوقەکە پابەند بین، یان ئەوەتە ئەگەر زەمەنی نییە ئەم قانونە، لەبەر مەسەلەی قەیرانی دارایی و، لەبەر ئەوەی شەش مانگە هیچ حیزبێك دینارێکی لە حکومەت وەرنەگرتووە و، لەبەر ئەوەی قانونەکەش پەسەند بێ، دیسان حکومەت پارەی نییە، حیزب پارەی وەربگرێ، ئەوە دەکرێ بە تەوافوقات بکرێتن لە سەر تەئجیل کردن، بۆ ئەوەی هیچی تر لە سەر حاڵەتی تەشەنوجات دروست نەبێ و، خاڵێکی تر دەمەوێ بیڵێم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، یەعنی جاری وایە ئەندامێکی پەرلەمان لە دەرەوە رەئیەك دەڵێ، قسەیەك دەڵێ، پێچەوانەی هەندێك رەئییە، یاخود لەگەڵ نییە، ناکرێ لەم حاڵەتانە کۆبوونەوەی تایبەت و، لێرە ئێمە شتەکان بە تەشەنوجات وەربگرین، من یەك نموونەتان بیر دەهێنمەوە، کاتێك سەرۆکی حکومەت هات لە کۆبوونەوەی سەرۆك فراکسیۆنەکان هەموو ئەو برادەرانە لێرەن لە دواتردا لەلایەن فراکسیۆنێکەوە زۆر بە وازحی یەك بوختانی گەورە بەناوی منەوە کرا لە کۆبوونەوەکەوە، نەشهاتین داوای روونکردنەوە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئاری،

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم (ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلاهی، نە سیاسەت، نە موناقەشەی سیاسی بەم تەشەنوجەوە دەكرێت، یەعنی بەڕاستی ئەگەر ئەو ماددانەی جەنابتان دەیخوێننەوە دەفەرموون، مولاحەزەت یان رەئت لە سەر ماددەی یەك چییە، لە ئێستادا لەوەتەی من گوێ دەگرم زۆرینەی ئەوەی قسەیان كردووە لە سەر ماددەی یەك هیچ عیلاقەیەكی بە ماددەی یەكەوە نەبووە، من دەچمەوە سەر قسەكەی یەكەمم، مەعنای ئەوەیە ئەو فەزا سیاسییە ئامادە نییە بۆ موناقەشەكردن بۆ ئەم قانونە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ئاری، رای جیاواز لە ناو پەرلەمانی كوردستاندا دروست دەبێ، بیرو رای جیاواز هەیە لە سەر هەموو پڕۆژەكان، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە، رای لیژنە پەیوەندیدارەكانی پەرلەمانی كوردستان وەردەگیرین، فەرموون رای خۆتان لە سەر ئەو موناقەشەیەی كە كرا، بدەن.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو پێشنیار هەبوو لەلایەن، بەڕێز وەحیدە یاقۆ، لەلایەن بەڕێز ئایدن معروف، داوا دەكەن كە قەوارەی سیاسی لە ناونیشانەكە لەگەڵ حیزبەكانی هەرێمی كوردستان بێ، من تەنها پرسیاریان لێ دەكەم، دەڵێم ئەو داواكارییەی ئەوان لە ماددەی دووەم: بڕگەی حەوتەم جێگای كراوەتەوە، ئەگەر دەزانن جێگای نەكراوەتەوە، هەتا پێشنیارەكەیان بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرین، بۆیە لە سەر وەڵامی ئەوان رادەوەستین لەو بابەتە، قەوارەی سیاسی سێ پێشنیار هەبوو، داوای لێبوردن دەكەم، بەڕێز ئاری هەرسینیش تەئیدی كردن، كە قەوارەی سیاسی هەم لە ناونیشانەكە دابێ و، هەم لە ماددەی یەكەم دابێتن، من تەنها ئەو پرسیارەیان لێ دەكەم، ئەگەر جێگای كراوەتەوە دەپێكێ ئەو هەدەفەی ئەوان هەیانە لە ماددەی دووەم، لە بڕگەی حەوتەم، ئەگەرنا تاكو سیاغەی بكەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو امنە،

**بەڕێز امنە زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز دێ جەوابا پرسیارا ڤالا خانێ دەم، خۆ ماددێ دووێ، بڕگە حەفتێ، جێهێ پێشنیارا یا وحیدە خانێ ناگریتن، چونكی ئەڤە بەحسی هەندێ دكەتن هەر حیزبێك یان قەوارەیەكا سیاسی ئەو كوتا كورسیەكی پەرلەمانی هەبێتن، ئەڤ كیاناتێ كو دەرڤەی پەرلەمانینە، كورسی پەرلەمانی نینە، ژ بەر هەندێ تڤیا ئەو زێدە بێ سەر، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی دارایی،

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە سەرنجەکەی امنە خانی تێ دەگەم، ئەگەر لە دەرەوەی پەرلەمان بێت، هەر بەپێی ماددەکانی تر شمولی ناکات، یەعنی ئەو حیزبانەی کە لە دەرەوەی پەرلەمانن، کەمتر لە (٢٠٪) دەنگی کورسییەکیان هێناوە، بەپێی ماددەکانی دیکە شمولیان ناکات، بەڵام ئێمە خۆمان ئاگاداری ئەو کیانانە بووین، هەر بە مەبەستەوە لە بڕگەی حەوتەم ئەمەمان نووسیوە، چونکە ئەمە زیاتر بەتایبەتی لە ناو ئەماندا حزووری هەیە، بەمەبەستەوە وتوومانە و، ترسیشمان هەبووە و، دیسانەوە تەئکید دەکەمەوە شەخسێك مەسەلەن قەوارەیەك دروست دەکات، ئەم شەخسە کورسییەکی پەرلەمان بەدەست دێنێت، ئەگەر جێی کەیتەوە، جگە لەوان کە حاڵەتێکی تایبەتە، کەواتە هەموو مانگێك (١٢٠) ملیۆن دیناری بدەیتێ، ئەو شەخسە دەتوانێ بیبا بۆ خۆی، زائیدەن مووچەکەی، کەواتە ئەمە دەرگای گەندەڵی دەکاتەوە، زۆر بەمەبەستەوە ئەوەمان کردووە، تەئکید دەکەمەوە بڕگەی حەوتی، ماددەی دووەم، بەتەواوەتی شمولیان دەکا و، هیچ ئیشکالیەکی تێدا نییە سەبارەت بەوان، ئەگەر حیزبی دەرەوەی پەرلەمانی بێت، قەوارەش بێ یان حیزب بێ شمولی ناکات، یەعنی ماددەکانی تر ڕێگەی پێ نادەن، دەڵێ دەبێ کورسی هەبێ پارە بۆ کورسی بدات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ڤەمان،

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەستەکەم ئەوە بوو، یەعنی لە سەرەتا وتم، ئەو حیزبانە کە بودجە وەردەگرن بەپێی ئەم یاسایە، ئەوانەن کە ئیجازەیان وەرگرتووە لە وەزارەتی ناوخۆ بەپێی یاسای ژمارە (١٧) لە ساڵی ١٩٩٣، کەواتە پێویست ناکاتن تۆ بێی کیاناتی سیاسی نازانم چی ئەوانەی لە سەر ئیزافە بکەی، ئەوە عیلاجی ئەوەی کردووە، ئینجا ئەو ئەحزابانەی یان ئەو کیاناتانەی کە ئیجازەی وەرگرتووە، کورسی پەرلەمانی هەیە دەتوانن ئەو مینحەیە وەربگرن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی ئەسڵەن ئەم پرۆژە یاسایە پشت ئەستورە بە ماددە (١٧)ی یاسای بودجەی حیزبەکانی کوردستان، بەپێی ئەوە ئەم یاسایە ڕێك دەخرێ، پێم وابێت چارەسەری کێشەی کۆتاکان کراوە لە ناو پرۆژەکەیدا، بەڵام ئەوەی دیکە باسی حیزبە سیاسییەکان کراوە لە هەرێمی کوردستان، چەند پێشنیارێکی تریش هەبوو ئێوە قسەتان لە سەر نەکرد، فەرموو وەڵام بدەنەوە،

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیارێكمان لێكرا، بۆچی تەعاریف نییە، لە یاساكەدا، لە راستیدا ئێمە لە بیدایەتدا تەعاریفمان دانابوو لە ماددەی یەكەمدا، بەڵام كە دواتر سەیرمان كرد هەدەف لە تەعاریف ئەوەیە كە وشەیەك زۆر بەكاربێنیتەوە لە ناو یاساكەدا لە بیدایەتی یاساكە تەعریفی بكەی، سەیرمان كرد وشەیەكی وا نییە، بۆ نموونە ئەنجومەنی وەزیرانمان تەعریف كردبوو، كە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان سەیرمان كرد، یەك، دوو جار بەكارمان هێناوە، پەرلەمانمان تەعریف كرد، سەیرمان كرد، یەك جار بەكار هاتووە، بۆیە وتمان هەڵی دەگرین و لەو یەك، دوو جارە ئەسڵیەكەی خۆی دادەنێن، حیزبی سیاسی لێرە تەعریف ناكەین، لە یاسای حیزبە سیاسییەكان تەعریف كراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی دارایی.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بەشی زۆری ئەو موداخەلانەی كە كرا، لای ئێمە جێگەی سەرنج بوو، چونكە ئەم راپۆرتە ئەوەندەی تەعبیر لە رەئی فراكسیۆنەكان دەكا، ئەوەندە تەعبیر لە رەئی لیژنەی دارایی و یاسایی و ناوخۆ ناكا، ئێمە وەكو خۆمان تاوەكو ئێستا بۆ زانیاریتان سێ راپۆرتی لیژنەی داراییمان نووسیتەوە لەبەر رەزامەندی فراكسیۆنەكان ئێمە دەستكاریمان كردووە، واتا خۆتان رازی بوون بەوەی كە ئەم پڕۆژەیە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێ، سەبارەت بە حیزب و كیاناتی سیاسی روونكردنەوەماندا نامەوێ بچمەوە سەری، سەبارەت بە قسەكانی بەڕێز فەرهاد سەنگاوی و د. جوان، لە راستیدا من دیسان تەئكید دەكەمەوە، ئەو حیزبانەی كە خۆتان نوێنەرایەتی دەكەن، ئەوان بەمە رازی بوون و، ئەوان وتوویانە ئەم پڕۆژەیە بەم شێوەیە دابڕێژنەوە بۆمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، كاك فەرهاد رای خۆی وتووە، رای حیزبەكەیان ناڵێ، تكایە با قسەكانی خۆی تەواو بكا، فەرموو لیژنەی دارایی.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەبەستم لەو روونكردنەوانە ئەوەیە، نامەوێ هەموو شتێك بخرێتە ئەستۆی لیژنەی دارایی، سەبارەت بەوەی كە حیزب نابێ هیچ پارەیەك وەربگرێ، ئەمە حاڵەتێكی ئاساییە، دیسانەوە تەئكید دەكەمەوە لە (١٢٥) وڵاتی دونیا حیزب بودجەی هەیە، ئەمەش بە كۆمەڵێك مەبەستەوە دانراوە، بۆ نموونە بۆ ئەوەی ئەم حیزبە بیر لە كۆمەڵێك رێگەی نا مەشروع نەكاتەوە بۆ وەدەست هێنانی پارە، ئێمە زۆر بیرمان لە

دیراسەی ئەمە کردەوە، زۆر لێکۆڵینەوەمان کرد تەنانەت وەکو خۆمان لە وەزعی دارایی حیزبەکان بۆ زانیاریتان بەشێك لە حیزبەکان لەم شەش مانگە چەندین ملیۆن دۆلار قەرزدار بوون، لەبەر ئەوەی مینحەکانیان راگیراوە، ئەگەر بەیەکجاری رای دەگری بچن لە کوێ ئەم پارە پەیا بکەن ئەم قەرزانەی لێ بدەنەوە؟ یەعنی بچنە کوێ؟ بەشێکیان کارمەندی موئەسەسەکانیان و کەناڵەکانیان ئیزن داوە بۆ ماڵەوە، من نازانم ئەم سەرنجە لە کوێ هاتووە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك قادر،

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە وەڵامی ئەم رایانە نییە کە لە ناو هۆڵی پەرلەماندا وتران،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە یارمەتی خۆتان، ئەندامانی پەرلەمان رای خۆیان وتووە، لیژنەکانیش رای خۆیان دەڵێن، فەرمووو کاك سالار نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جێگیری سەرۆکی لیژنەی دارایی رای گەیاند، ئەم راپۆرتە تەعبیر لە رای لیژنەکان ناکات، یەعنی جەنابت دەبێ لەم جوملەیە هەڵوەستە بکەیت، با، وتت تەعبیر لە رای فراکسیۆنەکان دەکات، نەك لیژنەکان، ئەمە یەك، دوو: سەرۆکی لیژنەش وەکو سەرۆکی پەرلەمان پێویستە وەکو لیژنە نەك وەکو ئەندامێکی فراکسیۆن وەڵامی پەرلەمانتارەکان بدەنەوە، ئەگەر پەرلەمانتارەکان رەئیەکیان داوە، موحتەرەمە یان لای ئەوان موحتەرەم نییە، ئەکرێ جێی ببێتەوە یان جێی نەبێتەوە، نەك وەڵام بدرێتەوە، بۆچوون وەڵام نادرێتەوە، دەتوانی جێی بۆ بکەیتەوە یان بڵێی مەجالی جێکردنەوەی نییە، بەپێی فلان یاسا، فلان مادده، فلان برگە، فلان بیروبۆچوونی مەنتقی بەپێی راپۆرتەکە، قسەکانم تەواو نەکردووە، ئاراستەی گفتوگۆکان لەزەتی ئەوەی تێدا نەما تا گفتوگۆیەکی هێمن لە سەر ئەو بابەتە بکەی، بۆیە من پێشنیار بۆ جەنابت دەکەم، بۆ پێگەی جەنابت دەکەم، ئەم بابەتە هیچ تەداعیەتێك ناگۆڕێ لە مانگێکەوە بۆ دوو مانگی داهاتوو، فەقەرەی دوای ئەمە کۆتایی هاتنی خولەکەیە، دوو سبەی جەژنە، ئەم بابەتە هەڵبگیری دوای مانگێك لێرە هەموومان رێك بکەوین بە هەمان سیاغە و بە هەمان مەنتق گفتوگۆیەکی هێمنانەی لە سەر بکەین، بەڵێ ئەوە تەعبیرە لە رای هەموو فراکسیۆنەکان، دەزانین ئەمە رەهەندێکی سیاسی هەیە پێویستی بە تەوافوقی راستەقینەی هەموو کوتلەکانی ناو پەرلەمانی کوردستانە، بەڵام دەبینین ئاڕاستەکان لێرە و لەوێ و، بەم لاو بەو لا دا دەڕوا،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك سالار تەواو قسەكانی خۆتت كرد، نوقتەی نیزامیش نەبوو، بەڵێ ئەو باسی ئەوەی كرد وتی زیاتر، تۆزێك لە سەرخۆ، تۆش رای خۆت وت لە سەر ئەمە، ئەو باسی ئەوەی كرد، وتی زیاتر تەعبیر لە رای فراكسیۆنەكان دەكا،چەند جار راپۆرتەكەمان نووسیوە گۆڕانكاریمان بە سەر هێناوە، لە سەر رای فراكسیۆنەكان، ئەگەر جەنابت پێت خۆش نییە لەو موناقەشەیە بەشدار بی دەتوانی بڕۆیتە دەرەوە، بەڵام ئێوە چوار ساڵ لە خولی پێشوو نەتان توانی تەوافوق لە سەر ئەم یاسایە بكەن، ئێستا تەوافوق لە سەر ئەم یاسایە كرایە، لە هۆڵی پەرلەمان موناقەشە دەكرێ و درێژەی پێ دەدرێ، فەرموو لیژنەی دارایی،

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر دەربڕینێكی هەڵە بێ، داوای لێبوردنی لێ دەكەم، مەبەستەكەی من ئەوە بوو كاك سالار ئەمە بابەتێكە رەهەندێكی نیشتیمانی هەیە، فراكسیۆنەكان تەوافوقیان لە سەر كردووە، ئێمە تەرجومەی ئەو تەوافوقەمان كردووە، نەوەكو شەرحی وەزعی مالی یان پرانسیپە مالییەكان ئەوەی لە بودجەی ئەحزابی دونیا هەیە، بێنین لێرە جێی بكەینەوە، ئەگەر دەربڕینێك لەلای منەوە بە هەڵە بێ دیسانەوە داوای لێبوردن دەكەم، سەبارەت بەوەی كە پەرلەمانتارێك ئاماژەی بەوەدا كە پێویست بوو لەم ماددە ساڵی خەبات جێگای بكرێتەوە، ئەمە موناقەشە كرا، بەڵام تەوافوقی لە سەر نەبوو، بۆیە ئێمەش لە چوارچێوەی ئەو تەوافوقە ئێمەش نەمانتوانی جێگەی بكەینەوە، زۆر تەئكید لە سەر خاڵێك كرایەوە، كە دیسانەوە تەئكید دەكەمەوە كە هەموو لایەك كۆك بوون لە سەر ئەوەی كە حیزبەكان لەم مەرحەلە بودجەیان پێ بدرێت، تەئكید لەوە كرایەوە كە ئەمە نەخرێتە بەرنامەی كارەوە، ئێمە لێرەوە تەئكید دەكەینەوە، وەك پێشنیاری لیژنەی داراییش بۆ حكومەتی دەنێرین بە رەسمی، تا ئەو كاتەی ئەو قەیرانە مالییە لە هەرێمی كوردستاندا بەتەواوەتی چارەسەر دەبێت نە ئەم یاسایە جێبەجێ دەكرێت نە هیچ حیزبێكیش پارەی بدرێتێ، بەڵام ئەم یاسایە دەچێتە بواری جێبەجێكردنەوە پارەكە نادرێت، كەی پارەكە دەدرێت تا ئەم قەیرانە مادديە چارەسەر بێت و؟ ئێستاش ئۆتۆماتیكیەن خۆی ئەمە راگیراوە، پێشنیاری تر هەبوو كە ئەم بودجەیە بكرێ بە بەخشین، لە رووی مالییەوە ئێمە دیراسەمان كرد، ئەگەر بەخشین بێت، خازیع نییە بۆ ئەوەی دیوانی چاودێری دارایی تەحقیقی لە سەر بكا، بەڵام ئەگەر بودجە بێت دیوانی چاودێری دارایی دەتوانێ تەدقیقات و لێكۆڵینەوەی لەگەڵدا بكات، سەبارەت بەوەی كە ئەندام پەرلەمانێكی بەڕێز ئاماژەی بەوەدا كە كورسییەكان زیاد كراون، لێرە دوو كورسی، لەوێ دوو كورسی، ئێمە وەكو لیژنەی دارایی دیسان تەئكید دەكەمەوە، هیوادارم نەچینەوە ناو روونكردنەوەی ئەو تەوافوقاتانە چۆن كراوە؟ كێ زەختی چی لێكردووین؟ لەبەر كێ زیادكراوە؟ چۆن بووە؟ بەڵام زۆربەی لایەنەكان داوای ئەوەیان كردووە، كورسیمان بۆ زیاد بكرێ، دوو كورسی بكرێ بە سێ، قەربووەكە دەستكاری بكرێت، بەهەمان شێوە من نامەوێ بڵێم،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەس تەنها لە سەر رەئی پەرلەمانتاران هیچ تەوزیحێكتان هەیە؟ لە سەر ئەوە قسە بكەن، جگە لەوە لێگەڕێن، یەعنی پەرلەمانتارانیش ئازادن رای خۆیان بڵێن، تكایە با لیژنە پەیوەندیدارەكان رای خۆیان بڵێن، ئینجا دوایی گفتوگۆكەش كرا، پێم وابێت پەرلەمانتاران رای خۆیان وت، فەرموو كاك رابوون نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

گفتوگۆكە لە سەر ماددەی یەكەمە، ماددەی یەكەم بە وازحی دەڵێ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان بودجەیەكی ساڵانە بۆ حیزبە سیاسییە مۆڵەتدراوەكان لە هەرێمی كوردستان لە بودجەی گشتیدا دابین دەكات، بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ، ئسلوبی موناقەشەكردنی پەرلەمانیش دەبێ گفتوگۆكان لە سەر ئەو بەندە بن، بۆیە تكایە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆ هەموو عورفێكی وتووێژیشە، بۆیە دەستەی سەرۆكایەتی دەتوانن گفتوگۆیەكە نەهێڵن بەو ئاراستەیەدا بڕوات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو هیڤا خان،

**بەڕێز هیڤا حجی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەندێك پێشنیار هەبوو كە داوایان كردبوو، رێژەی ئەو منحەیە كە بە ئەحزابەكان دەدرێتن لە (١٪) كەمتر بێ، ئێمە وەكو لیژنەی دارایی چەند كۆبوونەوەمان كردووە، بەڵام هەر دەبا بگەڕێینەوە و، راپۆرتمان حازر كردبوو كە ئەوە نەك لە (١٪) كەمتر بوو، لە سەدا (٠,٥٪)بوو، بەڵام فراكسیۆنەكان لە سەری رازی نەبوون، ناچار بووین ئیهتیمام بە قسەكانی ئەوانیش بدەین كە دیسان ئێستا گەیشتۆتە تەقریبەن لە (١،٪)، بەڵام (١٤) ملیار دینار هێشتا كەمترە لە ساڵەكانی رابوردوو، یەعنی لە (٨٥٪) ملیار، بوویتە لە (٧١٪) ملیار، ئەوە زۆر كەمترە لەوەی كە پێشتر هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی ناوخۆ،

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا ئێمە دوو تێبینیمان هەیە، یەكەمیان ئەوەیە داواكارین كە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان قسەكانیان لە سەر ئەو ماددەیە بێ كە دەخوێندرێتەوە و موناقەشەكە تایبەت بێ بەوە، خاڵی دووەمیان: باس لەوە كرا، ئەو حیزبانەی كە كورسییان نەهێناوە، بودجەیەكیان بۆ دیاری بكرێ، ئەو حاڵەتە لە ماددەی دوو بڕگەی چوارەمدا جوان روونكراوەتەوە، ئەو برادەرانە خوێندنەوەی ماددەكە بكەن، نووسراوە هەر حیزبێك بەشداری خولی بەردەوامی پەرلەمانی كردبێت و كورسی بەدەست نەهێنابێ، بەڵام رێژەی لە

(٢٠٪) بۆ لە (٣٩٪) دەنگی پێویستی کورسی بەدەست نەهێنابێ، یەعنی ئەگەر حیزبێك لە (٢٠٪) دەنگی کورسییەکی بەدەست نەهێنابێ، کە دەکاتە چوار هەزار دەنگ،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ایوب ئەوە ماددەیەکی ترە، ئەوە لە کاتی خۆیدا وەڵام دەدرێتەوە،

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆیە کە ژمارەی دەنگەکە ئەوەندە نەتوانرا بهێنرێت، ئایا لە هەرێمی کوردستان حیزبێك نەتوانێ چوار هەزار دەنگ بەدەست بێنێ بۆ هەڵبژاردنێك لە خولێکی پەرلەمانیدا، چۆن بودجەی بۆ دیاری بکەین،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جێگیری سەرۆکی پەرلەمانیش قسەیەکی هەیە لە سەر ئەو گفتوگۆیەی لە پەرلەمان دەکرێ،

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە کەش و هەوای دانیشتنی ئەمڕۆ بە دڵی هەموومان نییە، بەڕاستی لە سەر هەموومانە هێمن و لە سەر خۆتر بین، کە هەمووشمان دەزانین پەخشەکە راستەوخۆیە و، بەڕاستی رەنگدانەوەی خراپی دەبێ لە سەر ورەی خەڵك، لە سەر ورەی پێشمەرگە، لە سەر ورەی ئەو خەڵکەی دەنگیان دایە ئێمە، ئێستا هەمووشمان دەزانین تەوافوقێکی سیاسی باش هەیە لە هەرێمی کوردستاندا و، ئەو تەوافوقە رەنگی داوەتەوە لەسەر رێککەوتن لە سەر هەندێ پرۆژە یاسای گرنگ، حەقیقەت هەر لە سەرەتاوە و لە دوێنێوە ئەو تەشەنوجاتە دروست بووە، کاری ئێمە ئەوەیە بەڕاستی هێمنانە ئەو مەسەلەیە بەردەوام بکەین و تەواوی بکەین، مەسەلەی پارتە سیاسییەکان ئەو قسەی برای بەڕێزم کاك مەڕوان کردی حەقیقەت زۆر لە جێی خۆی بوو، لە پارتە سیاسییەکان هەموومان باش دەزانین پێویستیان بە یارمەتی هەیە، یارمەتییەکە بودجە بێ یان یارمەتی بێ و، هەر ناوێکی بۆ دابنێی، بەڵام دەبێ بە یاسا بکرێتن و، هەموومان گلەییمان هەبوو لەوەی کە ئەمە بە یاسا نەکراوە، ئێستا زەمینە لە بارە بە یاسا بکرێت، ئەگەر هەموومان یەك دەنگ بین و کۆ دەنگ بین، لە دەرەوە باشتر لە ئێمە حاڵی دەبن و باشتر لە ئێمە تێ دەگەن، بەڵام وەڵلا هەریەك بە ئاڕاستەیەك قسە بکاتن، لە دەرەوە لە ئێمە تێناگەن، تەسەور دەکەن هەر لە ئێستاوە خەڵك لەدەرێ مووچەی نییە و هیچ هاوکارییەکی نییە، پەرلەمان خەریکی بودجەی ئەحزابە، بەڵام ئەگەر ئەو وێنە راستەقینە بە هاووڵاتیان پیشان بدەین تێدەگەن، مەسەلەن کەلێنێکی یاساییمان هەیە، دوێنێ یاسایەکی باش بەرهەمهێنرا، خۆ ئەوەش پارە نییە بۆ ئەوە، بەڵام ئەوە ئیشی حکومەتە ئیشی ئەو لایەنە پەیوەندیدارەیە کە پارە پەیدا بکات لە کاتی پێویستدا، خۆ ناڵێی ئەوەی ئێستاش هەموومان درکی ئەوە دەکەین بەڕاستی وەزعێکی دارایی نا لەبار لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، حەقیقەت ئەم کەلێنە یاساییە زۆر گرنگە پەلەی لێ بکەین و، پڕ بکرێتەوە، لەبەر ئەوەش دەنگی من لەگەڵ دەنگی هەمووتان لە سەر خۆ، ئارامتر و،

حەقیقەتیش ئەو قسانەی برای بەڕێزم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کردی، حقیقەت ئەرکی هەموومانە سەرۆکایەتی پەرلەمان بەڕاستی لەو حاڵەتانە بڕیارێك بدەن بە ئاڕاستەی حورمەتی ئەم پەرلەمانە پارێزراو بێتن، تکای من ئەوەیە، ئێمە بەو ئاڕاستەیە گوێ لە یەکتر بگرین و، خاڵی زۆر باش باسکرا لە ناو پەرلەماندا، لە ناو هۆڵی پەرلەماندا، ئەوانە ئێمە بەو روحیەتە گوێ لەو بیروڕا و ئەو سەرنجانە بگرین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە تەواوەتی پشتگیری بەڕێز جێگیری سەرۆکی پەرلەمان دەکەم، ئێستا ئەو پێشنیارانەی کرابوون بۆ ئەو ماددەیە دەیخەینە دەنگەوە، فەرموو (ابو کاروان) نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من موقتەرەحێکم کرد دەربارەی ئەوەی بوار بدرێتە ئەنجومەنی وەزیران یارمەتی هەندێك ئەحزاب بدات،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس خۆت ئەو موقتەرەحەت کرد،

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر داوا بکرێ، کێ تەسنییە دەکا ئەگەر نەکرێ، ئەوە دەخرێتە دەنگەوە، من تەئکید دەکەمەوە، چونکە ئەوە هەیە لە کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیار کرابوو کە قەوارەی سیاسی زیاد بکرێ بۆ ئەو ماددەیە وای لێ بێ ئەنجومەنی وەزیران ساڵانە بودجە بۆ حیزب و قەوارە سیاسییە مۆڵەتدراوەکان لە هەرێمی کوردستان تەرخان بکات، بەڵام بەپێی ئەو یاسایە، بەڵام ئەو تێبینیەش رەچاو بکەن، دوایی ئەگەر ئەوە پەسەند کرا، پێویست دەکات قەوارەی یەك کەسی، ئەو کاتە لە ماددەکانی تری ئەم یاسایە ئیستیسنا بکرێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە قەوارەی سیاسی ئیزافە بکرێ؟ (٤١) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵ نییە؟ (٤٩) کەس لەگەڵ نییە، کەواتە پەسەند نەکرا، پێشنیاری ئەوە کرا کە بودجە بکرێتە مینحەی ساڵانە، بەڕێز جێگیری سەرۆکی لیژنەی دارایی روونکردنەوەی دا لە سەر ئەوە، تکایە لیژنەی یاساییش روونکردنەوە بدەن لە سەر ئەوە، ئایا مینحە دەتوانرێ بەدواداچوونی بۆ بکرێ لەلایەن دیوانی چاودێری داراییەوە،

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مینحە بە مانای بەخشین دێ، بەخشینیش هیچ چاودێریەکی لە سەر نییە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ ئەو كاتە ماددەی چوارەم ئیلغا دەبێتەوە لە پڕۆژە یاساكە، بۆیە ئەوە ناخەینە دەنگەوە، ئێستا ماددەكە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە،

**بەڕێز شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە سێ تا چوار كەس پێشنیازمان كرد، كە بكرێتە لە (٥ ،٠٪)،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دوو كەس پێشنیاری ئەوەیان كردووە،

**بەڕێز د. شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بووم، كاك ئومێد حەمە علی بوو، مامۆستا عبدالرحمن علی رضا بوو، د. شوان قەڵادزەیی بوو، كاك ابوبكر هەڵەدنی بوو،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی هیچ ڕوونكردنەوەتان هەیە؟

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ڕوونكردنەوەماندا، دیسانەوە دەیدەینەوە، ئەگەر بیكەنە لە (٠,٥٪)، دەبێ هەموو ئەو پرەنسیپ و ئەو حەوت خاڵەی داتانڕشتووە، دەستكاری بكرێنەوە، مەسەلەن (٦٠)ەكە بكرێ بە (٣٠)، یان تەنیا كورسی ئەم خولە پێوەر بێ، خولی پێشوو لەغو بكرێتەوە، یەعنی دەبێ هەموو ئەوانە بكەن، كە دەنگ دەدەن تكایە ڕەچاوی ئەوە بكەن، هەر ئەوەندەمان دەوێ ئێمە خۆتان سەربەستن تێدا،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەرگای گفتوگۆی تر ناكەینەوە، ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان داوایان كردووە دەیخەینە دەنگەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە بودجەكە بكرێ بە لە (٠,٥٪)، لە كۆی بودجەی گشتی هەرێمی كوردستان؟ لێیگەڕێ، ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان داوایان كردووە، ئەمە بە دەنگ یەك لایی دەكرێتەوە، تەوزیحەكە ئەوەیە، ئەگەر ئەوە كەم بكەنەوە، سەرجەم پرەنسیپەكانی تریش كە دانراوە دەبێ دەستكاری بكرێتەوە، دوو حاڵەت هەیە، یان دەبێ هەندێك لە پێوەرەكان ئەوكاتە ڕەچاو نەكرێ، یان (٦٠) ملیۆنەكە كەم دەكرێتەوە، ئەو كاتە بووە نیوە، كێ لەگەڵدایە؟ (٢٥) كەس لەگەڵدایە، كێ لەگەڵدا نییە؟ (٤٩) كەس لەگەڵدا نییە، كەواتە پەسەند نەكرا، تكایە لیژنەی یاسایی دەقی ماددەكە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە،

**بەڕێز د. ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم:

ئەنجومـەنی وەزیرانـی هـەرێمی کوردسـتان بودجەیـەکی سـاڵانە بـۆ حیزبـە سیاسـییە مۆڵەت دراوەکـان لـە هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتیدا دابین دەکات.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ماددەی یەکی ڕاپۆرتەکەیە بەتێکڕایی؟ (٧٦) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ (٤) کەس لەگەڵ نییە، کەواتە پەسەند کرا، دەچینە سەر ماددەی دوو لە پرۆژە یاساکە بەپێی ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەیوەندیدارەکان،

**بەڕێز د. ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

بودجەی تەرخانکراو بۆ حیزبە سیاسییە مۆڵەت دراوەکان بەم پێوەرانە دابەش دەکرێت:

یەکەم: کورسیی پەرلەمان دەکرێتە بنەما ، و بەهای هەر کورسییەك مانگانە (٦٠,٠٠٠,٠٠٠) شێست ملیۆن دینارە.

دووەم: ژمارەی کورسییەکانی دوایین دوو خولی پەرلەمان بۆ هەر حیزبێك کۆدەکرێتەوە و ، هەر حیزبێکی کوردستانی لە یەکەم خولی پەرلەمانەوە کورسییەکی بۆ کۆی ژمارەی کورسییەکانی زیاد دەکرێت بە مەرجێك لە هەر خولێکدا ژمارەی کورسییەکانی لە چوار کورسی کەمتر نەبێ.

سێیەم: هەر حیزبێك بەشداری هەڵبژاردنی خولی بەردەوامی پەرلەمانی کوردستانی کردبێت و کورسی بەدەست نەهێنابێ ، بەڵام ڕێژەی (٤٠٪) یان زیاتری دەنگی پێویستی کورسی بەدەست هێنابێ ، بەهای دوو کورسی بۆ هەژمار دەکرێت،

چوارەم: هەر حیزبێك بەشداری خولی بەردەوامی پەرلەمانی کردبێت و کورسی بەدەست نەهێنابێ، بەڵام ڕێژەی (٢٠٪ - ٣٩٪)ی دەنگی پێویستی کورسی بەدەست هێنابێ ، بەهای یەك کورسی بۆ هەژمار دەکرێت.

پێنجەم: هەر حیزبێکی بەشداربوو لە خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستان بەهەمان ناو کە خاوەن یەك کورسی بێت لە خولی بەردەوامی پەرلەمانی کوردستاندا دوای کۆکردنەوەی ژمارەی کورسییەکانی خولی پێشوو ، بە بەهای دوو کورسی کۆمەك دەکرێت.

شەشەم: هەر حیزبێك پێش ڕاپەڕین بەشداری خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستانی کردبێت و لە خولی بەردەوامی پەرلەماندا کورسی هەبێت، نابێت لە (٣٠٠,٠٠٠,٠٠٠) سێسەد ملیۆن دینار کەمتر وەربگرێت.

حەوتەم: هەر حیزبێك یان قەوارەیەکی سیاسی،کە خاوەنی کورسییە کۆتاکانی خولی بەردەوامی پەرلەمانە، تەنها یەك کورسی بۆ هەژمار دەکرێت ، بەهای ئەو کورسییەش مانگانە (٨٠,٠٠٠,٠٠٠) هەشتا ملیۆن دینارە ، بەدەر لە حوکمی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ناوەکان دەنووسین، بەڵام د. شێرکۆ حەمە امین پێشتر ناوی خۆی نووسیوە و کاك ئاری هەرسین ناوی نووسیوە و خاتوو منی قەهوەچی ناوی نووسیوە، کاك محمد سعدالدین بەهەمان شێوە کاك باپیر کامەلا، خاتوو کەژاڵ هادی، د. فرست صۆفی،

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ئەندام پەرلەمانانە ناویان تۆمارە بۆ گفتوگۆکردن، لە سەر ئەو ماددەیە (گۆران ئازاد، رێواز فائق، صالح فقێ، سعید محمد، سالار محمود، عباس فتاح، قادر ئۆتمان، مریم صمد، خلف احمد) لە کەرتی (ب) (جمال مۆرتکە، ئومێد خۆشناو، امنە زکری، بەیار طاهر، تحسین اسماعیل، دڵشاد شعبان، ڤەمان فیصل، مەردان خدر، مدینە ایوب، علی هالۆ، عباس غزالی، فرحان جوهر، شوان شێخ احمد) لە کەرتی سێ (ابوبکر عبدالله، رابوون توفیق، سۆران عمر، انور قادر، ئومێد حەمە علی، بەهزاد دەروێش، بەهار عبدالرحمن، برزۆ مجید، بێستون فائق، پەروا علی، پەری صالح، سهراب میکائیل، عمر عینایەت، حسن صالح، عبدالرحمن علی، محمود عمر، شێرکۆ جودت، منیرە عثمان، کنعان نجم الدین، شکریە اسماعیل، زوڵفا محمود) لە کەرتی چوار (عبدالله حاجی محمود، عبدالرحمن فارس، وحیدە یاقۆ، یعقوب گورگیس، یروانت نیسان، ئایدن معروف، ماجد عثمان، جودت جرجیس، سرود سلیم)

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە نوقتەیەکی نیزامیمان هەیە؟ فەرموو کاك دڵشاد،

**بەڕێز دڵشاد شعبان عبدالغفار :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤە جارا دووێیە، بەری موناقەشە بهێنە کرن، ب وەرەڤە ئەز ناڤێ خۆ ڤرێتکەم بۆ کاك فخرالدینی هەر جارا سرا من دچیتە سیهێ و چلێ،

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە نوقتەیەکی نیزامیمان هەیە؟ فەرموو کاك کنعان،

**بەڕێز کنعان نجم الدین احمد((حجی کاروان)) :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم، پێم باشه بۆ ئەوەی وەکو جارەکەی تر ئەو بڕگەیە زۆر پەرتەوازە و شپرزەیی پێوە دیار نەبێ، یەعنی بڕگە، بڕگە، قسەی لە سەر بکرێ، لە بڕگەی یەکەم، ئینجا بچینە بڕگەی دووەم، ئەگەر پێشنیارێکی تر بۆ زیاد کردنی بڕگەکە هەبوو، ئەوە شتێکی ترە، بەڵام ئەگەر بڕگە، بڕگە، بچینە سەری، وابزانم بە ئاسانی ئەو بڕگانە هەمووی چارەسەر دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی لە پەیڕەودا هاتووە، مادده، مادده، مادده، دوایی لەگەڵ لیژنەی یاسایی باس لەو خاڵەش دەکەین و، پێمان باشە بڵێین تێبینی و سەرنجەکان با بەکورتی باس بکرێن، ئێستا دەست بە گفتوگۆکان دەکەین لە سەر ئەم ماددەیە، فەرموو د. شێرکۆ،

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر ماددەی دووەم بڕگەی یەکەم قسە دەکەم، لە هەموو دونیا وا باوە دوا خولی پەرلەمانی بە پێوەر یاخود بە بنەما وەردەگرێت، بۆیە من پێشنییار دەکەم دوا خولی پەرلەمانی لە هەرێمی کوردستان بە بنەما وەر بگیرێت بۆ دانانی ئەو هاو کارییەی کە بە پارتە سیاسییەکان دەدرێت، خاڵی دووەم پێشنییاز دەکەم (٦٠)ملیون بکرێت بە (٣٠)ملیون یان کەمتریشبێت لەنێوان (٢٠) بۆ (٣٠)ملیۆندا بێت و، پێشنییازیش دەکەم ئەگەر گونجاوە، یان پێشنییاز دەکەم هیوادارم وەڵامم بدەنەوە، ئەگەر بەم شێوەیە تێپەڕێ لە (٢٠٪) باج بخەنە سەر ئەو پارەی کە دەدرێت بە پارتی سیاسی، یاخۆد بە ئیجباری لە (٢٠٪) بدات بە ناوچە کوردستانییە دابڕێنراوەکان بۆگەڕانەوەی خەڵك وە نیشتەجێ کردن و دابین کردنی ژیانێکی شەڕەف مەندانە بۆیان، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم حاجی/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس بۆ بەڕێز شێرکۆ حەمە امین، بەڕێز ئاری هەرسین فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد (هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا من حەزدەکەم یەك شت بڵێم، جارێ با پرسیارێك بکەم ئێمە کەلەسەر ماددەی دووەم قسە دەکەین بۆمان هەیە لەسەر هەموو بڕگەکان قسە بکەین یان لەسەر بڕگەی یەکەم؟

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەتوانی لەسەر هەموو بڕگەکان قسە بکەی.

**بەڕێز ئاری محمد((ئاری هەرسین)):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باشە سوپاس، من لەسەرەتاوە هەست دەکەم کە ناعەدالەتییەك لە دانانی ئەم میزانییە هەیە بەو مەعنایەی کە حیساب بۆ سەرمایەی حزبی نەکراوە، من دەزانم ئەمە زۆر زەحمەتە بە ئالییەتێکی قانونی ڕێکی بخەی، بۆ نموونە حیزبێك چل، پەنجا ساڵە هەیە لەگەڵ حیزبێکدا کە دە ساڵە هەیە بەتەئکید ئەو حیزبەی چل، پەنجا ساڵە هەیە بیری لێکردۆتەوە کە پاشەکەوتێکی هەبێت بۆ دوای خۆی، بەلاًم ئەمە یەك ئیشکالییات دروست دەکات، خۆ لە دونیایا مۆدێل زۆرە بۆ دانانی میزانیەی حیزبی، دوو مۆدێلە هەرە سەرەکییەکەی ئسلوبی تەعامولکردنە لەگەڵ حیزب بەشێوە ئەمریکییەکەی یان بەشێوە ئەوروپییەکەی مەبەستم دوەلی ئیسکندەناڤییە هەتا دەگاتە هۆڵەندا و بەلجیکا، نموونەیەك دەهێنم لەکاتی هەڵبژاردندا بێگۆمان حیزبی سیاسی زۆر پێویستی بە میزانیە هەیە بۆئەوەی بتوانێت ڕێکلام بۆ خۆی بکات، ئەمە لە هەندێك ولاًت بە ئالییەتێکی مەعقول حەلکراوە بۆ نموونە ئەو کەنالاًنەی کە دەوڵەتین لەو ولاًتانەی کە عەرزم کردن مۆڵەتی چوون یەك و بەداد پەروەرانە دەدات بە هەموو حیزبێکی سیاسی لەکاتی موحەدەددا ڕێکلام بۆ خۆی بکات، بەلاًم مولاحەزەم فەرموون حیزبێکی سیاسی کە داخڵی هەڵبژاردن نەدەبێت، خاوەنی کەناڵی ڕاگەیاندن و تەلفزیۆنی خۆی نییە، خاوەنی سەرمایەیەکی وەك پێویست نییە، ئایا ئەم عەدالەتی بەشداریکردنە لە هەڵبژاردن لەبەینی حیزبێکی فەقیر و حیزبێکی دەوڵەمەند لەکوێدایە؟، ئینجا ئەمە وەکو جەنابتان دەتوانن، بەڵێ من تەرکیزم لەسەر ئەمەیە، یەعنی بنەڕەتی بڵێن سەرەتای ئیش ئەمە یەك، دووەم بە هەموو شێوەیەك من پشتیوانی لەوە دەکەم کە دوو دوا خولی پەرلەمان نەکرێت تەرکیز دەکەمەوە نەکرێت بەبنەما بۆ دیاریکردنی میزانیە، لەبڕگەی دووەمدا من پێم باشە بەم شێوەیەی لێبێت کە ژمارەی کورسییەکانی دواین دوو خولی پەرلەمان کۆدەکرێتەوە هەر حیزبێکی کوردستانی لە یەکەم خولی پەرلەمان کورسییەکی بۆ کۆی ژمارەی کورسییەکەی زیاددەکرێت، نوقتە، ئیتر ئەمەی تییانەبێت بەمەرجێك لەهەر خولێکدا ژمارەی کورسییەکانی لەچوار کورسی کەمتر نەبێت، خاڵی ئەخیر کە من مولاحەزەم هەیە لەسەری بڕگەی حەوتەمە لەکۆتایی قسەکە، یەعنی هەر حیزبێك یان قەوارەیەکی سیاسی... هەتادێت بەهای ئەو کورسییەش مانگانە (٨٠) ملیۆن دینارە بەدەر لەحوکمی بڕگەی یەکەم و دووەمی ئەم قانونە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ئاری، تکایە ئەو پێشنییارە بەنووسین بدە بە لیژنەی دارایی بۆ دارشتن، بەڕێز منی قەهوەچی فەرموو.

**بەڕێز منی نبی((منی قەهوەچی)):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وادیاره ئەمڕۆ ئێمە لێرەدا نیازمان هەیە کەوا بودجەی ئەحزابەکان پەسەند بکەین، لێرەدا دیارە ئێمە کە بودجەی ئەحزابەکان پەسەند دەکەین بۆ ڕێکخستنی بودجەی ئەحزابەکان نەك بۆ سزادان بەو لایەنانەی کە لە دەرەوەی پەرلەماندا کەوا خاوەنی کورسی نییە ئەوانەی کە ئەو حیزبانەی کورسییان نییە لەڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ هۆیەکی گرنگ ئەویش تاکو ئێستا نەیانتوانیوە هاوبەشی لەهیچ هەڵبژاردنەکان بکەن کە ئەو حیزبە کوردستانییانە بە گشتی و بەتایبەتی ئەو حیزبە تورکمانییانە کە لە دەرەوەی پەرلەمانی کوردستانن، چونکە بودجەیان بەهیچ شێوەیەك شیاو نەبووە وەکو بودجەی ئەو ئەحزابانەی کەوا توانیویانە لەڕێگای کەناڵەکانەوە بەڕێگای ڕۆژنامەکانەوە پڕۆ پاگندەی خۆیان بکەن، بۆیە من وەکو بڕگەی دووەم کەوا ژمارەی کورسییەکانی دوایین دوو خولی پەرلەمان بۆهەر حیزبێك کودەکرێتەوە هەرحیزبێکی کوردستانی لەیەکەم خولی پەرلەماندا کورسییەکی بۆ کۆی ژمارەی کورسییەکان زیاد دەکرێت، ئەوە لێرەدا مەبەست ئەوەیە تەنها ئەو حیزبە کوردستانییانە دەگرێتەوە بەدەر لە کۆتاکان بەو شێوەیە کاتێك کە گفتو گۆمان لەگەڵ لیژنەی دارایی کرد وتی تەنها کۆتاکان یەك ماددە دەگرێتەوە، لێرەدا ئەوەش ناعەدالەتی و نایەکسانی نێوان ئەحزابە کوردستانییەکان دەگرێتەوە، بەشێوەیەکی گشتی، سەبارەت بەبڕگەی سێیەمیش لەهەمان شێوەدا هەر حیزبێك بەشداری لە هەڵبژاردنی خولی بەردەوامی پەرلەمانی کوردستان کردبێت کورسی بەدەست نەهێنا، بەلاّم ڕێژەی (٤٠٪) ئێمە وەکو کۆتا ڕاستە خاوەنی پێنج مەقعەدین لە پەرلەمانی کوردستان، بەلاّم هەر لەناو لیستەکەی تورکمانیدا حیزب هەیە هاوبەشی کردووە لە هەڵبژاردن، بەلاّم نەگەیشتووە ئەو ڕێژەیەی کەوا بتوانێت کورسی بەدەست بێنێت، هیوادارم لێرەدا کۆتاکان بێبەش نەکرێن، من داوادەکەم لە پەرلەمانی کوردستان و لە لیژنەی دارایی لە ماددەی دووەم بڕگەیەك زیاد بکرێتن ئەویش ئەو حیزبانەی کە مۆڵەت پێدراوە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ بەژمارە (١٧)ساڵی ١٩٩٣ بودجەیەك بۆیان تەرخان بکرێت بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا هاوبەشی بکەن، چونکە ئێوە ئەو بودجەی حیزبە کە ئەمڕۆ دادەنێن پەسەند دەکەین تەنها بۆ ئەو حیزبانە نییە کەوا مۆڵەت پێدراوە، ڕاستە، بەلاّم لە ئایندەدا واتە لێرەدا خۆی لە خۆیدا ئیمە ڕێگر دەبین چیتر لەو کوردستانەدا حیزب دروست نەکرێت، حیزب زیاد نەکرێتن، ئەوەش پێشێلە بەرامبەر حیزبە یاساییەکان، بۆیە من داوا دەکەم بەو شێوەیە دابڕێژرێت و، پێشنیارەکەشم دواتر بە لیژنەی یاسایی پێشکەش دەکەم، هەر حیزبێك کەوا نەیتوانیوە کورسی بەدەست بێنێت لەپەرلەمانی کوردستان بودجەیەکی بۆ دابین بکرێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەویش دەرفەتێك هەبێتن بۆ ئەوەی بتوانێت هاوبەشی لە هەڵبژاردنەکاندا بکات، یاخود هەماهەنگی بکرێت لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە ماددەی دووەم بڕگەی حەوتەمیش هەر حیزبێك یان قەوارەیەکی سیاسی کە خاوەنی کورسی کۆتاکانی خولی بەردەوامی پەرلەمانە، تەنها یەك کورسی بۆ هەژمار دەکرێت بەهای ئەو کورسییەش مانگانە (٨٠)ملیون دینارە، ئا لێرەدا بەدەر لەحوکمی بڕگەی یەکەم داوا دەکەم بسڕێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەو پێشنیارەش وەكو پێشتر باسمانكرد بەنووسین پێشكەش بە بەڕێز لیژنەی داراِیی بكە، بەڕێز محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد سعد الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چەندەها ساڵە باسی بودجەی ئەحزاب دەكرێتن و، ئەمە یەكەم هەنگاوە پاش ئەو چەندەها ساڵە ڕێكخستنی بودجەی حیزبەكان هەنگاوێكی زۆر گرنگە لە یەكەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان و لە تەشكیلكردنی یەكەم كابینە تا ئێستا یەكەمین جارە بە شێوەیەكی جدی كاردەكرێت بۆ ئەوەی بودجەی ئەحزابەكان ڕێك بخرێتن ئەوەش هەنگاوێكی زۆر گرنگە، پێشتر ئێمە زۆر تێبینیمان هەبوو لەسەر راپۆرتەكە، بەڵام ئێستا راپۆرتەكە گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە زۆربەی ئەو تێبینیانە چارەسەر كراوە، چونكە كۆ دەنگییەك هەبووە و ئیتفاقەك هەبووە لە نێوان فراكسیۆنەكان لەسەر شێوازی ئەو بڕگانە، تەنها دوو، سێ تێبینیم هەبوو حەزدەكەم لێرە باسی ئەم تێبینیانە بكەم، لە هەرێمی كوردستان، یەعنی لێرە بەگوێرەی ئەو یاسایە تەنها ئەو حیزبانە كەلە پەرلەمانی كوردستان بەشدار بوونەو كورسییان بەدەست هێناوە یاخۆد ڕێژەیەكی دەنگییان بەدەست هێناوە ئەوان مافی ئەوەیان هەیە كە بودجەی ساڵانە وەربگرن، پێشنیازێكم هەیە ماددەیەكیش ئیزافەبكرێتن بۆ ئەو حیزبانەی كە مۆڵەت پێدراون و لە پاش راپەرین هەتا ئێستا كاری سیاسی دەكەن، مەبەستیشمان لێرە ئەوە نییە كە وەكو حیزبەكانی تر بودجەیەكی گەورەیان پێبدرێت وەكو ساڵانی پێشتر بە شێوەیەكی مەزاجی بودجەیان پێبدرێت، تەنها بۆ ئەوەیە چۆن سەنتەری ڕوشنبیری و رێكخراوەكانی كۆ مەڵگای مەدەنی و كومەڵە جەماوەرییەكان بۆ ئەوەی كاروباری ڕۆژانەی خۆیان بەڕێوە ببەن مینحەیەكیان بۆ دابین دەكرێت، ئەو حیزبانەی كە چ لە پەرلەمان كورسییان هەیە و چ بەشداری هەڵبژاردنیان نەكردووە و دەرفەتیان نەبووە بۆ ئەوەی بەشداری هەڵبژاردن بكەن، بەڵام حیزبی سیاسین و مۆڵەتیان پێدراوە و بارەگایان هەیە مینحەیەكی ڕەمزییان پێبدرێت تا وەكو بۆ كرێی بارەگاكان و ڕاپەڕاندنی كارو باری ڕۆژانەیان، تێبینی دووەمم لەسەر ئەوەیە كە لەبڕگەی دووەمدا هاتووە دەڵێتن ئەو لایەنە سیاسیانەی كە لە خولەكانی پێشوو یەكەم و دووەم بەشدار بوونە كورسییەكیان بۆ هەژمار بكرێتن، لەبەر ئەوەی كە تەنها یەك كورسییان بۆ هەژمار دەكرێتن ئەو شەرتە لابدرێتن كەدەڵێت ژمارەی كورسییەكانی لە چوار كورسی كەمتر نەبێتن، چونكە ئەگەر تەماشای خولەكانی یەكەم و دووەم بكەین ژمارەی حیزبەكان ئەوەندە زۆر نییە ئەو مەرجە دابنێین ئیحتیمالە یەك یان دوو، سێ حیزب دەگرێتەوە و مادام تەنها یەك كورسییان بۆ هەژمار دەكرێت ئەو مەرجە لابدرێتن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگیری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، پێم خۆشە پشتگیری لە ڕەئیەکانی پێشووتری خۆت بدەی ئەگەر هاوڕابێت لەگەڵ ئێوە، تەئکید لەوە بکە، یەعنی دووبارەکردنی هەمان پێشنیار نەکرێتن پشتگیری بکەن، کاك عمر فەرموو نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ من خاڵی پەیڕەوم هەیە، ئەم یاسایە کە پێشکەش کراوە لەم پڕۆژە یاسایە، پێناسەی دەستەواژەکە نەکراوە، دەبوایە ماددەی یەکەم پێناسەی دەستەواژەکان بێت، هیوادارم لیژنەی یاسایی و لیژنەی داراییی وەڵامان بدەنەوە بۆچی بەم شێوەیە پێشکەش کراوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر وەڵاّم دایەوە، تکایە ئەو وەڵاّمە دووبارە بکەنەوە،

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵاّمان دایەوە، بەس دووبارەی دەکەینەوە ئێمە لە بیدایەتی داڕشتنی یاسایەکە چەند زاراوەیەکمان دانا پێناسەی بکەین، بەس دواتر سەیرمان کرد ئەو زاراوانەی دامانناوە بۆ ئەوەی پێناسەی بکەین زۆر لەناو یاسایەکە دووبارە نەبۆتەوە، یەك جار، دووجار، بۆیە بەناوی خۆی ناومان نا و بە پێویستمان نەزانی پێناسەی بکەین، و مەسەلەی حیزب و ئەوانەش لە یاسای ئەحزابەکاندا پێناسەکراوە،

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەست خۆشی لەوە دەکەم کە بودجەی حیزبەکان بە یاسا ڕێکدەخرێت بۆئەوەی ئەو گلەیی و گازندەی کە پێشتر هەبووە نەبێت، من پێموایە کە ئەحزابی سیاسی باربوون، دەکرێت لەکوێ بیهێنێت لەکوێ ئەوە بکات؟ دەبێت پەنا بۆ شتێکی دیکە ئینحیرافات تێدا دەبێت ئەو ماددەش لەجێگای خۆیەتی و هەمووومان بەدەنگی حیزب هاتووینەتە ئێرە لەبیرمان نەچێت، زۆر لەبرادەرانی ئەندامانی پەرلەمان قسە لەسەر ئەوە دەکەن من پێشدادەگرم بەو سەفقانەش دەڵێم بودجە بۆ حیزب بێت باشە، ئەوەی تر ماددەی دووەم بڕگەی یەکەم هیچ تێبینیەکم لەسەرنییە تەوافوقێکی لەسەر هەیە بە شێوەیەکی گشتی بڕگەی دووەم کەباس لەوە دەکات، ماددەی دووەم من پشتگیری لە ڕەئیەکەی (کاك ئاری هەرسین) دەکەم کە ئەو مەرجەی تێدا نەمێنێت بەمەرجێك لە هەر خولێکدا ژمارەی کورسییەکان لەچوار کورسی کەمتر نەبێت ئەو مەرجە نەمێنێت، من پشتگیری لەو ڕەئیە دەکەم، بەڵاّم ئەوەی دەمەوێت ئیزافە بکرێت تەنها خاڵێکە بکرێتە بڕگەی هەشتەم ئەگەر برادەران سەرنج بدەن بڕگەی هەشتەم هەرچەندە لەوجێگایەدا هاتووە بۆ تەکمیل

کردنی ئەوەیە، چونکە ئەو یاسایە بۆ داهاتوو دادەنرێت بۆ ڕابردوو نییە، پارتی سیاسی دروست دەبێت، مۆڵەت وەردەگرێت کە مۆڵەت وەردەگرێت پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان تەمویلی بکات بۆ ئەوەی بتوانێت بەشداری بکات لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، بۆیە من پێشنییار دەکەم ئەو بڕگەیە زیاد بکرێت ئەوەش ئەوەیە ئەو پارتە سیاسییانەی کە مۆڵەتی یاساییان هەیە ئەنجومەنی وەزیران هاوکارییەکی ساڵانەیان پێبدات بۆ دوو خولی هەڵبژاردن بەمەرجێك لە (٢٠٪) دەنگی پێویستی کورسی بەدەست بێنێت ئەوە بۆ داهاتوو ئیزافەی ئەو بڕگەیە بکرێت پێشنییار دەکەم و خاڵەکانی تر هیچم لەسەر نییە و، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك باپیر کاملا، ئەو پێشنیارەی کە لە کۆتاییدا باست کرد بە نووسین بیدە، بەڕێز کەژاڵ خان فەرموو،

**بەڕێز کەژاڵ هادی فقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من دەمەوێ بڕگەیەك بۆ ماددەی دوو زیاد بکرێت، ئەویش بوونی ڕێژەی ژنـان لـە نـاو پارتـە سیاسـییەکان، ببێتە پێوەرێك بۆ هەژمارکردنی کورسییەك بۆ هەر پارتێکی سیاسی، چونکە ژنان بە بەشداری کردنیان لە پارتی سیاسی ڕۆڵی کاریگەرییان هەبووە لە بەرەو پێش بـردن و سـەرکەوتنی پـرۆژەی سیاسـی لـە هـەرێمی کوردستاندا، بۆیە داوا لە پەرلەمانتارانی دوای خۆم دەکەم کە پشتگیری ڕایەکـەم بکـەن بـۆ ئـەوەی بخرێتـە دەنگدان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز کەژاڵ خان، بەڕێز د.فرست فەرموو،

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بـەر لـەوەی لەسـەر ئـەم ماددەیـە قسـە بکـەم، پێشـتر داوای نوقتـەی نیـزامیم کـرد دەرفـەت نـەدرا، ڕوونکردنەوەیکی بچووك لەسەر، هەرچەندە تێپەڕی، بەڵام ڕەنگە ئاسەواری هەبێت بۆ داهاتوو بـۆ لیژنـەی یاسایی، لەبەر ئەوەی ئەندامانی پەرلەمانیش ﴿متأثر﴾ دەبن بەم تێڕوانینە، دەنگیش لەسەر ئەم ئەساسـە نەدرا، مەرج نییە کە بۆ بە مینحە خازیع نییە بۆ ڕەقابەی مالی، قانونی ڕێکخراوە ناحکومییـەکانمان هەیـە مینحەیە دەدرێتە ڕێکخراوە ناحکومییەکان، بەڵام نەسێك هەیە لە نـاو قانونەکـە خازیعـە بـۆ نـاو ڕەقابـەی مالی ، ساڵانە دەچیت تەدقیقی داراییان دەکرێت، بە هەمان شێوە هی ئەحزابیش ئەگەر بە مینحەش بوایـە زۆر ئاسانی دەتوانرا تەدقیق بکرێت، ماددەم نەسێك هەیـە لـە نـاو قانونەکـەی تـەدقیق دەکرێـت لـە لایـەن ڕەقابـەی مالییـەوە گـرنگ ئەوەیـە سـوڵتە دەدات، کەواتـە زۆر ئاسـاییە و نەخرایـە دەنگـدان لەسـەر ئـەو ئەساسەی کە ناقانونییە، بەڵام ناقـانونی نییـە زۆر ئاسـاییە بکرێتـە مینحـەش ، سـەبارەت بـە مـاددەی دوو،

تەبعەن بەر لە دەربڕینی مولاحەزەکان، دوو خاڵی گرنگ هەیە روونی بکەینەوە، ئەویش ئەمەیە، ئێمە کاتێك دێین ئەو یاسایە دادەنێین لە زەروورەتەوە دادەنێین، دەزانین ئەو یاسایە زۆر زەروورە، تەمویل کردنی یاسای ئەحزاب زۆر زۆر گرنگە، بەڵام چۆن تەنزیمی دەکەین؟ بەو شێوەیە نە بڵێین چەند میلیارێکمان کەمتر کردووە لەگەڵ رابردوو، ئەوە ئینجازێکمان کردووە، نەخێر ئینجازمان نەکردووە، لەبەر ئەوەی ئێمە باسی سەرەتایەکی نوێ دەکەین لە دیموکراسی و لە ژیانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، مانای ئەوە نییە ئەوەی لە ڕابردوودا خراپ بووە ئێمە لێرە نابێت باشی بکەین، بۆیە ئەگەر بێم لەسەر بڕگە بڕگەی ماددەی یەك قسە بکەم، ئەگەر لە شێست ملیۆنەکەوە دەست پێبکەم، ئەوەی کە من بەراوردم کرد، ئەو روونکردنەوانەی خوارەوە دەخەمە روو، شێست ملیۆن دینار بۆ هەر کورسییەکی پەرلەمانی، لە کاتێکدا داهاتی تاکەکەس لێرە بە پێی ئەوەی من دەستم کەوت، چوار هەزارو پێنج سەد دۆلارە، بەڵام ئەوەی کە بە دوایدا گەڕام و ماندوو بووم، بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دونیا، ئەگەر ئەو شێست ملیون دینارە دابەشی بیست هەزار دەنگی بکەی، کە قیمەتی هەر کورسییەکە وەکو قاسمی ئینتیخابی، هەر دەنگێك سێ هەزار دیناری بەردەکەوێت و ئەمەش دەکاتە نێزیکەی دوو دۆلار و نیو، وڵاتێکی وەکو ئەڵمانیا کە دەخلی فەرد تێدا سی هەزار یۆرۆیە، یەعنی نێزیکەی چوار دەفتەر، بەڵام قیمەتی هەردەنگێك کە لەوێ بە دەنگ تەمویلی ئەحزاب دەکرێت ﴿٠,٧٥﴾ یۆرۆیە، کە دەکاتە نێزیکەی یەك دۆلار، لە کاتێکدا دەخلی تاك سی هەزار یۆرۆیە، بۆیە ئەگەر ئەم دوو ژمارانە بەراورد بکەین، دەبینین زێدەڕۆییەکی ئێکجار زۆر کرایە لەوەی کە لە کاتێکدا دەخلی تاکەکەس لە هەرێمی کوردستان زۆر نزمە، ئەمە مەسەلەیەکە ئێمە ئێستا قسەی لەسەر ناکەین، حەتتا بۆ داهاتووشمان بێت کە دەخلی تاك خۆ بە ﴿کن فیکن﴾ێك نابێتە دە هەزار دۆلار؟ بۆیە بە تەسەوری من، هاوڕام کە ئەم شێست ملیۆن دینارە یەکجار زۆرە، لە سی و پێنج تا چل ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، ئەوەش وەك باسم کرد بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی جیهانی کە وەکو باسم کرد ئەقسا حەد بۆ قیمەتی هەر دەنگێك بڕی ﴿١,٥﴾ دۆلارە بە پێی ئەو تەجروبانەی کە دەستمان کەوتووە، ئێستا ئێمە ﴿٢,٥﴾ دۆلارمان داناوە، ئێستا دێمە سەر چەند خاڵێکی تریش کە ئێمە چەند ئیسرافمان کردووە؟ چەند دەستمان کراوە بووە لەوەی کە پارە ببەخشینەوە؟ بەس لەبەر ئەوەی بڵێین لە قۆناغی رابردوو زۆر بوو ئێستا کەم مان کردووە، لە کاتێکدا ئێستا ئیسرافێکی زۆر زۆر کراوە و زێدەڕۆیی تێدایە و تەبعەن خاڵی دووەم کەدەمەوێ باسی بکەم، لە کۆی ئەو قانونە، بە تایبەتی ئەو ماددەیەی ئێستا من دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم، ئێمە کە پێناسەی قانون دەکەین دەڵێین: مەجموعە رێسایەکی عام و موجەڕەد و پابەندن، تەبعەن ئەو یاسایەی کە دانراوە نە عامە نە موجەڕەدیشە، عام بە مەعنای ئەوەی کە تۆ ئەو قاعیدە قانونییەی دادەنێی کە قاعیدەیەکی عام بێت و موجەڕەدیش بێت لە هەموو، بەڵام کە سەیری ماددەکان دەکەی لەو ماددەیەی کە ئێستا قسەی لەسەر دەکەین لە بڕگەی دوو، سەیر دەکەی وەك دکتۆرە جوان باسی کرد رێك وەکو خەیاتێك ڕەچاوی هەموو حزبەکان کراوە بۆیان دۆراوەتەوە، ئەوە لە مەسلەحەتی ئەوەیە با زیاد کەین، بۆ نموونە: یەکێك لە مەسادیرەکانی قانون کە دایدەنێن عورفە، ئەوەی

که به دوایدا گەڕام و موتابعەم کرد بە هەموو شوێنێکی دونیا بگەڕێی کە علی اساس لە ﴿٢٥٪﴾ دەوڵەت قانونی تەمویلی ئەحزابی هەیە، من دەڵێم با یەك نموونە بۆم بێنن، ئەو پێوەرانەی کە لێرە لە فەقەرەکانی ﴿٢ و ٣ و٤ و٥﴾دیاری کراون لە یەك شوێنی دونیا، خۆ تۆ قانون دانانێی؟ تەبیعییە با جیاوازی هەبێت، تەبیعییە با ئەو ﴿٧٥﴾ سەنت بێت با ئەوە دۆلارێك بێت، بەڵام ئەو پێوەرانەی لە فەقەرەی ﴿٢ و ٣ و ٤﴾ بە تەحەداوە دەڵێم لەیەك شوێنی دونیا هەبوو دەتوان چی دەڵێن بڵێن، نییە شتی وا، تەنها بەو پێوەرانە دیاری کراوە، ئەم حزبە قازانج دەکات با ئەوەش بۆ دیاری بکەین، بەڵام لە کاتێکدا ئێمە قانون دادەنێین ئێمە مەقاڵەیەکی سیاسی نانووسین، بەڕێزان بە راستی راستە تەوافوق کراوە پێشتر، بەڵام ئێمە ئەندامی پەرلەمانین و مەسئولین بەرامبەر ئەو میللەتەی خۆمان، دەبێ ئەو رەئیەی کە راست و درۆستە، کە قانونییە، لێرە باسی بکەین، خۆ دەشزانم پاش ئەوەی ئەو قسانە دەکەم، لەبەر ئەوەی کە ئیتفاق کرایە، کە دێتە سەر دەنگدان هەروا دەنگدەدەن کە لە مەسلەحەتی حیزبەکان دایە، ئیتفاق کراوە و هەرواش دەکرێت، بەڵام روونکردنەوەی واقیعەکە وەکو خۆی زۆر زۆر گرنگە، کۆی ئەو پارانەی کە لە ئەنجامی ئەو فەقەرانەی باسم کرد لە ماددەی دوو، پارەیەکی یەکجار زۆر دەکات، لە کاتێکدا لە زۆر لەو وڵاتانەی کە سەیرم کرد نابێت لە ﴿١٣٠﴾ ملیۆن یۆرۆ زیاتر تەمویلی ئەحزاب بکرێت، بەڵام کاتێك دەڵێی دەیکەمە ﴿صفر و پێنج﴾ بەڵام ئێستا هاتووی بە شێوەیەکی جێگیر پارەکەت داناوە، مانای وایە ئەم وڵاتە تووشی قەیران ببێت، تووشی قەیران نەبێت، لە رووی داراییەوە تووشی هەموو کێشەیەك بێت، لەبەر ئەوەی تۆ بە قانون لێرە تەسبیتت کردووە، ناتوانی ئەم پارەیە بگرییەوە، ناتوانی کەمی بکەیەوە، گریمان ئێمە سێ ساڵی تر لە قەیراندا بووین و ئەو قانونەش دەچێتە بواری جێبەجێ کردن، بەڵام لەبەر ئەوەی بە پێوەر سابت دانراوە ﴿٦٠﴾ لەوێ و ئەوەندە لەوێ، تۆ ناتوانی ئەو پارەیە جارێکی تر کەم بکەیەوە، بۆیە لە هەموو حاڵەتەکان ئەگەر بێین سەیری بکەین جورێك لە ئیزدواجیەت لە نێو ماددەکاندا هەیە، لێرە بووەتە ﴿٣٠٠﴾ ملیۆن، لەوێ ﴿٢٠٪ یان ٣٩٪﴾، ئەوەی کە من تێبینیم کرد، ئەو فەقەراتانەی کە هەنە دەڵێ: ئەگەر حزبێك لە دوو هەڵبژاردنی یەك لە دوای یەك، توانی نیوەی دەنگەکانی کورسییەکی ئینتیخابی بەدەست بێنێت کە قاسمی ئینتیخابییە، بەڵێ بۆ یەکجار تەمویل دەکرێ، بەڵام ئەگەر ئەو حزبە هەر نەیتوانی بێتە ناو ژیانی سیاسی و پەرلەمان، ئیتر کۆتایی پێدێت، بەڵام نەك هەر موراعات کراوە، موراعاتێکی ئەوتۆ کراوە کە وەکو باسم کرد بە ناوی حزبەکان قانونەکە دارێژراوە ،نەك بەوەی ئێمە قانونێکی عام و موجەرەد دابڕێژین، بۆیە لە کۆتایی ئەو یاسایە کە بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمانیشم نووسی بوو، من هەندێ ماددەی پێشنیازکراوم هەیە، ئەوکات ماددەکانی خۆم وەکو ماددەی ئیزافی پێشنیار دەکەم، هەرچەندە لێرە شوێنی نییە، بەڵام ئەوەی لێرە دەمەوێ باس بکەم، شێست ملیۆن یەکجار زۆرە و ئەو فەقەراتانەی دیکەش کە هەیە بە شێوازێك بێت کە لەگەڵ ستانداردی جیهانی بگونجێت، یەعنی ئەو نیسبانەی بۆ کورسییەکان تەرخان کراوە ﴿ ٤٠ و ٢٩ و ئەوانە﴾ تۆزێك بەراوردی کەین لەگەڵ ئەو شوێنانەی دونیا، بۆ ئەوەی قانونەکەمان، قانونێکی مەعقول و گونجاو بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د.فرست بە تەحدیدی لەسەر بڕگەی یەکەم، دەتەوێ بڵێی شێست ملیۆن نەبێت، چەند بێت بە پێشنیارت؟

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

پێشنیارەکەی تۆ بە دەقیقی نەگەیشت، تۆ مەبستت ئەوەیە بڵێیت ﴿٤٠﴾ ملیۆن بێت و بەس ئەم خولەش، چونکە بڕگەی یەکەم ئەمەیە، ئەگەر دوو خول کۆ بکەیتەوە ئەوە بڕگەی دووەمە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.فرست فەرموو،

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بڕگەی یەکەم من بەس دەڵێم شێست ملیۆن و ئەمەش لە نێوان ﴿٣٥ تا ٤٠﴾ ملیۆن، کە دوایی دەنگی لەسەر دەدەین، ئەگەر دەڵێین دەورە، ئەو دەورەیەی کە ئیتیفاقتان کردووە بۆ ئەوەی ئەو ئیتفاقەتان لێ تێك نەدەین، با دوو خول تەنیا بۆ ئەم جارە بێت، بۆ ئێستا بێت، لە جاری داهاتوو بگەڕێینەوە، لە هەموو دونیا ئەوهایە ئاخیر ئینتیخابات حیسابی بۆ دەکرێت، یەعنی ئێستا ﴿٣٥ تا ٤٠﴾ ملیۆن ڕێك کەون لەسەری لە بڕگەی یەکەم، لە بڕگەی دووەم، لە ماددەی دووەم، کە ئەوەی دوو دەورەکە، کە ئەم دوو دەورەیە تەنیا بۆ ئەم جارە بێت، کە لە جاری داهاتوو بگەڕێینەوە قاعیدە عامەکە، کە ئاخیر خولی هەڵبژاردن حیسابی بۆ دەکرێت.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستاش ئەو پرسیارە لە کاك فرست دەکەم، دوێنێش لە لیژنەی یاسایی مان کرد، ئێمە وەکو لیژنەی دارایی زۆر لامان پەسەندە، لە ڕووی قانونییەوە دەکرێت بڵێین خولی پێنجەم تەنیا کورسی پەرلەمانی خولی پێنجەم بۆ حسێبە؟ دەکرێت؟ ئێستاش دڵنیا نەبووین و وەڵامی پێویستمان دەست نەکەوت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

بەڵێ دەکرێت، ئیستیسنایەك بۆ دابنرێت، کە لە ئەحکامی ئینتیقالی کە ئەحکامی خیتامی پێدەڵێن لە قانون، بڵێین برگەی دووەم، تەتبیق کردنی برگەی دووەم، لە ماددەی دووەم، تەنها بۆ خولی چوارەمی پەرلەمان دەکرێت، تەواو لە خولی پێنجەم دەگەرێینەوە سەر ...

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ روونکردنەوە لە لایەك بەڕێز د.فرست، خاڵێکی نیزامی کاك د. شێرکۆ فەرموو،

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیوادارم کە گفتوگۆکان لە رێی بەڕێزتانەوە رێك بخرێت، نەبێت بە ﴿حوار﴾ لە نێوان لیژنەی یاسایی یان دارایی پەرلەمانتار بە راستەوخۆیی بە پێی پێرەوی ناوخۆ رێگە پێنادرێت.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ سەرنجەکەت، ڕاست دەکەی بەس کاك علی داوای روونکردنەوەی کرد ئێمە ئیجازەمان پێدا، رەچاوی دوو خاڵ بکەن، یەك: رەچاوی ئەم تەوافوقە بکەن کە پێشتر کراوە لەسەر ئەم پرۆژەیە و دووەم: بە راستی دەنگدراوە لەسەر ئەوەی کە ئەو ﴿٠،٥﴾ پەسەند نەکرا لە لایەن ئێوە، کەواتە دوو جارە دەنگ نادرێت لەسەر ئەم خاڵە، بەڕێز دلشاد شعبان فەرموو، چووەتە دەرەوە،لە دەرێیە، بەڕێز عباس فەرموو،

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوو، لە برگەی یەك، تەبعەن پێش ئەوەی بێینە سەر ماددەکە، ئێمە دەنگمان لەسەر بڕی پارەکە کە ﴿٦٠﴾ ملیۆنە دەنگی نەهێنا، بەڵام نەگەیشتبووینە سەر ماددەکە، من لەگەڵ هەمان پێشنیاری کاك د. فرست دام، کە ئەم شێستە بکرێت بە (٤٠) چل ملیۆن، بەڵام کاك علی روونکردنەوەیەکی دا کە بە راستی پێم وابێ ڕای زۆرێك لە ئەندام پەرلەمانەکانی گۆڕی، کە ئەگەر ئەم برگەیە بگۆڕێ یان ئەم پارەیە بگۆڕێ، مەسەلەن شێست ملیونەکە بکرێت بە سی ملیۆن ئەو هەموو برگە و ماددەکانی تر دەبێ گۆڕانکاری بەسەردا بێت، پێم وانییە پارە پەیوەندی بە برگەکانەوە هەبێ، لە پێش دەنگدانەکە ئەم روونکردنەوەیەی دا، لە برگەی دووەم، منیش هەمان رەئیم هەیە کە مەرجێك لەهەر خولێك ژمارەی کورسییەکانی لە چوار کورسی کەمتر نەبێت ئەمە لابدرێت بە راستی، ئەمەیان پێم وایە بە ڕای خۆم زیادە، لە برگەی سێیەم لە ﴿٤٠٪﴾ پێم وایە بکرێت بە ﴿٣٠٪﴾، تەبعەن یەکسەر گۆڕانیش بەسەر برگەی چوارەمدا دێت کە لە ﴿٢٠٪ بۆ ٣٩٪﴾ بکرێتە ﴿٢٠٪ بۆ ٢٩٪﴾، تەنها تا خولی دادێت ئەم سەدا ﴿٣٩٪ و ٢٩٪﴾ تەنها بۆ خولی دادێت، ئەمە ناکرێت هەر بەردەوام بێت و ئەم یاسایە ساڵانە بەردەوام بێت، منیش لەگەڵ ئەو رەئیەم کە پێشتر هەواڵێکی تر باسی کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك سالار فەرموو،

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە قسەکانی خۆم تەئیدی کاك دکتۆر فرست دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك گۆران فەرموو،

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری بەشێك لە قسەکانی منی خان و کاك د. فرست دەکەم، بە راستی یەکەم شت ئەو پێشنیارەی کە کرا دوێنێش لەگەڵ ئێڤارخان بڕیاردەری لیژنەی مالی قسەم کرد، کەوا ئەم پرۆژەیە زۆر کە دەیخوێنیەوە، ئەگەر چی ئێمەش بەشێکین وەك لیژنەی یاسای لە دارشتنەکە، یەعنی مەسئولییەتی هەموومان بووە، بەڵام زۆر قورسە شێوازی دارشتنەوە و رێکخستنی ئەم پرۆژە یاسایە، لەبەر ئەوەی پێم وایە لیژنەی مالی زۆر ماندوو بوون و چەندین جار دەستکارییان کردووە و ئێمەش وەك لیژنەی قانونی چەندین جار سیاغەمان کردووە ئێستاش ماویەتی، بەڵام کە تۆ سەیر دەکەی قانونێکی زۆر بە موەقەت و کاتی دەچیت، یەعنی ئەم دوو خولە کە ئێستا لێرە بۆ تەوافوق دانراوە و ئێمە رێزی ئەم تەوافوقە دەگرین، بەڵام منیش لەگەڵ ئەوەدام بۆ ئایندە، جاران ئەم یاسایە کاتی بوو بۆ چوار ساڵ یان لەگەڵ خولی ئایندە پێوەری کورسی پەرلەمانی بکرێت، چونکە من تێدەگەم ئەمە لەم حاڵەتەدا چۆن کراوە؟ بەڵام ئێستا تاکە حزبێکی سیاسی کورسی کەمە لە پەرلەمان، لە خولی ئایندە کورسی زیاد دەکات، ئەم کورسییە کەمە هەر بۆی کۆ دەکرێتەوە، بە پێچەوانەوەش حزبێکی سیاسی کورسی زۆرە، بەڵام لە ئایندەدا کورسی کەم دەکات دیسان ئەم زۆرەی بۆ کۆ دەکرێتەوە؟ ئەمە بکرێ پێم وایە دەکرێ بە ماددەیەك چارەسەر بکرێت، دووەم: من دەپرسم بۆ ئەوەی شتەکان تێکنەچن ئەو چوار کورسییەی کە دانراوە ئەگەر ئەم چوار کورسییە لا بەین، بۆ نموونە: یەك کورسی پەرلەمانی بێت، هیچ حزبی سیاسی لەو تەوافوقانەی کە تێدایە بەشی کەم دەبێت لەبەرامبەردا حیسەی حزبێکی تر زیاد بێت؟ ئەگەر وایە گرفت دروست ناکات بۆ ئەمە؟ من لەگەڵ ئەوەم ئەم حاڵەتی چوار کورسییە لا بچێت و بکرێت بە یەك کورسی، بەڵام لایەنە فەنییەکەی بۆ خۆتان، و مەسەلەی پارە مەبلەغەکەی لەسەر ئەم شەست ملیۆنە داتان ناوە بە فیعلی پارە زۆر زەڕوورە بۆ حزبی سیاسی و حزبی سیاسییش نە لە رابردوو و نە لە ئێستا عەیبە نییە، پێویستی بە تەمویلیش هەیە بۆ ژیانی دیموکراسی، بەڵام من پێم وانییە چەند پارە بدەیە حزبی سیاسی ئەوەندە حەیاتی دیموکراسی پێش دەکەوێت، حزبی سیاسی هەیە پارەی زۆر وەردەگرێت گەشەش ناکات و حزبی سیاسیش هەیە پارە وەرناگریت و گەشەش دەکات، یەعنی لەوانەیە زۆر میعیارەکە بە یەکەوە رەبت نەبێت، لەبەر ئەمە پێم وایە ئەگەر بڕی ئەم شەست ملیۆنە کەم بکەنەوە، من وەك خۆم پشتیوانی لێدەکەم، ئەگەر ئێمە

لێرەدا بۆ ئەو حزبانەی نەهاتوونەتە ناو پەرلەمانی کوردستان و ڕێکی بخەین پێم وایە دەبێ لێرەدا بیری بکەین، چونکە لێرەدا مەجالی هەیە، ڕاستە بەشی زۆری ئەو حزبانەی کە نیسبەیەکی دەنگ دانرایە کە نیسبەکەش نێزیکە لە حەیاتی دیموکراسی کە ﴿٢٠٪﴾ ڕێژەی کورسی یەکە کە بە دەستی هێناوە و نەهاتووتە پەرلەمان، ئەمانە پارە وەردەگرن، بەڵام بۆ ئەوانی تر کە دەیانەوێ خۆیان ئامادە بکەن حزبێك لە نوێ دروست دەبێت دەیەوێ خۆی گەشە پێبدات، بیەوێ بێتە ناو حەیاتی دیموکراسی، چەند زەروور نییە مینحەیەکی سەرەتایی پێبدرێت ئەگەر نەیتوانی ئەم ساڵ لێیببڕدرێت؟ یا خود ئەگەر لە خولێکدا کەمتری هێنا یان ئەگەر دوو خول نەیهێنا؟ ئەمە ئەگەر قسە لەسەر دەعمی ئەحزابی سیاسییە دەبێ هەموو حزبەکان کە لە دایك نەبوون و لە ئایندە لەدایك دەبن بیر بکرێنەوە لەم حاڵەتدا و زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عباس فەرموو،

**بەڕێز عباس غەزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دانانی بودجە بۆ حزبی سیاسی کارێکی یاساییە، و بە یاسا ڕێك بخرێتن چاکترە، نەك وەکو ئەوە بڵێین نابێتن، ئەمن قسەکانم لە لایەن بەڕێز د. فرست کرا، هیچی ترم نەماوە و پشتگیری دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك جەمال فەرموو،

**بەڕێز جەمال عثمان کارسول ﴿جمال مۆرتکە﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ئەو ئیتفاقییەی کە کرایە، سەرەتا نەمدەویست قسە بکەم، بەڵام یەکەم: بە تایبەتی ئەگەر ئیجازەم بدەی، دروست بوونی ئەحزاب یان بەڕای من واقعییەتی ئێستای کوردستان کە دەبینین بە ڕاستی شانازییە بۆ ئەو حزبانەی کە دروست بوون لە قۆناغە سەخت و ناخۆشەکانی ڕابردووی میللەتەکەمان توانرا ئەو واقعییەتەی ئێستا هەیە بە چاوی خۆمان ببینین، بۆیە من بە ڕێز و تەقدیرەوە و بە شانازییەوە ئەو هەڤاڵ و سەرکردەو قارەمانانەی لە سەدەی ڕابردوو حزبیان دروست کرد و لە چوارچێوەی ئەو واقعییەتەی ئەو گەلەی ئێمە تێدا دەژی، توانیمان ئەمڕۆ بە پێش چاوی خۆمان ببینین سەرەڕای ئەم هەموو زۆڵم و زۆرە، بۆیە دەستنیشانکردنی بودجە بۆ ئەحزاب ناڵێم بە شێوەیەکی نامونەزەم، بەڵام بە زەرورەتی دەزانم بە پێی ڕێژەی خۆی، بە نیسبەت بەندی دووەم: هەڤاڵان بە تایبەتی کاك فرست هەندێ بابەتی باس کرد کە لەگەڵ بۆچوونەکانی من یەکدەگرنەوە، من دەڵێم ئەو ڕێژەیەی کە دەستنیشان کراوە بۆ هەر کورسییەکی پەرلەمان، بە زیادی دەزانم بە پێی ئەو نیسبەیەی لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتیش بۆ ئەحزاب، لە لایەن ئەو دەوڵەتانەی کە بە پێی یاسا یارمەتی حزبەکانیان دەدەن، بە نیسبەت واقعییەتی ئەمڕۆی ژیانی ئێمە، بە هۆی نەبوونی بودجە و کەم دەرامەتی، ئەم ڕێژەیە زۆرە بە ڕای من پێویستە

پێداچوونەوەی بۆ بكرێت و كەمتر بكرێت و لە ﴿٤٠﴾ كەمتر نەبێت و لە ﴿٥٠﴾ زیاتر نەبێت، بابەتەكانی تر و تێبینییەكانی بەندی دووەم، بە رای من ئەوەش زۆر ئەوە نییە تەعدیل بكرێت لە چوار كورسی، بە رای من ئەمە تەنیا پێداچوونەوەی بۆ بكرێت وەكو تێبینی هەڤاڵان، لایەنی تر كە رێژەی بەندی چوارەم كەدەڵێت ﴿٢٠٪ تا ٣٩٪﴾، ئەمە تەقدیری ئەوە بكرێت، هەندێك ئەحزاب هەیە لە قۆناغی بزووتنەوەی ئازادیخوازی كورددا، خەباتیان كردووە لە هەموو چین و توێژەكانی كوردستاندا، ئەم رێژەیە بە رای من نەگاتە ئەو تەقدیرەی ئێستا هەندێ ئەحزاب هەیە لە كوردستان خەڵكانێكی مونەزەم و تێكوشەرن، بەڵام ژیانی ئەو سەردەمەی ئێمە وایە دەنگ ناهێنێت، بە شێوازێكی دیكە چارەسەر بكرێت، خاڵی حەوتەم: با ئەو شێوازەی كە هەشتا ملیۆن دینارەی دەست نیشان كراوە، وەكو رێژەی هەر كورسییەك ئەویش پێداچوونەوەی بۆ بكرێت  بۆ ئەوەی بتوانین دەست بەماڵی خۆمانەوە بگرین، بە پێی ئەو رێژەیەی كە بۆ یەك كورسی دەست نیشان دەكرێت مەسەلەن كە دەست نیشانی یەك كورسی دەكەی ئەویش بەو تەقدیرەی بێتە خوارێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگیری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز خاتوو منیرە فەرموو،

**بەڕێز خاتوو منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەكانی كاك د. فرست دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینكی / جێگیری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك عبدالرحمن فەرموو،

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من یەك، دوو پێشنیارم هەیە ئەگەر زیاد بكرێت بۆ ئەم بڕگانە، لیژنەی یاسایی و داراییش بە هەند وەربگیرێن، یەكێكیان ئەمەیە كە ئەم بودجەیەی كە دەدرێتە حزبەكان بە تاكە سەرچاوەی پێدانی پارە بێت بەسەر حزبەكاندا و حكومەتی هەرێمی كوردستانیش جگە لەم بودجەیە هاوكاری هیچ حزبێكی دیكە نەكات، یەعنی لە شوێنێكی دیكەوە هاوكاری ئەم حزبانە نەكرێت لەسەر بودجەی گشتی، خاڵێكی تر ئەوەیە ئەم بودجەیە موڵكی حزبە نەك پەرلەمانتار، بۆیە بە رۆیشتنی پەرلەمانتار لە فراكسیۆنێكەوە بۆ فراكسیۆنێكی تر، هیچ بڕێك لە فراكسیۆنی یەكەم كەم ناكرێتەوە و هیچ بڕێكی تریش بۆ فراكسیۆنی تازە كە ئەندام پەرلەمانەكە بۆی ڕویشتووە زیاد ناكرێت، بۆیە هیوادارم ئەم برادەرانە بە هەند ئەم قسانە وەربگرن، من یاسایی نیم، بەڵام كە سەیری ئەم پرۆژە یاسایە دەكەی، دونیایەك كەلێن و كەم و كورتی تێدا هەیە، وەكو هاورێیانم د. فرست و كاك شێركۆ باسیان كرد، هەست دەكەی وەكو ﴿كالایەك بە بالایا بڕابێ﴾ و بۆ ئەوەی دڵی هیچ حزبێكی كوردستان نەرەنجێنرێت و هەمووومان دەزانین لە دونیادا چەند پێوەرێك

هەیە بۆ دابەشکردنی بودجە لەسەرحزبەکان، کە یەکێکیان پێوەری کورسییە و ئەوی تریان پێوەری دەنگە، کە پێم وایە دەنگ بکرێتە پێوەر بۆ دابەشکردنی بودجە بەسەر حزبەکاندا رەنگە دادپەروەری زیاتر بێت، لەبەر دوو هوکار: یەکەمیان حزبە بچووکەکان مافیان نەدەفەوتا ئەگەر هەزار دەنگیش بێنێت و دووەمیشیان ئەو حزبانەی کە دەنگی زۆریان هێناوە و رێژەیەکی زۆریان لێماوەتەوە کە بەشی کورسییەکی نەکردووە، کە حزب هەیە هەفت بۆ هەشت هەزار دەنگی ماوەتەوە نەگەیشتووەتە کورسییەك، لەو حاڵەتەدا ئەگەر دەنگ ببێتە پێوەر رەنگە مافی ئەوانیش نەفەوتێت، کۆتایی بە قسەکانم دێنم بەمە کە پشتگیری لە بووچوونەکانی د. فرست دەکەم و هەروەها د. شێرکۆ بە تایبەت ئەو قسەیەی کە دەڵێت: ئەگەر بکرێت بە «٢٠٪» لە بودجەی حزبەکان، ئەگەر بەو شەست ملیۆنە پەسەند نەکرێت بە «٢٠٪»ی دابنین بکرێت بۆ ناوچە ئازادکراوەکان کە ئێستا ئازادکراون و خراونەتە سەر هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شێرکۆ فەرموو،

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە مەبەستی ئەوەی کە ئێمە بتوانین بۆ ئەحزاب ئەم بودجەیە بە شێوازێك دابرێژین کە لەگەڵ هەڵکشان و داکشانی بودجەدا تەوافوق بکات و ئیتر هەرچەندێك بێت، بەڵام ئەم قسەیە لە رووی ئابوورییەوە راستە کە ناکرێت ئێمە بودجەیەکی سابت دابنێین بۆ پارتە سیاسیەکان، لە کاتێکدا کە بودجەی گشتی هەرێم قابیلی هەڵکشان و داکشانە، بۆیە ئەمە لە رووی علمییەوە هەڵەیەکی گەورەیە بە راستی، ئەگەر تێبکەوین و چارەسەرەکەی بریتییە لەوەی کە بودجەی ئەحزابیش بکەین بە رێژەیی، یەعنی بۆ نموونە: ئەوە ئیقرار بکەین کە ببێتە «١٪» لە بودجەی گشتی و ئەم یەك، دووەم: نرخی کورسی کە بە پێی ئەم پێوەرانە دانراوە ئەمە دابەش بکەین لەسەر نرخی کورسی کە دانراوە کە بە تەقریبی «٦٠» ملیونە دەکاتە «٣٤ لە ١٠» هەزار، ئەو کاتە کە ئەمەمان تەسبیت کرد بودجەی گشتی زیادی کرد نرخی کورسیش زیاد دەکات، بودجەی گشتی کەمی کرد نرخی کورسیش کەم دەکات، تەئسیرەکەشی لە «١٪» زیاتر تەجاوز ناکات لە بودجەی گشتی و رزگارمان دەبێت لەوەی کە ئەگەر بودجەی گشتی کەم بوو ئێمە مولتەزم بین بە رەقەمێکی تایبەتەوە کە بێگومان قورسایی دروست دەکات و زەرەر دەدات لە ئابووری گشتی و ئەگەر زیادی کرد زیاد بکرێت و ئەم رێژەیە بۆ رێژەی کورسی بودجەی گشتی حزبەکان لە ئاستی بودجەی گشتی هەرێم ئەو مرونەت دەدات کەلەگەڵ هەڵکشان و داکشانی بودجەی گشتی کە بتوانین زەرەر نەدەین لە بودجەی گشتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەگەر زەحمەت نەبیت ئەمە بە نووسین بدە بە لیژنـەی دارایـی و بۆیـان بنێـرە، کـاك محمـود فەرموو،

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە کۆی بڕگەکانی ئەم ماددەیە، بە تێکڕا پشتیوانی لە ڕایەکەی کاك عبـدالرحمن و د. شـێرکۆ جـودت و هاوڕێیانم دەکەم، لە سەرجەم ئەمانە پرسیارم هەیە، ئەم یاسایە تـاکو کـەی قـوەتی قـانونی دەبێـت و کـاری پێدەکرێت؟ ئایا تەنیا بۆ ئـەم خولەیـە یـان بـۆ خولـەکانی تـریش هـەموار دەکرێتـەوە؟ دووەم: بـە رای مـن نابێت جگە لەو مەبلەغەی کە لێرە دیاری دەکرێت هـیچ مەبلـەغێکی تـر بـە هـیچ حزبێـك بـدرێت، وەکـو مامۆستا مەروان وتی: بە شێوەیەکی ناشەرعی لە ژوورە تاریکەکانەوە لە سەرووتری حزبەکانەوە بە حزبـە بچووکەکان بدرێت، ئێنجا بە ڕای من دەبوایە ئەم یاسـایە بـە جۆرێـك دابڕێـژرێت کـە تـەحجیمی بودجـەی ئەحزاب بکات بە پێی حەجمی خۆی و بە پێی دەنگ و سەنگ و رەنگـی جـەماوەرێتی بوایـە نـەك کورسـی، ئـەو کاتـە مـەرج و کـۆت و بەنـدیش نـەدەبوو کـە لـە بڕگـەی دووەم هـاتووە، مـەرجی چـوار کورسـی و دوو کورسی بۆ حزبە بچووکەکان پێدراوە، بۆیە دەبێ بە حەجمی جەماوەری بوایـە چـەند دەنگـت هەبوایـە بـە پێی ئەو بودجەکە دیاری بکرادایە، بە پێی ئەو ماددەیە پشتگیری لە قسەکانی ئەو بەڕێزانە دەکەم کە باسم کردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د.سرود فەرموو،

**بەڕێز سرود سلیم متی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان قسەکانی منی خانم هەیە و بەڕێز محمد و هەروەها پشتگیری لە قسەکانی کـاك بـاپیر دەکـەم، بـەس یـەك تێبینـیم هەیـە مـاددەی حەوتـەم دەقـی عـەرەبی لەگـەڵ دەقـی کـوردی زۆر فـەرقی هەیـە لـە رووی وەرگێڕانـەوە، چـونکە لـە کوردییەکـەی دەڵێـت ئەگـەر دوو کورسـیش هـەبێت یـەك کورسـی بـۆی حیسـاب دەکرێت، لە عەرەبی دەڵێت دوو کورسییە و بە دوو کورسی حیساب دەکرێت، نوفتەی سێیەم نرخی کورسی کۆتا، نرخی کورسی ئەوانی تر شێست ملیۆن کەم کرا، پێشنیارم ئەمەیە هیی کۆتاش کەم بکرێت بە عەینی حیساب، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك سعید فەرموو،

**بەڕێز سعید محمد سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی کاك محمد و کاك باپیر دەکەم، لێرە لە ماددەی دوو مولاحەزەم هەیە لە بڕگەی یەکەم، کە دەڵێت کورسی پەرلەمان دەکرێتە بنەما و لە ماددەی یەکەمیش دەڵێت: دەبێت حزبی سیاسی بێت، لە ناو پەرلەمان هەیە قائمەیە و هەیە کیانی سیاسییە و حزبی سیاسی نییە، چۆن ئەمە موعامەلەی لەگەڵدا دەکرێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شوان فەرموو،

**بەڕێز شوان احمد نعمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوو، پێشنیار دەکەم ئەوەی کاك شێرکۆ باسی کرد لەو شێست ملیۆنە با ئێمە زەرەریش بکەین با بکرێتە سی ملیون، هەتا چارەسەری کێشەی بە تایبەتی وەزارەتی پێشمەرگە دەکرێت ئەو لە ﴿١٠٪ تا ١٥٪﴾ وەکو باج لێیان وەربگرێت و بدرێتە ئەو پێشمەرگانەی لە بەرەکانی جەنگ لەو بەرانە وجودییان هەیە، لە ماددەی دووەمیش هەر وەك برای بەڕێزم کاك ئاری هەرسین باسی کرد لەسەدا چوار لابرێت بەو مەرجە، پێشنیار دەکەم ئەمەش لابرێت، لە لیژنەی کاروباری یاسایی دەپرسم ماددەیەك زیاد بکرێت ئەگەر دەگونجێت هەر حزبێك پێش ئەوەی ئەو بودجەیە پێبدرێت، سامان و ماڵ و داهاتی خۆی ئاشکرا بکات، لەکاتی قەیرانەکانی دارایشدا کە وەکو ئێستا هەیە، چ بوارێکی کۆمەڵگای کوردی پێویستی پێیەتی ئەم بودجەیە بۆ ئەوان تەرخان بکرێت نەك بۆ حزبەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك قادر فەرموو،

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم، بڕگەی یەکەم، هاوڕام لەگەڵ هەموو ئەو برادەرانەی کە داوای کەم کردنەوەی ڕێژەکەیان کرد، شێست ملیۆن بۆ هەر کورسییەك یەکجار زۆرە، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە ﴿٢٥ تا ٣٠﴾ ملیۆن بێت و ئەگەر ئەمە پەسەند نەکرا یان ڕێژەی یاسایی نەهێنا و نەخرایە دەنگدانەوە، هاوڕام لەگەڵ ئەوەی ئەو برادەرانەی وتیان کاك د. شێرکۆ و د. فرست، ﴿٣٥ تا ٦٠﴾ ملیۆن بێت، چونکە ئێمە راستە ﴿٣٥ تا ٤٠﴾ ملیۆن بێت، بۆیە ڕاستە ئێمە کومەك کردنی حزبە سیاسییەکان بە شێوەی راستەخۆ یان ناراستەوخۆ، شتێکی قانونییە و نموزەجیش زۆرە، بەڵام لەهەمان کاتدا دیاریکردنی ڕێژەکە زۆر یان کەم پێچەوانەی قانون نییە، سەبارەت بە بڕگەی دووەم، لە راستیدا کە هاوڕام لەگەڵ هەموو ئەو برادەرانەی کە وتیان ئەم لە ﴿٤٪﴾ لابرێت یەعنی ئەوەی لە ﴿٤٪﴾ کورسی کەمتری نەبێت، ئەمە مەرجێکە نادادپەروەری بەرجەستە کردووە ، بۆ؟ لەبەر ئەوەی پێموایە هەموو ئەو حزبانە یان پارتە سیاسییانە

کورسییەك یان دوو یان سێ کورسیان هەبووە مافی خۆیانە کە بۆ ئەوانیش هەژمار بکرێت، هاوڕام لەگەڵ کاك د. فرست کە بە دەقێکی قانونی ئێمە لەم قانونەدا، دوای ئەوەی کە بوو بە قانون تەسبیت کەین کە ئەم قانونە تەنیا ئەمجارە خولی چوارەم دەگەرێتەوە بۆ دوو خولی سێیەم و دواتر ناگەڕێتەوە، ئەگەر لە خولی پێنجەم تەتبیق کرا هەرچەندە کورسییەکانی خولی پێنجەم بە بنەما دەگیرێت، سەبارەت بە برگەی پێنجەم و سێیەم و چوارەم کە بە یەکەوە پەیوەستە، بۆچی بۆ ئەو پارتە سیاسییەی کە ﴿٤٠٪﴾ دەنگەکانی بەدەست هێناوە بەهای دوو کورسی هەژمار دەکرێت؟ من لەگەڵ ئەوەدانیم کە بۆی هەژمار نەکرێت، بەڵام بۆچی بۆ دوو کورسی؟ بۆچی ئەوە ﴿٣٩٪ یان ٢٩٪﴾ی هێناوە یان کەمتر لە ﴿٣٩٪ و ٢٠٪﴾ی هێناوە یان ﴿١٩٪ ، ١٨٪ یان ١٪﴾ی هێناوە یان هیچی نەهێناوە و موشارەکەی هەڵبژاردنی کردووە یان مۆڵەتی یاسایی هەیە، بۆچی بۆ ئەوان هیچ شتێك هەژمار ناکرێت؟ بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەوانەی لە ﴿٤٠٪﴾ یان هێناوە، ئەمانە کورسییەك و لە سەدا پەنجای کورسییەك بۆیان هەژمار بکرێت و ئەوانەی ﴿٣٠٪ تا ٣٩٪﴾ یان هێناوە، کورسییەکیان بۆ هەژمار بکرێت و ئەوانەی ﴿٢٠٪ تا ٢٩٪﴾ هێناوە لە ﴿٧٥٪﴾ کورسییەکیان بۆ هەژمار بکرێت، ئەوانەی لە ﴿١٠٪ تا ١٩٪﴾ یان هێناوە، لە ﴿٥٠٪﴾ کورسییەکیان بۆ هەژمار بکرێت، ئەوانەی کەمتر لەو رێژەیەیان هێناوە یان کەمتر لە ﴿١٠٪﴾ی هێناوە یان بەشداریان کردووە، نەیان هێناوە، یان مۆڵەتی یاساییان هەیە لە ﴿٢٥٪﴾ی کورسییەکیان بۆ هەژمار بکرێت، چونکە راستە ئەمانیش پارتی سیاسین، بەشدارن لە سەروەت و سامانی ئەم وڵاتە، راستە ئەوان بە شێوەی راستەخۆ یان ناراستەوخۆ لە بودجەی گشتی موستەفیدن، بەڵام وەکو پارتی سیاسی و سەرکردەکانیشیان وەکو سەرکردەی سیاسی و ئەندامەکانیشیان مافی خۆیانە لە بودجەی ئەحزاب موستەفید بن، ئێمە نموونەی زۆرمان لەبەر دەستدایە ئەم برادەرانە باسیان کرد کۆمەڵێك هێزی سیاسی هەیە کە خەباتی شاخی کردووە، بۆ نموونە: حزبی زەحمەتکێشان، لە ئێستادا هەردوو پارتە سیاسییەکە لە رابردووشدا کورسیان هەبووە، بەڵام لێرەدا هیچ حیسابێکیان بۆ نەکراوە، لەگەڵ ئەو رایەشدام کە رێژەیەکیش بۆ ئەوان دابین بکرێت، خاڵێکی دیکە سەبارەت بە کورسی کۆتاکان، لە راستیدا لە رابردوو کورسی کۆتاکان بۆیە دانراوە بۆ ئەوەی بەرجەستەی مافی ئەو پێکهاتە نەتەوەییانە بکەین کە کەمینە نین لەسەر ئاستی جیهان، بەڵام لەسەر ئاستی کۆمەڵگاکەمان کەمینەن، ئێمە لە رابردوودا بەرجەستەی مافی ئەوانمان کردووە بەڵام لە ئێستادا بە هۆی ئەم برگەیەوە پێشێلی مافی ئەوان دەکەین، هەرچەند ئەگەر لە ﴿٤٪﴾ کورسییەك نەهێنێت، کورسییەکیش هەژمار بکرێت بە گەڕانەوە بۆ خولەکانی رابردوو، ئەمەی برگەی حەوتەمیش چارەسەر دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو مریم فەرموو.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری لە تەواوی ڕای كاك د. فرست و كاك گۆران و كاك عبدالرحمن و كاك قادر دەكەم. دووبارە پشتگیری دەكەمـەوە لـەو ڕەئیانـەی كـە دەڵێت ژمـارەی دەنگـدەر بكرێتـە پێـوەر نـەك كورسـی پەرلـەمانی، چونكە ڕێژەی دەنگ پێوەرێكی نێـو دەوڵـەتی بـاوەڕ پێكـراوە لەزۆربـەی وڵاتـانی دونیـا كـاری پـێ دەكرێت، دواهەمین هەڵبژاردن دەكرێتە بنەما، لەبەرئەوە یەك: حەجمی حزبەكان دەگۆڕدرێت بۆ هەڵبژاردنێكی تر، دوو: مافی حزبە بچووكەكان ناخورێت، دەكرێت ئەو كاتە بۆ هەر دەنگێك، بەهایەك دیـاری بكرێـت، گونجـاو بێت لەگەڵ بەها نێودەوڵەتیـەكان، مـن پشـتگیری تـەواوی ڕای هـەموو ئـەو برادەرانـە دەكـەم، كـە ئـەو بـڕە پارەی دیاری كراوە، ئەو بەهایەی دیاری كراوە، لە ٦٠ ملیۆنەوە بكرێت بـە ٣٠ تـا ٣٥ ملیـۆن، چـونكە ئـەوەی كە دانراوە یەكجار زۆرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك علی هالۆ، فەرموو.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر یاسایەك دەربچت بیگومان فكر و فەلسەفەیەك پاڵپشت و ئارمانجەكا هەی دڤێت ئەو ئارمانـج بجهبێت، دانا بۆدجێ بۆ ئەحزابێت سیاسی بۆ هندێیە كۆ حزبێت سیاسی دوەڵاتەكێدا بێن ڕێكخستن و بكەڤن ژێر چاڤدێرییا دارایی، كاك ئاری ژی بەحسكر گەلەك ژڤان ئەحزابا برِێكی دن پارە بدەستڤەدێت یان هاریكاریا ئەندامێت وان پێویستە ڕێكەك میكانزمەك بێتە دیتن، ئەوژی بكەڤت ژێر چاڤدێریا دارایی، دوو: بۆهندێ كو پرۆسێسا سیاسی باش سەر بگرت و بلەز برێڤە بچت بۆدجە ب ئەحزابا دێتە دان لێ لگۆر ڤی پرۆژە یاسایی ئەز وەسا دبینم كوحزبێت دەسەڵاتدار، حزبێت مەزن، ئەڤ حزبێت نوكە دساحا سیاسیدا دیسان دێبن خودان پارەیەكێ زێدە و لایەنێن سیاسی و ئەحزاب و ڕێكخراوێت بچیك نەشێن مونافسا دیموكراسیدا ڕۆل بگێڕن و ژدەرهەق دەرناكەڤن، ژبەرهندێ ئەز پێشنیاردكم ئەڤ لایەنێت سیاسی ئەوێت كێمتر ژ پێنج كورسیا هەین پارێ وان بۆبێت زێدەكرن و ئەڤ لایەنێت سیاسی یێن كو زێدەتر ژ پێنج كورسییێت پەرلەمانی هەین نەشێست ملیون ٢٠ هەتا ٢٥ ملیونا بدنێ داكو مونافسا سیاسی دكوردستانێدا خورت ببت، برِگا دوێ ژمارەی كورسیەكانی دواین دوخولی پەرلەمان بۆ هەر حزبێك كودەكرێتەوە، ئەز پێشنیاردكم ئەڤ خالاْ هەر نەمینت، چونكە ئەڤە دێبت سەبەب ئێدی هزر ل حزبێت سیاسییێت نوێ نەئێت كرن، واتە ژ ئەڤرۆ پێڤتر ئێدی دەرفەت و مەجال بۆ لایەن و ڕێكخراو وحزبێت سیاسی پەیدا نابت دساحا سیاسیا كوردستانێدا ڕۆل بگێڕن یان ژی بێن دامەزراندنێ و. گەلەك سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز مدینە خان، فەرموو.

**بەڕێز مدینە ایوب احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددا دویَ بڕگا ئێکێ بڤی شێوەی بتن ئەو كورسیانە هەر حزبێكی لەخولی ئێستای پەڕلەماندا بەدەستهێناوە لەسەر ئەو بنەمایە بێت هەر حزبێكی سیاسی چەند كورسی هێناوە، ئەو كورسیە بۆ ببتە بنەما بۆ وەرگرتنی ئەو بودجە ، سەبارەت ٦٠ ملیونا ژی ئەڤە لسەر چ چیڤە هاتیە دانان؟ و هەتا نوكەژی چ میزانیە نەدروستە و هەكە هات و ئەڤ میزانیە دەرهەق نەدەركەت دێ چاوابت، و پێشنیارامن یادی ژی ئەڤەیە هەر حزبەك بەشداری لە هەڵبژاردنی هەرێمی كوردستان كە حزبی بەشداری تێدا كراوە هەڵبژاردنەكانی پەڕلەمانی كوردستان، ئەنجومەنی پارێز گاكان، ئەنجومەنی شارەوانی لەهەرێمی كوردستان، ئەنجومەنی نوێنەران یەك كورسی بۆ بێتە تەرخانكرن و، سەبارەت خالاً پێنجێ ژی هەر پارتەك بەشداری لە خەباتی ڕزگاری خازی كوردستان لە ساڵی ١٩٦١ تا ١٩٩١ كربێت لە خولی بەردەوامی پەڕلەمانی كوردستان یەك كورسی بۆ تەمەنی ئەو پارتانە بێتە حسابكرن. سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز قارەمان ، فەرموو.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دەمەوێ زۆر بەكورتی قسە بكەم، لەماددەی (٢) خاڵی یەك پشتیوانی هەموو ئەو برادەرانە دەكەم كە باس لە كەمكردنەوەی ئەو بڕە پارەیە دەكەن، من پێشنیار دەكەم بكرێت بە ٢٠ ملیۆن ماددەی دووەم بڕگەی یەكەم، بڕگەی دووەم: نازانم بە چ پێوەرێك نووسراوە ژمارەی كورسیەكانی دوایین دوو خولی پەرلەمان، لەدونیادا لەسەر دوو پێوەر دادەندرێت، ژمارەی كورسیەكان یان ژمارەی دەنگدەران، یەعنی ئەمە بەڕاستی بەهەدەردانی پارەی گشتییە پێشنیار دەكەم بكرێت بەیەك خول، تەنها خولی ئێستا، هەر حزبێكی كوردستانی لە خولی یەكەمی پەرلەمانەوە، لێرەوە زیادەیە ئەو بڕگەیە، بەكاملی تا دەگاتە كۆتاییەكەی، خاڵی سێیەم و چوارەم و پێنجەم هیچ تێبینیم لەسەری نییە، پشتیوانی لە ڕایەكەی دكتۆر فرسەتیش ئەكەم، ئەگەر ئەوەی بڕگەی دووەم كە پێشنیارم كرد جێبەجێ نەكرا، پشتیوانیش لە ڕاكەی دكتۆر شێركۆ جەودەت دەكەم، دەمەوێ بیرتان بهێنمەوە پشتیوانی لە ڕاكەی كاك عبدالرحمن دەكەم بۆ زیاد كردنی ئەو سێ بڕگەیەی كە پێشكەشی كرد، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز حسن ، فەرموو.

**بەڕێز حسن صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەڵبەتە من بۆ خۆم بودجەی ئەحزابم پێ باشە، پێم وایە بودجەی حزب بەیاسایی بكرێت، حزبی سیاسی لەهەرێمی كوردستان بودجەی هەبێت، ئەمە حاڵەتێكی زۆر باشە، منحەیەكی دیاری كراویان هەبێت، هەروەك كاك عادل باسی كرد، ئەوە لە زۆربەی وڵاتان لە ٦٧٪ ی وڵاتانی دونیا حزبەكان بودجەیان هەیە، ئەمە حاڵەتێكی تەبیعیە، بەڵام بە یاسا رێك بخرێت، ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین لەوڵاتی ئێمەدا ئەم بودجەیە بەیاسا رێك بخرێت، باشترە لەوەی بەش بەشێنەیی تێدا بكرێت، ئیجابی ئەم پرۆژە یاسایە من لەم خاڵانەی چڕ دەكەمەوە، یەكەم: حزبی سیاسی خاوەن جەماوەر هەیبەتی بۆ دەگەڕێتەوە و سێبەرەكان كەمتر دەبێتەوە، دووەم: حزبی سیاسی پێویستی بە پارەیە بەڕاستی، بۆ ئەوەی كاروباری ناوخۆی حزب بەڕێ بكات، چونكە ئەم حزبە كۆمەڵێك بارەگای هەیە، كۆمەڵێك مەكاتبی هەیە، كۆمەڵێك دامودەزگای ئیعلامی هەیە، پێویستی بە پارەیە، لەهەمووی باشتر ئەوەیە كە حزب پەنا بۆ وڵاتانی دەوروبەر نەبات، من دێمە سەر ئەوەی كە بەڕوغمی ئەوەی كە ئەم پرۆژە یاسایە نزیكەی ١٠٠٠ دەفتەر دۆلاری كەم كردۆتەوە لەو بودجەیەی كە ساڵانە دەبرا، ئێستا گەڕاوەتەوە ئەو پارەیە بۆ خەزینەی حكومەت، بەڵام هێشتا من تەئیدی ئەو برادەرانە دەكەم كە داوا دەكەن كەم بكرێـتەوە بۆ لە ٣٠٪ و لە ٢٠٪ و كەمتریش، خاڵێكی تر كە باس لەوە دەكرێت ئەم پرۆژە یاسایە لەم كاتەدا نابێت، من دەمەوێت ئەوە ڕوون بكەمەوە ئێمە دەمانەوێت ئەم پرۆژە یاسایە بە یاسایی بكرێت، بودجەی ئەحزاب بە یاسایی بكرێت، دەنا لەگەڵ ئەو قەیرانەی لەهەرێمی كوردستان هەیە، نەك هەرداوا ناكرێت بەڵكو من پێشنیار دەكەم هەموو ئەو حزبانەی كە دوای قەیرانەكەش دێت، یان ئەگەر شمولیشی كردن پارە وەر بگرن، پێشنیار دەكەم بیدەن بەهەموو ئەو پێداویستیانەی كە ئەم قەیرانە دروستی كردووە، خاڵێكی ترمن پێنشیار دەكەم و تەئیدی قسەكەی كاك عبدالرحمن دەكەم، خۆزگە هەڤاڵانی لیژنەی دارایی پێوەری دەنگیشیان حساب بكردایە، چونكە بەڕاستی ئەمە هەم كۆمەڵێك ئەحزاب كە دەنگی كورسیان نەهێناوە، مافیان دەفەوتێت، حزبی واش هەیە نیوەی كورسی هێناوە، هەموو ئەو دەنگانەی فەوتاوە، یەعنی نیوەی كورسیەكی پەرلەمانی هیناوە دەنگەكانی فەوتاوە، بۆیە پشتیوانی لە ڕەئیەكانی دكتۆر شێركۆو كاك عبدالرحمن و دكتۆر فرسەت دەكەم، هەموو ئەوانەش كە داوای كەمكردنەوەی بودجە ئەكەن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك یروانت ، فەرموو.

**بەڕێز یروانت نیسان ماركۆس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەزژی دبێژم فەرق هەیە بەینا عەرەبی و كوردی ماددا (٢) فەقەرا (٧) وەك هەڤالێت من ئەوادی كرین، و نسبەت كورسییێ كوتا ئەرمەن ئەو كورسی نەیێ پەرلەمانێ ئەرمەنە كورسییێ میللەتێ ئەرمەنییە، چونكە تەنها ل پەرلەمانێ كوردستانێ كوتا ئەرمەن تەمسیلا هەمی میللەتێ ئەرمەنی دكەت یەعنی نە

وەكو سەرۆك یان نوینەرێ میللەتەكێیە، ئەو پارە وەختێ بۆ نوینەرێ وی مللەتێ دەت بۆ وی شەخسیە، نە بۆ وی میللەتییە دا فەعالیاتێت نەشاتاتێت وی میللەتی تەوعییە بكەت، بۆ زێدەكرنێت ئەوێ دی نیزامێ ئینتیخاباتا یا موفەوەزیێ بەس موكەوەنێ ئەرمەن هەڤێ ئێك مەقعەدی هەیە، چونكە دیاسایا هەلبژاردنێت كوردستانێدا ئێك مەقعەدە ئەو هەڤە مەقعەدە ئێكە، ئەم ژی حەز دكەین نوكە بلا (١٠) مەقعەدێت ئەرمەنی هەبان ئەوژی نەفسی تشتیبان بۆمە هێش چێتربو و، بەس ئەڤە تەمسیلا هەمی میللەتی دكەت، و نوقتا سییێ ژی ئەز پشتەڤانیا كاك باپیری دكەم و مدینە خان و كاك محەمەدی لسەر بۆ چوونێت وان و. سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز امنە خان فەرموو.

**بەڕێز امنة ذكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆ گەشەپێدانا پرۆسێسا دیموكراسییەتێ یا گرێداییە ب هەبوون و گەشەكرنا یا پارتییێن سیاسیڤە، ئەگەر مە بڤێت ژی پارتییێن سیاسی رۆلێ خۆ بگێرن و مونحەیا بۆدجەیا یەعنی پێدڤیە مونحەیا بۆدجەیا ئەحزابا رێكخستنا وێ بێتە كرن، براستی ئەز نزانم ئەزادبینم گەلەك پێشنیارێت نوی ێت هێنە دان، ئەز تێنا گەهم ژی ئەگەر ئەم پەرلەمانتار مەدڤێتن لگۆر واقع و دیراسەتێ یاسایا دەربێخین، یانژی مەدڤێت لگۆر عاتیفێ و هندەك مۆزایەداتێت سیاسی دەربێخین، خۆ واقعێ هەی پارتییێت سیاسی پێدڤییە هەبوونا پارتییێن سیاسی ئەگەر تۆ نەشێی ئینكارا پارتییێن سیاسی بكەی كاچاوانێ تۆ دیفاعێ ل رێكخراوەكا كومەلگەهەكا مەدەنی دكەی؟ هەمانە ژی پارتییێت سیاسی رێكخراوەكە یانژی حزبەكە بۆ هندێ كو پەرەپێدانا پرۆسا دیموكراسی بێتە كرن ئەڤ هەمی شەرمینیە بۆچیە، ئەزڤەد دگەل هندێ نینم قیمەتا كورسی بێتە خوارێ بۆ نموونە ئەز دێ بێژم پارتیەكا وەكی پارتیا من كو خەباتا شاخی یاهەی، مێژووی یاهەی، ب هەزاران قوربانیدان و تەزحیە یا هەبووی، خودان پێشمەرگێت هەتا نوكە یێ بەردەوامە، تەزحیا قوربانی مەیادای چاڤێ خەلكی یێ لن وەكو پارتیا دیموكراتا كوردستانێ، چاڤێ خەلكی یا لسەر پارتی لسەر هەمی ئەو حزبێت مەزن داخازیێت ژێ هەین كومەكا رێكخستنا من یێ هەی باشە یەعنی بچ عاتیفە ئەڤە تۆ دییێ داخازێ كەی قیمەتا كورسیێ بێتە خوارێ، بۆچی ئەز شەرمینێ یانژی موزایەدەیەكا سیاسی لسەر ڤی مەوزۆعی بكەم ئەڤە یا گرێدایە ب پارتییێت سیاسی ڤە پێدڤی هندێ ژی ناكەت ئەم موزایداتا لسەر هندێ بكەین ئەز دگەل هندێ نینم، لازمە ئەم ب دیراسەت یاسایا دەربێخین هەر یاسایەكا دیتر كا چاوانێ ئەم ڕەئیا ئەگەر ئەڤە پرۆژە یاسایەك با یا گرێدای با رێكخراوێت كومەلگەهێت مەدەنیڤە یان گرێدای با خودان پێداویستییێت یتایبەتیڤە یان گرێدای با  پەروەردێ ڤە، بەلێ ئاخر مەسەلە ئەوە هندەك تشتێت هێنە بەحسكرن، پێدڤییە  ئەم لسەر ڕاوستیانێ بكەین كا چاوانێ ئەز وێ گاڤێ من خۆ مولزەم دیت، وەك پەرلەمانتار بچم ڕەئیا رێكخراوێت كومەلگەهێ مەدەنی وەربگرم ڕەئیا ڤوتابیا و مامۆستا و مالباتێن

قوتابیا وەربگرم بۆ ڤێ یاسایێ ژی ئەز موحتاجم بچم ڕەئیا پارتییێت خۆ ێت سیاسی وەربگرم هیچ شەرمیەك ژی تێدا نینە و بهەمی ئفتیخارڤەژی ئەز دێ بێژم ڕەئیا حزبا خۆ دێ وەرگرم ڕەئیا حزبا من لسەر ڤێ یاسایێ نەبیتن ئەز دێ داخازا مەجالی کەم کو پتر موناقەشە لسەر بێتە کرن، ئەز دبینم لێك تێگەهشتن نینە کۆمەکا پێشنیارێت نوێ هاتنە کرن ئەگەر ئیتیفاقا سیاسی لسەر ڤێ یاسایێ هاتیە کرن ئەڤ هەمی نەوعێت ئاخفتن و کێمکرن و زێدەکرن و هەر جۆرە یەعنی لابرن ژئەو ئیتیفاقا هاتیە کرن ئەز داخازێ دکەم ئەڤ جڤینە بێتە تەئجیل کرن، پێدڤیە لسەر فراکسیۆنا دیسا بچن پێکڤە روینە خارێ داخازا هندێ بکەین ڕێکەڤتنەك لسەر بێتە کرن پاشان بێن دناڤ هولاٰ پەرلەمانیدا موناقەشە بکەن، چونکە ئەگەر وەسانێبێتن هەر فراکسیۆنەك کو داخازا کێمکرنا قیمەتا کورسی بکەت ئەڤە مەودایێ دی لگۆر خۆ ئینیتەڤە هەمی فراکسیۆن بۆ هندێ کو، ئەز دزانم، ئەز تێدگەهم ژی ئەندامێت پەرلەمانی ڕەئیا گشتی بووان یا موهیمە دەنگدەرێت وان بووان یا موهیمە بەس دەنگەرێ من ژی باش وێ تێدگەهیت هشیاریا سیاسیا خەلکێ یا زێدە بووی، مەعنا هندێ نینە هەکە تۆ ئەڤرۆکە مونحەیا ئەحزابێت سیاسی دەربێخی ب وێ مەعنایێ یە کوتۆ یا ڤۆتا خەلکی دبڕی، نە بۆ هندێیە کوتۆ ڕێکخستنەکی بکەی عەدالەت و دادپەروەریێ د بۆدجا ئەحزابادا دروست بکەی بۆ هندێ یە داکو تۆ ب یاسایی بکەی، ژبەر هندێ ئەز دبینم ئەڤ نەوعێ موناقەشەکرن لسەر بۆدجا ئەحزابا ل هیچ ئەو ڕێڕەوێ خۆ و ڕێکەفتنا سیاسیا کو دناڤبەینا فراکسیۆنا هاتیەکرن تێدا نینە، ئەز داخازێ دکەم کو تەئجیل بێتەکرن بلا سەرۆکێن فراکسیۆنێ دیسان پێکڤە روینە خوارێ و ئەگەر گەهشتنە ڕێکەفتنێ ئەم دێ بەردەوامبین ل موناقەشاتێت خۆدا. سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بۆ امنە زکری پێشنیاری تەئجیلکردن ئەوە دواتر موناقەشە دەکەین ئەو ناوانەی لای ئێمە هەنە ئەوەی داوای ئەوەیانکردووە قسەبکەن با قسەکانی خۆیان تەواو بکەن ئینجا پشوویەك وەردەگرین وەدواتر دێینەوە بڕیاری لەسەری دەدەین. نوقتەی نیزامی؟ وحیدە خان فەرموو.

**بەڕێز وحیدە یاقۆ هرمز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەیدایێ بەڕێز، ئەژی تەئیدا امنە خانێ دکەم، چونکە ئەو بڕگەی موتەعەلیق بمەڤەژی وەکۆ پێکهاتە ئەبەد نەدیارە و ئەم چ ژێ نزانین ژی و گازی مەژی نەکرینە ئەگەر ئیتیفاقا ناڤبەینا ئەحزابێت زۆرینە کرینە دگەل مە نەئاخفتینە و مە چ ڕەئیی ژی، نوکە ئەز نزانم کاچاوا دابەشبکەم کا چلێ بکەم، ئەززی دگەل هندێمە بێتە تەئجیلکرن، دیراسەت پتر بێتە کرن. سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی،کاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاست ئێمە پێشتر فراكسیۆنەكان قسەمانكردووە دوو، سێ ڕۆژ كۆبوونەوە لەسەر ئەم یاسایە كراوە وای لێهاتووە ئەحزابی سیاسی و حزب و ڕێكخراوی سیاسی یەعنی بەكەم سەیری دەكرێت ئەم پرۆسە دیموكراسییەی كەلە هەرێمی كوردستاندا هەیە بەرەنج و خەبات و تێكۆشانی پێشمەرگە بووە كە هەموومان بەشداریمان تێدا كردووە، سەد لەسەد من لەگەڵ ڕەئیەكەی امنە خانم، ئەگەر پابەندین بەو كۆبوونەوانەی كە كردوومانە، ئەوە با لەسەر ئەو ئاراستەیە بڕۆین، دوایش كاك علی وتی گۆڕانكاری لەهەر فەقەرەیەك لەم یاسایە لەم ماددەیە بكرێت، لەم برگانە بكرێت موعادەلەی یاسایی یان دارایی ئەم پرۆژەیە تێك ئەچێت، لەبەر ئەوە ئەبێت بە ئاراستەیەكدا قسە بكەین نەچێتە بابێكی ترەوە، ڕاستە هەموومان لەخەمخۆریمانە بۆ ئەم وڵاتە، پارەكە، پارەیەكی زۆر كەم كراوەتەوە، هەموو فیئەیەكی ئەم كوردستانە حەقی خۆی هەیە لە بودجەی گشتی، ئەحزابی سیاسیش حەقی خۆی هەیە، ئەوانەی باسی ئەكرێت هەموو وەزارەتەكان پارەیان بۆ دانراوە، لەبەر ئەوە با ئاراستەی موناقەشەكان نەگۆڕدرێت، ئەگەر ڕێكین لەسەر پابەند بوونمان بە كۆبوونەوەكانی پێشوو، ئەوە با ڕێگای خۆی بگرێت، ئەگەر ڕێك نین لەسەری، ئەوە منیش لەسەر ئەوەم كە كۆبوونەوەكە ڕابگیرێت و فراكسیۆنەكان كۆبوونەوە لەسەر ئەمە بكەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە دوو نوقتەی تری نیزامی وەردەگرین، كاك ابو كاروان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس عبدالرحمن(ابو كاروان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم خاڵە سێ ڕۆژە لەبەرنامەی كاردایە، ناكرێت ئێستا هەموو جارێك داوای دواخستنی بكەین، ئەوە ئیتیفاقێكی لەسەر كراوە، قسەو گفتوگۆیەكی زۆری لەسەر كراوە، ڕەئی پێچەوانەش ئەدرێت، قەیناكە، بەڵام هەندێ خاڵ هەیە، ئەگەر وابێت ئەبێت فەقەرەكان بگۆڕدرێت وەكو كاك علی وتی، بۆیە پێویستیمان بەوە هەیە، بڕیاریشمان وایە ئەمڕۆ ئەخیر ڕۆژی خولەكەیە، ئەمە كۆتایی پێ بێنین، با واز بێنین لەهەندێ موقتەرەحات كە سوود بە دانیشتنەكە ناگەیەنێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ابو كاروان، بەڕێز منى خان، فەرموو.

**بەڕێز منى نبى نادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەسەرەتای قسەكەی خۆمدا وتم، ئەم یاسایە یاسایەكە ڕەهەندێكی نیشتمانی هەیە، دەبێت بە تەوافوق بكرێت، بەزۆرینەو كەمینە نییە، بۆیە من پشتگیری خاتوو امنە و كاك سالار ئەكەم، هەر لەیەكەمجارەوە خۆشت ئاماژەت پێكرد كە وتت تەئجیل بكرێت، چونكە بەگوێرەی قسەی پەرلەمانتاران تێنەگەیشتنێك هەیە، ڕێك نەكەوتنێك هەیە لەنێوان فراكسیۆنەكان، بۆیە تەئیدی تەئجیل كردن ئەكەم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك خلف نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەر لەوەی گفتوگۆکەمان دەست پێ بکات لەسەرەتای دەستپێکردنی بابەتەکەوە، چەند بەڕێزێك پێشنیاریان کرد، کاك ئاری هەرسین و دکتۆرە جوان و کاك فەرهاد سەنگاوی و کاك سالار محمود و کاك شوان قەڵادزەیی، کە دانیشتنەکە دوابخرێت، قسەکە لەسەر ئەوەیە کە جۆرێك لە یەك تێنەگەیشتن هەیە لەنێوان ئەندامانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، ئەگەر مەجال بدرایە لەدانیشتنەکانی دوێنێ و پێرێ باشتر لەیەك بگەین، من تەسەور ئەکەم ئەمڕۆ ئەو تەشەنوجە دروست نە ئەبوو، لەبەر ئەوەی وەك خۆی بڕوات و بەپێی پێڕەو بڕۆین پێشنیار دەکەم، و تەئیدی ڕەئیەکانی امنە خان و کاك عبداللە حاجی محمود و وحیدە خان ئەکەم تەئجیل بکرێت ئەم پڕۆژە یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هەر بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێز، ئەم بڕگەیە نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە بەبێ تەوافوق، تەوافوق کراوە، قسە کراوە، ڕەئی هەبووە، ڕەزامەندی هەبووە، ئینجا خراوەتە بەرنامەی کار، بۆیە بەردەوام دەبین دواییی پشوو وەرگرتنێك، ئینجا دوای پشووەکە بڕیارەکە وەر دەگرین، سێ کەسی تر نوقتەی نیزامیان هەیە، با قسەکانیان بکەن، تکام وایە ئەمانە دوا کەس بن، کاك ئاری هەرسین، فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد عبدالرحیم(ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لەقسەکانی کاك خلف ئەکەم، بەڵام بەبیری جەنابتان ئەهێنمەوە، لەبەر ئەوەی خەڵك ناوی نووسیوە لە ئێستادا ناکرێت ئەمە تەئجیل بکرێت، لەدەرەوە موفاوەزە بکرێت بۆ ئەوەی خەڵکی ڕەئی خۆی نەدات، ئەبێت ئەوانەی کەناویان نووسیوە هیچ نەبێت ئەوانە قسەیان کردبێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

وتوومە ئەوانەی کە ناویان نووسیوە تەواو ببن و قسەی خۆیان بکەن، ئینجا پشوو وەردەگرین و ئینجا لەسەر ئەم بابەتە ڕەئی دەدەین، سوپاس، فەرموو دکتۆرە جوان.

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تکایە من بەس ئەوە ڕوون ئەکەمەوە، من داوای تەئجیلی ئەم یاسایەم نەکردووە، کاك خلف

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم برادەرانە چوار کەس قسەی کردووە هیچی نوقتەی نیزامی نەبووە، ئەمە دانیشتن نییە بەم شێوەیە بێت، تۆ ڕێگا ئەدەیت قسەی خۆی بکات ئەوە دانیشتن نییە، دانیشتن کەی وا ئەبێت؟ ئەوەی کە ئەوان دەیڵێن موخالەفەیە، من بۆیە وا دەڵێم، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ببوورە، ئەوەی کە قسە ئەکات هەموو تەئید ئەکەن، تەئیدی ڕەئیەکان دەکەن، کاك ماجد فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەد لەسەد پشتگیری و تەئیدی قسەکانی بەڕێزان کاك دکتۆر فرسەت و دکتۆر شێرکۆ جەودەت و کاك قادر وەتمان دەکەم، بەڕاستی ئێمە نابێت بە میزاج پڕۆژە یاسا دابنێین، بەمیزاجی خۆمان ڕێژە دابنێین، هەندێکیان وەك بڕگەی شەش مەتاتین، مەسەلەن دەڵێت لە ٣٠٠ ملیۆن کەمتری نابێت پێ بدرێت، بۆیە بەکورتی زۆر متمانەم بەدانانی ئەو بڕگانە نییە، داوا دەکەم کە کورت بکرێتەوەو ڕێکبخرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عبدالله ، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو باسم کرد ئەگەر لیژنەی دارایی نەبێتە بەربەستێك کە کێشەی دارایی بێتە پێشەوە، لەسەر ئەو پڕۆژەی کە دانراوە، من پێشنیارەکەی کاك گۆران و کاك ئاری هەرسین و باپیر کامەلا پشتیوانی لێ ئەکەم، بۆ لابردنی بەشی بەمەرجێك لە هەر خولێك لە چوار کورسی کەمتر نەبێت، ئەوە خاڵێکی تر لەماددەی پێنجەم و شەشەم، ئەگەر ڕوونکردنەوەیەك هەبێت، لەخولی بەردەوامی پەرلەمان کورسی هەبێت بۆ لیژنەی یاسایی، ئەم خولەی ئێستا ئەکات یان تەوزیحێك بدرێت تا لە پرۆتۆکۆل تەسجیل بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك صالح فقێ فەرموو

**بەڕێز صالح فقێ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لەزۆرترین وڵاتانی دونیا هەمووومان ئەزانین دوو پێوەرە، دەنگ و کورسی، بەڵام ئەگەر پێوەری کورسی بۆ هەموو وڵاتانی دونیا گونجاو بێت، ئەوە بۆ هەرێمی کوردستان گونجاو نییە، لەبەر ئەوەی بە پێوەری کورسی کە دێین باسی لێوە دەکەین، ئەوە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، لەگەڵی ناگونجێت، هەردوولاش کۆ ئەکەیتەوە پێویستە بەردەوام پڕۆژە یاساکە هەموار بکرێتەوە، بۆیە من

پێم وایە باشترین پێوەر بۆ پرۆژە یاسای بودجەی ئەحزاب، دەنگدانی گشتیە، لەم خاڵانەی خوارەوە کە رووی ئیجابی بخەمە روو، یەکەم: ئەو ناوچانەی دەرەوەی هەرێم کە بارەگا حزبیەکان لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم پێویست ترە کە گرنگی زیاتری پێ بدرێت، کە پێویست ترن لەم ناوچانەی ئێرە، دووەم: دەنگی حزبە بچووکەکان نافەوتێت و کۆی دەنگەکانیان لەهەموو شوێنێك کۆ ئەکرێتەوە، یەکێك لە ناعەدالەتییەکانی تری کورسی ئەوەیە، جاری وا هەیە لیستێك بە ٢ تا ٣ هەزار باقی بۆ ماوە کورسیەك بەدەست ئەهێنێت، بەڵام حزبێك بۆ نموونە، ئەگەر بەدەست هێنانی رێژەی کورسیەك ٣٠ هەزار دەنگ بێت، حزبێکی بچووك بە ٣٠ هەزار دەنگ یان ٣١ هەزار دەنگ ئینجا کورسییەك دێنێت، بەڵام حزبێکی تر بە ٢ تا ٣ هەزار بۆ ماوە کورسییەك دێنێت، پوختەکەی ئەمەوێت پێشنیاری ئەوە بکەم، پێویستە بۆ هەرێمی کوردستان گونجاوترە کە بە دوا هەڵبژاردن بێت، بەڵام هەڵبژاردنی گشتی تا سەرجەم ئەو ناوچانەی تێدا بێت کە لە دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانن، تا ئەوانیش لەبەرچاو بگرین، سێیەم: رێژەیەك دەستنیشان بکرێت ئەم رێژەیە کە لە ١/١٠٠٠ بێت، ئەگەر لە ١/١٠٠٠ بێت گونجاو بێت وەك ئەوەی دکتۆر شێرکۆ باسی کرد، پشتیوانی دەکەم، کە ئەمە لەکاتی زیاد کردنی ئەو بودجەیە زیاد دەکرێت، بەکەمی بودجەکە کەم دەکرێتەوە، کەواتە ئەتواندرێت ئەم پێوەرانە بۆ هەڵبژاردنەکانی ئایندە بێت، ئەگەر بۆ ئێستاش نەبێت بەکار بهێندرێت، سەبارەت بە ئەم خولەو ئەم رێژەی کە دەستنیشان کراوە بۆ ئەم خولە، دیارە منیش بۆ خۆی لەگەڵ ئەوەدام کە ئەمە پێوەرێکە تا رادەیەك گونجانێکی لەنێوان لایەنەکان داناوە، ئەمەیان پێوەری گونجاوترە، بۆیە ئەم پێوەرەی کە ئێستا هەیە لەلایەك پێویستە، ئەگەر رێژەی کورسیەکانیش کەم نەکرێتەوە، ئەوە پێویستە بەپێی ئەو بودجەیەی کە ساڵانە تەرخانکراوە لەڕابردوودا زیاتر نزیکە لەوەی کە لە ١٧٪ی کە لەعێراقەوە دێت رەنگە تارادەیەك ١٣ ملیۆنێك کەمتر بکرێتەوە، بۆیە دەتوانین کورسیەکان کەم بکەینەوە، یان بەپێی ئەو پێوەرەی کە حکومەت چەند بودجەی هەبوو، کۆی ئەم بودجەیە تەرخان بکرێت، نیوەی ئەمەی هەبوو ئەوە گوژمەی کورسیەکی بۆ تەرخان بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆرە رێواز فەرموو.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە نەتیجەی قسەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئیستینتاجی ئەوەمان کرد کە تا ئێستا لەژمارەی ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە قسەیان کردووە، هیچیان پابەندی ئەو سیغە تەوافوقیە نەبوون، یان رازی نین بەو سیغە تەوافوقەی کەوا لەناو ئەم پرۆژە یاسا یە هەیە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەو رێککەوتنەی کە لەنێوان فراکسیۆنەکان کراوە، رەنگەدانەوەی لەنێوان ئەندامانی پەرلەمان هەبووە، ئەندامانی پەرلەمانیش مافی خۆیانە بەو شێوەیە تەعبیر بکەن کە خۆیان بڕوایان پێیەتی، لەبەر ئەوە بەتەسەوری من ئەو پێشنیارانەی

كە كراوە بۆ تەئجيل لەخۆڕا نەكراوە، ئەمەی كە من ئەیلێم خوێندنەوەی ئەو بەڕێزانەیە كە داوای تەئجیل ئەكەن، بۆیە منیش داوای تەئجیل ئەكەم، ئەگەر مەبەست لەم كۆبوونەوەیە یان لەم دانیشتنەی پەرلەمان ئەوەیە كە یاسایەك بۆ بودجەی حزبەكان دەربچێت كە هەموو هێزە سیاسییەكان پێی ڕازی بن، یان وەكو ئەوترێت لەبەر ئەوەی ڕەهەندێكی نیشتمانی هەیە بەو شێوەیە دەربچێت كە هەموو لایەك پێی ڕازی بن، پشتگیری تەواو لە قسەكانی هەردوو هاوڕێم كاك دكتۆر فرسەت و كاك گۆران ئازاد ئەكەم، لەبەر ئەوەی ئەو پێوەرانەی كەدانراوە ڕێك بە بەری ئەم بارودۆخەی ئێستای هەرێمی كوردستان و پەیوەندی نێوان هێزە سیاسیەكان بڕاوە، بۆیە لەگەڵ ئەوەدام، كە ئەگەر ئەم پڕۆژەیە تەنانەت لە حاڵەتی پەسەند كردنیشیدا و بوون بەیاساشی، بیر لەوە بكرێتەوە كە تەنها بۆ چوار ساڵ بێت، ئەو ڕوانگەی یان ئەو پێوەرەشی كە داكۆكی لەسەر ئەكەم وەكو خۆم، پێوەری ژمارەی دەنگی دواین هەڵبژاردن بێت كە لەو ساڵەدا ئەنجام دەدرێت، بۆ هەموو ساڵێك كە موازەنەی تێدا دادەندرێت، سەبارەت بەوەی كە پێشنیارێك كرا بۆ قەوارەكان، ئەوەی بۆ زیاد بكرێت كە دەنگی نە هێنا، من ئەمەوێت سەرنجی بەڕێزتان بۆ ئەوە ڕابكێشم كە هەندێ هێزی سیاسی هەن بەشداری لە هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن ئەكەن، بەڵام هیچ یەكێك لەو پێوەرانە نایانگرێتەوە كە لە بڕگەكانی دوو و سێ و چوار وپێنج و شەش و حەوتی ئەم ماددەیەدا هاتوون، بۆیە پێشنیار دەكەم كە فەقەرەیەك بەم شێوەیە زیاد بكرێت، بكرێت بە فەقەرەی هەشتەم: ئەو حزب و قەوارە سیاسیانەی كە بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن ئەكەن و بڕگەكانی دوو، سێ، چوار، پێنج، شەش، حەوتی ئەم ماددەیە نایانگرێتەوە، تەنها لەكاتی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردندا بەبڕی ئەوەنە (یەعنی بڕێكی دیاری كراو پارە دیاری بكرێت) بڕێك بێت كە دواتر لەبەر ئەوەی ئەم یاسایە یاسایەكی تەوافوقیە لەسەری ڕێك بكەوین، بەڵام تەئكید لەسەر ئەوە ئەكەمەوە كە خوێندنەوەی من بۆ قسەی هاوڕێكانم ئەوە بوو، ئەو صیغەی كە بەڕێزان لەفراكسیۆنە جیاوازەكان لەسەری ڕێك كەوتوون جێگەی ڕەزامەندی ئەندامانی پەرلەمان نییە، ئەگەر ئێمە خواستمانە یاسایەكی تەوافوقی دەربچێت هیوادارم داواكارییەكانی تەئجیل بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك ئومێد خۆشناو، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن(خۆشناو):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم، بڕگەی یەك، دوو، سێ، چوار، تا حەوت، ڕۆحی یاساكەیە، هەموو ئەو خیلافانەشی كە هەیە، قسە دەربارەی ئەو ماددەیە دەكەن، واتە ئەگەر هەر دەستكارییەك، هەر گۆڕانكارییەك لەبەر ئەوەی تەوافوق كراوە، لە بڕگەكانی ئەم یاسایە بكرێت وەكو زنجیر بەیەكەوە بەستراوە، ناكرێت زۆر باسی ئەوە دەكرێت كە تەوافوق كراوە ئەوە هیچ شەرمی تێدا نییە، هەموو پێكهاتەكان، هەموو فراكسیۆنەكان كردوویانە، ئەو كراسەیە كە دووراوە بە باڵای هەموو لایەنەكان، واتە گۆڕانكارییەكانیشی ئەبێتە گۆڕانكاری

به سەر كراسەكەدا، بۆیە بەتەئكید پشتگیری لەو ڕەئیە دەكەین پێویستیمان بەماوەی زیاتر هەیە، كە فراكسیۆنەكان ئەو پشووە وەربگرن، تا لێك تێگەیشتنی زیاترمان هەبێت، ڕاستە مەسجەكە وەكو خۆی نەگەیشتووە، لەبەر ئەوەی كە هەموو لایەك تەوافوقی كردووە، ڕەئی و بۆچوونی جیاواز هەیە، كاریگەری لەسەر مەسەلەی دەنگدان هەیە، یاساكەش كە نەبووە، هەموو شتێك بە تەوافوق نەڕوات ئەبێت ئەم یاسایە بە تەوافوق بڕوات، هەموو لایەنەكان دەبێت جێگای تێدا ببێتەوە، سیعری كورسیەكانیش زۆر قسەی لەسەر كرا، یەكێكە لەو خاڵانەی كە ناكرێت، ئەگەر تەماشا بكەین دیسان دەڵێمەوە لە بڕگەی یەك تا حەوتی ماددەی دووەم هەمووی بەیەكەوە ڕەبتە، ئەگەر ڕەوا بێت لە بڕگەی چواردا، لە سێدا، جێگای ئەو قەوارەی تێدا بكەینەوە كە یەك كورسی هەیە، ٣٠٠ ملیۆن دینار وەربگرێت، ئەوە بەڕەوا نەبینیت داوای ٣٠ ملیۆن دیناری هیزێكی تری ٣٨ كورسی، ٢٨ كورسی یان ١٠ كورسی بكات، واتە بەیەكەوە ڕەبتە، داوا دەكەین ماوەمان پێ بدرێت، پشوویەكمان بدرێتێ، تەوافوقی زیاتری لەبارەوە بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك عومەر ، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوێنێ لەم هۆڵەوە یاسایەكی گرنگ دەرچوو، لە سێ خولی پێشوودا نەتواندرا دەربچوێندرێت، بەڕای من بەدەرچواندنی ئەم یاسایە، یەكەم پایەی دروست بوونی دەوڵەتی كوردستان لەم هۆڵەوە چەقێندرا، یاساكەش بە تەوافوقی گشت فراكسیۆنەكان بوو، هیوادارم یاسای بودجە نەبێتە هۆی تێكچوونی تەوافوقی سیاسی فراكسیۆنەكان، من لەگەڵ ئەوەدام بودجەی حزب هەبێت، بەیاسایی بكرێت، بۆ ئەوەی حزبێك نەبێتە كۆیلەی حزبێكی تر، كورد ئەڵێت هەموو شتێك بە خوێ و خوێش بە مانا، لە شەستەكان و حەفتاكان و هەشتاكاندا، خەڵك حزبی بەخێو ئەكرد، بەڵام ئێستا وای لێهاتووە بە هۆی بودجەوە حزب خەڵك بەخێو ئەكات، بەم ڕێژە زۆرە مووچەی حزبەكان بدرێت، مووچە خۆری حزبی بەردەوام دەبێت، كۆمپانیاكانی حزب لەبەردەوامی دەبێت حزبایەتی دەبێتە پیشەو واتە لەبری ئەوەی بڵێیت من جوتیارم، كرێكارم، مامۆستام، دكتۆرم، دەڵێی من لە حزبی (س، ص، ع)م لەماوەی ڕابردوودا سەری مانگان بارەگای حزبەكان وەكو بانقیان لێهاتووە، فەرمانبەری حزبی هەیە، وەزیر، وەكیل وەزیر....

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عومەر تكات لێ ئەكەم وەرەوە سەر مەسەلەكە وئەمە ماددەی دوو نییە، ئەگەر لەسەر ئەو ماددەیە قسە ئەكەیت ئەوە باشە، ئەگینا ببوورە، بەس لەسەر ماددەی دوو قسە بكە تكایە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هاوكاری حزب ئەوەندە بێت، كە بەشی خەرجی ئیداری و ڕاگەیاندن و چاكسازی و بیناو شمەكی بكات، بۆیە من پێشنیار دەكەم، تەنها كورسی ئەم خولە ببێتە پێوەر، نرخی یەك كورسی ڕێژەیی بێت، وەكو جەنابی دكتۆر شێركۆ جودت فەرمووی، ڕێژەكەش بەم شێوە بێت، ئەگەر نرخی یەك كورسی بۆ ئەمجارە من پێشنیار دەكەم، ٢٠ ملیۆن دینار بێت بۆ بودجەی ئەمساڵ، ئەكاتە( پۆینت ئۆ یەك پێرسێنت)واتە لە سەدا یەك لەسەدا، ئەگەر نرخی كورسیەك ٣٠ ملیۆن بێت، ئەكاتە (پۆینت ئۆ یەك، شەش سێنت)، ئەگەر نرخی كورسیەك ٦٠ ملیۆن بێت وەكو ئەوەی كە ئێستا دانراوە، ئەكاتە( پۆینت ئۆ سێ، دوو پێرسێنت)لەبەر ئەوە من داوا دەكەم بەڕێژەی( پۆینت ئۆ یەك) بێت، ڕێژەیی بێت بۆ ئەوەی ساڵانە بودجەكە گۆڕا، ئەو نرخەش ئەگۆڕێت، ئەگەر ڕێژەیی بێت ئیتر قسەیەكی تێدا ئەمێنێتەوە، تەبعەن ئەمە لەسەر ئاستی هەموو بودجەی هەرێمە، (پۆینت ئۆیەكە) هەموو بودجەی هەرێمە، من پشتگیری دكتۆر فرسەت ئەكەم، پشتگیری دكتۆر شێركۆ جودت ئەكەم، كە بەڕێژەیی بێت، ئەوە زۆر بە تەئكیدی ئەیڵێمەوە، هەروەها پشتگیری كاك عبدالرحمن ئەكەم، هەروەها دكتۆر شێركۆ حەمە امینیش، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جودت جرجیس، فەرموو.

**بەڕێز جودت جرجیس لطیف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەسەرەتادا پشتگیری لەقسەكانی كاك محمد و خاتوو منى، دەكەم، دەربارەی دابین كردنی بودجەیەكی مانگانە بۆ ئەو حزبانەی كە نەیانتوانیوە بێنە ناو پەرلەمان، یان بەشداری هەڵبژاردنیان نەكردووە، مولاحەزەیەكیشم هەیە، لەسەر فەقەرەی حەوتەم، كەدەنگۆیەكی ئاوها هەبوو ئەو كورسیەی كە ٨٠ ملیۆن دیناری بۆ دانراوە، دەربارەی كۆتا كەم بكرێتەوە من لێرەدا دەمەوێت بڵێم كولی ئەم پرۆژەیە، هەموو ئیمتیازاتێكی باشی بۆ حزبەكان و كوتلەكانی كوردستان دەستنیشان كردووە، تەنها ئەو ٨٠ ملیۆن دینارە نەبێت بۆ توركمانەكان، حەزم لێیە ئەوەش نیشان بدەم لە فەقەرەی پێنج دەڵێت هەر حزبێكی بەشدار بوو لە خەباتی ڕزگاری خوازی كوردستان ئەم خاڵانە دەیانگرێتەوە، توركمان بەداخەوە پێش ساڵەكانی ٩٠ تەنزیمێكی سیاسی مونەزەمیان نەبوو، بۆ ئەوەی بەشدار بن لەم شۆڕشەدا، وەكو توركمان وەكو نەتەوە لەزۆربەی زۆری شۆڕشەكان بەشداریان كردووە، پێشمەرگە بوونە، خەباتیان كردووە، شەهیدیشیان داوە، بەڵام پێم خۆشە ئەم مەبلەغی ٨٠ ملیۆن دینارە دەستكاری نەكرێت، وەكو ئیمتیازێك بۆ توركمانان بەدەر لە فەقەرە پێنج و شەش بۆیان حیساب بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا مەروان نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل(مەروان گەلاڵەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نوقتەی نیزامی نییە، بەس یەك پێشنیارم هەیە، ئەگەر بیکەم، من ڕەئیم وایە لەم پەرلەمانەی خۆمانەوە دەست پێ بکەین، بەجدیشمە، بۆ ئەوەی قوتی خەڵك بەهەدەر نەدرێت، بڕیار بدەین مووچەی پەرلەمانتاران بکەین بە ملیۆنێك، سەیارە وەرنەگرین، هەرچی ئیلتیزاماتە وەر نەگرین، خانەنشینی نەهێڵین، سەبارەت بە دووەم لە ماددەی دووەم، من پشتیوانی هەموو ئەو بۆچوونانە دەکەم، کە باس لە کورسییەکانی یەك خولی پەرلەمانی دەکات، لەڕووی مەنتقی سیاسی و مەنتقی عەمەلی ئەم بودجەیە یان ئەم مینحەیە دەدرێت بە حزبێك بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکان و کار بەڕێکردنی ئەو حیزبە، کە قەبارەو کورسی و دەنگەکانی بەدەست هاتووە لە هەڵبژاردنێك بۆ مەسافەی هەڵبژاردنێکی تر، بۆیە مەنتقی تێدا نابێت بۆ دوو خول بێ، زۆر قسەش لەسەر تەوافوقەکە کرا، تەوافق ئەوکاتە مەعنای خۆی لە دەست نادات کە خۆی بەدوور گرت لە سیاسەتی تەرزیە، بۆیە هەر تەوافوقێك دووربێ لە تەرزیە سەرکەوتوو دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**خاتوو مەدینە قسەی کردووە، کاك دڵشاد شعبان قسە ناکات، کاك شوان احمد فەرموو.**

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری ئەو بەڕێزانە دەکەم، کە پێش ئێستا باسیان کرد ئەو پرۆژە یاسایە تەوافوقێکی لەسەرە کە هەموومان پابەند نەبووینە، ڕەئی جیاواز هەیە یاخود ڕەنگدانەوەیەکی باش نەچوویتە ناو فراکسیۆنەکان، ڕەئی فراکسیۆنەکان وەکو پێویست وەرنەگیرایە، بۆیە لێرە منیش وەکو خۆم ڕەئی خۆم دەردەبڕم، لێرە لە قەوارەی سیایی درا دەنگدان دەنگی نەهێنا، بەڵام لە خاڵی حەوتەم باسی قەوارەیەکی سیاسی دەکات، تەناقوزەك لێرە دروست نابێت لە خاڵی حەوتەم، ئەوی تریش منیش لەگەڵ ئەوەی دامە کە ٦٠ ملیۆنەکە زۆرە لە خاڵی یەکەم، لە خاڵی دووەمیشیان ئەو چوار کورسییەی کەمتر نەبێ، مادام بەشداری کردیە و کورسی هەبووە ئەو چوار کورسییەی نەمێنێتن، دەربارەی دەنگدانیش کە لە خاڵی سێیەم من وای بە باش دەبینم کە لەسەر سیعری کورسی بێ، کورسییەکی پەرلەمانی چەندی بۆ دادەندرێت، ئەو دەنگانەی کە هێنایە لەسەر ئەساسی سیعری ئەو کورسیە بی بۆی دیاری بکرێ، ئەوانی تریش قسەکان کرا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك سعید مەسیفی لێرە نییە؟ کاك خلف فەرموو.**

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەکەم ئـەوەی کـە پەیوەنـدی بـە ٦٠ ملیۆنەکـەوە هەیـە، کـاك دکتـۆر فرسـت زۆر بـاش ڕوونی کردەوە ئەگەر بەراوردی تاك و ئەوانە بکەین، لەبەرئەوەی ئەو جوانی ڕوون کردەوە من ناچمە ئـەو تەفسیلەوە، پێشنیاردەکەم بکرێت بە ٣٠ ملیۆن، بۆئەوەی عەدالەتێکی تێدابێ و، بەراوردی ژیانی خەڵك لەو مەجالەیە بکرێت، سەبارەت بە بڕگەی دووەم بۆ پێوەرەکان، لە ڕاستیدا پێوەرەکان پێشنیارێك هـەبوو هـەر دیسان کاك د. فرست ئەو پێشنیارەی کرد، کە ئەو یاسایە بۆ ئەو خولەی پەرلەمانی کوردستان کاری لەسـەر بکرێت، دوای ئەو خولە ئەوی تریش کە تایبەت بوو بەو خاڵەی کە ٦٠ ملیۆنە بکرێت بـە ٣٠ ملیـۆن، مـادام قسە لەسەر ئەوەبێ کە بۆ ئەو خولە بێ، کە من پشتگیری ئەو ڕایە دەکەم، وا زەرورە دوایـن هەڵبـژاردن کـە لەو ساڵەیە هەڵبژاردنی تێدا کراوە بکرێتە پێوەری دیاریکردنی هەر کورسییەك، واتە ئێمە لە ٢٠١٤ تاکو دوا خـول دەڕوات دوای ئینتیخابـات ئاسـتی کوردسـتان بـە پێـوەری دەنـگ بکرێتـە ئـەوە، چـونکە ئێمـە لـەو پەرلەمانـە بـەڕێزە بڕیارمـان داوە لیژنـە هەمیشـەییەکانی پەرلـەمانی کوردسـتان زیـاد بکـەین بـۆ ناوچـە جێناکۆکەکان، بڕیاری ئەوە دراوە کە نووسینگە لە ناوچە جێناکۆکەکان بکرێتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، ناکرێـت لـەم پەرلەمانـەدا بودجـەی ئـەحزاب پەسـەند بکرێـت حیسابی ئـەو حیزبانـە نـەکرێت کـە لـەوێ تەنزیماتییان هەیە، کە هەموو حزبەکان تەنزیماتییان لـە ناوچـە جێناکۆکـەکان هەیـە، زۆرتـری قوربـانی و شەهید و ماندوبوونی خەباتی ئێمە، خەباتی خەڵکی کوردستان لەسەر ئەو ناوچە جێناکۆکانە بـووە، بۆیـە گرینگە پێوەرەکە لەسەر ئەساسی دەنگ بێت، هەموو کوردسـتان بگرێتـەوە، مـن دوا قسـەم تەسـەور دەکـەم پێشنیار هەبێ بۆ دواخستن، کورتی ئەکەمەوە لەوەی لەبەرئەوەی لە جەژنیش نزیکین نیەت پاکی لەلایـەن هەمووومانەوە قسەی لەسەر بکرێت، هەنگاو بۆئەوە بنێین ئێمە یاسا لەم پەرلەمانە دەرناکرێـت ئەگـەر بـەم تەشەنوجاتانەی ئەمڕۆ دوێنێ قسە لە سەر بابەتەکان بکەین، بەڵگەشم بۆئەوەی کە من نیەت پـاکی خـۆم لێرەوە ڕادەگەیەنم پشتگیری لە هەموو قسەکانی برای خۆشەویستم کاك عمری حاجی عینایەت دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرحان فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەسەر ڕێژەی کورسییەکە و لەسەر پارەی کورسـییەکە کـە ٦٠ ملیۆنـە، بەڕاسـتی پشـتگیری بـرادەران دەکەم، نازانم وەڵلا لە دەرێ بووم ئەگەر ناوم لەبیر چووبێ بکرێتە نیوە، لەگەڵ ئەوە دامە ، دووەم ژمـارەی کورسی دواین دوو خول بەڕاستی ئەوە یەعنی هەر کەسێك ئـەم یاسا ئەگـەر هـاتو لـەم خولـەی پەرلـەمان دەربچێتن، ئەم یاسایە وەك پشکە خێـری لـێ هاتووەتـەوە تـەوزیع کـراوە بـەپێی هـەموو ئـەو حزبانـەی لـە پەرلەمان هەنە، بۆیە مرۆڤ بەهیچ شێوەیەك ئەگەر ئەم یاسایە لە پەرلەمان دەربچێـن دەربـارەی ئـەحزاب، مرۆڤ شانازی ناکات کە لە خوولی چوارەم ئەندام پەرلەمان بووبێ، لەبەرئەوەی یاسایەکە ئەوەنـدە تـەوافوق و تەرزیەی تێدایە، بەهیچ شێوەیەك بنەمای ستانداردی نێودەوڵەتی لە قانون تێدا نییە، بۆیـە ئـەم یاسایە

پێشنیار دەکەم یان تەئجیل بکرێت یان بەزۆرینە دەربڕێ، نەك ئەو تەوافوقەی کە هەموو باس کرایە، لەبەرئەوەی بەو شێوەیە بێ کە هەموو رازی کاریە هەریەکی هەندێکی بەرکەوتووە، ئەمە بەهیچ شێوەیەك نابێتە ئەوەی کە بۆ ئەجیالی داهاتوو، بۆ داهاتوو یەعنی بەڕاستی وا لێ دەکرێت کە پێیان شتێکی ناجۆر بێت، لەبارەی چوارەمین هەر لەخولێکدا ژمارەی کورسییەکان ٤ کورسی کەمتر نەبێ، ئەم مەرجە لابرێت ئەگەر هەر تێشدەپەڕێنن پێشنیاردەکەم مەرجی چوار کورسییەکە نەمێنێتن، باقی تر ئەوەی ٣٠٠ ملیۆن بدرێتە هەر حزبێك کە بەشداری تێدا کردیە، پێم وابێ ئەوش لابرێت ئەو خاڵە، ئەوەی تر هی کۆتاکان بمێنێتەوە کە ٨٠ ملیۆنە حەقی خۆیانە، باقی دیکەی ئەم یاسایە پێشنیار دەکەم تەئجیل بکرێتن، بەڕاستی تەوافوقێکی زۆر بێ مانا کراوە بە ڕەئی من، بۆیە ئەوە نابێتە جێگای شنازی ئەو خولەی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بێستوون فەرموو.

**بەڕێز بێستوون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکانی کاك عمر عینایەت و دکتۆر شێرکۆو کاك عبدالرحمن علی دەکەم، تەبعەن ئەوەی کە تێبینیمان کرد لە بەشی زۆری قسەی هاوڕێیان ئەو ماددەیە قسەی زۆری لەسەرە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەم ماددەیە تەنها بڕگەی یەکەمی بمێنێتەوە، کەواتە بڕگەکانی دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم و شەشەم و حەوتەم هەمووی زیادەیە، تەنها یەك بڕگە گرینگە کە دەبێتە روحی یاساکەو یاسایەکی باشیش ئەویش بڕگەی یەکەم کە کورسی دواین خولی پەرلەمان دەکرێتە بنەما، بەهی هەر کورسییەك مانگانە ئەوەی کە هاوڕێیان تەرحیان کرد کەمتر بێ لەو ٦٠ ملیۆنە، هەروەها یەك خاڵی تریشی بۆ زیاد بکرێت هەر پارتێکی سیاسی ئەگەر لە ٥٠٪ی کەمتر بێ کورسییەکی بەدەست هێنا بوو، ئەوا ڕێژەی لە ٥٠٪ی کورسییەکی بۆ حیساب بکرێ زائیدەن ئەوەی کە خاڵێکی دیکەش، جگە لەم یاسایە لە دەرەوەی ئەوە بودجە بۆ هیچ پارتێکی سیاسی دانەنرێت، ڕێگاش بگیرێت، لە هەر پارتێکی سیاسی کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بودجە لە هەر شەریکاتێك یان هەر وڵاتێك وەربگرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابو کاروان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ پێشەکییەکەم لەبەر دوو هۆکار، یەکەمیان تاکو ئێستا بە تەواوەتی بودجەی هەرێم دیار نییە، دووەمیان ماوەی ئەوە ٣ مانگە ئەندامانی لیژنەی دارایی پرسیار دەکەن و بە تەواوەتی چەند کۆبوونەوەیەکیان کردووە و دیراسەتیان کردووە، بۆیە ئەو تەقدیرەی ئەوان جۆرێك لە نزیك بوونەوەیە لە بودجەی گشتی، هەروەها من لەگەڵ ئەو ڕایەم ئەگەر دەستکاری خاڵێکی بکرێت تێك دەدرێت، من هیوادارم وا تەسەور نەکەم لە هەموو شتێکدا ڕاست دەکەم، لەبەرئەوە پێوەر لە دونیا تەنها کورسی نییە، پێوەر لە دونیا دەنگە، کورسییە، ڕێژەیەکی دیاریکراوە بۆ حزبەکانە وەکو حزب، تەنانەت لە فەرەنسا ڕێژەی حزبەکان، بودجەی حزبەکان دەبەسترێتەوە بە ڕێژەی ئافرەت لە سەرکردایەتییەکەیان، هەروەها کۆمەڵێك ڕێژەی تریش هەیە کە نامەوێ کاتتان لێ بگرم، بۆیە هیوادارم ئەگەر داواکردنی دواخستن بۆ کاردانەوەیە پێویستە دوانەخرێت، دووەمین ئەو مەرجەی چوار کورسییەکە زۆر زۆر لە برادەران باسیان کرد سەرەتا کاك ئاری و کاك گۆران ئازاد و کاك محمودی حاجی عمر لابدرێت، من پێم وایە ئەوە بە پێچەوانەی یاسایە و یاسایی نییە، چونکە یاسای هەڵبژاردن یەك کورسی داناوە ناکرێت بەو شێوەیە بکرێت، لە خاڵی شەشەمدا کە هەر حزبێك پێش ڕاپەڕین بەشداری خەباتی کردبێت، من پێم وایە ئەوەی کە لە خولی بەردەوامی بێ، بەپێی مەحزەری تەوافوقەکە جۆرەك لە گۆڕانکاری تێدایە، چونکە لە خولی بەردەوامی زۆر ڕوون نییە، پێویستە ڕوون بکرێتەوە یان ئەوەتانێ بەشداری کردبێت لەو مەسەلەیە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم حەزدەکەم هەموو لایەکیش بەو بنەمایەی کە دانداراوە بۆ ئەوە تاکە حزبێك لە ٤٠٪ی بودجەی کەم کرابێتەوە حزبی شیوعی کوردستانە، بۆیە من لەگەڵ ئەو تەوافوقەم کە کراوە و، پێویستیشە لەکاتێك تەوافوق دەکرێ، یان سەرۆکی فراکسیۆنەکان ئاگادار بێ ئەگەر ڕەتیان کردەوە با تەوافوق نەکەن، ئەگەر تەوافوقەکە ناکرێ لێرە بەشێوەیەکی گشتی بەو شێوەیە قسە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو پەروا علی فەرمووو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئەم پرۆژە یاسایە، ئەم پرۆژە یاسایە ڕاستە دەستیان خۆش بێ، لەوەی کە هیلاك بوون بە ئامادەکردنییەوە هەرچەندە زۆر شت هەیە تێیدا ونە، بەلاَم حزب وەکو ڕێکخراوی ئارەزوومەندانەیە، بۆیە بڕوام بە پێدانی بودجە نییە، ئەسڵەن کە بەهیچ حزبێك بدرێت، تەنها لەکاتی هەڵبژاردندا بڕێك پارە دیاری بکرێت بۆ ئەو حیزبانە، ئەگینا وەکو ئەوەی ئەو هەموو پارە زۆرە بە هەدەر بدرێت بۆ هەموو حیزبەکان من بۆخۆم لەگەڵیدا نیم، سەبارەت بە پێوەرەکانی کە دانداراوە لە بڕگەی یەکەم، ئەو بڕە پارەیەی کە داندراوە بەڵێ پێوەری دەنگ بەکاربهێنرێ و، جگە لەوە پشتگیری قسەکانی کەژاڵ خان دەکەم، کە یەکێك لە پێوەرەکان ڕێژەی بەشداری ژنان لە سەرکردایەتی حزبەکاندا یەکێکە لەو پێوەرانە خراپ نییە، ئەگەر لە حاڵەتێکدا کە هەبێ، پشتگیری لە بەڕێز کاك د. شێرکۆ جودت دەکەم، د. فرست، کاك عمر

عینایەت، سەبارەت بە بوونی ئەو برە پارەیەی، بەلآم كە هەیە بۆ هەر كورسییەك هەر حیسابی بۆ كراوە، كورسی بۆ داندرا لە ٢٠ ملیۆن زیاتر نەبێ بۆ هەر كورسییەك، یەكێكی تر لەو پێوەرانە زۆرێك لە بەرێزان ئیشارەت بەوە درا لە زۆربەی ولآتانی دونیادا یان نزیكی ١٢٥ ولآت بودجەی ئەحزابیان هەیە، ئەگەر بمەوێ هەڵوەستە لەسەر ئەوە بكەم بۆ زۆربەی شتەكان بۆ یاساو پرۆژە بڕیارەكان بگەڕێینەوە بۆ حكومەتی ناوەند، بەلآم بۆ پێدانی بودجەی حزبەكان ناگەڕێینەوە بۆ حكومەتی ناوەند، كە ئەسڵەن لە حكومەتی ناوەند بودجە نییە بۆ حزبەكان، هیوادارم ئەوە بە هەند وەربگیرێت، دووبارە من پشتگیری بەڕێز دكتۆر شێركۆ حەمە امین و كاك عمر عینایەت دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ كاك حاجی كاروان فەرموو.

**بەڕێز كنعان نجم الدین (حاجی كاروان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕەئییەكی زۆر هەبوو لەسەر ئەوەی كە ئەوە تەئجیل بكرێت، ئەو هەموو ڕەئییە كۆ دەكرێتەوە، ئەگەر كۆتاییەكەی بۆ تەئجیل كردن بێ، ئەو جەلسەیە بێ، من پێم باشە تەئجیل كردنەكە و نەكردنەكە بخرێتە دەنگدانەوە، بۆیە ئەگەر بزانین ناكرێ بە كوردیەكەی قۆڵی لێ هەڵماڵین و تا ئێوارە دەست پێ بكەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز حاجی كاروان ئێمە لە دەستەی سەرۆكایەتی بڕیارمان داوە، كە ئەم پرۆژە یاسایە هاتووەتە بەردەستمان راپۆرتەكانی حازر كراوە، لەبەرئەوە كراوەتە بەرنامەی كار تەئجیلی ناكەین، گفتوگۆ بەردەوام دەبێ لەسەری، بۆیە تا هەر كاتێك گفتوگۆ بابكرێت، ئێمە كێشەمان نییە، خولی گرێدان ماویەتی، بۆیە بەردەوامی دەدەین بە گفتوگۆكانمان، كاك ڤەمان فیصل فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من یەك تێبینیم هەیە، حەزدەكەم جەنابت ئەگەر تەئكید لەسەر ئەوە هەبێتن، من مەمنوونت دەبم، ئەویش ئەوەیە هەندێكجار تێكچوونی جەوی پەرلەمان وا دەكاتن، هەندێك شت بە هەڵە لەسەرمان تێپەڕێت ئەویش ئەوەیە كە باس لە كەم كردنی شتێك كرا، چونكە ئەساسی قسەكردن لەسەر راپۆرتی لیژنەی یاسایی بوو وابزانم لیژنەی هاوبەش، باس لە كەم كردنی شتێك كرا هەر لە ناو راپۆرتی نەبوو، ئەوە چی بوو وتی لە ١٪ بكرێتە لە سەدا نیو، خرایە دەنگدان و ڕاستە دەنگی نەهێنا، بەلآم ئەوە ناكرێتن كە شتێك تەسبیت نەكرابێت پێشتر، تۆ بێی كەمی بكەیت، دەبووایە ئەوەی لیژنەی دارایی ئەو برگەیە زیاد بكردایە، پاشان بخرایە دەنگدان،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك ڤەمان نەبوو لە یاساكە، ژمارەیەكی پەرلەمانتاران داوای ئەوەیان دەكرد كە ئەوە لە ماددەی یەكدا جیێ بكرێتەوە، كە كۆی بودجەی ئەو بودجەیە بۆ حزبەكان سەرف دەكرێت نابێت لە ٠،٥٪ زیاتر بێ، ئـەوەمان خستە دەنگەوە، بەلاّم دەنگی نەهێنا.**

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ڕاستە بـەڕێز سـەرۆكی پەرلـەمان، بـەلاّم ئـەوە نـەبوو كـەبزانین ڕێژەكـە چـەندە ١٪ یـان سـەدا پۆینـت چەندێكە؟.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**جا ئەوان داوای دیاری كردنی ڕێژەكەیان كرد بوو.**

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لەسـەر ئـەوەی لیژنـەی دارایـیش وەڵـلا حەزدەكـەم هەنـدێك ڕوونكردنـەوە لەسـەر هەنـدێك شـت بـدەم، بەتایبـەتی لـە بڕگـەی سـێیەم، ئـەوەی دەڵێـت هـەر حزبێـك بەشـداری هەڵبـژاردن و تـا دوایـی.....، بـەلاّم ڕێژەكەی، جا نازانین ئەو ڕێژەیە لە هەموو خولەكانی پەرلەمان دەبێ لە ٤٠ كەمتر نەبێ ، یانیش هـەمووی كۆبكەیەوە دەبێ لە ٤٠ی كەمتر نەبێ، بـۆ نموونـە ئەگـەر هەریەكـەو ٤٠ی هەبێـتن، سـێی ٤٠ی هەبێـت هـی یەكەمی ٣٩ی هەبێتن، یەعنی چۆن ئـەوە تـەنزیم كـراوە؟، ئـەوەی تـریش لەسـەر بڕگـەی یەكـەم و بڕگـەی حەوتەمدا، بڕگەی یەكـەم دەڵێـت كورسـی پەرلـەمان بكرێتـە بنـەما، لـە بڕگـەی حەوتـەم هاتووە قەیـدێك بۆئەوەی كۆتا داناوە، وابزانم بە بۆچوونی من ئەوە عەدالەتی تێدانییە، تۆ قەیـدێك لەسـەر كۆتـا دادەنێـی، دەڵێی یـەك كورسـی بـۆ كۆتـا هـەژمار دەكرێـت، ڕەنگـە كۆتاكـە بـێتن حزبێكـی ئـەوان هـەبێت دوو كورسـی هەبێتن، بۆ تۆ ئەو حەقەی لێ زەوت دەكەی و یەك كورسـی بـۆ ئەوانـە حیساب دەكـەی، مـادام پێوەرەكـەی ئێوە كورسی پەرلەمانە با بۆ ئەویش هەر دوو كورسی حیساب بكـرێ، مولاحـەزەی تـرم ئەوەیـە نـازانم زۆر قسە لەسەرە ئەوە كرا یـەعنی ئـەوە تـەعلیق نییـە لەسـەر قسـەی كەسـێك، بـەلاّم ئـەوە كـرا كـە وەرگرتنـی مینحە لە پێشوو بە نایاسایی بوو، ئێستا ڕاسـتە ڕاگـیراوە، لـە مـانگی یـەك تـا ئێسـتا ڕاگـیراوە، بـەلاّم نـازانم یـەعنی حەزدەكـەم بـزانین دوای دەرچـوونی ئـەو یاسـایە هـەر ئـەو حیزبانـە كـە باسـی عەدالـەت و ئەوانـە دەكەن پەنا بـۆ حكومـەت دەبـەن، ئـەو حەقـە نایاسـاییە دەكـەن ئـەو مینحەیـە وەردەگـرن، چونكە خۆیـان ئیعتراف بەوە دەكەن كە نایاساییە، شتێكیش كە نایاسایی بوو حەقە ئەوانە وەرنەگرن، ئەوەی ئاخیرم مـاوە قسەی لەسەر بكەم، ڕاستە ئێستا كوردستان لە گرفتێكی دارایی دایە، بەلاّم لە ڕۆژی دەرچوونی ئـەم یاسـایە كە ئەویش لە بلاّوكردنەوە لە وەقائیعی كوردستاندا، ئـەتعابی مـالی بـۆ كوردسـتان دروسـت دەكـاتن، یـەعنی دەنگ لەسەر حكومەت دروست دەبێت، با هەر لە قەیرانیش بـێتن، ئەوكاتـەی ئـەو قەیرانـە چارەسـەر بـوو دەبێـتن، جا من لێرە داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم، یەعنی شتێك لەو بارەیەوە بكەن، سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سعید فەرموو.

**بەڕێز سعید محمد سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم بەهای هەر كورسییەك پێم باشە، كە هەندێك برادەرانیش وەك دكتۆر فرست باسی كرد لەسەر دەنگدەر بێ، بەهای هەر دەنگدەرێك چەندی بۆ دابندرێت و لەسەر كۆی دەنگدەرەوە ئەو بودجەیە حیساب بكرێتن، لە ماددەی دووەم لە یەكەم خولی پەرلەمانی كورسییەكی بۆ كۆی ژمارەی كورسییەكان زیاد دەكرێت، بە مەرجێك لە ٤ كورسی كەمتر نەبێت، باشە ئەگەر ١٠ كورسی هەبێت، ئەگەر ٢٠ی هەبێ نازانم بە چ پێوەرێك ئەوە داندراوە، ئەگەر زیادی هەبێ یان ئەگەر ٣ كورسی هەبێ، بێ بەش بێ، بەلاّم لە ماددەی سێیەم یان لە ماددەی چوارەم ٤٠٪ بێنێ ٢ كورسی ئەدرێتێ، ٢٩٪ بۆ ٣٩٪ كورسییەكی پێ دەدرێت، بەلاّم ئایا ئەگەر ٣ كورسی هەبێتن لە خولەكانی پەرلەمان چی پێ دەدرێت یان ٢، ١ی هەبێتن، بۆیە لێرە هیچ دیاری نەكراوە، بەڕاستی ئەوە یاسایی نییە، لەخۆشمان لەزۆر پرسی چارەنووساز و گرینگ، كە ئێمە سازدانی نیشتمانی دەڵێین پرسێكی گرینگە پێویستە سازدانی نیشتمانی لەسەر بكرێت، باشە ئەگەر بێتوو بە دەنگدەر نەبێ ئەو حزبانەی كە كۆی كورسی پەرلەمانیان نەبێ بێ بەش دەبن، بۆئەوەی زیاتر ئەو حزبانە گەشە بكەن یان متمانەیان هەبێتن بۆ خزمەت كردن لە پرۆسەی دیموكراسی، پێویستە بەڕاستی كورسی پێوەر نەبێ، دەنگدەر پێوەر بێ، ئەگەر كورسی پێوەر بێ بۆئەوەی كە ئێستا دانیشین لەسەری، ٤ ساڵی رابردوو بۆ بكرێتە پێوەر، ئێمە لە خیلالی ساڵێك بۆ ساڵ و نیوێك دوو خولی هەڵبژاردنمان كردیە بۆ پەرلەمانی بەغداو بۆ پەرلەمانی كوردستان، بۆ ئەوانە كۆنەكرێتەوە؟، یەعنی ئەتۆ خولەك كۆتایی پێ هاتییە كۆدەكرێتەوە، بەلاّم دوو خولی پەرلەمانی لە بەغداو لێرە، خاڵێكی تر ئەوەیە نازانم ئەوە ئەگەر لیژنەی یاسایی تاوەكو یاسا بزانن با وەكو دوو مووچە خۆری لێ نەیەت، ئێمە لێرە لە بودجەی ئەحزاب بەشمان هەبێ و لە بەغداش لە بودجەی ئەحزاب بەشمان هەبێ، ئایا ئەو پێوەرە دەبێتن؟ نازانم لەڕووی پەرلەمانی بەغدایە ئەوە بۆ لیژنەی یاسایی بەجێ دەهێڵم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل (دۆڵەمەڕی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش خاڵی یەكەم پێم باشە لەنێوان ٣٠ تا ٤٠ بێتن، خاڵی دووەم پێم باشە مەرجەكە لابرێت كە دەبێت ٤ كورسی هەبێ، بۆ سێیەم كورسییەك بۆ ڕێژەی لە ٤٠٪ و زیاتر بەس بێت، لە ٢٠ تا ٣٩٪ نیو كورسی بێتن، بەنیسبەت خاڵی شەشەم لەجیاتی ٣٠٠، ٣٥٠ بێتن، ئینجا حەوتەم ئیشكالێكی تێدایە كوردییەكەی ئەگەر ڕێگام بدەی ڕاستییەكەی دروستی بكەمەوە، هەر حزبێك یان قەوارەیەكی سیاسی كە خاوەنی كورسی

کۆتایە لە خولی پەرلەمان، لە خولی بەردەوامی پەرلەمان، کورسییەکەی بۆ هەژمار دەکرێت، لێرە نووسرایە تەنها یەك کورسی بۆ هەژمار دەکرێت کە لە عەرەبییەکەی وانییە، هەر بەوەی کە ئێستا خوێندمەوە بکرێتن، بەهای ئەو کورسییەش لەجیاتی ٨٠، ٦٠ بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو پەری صالح فەرموو.

**بەڕێز پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی پشتیوانی دکتۆرە جوان و دکتۆرە فرست و دکتۆر شێرکۆ حەمە امین و دکتۆر شێرکۆ جودت دەکەم، بەنیسبەت ماددەی دووەم خاڵی یەکەم بە هەر پێوەرێك داندرابێت ٦٠ ملیۆن زۆرە باشترە بکرێت بە ٢٥ ملیۆن، بەڵام ئەگەر داهاتی کۆمپانیا و نەوت و گومرگ و ئەوانە شەفافانە لە خزمەتی کێشەکانی خەڵك دابێ، ئەوە ئەو کاتە ٦٠ ملیۆنیش بێ قەیدی ناکات، خاڵی سێیەم و چوارەم پێم ڕەوا نییە، پێشنیار دەکەم ماوەی کارپێکردنی ئەم یاسایەش دیاری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یعقوب فەرموو.

**بەڕێز یعقوب گورگیس یاقۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەی من هاتنە گۆتن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سهراب میکائیل فەرموو.

**بەڕێز سهراب میکائیل محمد:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

هندەك ئاخفتنێت من هاتنە کرن، بتنێ من پرسیارەك هەیە، پشتەڤانیا ئاخفتنێ دکتور شێرکۆ جودەت دکەم، یا ئاشکرایە ئەڤە دێ بێتە یاسا و هەر پەیڤەکا د یاسای دا دهێت هندەك ئەگەر بۆ هەنە، و هەر ژمارەیەکا د یاسای ژی دا دهێت هندەك پێڤەر بۆ هەنە، ژبەر ڤێ چەندێ پرسیارا من ڤێرێ ئەڤەیە، بەهایێ هەر کورسیەکێ دانای ٦٠ ملیۆن دینار، چ پێڤەر هەبوویە حەتا ٦٠ ملیۆن دینار بۆ کورسیکەکێ بن؟ چونکە ل ڤێرێ ئەم بەحسێ ژمارەکا مەزن دکەین یا کورسیکا، ئەگەر بەس ٥ حزبێت بەراهیێ بهەژمێرین کورسیکێت وان دبنا ٢٠٥، ئەگەر شوینا ٦٠ ێ بیتە ٥٩، یەعنی ئەم بەحسێ ٢٠٥ ملیۆن دینارا دکەین بۆ بودجا گشتی زڤرێتەڤە، ئەگەر ل ڤێرێ ٥٠ بیتن، ٥٠ ملیۆن بن یەعنی دوو ملیار و ٥٠ ملیون دینار دێ بۆ

بودجا گشتی زڤرن، ژبەر ڤێ چەندێ بەس پرسیارا من ل ڤێرێ ئەڤە بوو چ پێڤەر هەنە حەتا بەهایێ هەر کورسیکەکێ ٦٠ ملیۆن دینار بن؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەردان خدر فەرمووو.

**بەڕێز مەردان خدر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو زۆر هەڤالاڵ باس کرن، زۆربەی یاسایە یەت ولاتە، چەند پێوەرێك هەنە کو ئیعتیماد لەسەر دێتە کرن، ئەوەشیان ژمارەی دەنگەیە یان ژمارەی کورسیەیە، لە هەندێك ولاتێ کەم بودجەیەکە مەفتوع بۆ هەموو حزبا وەکو ئێك دێنە دانان، ئەو پێوەرە دێتە جێبەجێ کرن لەسەر هەموو حزبا، بەس جێی داخە ڤێت پرۆژە یاسایە ، هەر حزبێك پێوەرێك وەرگرتێ ئی ئینایت ناو یاساییە، یەعنی بەروباژی هەموو یاسایێت وەڵاتا، خالا دوویێ ئێکەم ئەز ژی تەئیدا هندێ دکەم کو ٦٠ ملیۆن زۆرن و پێشنیار دکەم بیتە ٤٠ ملیون، برگێ دوویێ ل هەمی ولاتان دیسان یەك خولا پەرلەمانی دهێتە حساب کرن، ئەڤە ژی بۆ هندێ کو دادپەروەری یان عەدالەت ناڤبەینا وان حزبێت و پێگێت وان حزبان هەبیت، ئەز نزانم چ حکمەت تێدا هەیە ئەم دخولێ پەرلەمانی بکەینە پێوەر بۆ بودجا ئەحزابا، ژبەر هندێ ئەز دگەلێ دا نیمە، ئەز دگەل هندێ مە یەك خولا پەرلەمانی بهێتە حساب کرن، و هەر ل وێ برگێ دیسان ئەز دگەل وی مەرجی نیمە کو چار کورسی کێمتر نەبن، دگەل هندێ مە ئەڤ مەرجە بهێتە لادان و تەییدا برادەرا دکەم، خالا سێێ ئەو رێژا ٤٠٪، هەر حزبەکا ٤٠٪ یا نیسبا کورسیەکێ ب دەستڤە ئینابیت مەنتق ئەوە کو بەهایێ ئێك کورسییەك بدەنێ نە زوعف بکەن و بەهایێ دوو کورسییان بدەنێ، نزانم چ حکمەت دڤێرەدایە، نێزیکێ نیڤێ یێ نیسبا کورسییەکێ ئینابیت تۆ بۆ زوعف بکەی و تۆ بوهایێ دوو کورسیا بدەیێ، مەنتیق ئەوەیە کو تو بەهایێ ئێك کورسییەك بدەیێ و ٢٠٪ حەتا ٤٠٪ دیسان مەنتیق ئەوە کو تۆ بەهایێ نیڤا کورسیێ بدەیێ، و سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو شکریە فەرمووو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە پێشنیارەکانی من بەشێکیان وتران، بەڵام دەمەوێ پاڵپشتی ئەو ڕایانە بکەم، خاڵی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم تەنها بۆ ئەم خولە بێ، بۆ خولی داهاتوو تەنها ژمارەی دەنگەکان بکرێتە پێوەر، بۆئەوەی بودجەی بۆ تەرخان بکرێت، هەروەها ئەگەر هەر حزبێك ڕێژەی لە ٥٠٪ی دەنگەکانی بەدەست هێنا لە خولی داهاتوو بودجەی بۆ تەرخان بکرێت، سەبارەت بەو حزبە سیاسییانەی کە مۆڵەت پێدراون لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ڕێژەی کورسییەکیان نەهێناوە، بە بۆچوونی من باشتر وایە ڕێگایان پێ بدرێت

درێژە بە کاری سیاسی خۆیان بدەن، ئەگەر لە هەڵبژاردنی داهاتوو توانیان رێژەی لە ٥٠٪ی دەنگەکان بەدەست بهێنن، ئەوە بودجەیان پێ بدرێت، بە بۆچوونی من بەڕاستی بەرژەوەندی گشتی گرینگترە لە بەرژەوەندی حزبە سیاسیەکان، لە هەموو دونیا حزبەکان بەم شێوازە مامەڵە لەگەڵ ئەندامەکانیان دەکەن، ئەندامەکان کە لەو حزب و پارەتە سیاسیانەدان لەکاتی فەراغدا کاری سیاسی خۆیان دەکەن، بەڵام دەوامێکی تریان هەیە و، مووچەی خۆیان هەیە و ئیشێکی تریان هەیە، بۆیە ئێمە ئەگەر بەمشێوازە مامەڵە لەگەڵ تاکەکانی هەر حزبێك بکەین، ئەوە دەتوانین بودجەی حزبەکانیش کەم بکەینەوە، ئەندامەکان با کاری سیاسی خۆیان بکەن، لە هەمان کاتدا ئیشێکی تریان هەبێت، بۆیە من وا بە باش دەزانم بۆ هەر کورسییەك لە ٦٠ ملیۆنەوە بکرێت بە ٤٠ ملیۆن، هەروەها لە ٣٠٠ ملیۆنەکە بکرێت بە ١٥٠ ملیۆن، ٨٠ ملیۆنەکەش بکرێت بە ٤٠ ملیۆن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو وحیدە فەرموو.

**بەڕێز وحیدە یاقۆ هرمز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گەلەگ ئاخافتنا پێشنیارێت من هاتنە گۆتن، بەس نیسبەتە بڕگەی حەوتیش ماددەی دوو عەرەبی و لەگەڵ کوردی نە موتەناسقن، یەعنی هێڤیا مە ئەوە جیاوازە یەك و دوو، هێڤیا مە ئەوە دیف عەرەبی بچن، چونکە هەر کورسییەك حیسابە ٨٠ ملیۆن، لە کوردی بێژێت ئێك کورسی حیسابە، دگەل هندێ هێڤیا مە ئەوە لە کۆتا هەندێك حالەتێ ئیتیلافی ئەحزابە هەی، ڤێری ئیشارەت دا بیێ وەکو (ابو کاروان) ئیشارەت لێ دا یەعنی نە بەس حیسابێت کورسییەت کە، مەفروزە ژمارەی دەنگدان ژ لڤێرێ ئەگەر هاتە باس کرن، یەعنی زانیبا چەوا دابەش بی، پارەیێ بێتە دابەش کرن؟، یەعنی لەسەر ئەو حیزبە یەعنی کورسیەك نەینایە لە پەرلەمانی، ژ بەر هەندێدا ئیستیفادە ڤێ بێتە کرن، هێڤیا من ئەوە یان پێشنیارا دووێ دیف بڕگەی سێیەم و چوارەم دگەل وان بێتە تەعامول کرن، چ ئاریشنا بێنە ئەحزابە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە قسە زۆر کرا لەسەر ئەوەی حزب خاوەنی پارە بێ یان نا؟، پێم وایە ئێمە وەکو چۆن نوێنەری خەڵکین ئاواش لە لیستی حیزبەوە هاتووینەتە ناو پەرلەمان، چۆن داکۆکی لە خەڵکی کوردستان دەکەین، ئاواش داکۆکی لە حزبەکانی کوردستان دەکەین، هەر کەسەش مافی خۆیەتی بۆ بەرژەوەندی حزبەکەی خۆی دەچێتەوە دواجار خانەی بەرژەوەندی گشتی، چونکە ئەگەر حزبێك لە دەرەوەی بەرژەوەندی گشتی بوو، ئەوا دیارە سیاسەتەکەی لەناو هەرێم جێی نابێتەوە من شتێکی وا نابینم، سەبارەت بە ماددەی دوو

خاڵی یەك لەگەڵی دام کە ٦٠ ملیۆن بێ بۆ بەهای کورسی، چونکە ئێمە لە لیژنـەی دارایـش بەڕاسـتی زۆر مانـدوو بـووین بـە ئـەم پـرۆژە یاسـایە و، زۆرتـرین دەتـوانم بڵـێم راپۆرتمـان نووسـی و گفتوگـۆو بـیرو ڕا گۆڕاوەتەوە لەگەڵ فراکسیۆنەکان، لەگەڵ پەرلەمانتاران تا گەیشتووین بەم راپۆرتە، پێم سەیرە هەندێك لە برادەران کە لە ناو لیژنەکە، لەدەرەوەی لیژنەکە کۆبوونەوەی دواتر هاوبەشە پێچەوانەی ئـەوەی کـە لێـرە داکۆکیان لێ کردووە لێرە قسەی دەکەن، خەڵکێك کە دەڵێت باسی ملیۆن و ٢٠ ملیۆن بـێ داوای کـردووە ١٠٠ ملیۆن بێ، ئێستا لێرە پێم سەیرە وا دەڵێت، ئەگەر خەڵکێك کە دەڵێت ٢٠ ملیـۆن بـێ یـان ٣٠ ملیـۆن ئێسـتا کورسییەکانی حیساب بکە لەگـەڵ ئـەو پارەیـەی کـە بـە مینحـە پێیـدرا، بـە سـولفە پێیـدراوە دادەبـەزێت، لەکاتێکدا من لە حزبەکەی خۆمەوە تەماشا بکەم، ئێمە ٣٥٠ ملیۆن وەردەگرین خۆمان بە مەغدور دەزانین، پێمان وایە ناکرێت حزبی (س) کە ٢٤ کورسیی هەیە ٦٠٠ ملیۆن وەربگرێـت، حزبـی (ص) کـە یـەك کورسـی هەیە ٥٠٠ ملیۆن وەرگرێت، ئەم یاسایە بۆئەوەیـە ئـەو ناعەدالەتییـە رێـك بکاتـەوە، موزایـەدە نییـە لەسـەر کەس، بەیانیش پێمان نەفرۆشنەوە بڵێن خەڵك پارەی پێ نییە ئێـوە قسـە لەسـەر بودجـەی حـزب دەکـەن، خەڵك کە پارەی پێ نییە مووچەکەی دواکەوتووە، حزب هیچ مینحەیەکی وەرنەگرتووە لەو ٦ مانگە، بۆیـە حزب نەکەینە شتێکی زۆر زۆر ناشرین و دوایش بچینەوە لە میدیاکانی خۆمان وەك مەغدوری حزبی قسە بکەین، لەسەر خاڵی دووەم هـیچ کێشـەیەکم نییـە داوادەکـەم وەك خـۆی بێـت، خـاڵی سـێیەم هـەر حزبێـك بەشداری خـولی هەڵبـژاردنی پەرلـەمانی کردبـێ لەگـەڵ خاڵـێ چوارەم پـێم وایـە ئـەو دوو خاڵـە یـەکێکیان زیادەیە، لەگەڵ ئەوەم کە خاڵێ چوارەم یان سێیەم یەکێکیان لابرێت، چـونکە لـە هەردووکیانـدا ڕێژەیـەکی دیاری کردووە، ڕێژەی پۆینتێك لە خاڵی سێیەم ئیزافە دەبێ، دەچێـتەوە سـەر خـاڵی چوارەم، ئەگـەر یـەك پۆینـت لـە خـاڵی ٢٠٪ بـۆ ٣٩٪ بـوو بـە ٤٠٪ دەچـێتە سـەر خاڵـێ چـوارەم، بۆیـە ناکرێـت بـە یـەك پۆینـت کورسییەك لە خاڵی چوارەم ئیزافە بکرێت، لەگەڵ ئەوەم ئەگەر ئەم دوو خاڵە مایەوە خاڵی سێیەم بکرێـت بە یەك کورسی، خاڵێ چـوارەم بکرێـت بـە لـە ٥٠٪ی بـەهای کورسـییەك، سـەبارەت بـە خـاڵی پێنجـەم هـەر حزبێك بەشداربووی خەباتی رزگاریخوازو ئـەوە پـێم وایـە دوو کورسـی زۆرە، داوا دەکـەم بکرێـت بـە یـەك کورسی، خاڵێ شەشەم پێچەوانەی بڕگەی ٣ و ٤ و ٥ تۆ لەوێ پێوەرەکانت داناوە، بەشداری خولی پەرلـەمانی هەیـە ناکرێـت لێـرە بێیـت هـەموو ئـەو خاڵانـە مـەفتوع بکـەی، دایبڕینـی لـە چـەند حزبێـك کـە خـەباتی ڕزگـاریخوازی پـێش راپـەڕینی هەیـە، کـە ئـەوە زۆرینـەی حزبـەکان ئـەو خاڵانـەی تـریش دەیـان گرێتـەوەو خەباتیشیان هەیە، پێوەرەکان ڕاگری بۆ ئەوان و بڵێی ٣٠٠ ملیۆن، بۆیە لەگـەڵ ئـەوەم خـاڵی شەشـەم مـادام پێوەرەکـان لـە پێشـەوە هەیـە خـاڵی شەشـەم لابرێـت، لەگـەڵ خـاڵی حەوتەمیشـم، بـەڵام نـازانم تـەعریفی قەوارەی سیاسی لە یاسای ئەحزاب کراوە یان نا،؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەیار فەرموو.

**بەڕێز بەیار طاهر دۆسکی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاخافتنی من هاتنە كرن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك بەهزاد فەرمووو.

**بەڕێز بەهزاد دەرویش دەرویش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەعنی تەناقوزەكا زۆری هەی لە موداخەلە، ئەەش تەبیعیە بعتیبار گەنگەشەكە تەبیعی بێتە كرن، بەلاّم بۆ نموونە برگەی ئێكێ ماددە ئێكێ تەسویتە كر ئەوە ئێك لە سەدێ كەمتر بیت، ئەو بودجە گشتی هەموو حزبا ئەو بیت دەنگ نەهێنا، نوكە گەلەك داخواز كر ٦٠ ببنە ٣٠، ئەوا پێچەوانەیە تەبعەن ڤی تەسویتەیە، قەسدەن دەما هەن شتی قانونی هەبێ، وەختا تەسویتەكا دكەین موداخەلەیەت مە پێچەوانەی تەسویتە نەبن ئەڤە خالەك، خالەكا دی یەعنی ئەم بێژین ئەڤێت هەندێك مامۆستا باس كر دكتۆر شێركۆ جودت ئەمنیش پشتەڤانیا پێشنیارێت دكەم، یەدی ڤێگافێ ئەوە ١٠ رۆژە ئەڤ لیژنە یاسایی دەست بەكار بوویە ئەڤ پرۆژە هەنە هینااینە ئێرە، سەر هەندێش بێژن تەوافوقەكا فاركسیۆنییە هاتە كرن، ئەم لێرە حەزدكەین سەرۆكێت فراكسیۆنە پتر یەعنی وازح كەن سەر ڤێ بابەتێ، چونكە تەقریبەن بەو نەفەسە هاتوونە، كەئەنەما هاتیە پەسەند كرن، بەلاّم پێچەوانەی موداخەلاتە یەعنی وا دەبینم جۆرەك لە تەناقوز هەیە تەبیعیە لە پەرلەمان ئەو شتە هەبێت، بەلاّم واش نازانین كە ئێستا ئەگەر پەسەند بوو مەعنا سبەی یان مانگێكی تر یان دوو مانگی تر حكومەت مولزەم دەبێ، نەخێر دوێنێش چەند بڕیارێكمان دەركرد بۆ پێشمەرگە، وتمان لەكاتێ پێویستدا جێبەجێ بكرێت، ئەوەش زۆر شتێكی ئاساییە، تۆ ئیشی پەرلەمان بە یاسا دەربكە، دواتر حكومەت لەكاتی خۆیدا جێبەجێی دەكات، یەعنی كە جەنابتانیش ئاماژەتان پێكر، بەنیسبەت برگەی دووەم نووسراوە لە یەكم خولی پەرلەمانەوە كورسییەك كۆی ژمارەی كورسییەكان زیاد بكرێت، لەگەڵ ئەوەینە كە دەڵێت هەر حزبێكی كوردستانی، هەر خولێكی پەرلەمانی كورسییەك زیاد بكرێت بۆ هەر خولێكی پەرلەمانی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك انور فەرمووو.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سەرەتا لەوەوە دەست پێ دەكەم دیارە لە ٢٠ ساڵی رابردوودا كە بەسەدان یاساو بڕیار دەرچوون كە بەشی هەرە زۆریان سەقەت و خراپ بوون، بۆچی پرۆژە یاسای بودجەی ئەحزاب نەبوو؟ ئەوەی كە گرینگە لێرەدا ئەوەیە كە یاسایەك بۆ بودجەی ئەحزاب دەردەچێت، بەلاّم من لەگەڵ ئەوەم عەدالەتی تێدا هەبێ، نەك بەو شێوازەی ئێستا، لەكۆی ١٨٠ دەوڵەت لە جیهاندا ١٢٥ دەوڵەت راستەوخۆ كۆمەكی دارایی

دەبەخشنە پارتە سیاسییەکان، لە هەموو دونیا چەند پێوەرێك هەیە بۆپێدانی بودجەی حزبەکان، گرینگترینیان دوو پێوەرن، بەپێی ڕێژەی کورسییەکان کە ٣٦ دەوڵەت کاری پێ دەکات، بەپێی ڕێژەی دەنگدانیش ٥٤ دەوڵەت کاری پێدەکات، بەلاّم لەم پرۆژە یاسایە دا هیچ پێوەرێك بەکار نەهاتووە، من لە ماددەی دووەم برگەی یەکەم ٦٠ ملیۆن زۆر زۆرە، پێم وایە کەم بکرێتەوە، هەندێکیان باسی نیسبەتیان کرد بەشێوازێك بێت کە عەدالەتی زۆری تێدا بێت، برگەی دووەمیش لەگەڵ ئەوەم ئاخیر خولی پەرلەمانی حیساب بکرێت، چونکە ئەم یاسایە کە بەم شێوازە بڕوات هیچ پێوەرێکی لەبەرچاو نەگرتووە، کە دەڵێت کورسی بنەما بێت، برگەکانی دیکە لەگەڵ هیچیان نیم، هەموویان زیادن، ئەم پرۆژە یاسایە کە من پێشتریش لە لیژنەی یاسایی ڕەئیم وابووە کە دوا خول حیساب بکرێت، ٦٠ ملیۆن زۆرە و، بەڵگەکانیش هەموو بە دۆکیومێنت لای کاك ایوب سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ نووسراوە، دوا قسەشم ئەوەیە ئەم پرۆژە یاسایە بەم شێوازە تێپەڕێت پێم وایە یەکێك دەبێت لە هەشتەمین شتە عەجایبەکانی دونیا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە کورتی ئەوە دەڵێم وەرگرتنی بودجە لە رابردوودا کێشەی هەرە گەورەی بەوە هەبووە کە بە چەشنێك نادادپەروەرانە دابەش کراوە، نەك بەڕاستەوخۆ پەیوەندی هەبوو بێ بەوەی کە یاسایی بووە یان یاسایی نەبووە؟، بەڵکو کێشەی هەرە گەورەمان ئەوە بووە کە داد پەروەری تێدا نەبووە، من بە کورتی ئەوە دەڵێم وەرگرتنی بودجە لە رابردوو و کێشەی هەرە گەورەی پەیوەندی بەوە هەبووە کە بە چەشنێکی نادادپەروەرانە دابەش کراوە، نەك بە راستەوخۆ پەیوەندی هەبوو بێت بەوەی کە یاسایی بووە، یان یاسایی نەبووە، بەڵکو کێشەی هەرە گەورەمان ئەوە بووە کە دادپەروەری تێدا نەبووە، خودی ئەم پرۆژە یاسایەش بۆ بەرقەرار کردنی دادپەروەرییە لە پێدانی بودجە بە حزبەکان، کە ئەمە بە خاڵێکی جەوهەری پرۆژەکە دەزانم.

سەبارەت بە مەسەلەی تەئجیل کردن، مادام زیاتر لە چەند مانگێکە ئەمە موناقەشە دەکرێت، هەموومان ئاگادارین لە لیژنە جیاوازەکان و فراکسیۆنە جیاوازەکان، پێموا بێت پاساوی ئەوە نەماوە کە ئێستا باس لە تەئجیل کردن بکرێت، چونکە دەکرا سێ مانگ لەمەوپێش، دوو مانگ لەمەوپێش ئەو پێشنیارەیان بکردایەو ئەو موناقەشەیان بکردایە، سەیرە لێرە پێشنیاری تەئجیل کردن دەکرێت، کە هەموو ڕێکارە یاساییەکانی خۆی بڕیوەو هەموو تەوافوقاتێکی لەسەر کراوە، ئەگەر قەرار بێت پێشنیاری جیاواز لەوەی کە لە پرۆژەکەدا هاتووە بکرێت، ئەوە من بۆ ئەوە پشتیوانی لە قسەکانی کاك عومەر عینایەت و کاك برزۆ

مەجیدو کاك بێستون فائق دەکەم، پەیوەندیدار بە پێوەر دانانی ژمارەی کورسی دوا خولی پەرلەمان، واتا ئەم خولەی پەرلەمان کە ئێمە تێیداین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك کمال یلدا فەرمووو.

**بەڕێز کمال یلدا مرقوز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە قسە لەسەر بودجەی حزبەکان دەکرێت، ئەکید زۆربەی حزبەکان خاص بودجەی خۆیان هەیە.

یەکەم/ من پشتگیری دەکەم لە هەموو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، کە وا باسیان کرد لەسەر کەم کردنی ڕێژەی کورسیەکان.

دووەم/ کێشەکە هی خۆمانە لە خاڵی حەوتەم، لە ماددەی دووەم دەڵێت (لە کاتی هاوپەیمانی نێوان دوو پارت، یان زیاتر لە پرۆسەی هەڵبژاردن و سەرکەوتنی ئەو پەیمانە بۆ پەرلەمان، دەبێت بودجەی دیاری کراو دابەش بکرێت بەپێی دەنگەکانی لیستەکانی پارت، پارتەکانی ئەو لایەنانە، تا ئەو لایەنانەی سەرکەوتوو نەبێت و کورسی پەرلەمانیشی نەبێت) بۆ ئەوەی ئەو کێشەی نێوان کۆتاکان حەل بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ئەبو بکر هەڵەدەنی فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله(ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم دەتوانم بڵێم جەوهەری ئەم پرۆژە یاسایەیە، لەبەر ئەوە ئەگەر ئێمە لێرە بگەینە ڕێککەوتن، پێموایە ماددەکانی تر بە ئاسانی بەڕێوە دەچێت، ئیجابیاتی ئەم پرۆژەیە ئەوەیە کە خزمەت بە پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی و هەم شەفافیەت و هەم دادپەوەریش دەکات، بەڵام ئەگەر بەم پێوەرانە بێت کە لێرە دانراوە لەگەڵ ئەو سێ خاڵەدا، پێویستە ئێمە کاری حزبایەتی لە کوردستاندا بەگەڕێنینەوە سەر ڕێڕەوی ئاسایی خۆی، حزبایەتی کۆبوونەوەو گردبوونەوەیەکی خۆبەخشانەو تەتەوعییە، نەك لە کوردستاندا کە کراوەتە وەسیلەیەکی کەسابەت و خۆژیاندن، ئەم حزبانە لە کوردستاندا بە حزبەکەی خۆشمەوە ئەم هەموو مەقرو بارەگایانە بەم هەموو سەتەلایتانە، ئەم هەموو کەناڵ و ڕاگەیاندنە لۆکالیە کە درێژەی هەیە بەشێکی ژیانی گشتیشیان تێکداوە لەڕاستیدا، لەم ڕوانگانەوە درێژە بەم کارانە دەدرێت، بۆیە من لەڕاستیدا ئەم پێوەرانەی کە دانراون هەمان دۆخی نا ئاسایی لە رابردوودا درێژە پێ دەدات.

بۆیە من لەگەڵ خاڵی یەکەم و دووەمدام، بەڵام خاڵی پێنجەم و شەشەم بەڕاستی پێم باشە لابرێت، ئێمە ڕێزمان هەیە بۆ حزبە سیاسییەکانی کوردستان لە پێش ڕاپەڕین، ئێمە خۆمان و نەوەکانمان تا قیامەت مەمنوونی ئەوانین، بەڵام ئەم حزبانە (٢٣) ساڵە بەناوی پێش ڕاپەڕینەوە بە هەزاران کەسیان خانەنشین

کردووە، هەمووی بیست هەزار پێشمەرگە نەبووە، ئێستا زیاد لە (١٠٣) هەزار پێشمەرگەی خانەنشین هەیە، هەمووی سەد ئافرەت لە کوردستان پێشمەرگەی شاخ نەبووە، سی هەزار ئافرەت بەناوی پێشمەرگەی شاخەوە مووچە وەردەگرێت، ئەمانە خەڵکیان خانەنشین کردووە، شەهیدە سەربەرزەکانیشیان ئەوە مووچەیان بۆ بڕاوەتەوە، بەشێکی تریشیان زیندانی سیاسین، بەشێکی تریشیان کەمئەندامی سەنگەرن، لەبەر ئەوە ناکرێت ئێمە دوای (٢٣) ساڵ درێژە بەم دۆخە بدەین..........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە وەرەوە سەر ماددەی دووەم.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله(ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر ماددەی دووەمە، حزبێکی سیاسی دوای (٢٣) ساڵ خۆی رێك نەخاتەوە لەگەڵ ئەم دۆخەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، ناکرێت لەسەر رابردوو درێژە بەم دۆخە بدات، سکرتێری حزبی سیاسی هەیە لە کوردستان ئەو رۆژەی سێ سەد ملیۆنەکەی وەرگرتووە رێك بردیتیەوە بۆ ماڵەوە، زەمانەت چییە ئەمانە دەدرێت بە خەڵك و بە حزبەکانی خۆیان؟ لەبەر ئەوە بۆیە من بە هیچ شێوەیەك بەڕاستی لەگەڵ ئەو پێوەرانە نیم، جگە لە پێوەری یەکەم و دووەم، داواکارم کە خاڵی هەشتەمیش بمێنێتەوە بەنیسبەت کۆتاکان، بەڵام خاڵی پێنجەم و شەشەم بەڕاستی هەڵبگیرێن.

لەلایەکی تریشەوە خەڵکی کوردستانە نمرەی داناوە بۆ هەموو حزبە سیاسیەکان چ هی دوای راپەڕین، چ هی پێش راپەڕین لە رێگەی پرۆسەی دەنگدانەوە، بۆیە لە غەیری پێوەری دەنگدان و کورسی هیچ پێوەرێکی تر لەڕاستیدا نابێت حیسابی بۆ بکرێت، چونکە پێوەرەکانی تر بەڕاستی لە رابردوودا خوێندراونەتەوەو بەشێکی زۆری ئەو ئیشکالاتانە حەل بووە، ئەو حزبە سیاسییە بەڕێزانە ئەندامەکانیان یان خانەنشینن، یان بەشێکیان شەهید بوون، شەهیدی سەربەرزن، یان بەشێکی تریشیان ئێستا کەمئەندامی سەنگەرن، یاخود زیندانی سیاسین، لەبەر ئەوە ناکرێت بەناوی رابردووەوە ئەم بودجە زەبەلاحە بۆ خۆیان بەرن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، قسەکانی خۆت دووبارە مەکەوە کاك ئەبوبکر، کاك رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

من دوو سەرنجی بچووك دەدەم، پێش ئەوەی بچمە سەر بڕگەکانی ماددەی دووەم، بەڕاستی لە یاسای ئەحزاب لە سەرەتای ساڵی نەوەتەکان لەوێ هاتووە کە بودجەی حزبە سیاسییەکان بە یاسا رێك دەخرێت، دوای ئەوەندە ساڵە کە ئێستا لەم خولەی پەرلەمانەدا ئێمە بودجەی حزبە سیاسییەکان بە یاسا رێك

دەخەین مەعقول نییە خۆمان بیشکێنینەوە، ئەو دەستکەوتەی پەرلەمان، حەقە هەموو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان کە لە ژێر سەقفی ئەم پەرلەمانەدا کۆبووینەوەو شانازی پێوە بکەین، نەك بۆ خۆمان ئەو دەستکەوتەی خەڵك کە ئێمە ئێستا سەرقاڵی داڕشتنین بیشکێنین.

ئینجا سەبارەت بە سروشتی یاساکە کە من خۆم لە پرۆسەی موفاوەزاتەکە بووم، یەعنی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان، شتێکی عەیب نییە یاسا بۆ ئەوە دەربچێت کە بگونجێت لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی وڵاتەکەی خۆت، کورد جوانی گوتووە دەڵێت (بەردی زل نیشانەی نەوەشاندنیەتی)، بۆ خۆی جارێ هەر ئەوەی ئێمە کە بودجەی ئەحزابە بە یاسا دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ گەلەکەمان، بۆ پرۆسەی سیاسی لە کوردستان، ئینجا بۆ خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان، ئێمە زیاتر لە مانگێکە لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی و سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکان لە گفتوگۆ و موفاوەزات داین، حاڵەتێکی سروشتییە، بۆ نموونە هێزێکی سیاسی موراعاتی بکرێت، هێزێکی سیاسی رابردووی سیاسی لەبەرچاو بگیرێت، دواجار صیغەیەکی قانونی بۆ بدۆزینەوە کە ئەو بارودۆخەی بۆ دابڕێژین، ئەم یاسایەش دواجار هەم سروشتی یاساکە وایە، هەموار دەکات کە چوار ساڵ ئیشی پێ دەکرێت، ئێمە ئەگەر توانیمان دواجار بودجەی حزبەکان بە یاسا بکەین، بە تەئکید هەموو پەرلەمانتارانیش لەگەڵ ئەم سەقفە هەموو فراکسیۆنەکان سەرنج و رەخنەی خۆمان هەیە................

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بۆ ئێرە کاك رابوون.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوای لێبوردن دەکەم مایکرۆفۆنەکەی خۆم سەقەت بوو، کەواتە بە تەئکید من بۆ خۆم پێموایە پەرلەمانتارانی خولی چوارەمی پەرلەمان پێویستە هەر هەمووومان هەست بە شانازی بکەین، کە دوای ئەوەندە ساڵە بتوانین بودجەی ئەحزاب بە یاسا بکەین، ئەوە جارێ بۆ خۆی دەستکەوتێکی گەورەیە.

بابەتی ئەوەی کە بەشێك لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان سەرنجیان وایە مەسەلەن پارەکە کەمە، هەندێك بەند هاتۆتەوە ناو لە هیچ یاسایەکی دونیادا نییە، ئەمانە هەمووی حاڵەتێکن ئێمە بۆ خۆمان هەر کوردستان وڵاتەکەمان لە بارودۆخێکی نائاسایی دایە، یەعنی حاڵەتێکی سروشتییە دواجار لە فەترەیەکی پەڕینەوەین بۆ ئەوەی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییە سیاسییەی خۆمان بە یاسایی بکەین و پشتیوان بە خوای گەورە یاساکانیشمان باش بن، بەڵام ئێمە پێمانوایە ئەمە سەرەتایەکی زۆر باش دەبێت سەرەڕای کەموکورتیەکانیش، بۆیە من بۆ خۆم تکا دەکەم هیوادارم لەم بارودۆخە هەستیارەو، لە هەستیاری هاوسەنگییە سیاسییەکان تێ بگەین و دواجار بتوانین ئەم یاسایە پەسند بکەین.

بابەتێکی تر هەیە، کە سەرنجە بۆ لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی، ماددەی دووەم لە بڕگەی پێنجەم من تێ ناگەم، بۆ ئەوەی پەرلەمانتاران ئایدیایەکی وازیحیان هەبێت، من خۆم پێموایە شتێکی تەبیعییە، من بۆ

خـۆم لـه موفاوەزەكـەدا بـووم بەنـد هـەبووە دامانڕشـتۆتەوە بـۆ یـەك حزبـی سیاسـی، كـە مـن بەلامـەوە سروشـتییە، قەیـدی چـی دەكـات كـە حزبێكـی سیاسـیە بەشـێكە لـە پرۆسـەی سیاسـی، بـۆ ئـەوەی جۆرێـك تەوافوق دروست بكەین و بنكەیەكی فراوانی هەبێت ئەم یاسایەی كـە دروسـتی دەكـەین، ئـەویش پەسـندی بكات بۆ ئەوەمان دارِشتۆتەوە، یەعنی ئەوە راستیە من پێشموا نییە نەنگی بێت ئەو حاڵەتە.

بابەت هەیـە لەبـەر كۆتاكـان دامانڕشـتووە، بـۆ ئـەوەمان دارِشـتۆتەوە، بـۆ ئـەوەی كۆتاكـان رازی بكـەین، بـۆ ئەوەی برا توركمانەكان و بـرا مەسـیحیەكان بـە ئاشـووری و كلدانیـەوە لـە كـەركووك و لـەو ناوچـانەی كـە ئینشائەڵلا دێنە سەر كوردستان هەست بكەن بەشێكی پەسند كراو و رێز لێگـراون لـە كوردسـتانی داهـاتوو، لەبەر ئەوە وامان دارِشتۆتەوە، بۆیە من پێموایە بابەتێكی سروشتییە ئەوە.

بابەتێك هەیە بۆ لیژنەی دارایی و یاسایی، پێشـنیارمان كـرد بـوو كـە لـە دەرەوەی بودجـەی ئـەحزاب هـیچ حزبێكی سیاسی و دەزگاكانی پارەی پێ نەدرێت، بۆ ئەوەی فیعلەن بودجەی حزبەكان جێی خۆی بگرێت و بچێتە سەر خێری خۆی.

بابەتێكی تر ئەویشمان پێشنیار كرد بوو، هەندێك نەریت هەبووە لە خولەكانی پێشوودا روویـداوە، یـاخود خـوا نەخواسـتە دەكرێـت روو بـدات، ئـەویش ئـەوەی پـارە بـۆ حزبـی سیاسـی و ئـەو كیانەیـە كـە دەچـێتە ئینتیخاباتـەوە، نـەك بـۆ خـودی پەرلەمانتارەكـە، هیـوادارم ئـەوەش لـە یاسـاكەدا جێـی بـۆ بكەنـەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو بەهار عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەم پرۆژە یاسایە بە ئیتیفاقی سەرجەم فراكسیۆنەكان كراوە، بەڵام ئـەوەی كـە جێگـەی سـەرنجە لـە قاعەی پەرلەماندا دەبینیرێت كە سەرجەم فراكسیۆنەكان موخـالیف ئـەو ئیتیفاقـەی خۆیـان قسـە دەكـەن، بەراستی من سەرنجم لەسەر خاڵەكاندا هەیە، بەڵام مادام ئیتیفاقێك بووە ناكرێت بەو شـێوەیە ئێمـە بـێین سەر لە بەریشی تێك بدەین و سەر لەنوێ دیسانەوە لە كاتێكدا كە مەسەلەی ئیتیفاق شتێكی ئەخلاقیە.

سەبارەت بەو پێوەرانەی كـە دیـاری كـراوە، دیـارە یاسـای بودجـەی ئـەحزاب دەتـوانم بڵـێم لـە بەرژەوەنـدی كۆمەڵانی خەڵكەو، گەڕاندنەوەی بودجەیە بۆ خەڵكی، نەك ئەوەی كە حزبەكان ببنە بارێك، چونكە ئەگەر لە قۆناغەكانی پێشوودا نا شـەفاف بـووەو پێـوەر نـەبووە، ئێسـتا پێـوەر دیـاری دەكرێـت، ئێسـتا یاسـا رێكـی دەخات، ئێستا كەواتە لە بەرژەوەندی خەڵكی كوردستانە كە حزبەكان سنووردانی كردووە بەوەی كە دەبێت بە یاسا بودجە وەربگرێت، نەك بەپێی شتی تر، كە موخالەفەی قانون بێت.

پرسیارێك هەیە، دیارە هەنـدێك حزب هەن كـە مۆڵـەتیان پێـدراوەو مومارەسـەی كـاری سیاسـی دەكـەن، لـە ئێستادا هەن و لە داهاتووشدا پێ دەچێت حزبی سیاسی لـەو جـۆرەدا دروسـت ببێـت، بـە هـەر ئیعتیبارێـك

سەیری دەکەین ئـەم پێوەرانـەی کـە لێـرە دیـاری کـراوە دیـارە مەسـەلەی هەڵبـژاردن و کورسـی پەرلـەمانی کراوەتە تاکە پێوەر، بەلاّم چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو حزبانە بکرێت؟ ئەمە ئیشکالاتێکی قانونییە کە دروست دەبێت بۆ ئەوان، بۆیە من لەگەڵ ئەو پێشنیارەی کاك باپیر دام کە دەڵێت ئـەو پارتـە سیاسـییانەی مۆڵـەتی یاساییان هەیە......... با درێژەی هینەکە نەکەم، کە دەڵێت لە داهاتوودا رێـژەی لـە ٢٠٪ی دەنگـی پێویسـتی کورسی بەدەست بێنن، بـۆ ئـەوەی ئـەوانیش فـەرامۆش نـەکرێن و جێیـان بێتـەوە، بـەلاّم ئـەو خاڵەشـی بـۆ ئیزافە بکرێت کە بەڕێز کاك رابوون ئاماژەی پێدا لـە دەرەوەی یاسـای ئـەحزاب بودجـە بـە هـیچ حزبێـك نەدرێت، بۆ ئەوەی تەوازونێك لەنێوان هەردووکیان و ئـەو حزبانـەش هـەم ئـەوە بێـت و هـەم لـە دەرەوەی یاساش بودجە رێك نەخرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لەسەر پێشنیاری فراکسیۆنەکان سەعاتێك پشوو وەردەگرین، بەلاّم پێش ئەوە دەمـەوێت لـەوە ئاگادارتان بکەمەوە، کە خۆشبەختانە ئێستا کە ئێمە لە هۆڵی پەرلـەمان دانیشـتووین کێشـەی سـەرۆکایەتی کۆمار لە بەغدا چارەسەر کراوەو دەنگدانی لەسەر کراوەو بەڕێز دکتۆر فؤاد معصوم هەڵبژێردرا بە سەرۆك کۆمـاری عێـراق، لەڕاسـتیدا پیرۆزبـایی لـێ دەکـەین و هیـوای سـەرکەوتنی بـۆ دەخـوازین و پیرۆزبـایی لـە فراکسیۆنی سەوزی پەرلەمانی کوردستان دەکەین بەو بۆنەیەوە، جێی دڵخۆشییە کە توانرا بە تەوافوق ئەو کێشەیە لە بەغدا چارەسەر بکرێت، سەعات (٣) دەست دەکەینەوە بە کۆبوونەوەکەمان، بەڵێ کاك رابوون.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیاری کۆبوونەوەیەکمان کردووە لەنێوان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلـەمان و سـەرۆکایەتی لیژنـەی دارایی و سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی، هەروەها ئەم ناوە بەڕێزانە فراکسیۆنی زەرد چـوار کـەس کـە خۆیـان دیاری دەکەن، فراکسیۆنی سەوز چوار کەس کـە خۆیـان دیـاری دەکـەن، فراکسـیۆنی گـۆڕان چـوار کـەس کـە خۆیان دیاری دەکەن، فراکسیۆنی کۆمـەڵ دوو کـەس کـە خۆیـان دیـاری دەکـەن، فراکسـیۆنی یـەکگرتوو دوو کەس کە خۆیان دیاری دەکەن، هـەروەها بـەڕێز ابـو کـاروان و عبـداللە حـاجی محمـود و شـوان قـەلاّدزەیی و وحیدە خان و کاك یەعقوب و کاك ئایدن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموون.

## دانیشتنی دووەم

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بە ناوی خوایی گەورە و میهرەبان**

دانیشتنەكەمان بە ناوی گەلی كوردستانەوە ئەكەینەوە، جارێكی تر دەست پێ ئەكەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، كاك ایوب خولی چوراەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەكەم، خولی گرێدانی دووەم، دانیشتنی ژمارە ١٩، رۆژی دانیشتن ٢٠١٤/٧/٢٤، بەردەوام ئەبین لە سەر خاڵی یەكی بەرنامەی كار كە بریتی یە لە خستنەڕوو و گفتگۆ كردن لە سەر پرۆژە یاسای پێدانی بودجەی حیزبە سیاسییەكانی هەرێمی كوردستان، و راپۆرتی لیژنە پەیوەندی دارەكانی پەرلەمان سەبارەت بە پرۆژە یاساكە، بە پێ مادەكانی ٧٧،٧٤،٧٢ لە پێرەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە یەكی هەموار كراوی ساڵی ١٩٩٢ پەرلەمانی كوردستان عێراق، ئێستا داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەكانی پەرلەمان ئەكەین ئەو مادەیەی كە سیاغەیان كردۆتەوە و لەسەر بنەمای پێشنیاری هەندێك ئەندامانی پەرلەمان بخوینەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەرێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم :**

**بەرێز سەروكی پەرلەمان.**

**بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

مادەی دووەم : بودجەی تەرخان كراو بۆ حزبە سیاسییە مۆلەت دراوەكان بریتی دەبێت لە سەدا یێكی (١٪)ی بودجەی گشتی هەرێمی كوردستان، بەم پێوەرانە دابەش دەكرێت، یەكەم : كورسی پەرلەمان دەكرێتە بنەما و بەهای هەر كورسییەك مانگانە ٠،٣٧٥٠٠٠٠٠، دووەم : ژمارەی كورسییەكانی دوایین دوو خولی پەرلەمان بۆ هەر حزبێك كۆ دەكرێتەوە و هەر حزبێكی كوردستانی لە یەكەم خولی پەرلەمانەوە كورسییەكی بۆ كوی ژمارەی كورسییەكانی زیاد دەكرێ بە مەرجێك لە هەر خولێك دا ژمارەی كورسییەكانی لە چوار كورسی كەمتر نەبێت، سێیەم : هەر حزبێك بەشداری لە هەڵبژاردنی خولی بەردەوامی پەرلەمانی كوردستان كردبێت و كورسی بە دەست نەهێنا بێ، بەڵام رێژەی سەدا چل (٤٠٪) یان زیاتری دەنگی پێویستی كورسی بە دەست هێنا بێ، بەهای دوو كورسی بۆ هەژمار دەكرێ، چوارەم : هەر حزبێك بەشداری خولی بەردەوامی پەرلەمانی كردبێت و كورسی بە دەست نەهێنا بێ، بەڵام رێژەی سەدا بیست (٢٠٪) بۆ سەدا سی و نۆی (٣٩٪) پێویستی كورسی هێنا بێ، بەهای یەك كورسی بۆ هەژمار دەكرێ، پێنجەم : هەر حزبێكی بەشدار بووی لە خەباتی رزگاریخوازی كوردستان بە هەمان ناو كە خاوەن یەك كورسی بێ لە خولی بەردەوامی پەرلەمانی كوردستاندا دوای كۆ كردنەوەی ژمارەی كورسییەكانی خولی پێشوو، بەهای دوو كورسی كومەك دەكرێ، شەشەم : هەر حزبێك پێش راپەڕین بەشداری خەباتی رزگاری خوازی كوردستانی كردبێت و لە خولی بەردەوامی پەرلەمانەدا كورسی هەبێت نابێت لە ١٨٥٠٠٠ كەمتر وەربگرێت، حەوتەم : هەر حزبێك یان قەوارەیەكی سیاسی كە خاوەن كورسی كۆتاكانی خولی بەردەوامی پەرلەمانە، بەهای كورسیەكەی مانگانە ٥٠٠٠٠ بەدەر لە حوكمی برگەی یەكەمی ئەم مادەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم مادەیە ئەخەینە دەنگەوە کێ لە گەڵییەتی؟ موناقشەی ناکرێت لە بەر ئەوە موناقشە کراوە، کێ لە گەڵییەتی؟ بیژمێرین تکایە دەنگەکان بیژمێرین، ٧٥ کەس لە گەڵییەتی، کێ لە گەڵێ نییە؟ ١٠ کەس لە گەڵێ نییە، کەواتە پەسەند کرا، سەرۆکی فراکسیۆنەکان داوایان کردووە کە قسە بکەن، لە سەر ئەو ڕێکەوتننانەی کە کردوویانە، کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

لە بەر ئەوەی ئێمە لە رابردوودا باسێك هەبوو لەو وڵاتە، پێشتریش قسەمان دەربارەی ئەوە کرد، زۆر دەگوترا داهاتی ئەو وڵاتە بە نادادپەروەری دابەش دەکرێتن بە تایبەت بودجەی حیزبەکان یەکێك لەو باس و خواستە گەرمانە بووە کە قسە دەربارەی ئەوە دەکرا نادادپەروەری تێدا هەیە و هیچ پێوەرێك نەبووە، واتە باشترین پێوەر و بەرەو موئەسەسات بوونیش لە هەموو کارێك دا بە یاسایی کردنە، ئەمڕۆ ئێمە بە تەوافق فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان گەیشتنە ئەو نەتیجەی کە دەڵێین تەوافق واتە مەرج نییە تەواوی  قانونەکە بە دڵی هەمووومان بێت، بەڵام جێ پەنجەی هەمووومان تێدا بۆتەوە، جیێ رەئی و سەرەنجی هەمووومان تێدا بۆتەوە، بۆیە ئێمە لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان وەك چۆن باوەڕمان بەوە هەیە ئەو ریتمە تازەیەی حکومەتێکی بنکە فراوانی یە ك ڕیزی نیشتمانی هەیە و هەمووومان کۆ دەکاتەوە، لەو یاسایەش دا جێ رەئیەکانمان بێتەوە، لە گەڵی داینە و پشتگیری لێ دەکەین، لەوەش گرنگتر لە یاساکەدا ئەوەی کە بە لای ئێمەوە گرنگ بووە، گرنگ نەبووە چەند بە حیزبەکەی ئێمە دەکەوێ، گرنگ ئەوەیە پانتایی دیموکراسی تێدا جێگای بۆتەوە کە لە دەقەکەی دا ئەوە فرسەتە دەرخسێنیت جێ پانتایی دیموکراسی تێدا هەبێتن، دەعمێکی حزبەکە، ئورگانێکی گرنگی ناو کومەڵگای موجتەمعی مەدەنییە، و لە گەڵ ئەوەش دا بە ڕەچاو کردنی پێك هاتەکان، بۆیە ئێمە پشتگیری دەکەین و لە گەڵێ داین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا مەروان.

**بەڕێز حسین اسماعیل (مەڕوان گەڵاڵی) :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

بە راستی بە دەستکەوتێکی گەورە دەبینم کە پاش چەندان ساڵ بودجەی حیزبە سیاسییەکان بە یاسا رێك نەخرابوو کە ئێستا بە یاسا رێك بخرێتن، و قەناعەتیشم وایە کە هەر یاسایەك لە هەرێمی کوردستان دەربچێتن، لە پەرلەمانی کوردستان دەربچێتن، ١٠٠٪ بە دڵی هیچ لایەنێك نابێتن وەکو برای بەرێزم ئیشارەی پێ کرد، هەر کەسەکی بەشێکی خۆی تێدا دەبینێتەوە، و خاڵی سێیەمیش ئێمە وەك کۆمەڵی

ئیسلامی کوردستان رازین و پشتگیری ئەم یاسایەش دەکەین، و دەست خوشیش لە سەرجەم ئەندام پەرلەمانان دەکەین، دەستتان خوش بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا رابوون.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

من بۆ خۆم دڵنیام یەك پەرلەمانتاریش نییە لە ژێر ئەو سەقفەی پەرلەماندا، لە گوشە نیگای خۆی دا سەرنجی لە سەر ئەو یاسایە نەبێت، بەڵام تەبیعەتی ئیتفاقات وایە، من بۆ خۆم پێم وایە لە سەرەتای نەوەتەکانەوە کە ئێمە بە یاسای ئەحزاب دەڵێین دەبێ بودجەی حیزبەکان بە یاسا رێك بخرێ، بۆیە ئێمە هەنگاوێکی باشمان نا، بۆیە بە یاسا رێکی بخەین، من خۆم پێم وایە هەموو فراکسیۆنەکان، هەموو پەرلەمانتارانی ئەم هوڵە کە ١١١ پەرلەمانتارە، حەقی خۆمانە شانازی بکەین کە دوای جهودێکی زۆر، دوای ماندوو بوونێکی زۆر توانیمانە دوا جار بودجەی حیزبەکان بە یاسا بکەین، تەئکید دەکەمەوە هەر ١١١ ئەو پەرلەمانتارانەی لە ژێر ئەو سەقفەی‌ن شایستەی ئەوەین بۆ دەرچوونی ئەو یاسایە شانازی بکەین، و ئێمە لە پشتین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ابوبکر هەڵەدنی.

**بەڕێز ابوبکر عمر ((ابوبکر هەڵەدنی)) :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

تا ئێستا لە ٢٣ ساڵی رابردوودا بۆشاییێکی زۆری هەبووە کاتێك کە یاسای ئەحزاب ساڵی ٩٣ دا دەرچووە، و داوای ئەوە ئەکەن بوجەی حیزبەکان بە یاسا رێك بخرێ، ئێمە ئەمڕۆ ئەم یاسایە بە دەست کەوتێکی گەورە ئەزانین بۆ خەلکی کوردستان، و ئەم یاسایە بە تەوافق و رێك کەوتنی نێوان لایەنەسیاسییەکانی کوردستان دەرکراوە کە ئەکرێ لایەنێکی سیاسی تێبینی لە سەر هەندێك بڕگە هەبێ، بەڵام لە کۆی یاساکە پێمان وایە دەعمی پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی ئەکا لە کوردستاندا لە بنەماکانی شەفافیەت و دادپەروەری تا رادەیەکی باش بە رەچاو کراوە، بۆیە ئێمە پشتگیری لە دەرچوونی ئەم یاسایە ئەکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتور شوان قەڵادزەیی.

**بەڕێز شوان عمر مصطفى ((د. شوان قەڵادزەیی)) :**

**بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان.**

خۆی لە خۆی دا یاسایەکە ئەو فەوزایە کە لە رابردوودا هەبووە چارەسەری کردووە، ئینجا گەشەی فرەحیزبی و پێکەوە ژیان لە کوردستاندا بە هۆی ئەو یاسایەوە تا رادەیەك سیمای سیاسی لە کوردستاندا جوانتر کردووە، بەڵام ئەو پێشنیارانەش کە بەیانی پەرلەمانتارەکان خستیانە روو، بە راستی پێویست بوو حیسابی بۆ کرابایە، خاڵێکی تریش هەندێك پەرلەمانتاران قسەیان کردبوو کە ئێمە لێرە نەوعێك قسە دەکەین لە دەرەوەش نەوعێکی تر.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتور تکایە وەڵامی کەس مەدەرەوە.

**بەڕێز شوان عمر مصطفى ((د. شوان قەڵادزەیی)):**

تکایە کەمێك موساعەدەم بکەی، ئێمە لە یەك لیژنە داکۆکشیم کردبێ کەوا حیزبەکەی من دەیەوێ ئەوەندە بودجەی هەبێت، لە سەر یەك قائیمەش کە ئیمزام کردبێ تەحەدا دەکەم یەعنی، بەڵام لە گەڵ ئەوەش دا، لە گەڵ ئەوە دام بە راستی شەست ملیون زۆرە با حیزبەکەی من زەرەر بکا، ئەو بودجەیەی کە پێشتریش گوتم بە هەدەر درایە، هەر ئێستا بە یاسا بە قانونێکی موحتەرەم دابەش کرایەوە بە سەر حیزبەکاندا، و بە راستی ریز کردنی ئەو هەموو کورسیانە بە دوو خول و سێ خول و ئەوانە یەعنی هیچ عەدالەتێکی تێدا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە دەست خۆش، کاك عبد الله.

**بەڕێز عبد الله حاجی محمود :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ زۆر سوپاس، تەبعەن حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشتر کە بودجەی دا بە حیزبەکان، ئەو حکومەتە هەڵبژاردەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بووە، لە پەرلەمانی کوردستان متمانەیان وەرگرتووە، بۆچوونی من ئەوەی پێشووش هەر یاسایی بووە، بەڵام فەزایەکی دیموکراسی و تێگەیشتنی دیموکراسی وەکو ئێستا نەبووە کە پێکەوە کۆك بین کە ئەو یاسایە رێك بکەن، ئێستاش کە کۆبووینەوە لە سەر ئەوە کە ئەم یاسایە دەربکەین و ڕاو بیرو بۆچوونەکانی هەموو فراکسیۆنی تێا بوو، دوای گفتوگۆیەکی زۆر و بە پەسەند بوونی هەموو لایەك و بە هاوکاری سەروکایەتی پەرلەمان و لیژنە پەیوەندارەکان کە سوپاسییان ئەکەین کە زۆر ماندوو بوون، و ئەمە مایەی شانازییە بۆ هەموو لایەکمان، تەمەننا ئەکەین لە داهاتوو دا بتوانین پێکەوە یاساکانی تریش رێك کەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ابو کاروان قسەت هەیە؟

**بەڕێز عبدالرحمن فارس ((ابو كاروان))؛**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

من دیسان تەئكید ئەكەمەوە كە پێشتریش بودجەی ئەحزاب بە نە یاسایی نەبووە، لە بەر ئەوەی یاسای ئەحزاب دەست نیشانی ئەوەی كردووە. ئەنجومەنی وەزیران خۆی بودجە دیاری ئەكا، بۆیە لە گەڵ ئەوەم و ئەوەی ئەمڕوش كرا، بەڵام هەموو لایەك قەناعەتی پێیەتی ئێمەش لە گەڵین و پیرۆزبایی لە هەموو لایەك ئەكەین و دەست خۆشی لە لیژنە پەیوەندیدارەكان و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان و سەروكایەتی پەرلەمان ئەكەین بۆ دەرچوونی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك باپیر قسەت هەیە؟ كاك ابوبكر تكایە وەڵام مەدەرەوە، كاك باپیر قسەت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز باپیر كاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

من قسەم لە سەر یاسایەكە بە شێوەیەكی گشتی هەبوو، دیارە ئەوە تێپەڕێنرا ئەوەی مادەی دووەم، كە سی ئەندام پەرلەمان زیاتر گوتمان پێشنیارمان كردبوو دوو بڕگە زیاد بكرێ، بڕگەیەك تەعدیل بكرێت، بڕگەیەكیش زیاد بكرێ، هیچ حسابی بۆ نەكرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خرایە دەنگەوە، ٧٥ كەس دەنگی پێدایە.

**بەڕێز باپیر كاملا سلیمان:**

ئینجا عەرزت كەم ئەوەی خرایە دەنگەوە قسەمان لە سەر نییە، بەڵام ناكرێ با یەك و دوو وەها بێت، لە شوێنێك سێ ئەندام پەرلەمانن، ئەندام پەرلەمانێك پێشنیارێك دەكات بە نەزەر ئیعتبارێك دەخرێتە دەنگدانەوە، بەڵام لە شوێنێكی تر ناخرێتە دەنگدانەوە، ئەوە تەنها وەكو بەڕێوە بردنی، بەڵام لە یاساكە با لە سەر یاساكە قسە بكەین، یاساكەش ئێستا پێم وایە كەلێنێكی ئەو بڕگەیەی كە گوتمان ئەوە وەڵام بۆ نابێت، بەڵام چاكتر لەوەی كە پێشتر رەنگە بە كار خرابێت، بەڵام ئێستاش كامل نییە، بە رای من پاش شەش مانگی تری كە تووشی هەموار كردنی دەبین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، برادەرانی كلد و ئاشور، وەحیدە خان فەرموو.

**بەڕێز وەحیدە یاقۆ هرمز:**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

سوپاسیا هەمی فراكسیونا دكەین، و سوپاسیا لیژنەی یاسایی و دارایی دكەین، ئەو تەعدیلا هاتە كرن بڕگا حەفت سەبارەت كۆتا و تەعدیل كرنی دوو كورسی مقابل ئێك كورسی، چونكی خەلەتی هەبین، زۆر سوپاسیا وە دكەین، مازال ئیتیفاق هاتە كرن ئەم ژی دگەل وەینە ان شاء الله، سەركەفتی بن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، برادەرانی توركمان، منی خان فەرموو.

**بەڕێز منی نبی(قەهوەچی) :**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

سەرەتا دەست خۆشی لیژنە پەیوەندداران دەكەین، بۆ ئامادە كردنی ئەم راپۆرتە و ئێمە هەروەكو فراكسیۆنە توركمانەكان پشتگیری ئەو پرۆژە یاسا دەكەین، پیرۆزبایی لە سەرجەم هەرێمی كوردستان دەكەین، و هیوادارین ئەو حزبانەی لە دەرەوەی پەرلەمان ماون حكومەتی هەرێمی كوردستان هەماهەنگیان لە گەڵدا بكات، بۆ ئەوەی ئەوانەش بێ بەش نەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو بێگەرد فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شكر الله :**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

دیارە ئەمڕۆ پەرلەمانی كوردستان بە ئەركێكی تەشریعی خۆی هەستاوە لە دەرچوواندنی یاسایەك بۆ رێك خستنی بودجەی ئەحزاب و تەمویل كردنی حیزبە سیاسییەكان لە هەرێمی كوردستاندا كە هەمووومان باش دەزانین لە زۆربەی هەرە زۆرەی وڵاتانی دونیادا كاری پێ دەكرێ، بۆیە لە راستی دا ئێمە وێڕای تێبینیمان لە سەر كاتی دەرچوواندنی یاساكە لە دۆخێكی و قەیراناوی كە ئەمڕۆ هەرێمی كوردستانی پێدا تێپەر دەبێ، و لە هەمان كاتیشدا لە سەر كۆمەڵێك مولاحەزاتی قانونی لە سەر موحتەوای یاساكە، بەڵام لە راستی دا ئێمە فراكسیۆنەكەمان رێز لەو تەوافقە دەگرین كە لە بەینی فراكسیۆنە جیاوازەكانی ناو پەرلەمانی كوردستان كراوە، و پابەندین بە تەوافقەكەمانەوە، و لێرەشەوە پیرۆزبایی لە خەڵكی كوردستان دەكەین، و ئومێد دەكەین كە لە مەو دوا ئەو برە پارەیەی كە تەمویلی ئەحزابی پێ دەكرێ لە هەرێمی كوردستاندا وەك چۆن ئێستا یاسایەكمان بۆ دەر كردووە، لە هەمان كاتدا ئەم یاسایە لە گەڵ ئەو دۆخانەی كە بەر سەر هەرێمی كوردستاندا دێن لە هەر قەیرانێك دا قابیلی ئەوە بێت حكومەتی هەرێمی كوردستان كەمی بكاتەوە بۆ ئەوەی كە تەئسیر نەكاتە سەر داهاتی هەرێمی كوردستان و، دووبارە سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەمەوێ بەرێزان هەموو ئەندامانی پەرلەمان ئەمەوێ لەوەش ئاگادار بكەمەوە كە بە پێێ ئەو گفتوگۆیانە كە ئەنجاماندا لە گەڵ سەرۆكایەتی فراكسیۆنەكان و لە گەڵ لیژنە پەیوەندیدارەكان گەیشتنە ئەو رێكەوتنەش كە لە گەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستان قسە ئەكەین، بۆ ئەوەی صەرف كردنی بودجەی حیزبەكانیش تا باری دارایی هەرێمی كوردستان ئاسایی ئەبێتەوە، لە چوار چێوەی سیاسەتی تەقەشوف بێ، واتە هەر وەكو چۆن ئێستا لە چوار چێوەی سیاسەتی تەقەشوف خەرجییەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان كەم كراوەتەوە، مووچەی وەزیر و ئەوانەی بە پلەی وەزیرن نیوە ئەدرێ، بە هەمان شێوە مامڵە

لە گەڵ حیزبە سیاسییەکانیش بکرێ، لێرە ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان هەوڵی ئەوە نادات بودجە بۆ حیزبە سیاسییەکان زیاد بکا، بەڵکو هەوڵی بە یاسایی کردنی ئەدا، بەڵام تا ئەو کاتەی دۆخی هەرێمی کوردستان ئاسایی ئەبێتەوە، ئەوە بە دڵنیاییەوە ڕەچاوی باری دارایی هەرێمی کوردستان ئەکرێ و لە چوار چێوەی سیاسیەتی تەقەشوف مامەڵە لە گەڵ ئەو پرسە ئەکرێ، داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەکان ئەکەین کە ماددەی سێیەم بخوێنەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆ لە سەری بکەین.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید :**

ماددەی سێیەم : حیزبەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە بێ بەش دەکرێن لە بودجەی ساڵانە، لە حاڵەتی هەڵوەشاندنەوە یان سەرپێچی کردن لە حوکمەکانی یاسای ژمارە ١٧ ساڵی ١٩٩٣ هەموار کراو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کێ قسەی هەیە لە سەر ئەم ماددەیە؟ فەرموو کاك شوان نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز شوان احمد :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

من لە کاتی قسە کردنەکانی خۆشم کە دەرفەتم پێدرا، باسم کرد ئەگەر تەوافق و ئیتیفاقی لە سەر کرایە با نەبێتە دەنگدان و گفتوگۆ نەکرێ، لە بەر ئەوەی لە سبەینێیەوە دانیشتووین هەر نەتیجەیەك هەبوو وەکو خۆی مایەوە، بۆیە پێم باشە گفتوگۆ نەکرێ مادام بە تەوافوق بدرێتە دەنگدان و کۆتایی پێ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با قسەکان ئەگەر هەر قسەیەك هەبێ با بکرێت کێیە، کێ نییە؟ کاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود مراد علی :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

لە راستی دا من تەئیدی بۆچوونەکەی کاك شوان ئەکەم، لە بەر ئەوەی لە ماددەی دوو دەیان بیرو بۆچوون خرایە بەر دەست، دوایی نەخرایە دەنگدانەوە، لە ئێستادا مادام تەوافوقی هەموو لایەنەکانی لە سەر کراوە و لیژنەکانیش گفتوگۆی خۆیان کردووە، راستەوخۆ هەموو ماددەکان یەك بە یەك بخرێتە دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابیشت، ئەگەر ئەو رایەی کە لیژنەکە خوێندیەوە پەسەند نەکرایە، ئەو کاتە ئەگەڕاینەوە سەر ئەو رایانەی کە ژمارەیەك لە پەرلەمانتاران پێشکەشیان کردبوو، هەر رایەك کە لە لایەن پەرلەمانەوە پەسەند بکرایە، ئەوە پەسەند دەکرا، بەڵام لە سەرەتاوە ئەو ئیتیفاقە کرا ئەو رایەی بخەینە دەنگدانەوە، ئەوەی زۆرینەی هێنا، ٧٥ دەنگی هێنا کە نێزیکی دوو لە سەر سێی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانە، کەواتە هیچ رایەك فەرامۆش نەکرایە، رای زۆرینەی پەرلەمانتاران لە بەر چاو گیرا، نوقتەی نیزامی کاك باپیر؟

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

جەنابت دەڵێت بۆ خۆی ئەصلی پرۆژەکە هەیە پێویست ناکا، رایەکی تازە ئەگەر ببێ بیخەنـە دەنگدانـەوە، کە پشتگیری لێ هەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك باپیر پێم وا بێت دوێنـێ و پێـرێش چـەند جـار دووبارەمـان کـردەوە، لـە هـەر بابـەتێك تـەنیا یـەك را هەبوو، و یەك رای زیادە هەبوو ئەیخەینە دەنگدانەوە ئەو رایە، بەڵام ئەگەر بۆ بابـەتێك سـێ را هـەبوو لـە سەر ماددەیك ئەوا لە پێشا ئەصلی پرۆژەکە ئەیخەینە دەنگدانەوە، چونکە ئێوە خۆتـان دەنگتـان لـە سـەری دا، ئەوەتان کرد بە بنەما بۆ وتووێژ کردن، بەرێز رابون توفیق فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

چەند بابەتێك هەبوو لە نێوان فراکیسۆنەکانی و ئیتیفاقیان لە سەر بوو، تەسهیلاتێکی زۆرتـر بـۆ یاساکە دەکەن، پێم باشە ئەگـەر لیژنـەی یاسایی و پەرلـەمانتاران رەزامەنـدی بفـەرموون لـە شـوێنیکی مناسـب دا جێگای بۆ بکرێتەوە، یەکێك لەوانە کە ئیتیفاقمان لە سەر کرد ئەوە بوو کە بودجە مۆرکی حیزبی بەشدار بووی هەڵبژاردنی پەرلەمانییە، نەك پەرلەمانتارەکە، و بە جێ هێشتنی پەرلـەمانتار لـە فراکسـیۆنێکی بـۆ فراکسیۆنێك تر یان سەربەخۆ بودجەکان گۆرانکارییان بە سەردا نایـەت، بودجـەی دیـاری کـراو، پێشـنیاری دووەم بودجەی قەرار دراو بـە گوێرەی ئـەم یاسایە تـەنها سەرچـاوەی حیزبـە سیاسـییەکانە، واتـە حیزبـە سیاسییەکان نابێ لە سەرچاوەیەکی ترەوە بۆنا سەرچاوەیەکی تر لیژنە یاساییەکان باشتر رێك دەخەن پارە وەربگرن، ئەم دوو پێشنیارە بوو ئێستا پێم باشە لیژنەی یاسایی قسەی لە سەر بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی کاك محمود؟

**بەڕێز محمود عمر صالح سعید:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

راسـت کردنەوەیـەکی رێزمـانی پـێم وایـە (ئـەم حیزبانـەی ئـەم یاسـانە دەیانگرێتـەوە،) (بودجـەی ئـەو حیزبانەی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە)، نەك (حیزبەکانی ئەو یاسایە دەیانگرێتەوە).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئەوە لە سیاغە چاك دەکرێتەوە کاك محمود، بەرێز کاك تحسین دوڵەمەڕی.

**بەڕێز تحسين اسماعيل دوڵەمەڕی :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

منیش هەر بۆ سیاغە دابووم بە کاك علی، ئەگەر دەتانەوێ دەیانخوێنمەوە، ئەگەر نا لای کاك علی هەیە، سیاغەکەم چاك کردووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بیخوینەرەوە، فەرمو.

**بەڕێز تحسين اسماعيل دوڵەمەڕی:**

حیزبەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لە کاتی هەڵوەشانەوە، یان سەرپێچی کردن لە حوکمەکانی یاسای ژمارەی ١٧ ساڵی ١٩٩٣، هەموار کراوی حیزبەکان، لە بودجەی ساڵانەی بێ بەش دەکرێن، واتە ئەمە دەکەێتە ئەخیرەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئەوە بۆ سیاغە زۆر چاکە، فەرموو کاك سۆران عمر.

**بەڕێز سۆران عمر سعید احمد:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

مادام لە یاساکە ئەوە چەسپی کە بنەمای مامەڵە لە گەڵ بودجەی ئەحزاب، بە مەقعەدی پەرلەمانییە، پێشنیار ئەکەم ئەوە بچەسپێ کە لە گواستنەوەی ئەو مەقعەدە پەرلەمانییە لە فراکسیۆنێکەوە بۆ فراکسیۆنێکی تر یا واز هێنانی مەبلەغی مەقعەد نەبا لە گەڵ خۆدا واتە پشتیوانی کاك رابوون ئەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ابوبکر هەڵەدنی فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر ((ابوبکر هەڵەدنی)):**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

لە مەرجەکانی یاسای ئەحزاب دا هاتووە کە ئەبێ حیزبی سیاسی کۆمەڵێك ئەرك و مەرجی بە سەرا دانراوە کاتێك کە موڵەت ئەدرێ، ئەگەر حیزبێکی سیاسی ئەو مەرجانەی جێ بە جێ نەکرد، بۆ نموونە تا کو ئێستا لە کوردستاندا لە ناو یەکە عەسکەری و سەربازی و هێزەکانی پێشمەرگە و حیزبە سیاسییەکان یەکەی رێك خستنیان هەیە و ئۆرگانی رێك خستنیان هەیە، لە بەر ئەوە هیوادارم ئەو یاسایە وەکو خۆی جێ بە جێ بکرێت، و پەرلەمانی کوردستان بە دوا داچوون بەو مەرجانە بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

رای لیژنە پەیوەندیدارەکان لە سەر ئەو پێشنیارانەی هەبوون؟ فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی حەمە صالح :**

سەبارەت بەو پێشنیارانەی کە کاك رابون ئاماژەی پێدا، یەکێکیان ئەکرێ لە ماددەی شەشەم جێ بکرێتەوە، ئەو یاسایە لە ٢٠١٤/١/١، ئەچێتە بواری جێ بە جێ کردنەوە، بەڵام مەرج نییە پارەیان بێت، کەی بودجەی ئەحزاب دابەش کراوە سەر لە نوێ ئەمە وەك پێوەر وەرگرت، چونکە بە پێی ئەوەی کە لەو کاتەوە بودجە دابەش کرا، ئەوەی تریان من نازانم لە رووی یاساییەوە لە کوێ جێ بە جێ بکرێت؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارانەی کە باس کراوە پێشتر لە ماددەی دوو ئەکرا، مادام پێشنیارەکانی ماددەی دوو هیچی نەخرایە دەنگدانەوە، ئەبێت ئەویش نەخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا ماددەی سێ وەکو خۆی بە دەستکاری کردنی سیاغە و لە رووی سیاغە دوایی رێك ئەخرێتەوە، کێشەمان نییە، لیژنەی یاسایی لایەنی سیاغە رێك ئەخاتەوە، ئەیخەینە دەنگەوە، تکایە بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەنە دەنگەوە.

**بەڕێز ڤاڵا فرید ابراهیم حسێن :**

ماددەی سێیەم : حیزبەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە بێ بەش دەکرێن لە بودجەی ساڵانە، لە حاڵەتی هەڵوەشاندنەوە یان سەرپێچی کردن لە حوکمەکانی یاسای ژمارە ١٧ ساڵی ١٩٩٣، هەموار کراو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لە گەڵییەتی؟ ٧٥ کەس لە گەڵییەتی، کێ لە گەڵ نییە؟ یەك کەس لە گەڵ نییە، کەواتە پەسەند کرا، ماددەی چوارەم.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید :**

ماددەی چوارەم : بە پێی سیستمی ژمێریاری کار پێکراو لە هەرێم دا، پاکسازی بودجەی حیزبەکان ئەنجام دەدرێت کە دەکەونە ژێر چاودێری دیوانی چاودێری دارایی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسە لە سەر ئەم ماددەیە ئەکا؟ بەڕێز کاك تحسین دوڵەمەری، کاك بێستون فائق، خاتوو امنە، کاك رابوون، خاتوو امنە فەرموو، نوقتە نیزامی؟

**بەڕێز امنە زکری سعید :**

**بەڕێز سەروکێ پەرلەمان.**

مادام پێشنیار ناچنە بەر دەنگدانێ، پێویست ناکەت موناقشە بهێتە کرنێ، مادام هەر ئەو ئەصلێ دەقی کو هەمیان ڕێکەفتن سەر کری بتنێ ئەو دێ چیتە دەنگدانێ موناقشە بۆچییە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پشتگیری نەکردووە، لە بەر ئەوە نایخەیتە دەنگدانەوە، ئێستا چ پێشنیارێك لە سەر ماددەی پێشوو هەبوو، هیچ پێشنیارێك نەبوو بۆ ماددەی پێشوو، تەنها سیاغە بوو، کاك رابوون و کاك سۆران پێشنیاری ماددەیەکی تریان کرد.

**بەڕێز امنە زکری سعید :**

باشە، ئەگەر پێشنیارەك هاتە کرن دەرڤەی ئیتیفاق یان ڕێکەفتنا سیاسی، و ژمارا یاسایی سەر هەبوو دێ کەڤیتە دەنگدانێ؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ئەگەر ئیتیفاقەکە دەنگی نەهێنا، بەڵێ ئەخرێتە بەر دەنگدان، کاك بێستوون فەرموو.

**بەڕێز بێستوون فائق محمد :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

بەرێز ئەندامانی پەرلەمان، سەرەتا بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، یەعنی ئەوە دەبێ لە صەلاحیەتی خۆت بێت کە کێ قسە ئەکا و کێ قسە ناکا؟ و پێشنیازی کاممان دەیخەیتە دەنگدانەوە و کاممان ناخەیتە دەنگدانەوە، یەعنی مافی قسە کردنی ئێمە تەنها لای بەرێزتان و ئەندامی سەرۆکایەتییە، ئەم ماددەیە من لە گەڵێم کە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام خاڵی کۆتایی بکرێت بە فاریزە (،) و نابێ لە دەرەوەی ئەم یاسایە پارتی سیاسی هیچ بودجەیەك نە لە ناوخۆ نە لە دەرەوە وەربگرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز رابوون توفیق.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

پشتگیری پێشنیارەکەی بەرێز بێستوون فائق دەکەم، و تەئکید دەکەم کە هیچ عوزرێکی یاساییمان نییە کە پێشنیار جێ نەکرێتەوە لە بەندێك لەو بەندانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، منیرە خان فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

پشتگیری ڕاکەی کاك بێستوون ئەکەم، بەڵام تکا ئەکەم جارێکی تریش کە ئەو بۆچوونەی دکتۆر ڕابوون بخرێتە دەنگدانەوە کە داوای کردووە ئەو پەرلەمانتارەی کە کاتێك لە فراکسۆنێکەوە ئەچێتە فراکسیۆنێکی تر، تکایە بخرێتە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی ئەوەش یەك لا بکرێتەوە کە وەکە خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ڕای لیژنە پەیوەندیدارەکان لە سەر ئەو سێ پێشنیارە، مدینە خان دەستت بەرز کردبوو؟ فەرموو مدینە خان.

**بەڕێز مدینە ایوب احمد :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

ئەز مدینە ایوب، سەبارەت ماددا سێیێ ب وێ شێوەی بیت، ئەو بڕە پارەیە هەر کاتێك بە بێ حوکمەکانی ئەو یاسایە وەردەگرێت، مل کەچی چاودێری دارایی بێت، چۆنیەتی صەرف کردنی بودجەی تایبەتەکان بە نیزامەکی تایبەت بێت، کە ئەنجومەنی وەزیران دەری دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ناوت نەنووسراو بوو، کاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل دوڵەمەڕی :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لە سەر دارشتنەکە هەیە، یەعنی وشەی پاکسازی لێرە زۆر بە گونجاو نابێنم، ئەگەر عەرەبیەکەشی بە کار بێنینەوە ڕەنگە باشتر بێت، من پێم باشە وا دابرێژرێ، بە پێی سیستەمی ژمێریاری کارپێکراو لە هەرێم دا، بودجەی حیزبەکان تەسفییە دەکرێت و دەکەونە ژێر چاودێری دیوانی چاودێری دارایی، پاکسازیم پێ جوان نەبوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بیخوێنەوە، ڕاتان چییە لە سەر ئەو پێشنیارانەی کە کران؟

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم :**

ئەو پێشنیارەی کە تایبەت بوو بە گواستنەوەی ئەندامێك لە فراکسیۆنێك بۆ فراکسیۆنێکی تر، ئەوەیان لە ماددەی دوو بوو کۆتایی هات و بەرێز دکتۆرە بەهاریش وەڵامی دایەوە، ئەو پێشنیارەش کە کرا، پێویستە فاریزە دابنرێت و زیاد بکرێت هیچ حیزبێك نابێ لە دەرەوە و لە ناوەوە هین وەربگرێتن، خۆ ئەو یاسایە کە ئێمە دەری دەخەین، بۆ ئەوەیە کە هەر حزبێك بزانرێتن میزانییەکەی چەندە؟ و ئەو میزانییەی تەحدیدمان کردووە کە لە بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان وەری دەگرێتن، یەعنی لێرە ئەو تەئکید کردنەوەیە ماددەیە بە ڕای ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی لە جێگای خۆی نییە، چونکە قانونەکە ئەصلەن کە

دەردەچێ بۆ ئەوەیە کە تەحدید دەکا، و ئەو جیهەتەشی تەحدید کردووە کە حیزبەکە بودجەکەی لێ وەردەگرێت، بەڵێ، ئێمە داوا دەکەین وەکو خۆی بدرێتە دەنگدان بەرێز سەروکی پەرلەمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، بەرێز کاك علی حەمە صالح.

**بەڕێز علی حەمە صالح :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

ئەگەر لە دەرەوەی یاسا پارە بدرێت بە هەر حزبێك، نامەشروعە، یەعنی هیچ یاسایەك رێگای پێ نادا، بەڵام ئەمە رەنگە لە رابردوودا و هەندێ حاڵەت بوو بێت یا خود هەندێ گومان بوو بێت، بە بۆچوونی ئێمە ئەگەر تەئکید بکرێتەوە کە ئەم بودجەیە تاکە سەرچاوەی پێدانی پارە و هاوکارییە بە حیزبەکان، ئیتیمیئنانی زیاتر لای فراکسیۆنە جیاوازەکان لای خەڵکی کوردستان دروست ئەکا، بۆیە بە بۆچوونی ئێمەش زیاد کردنی ئەم بڕگەیە رەنگە هیچ زیانێکی نەبێت، بگرە مادام ئیتیمیئنان بدرێتە خەڵکی کوردستان و لایەنەکان، ئەگەر هەموو لایەنەکانتان پێتان باش بوو ئەو ئیتیمیئنانی بۆ دروست بێ ئێمەش پێمان باشە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە، لیژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز صالح فقێ محمد:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە راکەی کاك علی دەکەم، کە تەئکید بکرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

باسمان کرد ئەو یاسایە بە تەوافوق بووە، ماددەی دوو حەفت بڕگە بوو، روحی یاساکە بوو، بە بێ دەستکاری کردن رۆیشت، کەواتە ماددەکانی تریش پێویست بە دەستکاری ناکات، سەبارەت بەو پێشنیارە کە دەگوترێ پەرلەمانتار ئەگەر لە فراکسیۆنێك رۆیشت راستە مولکی حیزبەکەیە، کیانەکەیە، بەڵام ئەو پەرلەمانتارە، با مەسەلەی ئازادی تەسك نەکرێتەوە، دەکرێ لە حیزبەکە کەم بکرێتەوە، خۆی پەرلەمانتارەکە لە گەڵ خۆی نایبات و، سەبارەت بە سەرچاوەی داهاتی حیزبیش ناکرێ قەید و شەرت بکرێ، بەشی زۆری حیزبەکان لەو وڵاتە دا بە شێوازی دیکە، بەڵام لە سەرچاوەی دەرێ نایاساییە، ناشەرعیە، بۆیە داواکارین وەکو خۆی بڕوا دەقە ئەصڵەکە ئەگەر دەنگی نەهێنا ئەوجا ئەوانەی دیکە موناقەشەی بکرێت و پێشنیارەکان هەڵبگیرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، دەقە ئەصڵیەکە وەکو خۆی لیژنەی یاساش داوای ئەوە ئەکا کە بیخەمە دەنگەوە، لیژنەی یاسایی داوا ئەکات ئەو دەقە بخەینە دەنگەوە، باشە، ماددەی چوارەم بەو شێوە کە هاتووە ئەیخەینە دەنگەوە، کێ لە گەڵییەتی؟ ٦٢ کەس لە گەڵییەتی، کێ لە گەڵێ نییە؟ کەس لە گەڵێ نییە کەواتە پەسەند کرا، ماددەی پێنجەم.

**بەڕێز د. ڤالا فرید :**

ماددەی پێنجەم : پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم یاسایە جێ بە جێ بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ فەرموو کاك ابو کاروان :

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابو کاروان) :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

پێم وایە هەر یاسایەك دەربچێ ماددەیەك تێیا ئیزافە ئەکرێ، ناوەرۆکی ئەم یاسایە تەعاروز نەکا لە گەڵ یاسایەکی تر، موفتەرەحم وایە ئەوە ئیزافە بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

منیرە خان فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علی :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

من داوا ئەکەم ئەو پێشنیارەی کاك رابوون کردی بۆ مەسەلەی گواستنەوەی ئەندامێکی پەرلەمان لە فراکسیۆنەکەوە بۆ فراکسیۆنێکی تر یا خود سەربەخۆ بوونی، ماددەیەکی تری بۆ ئیزافە بکرێ، بکرێتە ماددەیەکی زیاد.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە لە ماددەی دووەم موناقشە کراوە، مادام لە ماددەی دووەم موناقشە کراوە دوایی ماددەی دوو بەو شێوەیە خرایە دەنگدانەوە، تەواو، کۆتایی پێ هات، پێنج ئەخەینە دەنگەوە، کاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

ئێمە لە گەڵ ئەوە داین کە ئەو یاسایە لە لایەن حکومەتەوە جێ بە جێ بکرێت، بەڵام لە گەڵ ئەوەش داین کە ئەو بەشەی (منحە) کە مانگانە پێویستە حکومەت بیدایە بەو حیزبانە، لە بەر ئەو تەقەشفە راگیرا،

که هەموو حیزبەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە ئەوە ناشەرعی بوو، نایاسایی بوو، ئیتر ئەو بودجەی کە مانگانە نەدرێتن بە هیچ حیزبێك، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵێ کاك سۆران فەرموو.

**بەرێز سۆران عمر سعید :**

**بەرێز سەروکی پەرلەمان.**

پێش ماددەی پێنج، من داوا ئەکەم ماددەیەکی تری ئیزافە بکرێت، چونکە ئەم یاسایە پێویستی بە رێنماییە بۆ جێ بە جێ کردنی و، وەزیری دارایی پێویستە رێنمایی جێ بە جێ کردنی ئەمە دەر بکا، بۆیە زەرورە پێش ئەنجومەنی وەزیران رێنمایی وەزیری دارایی دەربچێ، چونکە ئەو پوینتانە هەندێك لە پەرلەمانتارانیش لیێ تێناگەن، و ئەو خاڵ بەندییانەی دانراوە ئەو ئیستیحقاقانە ئەبێ بە رێنمایی تەسبیت بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك صالح فەرموو.

**بەرێز صالح فقێ محمد :**

**بەرێز سەروکی پەرلەمان.**

من ئەمەویست لەو ماددەیە کە لە سەرەتاوە دوو موناقشەی لە سەر کراوە، بە پێی قانون ئەمانەی کە بە نەص دیاری کراوە، بڕی پارەکە هاتووە، هیچ تەفسیرێك هەڵناگرێ، ئەوەی لێ ئەکرێ دوایی سەدا یەك (١٪) بە پێی ئەو رێژە کورسیانە دابەش ئەکرێ، واتە بە پێی ماددەکان ئەوەی کە ناوی پارە هاتووە هیچ رێنماییشی ناوێ، ناوی پارەکە هاتووە لە بودجەی عام سەدا (١٪) دائەنرێ، دوایی کورسیەکان دابەشی سەر ئەوە ئەکرێ.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، بزانین رای لیژنە پەیوەندیدارەکان چییە؟ دکتۆر ابراهیم فەرموو، دکتۆر عبد الله فەرموو.

**بەرێز عبدالله جاسم :**

**بەرێز سەروکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دکەم ماددەکا دی ژی بۆ ئیزافە کەین و یاسا بێتە جێ بە جێ کرن، دوایی حکومەتی هەرێمی کوردستان قورتال بیت لەو قەیرانە دارایی یە، چونکە دێ بیتە موڵك ل سەر حکومەتێ.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وا بزانم کاك دکتۆر باسی ئەوەمان کرد، وتمان لە گەڵ ئەنجومەنی وەزیران قسە ئەکرێ بۆ ئەوەی کە ئەم یاسایە لە چوار چێوەی سیاسەتی تەقەشوف جێ بە جێ بکا، بەڵی فەرموو لیژنە دارایی.

**بەڕێز علی حەمە صالح :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

بۆچوونەکەی کاك سۆران دەقیقە، چەنکە لەم پروژە یاسایەدا هیچ برێك ئاماژەی پێنەدراوە واتە ملیۆنە دینار نییە، هیچ پارەیەك نییە، هەمووی رێژە و پۆینتاتە، ئەم پۆینتاتەش یەکجار رێنمایی ناوێ، سالآنە بەردەوامی پێویستی بە رێنماییە، چونکە ئەمسالْ بودجە کەمە، پارەکەی تۆ کەمە، سالێکی تر بودجە زیاد دەکات پارەکەت زیاد دەکات، سالێکی تر کەم ئەکاتەوە، واتە پۆینتاتە عەمەلێکی تەصاعودی، تەنازولیە، بۆیە بە تەئکید ئێمە پێمان وایە وەزارەتی دارایی موختەص ترە لە ئەنجومەنی وەزیران، کاری ئەوانە، رێنمایی پێویست و دەقیقی بۆ دەرکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی، باشە، لیژنەی ناوخۆ، ئەوا ئەکرێ هەر لە ماددەی پێنج جێی بکرێتەوە، و وەزارەتی دارایی، ئابووری رێنمایی پێویست بۆ دەرکا بۆ جێ بە جێ کردنی ئەم یاسایە، فەرموو کاك صالح.

**بەڕێز صالح فقێ محمد :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

من پێم وایە کە شتێك لە یاسا رێکخرا بوو، ناکرێ جارێکی تر رێنمایی پێ دەرکرێ، ئەوەی سالآنە ئەکرێ رێنمایی دەرکرێ، بەلآم هیچ لەوە ناگۆڕێ، بۆ نموونە پێکهاتەکان دانراوە ٨٠ ملیۆن، کە تۆ دیاری ئەکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صالح کراوە بە رێژە، بە ٨٠ ملیۆن نەماوە، کراوە بە رێژە.

**بەڕێز صالح فقێ محمد :**

هەر لە سەرەتا لە ئەصلْی ماددەکە بە هەلْە خرایە، تەنیا ئەو ماددەیە زیاد کرێ ئەوەی کە بە نەص بوترێ، دواتر ئەوەکەی بە رێژە دابەش ئەکرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی دواییش کە رێنماییەکە دەرئەکرێ، رێنماییەکە ناکرێ لە گەلْ یاساکە ناکۆك بێ، رێنمایەکە بەر مەبنای یاساکە ئەرێژێ.

**بەڕێز صالح فقێ محمد :**

**بەڕێز سەرکی پەرلەمان.**

هەموو یاسایێك کە پەرلەمان دەری ئەکا، حکومەت پێویستە رێنمایی بۆ دەر بکا، ئەوا ئیلزامی خۆیەتی پێویست ناکات ئەو ئیلزامەی ئەوەی کە بە نەص هاتووە دیاری ئەکا، باقی لە (١٪) دابەش ئەکا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابو کاروان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابو كاروان) :**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

هەر بریارێك لێرەوە دەرچووە پێویستە بچێت بۆ ئەنجومەنی وەزیـران، ئەنجومـەنی وەزیـران ڕێنمـایی دەر ئـەكا، لـە ڕێگـای وەزارەتـی داراییـەوە، یـەعنی پەرلـەمان پەیوەندییـەكی راسـتەخۆی لـە گـەڵ ئەنجومـەنی وەزیرانـە، یـان ئـەتواینن بڵـێین لـە ئاسـتی ئـەوە، بۆیـە یـەعنی لێـرە ئـەو ڕێنماییانـە پێویسـتە لـە ڕێگـای ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەر بچێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسای سیاغەتان كرد؟ فەرموون.

**بەڕێز د. ڤالا فرید :**

ماددەی پێنجەم : پێویستە لە سەر وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست دەربكاتن بـۆ جـێ بـە جـێ كردنی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لە گەڵێیەتی؟ ٦٤ كەس لە گەڵێیەتی، كێ لە گەڵێ نییە؟ ٧ كەس لە گەڵێ نییە، كەواتە پەسەند كرا.

**بەڕێز د. ڤالا فرید :**

ماددەی شەشەم : پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەنـدارەكان، ئـەم یاسـایە جـێ بـە جـێ بكەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لە گەڵێیەتی؟ ٧٥ كەس لە گەڵێیەتی، كێ لە گەڵێ نییـە؟ ٣ كـەس لـە گـەڵێ نییـە، كەواتـە پەسـەند كـرا، ماددەی حەوتەم.

**بەڕێز د. ڤالا فرید :**

ماددەی حەوتەم : ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاو كردنەوەی لە ڕۆژنامـەی فـەرمی (وەقـائعی كوردسـتان) دا كـاری پێ دەكرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كـێ قسـە هەیـە لـە سـەر ئـەم بڕگەیـە؟ كـەس نییـە، كیـێ لەگەڵـە؟ سـوپاس، كیـێ لەگـەڵ نییـە؟ ٧٥ كـەس لەگەڵیەتی، كیێ لەگەڵی نییە؟ ٣ كەس لەگەڵی نییە، بۆیە پەسەند كرا، ماددەی ٧ د.ڤالا فرید فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی/ ٧

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی كوردستان) دا كاری پێ دەكرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەمە، ناوەکان بنووسین، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، مامۆستا مەروان گەڵاڵی، بەڕێز ڕابوون توفیق مەعروف، ئومێد حەمە علی، منیرە عثمان، سۆران عمر، محمود عمر، ڕێواز فائق، د.شێرکۆ جودت، مامۆستا مەروان فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل (مەروان گەڵاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو یاسایە ئەسەری ڕەجعی هەبێت لە ٢٠١٤/١/١ ەوە حیساب بکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەو هۆیەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بودجەی حیزبەکانی لە ٢٠١٤/١/١ ەوە نەداوە، بۆ ئیزافەی قسەکانی بەڕێز  مامۆستا مەروان، حکومەت کاتێ ئەو پارە دەدات دەبێ لێرە ئەسەرێکی ڕەجعی دیاری بکرێ کە لیژنەی یاسایی دابڕێژنەوە کە حکومەت بە گوێرەی ئەم یاسایە لە ٢٠١٤/١/١ ەوە بودجەی حیزبەکان سەرف بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد  حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی کاك ڕابوون و مامۆستا مەروان دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

خاتوو منیرە فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کاك ئومێد و کاك ڕابوون و مامۆستا مەروان دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ ئەوەی کە ئەو یاسایە لە ڕۆژی ٢٠١٤/١/١ کاری پێ بکرێ لە ڕۆژنامەی (وەقائیعی کوردستان) بڵاوبکرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك محمود فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ هاوڕێیانم لە ٢٠١٤/١/١ ەوە کاری پێ بکرێ و لە (وەقائیعی کوردستان)ەوە بڵاوبکرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس، د.ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا من ئەگەڕێمەوە بۆ دوێنێ، ڕەبتی دەکەمەوە بە دوێنێ، ئێمە بۆ بڕیارەکەی پێشمەرگە ئەوەی کە پەیوەندی بە مەسائیلی مالییەوە بوو وتمان تا وەکو قەیرانەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەواو نەبێ، ئەو شتانەی کە مەسەلەی مالین خەرج ناکرێ، بۆ بودجەی حیزبەکان دەڵێین لە ٢٠١٤/١/١ ەوە ئەم یاسایە جێ بەجێ دەکرێ، من دەزانم هەموو حیزبەکان حەقی خۆیانە بە حیزبەکەی منیشەوە کە لە ٢٠١٤/١/١ ەوە هیچمان وەرنەگرتووە، بەڵام ئیحترامەن بۆ ئەو وەزعەی ئێستا با بڵێین لەڕۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێز د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ئەشکالیەتە ئەگەر لە بودجەی ٢٠١٤ دا، بۆیە پشتیوانی لەڕای بەڕێزان دەکەم کە جەخت لەوە بکەنەوە کە ٢٠١٤/١/١ ەوە جێ بەجێ بکرێ، ئێمە لە بودجەی ٢٠١٤ دا کە ماوەیەکی تر ناچار دەبین موناقەشەی بکەینەوە و پەسەندی بکەین وەکو سیستتەمی بودجە لە هەرێمی کوردستاندا، ئەم یاسایە لەگەڵ بودجەی ٢٠١٤ دا جێ بەجێ بکرێ، لەبەرئەوەی لەناو بودجەی ٢٠١٤ دا ئەشکالیەتەکەی تریش حەل دەبێ کە تەعاروز نەکات لەگەڵ ئەو بڕیارانەی کە پێشتر بۆ پێشمەرگە دراوە یان بۆ ئەمە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان احمد نعمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە زۆر موناقەشەمان لەسەر ئەو مەوزوعە كردووە كە هەرێمی كوردستان بە چ قەیرانێك دا دەڕوا، بۆیە پشتیگیری لە پێشنیازەكەی د.ڕێواز دەكەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

خاتوو امنە فەرموو.

**بەڕێز امنة ذكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر وەكی هاڤكارا من د.ڕێواز، كاك شڤان ئیشارەتی پێ دا لەژێر قەیرانەكا ئابووری، بودجا ئەحزابا ئیستسنا نەبیتن، ڤێ مەوزوعێ دا، پاش دەرچوونا ڤێ یاسایی وەكو هەمی یاسایێ دی تر جێ بەجێ كرنێ پێش دەرچوونا وی بیتن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شعبان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەزی هەر پشتەڤانیا امنە خان و كاك شوان و د.ڕێواز دەكەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

د.عبداللە فەرموو.

**بەڕێز عبدالله جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەزیش هەر پشتگیریێ ئاخافتنێت برایێت خۆ و د.ڕێواز دكەم و سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

با ڕای لیژنە پەیوەندارەكان وەربگرین، كاك ابو بكر فەرموو.

**بەڕێز ابو بكر هەڵەدنی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری ڕاكانی كاك رابوون و مامۆستا مەروان دەكەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

زۆر باشە، لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لە دەقەکەدا هاتووە وەکو خۆی بخرێتە دەنگدان، لەبەرئەوەی دوو پێشنیاری جیاواز هەیە، دەکرێ ئەوەی پێشەکی دەقە ئەسڵەیەکە بخرێتە دەنگدان پاشان پێشنیارەکان بخرێنە دەنگدان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

باشە با بزانین ڕای لیژنە پەیوەندارەکان چییە؟ کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرنجتان بۆ چەندخاڵێك ڕادەکێشم، بەشێکی زۆریان من دڵنیام لە خەمخۆری و پەرۆشیانە بۆ گەڕانەوەی پارە بۆ خەزێنەی دەوڵەت، بەڵام ئەگەر لە ٢٠١٤/١/١ەوە ئەم یاسایە جێ بەجێ نەکرێت پارەی زیاتر سەرف دەکرێت نەك کەمتر، چونکە بە پێی ساڵانە دۆخەکە وایە، بە پێی ئەوەی پێشوو سەرف دەکرێت لە ساڵێك دا ١٨٥ ملیار دینار تەرخان دەکرێ، واتە ئەوە نیە بڵێی ئەم شەش مانگە کە قەیرانەکە حەل بوو، پارە نادەمە ئەم حیزبانە دەیدەیتەوە بە پێی ئەوەی پێشتووتر، کەواتە زیاتر لە ئەوە دەکات کە لەم پرۆژە یاسایە ئاماژەی پێدراوە، واتە ئەگەر نەڵێی لە ٢٠١٤/١/١ەوە بڵێی لەڕۆژی دەرچوونیەوە، تۆ نەك پارەت نەگەڕاندووەتە بۆ حکومەت، بەڵکو ئیزافەی زیاترت کردووە و پارەی زیاتر دەدەیە حکومەت، چونکە وەك تەئکید دەکەمەوە، مەسەلەن چەند حزبێك هەبوو بودجەکانیان پێشتووتر ڕاگیرا، کە کرایەوە پێیان دراوە، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم/ یەعنی ئەگەر پەرۆشیەکە لەوەوەیە واقعەکەیە، بگەڕێنەوە سەر بوجەی ٢٠١١ و ٢٠١٢ و ٢٠١٣ دەڵێ ئەم پارەیەی کە وەکو بودجە بە حیزبەکان دەدرێت سولفەیە، سولفە دەبێ تەسویە بکرێت، پاکتاو بکرێت، کەی پاکتاو دەکرێ؟ قانون دەرچێ ئەبێ ئەو پارەیە پاکتاو بکرێ، بە چی پاکتاو بکرێ؟ بە پێی ئەم قانونە، یەعنی ئەمەی من دەیڵێم لەڕووی قانونیەوە شتێکی قانونیە، چونکە بە سولفە دراوە، سولفە دەبێ پاکتاو بکرێ، کێ ئەڵێ وانییە ئەمە قانونە، خاڵی دووەم ئە گەر بە پێی خەمخۆری و گەڕانەوە بۆ حکومەت ١٨٥ ملیار لە ساڵێك دا ١٨٥ ملیار دەکاتە ٩٥ ملیار بۆ مانگێك بە پێی ئەمە دڵنیاتان دەکەمەوە زیاتر لە ٨٠ ملیاریشە، ١٥ ملیار دەگەڕێنیتەوە، ئیتر ئەمە بۆ زەرەردانە، دوو/ قسە لەسەر ئەوە کرا ئەو پارەیە سەد جار تەئکید دەکەمەوە، ئەم پارەیە ئێستا خەرج ناکرێ هەتا بڵێی لە وەزعی خەڵك دەگۆڕێ کەی ئەم قەیرانە داراییە حەل بوو؟ کەی خوای کرد بودجەمان زیادی کرد ئەو کاتە ئەمە سەرف دەکرێت و سوپاس بۆ ئێوەش.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

خاتوو بێگەرد قسەیەکی ترت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من مولاحەزەیەکم لەسەر قسەکانی لیژنەی دارایی هەیە و دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم، لەبەرئەوەی لە ڕابردوودا ئێمە خاوەنی یاسایەك نەبووینە کە بودجەی ئەحزابی پێ ڕێك بخرێ، دەقێکی قانونیش نییە لە هەرێمی کوردستان دا بڵێ ئەگەر حیزبێك لە ماوەی ئەو قەیرانەدا بودجەی وەرنەگرت دوایی هەمووی قەرەبوو دەکرێتەوە و حکومەت دەیداتەوە، لەبەرئەوەی ئێمە لەسەر نەسی ئەو قانونە کار دەکەین کە لەمەودوا لە وەقائیع بڵاودەکرێتەوە، لەبەرئەوە ئێمە پێمان وایە دەقەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەوەی کە کاك علی دەڵێ تەسەور ناکەم بەو شێوەیە نییە حکومەت هیچ دەقێکی قانونی نییە ئیجباری بکات کە قەرەبووی حیزبەکان بکرێتەوە، وەریش ناگیرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

یاسای بودجە ئیلزامی حکومەتی کردووە کە سولفە بدات بە حیزبەکان، خاتوو هێڤا فەرموو.

**بەڕێز هێڤا حجی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکانی کاك علی دەکەم بە پێی ئەو یاسایە کە ئەمرۆکە دامانڕشتووە، زیاتر لە ١٤ ملیار دینار دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت،کە ئێستاش ٢٥ ملیار زیاترە، ئەوە بە قازانجی حکومەت تەواو دەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

باشە لیژنەی یاسایی با قسەکانی خۆیانی بکەن، دوایی بە دەنگدان یەکلای دەکەینەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو پێشنیار هەبووە، پێشنیارێکیان ئەوەیە وەك خۆی بمێنێتەوە، ئەوەی کە دەڵێ دەبێ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوە بە مەعنای ئەوەی وەکو خۆی بمێنێتەوە، پێشنیارێك هەیە دەڵێ ١/١/ بە دەنگدان با یەکلابکرێتەوە، هیچیان نایاسایی نین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حکومەت لەبەرئەوەی کە ئێستا لە قەیران دایە، مولزەم نییە بەوەی ئەو پارانە بگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی ئەگەر ١٥ ملیاری زیاد یان کەم بێ، لە کاتێك دا حکومەت پێشتریش لە قەیران دایە ئەو پارەیە سەرف ناکرێتەوە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

مولزەمە، باشە کاك صالح ئەو ڕایە باسکرا، بەڵام جارانی تریش بودجە لە حیزبەکان بڕاوە و حکومەت هەموو بودجەی مانگەکانی تری بۆ گێڕاونەتەوە، بۆیە حکومەت ئێستا مولزەمە لە مانگی یەکەوە بودجە بۆ حزبە سیاسییەکان بگێڕێتەوە، چونکە بە پێی یاسای بودجە ئەرکی حکومەتە میزانیە بۆ حزبە سیاسییەکان دابین بکات، لەبەرئەوە ئەوەی کە لیژنەی دارایی وتیان هەردووکیان وتیان ڕاستە و دەقیقە، دەیخەینە دەنگەوە کێ لەگەڵیەتی کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ ٣٦ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە وەکو خۆی مایەوە، فەرموون بۆ هۆکارەکانی دەرچواندن.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هۆکارەکانی دەرچوواندن**

لەپێناو گەشەکردن و پەرەپێدانی پرۆسەی سیاسی و فرە حزبی لەهەرێمدا، چەسپاندنی دیموکراسییەت و بەشداری چالاکییانە لەژیانی سیاسییدا، هەروەها ڕێکخستنی بودجەی حزبەکانی مۆڵەت پێدراو لەهەرێم بەشێوەیەکی شەفاف و دادپەروەرانە لەبودجەی گشتیدا، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، ٥٩ کەسی لەگەڵدایە، کێی لەگەڵدا نییە؟، ٢٠ کەسی لەگەڵدا نییە، کەواتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا؟، پیرۆزبایی لەخەڵکی کوردستان دەکەین بەبۆنەی دەرچوونی ئەم یاسایە، زۆر سوپاس بۆ لیژنە پەیوەندیدارەکان، فەرموو بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆتان، کۆی یاساکە ناخرێتە دەنگەوە، پێویست ناکات، کاك باپیر پێم وتی ماددە بەماددە خرایە دەنگەوە، بۆیە پێویست ناکات کۆی یاساکە بخرێتە دەنگەوە، کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی ٥٤ بڕگەی دووەم خاڵی ٤ مۆڵەت ئەدات بە ئەندامی پەرلەمان، ئەگەر بیرۆکەیەك هەبێت پەیوەست بێت بەکێشەی خەڵکەوە بیخاتە ڕوو، داوا دەکەم لەجەنابتان کەوا ڕێگەمان پێ بدەن شتێکمان نووسیوە من و مریەم خان، بەناوی هەردووکمانەوە دەیخەینە ڕوو، ئەگەر مۆڵەتمان پێ بدرێت.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

چەند بیرۆکەیەکی تر هەبوون لەسەرەتای دانیشتنەکانەوە باسکرا، یەکێکیان بیرۆکەی خاتوو شوکریەیە، فەرموو خاتوو شوکریە.

**بەڕێز شكریە اسماعیل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من وەكو یاداشتێك دیارە لەساڵانی ڕابردوو گەنجێكی زۆری ئەم هەرێمە ڕوویان لەهەندەران كردووە، لەڕێگای نایاساییەوە چوونەتە دەرەوەی وڵات، لەڕێگادا دەستگیر كراون، بەتایبەتی لەوڵاتی یۆنان، بەشێكی تر لەم گەنجانە، گەیشتوونەتە شوێنی مەبەست، بەڵام سەرپێچیەكی یاسایی ئەو وڵاتەیان كردووە، بەو هۆیەوە كەوتوونەتە بەندینخانەوە، ئیتر دووری و بەندی و بێكەسی ڕووی لەوانە كردووە، هەڵبەتە ئەمانە ڕۆڵەی ئەم هەرێمەن، گشتیان دایك و باوك و خوشك و براو منداڵ و خاو خێزانیان هەیە، ئەمانە دەستەو ئەژنۆن و هیچیان پێ ناكرێت بۆ ڕۆڵەكانیان، داوا لەبەڕێزان دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان دەكەم، لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بەهەماهەنگی، هەماهەنگییەك دروست بكرێت بۆ ئازاد كردنی ئەم بەندكراوانە لەچوارچێوەی یاسادا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس، بەڕێز علی، فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە بەدواداچوونێكی وردمان كرد لەسەر كێشەی پێدانی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی كوردستان، ئێستا مانگی ٨ نزیك دەبێتەوە و هێشتا فەرمانبەرانی هەرێمی كوردستان مووچەی مانگی شەشیان وەرنەگرتووە، بە پێی ئەو بەدواداچوونەی كە ئێمە كردوومانە هەشت سەد ملیار دینار پێویست بووە بۆ مووچەی مانگی ٦ ی فەرمانبەرانی هەرێمی كوردستان، بەڵام دوو سەد و سی ملیار دینار سەرف كراوە، واتە ٥٧٠ ملیار دینار سەرف نەكراوە، بەم پێیەش ئەمە پێش دابەش كردنی ئەو فیئە كەمەی وەزارەتی ناوخۆ، بەم پێیەش نزیكەی ٧١٪ ی مووچەی هەرێمی كوردستان نەدراوە، وەزارەتی دارایی دەڵێت داهاتم لە ماوەی مانگێك دا ١٥٠ ملیار دینارە، بەڵام كۆی خەرجییەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، لە ساڵێك دا ترلیۆنێك و ١٥٠ ملیار دینارە، بەم پێیەش بێ وەزارەتی دارایی ناتوانێ ١٥٪ ی خەرجییەكانی هەرێمی كوردستان دابین بكات، لەو ١٥٠ ملیار دینارەی كە خۆشی وەدەستی دێت، هیچ بڕە پارەیەك تەرخان ناكات بۆ پێدانی مووچەی فەرمانبەرانی، كۆی گشتی ئەو پارەیەی كە وەدەستی دێت ئەكرێ بۆ خەرجییەكانی بەكاربردن، گرفتەكە لێرە بەم شێوەیەی خوارەوەیە، ئێستا وەزارەتی دارایی بۆ دابین كردنی مووچە بە تەواوەتی پشتی بەستووە بەوەی وەزارەتی سامانە سروشتییەكان لە ئێستادا بۆ ئەوەی مووچەی فەرمانبەرانی مانگی شەشی هەرێمی كوردستان بدرێت، وەزارەتی دارایی پێویستی بەوەیە كە وەزارەتی سامانە سروشتییەكان بڕی ٥٧٠ ملیۆن دۆلاری پێ بدات، تاوەكو ئەم ساتەش هیچ ئاماژەك نییە بۆ دابین كردنی ئەم پارەیە، ئەمە لەلایەك، گرفتی دووەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەوەیە كە سەرچاوەی دابین كردنی پارەكەیان بەو پێیەی لە وەزارەتی سامانە سروشتییەكان دەڵێن دۆلارە، پرۆسەی

ئاڵوگۆڕکردنی ٥٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ سەرەوە، لە مانگێك دا و یاخود لە چەند ڕۆژێك داو بە پشت بەستن بەوەی کە بازاڕی کوردستان قەیرانەکەی مانگ بە مانگ گەورە تر دەکات، بۆیە ئێمە ئەم پێشنیارانەی لای خوارەمان هەیە، بە پشت بەستن بە داهاتی ناوخۆ و ئەو بڕەی کە ئاماژەی پێ دەکرێت دەڕواتە دەرەوەبە هیچ شێوەیەك تاوەکو مانگی ١ یان ٢ی ساڵی ٢٠١٥ ناتوانرێ قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان دا چارەسەر بکرێ، بۆیە دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ئەم گرفتە چارەسەر بکات بیر لە قەرزێکی گەورە بکاتەوە، تاوەکو  ئەو کاتە، چونکە لە ١-١-٢٠١٦ ەوە بە پشت بەستن بە ئەو ژمارانەی لە پارەی فرۆشتنی نەوت و داهاتی ناوخۆ لەبەردەستدان دەکرێ ئەم قەرزە بدرێتەوە، خاڵی دووەم/ دەبێت بیر لە پلانێکی جدی لەوە  بکرێتەوە کە ئێمە وەکو لیژنەی دارایی و ئابووری بەدواداچوونی بۆ دەکەین و لەگەڵ کۆمەڵێك ڕاوێژکار لە گفتوگۆ داین، هەرێمی کوردستان ئەگەر دراوی نەختینەیی دیناری لە بەغداوە بۆ نەیەت فرۆشی نەوت بە دۆلارە، مامەڵە کردن بە دۆلار چ پێدانی موووچە و چ بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان گرفتێکی ترە دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان بیر لە چارەسەر کردنی ئەم گرفتە بکاتەوە، خاڵی سێیەمی چارەسەرەکان ئەوەیە ئێستا بەدەست هێنانی ناوخۆ، کۆکردنەوەی داهاتی ناوخۆ، خەرج کردنی داهاتی ناوخۆ، کۆمەڵێك کەلێن و کەموکورتی یەك جار گەورەی تێدایە کە هەر سێ مەحەتەکە پێویستی بە پێداچوونەوەیە، خاڵی چوارەم/ بۆ ئەوەی تەواوەتی ئەم گرفتە چارەسەر بێ، دەبێ گۆڕانکاری ڕیشەیی لە سیستەمی داڕشتنەوەی بودجەی هەرێمی کوردستاندا بکرێت، ئەگینا بە بەردەوامی بە پێی ئەوەی کە ئێستا هەیە فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان و مووچە خۆران و دواتر هاووڵاتیان و بە گشتی دەبن بە قوربانی بەهۆی ئەم قەیرانەوە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

خاتو نەجیبە فەرموو.

**بەڕێز نجیبە لطیف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی خاڵی ٤ لە بڕگەی دووەمی ماددەی ٥٤ ی پەیڕەوی ناوخۆ ئەم بیرۆکەیە لە ڕێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم بۆ ئەوەی ئیشی لەسەر بکرێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دیارە لە زۆربەی زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان کۆلیژی زانستە ئیسلامییەکان هەیە کە سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵایە، لە سەنتەری پارێزگاکانی هەرێمیش پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکان هەیە کە سەر بە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینیە، بەڵام تا ئێستا زۆر بەکەمی دەرچوانی ئەم زانکۆ و پەیمانگایانە دادەمەزرێن، دەتوانین بڵێین هەر دانامەزرێن، بە تایبەتی کچان کە هیچ چانسێکی دامەزراندنیان نییە، کەواتە نازانین حیکمەت لە کردنەوەی ئەم کۆلیژ و پەیمانگایانە چییە؟ ئەگەر چارەنووسیان بەو شێوە بێ، لە کاتێك دا کە وانەی ئاینیش کراوەتە وانەیەکی لاوەکی لە پرۆگرامی خوێندن دا وابەستەی زمانی عەرەبی کراوە، ئەمەش لەلایەکەوە ئەرکی مامۆستای

زمانی عەرەبی قورس کردووە، بەشە وانەی لە وانەکانی تر زیاترە، لەلایەکی تریشەوە گرنگی بەوانەی ئاین نادرێ و وانەیەکی ئیختساسی نییە لە خوێندنگاکاندا، بۆیە داوا دەکەم سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لیژنەیکی هاوبەش لە نوێنەری ئەم وەزارەتانە پێك بهێنێ، وەزارەتی خوێندنی باڵا، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی داد، وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ ئەم مەبەستانە، ١/ ڕێکخستن و پەرەپێدانی خوێندنی ئاینی و هەماهەنگی لەنێوان وەرگرتن و هەلی کار بۆ دەرچووانی زانستە ئیسلامییەکان، ٢/ دیاری کردنی ناونیشانی وەزیفە، عینوانی وەزیفی بۆ دەرچووانی بەشەکانی کۆلیژو و پەیمانگاکانی زانستە ئیسلامییەکان بەم شێوەیە:أ/ مامۆستای پەروەردەی ئاینی و زمانی عەرەبی لە وەزارەتی پەروەردە، ب/ پێش نوێژ و وتارخوێن لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، ج/ توێژەری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی پەروەردە، د/ مورشیدی دینی بۆ چاکسازییەکان و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، هـ/ مورشیدی دینی بۆ حەج و عەمرە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، و/ یاریدەدەری قەزائی و لێکۆڵەری داد، دادنووسی لە دادگاکانی باری کەسێتی وەزارەتی دادی، ٣/ وانەی پەروەردەی ئاینی ببێتە وانەیەکی تایبەتمەند واتە ئیختساسی و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بۆ دابندرێت، ٤/ قوتابخانە ئاینیەکانی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف واتە ئامادەییەکان بە شێوەیەك ڕێك بخرێت کە مافی وەرگرتنیان لە کۆلیژو پەیمانگاکانی زانستە ئیسلامییەکان مسۆگەر ببێ، ئەو لیژنە هاوبەشە لە وەزارەتەکان پێك دەهێندرێ کۆبوونەوەی خولی لەگەڵ هەر دوو لیژنەی ئەوقاف و کاروباری پەروەردەی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدات، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەمووان ئاگادارین لە دوا ڕووداوەکانی ئەم دواییە هەرێمی کوردستان تووشی قەیرانی سووتەمەنی بە تایبەتی بەنزین هاتووە، ئێمە لێرەدا باس لە هۆکارەکانی ئەم قەیرانەو دابین نەکردنی بڕی پێویست لە بەرهەمی خۆماڵی بەنزین ناکەین، چونکە بۆ ئەم مەبەستە پەرلەمانی کوردستان و بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان لەسەر داوای ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران بانگهێشتی پەرلەمان کرد، هەرچەندە ئەم بانگهێشت کردنە نە بووە هۆی چارەسەر کردنی قەیرانەکەو دۆزینەوەی میکانیزمێك کە گلەیی هاووڵاتیانی لێ نەکەوێتەوە، بەڵکو بەرز بوونەوەی نرخی بەنزینی لێ کەوتەوە، ڕێنماییەکانی وەزارەتیش گۆڕانکاری ئەوتۆی بەسەردا نەهات لە کاتێکدا کە جێ بەجێ کردنی ئەم ڕێنماییانە بە لەبەرچاو گرتنی لەناکاوی قەیران زۆر قورسن، بە نموونە ئەوەیساڵنامەی ئۆتۆمبیلەکەی بە ناوی خۆی نەبێ ناتوانێ کۆبۆن وەرگرێت، فۆرمی خۆراك بە بنەما گیراوە، لەبەرکەمی کات ئاماژە بە هەموو ڕێنماییەکان و لێکەوتەکانیان ناکەم، دێمە سەر ئەسڵی باس، هەر بۆیە پێویستە ئاماژەی پێ بدەین

ئەوەیە کە بە مەبەستی دروست کردنی کۆبۆنی بەنزین وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بەرواری ٢٠١٤/٧/٢٦ ی وەك دوا وادە دیاری کردووە، کە تەواوی هاووڵاتیانی خاوەن ئۆتۆمبیل بتوانن کۆبۆنی بەنزین بۆ ئۆتۆمبیلەکانیان دروست بکەن، کە بە دڵنیاییەوە ناتوانن تا ئەو وادەیە تەواو ئەبێ ببن بە خاوەنی کۆبۆنی بەنزین بۆ ئۆتۆمبیلەکانیان، چونکە ڕێنماییەکان زۆر قورس و ژمارەی ئۆتۆمبیلەکانیش زۆرە لە هەرێمی کوردستان بە نموونە تەنها لە مەرکەزی قەزای ڕانیە کە من بۆیە نموونە بە قەزای ڕانیە دەهێنمەوە، چونکە داتای ئەوێم لەبەردەست دایە، کە ژمارەی هاووڵاتیان ئەوەی کە تێیدا نیشتەجێن، سەد هەزار کەسە و ١٠ هەزار ئۆتۆمبیلی هەیە لە کاتێك دا بە پێی ئەم داتایە کە لەبەردەست دایە تا ٢٣ ی ئەم مانگە تەنها سێ هەزار ئۆتۆمبیل کۆبۆنی بەنزینیان بۆ کراوە، بۆیە لێرە ئێمە پێشنیار دەکەین کە بۆ بەڕێزتان داوا بکرێ لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کە ئەگەر ناشتوانرێ گۆڕانکاری بەسەر ڕێنماییەکان دا بگەیەنرێ، داوا بکەین کە وادەکە درێژ بکرێتەوە، لەبەرئەوە جەژنی پیرۆزی ڕەمەزان لەبەردەممان دایە، لەپێناوی بەرژەوەندی گشتی دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

خاتو امنە فەرموو.

**بەڕێز امنة زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، پەرلەمانتاران، پەرلەمان بەرەڤ بەهڤەدانی تەشریعی دچیتن، ژ بەر هەندێ ئەز داخازا دەستەیا سەرۆکایەتیێ دکەم کو بە نڤیسیش داخازا پێشکەشیا هەوە کری بەر روناهیا جڤینا ٧/٣/ جەنابێ سەرۆکی بارزانی دەربارەی دیراسەت کرنا پەرلەمانێ پرسا ڕیفراندۆمێ هەروەسا ڕیفراندۆم و گشت پرسی، ئەم باش بینین کو نزیکترین دەم دەستەیا سەرۆکایەتیا لیژنا ناوچێن کوردستانی دەرەڤا ئیدارا هەرێمێ بهێتە پێك ئینان، بۆ هەندێ کو ڤێ فەترا بهێن ڤە دان یا تەشریعی دا کار بکاتە سەر سێ تشتا، ئەڤ لیژنە بهێتە ڕاسپاردن کو کار بکات بۆ هەندێ کو ڤەکرنا بەڵگەیەن مێژوویی سەر ناوچەیەن کوردستانی دەرڤە ئیدارا هەرێمێ، کۆمڤەکرنا بەڵگەین جوگرافی سەر ناوچەیەن کوردستانێ دەرڤەی هەرێمێ، هەرچەندە ئەم هەمی دزانین کەسی گومان تێدا نینە ئەڤ ناوچە ناوچەیەن کوردستانینە، لێ دێ ئاماژە دەم بۆچی ئەڤ وان شولا بکەین، یا سێ ژی ئەڤ لیژنە بهێتە ڕاسپاردن دور ئەو یاساو ڕێکەفتنێ نێڤ دەوڵەتی ئەوێ دەرباری مافێ چارەی خۆنڤیس چەوانی بریاردان سەر ئەو مافی ریفراندۆمێ دەداتە گەلان، وان یاسا هەمیا کۆم ڤە بکەین، ب زمانێ عەرەبی و کوردی و ئینگلیزی بهێتە نڤیسین هاریکاری دگەل سەنتەرێ ڤە کۆڵینیا پەرلەمانی و پسپۆرێن زانستی، بۆهەندێ کو ئەم ڤان هەمی بەڵگەنامە بدەینە قونسوڵخانەیی کو هەولێرێ ئەڤرۆکە ل هەڤلێرێ کارێ خۆ دکەن، هەروەسا بنێرین بۆ هەمی رەڤەندا کوردی فرێ کەین بۆ هەمی نوێنەرایەتیێ کوردی دەرڤەی وڵاتێ دیەت بیانی بۆ هەندێ کو لۆبیێ بکەن، کار بکەن بۆ هەندێ بۆ هاریکاریا هەرێمێ کوردستانێ بکەن بە ئەنجامدانا ڕیفراندۆمێ، هەروەسا من پێ خۆشە ژی کو پەرلەمانێ

کوردستانێ ئەو جهێ بیتن کو زەمانەتێ بداتە هەمی وان نەتەوە و هەمی وان ئایینا ئەوێ کو ناوچەین کوردستانێ دگەل مە ژین بۆ هەندێ کو ژیان و پێکڤە ژیانا ئاینی و ئەو تەساموحا کو ل هەرێما کوردستانێ دا هەی زەمانەتەکی ئەم بدەینە وان نەتەوە و وان ئاینا کو دگەل مەدژین بۆ پرسا ڕیفراندۆمێ و گشت پرسیێ، هەروەسا من پێ باشە ژی کو بابەتێ بزافا ڕیفراندۆمی بهێتە ساخ کرن، بۆ هەندێ کو ئەم بزافا بەرا نووکە ئەو دەستا کو بەرا نووکە دەرباریێ ریفراندۆمێ کار دکا بۆ هەندێ کو هۆشیارێ بداتە خەڵکێ کوردستانێ کار بکات بۆ هەندێ کو ئەگەر هاتو پەرلەمانێ کوردستانێ هەر بڕیارەکی ژی داخەلکی ئامادەکاری بۆ هەندێ هەبیتن، ئاخر فەقەرە کو دێ بەحسێ کەم، ئەوە ژی بۆ هەندێ ئامادەکاریێ بکەین ئەڤە دەست خۆشی و سوپاس بۆ هەمی پەرلەمانێ کوردستانێ و هەمی فراکسیۆنێت پەرلەمانی کو یاسایا کۆمسیۆنا سەربەخۆیا هەڵبژاردنا دەرئێخست، نووکە وەختێ هەندێیە کو ئامادەکاریا بکەین بۆ پرۆژەیێ ڕیفراندۆمێ، وەختە ئەم سەر وی پرۆژە یاسا کار بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڵێ کاک سعید فەرموو.

**بەڕێز سعید محمد سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێشنیاری بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، نووسراوێك و یاداشتێكمان ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێم کرد کە ئێستاکە لە بەنزینخانەکان سەبارەت بەو شێوازە هەیە، مەسەلەن بۆ نموونە بۆهەر یەك هەفتە ٣٦ هەزار لیتر بەنزین بۆ بەنزینخانەیەك دەچێت کەچی لەبەر قورسی ڕێنماییەکان شەش هەزار بۆ حەوت هەزار لیتر دەتوانێ بفرۆشیت و بەنزینەکەش دەمێنێتەوە، بۆیە بەنزین هەیە و پێویستە ئەوە بکا، ئەوە بۆ ناوچە کێشە لەسەرەکانیش تاوەکو ئێستا ئازاد بوونە و لەژێر ئیدارەی ئێمەیە لیتری بەنزین بە ١٢٥٠ دینارە پێویستە بەڕاستی بۆ ئەمەش خەمێك بخورێ، بەس ئەوەی من ئێستا دەمەوێ ئەو بیرۆکەیەی کە لەسەری قسە بکەین لەسەر وەزارەتی پێشمەرگەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، کە ئەو پێشمەرگانەی کە بریندار دەبن لە سەنگەرەکان تاوەکو ئێستا سەردان نەکرانە، خۆشیان پێشمەرگەکان جگە لەوەی کە لە نەخۆشخانە داخڵ کراون لە نەخۆشخانە ئەهلیەکان خۆیان بە پارەی خۆیان نەشتەرگەرییان کردووە، بۆیە پێویستە لەسەر لیژنەی پێشمەرگە و شەهیدان کە لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە و زائیدەن یەکەی حەفتا و یەکەی هەشتا لە لیژنەی تەندروستیش ئەوانە پێکەوە سەردان بکەن، یەکەی حەفتا و یەکەی هەشتاش پێشمەرگەکان لە سەنگەرەکانن، ئەگەر ئێوە بەس لەسەر وەزارەتی پێشمەرگە بن دیارن کە تێکەڵ کراون و یەکەی حەفتا و یەکەی هەشتا ئێستاش لە بەرەکانی شەڕ شەهیدیان داوە و پێشمەرگەش لەوێ بریندار بووە، بۆیە لیژنەیەك ڕێك بخرێ لەگەڵ یەکەی حەفتا و یەکەی هەشتا و وەزارەتی پێشمەرگە ناوی سەرجەم بریندارەکان لەگەڵ شەهیدەکان بێتە لای و لەلایەن

وەزارەتی تەندروستی و لەلایەن ئێمەشەوە بۆ ئەوەی بناسرێن بە وەزارەتی پێشمەرگە بۆ ئەوەی هاوکاری بکرێن، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

کاك د.فرست نوقتەی نیزامی هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز د.فرست سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێ خاڵی پەیڕەوی، یەکەمیان/ سەبارەت بە تێپەڕاندنی یاساکان، تەبعەن خۆم شەخسی لەگەڵ تەوافوق دام، پێشم خۆشە ئەو پەرلەمانە پەرلەمانێکی هێمن و ئارام بێ، بەڵام داواکارم ئەگەر یاسایەك یەعنی زەرورەتی قەسوەی لەگۆڕێ نەبێت بۆ یاساکانی تر لێ بگەڕێن ئەو پەرلەمانە بە گەرم و گوڕییەوە جوانە، خەڵك لە دەرەوە پێمان دەڵێ هەست دەکەین حەیەویەتەك هەیە، چەندی تەوافوق زیاتر ببێ ئەوەندە حەیەویەتی ئەو پەرلەمانەی زیاتر دەبیت، ئێمەش تووشی ئیحراجی دەبین ئەندامانی پەرلەمان، یەعنی بەڕاستی تووشی ئیحراجی دەبین، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم/ سەبارەت بە ئەو پرسیارانەیە کە ناردبوومان بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەو پرسیارانەی ئەگەر نەڕۆیشتوون کۆمەڵێك پرسیارم لای دەستەی سەرۆکایەتییە، لەلای جەنابتان بمێننەوە باشترە، چونکە سقوت دەکەن، دەبێ خولی داهاتوو جارێکی تر پێشکەشیان بکەینەوە، بۆیە ........... .

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

زۆربەی ڕۆیشتووە و ئێمە بە پێی پەیڕەو ناچارین پرسیارەکان بنێرین، بەڵام ئەگەر وەڵامت هاتەوە ئەوا باشتر ، ئەگەر نا لە خولی داهاتوو پێویست دەکات، وایە،فەرموو.

**بەڕێز د.فرست سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکەی من لێرە نەخوێنرانەوە، خاڵی سێیەم/ ئێمە دەزانین زۆر لەو ئەشکالیانەی ڕۆژانە لە جەلسەکانی ئەو دانیشتنانە دێنە ڕێمان سەبەبەکەی ئەو پەیڕەوە ناوخۆییە کە لەبەردەستمان دایە، کون و کەلەبەری زۆری تێدایە، بە پێی ئەو بڕیارەی لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەرچوو بوو، لیژنەیەك تەشکیل کرابوو، یەعنی واباشە ئەو پەیڕەوە تەعدیل بکرێ، من دڵنیام ئەگەر پەیڕەوێکی باشمان هەبێت ئەو خولانەی ماومانە و ئەو چەند ساڵەی ماومانە هەموو ئەو کەموکوڕیانەی کە لە ئەنجامی موناقەشە و فەراغی قانونی دێتە ڕێمان، مەسەلەی نوقتەی نیزامی گەورەترین کێشەیە لەو قاعەیە، ئەو نوقتە نیزامە دەتوانین لەو پەیڕەوە تەنزیمی بکەین، دەتوانین وا تەنزیمی بکەین کە ئیتر هەمووومان لەژێر سایەی نوقتەی نیزام بە کەیفی خۆمان قسە نەکەین، بۆیە پێویستمان بەوەیە ئەو پەیڕەوە هەموار بکەین، واشی لێ بکەین بەڕاستی لەگەڵ یاسای پەرلەمانی کوردستان ناکۆك نەبێ، یان لە لایەکی ترەوە یاسای پەرلەمانی کوردستانیش پرۆژەیەکی بۆ پێشکەش بکرێ، ئەو یاسایەش زۆر خەریکە بەسەری دادەڕواو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس لەڕاستی دا ئەوەی كە جەنابت ئاماژەت پێیدا زۆر گرنگە و بەڕاستی پێویست دەكات ئێمە انشاءالله لە دوای هاتنەوەی عوتڵەی جەژنی پیرۆزی ڕەمەزان یەكسەر دەست دەكەین بە دانیشتنەوە لەگەڵ سەرۆكی فراكسیۆنەكان بۆ ئەوەی بە زووترین كان سەرۆكایەتی ئەو چوار لیژنەیە هەڵبژێردرێت، لیژنەی پەیڕەو و لیژنەی ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، لیژنەی پەیوەندییەكان و ڕەوەندی كوردستانی، لیژنەی چوارەم، لیژنەی كاروباری پەرلەمان، بۆیە بە زووترین كات كاری لەسەر دەكەین و ئەو چوار لیژنەیە هەڵدەبژێردرێت بۆ ئەوەی بە ئەركی خۆیان هەستن، ڕاستە كەموركورتی هەیە لەو بوارەدا، خاتوو وەحیدە دەستی بەرز كردبووەوە فەرموو.

**بەڕێز وەحیدە یاقۆ هرمز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببورە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانێ، ئەم ژی بەحسا وان لیژنا كو چ لێ هات هەتا نووكە دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان ژی دەست پێ نەكردیە.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

مامۆستا هەورامان بیرۆكەیەكی هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حەمە شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحيم، بەندە بیرۆكەیەكم هەیە سەبارەت بە پارەی تێچوونی حەجی حاجیە بەڕێزەكانمان، دیارە ئەمساڵ وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئاینی بۆ ساڵی ٢٠١٤ بۆ هەر حاجییەكی بەڕێزی كوردستان بڕی تێچوونی حەجەكەی ٤ ملیۆن و ٢٥٠ هەزاری لێ وەردەگیرێ، دیارە من وەك ئەزموونی خۆم كە چەندین جار سەردانم كردووە، بە حەج وبە عەمرەش ڕۆیشتووم بۆ بیلادی حەرەمەین، ئەزموونێكم لەو بوارە هەیە، پێموایە ئەم پارەیەی كە دیاری كراوە بۆ ئەمساڵ پارەیەكی ئیجگار زۆرە، لەگەڵ زۆربەی باری دارایی زۆربەی حاجییە بەڕێزەكانی هەرێمی كوردستان دا بەڕاستی ناگونجێت بە تایبەت لەم كاتەدا كە قەیرانی دارایی ڕووی لە هەرێمی كوردستان كردووە، هەروەها وەكو ئەزموونیش لەگەڵ ئەو خەدەماتانەی كە پێشكەش دەكرێ بە حاجییەكان لەوێ لە حەج بەڕاستی لە ئاستی ئەو پارەیە دانیە كە لێیان وەردەگیرێ، واتە بە دەستەواژەیەكی تر بڵێم پارەیەكی زۆر وەردەگیرێ، بەڵام خەدەماتێكی زۆر لاواز پێشكەش دەكرێت، بۆیە پێشنیار دەكەم كە ئەو بڕە پارەیە كەم بكرێتەوە و بۆ ئەو مەبەستەش داوادەكەم كە بەڕێز وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئاینی حكومەتی هەرێمی كوردستان بانگهێشت بكرێت بۆ هۆڵی پەرلەمان بۆ گفتوگۆ كردن بە تایبەتی وەكو پێشتریش ئاماژەم پێی كرد، لەڕاستی دا حاجییەكی زۆریش ئەمساڵ ناویان دەرچووە و ئامادە كردبێ بۆ سەفەری حەج پەیوەندیان پێوە كردم، گوتیان مامۆستا لەبەرئەوەی ئەو پارەیە زۆرە و مەعاشمان نییە، بیرۆكەكەم جا ئەوە كۆتاییەكەیەتی كە حاجییەكی زۆر

پەیوەندی پێوە کردووین، لەبەرئەوەی باری داراییان لاوازە و ئەو بڕە پارەیەش زۆرە و ناتوانن سەفەری حەجەکەیان بکەن، بۆیە داوا دەکەم کە پەرلەمانتارانی بەڕێز هاوکارمان بن بۆ ئەوەی ئەو بڕە پارە کەم بکرێتەوە و کار ئاسانیان بۆ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك فائق فەرموو.

**بەڕێز فائق مصطفى رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە زیاتر لە دوو هەفتەیە و زیاتر لە دوای دەرچوونی ڕێنماییەکان کێشەی سووتەمەنی و بەنزینمان بۆ دروست بووە، سێ پەرلەمانتار یاداشتێکی شەش خاڵیمان ئاراستەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کرد، تا ئێستا وەڵامیان نییە و کێشەکەش بەردەوامە، سەرەڕای ئەوەی لە دوای ئەوەوە کۆمەڵێك زانیاری زۆر مەترسیدارمان پێ گەیشتووە لەسەر بازرگانی کردن بە بەنزینەوە و لەسەر قۆرخکاری لەلایەن کۆمپانیایەکی دیاری کراوەوە، تەنانەت دزە کردنی ئەو سووتەمەنییە و ئەو بەنزینە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش، بۆیە ئێمە دووبارە لێرەوە جەخت دەکەینەوەکە هەر یاداشتێك پەیوەندی بە کێشەی هەنووکەیی هەبوو جەخت بکرێتەوە کە وەزارەت لە زووترین کاتدا وەڵام بداتەوە، کە ئێمە لەو شەش خاڵەدا هەموو ئەو ئاستەنگانەمان دیاری کردبوو کە لەبەردەم کۆبۆن دانرابوو، یەکێك لەوانە برا پێشمەرگەکانن کە لە سەنگەرەکانی پێشەوەن، ئێستا ئەو کۆبۆنە بە پێی ئەو ڕێنماییانە شمولیان ناکات، بۆیە پێویستە جەخت بکرێتەوە کە بە زووترین کات وەڵامی ئەو یاداشتە بدەنەوە بە دڵنیاییەوە ئەو شەش خاڵە هەمووی چارەسەر کردووە، هەر وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بە زووترین کات بەدواداچوون بۆ ئەو زانیاریانە بکات کە زانیاری زۆر مەترسیدارن، کۆمپانیایەکی دیاری کراو بازرگانییەکەی دیسانەوە قۆرخ کردووە لەسەر کوالێتیەکەشی بەهیچ جۆرە ڕێگە نادرێ کوالێتیی ئەم بەنزینە فەحس بکرێ، بەنزینی ناوخۆیشی تێکەڵاو دەکرێ، بە بازرگانی دەفرۆشرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

داواتان لێ دەکەین سەرجەم ئەو یاداشت و بیرۆکانەی کە هەتان بوو ڕێك ئاراستەی سەرۆکایەتی بکەن بۆ ئەوەی ئاراستەی لایەنی پەیوەنداری بکەین، ئێستا دەچینە سەر بڕگەی (٢) لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان کە بریتییە لە کۆتایی هێنان بە خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، خوشك وبرایانم ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان، بە بۆنەی کۆتایی هاتنی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم، لە خولی چوارەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی عیراق بەناوی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانەوە دەست خۆشی لە سەرجەم لیژنە و فراکسیۆنەکانی پەرلەمان و سەرجەم پەرلەمانتاران دەکەین کە لە ماوەی ڕابردوو دا پشوو درێژانە توانیتان ئەرکەکانی سەر شانتان ڕاپەڕێنن و نموونەیەکی جوان لە کاری پەرلەمانی پێشکەش بکەن، بەڕێزان سەرەڕای ئەو

ئاستەنگانەی کە بوونە هۆی دواکەوتنی سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەڵام لە ماوەی ئەو سێ مانگەی خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان دەست بەکاربووە توانیویەتی سەرکەوتووانە کۆمەڵێك لەو ئەرکانەی لەسەر شانی بووە جێ بەجێ بکات، لەسەرووی هەمووشیانەوە متمانەدان بە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەستکردن بە هەنگاوەکانی هەموار کردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کە لەڕێگەیەوە تونرا چەند لیژنەیەکی پێویست و گرنگ بۆ پەرلەمان زیاد بکرێ، لەوانە لیژنەی پەیوەندیەکان و ڕەوەندی کوردستانی و لیژنەی کاروباری ناوچەکوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و لیژنەی کاروباری پەرلەمانی و لیژنەی هەموار کردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، لەلایەکی ترەوە پەرلەمانی کوردستان بۆ جاری سێیەم یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی بە شێوەیەك هەموار کردەوە کە لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیموکراسیەت بگونجێ و سەرەتایەك بۆ بنبڕکردنی ئاسەواری دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان بێنێتە کایەوە، یەکێکی دیکە لە دەستکەوتەکانی ئەم خولەی پەرلەمان بریتیە لە هەموار کردنەوەی یاسای خۆپیشاندان بە شێوەیەك کە هەماهەنگ بێ لەگەڵ کۆدەنگی نیشتمانی و مافەکانی مرۆڤ و ئازادای ڕادەبڕین و هەلومەرجی نوێ و سەردەمیانە، بەڕێزان لە ئێستادا هەرێمی کوردستان و ناوچەکە بە هەلومەرجێکی ئالۆز و دژوار دا تێ دەپەڕێت، کە بە هۆیەوە گەلەکەمان دەرفەتی نوێی بۆ ڕەخساوە بۆ ئەوەی بەشێوازێکی تر پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا ڕێك بخاتەوە و بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان بکرێتە بنەما بۆ شێوەی پەیوەندی هەرێمی کوردستان و عیراق، هەروەها یەکلاکردنەوەی کێشەی ناوچە کوردستانییە جێ ناکۆکەکان و هاوشان کارکردن لەسەر ستراتیژیەتیەکی نوێ بۆ دۆخێکی نوێ لە چارەنووسی هەرێمی کوردستان، لەم پێناوەش دا پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی ڕابردوو دا توانی یاسای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان پەسەند بکات، بۆ ئەوەی ئامادەسازی بکات بۆ هەر هەنگاوێکی داهاتووی کە لەم بوارەدا بگیرێتە بەر، پەرلەمانی کوردستان هەر لە سەرەتای ڕووداوەکانی ئەم دواییەی عیراق بە چڕی بەرپرسیاریەتیەکانی خۆی جێ بەجێ کرد لەڕێی سەردانی مەیدانی لیژنە پەیوەندارەکانی پەرلەمان و سەرۆکایەتییەکەی تەواوی ناوچە کوردستانییەکان بەسەر کردەوە و لەڕێگەی بۆچوونی لیژنەکانەوە گەیشتە چەندین بڕیار و ڕاسپاردەی پێویست بۆ چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ دۆخی ناوچە کوردستانییە جێ ناکۆکەکان، لەم خولەی پەرلەماندا پەرلەمانی کوردستان توانی ئەمڕۆ یاسای بودجەی پارتە سیاسییەکان پەسەند بکات، کە ئەم یاسایەش ڕۆڵی گەورەی دەبێت لە پەرەدان بە ژیانی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان و هێنانە کایەی شەفافیەت و هاوسەنگی لە نێوان هێزە سیاسییەکان دا، لەم خولەدا سەرۆکایەتی پەرلەمان توانیویەتی هاوسەنگی و هەماهەنگی دروست بکات لەگەڵ هەردوو دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن، (سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان)، بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی توانی سەرکەوتووانە دەست بکات بە ڕۆڵی چاودێری کردنی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن لەڕێگەی پرسیار و گفتوگۆ کردن لەسەر پرسە هەنووکەییەکانی هەرێمی کوردستان، هەموو ئەو دەستکەوتانە لە ئەنجامی لێ بڕاوەیی و دڵسۆزی ئێوەی

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان و گیانی تەبایی و پێکەوە کارکردنی نێوانتان و نێوان فراکسیۆنەکانتان هاتۆتە دی، کە لە کۆتایی ئەم خولەدا بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردووە و هیوادارین گیانی سازانی ناو پەرلەمان پەرەی پێ بدرێت بۆ ئەوەی خولی گرێدانی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان بتوانێ دەستەکەوتی گەورەتر بۆ پەرلەمان و گەلی کوردستان بەدی بهێنێت، لە کۆتایی دا داوا لە پەرلەمانتاران و لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین کۆشش بکەن بۆ ئامادەکردنی زۆرترین ئەو پرۆژە یاسایانەی کە لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان دایە و بەردەوام بن لە چوونە ناو خەڵك و لە نزیکەوە ئاگادار بوون لە کێشە و گرفتەکانیان و بەدواداچوونی کارو پرۆژەکانی حکومەت، هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بن، زۆر سوپاس بۆ هەموو لایەك، بەم شێوەیە خولی گرێدانی دووەمی پەرلەمانی کوردستان کۆتایی پێ ئەهێنین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| فخرالدین قادر | جعفر ابراهیم ئێمینکی | د. یوسف محمد صادق |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)ی نائاسایی**

**دوو شەممە رێكەوتی ٢٠١٤\٨\٢٥**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٢)ی نائاسایی

## دوو شەممە رێكەوتی ٢٠١٤/٨/٢٥

كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی ٢٠١٤/٨/٢٥ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی یوسف محمد صادق سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٢)ی نائاسایی خولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (٢)ی نائاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەكەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كات (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی ٢٠١٤/٨/٢٥ دا بەم شێوەیە بێت:

١- خوێندنەوەو گفتوگۆ كردنی راپۆرتی لیژنە پەیوەندیدارەكانی پەرلەمانی كوردستان لەسەر دۆخی قەزای شەنگال و ناوچە كوردستانییە جێناكۆكەكان.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەكەمان بەناوی گەلی كوردستانەوە دەكەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەكەم، خولی گرێدانی دووەم، دانیشتنی ژمارە (٢)ی نائاسایی، رۆژی دانیشتن ٨/٢٥/ ٢٠١٤، بەرنامەی كار: پشت بەستن بە حوكمی برگەی (دووەم) لە ماددەی (٤٩)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (٢)ی نائاسایی ساڵی یەكەمی خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە، رێكەوتی ٢٠١٤/٨/٢٥ بەم شێوەیە بێت:

١- خوێندنەوەو گفتوگۆ كردنی راپۆرتی لیژنە پەیوەندیدارەكانی پەرلەمانی كوردستان لەسەر دۆخی قەزای شەنگال و ناوچە كوردستانییە جێناكۆكەكان.

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان لەڕاستیدا دوای ئەو ڕووداوانەی كە لە پارێزگاكانی موصڵ و سەڵاحەدین و ئەنبار و ناوچەكانی تری عێراق ڕوویانداوە، بووە هۆی ئەوەی كە گرووپی تیرۆریستی داعش دەست بەسەر بەشێك لەناوچەكانی عێراقدا بگرێت، بارودۆخێكی نائاسایی هاتە كایەوە، كە هەرێمی كوردستان هەوڵی ئەوەیدا لەم ناوچانە مافی پێكهاتەكان بپارێزرێت، هەوڵی پاراستنی سەرجەم پێكهاتەكانی ناوچە كوردستانییە جێ ناكۆكەكان بدات، لەڕاستیدا بەهۆی ئەو ڕووداوانەوە سەرەتا براو خوشكە مەسیحیەكانی موصل و سەهلی نەینەوا كەوتنە بەردەم مەترسی جینۆسایدەوە، لەناوچەكانی خۆیان دەركران، هەرێمی

کوردستان بووه پەناگەی ئەوان، بەڵام ڕووداوەکان لەوە زیاتر پەرەی سەند، کارەساتەکانی شەنگالی بەدوادا هات، کە بووە هۆی شەهید بوونی سەدان هاووڵاتی و بریندار بوونی سەدانی تر و ئاوارە بوونی هەزاران خوشك و برای ئێزیدی لەسەر زێدی خۆیان، لەڕاستیدا ئەو کارەساتەی لە شەنگال ڕوویدا بەهەموو پێوەرەکان یەکێکە لە درندانەترین ئەو کارەساتانەی کە لەمێژووی نوێی مرۆڤایەتی تۆمار کراوە، بەتایبەتی ئەو کارەساتانەی بەسەر خەڵکی کوردستاندا هێنراوە، بۆیە ئەمە پێویستی بە هاناوە چوونی خێرای ئەو بارودۆخە هەبوو لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە، بەهەموو دەسەڵاتەکانیەوە لەناویشیاندا پەرلەمانی کوردستان، ئێمە لەپەرلەمانی کوردستان پێمان وابوو ئەم کارەساتە فرە ڕەهەندە، ڕەهەندی جیاجیای هەیە، کە خۆی لە بابەتی مرۆیی و کارەساتی مرۆیی و ئینسانی کوردانی ئێزیدی و پێکهاتەکانی تری ناوچە جێ ناکۆکەکان دەبینێتەوە، کە خۆیان لەمەسیحیەکان و شەبەك و ئێزیدی و کاکەییەکانیش ئەبینێتەوە، ئەمە جگە لە پێکهاتەکانی تری ناوچە جێناکۆکەکان کە دیسانەوە ئەوانیش مەترسیان لەسەر بوو، بەتایبەتی پێکهاتە مەزهەبیە جیاجیاکانی ئەم ناوچانە، تورکمانەکان، تەنانەت عەرەبەکانی ئەم ناوچانەش مەترسیان لەسەر بوو، بۆیە هەر لەگەڵ ڕوودانی ئەو کارەساتە پەرلەمانی کوردستان بەئەرکی خۆی زانی کە لەئاستی جیاجیا کار بکات، بۆ بەهاناچوونی ئەو بارودۆخە، دوو یاداشتمان پێ گەیشت بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی نائاسایی پەرلەمانی کوردستان، لەڕۆژی ٢٠١٤/٨/٨ کە ڕۆژی هەینی بوو، لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان و لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان کۆبووینەوە، بۆ ئامادەسازیکردن بۆ ئەو کۆبوونەوە نائاساییەی کەداوا کرابوو، لەو کۆبوونەوە نائاساییە گفتوگۆیەکی دوورو درێژ لەسەر سەرجەم ئەو بارودۆخە کرا، تێیدا سەرۆکی فراکسیۆنەکان یاداشتێکیان واژوو کردو دایان بە ئێمەو داوای ئەوەیان کرد، کە لەبەرایدا لیژنە پەرلەمانیەکان ڕابسپێردرێن بۆ ئەوەی ڕاپۆرتی خۆیان حازر بکەن، وەدوایی بەر مەبنای ئەو ڕاپۆرتانەی لیژنە پەرلەمانیەکانی کوردستان هێناویانەتەوە، دانیشتنێکی نائاسایی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدەین، یاداشتەکەش لەبەردەستماندایە، ئێمەش لیژنەکانی پێشمەرگەو ناوخۆمان ڕاسپارد بۆ ئەوەی بەدواداچوونی زیاتر بۆ کێشەکانی پێشمەرگە، کێشەی جێهێشتنی ئەو ناوچانە لەلایەن پێشمەرگەو کێشەی بەرەکانی جەنگ تاوتوێ بکەن، کە لەڕاستیدا لەماوەی ڕابردووش ئەم دوو لیژنەیە، توانیبوویان دوو ڕاپۆرتی باش ئامادە بکەن، ئەو بڕیارانەی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە، ئەو ڕاسپاردانەی ئەم لیژنانە حازریان کردبوو، ئەگەر زووتر لەبەرچاو بگیرانایە، ڕەنگە بەشێکی ئەو کارەساتەی کە ڕوویدا ڕووی نەدابایە، ئێستا ئەو دوو لیژنەیە ڕاپۆرتی خۆیان حازر کردووە، هەروەها لیژنەکانی ماڤ مرۆڤ و کۆمەڵگای مەدەنی و ژنانمان ڕاسپارد کە لەدوو ئاستدا ئیش بکەن، ئاستێکیان هەوڵدان بۆ بەدۆکۆمێنت کردنی جینۆسایدی ئێزیدیەکان و پێکهاتەکانی تری ناوچە جێناکۆکە کوردستانییەکان، هەروەها بەهاناوە چوونی ئاوارەکان و بەدەنگەوە چوون و چاودێری کردنی چۆنیەتی بەهاناوە چوونی ئاوارەکان کە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون، هەروەها لیژنەی دارایی و نەزاهەمان ڕاسپارد کە بەدوای کێشە داراییەکانی هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی تری هەرێمی کوردستاندا بچن، لەهەمان

كاتيشدا سەرۆكی لیژنەی داراییمان ڕاسپارد، كە ڕاپۆرتێك حازر بكات سەبارەت بەوەی كە چۆن ئەتواندرێت بڕیاری پێشووی پەرلەمانی كوردستان سەبارەت بەزیاد كردنی مووچەی هێزەكانی پێشمەرگە بخرێتە بواری جێبەجێ كردنەوە، پێشنیاریش چییە لەم بوارەدا، كە پێم وابێت ئەو دوو لیژنە بەڕێزەش ڕاپۆرتی خۆیان ئامادە كردووە، ئێستا ئامادەیە بۆ تاوتوێ كردن، لەلایەن پەرلەمانی كوردستانەوە، بەهەمان شێوە لیژنەی تەندروستیمان ڕاسپاردووە كە بەدواداچوون بۆ كێشە تەندروستییەكانی ئاوارەكانی قەزای شەنگال و سەرجەم ناوچە كوردستانییە كێشە لەسەرەكان تاوتوێ بكەن، كێشە تەندروستییەكانی پێشمەرگە تاوتوێ بكەن و ڕاپۆرتێك ئامادە بكەن بۆ ئەوەی ئەو ڕاپۆرتەش لەپەرلەمانی كوردستان تاوتوێ بكرێت، لەهەمان كاتدا ئێمە وەكو دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان لە ئاستی تریشی هەوڵی هێنانە دەنگی كۆمەڵگای نێودەوڵەتیمان داوە دژ بەو تاوانانەی كە دەرهەق بە پێكهاتەكان بەتایبەتی براو خوشكە ئێزیدییەكان و براو خوشكە مەسیحییەكان و شەبەكەكان و كاكەییەكان لەناوچە جێ ناكۆكەكان دەگوزەرێت، بۆیە هەم لەڕێگای بەلاغ و یاداشتەوە كۆمەڵگای نێودەوڵەتیمان لەو كارەسات و تاوانە دژ بە مرۆڤایەتیانە ئاگادار كردەوە، لە ٨/٩ ئەم مانگەش كۆبوونەوەیەكمان، لەگەڵ قونسوڵخانەكانی هەرێمی كوردستان سازدا بۆ هەمان مەبەست، لەگەڵ یۆنامیش بەردەوام لەسەر خەت بووین بۆ هەمان پرس، لەگەڵ دەسەڵاتەكانی عێراقیش لەسەر خەت بووین بۆ ئەوەی ئەوانیش بە بەرپرسیارێتیەكانی خۆیان لەم ڕووەوە هەستن، لیژنە پەرلەمانیەكانیش لەماوەی ڕابردوو فراكسیۆنەكانی پەرلەمان، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، لەماوەی ڕابردوو زۆر بەشێوەیەكی لەخۆ بردووانە، زۆر بەشێوەیەكی ئەكتیڤانە سەرجەم بەرەكانی جەنگ، سەرجەم كەمپەكانی ئاوارەكانیان بەسەركردەوە، بوونە پردێك بۆ گەیاندنی داخوازی ئەوان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەكان، بۆ گەیاندنی داواكاری ئەوانەی كە ئاوارە بوون بە ڕێكخراوە مرۆڤ دۆستە جیهانییەكان، تەنانەت هەندێجار زیاتر لەمەش بۆ گەیاندنی كۆمەك و هاوكاری مرۆیی بۆ ئاوارەكان و بۆ زیانمەندان و هەوڵدان بۆ سارێژ كردنی برینەكانیان، لەڕاستیدا پەرلەمانی كوردستان پێی وایە، كە سەرەڕای گەورەیی ئەو كارەساتە، بەڵام پێویست ئەكات بەهەمووومان هەوڵی سارێژ كردنی ئەو برینانە بدەین، كە لەماوەی ڕابردوو هاتوەتە كایەوە، بەهەستێكی بەرپرسیارێتی نیشتمانی هەڵەو كەموكورتی خۆمان چارەسەر بكەین، هەوڵی ئەوەش بدەین، كە ئەو كارەساتە مرۆییە كۆتا بێت، بەتایبەتی كە ئێستا ئەم كارەساتانەی كەڕوویان دا بووەتە هۆی ئەوەی كە بەشێك لە پێكهاتەكان بیر لەجێهێشتنی عێراق بەشێوەیەكی گشتی و هەرێمی كوردستان دەكەنەوە، كەبەڕاستی ئەمە بەمەترسیەكی مۆزایكی نەتەوەیی مۆزایكی كۆمەڵایەتی هەرێمی كوردستان ئەزانین، وە داوا لەبراو خوشكە مەسیحییەكانمان دەكەین بەتایبەتی كە هەرێمی كوردستان بەجێ نەهێڵن، هەرێمی كوردستان بەزێدی خۆیان بزانن، ئەگەر لەناوچەكانی تری عێراق مەترسیان لەسەرە هەرێمی كوردستان بەشوێنی مانەوەی خۆیان بزانن، ئێمە هەوڵی ئەوە دەدەین، لەگەڵ كۆمەڵگای نێودەوڵەتی و حكومەتی عێراقی و لایەنە پەیوەندیدارەكانی تریش هەوڵی نیشتەجێكردنیان بدەین لەسەر خاكی هەرێمی كوردستان، بەهەمان شێوە براو خوشكە ئیزیدییەكانمان، كاكەییەكانمان، شەبەك، كە ئێستا

ناوچەكانیان مەترسی لەسەرە، راستە لەبارودۆخێكی مرۆیی خراپدا دەژین، دەرك بەو ناسۆر و ئازارانەی كە ئێستا هەموو ئاوارەكانی تێدایە، دەركی پێ دەكەین، بەڵام پێمان وایە كە مانەوەی هەموویان لەسەر خاكی هەرێمی كوردستان زەمانەتی ئەوەیە كە هەرێمی كوردستان ئێستا بمێنێتەوەو بەرەوپێشەوە بچێت، پێمان وایە هەرێمی كوردستان بەهەموو رەنگ و پێكهاتەو مەزهەبەكانیەوە جوانە، بەم مۆزاییكەوە ئەتوانێت بەرەو پێشەوە بڕوات، هەر ئەمەش پاراستنی ئەم مۆزاییكە گیانی لێبوردەیی لەكوردستان، گیانی پێكەوە ژیان لەهەرێمی كوردستان، بوەتە هۆی ئەوەی كە كۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئێستا لەبەرژەوەندی خەڵكی هەرێمی كوردستان و پێكهاتە جیاجیاكانی هەرێمی كوردستان دەستێوەردان ئەنجام بدات، هەوڵی هاوكاری كردنی هەرێمی كوردستان بدات، هەم بۆ بەهاناوەچوونی ئاوارەكان، هەم بۆ ئازادكردنی ئەو ناوچانەی كە لەلایەن گرووپە تیرۆریستییەكانەوە داگیركراون، لێرەوە بەپێویستی ئەزانین بەناوی پەرلەمانی كوردستانەوە سوپاسی هەموو ئەو دەوڵەتە دۆستانە بكەین، كە لەماوەی ڕابردوو بەدەم بانگەوازەكانی هەرێمی كوردستانەوە هاتن، هەم لەڕووی مرۆیی، هەم لەڕووی سەربازییەوە، ئەمڕۆ ئێمە هەوڵی ئەوە دەدەین، كە ڕاپۆرتی لیژنە پەیوەندیدارەكان كە ئامادە كراوە لەسەر ئەو بارودۆخەی كە لەماوەی ڕابردوو هاتووەتە كایەوە بخوێندرێتەوە، دواتر گفتوگۆی لەسەر بكرێت، لەكۆتاییشدا هەوڵی ئەوە دەدەین لە دانیشتنێكدا، هەندێك ڕاسپاردەی پێویست سەبارەت بەو بارودۆخەی ئێستا هاتووەتە كایەوە دەربكەین لەپەرلەمانی كوردستان، ئەگەر بە پێویستیشمان زانی، ئەندامانی پەرلەمان و فراكسیۆنە جیاوازەكانی پەرلەمانیش بەپێویستیان زانی بڕیاریش لەپەرلەمان دەربچێت، ئەوە لەسەر ڕۆشنایی ئەو ڕاسپاردانەی كە لیژنەكان حازریان كردووە، لەسەر ڕۆشنایی ئەو گفتوگۆیەی كە ئەمڕۆ لەپەرلەمانی كوردستان دەگوزەرێت، ئەتواندرێت پرۆژە بڕیار حازر بكرێت، واژووی ئەندامانی بۆ كۆبكرێتەوە، بۆ ئەوەی دواتریش لەم دانیشتنە یان دانیشتنەكانی داهاتووی پەرلەمان ئەو پرۆژە بڕیارانەش تاوتوێ بكرێن و بخرێنە دەنگدانەوە لەلایەن پەرلەمانی كوردستانەوە پەسەند بكرێن، ئەمەوەێت ئەوەشتان پێ بڵێم هەردوو بڕیاری پێشووی پەرلەمانی كوردستان سەبارەت بەهێزەكانی پێشمەرگەو ناوخۆ، چوونەتە بواری جێبەجێ كردنەوە، لەئێستاوە لیژنە پەیوەندیدارەكان دەتوانن بەدواداچوون بۆ چۆنیەتی جێبەجێكردنیان بكەن، بێگەرد خان نوقتەی نیزامی هەبوو، فەرمووو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەڕاستیدا ویستم بەر لەوەی جەنابت دەست بە وتووێژەكانت بكەیت، هەموو ئەندامانی پەرلەمان چەند ساتێك بوەستێن بۆ گیانی پاكی قوربانیانی شەنگال و ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی كە بوونە پارێزەر و خۆیان شەهید كرد لەپێناو پاراستنی خاك و نەتەوەكەمان، من تەنها ئەوە نوقتە نیزامیەكەم بوو، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

داواکارییەکەت پەسەندە، فەرموون دەقەیەك بوەستن بۆ گیانی پاکی هەموو شەهیدانی کارەساتەکانی ڕابردوو و شەهیدانی پێشمەرگەش، زۆر سوپاس فەرموون.

ئێستا داوا لەسەرۆکی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانی کوردستان، لیژنەکانی پێشمەرگە، ناوخۆ، مافەکانی مرۆڤ، کۆمەڵگای مەدەنی، ژنان، تەندروستی، دارایی، نەزاهە دەکەین کە بێنە شوێنی دانیشتنی لیژنەکان بۆ دەست پێکردن بە وتو وێژەکانمان، ئێستا ڕاپۆرتی لیژنە پەیوەندیدارەکان باسی ئەو پرسە ئەکات کە چۆن ئەتوانین بە جینۆسایدی بناسێنین، ئێستا فەرموون با لیژنەکان دەست بکەن بە خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکانیان، لە لیژنەی مافەکانی مرۆڤەوە دەست پێ دەکەین، فەرموو کاك سۆران.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ تایبەت بە ڕەوشی ئاوارەکان و ئەو تاوانانەی دەرحەق بە ئێزیدیەکان و تەواوی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان لەلایەن گرووپی توندڕەوی داعشەوە ئەنجام دراون، سەرەتا...

ئەوەی لەپاش داگیرکردنی شاری موصڵ چەکدارانی توند ڕەوی داعش لە ٩ی حوزەیرانی ٢٠١٤ و داگیرکردنی شەنگال لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ و چەندین ناوچەی تری کوردستانی سنووری ماددەی ١٤٠ ئەنجام درا، بەزۆر وەدەرنان لە زێدی خۆ و کۆمەڵکوژی و ڕفاندنی ئافرەت و بەزۆر ئاین پێگۆڕین و تەقاندنەوەی شوێنە مێژوویی و ئاینیەکان بەشێك بوون لەتاوانی گەورەی دژ بەمرۆڤایەتی و پێشێلکاری گەورەی مافەکانی مرۆڤ بوون، کە بەشی زۆریان دەچنە خانەی جینۆسایدەوە، بۆ بەدواداچوونی ئەو دۆخە مەترسیدارەو بەدەمەوەچوونی ئاوارەکان لیژنەی مافەکانی مرۆڤ لەسەر ڕاسپاردنی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان چەندین سەردانی مەیدانی ئەنجامداو لەنزیکەوە لەڕەوشی ئاوارەکان و بارو گوزەرانیانی کۆڵیوەتەوە، لەگەڵ ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم و پارێزگاکان لەپەیوەندی و بەدواداچوونی بەردەوامدایە، بۆ ئەو مەبەستە ئەم ڕاپۆرتە دەخەینە بەردەستی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرجەم ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان.

دەستپێکی پەرەسەندنی تاوانەکان..

ڕووداوەکان لەگرتنی شەنگالەوە پەرەیان سەندو دۆخەکە پێی نایە قۆناغێکی نوێوە، بەتایبەت کە پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان لەتەواوی ناوچە کوردستانیەکان کەوتنە بەر پەلامار و هێرشی چەکدارانی داعش و لێشاوێك ئاوارە ڕووی لە شاری دهۆك و شارو شارۆچکەکانی تری هەرێمی کوردستان کرد، ئەو پێکهاتەش کە ڕووبەڕووی جینۆساید بوویەوە ئێزیدییەکان بوون، ئێزیدیەکان پێکهاتەیەکی ئاینین بیرو باوەڕی تایبەت بەخۆیان هەیە، نزیکەی ٧٥٠ هەزار کەسیان لەعێراقدا دەژین، بەشێکی زۆریان لەنزیك موسڵ و لەناوچەی شنگال نیشتەجێن و چەندین جار ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی بوونەتەوە.

له (٣ی ئابی ٢٠١٤) چەکدارانی داعش شنگالیان داگیرکرد، بەشێکی زۆری خەڵکەکەی کە بە زیاتر لە (١٠٠) هەزار کەس دەخەملێنرا ڕوویان لەچیای شنگال کرد.

قەزای شنگال: دوو ناحیەی هەیە بەناوەکانی (سنونێ و قەیرەوان) زیاتر لە (٩٥) گوند لەخۆ دەگرێت، دانیشتووانەکەی بە (٣٢٠) هەزار کەس دەخەملێنرێت، ڕووبەرەکەی نزیك بە ٣١٨٨ کم٢ یە، (٨٥٪)ی دانیشتووانەکەی کوردی ئێزیدین.

لەگەڵ داگیرکردنی شاری موسڵ ، قەزای تەلەعفەر بەناحیەکانی (زمارو عیازیەو ڕەبیعە) و قەزای تەلکێف بە ناحیەکانی (بانکێو و فایدە) و قەزای حەمدانیە بە ناحیەکانی (بەرتلەو نەمرود) ڕووبەڕووی داگیرکاری و ئاوارەبوونی دانیشتووانەکەی بوونەوە کەبەقەزای شنگال و ئەو٣ قەزایە ترە وە نزیکەی (١) یەك ملیۆن کەس لەم ناوچانە ئاوارە بوون.

لەگەڵ داگیرکردنی قەزای شنگال و دەوروبەری، بەشێکی ئێزیدییەکان نەیانتوانی هەڵبێن و لەناوچەکە ماونەتەوە، ئەوانیش ڕووبەڕووی توندوتیژی جۆراوجۆری پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ بوونەتەوە بەژن و کچ و پیرو لاوو منداڵەوە، لەزاری خانەوادە ئێزیدییەکانەوە باس لە دەستبەسەر کردن و ڕفاندنی سەدان ژن و کچیان دەکەن بەدەستی داعش و ئاماژە بەوەش دەکەن کەئەو ئافرەتانەیان براونەتە زیندانی بادۆش و کۆمەڵگەیەکی وەرزشی لەبەرامبەر (فندق نینوی) و چەند شوێنێکی تر، باس لەمامەڵەی کڕین و فرۆشتن دەکەن بەو ئافرەتانەوە.

له (گوندی کوچۆ) کە (٣٨٠) خێزانی ئێزیدی تێیدا دەژی، تەنها (١٨) کیلۆ مەتر دوورە لەسەنتەری قەزای شنگالەوە، لەباکوورو باشوورو ڕۆژئاوای گوندەکە عەرەبی عەشیرەتی شەمەر نیشتەجێیە، لەلایەن چەکدارانی داعشەوە کۆمەڵکوژی لەم گوندەدا ئەنجام دراوە، زانیارییە سەرەتاییەکان باس لەکوشتنی بەکۆمەڵی (٨٠) پیاوی ئەو گوندە دەکەن لەگەڵ بردنی دەیان کچ و ژن بۆ قەزای تەلەعفەر.

بەشێکی تری ئێزیدییەکانی شنگال کەبە (٢٠٠) هەزار کەس مەزەندە دەکرێت ئاوارەی شاری دهۆك بوون و بە نێو شارو چەندین شوێنی تری وەك (خانکێ و تەناهی و شاریاو باتیلێ و صۆریاو پێشابیرێ و هەورێسکێ و باوەردێ و باجید کەندالا) و چەندین شوێنی تردا بڵاوبونەتەوەو لەدۆخێکی مرۆیی خراپدان.

ئەوانەی لەچیای شنگال بوون -چیای شنگال، لەباکووری ڕۆژهەڵاتی شنگالەوە تا باکووری ڕۆژئاوای شنگال بەدرێژی (٧٧ کم) و پانی (١٣کم) و بەرزی (١٤٦٥م) درێژ دەبێتەوە- لەخراپترین دۆخی مرۆییدا بوون تەنها ڕێگایەك کە پێداویستی سەرەتاییان پێ بگەیەنرێت فرۆکە بووە کەدەیان وەجبە خواردن و خواردنەوەو دەرمانیان پێگەێنرا، هەر لەوکاتەدا سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بەدابینکردنی ئاوو خواردن لەیەکەم کاروانی گەیاندنی هاوکاری بۆ چیای شنگالدا بەشداریکرد.

بەپێی ئامارە نافەرمییەکان تائێستا (١٠٠) منداڵ و بەتەمەن بەهۆی برسێتی و بێ ئاوی و نەخۆشییەوە گیانیان لەدەستداوە، لەڕێگای سنونێ لەدیوی ڕۆژئاوای کوردستانەوە ڕێگاکرایەوە بۆ ڕزگارکردنی ئەو ئاوارانەی چیای شنگال و زۆرینە لەدهۆك و زاخۆ گیرساونەتەوەو لەڕەوشێکی مرۆیی و دەرونی خراپدان.
لەگەڵ بڵاوبونەوەی وێنەی ئاوارەبوونی ئێزیدییەکان و گیرسانەوەیان لەچیایەکی سەخت و وشکی وەك چیای شنگال، لەگەڵ بڵاوبونەوەی هەواڵی لەبرسا مردنی منداڵ و پیری ئێزیدییەکان لەو چیا دوورە دەستە، گەمارۆدراوە، ئیدی ویژدانی مرۆڤایەتی هەژا، دیمەن و هەواڵەکان فرمێسکی لەچاوی هەمووان هێنا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناچارکرد لەو هەموو تاوانە بێدەنگ نەبن کەلەم سەدەی بیست و یەکەداو لەساڵی ٢٠١٤ دا خەڵکانێك لەترسا هەڵبێن و بەگەمارۆدراوی لەنێو چیایەکی عاسی دا لەبرسانا بمرن.
هەرچەندە تائێستاش نزیك بە (٦٠٠٠-١٠٠٠٠) ئاوارەی ئێزیدی لەچیای شنگال ماونەتەوە، بەڵام لەمەترسی مردن و برسی بوون دەرچوون و (٢٠١٤/٨/٢٣) کاروانێکی (٧) بارهەڵگریان پێگەشت، جگە لەوە بەپێی دواین ئامارو زانیاری (١٥٠٠٠) پازدە هەزار ئاوارەی ئێزیدی کەلەچیای شنگال ڕزگارکراون لە (خێوەتگەی نەورۆز) لەدیوی ڕۆژئاوای کوردستان لەسەر سنوور نیشتەجێ بوون، ئاوارەکانی ئەو خێوەتگەیە لەدۆخێکی خراپی مرۆییدا ژیان دەگوزەرێنن، بێ کەلوپەل و خۆراکن، بێ دەرمانن و مەترسی بڵاوبونەوەی نەخۆشییان لێدەکرێت بەهۆی خراپی ئاوی خواردنەوەیان، بۆیە پێویستیان بەهاوکاری خێرایە، هەرچەندە نەتەوەیەکگرتووەکان لەڕێگای ئاسمانییەوە بەقامیشلۆدا لەهەوڵی گەیاندنی هاوکارییە پێیان.
لەلایەکی ترەوە بەشێك لەو ئاوارانەی چیای شنگال لەنێوان ڕۆژئاواو باشووری کوردستان دا لەیەکتر دابڕاون و زۆر منداڵی بەتەنها لەو خێوەتگەدایە، بەشێکی تریان ئەو ژن و پیاوە بەتەمەن و نەخۆشانەن پاش دابەزینیان لەچیا، نەیانتوانیوە بپەڕنەوە بۆ باشووری کوردستان.
یەکێکی تر لەو پێکهاتە ئاینیانەی کەتووشی ڕاگواستنی بەزۆرو توندوتیژی بوونەوە، مەسیحییەکانە.
مەسیحیەکان، پێکهاتەیەکی ئاینین، بەشێکی زۆریان لەشاری بەغداو موسڵ و دهۆك و هەولێرو سلێمانی و چەند ناوچەیەکی تر نیشتەجێن، لەپاش ٢٠٠٣ ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوەو بەشێکیان ئاوارەی کوردستان بوون و بەشێکیشیان عێراقیان جێهێشت.
لە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ کاتێك بەتەواوی شاری موسڵ کەوتە دەستی داعش، سێ بژاردە خرایە مەسیحیەکانی ئەو شارەو تاکو (١٩)ی تەمموز مۆڵەتیان پێدرا بۆ ئەوەی (جزیە بدەن، یان مسوڵمان بن، ئەگەر نا موسڵ جێبهێڵن)، بۆیە ئەو خێزانە مەسیحیانەشی کە لەگرتنی شاری موسڵدا هەڵنەهاتبوون بەناچاری لەشاری موسڵ دەرکران، لەپاش جەنگی جیهانی یەکەمەوە بۆیەکەمجارە ئەم ئاوارەبوونەی مەسیحیەکان بەوشێوازو قەبارە زۆرە ڕوودەدات و یەکەمجاریشە لەمێژووی ئەو شارەدا موسڵ خاڵی بێت لەمەسیحی.
لەئێستەدا ئاوارەیەکی زۆری مەسیحیەکان ڕوویان لە کەمپی بەحرکەو شارۆچکەی عەینکاوە کردووەو تەنها لەناو عەینکاوە (٢٠) هەزار ئاوارەی مەسیحی لێیە.

پێکهاتەیەکی تر کەبەهەمان شێوە پارێزراو نەبوون لەدەستی داعش، بریتین لەشەبەك.

شەبەك، پێکهاتەیەکی ئاینین، نیشتەجێی ناوچەکانی بەرتلەو قەرەقوش (حەمدانیە)ی ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵن، بەشێکیان لەهەولێرو کەرکووك و گەرمیان نیشتەجێن.

بەهۆی داگیرکردنی شاری موسڵ لەلایەن داعشەوە زۆرینەیان ئاوارە بوون بەتایبەت لەگوندەکانی دەوروبەری خازر.

پێکهاتەیەکی تری نەتەوەیی کەتووشی ئاوارەبوون و توندوتیژی بوونەوە تورکمانەکان بوون.

تورکمانەکان، پێکهاتەیەکی نەتەوەیین و لەباکووری موسڵ و کەرکووك و هەولێرو خانەقین و خورماتوو داقوق و کفری و مەندەلی نیشتەجێن، بەهۆی داگیرکردنی شاری موسڵ و چەند ناوچەیەکی ترەوە ئاوارە بوون.

ئاوارەی تورکمانەکان:

(٥٠٠٠) خێزانی ئاوارەی تورکمانی موسڵ و تەلەعفەر لەشاری دهۆکن.

(١٢٠٠) خێزانی ئاوارەی تورکمانی موسڵ و تەلەعفەر لەشاری هەولێرن.

(٥٠٠) خێزانی تورکمانی جەلەولاو موسڵ و تەلەعفەر لەشاری سلێمانین.

(٨٠٠٠) خێزانی تەلەعفەرو موسڵ و ئامرلی و خورماتوو وقەرەتەپە لەشاری کەرکووکن.

(٨٠٠٠٠) کەسی تری تورکمان کە شیعە مەزهەبن لەموسڵ و تەلەعفەر ئاوارەی شاری نەجەف و کەربەلا بوون.

نزیکەی (٢٠) هەزار هاوڵاتی ناحیەی ئامرلی ماوەی (٧٥) ڕۆژە گەمارۆدراون و مەترسی کۆمەڵکوژییان لێ دەکرێت.

جگە لەو پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییانەی باسکران، کاکەییەکانیش پارێزراو نەبوون لەزوڵم و ستەم و وێرانکارییەکانی ئەو گروپە (داعش).

کاکەییەکان، پێکهاتەیەکی ئاینین و بیروباوەڕی تایبەت بەخۆیان هەیە، لەداقوقی نزیك کەرکووك و خانەقین و صەفییەی نزیك هەولێر و هاواری نزیك لەشاری هەڵەبجە نیشتەجێن، بەهەمان شێوە کاکەییەکانیش ئاوارەی بەحرکەو خانەقین و چەند ناوچەیەکی تر بوون و لەدۆخێکی خراپی مرۆیی دا ژیان دەگوزەرێنن.

## ڕۆڵی حکومەتی هەرێم

لەگەڵ ئەو قەیرانەدا کەتووشی حکومەتی هەرێم هاتووە بەهۆی بڕینی بەشە بودجەو ڕووبەڕووبونەوەو جەنگ لەگەڵ داعش، حکومەتی هەرێم بەسەرجەم وەزیرو وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و ئیدارە خۆجێییەکان ئەوەی لەتوانایاندا بووە بۆ پێشوازی لەئاوارەکان و بەدەمەوەچوونیان و دابینکردنی شوێن و پێداویستی تەندروستی و خواردن و خواردنەوە درێغی نەکردووە، هەرچەندە پێشبینی نەکردنی

ڕووبەڕووبونـەوە لەگـەڵ گرووپـی چـەکداری داعـش و پـەلامارەکانیان بـۆ سـەر ئـەو ناوچـە کوردسـتانیانەو تۆکمەنەکردنی سەنگەرەکانی ڕووبەڕووبونەوە لەکەموکوڕییە گەورەکانە.

## ڕۆڵی حکومەتی عێراقی

هەرچـەندە حکومـەتی هـەرێم لەقـەیرانی داراییـدا بـووەو لەپێشـتریشـدا ئاوارەیـەکی زۆری عـەرەب ڕووی لەهەرێمی کوردستان کـردووەو بەپـەرش و بـڵاوی ڕوویـان لەشـارو شارۆچکەکان کـردووە، بـەڵام حکومـەتی عێراقی هیچ ڕۆڵی نەگێڕاوە بۆ بەدەمەوەهاتنی ئەو ئاوارانەی کەلەشـارەکانی عێراقـەوە ڕوویـان لەهـەرێمی کوردستان کردووە.

ئەمـەش کەمتەرخـەمی و نابەرپرسـیارێتی حکومـەتی عێراقی دەسـەلمێنێت بەرامبـەر مـافی هاووڵاتیـەکانی خۆی، لەکاتێکدا پێش هەموو لایەك دەبوو حکومەتی عێراقی هاوکاری بگەیاندایە بەئاوارەکان.

ئەمـە لەکاتێکدایـە کـە حکومـەتی عێراقـی چـەندین سـاڵە مووچـەو چـەکی پێشـمەرگەی نـەداوە، مـاوەی ٧ مانگیشە بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕیوەو (١،٢) ملیۆن ئاوارەی عەرەبی شارەکانی عێراقیش هاتوونەتە هەرێمی کوردستان و داڵدەدراون.

## ڕۆڵی نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی

پاش دەست بەسەراگرتنی شنگال و پێشتریش دەرکردنی مەسیحیەکان و هەوڵـەکانی پەرلـەمانی کوردسـتان بەسەرۆکایەتی و لیژنە پەیوەندیدارەکانی توانرا دوای بەدەنگـەوە هـاتنی دۆخەکـەو گواسـتنەوەی قـەبارەی ئــەو کۆمەڵکوژییــە و ئــەو تاوانانــەی کەدەرهــەق بەئێزیــدی و مەســیحی و تــەواوی پێکهاتــە ئــاینی و نەتەوەییەکان ئـەنجام دەدرێت بگەیەنرێتـە کۆمەڵگەی نێودەوڵـەتی، بۆیـە لـەڕووی سـەربازی و مرۆییـەوە ئــەمریکاو زۆرینــەی وڵاتــانی تــری دونیــا بــەدەم دۆخەکــەوە بــێن کەجێگــەی ســوپاس و پێــزانین و کارلەســەرکردنە، بەتایبــەت لــەڕووی بەجینۆســاید ناســاندنی ئــەو تاوانانــەی کەدەرهــەق بەئێزیــدی و مەسیحیەکان ئەنجامدراوە.

هـەر لـەو سـەروبەندەدا، ئەنجومـەنی ئاسایشـی نێودەوڵـەتی لـە (٢٠١٤/٨/١٥) بـەکۆی دەنـگ بڕیـاری ژمـارە (٢١٧٠)ی دەرکـرد، لەبڕیارەکـەدا سـزا دەسـەپێنێت بەسـەر (داعـش و بـەرەی نوسـرە)دا و نـاوی (٦) کـەس لەئەندامانی بەرەی نوسرەو داعش خرایە لیستی ڕەش و هاوکارییە داراییەکانیان بلۆك دەکرێت، هـەروەها ئەنجومـەنی ئاسـایش داوای لەسـەرجەم ئەنـدامانی کـرد لەکـەمترین مـاوەدا لیسـتی نـاوی ئـەو گـرووپ و کەسانەیان پێ بگەیەنن کەهاوکاری (داعش و بەرەی نوسرە) دەکەن تاکو بخرێتە ئەو لیستەوە.

پاش گەیاندنی نیگەرانی بەرێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و داواکردنی بەدەمەوەهاتنی زیـاتر، ڕێکخـراوی ناوبراوو هاوبەشەکانی کەبریتی بـوون لـە (ئـەمریکا، بـەریتانیا، تورکیـا، نـەرویج، سـوید، دانیمـارك، یابـان، لۆکسمبۆرگ، کوێت، سعودیە) هاوبەشـەکانی تـری نەتەوەیـەکگرتووەکان بەشـدارییان کـرد لـەناردنی (٢٤١٠) تەن هاوکاری بۆ ئاوارەکان لەماوەی (١٠) ڕۆژدا.

لەلایەکی ترەوە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بڕی (٢٠) ملیۆن دۆلاری دابینکردووە بۆ دەرمان و یەکەم کاروانی ئەو دەرمان و پێداویستیەشی گەیاندۆتە شاری دهۆك.

هەروەها مانگی سووری تورکی چەند وەجبەیەك هاوکاری لەڕێگەی پەرلەمانی کوردستانەوە گەیاندۆتە ئاوارەکان لەدهۆك و گەرمیان.

حکومەتی سعودیە لەو (٥٠٠) ملیۆن دۆلارەی پێشکەشی کرد بەنەتەوەیەکگرتووەکان، بڕی (٨٨,٣) ملیۆن دۆلاری تەرخان کرد بۆ ئاوارەکانی هەرێمی کوردستان، بۆیە نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیاریدا لەنزیکترین ماوەدا (١٢) خێوەگە بکاتەوە کەرهەر یەکێکیان توانای لەخۆگرتنی (٨٥٠٠٠) هەشتاو پێنج هەزار کەسی هەیە، ئەو خێوەتگایانە (٣) دانەیان لەهەولێرو (٣) دانەیان لە سلێمانی و (٦) دانەیان لەدهۆك دەبن.

جێگای خۆیەتی سوپاس ئاراستەی سەرجەم ئەو ولاتانە بکەین کەبەهانای ئەم دۆخە مەترسیدارە مرۆییەوە هاتن و هاوکارییان گەیاندۆتەوە ئاوارەکان لەهەرێمی کوردستان.

## ڕۆڵی خەڵك و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیا

لەناوخۆی هەرێمی کوردستانیش خەڵکی کوردستان لەسەرجەم شارو قەزاو ناحیەو گوندەکان و تەواوی دامودەزگاکانی حکومەت و دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ، بەدەم ئاوارەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانیانەوە بوون، سەرەڕای ئەو قەیرانە دارییەی کەچەندین مانگە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە.

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لەدروستکردنی کەمپی کۆکردنەوەی کۆمەك بۆ ئاوارەکان، هەروەها خەڵکانێکی زۆری خۆبەخش لەتیمی پێشوازی و بەدەمەوەچوونی ئاوارەکاندا بەشداری و ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە.

میدیاش ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لەگەیاندنی قەبارەی کارەساتی چیای شنگال و ئەوەی بەسەر ئێزیدی و مەسیحیەکان و تەواوی پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکاندا هاتووە، بۆ ڕای گشتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

جگە لەوە لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە مانگی سووری سوریاو خەڵکی ڕۆژئاواو (پەیەدە) ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لەڕزگارکردنی ئاوارەکانی شنگال و بەدەمەوە چوونیان تاگەشتنیان بەباشووری کوردستان.

## ئاماری ئاوارەکان

لەئێستادا زیاتر لە (٢) ملیۆن ئاوارە لەهەرێمی کوردستاندایە بەهەموو پێکهاتەو ئاین و نەتەوە جیاوازەکانەوە، ئەمەش بارێکی نائاسایی مرۆیی و ئەمنی و کۆمەڵایەتی بۆ هەرێمی کوردستان دروست کردووە.

١- لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی توندوتیژییەکانی ئەنبارو فەلوجەو ڕومادی و هاتنی ئاوارەیەکی زۆر لەو ناوچانەوە، حکومەتی هەرێم ئامادەکاری پێش وەختی نەبوو بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ هاتنی بەلێشاوی ئاوارەی عەرەبی ناوەڕاستی عێراق، بۆیە لەئێستادا بەپێی دواین ئاماری فەرمی (١,٢) ملیۆن ئاوارەی عەرەبی (بەغداو ئەنبارو فەلوجەو ڕومادی و سەلاحەدین) و چەند

ناوچـەیەکی تـر لەکوردسـتاندان، ئەمـەش بارگرانییـەکی زۆری بـۆ خـەڵك و حکومـەت دروسـت کردووە.

٢- پاش داگیرکردنی شاری موسڵ (٦٠٠) هـەزار ئـاوارەی تـری عـەرەب لەموسـڵەوە ڕوویـان لەهـەرێمی کوردستان بەتایبەت (دهۆك و هەولێر) کرد.

٣- بەشـێکی زۆری ئاوارەکـانی دیالـەو سـەلاحەدینیش ڕوویـان لەکـەرکووك و گـەرمیان کـرد، بـەپێی دواین ئامار شاری کەرکووك (٣٦٠٠٠٠) سێ سەدو شەست هەزار ئاوارەی تێدایە، کەڕێژەی زۆری ئەم ئاوارانە عەرەبن.

بەشێك لە ئاماری ئاوارەکان

پارێزگای دهۆك:

نزیك بە (٧٠٠٠٠٠) حەوت سەد هەزار کەسی ئاوارە ڕوویان لەسنووری پارێزگای دهوك کردووە، لەسەرانسەری یەکە ئیداریەکانی ئەم پارێزگایە بە پەرتوبلاوی لە ناو پارك و کەنیسە و مزگەوت و هۆڵ و شەقام و شوێنە دوورە دەستەکان و دەشتەکاندا ژیان بەسەر دەبەن.

- لە سەرانسەری یەکە ئیداریەکانی سنووری پاریزگای دهۆك بەشیوەیەکی بەرفراوان دەست کراوە بە هەڵەتی پرکردنەوەی فۆرم بەمەبەستی تۆمارکردنی ناوی خێزانە ئاوارەکان.
- (٢٧٠٠٠) بیست و حەوت هەزار خێزان کە دەکاتە (١٨٢٠٠٠) سەدو هەشتاو دوو هەزار کەس فۆرمی وەرگرتنی زانیاری و تۆمارکردنیان پڕکردۆتەوە.
- (١٦٠٠) هەزارو شەسەد خێزان مینحە یەك ملیون دیناریەکەی حکومەتی بەغدایان وەرگرتووە.
- (١٢٠٠٠) خێزانی سنووری حەمدانیە پارەیان وەرگرتووە.
- پرۆسەی دابەش کردنی ئەو بڕە پارەی حکومەتی عێراقی و دروست کردنی کەمپ لە (خانکی، شاریا، باجید کەندالا، گەرماڤا، باعەدرێ) دەستی پێکردووەو دانانی خێمەی زیاتر لە کەمپی دۆمیز بەردەوامە.

پارێزگای هەولێر:

زیاتر لە (١٦٠٠٠٠) سەدو شەست هەزار کەسی ئاوارە ڕویان لە سنووری پارێزگای هەولێر کردووە،

- (٢٠٠٠٠) بیست هەزار خێزان کە دەکاتە نزیکەی (١٠٥٠٠٠) سەدو پێنج هەزار کەس فۆرمیان پڕ کردۆتەوەو پرۆسەکە بەردەوامە.

- (٢٠٠٠٠) بیست هەزار کەسی مەسیحی ڕوویان لە عەینکاوە کردووەو لەدروستکردنی کەمپدان بۆیان.
- (١٠٠) خێزانی ئێزیدی روویان لە هەولێر کردووە.
- (٦٠٠٠) شەش هەزار خێزان یەك ملیون دینارەکەیان وەرگرتوەو پرۆسەکە بەردەوامە .
- (١٠٠٠٠) دە هەزار کەسی ئاوارە ڕوویان لەسنووری هەر چوار قەزای (چۆمان، سۆران، ڕەواندز، مێرگەسوور) کردووە کە پێکهاتون لە (٦١٦) شەسەد و شانزە کەسی مەسیحی و (١٠٠٠) هەزار کەسی ئێزیدی و شەبەك و زیاتر لە (٨٠٠٠) کەسی عەرەب و کورد.
- (٤٢٠٠) چوار هەزارو دووسەد کەسی عەرەب لە سۆرانە.
- (٣٣٥٠) سێ هەزارو سێ سەدو پەنجا کەس، واتە (٦٤٥) شەسەدو چل و پێنج خێزان لە خەلیفانە.
- (١٥٨٤) هەزارو پێنج سەدو هەشتاو چوار کەس لە ڕەواندزە.
- (٢٥٠) دووسەدو پەنجا کەس کەدەکاتە (٥٠) خێزان لە چۆمانە.
- (٣٠٠) خێزان لە دەوروبەری خەلیفان و سۆران تا ئێستا ناویان تۆمار نەکراوە.

پارێزگای سلێمانی:

زیاتر لە ( ٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار ئاوارە لەشاری سلێمانیدایە، ئەم ئاوارانە بەڕێژەی جیاواز بەسەر شارو شارۆچکەکاندا دابەش بوون، ئەمە جگە لەوەی پێشتر (٢٢٨٧٥) ئاوارەی ڕۆژئاوای کوردستان لە کەمپی عەربەت و باریکە نیشتەجێ کراون.

- (٢٨٠٠) دوو هەزارو هەشت سەد خێزانی ئاوارە پارەی یەك ملیۆن دیناریی‌یەکەیان وەرگرتووە.
- (١٠٠٠) هەزار خێزانی ئاوارە لە سنووری قەزای خانەقین هەمان بڕە پارەیان وەرگرتووە.

پارێزگای کەرکوك:

- (٣٦٠٠٠٠) سێ سەدو شەست هەزار کەس واتە (٦٠٠٠٠) شەست هەزار خێزانی ئاوارە ڕوویان لە سنوری پاریزگای کەرکووك کردووە کە لە کورد و عەرەب و تورکمان پێکهاتوون و زۆرینەیان عەرەبن .
- (٤٠٠٠) چوار هەزار خێزان لە سنووری پاریزگای کەرکووك پارەیان وەرگرتوە.

ئاوارەکانی کەمپی مەخمور:

کەمپی مەخمور کە نزیك بە (١٢٠٠٠) دوانزە هەزار ئاوارەی باکووری کوردستانی تێدا نیشتەجێیە، بەهۆی داگیرکردنی قەزای مەخمور لەلایەن چەکدارانی داعشەوە، دانیشتوانی کەمپەکە جارێکی تر ئاوارە بوونەوەو بەشێکی زۆریان ڕوویان لەشاری ڕانیەو ناحیەی حاجی ئاوا کردووەو لەنێو مزگەوت و قوتابخانەکاندا

لەدۆخێکی خراپی مرۆیی دا ژیان دەگوزەرێنن، پێویستە ئاوڕی زیاتریان لێ بدرێتەوە لەڕووی تەندروستی و پێداویستییەوەو بەزوویی بگەڕێنرێنەوە بۆ کەمپی مەخمور.

ئەوەی لەئێستادا پێویستە ئەنجام بدرێت

١- دروست کردنی (١٥) کەمپ لەشارەکانی (دهۆك، هەولێر، کەرکووك، سلێمانی) بەستانداردی جیهانی بۆ نیشتەجێکردنی سەرجەم ئاوارەکان لەو (١٥) کەمپەدا.

٢- لەکەمپ و خێوەتگەو دابەشکردنی ئاوارەداکانـدا تایبەتمەنـدی پێکهاتـە ئـاینی و نەتەوەییـە جیاوازەکان ڕەچاو بکرێت و هەوڵ بدرێت تێکەڵی یەك نەکرێن.

٣- تۆمارکردنی ناوی سەرجەم ئاوارەکان بەیەك شێواز لەسەرجەم کوردستانداو کردنی بەداتابەیسێك.

٤- هاوکاری مرۆیی خێرا بگەیەنرێت بەشاری دهۆك کەلەئێستادا لە دۆخێکی مرۆیی نائاسایی تێدا بەڕێوەدەچێت، بەهۆی زۆری ژمارەی ئاوارەوە لەوشارە.

٥- دۆکیۆمێنت کردنی سەرجەم ئەو تاوانانەی کەلە دوای داگیرکردنی شاری موسڵ لەلایەن (داعش)ەوە بەرامبەر بەپێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان بەتایبەتی ئێزیدی و مەسیحیەکان ئەنجامدراوە، چونکە جۆری تاوانەکان دەچنە خانەی تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی و جینۆسایدو تاوانی جەنگەوە.

٦- گرنگی تەواو بەکەیسی ڕفانـدنی ژنـان و کچانی ئێزیـدی بـدرێت، هـەوڵی تـەواو بـدرێت بـۆ کۆکردنـەوەی بەڵگـەکانی پەیوەسـت بـەو تاوانـە، بـەپێی زانیاریـەکان بەشـێك لـەو ئافرەتانـە لـە (فرۆکەخانەی تەلەعفەرو زیندانی بادۆش و غاباتی موسڵ و بەعاج و خێوەتگەی کەشاف)ن.

٧- ناساندنی هەموو ئەو هاووڵاتیانەی لەو ڕووداوانەدا گیانیان لەدەستداوە لەچیای شنگال بەشەهیدو بڕینەوەی مووچەی شەهیدانە بۆیان و چارەسەرکردنی ئەوانەش کەبریندار بوون.

٨- قەرەبووکردنـەوەی ئەوانـەی زیانیـان لێکـەوتووە بـەهۆی داگیرکـاری و پـەلاماری داعشـەوە بۆسـەر ناوچەکانیان.

٩- پێداویستی ژنـان و منـداڵان بـۆ ئاوارەکـان زیـاتر دابـین بکرێـت و هـەوڵی سەرپەرشـتی کردنـی ئـەو منداڵانە بدرێت کەبێ سەرپەرشت ماونەتەوە.

١٠- دۆخـی دەروونـی ئـاوارە ئێزیدییـەکان بەتایبـەت ئەوانـەی لەچـیا ڕزگـارکراون لەبەرچـاو بگیرێـت و چارەسەریان بۆ ئەنجام بدرێت.

١١- بـەر بەبڵاوبوونـەوەی نەخۆشـی بگیرێـت لـەنێو ئاوارەکانـدا و پێداویسـتی زیـاتری پزیشـکی و تیمـی گەڕۆکی پزیشکی دابین بکرێت.

١٢- چارەسەری خوێندنی قوتابیانی ئاوارە بکرێت بەتایبەت قوتابیانی موسڵ و شنگال و تکریت بەدواخستنی تاقیکردنەوەی خولی دووەم و دواخستنی دەستپێکردنەوەی دەوامی خوێندن.

١٣- لەکاتی درێژەکێشانی ئەم دۆخەدا ئەو قوتابخانەو پەیمانگەو شوێنانەی سەربەوەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵان چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە.

١٤- داوا لەحکومەتی عێراقی بکرێت بودجەی ئەو پارێزگایانەی کەخەڵکەکەی ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون بۆ پێداویستی ئاوارەکان سەرف بکرێت.

١٥- ئەو کەمپین و کۆمەکانەی لەشارو شارۆچکەکان کۆدەکرێنەوە لیژنەیەکی باڵای سەرپەرشتیکردن و دابەشکردنی ڕێکخراوی بۆ دروست بکرێت.

١٦- ڕەچاوی پێداویستی زستانەی ئەو ئاوارانە بکرێت کەئەگەری هەیە بەهۆی درێژەکێشانی دۆخی نائارامی ناوچەکانیانەوە لەکوردستان بمێننەوە.

١٧- ڕێکخراوێکی تایبەت بە هاوکاری مرۆیی بۆ کوردستان بەناوی (مانگی سووری کوردستان) دروست بکرێت کەئەرکی کاروباری ئاوارەو ئیدارەدان و هاوکاریکردنیان لەئەستۆ بگرێت.

١٨-گێڕانەوەی ئاوارەکانی ئەو ناوچانەی کەلەلایەن هێزی پێشمەرگەوە لەناوچە کوردستانییەکان ناوچەکانیان ڕزگار دەکرێن، هەروەها ئەو ناوچە عەرەبانەش بگەڕێنرێنەوە کەناوچەکانیان ئازاد دەکرێت ئاوارەکانیان بگەرێتەوە.

کۆتا پێشنیازم پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت بۆ بە نێودەوڵەتی کردنی ئەو تاوانانەی بەرامبەر ئێزیدی و مەسیحی و کاکەیی و شەبەکەکان ئەنجام دراون لە لیژنە لە لایەن برای بەرێزم کاك دکتۆر فرست صۆفی کە ئامادەی کردووە دەخەینە بەردەم بەرێزتان.

ئەوەی بەرامبەر کوردو مەسیحی و ئێزیدی و شەبەکەکان رووی دا لە دەڤەری شەنگال و سەهل نەینەواو شوینەکانی دیکە بە هەموو پێوەرەکانی یاسای نێودەوڵەتی تاوان (القانون الدولي الجنائي)، تاوانی نێودەوڵەتین ، چونکە بە پێی ماددەی (٧) لە سیستەمی بنەڕەتی دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی (نظام روما الاساسي للمحكمة الجنائية الدولية) ژمارەیەك تاوانی دیاری کردووەو وەك تاوانی دژی مرۆڤایەتی، بە تێروانینی ئێمە بەشی زۆری ئەو تاوانانە لە لایەن گروپی تیرۆرستی داعش دژی خەڵکەکەمان ئەنجام دراون و لە خوارەوە بەشێکیان دەخەینە روو:

١- ڕاگواستنی بەزۆری دانیشتوان (النقل القسرى للسكان).

٢- کوشتنی بە ئەنقەست (القتل العمد).

٣- ئەشکەنجەدان (التعذيب).

٤- بەندکردن یان بێ بەشکردنی توند بە هەر شێوەیەك لە ئازادی جەستەیی کە پێچەوانە بێت لە گەڵ بنچینەکانی یاسای نێودەوڵەتی ( السجن أو الحرمان الشديد على اي نحو اخر من الحرية البدنية بما يخالف القواعد الاساسية للقانون الدولي).

٥- الاغتصاب الجنسي، أو الاكراه على البغاء القسري أو اي شكل اخر من أشكال العنف الجنسي على مثل هذه الدرجة من الخطورة.

٦- اضطهاد اية جماعة محددة او مجموعة محددة من السكان لاسباب سياسية او عرقية او قومية او اثنية او ثقافية او دينية.

٧- الاختفاء القسري للاشخاص.

٨- جريمة الفصل العنصري.

٩- الافعال اللاانسانية الاخرى ذات الطابع المماثل التي تتسبب عمدا في معاناة شديدة او في اذى خطير يلحق بالجسم او بالصحة العقلية او البدنية.

ئەمە ویرای ئەوەی کە ئەو تاوانانەی لەو ماوەیە ئەنجام دراون تاوانی جەنگن (جرائم الحرب)، چونکە دژی خەڵکی مەدەنی بووەو پێچەوانەی رێکەوتننامەکانی جنێڤی ساڵی ١٩٤٩ بوونە. بەدووری نازانین روکنەکانی تاوانی کۆمەڵکوژی (الابادة الجماعية – جينوسايد) لەسەر ئەو تاوانانە بێنەدی.

بۆیە پێمان وایە ئەمە دەرفەتێکە کە دەبێ ئەمجارە بە باشترین شێوە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی کاری لە سەر بکەین و هەموو هەوڵەکانمان بخەینە گەر بۆ ئەوەی دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی پرسەکە وەربگرێت.

ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵوێستێکی زۆر باشی هەیە بەرامبەر هەرێمی کوردستان کە من ناوم لێناوە گەڕانەوەی سێیەمی گەلی کوردستان بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. یەکەم دەرفەتمان بریتی بوو لە رێکەوتننامەی سیڤەر، بەڵام لۆزان لە باری برد. دووەم گەڕانەوەمان دوای حەفتا ساڵ بوو لە ئەنجامی کۆرەوە ملیۆنیەکە، لە (٥)ی نیسانی ١٩٩١ بڕیاری ٦٨٨ دەرچوو، بەمەش پارێزگاری نێودەوڵەتی بۆ هەرێمی کوردستان دانرا، بەڵام هەر ئەو ساڵە خۆمان بەبێ داواکردنی گەرەنتی و چاودێری نێودەوڵەتی چووینە ناو دانوستان لە گەڵ رژێمێك کە تاوانی نێودەوڵەتی دژمان ئەنجام دابوو، هەروەها لە ساڵی ١٩٩٢ تاك لایەنە فیدرالیەتمان راگەیاندو، دۆسیەکەمان لە دۆسیەیەکی نێودەوڵەتییەوە کردەوە دۆسییەکی ناوخۆیی عێراقی. ئەوەی ئەمجارەشیان گەڕانەوەی سێیەمە دوای تێپەڕبوونی (٢٣) ساڵ بە سەر گەڕانەوەی دووەم، ئیتر زۆر گرنگە ئەمجارەیان دەرفەتەکە لە دەست نەدەین و دۆزی گەلەکەمان وەك پرسێکی زیندوو لە ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بمێنێتەوە.

بە نێودەوڵەتی کردنی ئەم تاوانانە بۆ ئایندەی هەرێمی کوردستان بایەخێکی زۆر گەورەی هەیە. هەم بۆ پرسی پیادەکردنی مافی چارەی خۆ نووسین هەم بۆ پارێزگاری نێودەوڵەتی بۆ گەلی کوردستان و بۆ ئایندەی پەیوەندیشمان لە گەڵ عێراق گرنگی گەورەی هەیە.

بۆیە ئەم پێشنیازانەی خوارەوە دەخەینە روو:

١-بە پێی برگەی (ب) لە ماددەی (٤٨) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لە کاتی پشووەکانی پەرلەماندا لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتی لیژنەکانی لێکۆڵینەوە پێکدەهێنرێن. بۆیە بە پشت بەستن بەو بەندە دەستەی سەرۆکایەتی لیژنەیەکی کاتی بۆ لێکۆڵینەوەو بە دیکۆمێنتکردن و بە نێودەوڵەتی کردنی ئەو تاوانانە پێکبهێنێت.

٢- لیژنەکە پێك بێت لەم لایەنانە: أ- سێ ئەندامی پەرلەمان لە لیژنەکانی مافەکانی مرۆڤ و لیژنەی کاروباری پێشمەرگەو شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و لیژنەی کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی.
ب- نوێنەرێکی وەزارەتی شەهیدان کە بەڕێوەبەری گشتی یان راوێژکار بێت . ج – نوێنەرێکی دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی. د- نوێنەرێکی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە.هـ- دووئەندامی دیکەش لە مامۆستایانی زانکۆو کەسی ئەکادیمی و شارەزا لە بواری یاسای نێودەوڵەتی تاوان دەست نیشان بکرێن.

کە ژمارەی ئەندامامی لیژنەکە دەبێتە هەشت ئەندام. هەرسێ ئەندامی پەرلەمان سەرۆکایەتی لیژنەکە پێکبهێنن وەك سەرۆك و جێگرو برِیادەر. دەشکرێت هەریەکە لە پێکهاتەکانی ئێزیدی و مەسیحی و شەبەك نوێنەریان هەبێت لەو لیژنەیە ئەو کات دەبنە یازدە ئەندام.

٣- لیژنەکە ئەم ئەرکانەی خوارەوە بگرێتە ئەستۆ:

أ-بە دیکۆمێنت کردنی سەرجەم تاوانەکان بە شێوەیەکی زانستی.

ب- ئەنجامدانی سەردانی مەیدانی بۆ شوێنەکانی کە قوربانیانی لێیەو تۆمارکردنی گوتەکانیان.

ج- لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی هەموو رێکارێك دەگرێتە بەر بۆ بە نێودەوڵەتی کردنی دۆسیەکە.

د- دروستکردنی گروپی مەیدانی و هەماهەنگی لە گەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگاکانی راگەیاندن و زانکۆکان و ناوەندەکانی توێژینەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی سەرەوە.

هـ- دروستکردنی پەیوەندی لە گەڵ جالیەی کوردستانی لە دەرەوەی وڵات بەمەبەستی کاریگەری خستنە سەر دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی دۆسیەکە وەربگرێت و لێکۆڵینەوەی لە سەر دەست پێبکات.
و- ئەگەر دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی خۆی نەهاتە سەر خەت ئەوا ئەم لیژنەیە هەوڵەکانی بە ئاراستەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بخاتە گەڕ، چونکە بە پێی ماددەی (١٣) لە سیستەمی بنەڕەتی دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی ئەنجومەنی ئاسایش دەتوانێت هەر دۆسیەیەك بداتە دادگاو دادگاش پابەندە بە لێکۆڵینەوە لێی. ز- ئەم لیژنەیە هەموو هەوڵەکانی خۆی بخاتە گەر بۆ ئەوەی عێراق بچێتە ناو سیستەمی بنەڕەتی دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی و ببێتە ئەندام تیایدا.

٤- پەرلەمانی کوردستان بودجەیەك بۆ بەڕێوە چوونی کارەکانی لیژنەکە تەرخان بکات.

٥- داواکارم ئەم لیژنەیە زۆر بە پەلە پێك بهێنرێت و لە ١٠ رۆژ تێپەڕ نەکات، چونکە ئێستا دۆسیەکە گەرمەو دەسکەوتن و دیکۆمێنت کردنی تاوانەکان ئاسانە و بە باشیش دەتوانین کاریگەری بخەینە سەر رای

گشتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. لە کۆتاییدا سوپاس بو هەموو ئەندامانی لیژنەی مافەکانی مـرۆڤ، سـەروك و جێگر و بڕیاڕدەر و سەرجەم ئەندامان کە ماندوو بوون بە سەرەدانە مەیدانییەکانیان تا ئامادە کردنی ئەم راپۆرتە، بۆ بەر دەستی سەرۆکایەتی بەرێز و ئێوەی ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەرێز سەرۆکی لیژنەی مافەکانی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان، ئێستاش راپۆرتی هاوبەشی لیژنەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و داکۆکی لە مافی ئافرەت دەخوێنرێتەوە،

لیژنەی ئافرەتان و کۆمەڵگای مەدەنی فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ بەرێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ راپۆرت**

دەستپێك

پـاش رووداوەکـانی ۳ی ئـابی ۲۰۱٤ لەناوچـە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی هـەرێم، کـە لەئـەنجامی پـەلاماری تیرۆریستانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە "داعش" بۆ سـەرخەڵکی سـڤیلی ئـەو دەڤەرانـە. چـەندین تـاوانی مەترسـیداریان ئـەنجام داوە. سـەدان کـەس بوونەتـە قوربـانی و سـەدانی تـریش دوای جیاکردنەویان کراوە، بـە هـەزارانیش ئـاوارە بـوون. تاوانـەکان دەچـنە خانـەی تـاوانی جینۆسایدەوە. لـەو سۆنگەیەوە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە رۆژی ۸-۸-۲۰۱٤ بڕیاری راسپاردنی لیژنە پەیوەندیـدارەکان (لیژنەی داکۆکیکردن لەمافەکانی ئافرەتـان و لیژنـەی کۆمـەڵی مـەدنی) دا، بەمەبەسـتی بەدواداچوون بـۆ رەوشی ئاوارەکان و، بەدیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی شەنگال و دەوروبەری. وەك لیژنـەی پەرلـەمان تـەواوی ناوچـەکانی جێـی مەبەسـتمان بەسـەرکردەوە. لـە هـەر سێ پارێزگـای دهـۆك و هـەولێرو سـلێمانی، لەگـەڵ هەردوو سنووری ئیـدارەی راپـەڕین و ئیـدارەی گـەرمیان. دوای بەدواداچوونی لیژنـەکانی پەیوەندیـدار لـە سـەردان و دیـدارو بەسـەرکردنەوە مەیدانییـەکان، گەیشـتینە چـەند دەر ئـەنجامێك، بەگشـتی بـەم جـۆرەو لەسەر سێ ئاستدا پۆلێنی دەکەین:_

**<u>یەکەم_ ئاستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی:</u>**

کۆمـەڵگای نێودەوڵـەتی ئـەو تاوانانـەی گروپـی تیرۆریسـتی داعـش ئـەنجامی داون، بـە تـاوانی مەترسـیدارو کۆمەڵکوژیی ناوزەد دەکەن. ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیش بەتاوانی دژ بە مرۆڤایەتی پۆلێنی تاوانەکە دەکـات. رێکخراوەکـانی تایبـەت بـە بـەهاناوە چـوونی ئـاوارە رۆڵیـان بـەلاوازی دەبینـرێ لـە راپەڕانـدنی ئەرکەکانیاندا. لە بەرامبەر ڕووداوەکان و خێراییان کە پێشبینی دەکرێت بە هەر سێ قۆناغی ئاوارە بـوون

بۆ هەرێمی کوردستان زیاتر لە یەك ملیۆن و نیو هاووڵاتی سیڤیل ئاوارەی هەرێمی کوردستان بووبن. ئەمە سەرەڕای پەنابەران.

١- رۆڵی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان لە بەپیرەوە چوونی ئاوارەکان سەرباری ئاستێك لە هاوکاریکردن و بەدەنگەوە هاتنیان، بەڵام ئەو بەدەنگەوە هاتنە لە ئاستی پێویستدا نەبووە. بەتایبەتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەگشتی وUNHCR، UNICEF بەتایبەتی ئەم راستیەشمان راستەوخۆ بەخۆیان راگەیاندوە لە میانی دیدارو سەردانەکانمان لەگەڵیاندا.

٢- پێویست بوو رێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی (ICRC) لەم پرسەدا بەدەنگەوە هاتنیان هەبوایە، بەڵام ئەوەی لیژنەکانی پەیوەندیداری پەرلەمان تێبینی کردووە(ICRC) نەیانتوانیوە ئەرکەکانی خۆیان لەو رووەوە رابپەڕێنن.

٣- چەند رێکخراوێکی تر بەدەنگەوە هاتنیان هەبووە بۆ هاوکاری مرۆیی ئاوارە، لەوانە رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی شاری ئامێدی، لە پارێزگای دهۆك. رێکخراوی مانگی سووری تورکیا کە بەهەماهەنگی لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان و لیژنەکانی پەرلەمان کۆمەکیان گەیاندۆتە ئاوارەکان. بەڵام لەبەر ئەوەی ژمارەو قەبارەی پێداویستی سەرەتایی ئاوارە زۆر زیاتر بووە، بۆیە ئەو کۆمەکانە کەم بوون.

٤- رەوەندی کوردستانی لە گەیاندنی هاواری خەڵکی سڤیل و ئاوارەی کوردستان بەکۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرز دەنرخێنین، کەمپین و چالاکیەکانی ئەوان کاریگەری لە بەدەنگەوە هاتنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەبووە تایبەت بەم پرسە.

٥- لەمیانی سەردان و دیدارمان لەگەڵ نەتەوەیەکگرتووکان کە جارێك ئێمە سەردانمان کردن و جارێکیش لەپەرلەمان پێشوازیمان لێ کردن، بەداخەوە ئەوان بەبایەخەوە نەیانڕوانیە قەبارەی ئەو تاوانانەی دەرهەق بە خەڵکی شنگال و دەوروبەری کراوەو، بەچاوی گومانەوە دەیانڕوانێتە گەورەیی ئەو تاوانە. ئەویش لەبەر بوونی رۆتین و بیرۆکراسیەت لە کاروبارەکانیاندا، کە نەیانتوانیوە لەنزیکەوە چاودێری رەوشەکە بکەن.

٦- لەگەڵ بوونی تێبینی لەسەر رۆڵی ئەو رێکخراوانە بەڵام UNHCR بەسەدان چادرو هاوکاری مرۆیی پێشکەش بە ئاوارە کردووە.

٧- رێکخراوە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان بە پرسی ئاوارە ئەو راستییەیان فەرامۆش کردووە کە رۆژ بەرۆژ ژمارەی ئاوارە رووی لە زیادبوونەو، پێداویستیان زۆرتر دەبێت. لەبەرامبەردا بەدەنگەوەهاتنەکان کەمتر دەبن.

٨- لە رووی سیاسییەوە بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە بە رەزامەندی هەر (١٥) وڵاتی ئەندام و ئەندامە هەمیشەییەکان، لە رۆژی ١٥-٨-٢٠١٤ دەریکرد، پشتیوانییەکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا لە ئاستی وڵاتانی ئەوروپا.

٩- دووەم_ لەسەر ئاستی عێراق:

١-ئەگەرچی پرسی کۆچ و کۆچبەران پرسێکی ئیتحادیە وحکومەتی ئیتحادی بەرپرسیاری سەرەکییە لە راپەراندنی بەشی زۆری ئەرکە مرۆییەکان، پێویست بوو حکومەتی ئیتحادی لە ئاواکردنی "چادرگەی خێرا"و "کەمپ" هاوکار بوونایە، بەلاّم ئەو بەدەنگەوە هاتنە لای لیژنەکەمان بەدی نەکرا. لەکاتێکدا بەشێك لە ئاوارەکان لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق و ناوچە کوردستانییە تازە ئازادکراوەکان، روویان لەهەرێمی کوردستان کردووە.

٢- حکومەتی ئیتحادی لە لەدەرگادانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ بەهاناوە هاتنی ئاوارەکانی هەرێمی کوردستان کەمتەرخەم بووە، یان هەر بێدەنگ بووە. هێندە سەرقاڵی گەیاندنی ئەو تاوانانە بوون کە داعش دژ بە خەڵکی ناوەڕاستی عێراق و قوتابیان ئەنجامیان دابوو، کە بەلای ئێمەوە ئەم ئەرکەش گرنگن، بەلاّم لە بەرامبەردا ئەوەندە بەرپرسیارێتی دەستووریی و یاسایی خۆیان لەبەرامبەر ئەو دۆخەی هەرێم پیادە نەکردووە.

٣- مانگی سووری عێراقی، وەك رێکخراوێکی عێراقی سەرتاسەری لەکۆمەکردنی ئاوارە لە رێگای لقەکانی کوردستانی مانگی سوورەوە، خەم ساردو کەمتەرخەم بوون. هەرچەندە لە بودجەی گشتی عێراق میزانیەیان بۆ دابین دەکرێت و، بەشی هەرێمی کوردستانیشی تێدایە. ئەوەندەی چاویان لە بەشی باشوورو ناوەڕاستی عێراقە، هێندە روویان لە ئەو نەهامەتیانەی هەرێمی کوردستان نییە. لەم رووەوە نوێنەرانی کورد لە ئەنجومەنی نیشیتمانی عێراق نەیانتوانیوە بودجەی لقی کوردستانی مانگی سووری عێراقی زیاد بکەن.

٤- وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراقیش وەك بەشێك لە دامودەزگای حکومەتی ئیتحادی رۆڵیان لەناوەندەکانی تری عێراق ئەگەر خراپتر نەبووبێت باشتر نەبووە.

٥- رۆڵی نوێنەرانی کوردستان لە ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراق لە گەیاندنی تاوانی شنگال و دەوروبەری، بە ئەنجومەنی نیشتیمانی و رای گشتی عەرەبی رۆڵێکی بەرپرسیارانە بووە. هەرچەندە لەچەند ساڵی رابردوودا نوێنەرانی کورد لە ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراق نەیانتوانیوە فشار لەسەر حکومەتی ئیتحادی دروست بکەن سەبارەت بەدابینکردنی بودجەو هاوکاری زیاتر لە رێگەی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانەوە.

سێیەم_ لەسەر ئاستی کوردستان:

لەبەرئەوەی رووداوەکان کتوپڕ بوون و پەلامارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام (داعش) بە درێژایی نزیکەی ١١٠٠ کیلۆمەتر سنووری کوردستانی گرتەوەو، تاوان و کارەساتی خێرای بەدوای خۆیدا هێنا، لە ئاوارەبوونی خەڵکی سڤیل لە پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکانی دەڤەرەکانی شەڕ، ئاوارەکان پێکهاتوون لە "کورد و عەرەب و تورکمان و کلد و ئاشور و ئەرمەن و ..هتد.." لە رووی ئاینی و ئاینزاشەوە لە " مەسیحی و ئێزیدی و کاکەیی و سونە و شیعە و شەبەك و هتد..." پێکهاتوون.

١- نەبوونی لێژنەی باڵا یا دامەزراوەیەکی هەرێمی لە کوردستان و، پلانی پێشوەختە بۆتە هۆی تۆمار و ئامارنەکردنی خەڵکی ئاوارەو، ئەمەش گرفتی گەورەی دروست کردووە، لە بەهاناوە چوونی خێرای دامودەزگاکانی حکومەت و رێکخراوە پەیوەندیدارەکان.

٢- نەبوونی "چادرگەی خێرا" یان "کامپ"ی پێش وەخت ئامادەکراو، وای کرد ئەرکی حکومەت و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر قورس ببن.

٣- خەڵکی کوردستان لەئاستی بەرپرسیارێتیدا مامەڵەی کردووە لەگەڵ ئەو بارودۆخە، هەر لە بەشداریکردن لەهەڵمەتی کۆکردنەوەی کۆمەك و گەیاندنی بە ئاوارەکان.

٤- بەشێکی ئاوارەکان لەچادرگە و، بەشێکی تریان لەناو قوتابخانەو کەلاوەکان و ماڵان و بینای تەواو نەکراوە ونیشتەجێن.

٥- قورسایی ئاوارە بەزۆری کەوتۆتە پارێزگای دهۆك، ئینجا بە رێژەیەکی کەمتر پارێزگای هەولێر و دواتر پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان.

٦- نەبوونی کامپ و چادرگە بۆ تێکرای ئاوارەکان، وای کردووە کۆمەك و هاوکارییە مرۆییەکان بەیەکسان و هاوسەنگ نەگەنە دەست ئەو خەڵکە.

٧- یەکێك لە گرفتەکان، بوونی چەند حاڵەتێکی دژایەتیکردن لە هاتنی ئاوارەی عەرەب بۆ هەرێمی کوردستان بەدیکرا. هەرچەندە یەکێك لەهۆکارەکان مەترسی بووە لە گەڕانەوەی بەعەرەبکردن، بەڵام لیژنە هاوبەشەکەی پەرلەمانی کوردستان بەنیگەرانییەوە دەڕوانێتە ئەو حاڵەتانە و بەدژی بنەماکانی مافی مرۆڤ هەژماری دەکات.

٨- ئاوارەکان و دەزگاکانی ئیداریی دەڤەرەکان چاوەڕوانی بەدەنگەوەهاتنی زیاتری پەرلەمانی کوردستانن، لەسەردانی لیژنەکانی پەرلەماندا ئەو چاوەڕوانیەیان ئاماژە پێدەدا، ئەمەش لەو روانگەیەی پێویستیان بەهاوکاری و کۆمەکی زیاتر هەیە.

٩- رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دەورێکی باشیان هەبووە لە دروستکردنی کەمپەین بۆ کۆکردنەوەی کۆمەك بۆ ئاوارەکان، نموونەی ئەوەش دروستکردنی "ژووری هاوکاریی مرۆیی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییە لە ئاستی هەرێمی کوردستان.

١٠- رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدنی رۆڵیان هەبووە لە رێکخستنی کەسانی خۆبەخش بەمەبەستی هاوکاریکردنی ئاوارەکان و گەیاندنی کۆمەك و دابەشکردنیان.

١١- نەبوونی پەیوەندی و هەماهەنگی لەنێوان رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و دامودەزگا ئیدارییەکان.

١٢- پێشبینی دەکرێت گرفتی گەورەی تەندروستی و دەروونی و کۆمەڵایەتی لەناو ئەو چادرگەو شوێنانەدا دروست ببن کە ئاوارەی لێ نیشتەجێ کراون ئەگەر بەم حاڵەوە بمێننەوەو نەگوێزرێنەوە.

چوارەم_ تەوەری تایبەت بە ژنان و منداڵان:

كرووپی تیرۆریستی داعش دوای كوشتنی سەدان هاولاتی، كە ژن و منالێشی تێدابووە، بەسەدان ژن و منداڵیشی وەك كۆیلە لای خۆی گلداوەتەوە بۆ ئەوەی لە بازاڕەكانی كۆیلایەتیدا بیانفرۆشێت. لیژنەكەمان دوای بەدواداچوون بۆ ئەو پێشێلكاریانەی كە دەرحەق بە ژنانی ئاوارە كراوە، سەردانی سەرجەم ئەو شوێنانەی كرد كە رووبەڕووی ئاوارە بوون بوونەتەوە، هەروەها لەو كامپانەی كە بۆ ئاوارەكان دروست كراوە چاوی بە ژمارەیەكی زۆر لە قوربانیانی دەستی داعش كەوت، بۆی دەركەوت كە داعش دەستدرێژی سێكسی بۆ سەر ژنان وەك چەكێكی هەرزان وكاریگەر بەكارهێناوە. بەمەبەستی تێكشكاندنی كەسایەتیان و بەدیاریكراویش دوژمنایەتی ئیزیدی و مەسیحیەكان وەك خاوەن تایبەتمەندی لەبیروباوەڕیشدا، بەو تاوانە مەترسیدارەیان بەدەیان كێشەی كۆمەڵایەتی و دەروونیان بۆ خەڵكەكە و ئاوارەكانی ئەو كۆمەڵگایانە دروست كردووە كە پێشبینی دەكەین لە ئایندەی نزیكدا كاریگەرییەكانی زۆر زیاتر دەردەكەوێت.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.. پەرلەمانتارانی بەڕێز

ساڵی ٢٠٠٨ ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری (١٨٢٠ ) دەركردووە كە تایبەتە بە توندوتیژی سێكسی لە كاتی ململانێ چەكدارییەكاندا. ئەو رەفتارەشی بە تەكتیكێكی جەنگیی داناوە كە لە لایەن جەنگاوەرانەوە بەكار دێت، ئەو تەكتیكەشی بە هەڕەشە داناوە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و بە یەكێك لە تاوانە گەورەكانی جەنگی لە قەڵەمداوە. هەروەها ئەو بڕیارە كۆمەڵێك خاڵی دەستنیشان كردووە بۆ چۆنێتی مامەڵە كردن لەگەڵ ئەو ژنانەی كە رووبەڕووی ئەم جۆرە توندووتیژییە بوونەتەوە. هەر بۆیە لیژنەكەمان لەگەڵ ئەم راپۆرتەیدا هاوپێچی ئەو بڕیارەتان دەخاتە بەردەستی ئێوەی بەڕێز، جێبەجێكردنی بەشێك لەو خاڵانە دەكەوێتە سەر شانی حكومەتی هەرێمی كوردستان. داوا لە سەرۆكایەتی پەرلەمانیش دەكەین كە حكومەت رابسپێرێت بۆ جێبەجێكردنیان. پێشنیاز دەكەین بۆ كەمكردنەوەی كاریگەریەكانی ئەو تاوانانەی كە لە لایەن كرووپی تیرۆریستی داعشەوە دژ بە ژنان ئەنجامدراوەو لەو پێناوەشدا:

بەپێویستی دەزانین ئەم هەنگاوانە بگیرێتەبەر:

**یەكەم:** دەزگایەكی تایبەت دروست بكرێت بۆ قوربانیانی ژن لە جەنگی داعشی دژ بە گەلی كوردستان، پێكهاتەی دەزگاكە، لەنوێنەرایەتی هەموو ئەو دامودەزگا پەیوەندیدارانە بێت كە تایبەتن بە پرسی كاروباری ژنان لە حكومەت و پەرلەمان و رێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنی..

**دووەم:** ناوەندێك دابمەزرێت بۆ لە خۆگرتنی ئەو ژن و منداڵانەی كە كەسو كاریان نەماوە "واتە لە ئێستادا بێ سەرپەرشتیاران". حكومەتی هەرێمیش هەموو كارئاسانیەكیان بۆ بكات بۆ فەراهەم كردنی پێداویستییەكانی ئەو ناوەندە.

**سێیەم:** بەپەلە كار بكرێت بۆ چارەسەری دەروونی و كۆمەڵایەتی ئەو ژنانەی كە رووبەڕووی دەستدرێژی بوونەتەوەو، خەڵكی دەڤەرەكە و هەموو لایەك لە رەچاوكردنی تایبەتمەندیان و چۆنێتی مەمەڵەكردن لەگەڵ قوربانییەكاندا هۆشیار بكرێنەوە،

**چوارەم:** سەدان ژن لەلایەن تیرۆریستانی داعش دوای جیاکردنەوەیان لە خێزانەکانیان بردراون. پێویستە حکومەت و پەرلەمان لەهەموو ئاستەکانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی کار بکات بۆدۆزینەوەی چارەنووسیان و هەوڵ بۆ هێنانەوەیان بدەن.

بەڕێزان، سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان پێشنیارە گشتییەکان هاوکارم کاك سالار دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز سالار محمود :**

چوارەم_ پێشنیارەگشتیەکان بەمەبەستی چارەسەر:

١-دروستکردنی ئەنجومەن یان دەستەیەکی تایبەت بە بەهاناوەچوون بۆ رووداوە کتوپڕەکان یان نەخوازراوەکان. ئەگەر پێشتر لەهەرێمدا ئەنجومەنێکی لەم شێوەیە هەبوایە دەیتوانی زووتر لە قەبارەی مەینەتییەکان کەم بکاتەوە کەبەسەر ئاوارەو لێقەوماواندا هاتووە. لەبەرئەوە لەئێستاو بۆ پێشبینی رووودانی هەر رووداوێکی تر، بوونی ئەنجومەنی بەهاناوەچوون بەپێویست دەزانرێت.

٢- سندوقێکی تایبەت بکرێتەوە بۆ هاوکاری مرۆیی. سالأنە لە بودجەی گشتی گوژمەیەکی بۆ تەرخان بکرێت و، هەر کۆمەکێکی دارایی لە رێگەی دەرەوەش دەدرێت، بخرێتە ئەو سندوقەوە. تەنیا بۆ رووداوی ئاوارەبوون و کارەساتەکان خەرج بکرێت برو لایەنی کۆمەك بەخش بە شەفافی ڕوون بکاتەوە و ڕاپۆرتی سێ مانگی بدات بە پەرلەمانی کوردستان و ڕای گشتی .

٣- هەڵمەتێکی نوێی نێودەوڵەتی بکرێت لەلایەن پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەهانەوە هاتنی ئاوارە و دابینکردنی پێداویستیەکانیان.

٤- هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی خەڵکی ئەو ناوچانەی ئازادکراون، ئەمەش دوای دڵنیاکردنیان لە دووبارە ئاوارە نەبوونەوەیان.

٥- تۆمار و سەرژمێرکردنی ئاوارەکان و پۆلێن کردنیان بە شێوازێکی زانستی.

٦- کردنەوەی چەند کامپێك لەسەر بنەمای ستانداردی نێودەوڵەتی، لەگەڵ دابینکردنی پێداویستیە گشتییەکان. لە رووی کاتەوە پەلە بکرێت بۆ ئەو مەبەستە. بۆئەوەش داوا بکرێت یۆنامی لە کوردستان پلان و هەوڵەکانیان لەم پێناوە خێرا بکەن لە دهۆك و هەولێر و سلێمانی و گەرمیان.

٧- دروستکردنی مانگی سووری کوردستانی لەسەر بنەمایەك کە شەرعیەتی قانونی بەدەست بهێنێت لەلایەن کۆمەڵی نێودەوڵەتیشەوە. تا ئەمە دەکرێت داوا بکرێت لە حکومەتی ئیتحادی بودجەی پێویست بخاتە بەردەست لقی کوردستانی مانگی سووری عێراقی.

٨- هەڵمەتێکی فراوان رابگەیەندرێت دژی سەرهەڵدانی هەر نەزعەیەکی رەگەز پەرستی " راسیزم" و دژایەتیکردنی هەر نەتەوەیەك یان ئاینێك. کە ئەمە دژی بنەماکانی دیموکراسی و یاسا نێودەوڵەتیەکانە. رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و کەناڵەکانی راگەیاندن رابسپێردرێن کار لەسەر ئەم پرسە بکەن. لیژنەکەی پەرلەمان چەند حاڵەتێکی لەو رەفتارانە تێبینی کردووەو، پێویستە ئەو رەفتارانە بەتاوان لەقەڵەم بدرێن تاوەکو ببێتە رەدعێك و پەرە نەسێنن.

٩-راسپاردنی لیژنـه پەیوەندیـدارەکانی پەرلـەمانی کوردسـتان و حکومـەتی هـەرێم بـۆ هەماهـەنگی کـردن لەگـەڵ کەناڵـەکانی راگەیانــدن بۆئــەوەی بەشــێوازێکی بەرپرســیارانەتر و مەدەنیانــە و لەبەرچـاوگرتنی بارودۆخی کوردستان رووماڵ و رەفتار لەگەڵ رووداوەکاندا بکەن.

١٠- زانایانی ئاینی رابسپێردرێن بۆ راگەیاندنی هەڵمەتێکی بـەرفراوان کـە ئـەوەی داعـش دەیکات گوزارشـت نییـە لـە هـیچ بنەمایـەکی ئـاینی ئیسـلام و، وەڵامـی ئـەو دەنگانـەش بدرێتـەوە کەشـەرعیەت دەدەن بـەو تاوانانەی کە داعش ئەنجامی داوەو دەدات.

١٢/ بودجەیەکی تایبەت تەرخان بکرێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو دەڤەرانـەی کەوتوونەتـە دەسـت داعـش و ئازادکراون، چونکە بەشێکی زۆری دامودەزگاکانیان تێك داوە و وێران کردووە.

١٣/قەرەبووکردنـەوەی زیانلێکـەوتووانی ڕووداوەکـان و کـارکردن لـە ئاسـتی نێودەوڵەتیـدا بـۆ کۆمـەککردنی زیاتری ئەو خەڵکەو هەڵمەتێکی ئاوەدانی دەست پێبکرێت.

١٤/پێویسـتە چـەند شـەقام و قوتابخانـەو نەخۆشـخانەو پارکێـك دروسـت بکـرێن و، بـەناوی کەسـایەتی و قوربانیانی ئێزیدی و مەسیحییەکانەوە ناوبندرێن لەکوردستاندا، تاوەکو لە بـاری دەروونـی و مەعنەویـەوە کاریگەری لەسەر ڕەوینەوەی نیگەرانییەکانی ئەو پێکهاتانە دەبێت.

١٥/ پێویستە کاری جدی بکرێت ئەو ڕووداوانە وەك دەرفەت بۆ یەکڕیزی هێزە کوردستانییەکان لـە ئاسـتی باشووری کوردستان لەلایەك و، لەگەڵ پارچەکانی تری کوردستانیشـدا دەرهاوێشـتەی هـەبێت، بەتایبـەتیش هێزە کوردستانییەکانی باکوورو رۆژهەلأت و رۆژئاوا رۆڵی نیشتیمانییو نەتەوەیی خۆیان بینی، کە جێگەی پێزانینە. نەك بەپێچەوانەوە. بۆیـە لـەباری سیاسـییو نەتەوەییـەوە پێویسـتە پەرلـەمان رۆڵ ببینێـت لـە سازدانی کۆنگرەی نەتەوەیی و تەماشاکەر نەبێت.

١٦/پێویسته هاوکـاری هاووڵاتیـانی شـنگال بکرێـت لـە خۆرئـاوای کوردسـتان کـە ژمارەیـان (١١٤٣٧) هـاووڵاتی دەبێت بە گشتی تا ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە (٥٧٧٦) یان لە کەمپی نەورۆز دەژین کـە (٣٧٦٨) یـان منـداڵن. لـە حـاڵی حازردا لـەبارودۆخێکی زۆر خراپـدا ژیـان دەگـوزەرێنن. پێویسـتە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان بەزوویی پێداویستیان بۆ دابین بکات.

پێنجەم_ لە بارەی جینۆسایدی شەنگال و دەوروبەری:

لیژنەی هاوبەش لە رۆژی ٢١-٨ کۆبوونەوەیەکی فراوانی سازدا، سەبارەت بە دۆزینەوەی میکانیزمی بڕیاردان لەجینۆسایدی شەنگال و دەروبەری لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە. بۆ ئەو مەبەستە میوانداری سـەرۆکی دەستەی مافەکانی مرۆڤ و، نوێنەری وەزارەتـی شـەهیدان و، شـایەتحاڵێکی چـیای شـەنگال و، رێکخراوەکـانی تایبەت بە پرسی جینۆسایدو شارەزایانی بـواری جینۆسـایدی کـرد، لـەهۆڵی پـەناگیری پەرلـەمان. زۆرینـەی ئامادەبووان لەگەڵ ئەوەبوون، بڕیار بدرێت لەسەر جینۆسـایدی شـەنگال و دەوروبـەری. جـەختیان کـردەوە ئەو تاوانانەی داعش لە شەنگال و دەوروبەری ئەنجامی داوە دەچنە خانەی تاوانی جینۆسایدەوە.

شەشەم_ هەنگاوەکانی بڕیاردان لە جینۆسایدی شەنگال و دەوروبەری:

١- له دەورانی مێـژووەو تـا ڕۆژی ٣-٨-٢٠١٤ ئێزیدیـەکان چەندین جار تووشـی تـاوانی کۆمـەڵکوژیی و ڕاگواستن و لەناوبردن بوونەتەوە. لـه سـاڵی ١٨٣١ ەوە هـەوڵی قڕکردنیـان دراوەو لـه شـاڵاوەکانی ئەنفالیشدا چەندینیان ئەنفالکراون. لەتاوانی ڕۆژی ٣-٨ و ڕۆژانی دواتر، بەسەدان کەسیان کۆمـەڵکوژکراون و بەسـەدان ژن و کچیان دوای دابڕاندنیان له خێزانەکانیان بـردراون و فرۆشـراون. بەسـەدان کـەس بـەزۆر بیروباوڕیـان پێ گۆڕیون. به سەدان هەزاریان به زۆر ئاوارەو دەربەدەرکراون.

٢- بایەخدان بـەداتاو ئامـار و تۆمـار بـۆ ئـەم دۆسـیەیه زۆر گرنگـه، لەوانـه کۆکردنـەوەی زانیـاری لـه بـارەی کوشـتن و لاقـەکردن و ئەشـکەنجەدان و بـەزۆر ڕاونـان و کۆکردنـەوەو دابڕانـدنی خێزانـەکان و ڕاگواستنی بەزۆر (تهجير قسري) و فرۆشتنی ژنان و کچان، لەگەڵ دیدو ڕوانگەی گرووپی تیرۆریستی داعش بۆ کۆمەڵکوژیی و، لەناوبردنی کوردانی ئێزیدی.

٣- پێویسـته ڕێکخـراوی UNAMI ڕابسـپێردرێت و داوای لێ بکرێـت، کـه ئاگـاداری نووسـینگەی ڕاوێژکاری تایبەت به ڕێگری لەجینۆساید له نەتەوەیەکگرتووەکان بکات (مكتب مستشار خـاص المعنى بمنـع الابـادە الجماعيـه) تیمی کۆکردنـەوەی زانیـاری و شـیکردنەوەی زانیارییـەکان ڕەوانـەی هـەرێمی کوردسـتان بکـات، بەمەبەسـتی گرتنەبـەری ڕێوشـوێنی پێویسـت، چـونکه ئـەم تاوانـه هـەموو بنـەما یاسـاییەکانی کۆمەڵکوژیی لەخۆ دەگرێت.

٤- لەپاڵ ئێزیدیەکان و مەسیحی و شەبەکدا پێویسته دۆخی کاکەییەکانیش لەبـەر چـاو بگیرێـت، کـه لەم ڕووداوانەدا ئەوانیش هاوشێوەی پێکهاتەکانی تر، لێیـان ئـاوارە بـوون. لەبەرئـەوەی زۆربـەیان لەناوچـه کوردستانییه تازە ئازادکراوەکان دەژین، بۆیه هـەبوونی مەترسـی لەسـەر ئـەوانیش بـەدوور نازانرێت. لـەم ڕووەوە پێویسـته هـەر لـه ئێسـتاوە، بارودۆخیـان بـەوردی چـاودێری بکرێـت و، تایبەتمەنـدییان پیشـانی نەتەوەیەکگرتووەکان و، نوێنەری وڵاتان لەهەرێم بدرێت. بۆئەوەی پـێش وەخـت ڕێگـری بکرێـت لەئەگـەری هـەر دەسـتدرێژیی و، تـاوانێکی کۆمـەڵکوژیی لەبەرامبـەریان لەلایـەن داعـش یـان هـەر گرووپێکـی تـری تیرۆریستی، چونکه له ئێستادا دۆخی ئەوان بەپێی پێوەری نێودەوڵەتی دەکەوێته ژێـر بنـەمای (الاسـتجابه للحالات التي تبعث على القلق) و ئاگادارکرنەوەی پێش وەخت.

٥- هەرچەنده له کوردستاندا دادگایەکی تایبەت نییەو، دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق تـەنیا بـۆ ئـەو تاوانانه دانراوە کـه لـه سـاڵانی ١٩٦٨بـۆ ٢٠٠٣ لەلایـەن ڕژێمـی بەعسـی لەناوچـووی عێراقـەوە ئەنجامـدراون. هەروەها یاساکانی عێراقی بـەرکاریش لـه هـەرێمی کوردسـتاندا بۆشـایی وکـەموکوڕیان هەیـه لـەم ڕووەوە. بەتایبەتی قانونی عقوباتی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ کـه بەیـەك وشـەش نـاو و تـاوانی "جینۆسـاید، genocide"ی تیـا نـەهاتووە. لەبـەر ئـەوەش بڕیـاردان لەلایـەن پەرلەمانـەوە پـێش بڕیـاری دادگـا، هـیچ ڕێگرییەکی یاسایی نییەو، له دەسەڵاتی پەرلەمانه ئەو بڕیـارە دەربکات. لەبـەر ئـەوە بەپێویسـتی دەزانـین پەرلەمان بڕیاری جینۆسایدی شـەنگال و دەوروبـەری دەربکـات و کۆمـەڵێك ئیجرائـاتی تایبـەتی تیـا دیـاری بکات. پرۆژە بڕیاریش لەو بارەیەوە به ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە.

٦- تاوانبارو تۆمەتبارەکانی ئەنجامدەری تاوانی شەنگال و دەوروبەری، بریتین لە داعش بە سەرکردایەتی ئەبوبەکری بەغدادی. واتە لایەنی بەرامبەر دیارن و خۆیان لە ڕێگەی پێگە ئەلکترۆنییەکانی خۆیانەوە بە ئاشکرا پەخشی هەموو جۆرە تاوانەکان دەکەن و، وەك دەستکەوت پیشانی رای گشتی دەدەن. ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیش، بەفەرمی تاوانبارانی لە بڕیاری ژمارە (٢١٧٠)ی رۆژی ١٥-٨-ئەمساڵدا بەلیستێك ناساند. ئەگەری ئەوەش هەیە ئەم لیستە فراوان بکرێت .

٧- کردنەوەی مۆزەخانەیەکی شایستەو تایبەت بە کەرەستەو کەلوپەل و بەڵگەو وێنەی تاوانی شەنگال و دەوروبەریو، زانستیانە بەدیکۆمێنتکردنی تاوانەکە.

٨- رۆژی ٣-٨ی هەموو ساڵێك دیاری بکرێت بەرۆژی جینۆسایدی شەنگال و دەوروبەری و، لەو رۆژەدا یادی قوربانییەکان بکرێتەوە.

٩- کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بۆ جینۆسایدی شەنگال لەهەولێری پایتەختی کوردستان ساز بکرێت لە ئایندەیەکی نزیکداو، شارەزایانی جینۆسایدو ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و نوێنەری وڵاتان بانگهێشتی ئەو کۆنگرەیە بکرێت.

١٠- لە ئێستاوە تیم دروست بکرێت بۆ کاتی ئازادبوونی شەنگال و دەوروبەری بەمەبەستی گەڕان و پشکنین بۆ گۆڕی قوربانییەکان و دیاریکردن و دەرهێنانیان بە شێوازێکی زانستی.

١١- بڕیار دەرکردن لە بارەی جینۆسایدی شەنگال و دەوروبەری وەك بەشێکی بنەڕەتی لە بەدەنگەوە هاتن، لەگەڵیا دەتوانرێت حیمایەی نێودەوڵەتی پەیدا بکرێت و، هاوکارو دڵنیاییەك دروست دەکات و، دەرفەتی باشتر دەداتە کوردانی ئێزیدی و مەسیحییەکان و پێکهاتەکانی تر، کە کۆچ نەکەن و، نیشتیمانی خۆیان بەجێ نەهێڵن. وەکو چۆن نوێنەری پاپای ڤاتیکان لە دهۆکەوە رایگەیاند کە پێویستە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پارێزگاری لەم پێکهاتەو ئەوانی تریش بکرێت.

١٢- کەمتەرخەمی لە رۆڵی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە لەبەریتانیا، لەکاتێکدا لەسەر پێشنیاری وڵاتی بەریتانیا ئەو لائیحەیە لەلایەن هەر (١٥) ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە بڕیاری لێدراو پەسەند کرا کە کردارەکانی داعشیان بەتاوانی مەترسیدار ناساند، بە ئیزافەکردنی دوو وشەی وەك " دادگاییکردنی ئەنجامدەران" لەناو ئەو لائیحەیە دەتوانرا لە دادگای نێودەوڵەتی ئەو مەلەفە بکرێتەوە، یان کەیسەکە ببرێتە دادگای نێودەوڵەتی. بەڵام ئەوە نەکرا. ئێستاش دەوتوانرێت ئەو دۆسیەیە بە ئاراستەی "دادگای لاهای" کە لە تایبەتمەندی ئەو دادگایەشە، بجوڵێندرێت.

١٣- پێویستە بەفەرمی پەرلەمانی کوردستان داوا بکات عێراق ببێتە ئەندام لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ناسراو بە "دادگای رۆما". هەرچەندە لە خولی پێشووی پەرلەمان و لەم خولەی پەرلەمانیشدا پەرلەمانتارانی کوردستان لە ڕێگەی ئەنجومەنی نیشتیمانیی عێراقەوە ئەو داوایەیان کردووە. بەڵام هێشتا بێئاکامە.

لەکۆتاییدا دوای ئەوەی ئەم راپۆرتە دەخەینە بەردەست پەرلـەمانی کوردسـتان و سـەرۆکایەتی پەرلـەمان و سەرجەم ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان، داواکارین ئەم دانیشتنە بە بڕیاری گرنگ و پێویست بگاتە ئەنجام.

**لەگەڵ ڕێزدا**

لەگەڵ دەقی ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش، هـەردوو دەقـی بڕیـاری ئەنجومـەنی ئاسایشی تایبـەت بـە هاوپێچی ڕاپۆرتەکە و سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس بۆ سەرۆکایەتی هـەردوو لیژنـەی کاروبـاری کۆمەڵەگـەی مـەدەنی و لیژنـەی داکۆکی کـردن لـە مـافی ئافرەتـان بـۆ ڕاپۆرتەکـەیان، لێـرەدا بـە پێویسـتی دەزانـین بـەخێرهاتنی ڕێکخراوەکـانی کۆمەڵگـەی مەدەنی و کەمپینەکانی بەهاناوەچوونی کوردانی ئێزیـدی دەسـتی گرووپـی داعـش دەکـەین کـە ئێسـتا لـە پەرلەمانی کوردستان ئامادەن، هەروەها بەخێرهاتنی بەڕێز د.کمال گرەیی نوێنەری ڕێکخراوی (ئەکسوسی) بـەریتانی دەکـەین کـە ڕێکخراوێکـی تایبەتەمەنـدە بـە تاوانـە نێودەوڵەتییـەکان و بـەڕێزی ئامادەیـە بـە شێوەیەکی خۆبەخشانە کار لە پرسی بەجینۆساید ناساندنی تاوانەکانی دژ بە ئێزیدیەکان بکات، ئێستا داوا لـە بـەڕێزان سـەرۆکایەتی هـەردوو لیژنـەی دارایـی و لیژنـەی دەسـتپاکی پەرلـەمان دەکـەین کـە ڕاپۆرتـە هاوبەشەکەیان پێشکەش بکەن، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صالح عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بسـم الله الـرحمن الـرحیم، بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان، دوای دانیشـتنی سـەرۆك لیژنـەکان و سـەرۆکی فراکسیۆنەکان لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئێمە هەر دوای ئەوە چەندین دانیشتنی هاوبەشمان ئەنجامدا، لە ئەنجامدا ئەو ڕاپۆرتە دەرچوو، لیژنەی دارایی و لیژنەی دەست پاکی ڕاپۆرتەکی هاوبەش ئامادە کـردووە لەسەر دۆخی پێشمەرگە، داوای لێ بـوردن دەکـەم ئەگـەر سـۆرانییەکەی مـن زۆر بـاش نـەبێ، لەسـەر دۆخـی پێشمەرگە کە لە خوارەوە ئاماژەی پێدرا بفەرموون.

هەرچەندە پێشمەرگە بەشێکە لە هێـزی بـەرگری عێراقـیو خەرجییـەکانی پێویسـتە لـە چوارچـێوەی خەرجییە سەروەرییەکانی حکومەتی عێراقـدا پـارەی بـۆ تـەرخان بکرێـت، بـەڵام تـاوەکو ئێسـتا حکومـەتی ناوەندی خەرجیو چەکی پێشمەرگەی دابینەکردووەو حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لـە بودجـەی خـۆی ساڵانە پتر لە یەك ترلیۆنو سێسەد ملیار دینار بۆ خەرجییەکانی پێشمەرگە تەرخان دەکات.

لە دۆخی ئاساییدا بۆ مانگێکی پێشمەرگە نزیکەی سەدوبیست ملیـار دینـار پێویسـتەو لـە کـاتی نائاسـاییدا خەرجی هێزەکانی پێشمەرگە بەردەوام ڕوو لـە زیادبوونـەو ئەمـەش پێویسـتی بـەپلانێکی جـدی هەیـە بـۆ پارەدارکردنی خەرجییەکانی.

<u>گرفتە سەرەکییەکان:</u>

یەکەم: مووچەو بودجەی پێشمەرگە:

له ماددەی نۆیەم، برگەی پێنجەمی پڕۆژەی یاسای بودجەی عێراقدا بۆ ساڵی ٢٠١٤ هاتووە، بەرێککەوتنێك لە نێوان ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقو ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، خەرجی هێزەکانی پاسەوانی هەرێمی کوردستان (پێشمەرگە) لە دابینکردنی مووچەو چەكو پێداویستییەکانی لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە خەرجدەکرێت بەمەرجێك لەگەڵ دەستوری عێراقدا بگونجێت.

لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە ئەم بابەتە بەشێوازی جیاواز لە یاسای بودجەدا هاتووەو جێبەجێنەکراوە، بەپێی تەوەفوعاتی حکومەتی ناوەند تاوەکو ئێستا زیاتر لە (٩) ترلیۆن دیناری خەرجی هێزی پێشمەرگەی نەداوە.

**ئەوەی گرنگە لەم دۆسییەدا:**

پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هێزی پێشمەرگە بکاتە هێزێکی رێکخراوە و ڕاهێندراو و ژمارەی دروستی پێشمەرگە دیاریکراو بێتو پێدانی پلەو پۆست لەسەر بنەمای لێهاتوویی بێت، لادانە نائاساییو نایاساییەکان نەهێڵدرێت.

دووەم: گرفتی چەك

پاش هاتنی رێکخراوی تیرۆرستی داعش، سوپای عێراق چەندین ناوچەی چۆڵکردو هێزەکانی پێشمەرگە لە چەندین ناوچە جێگایان گرتنەوە، دوو سەربازگەی گەورەی کەسكو کەیوان بەچەكو جبەخانەیەکی گەورە کەوتە دەست هێزەکانی پێشمەرگە.

چوار کەتیبەی گەورە لەم ماعەسکەرانەدا هەبوون، کە کەتیبەی ئەندازیاریو نەقلیەو پەیوەندیو مەدفەعی بوون لەگەڵ نەخۆشخانەی سەربازی، لە ڕووی چەکەوە جگە لە دەبابەو مەدفەعی (١٥٥)ملیمی و ناقیلەی ئەشخاس و دەیان هەزار چەکی دیکەی سووکی وەك چەکی سووكو ناوەندی وەك دۆشکەو ار بیجیو بیکەسیو ئێم فۆر ....هتد دەستبەسەردا گیرا. (زانیاریمان بەژمارە لەبەردەستەو ئاڕاستەی لایەنی پەیوەندیداری دەکەینو لەبەر دۆخەکە لەم راپۆرتەدا ئاماژەمان پێنەداوە).

بەشی هەرە زۆری ئەم چەکانە نەکەوتووەتە دەست وەزارەتی پێشمەرگە.

سێیەم: گرفتی ئەو پێشمەرگانەی دەوام ناکەن و خانەنشینی نایاسایین:

ژمارەی ئەو کەسانەی بەناوی پێشمەرگەو پێشمەرگەی خانەنشین مووچە وەردەگرن، نزیکەی (٤٢٦) هەزار کەسەو بەشێکی زۆری ئەمانە وەك پێشمەرگە مووچە وەردەگرن کاری پێشمەرگایەتی ناکەن تەنیا مووچەکە وەردەگرن، بۆ ڕێگریکردن لەم دیاردەیە داوامان لە دیوانی چاودێری دارایی کرد لەگەڵ لیژنەی دابەشکردنی مووچەی وەزارەتی پێشمەرگەدا بڕوات و قەبارەی ئەم گرفتەمان بۆ دیاری بکات و ئێستاش لیژنەکە لەکاردان.

ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتی بە بێ ئەوەی هیچ خزمەتێکی پیشمەرگایەتیان هەبێت بە پلەی جۆراو جۆری سەربازی خانەنشینکراونو ژمارەیان نزیك دەبێتەوە لە (٩٠) هەزار کەس، ئەمە جگە لەوەی نادادی و گەندەڵییەو بارگرانی لەسەر وەزارەتی پێشمەرگەو دارایی وڵات دروستکردووە.

**چوارەم:گرفتی نەسرییەو کۆمەك و سووتەمەنی:**

**بەشێکی زۆری پێشمەرگەکان ئاماژە بەوەدەکەن کە ئەو نەسرییەو سووتەمەنیانەی کەدابیندەکرێت لەلایەن چەند بەرپرسێکەوە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بەکاردێت و خراپ دابەشکردنیش لە کۆمەکەکاندا هەیە و پێویستە وەزارەت رێکی بخاتەوە، هەندێك بەرەی جەنگ تاوەکو ئێستا کۆمەکەکانیان پێنەگەیشتووە.**

**پێشنیارو راسپاردەو چارەسەرەکان:**

**یەکەم: سەبارەت بەبەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتی عێراق ، لیژنەی دانوستانکاری کورد لە بەغدا دەبێ پێداگیری بکات لەسەر ئەوەی ١٧٪ کۆی گشتی بودجەی عێراق وەك پشکی هەرێم دابینبکرێت، ئەوجا خەرجیی سەروەری دیاریبکرێت.**

**یان ١٧٪ کۆی خەرجی هێزی بەرگری عێراق بدرێتە هەرێمی کوردستان.**

**دووەم: سەبارەت بەو چەك و تەقەمەنییانەی حکومەتی عێراق کە لە دوای ٢٠١٤/٦/٩ لە مەعەسکەرەکان لەلایەن پێشمەرگەوە دەستی بەسەردا گیرا، پێمان باشە وەزارەتی پێشمەرگە راگەیاندراوێك بلاّوبکاتەوە، ماوەیەك دیاریبکات کە لە یەك مانگ زیاتر نەبێت و داوابکات کە هەموو ئەو چەك و تەقەمەنیانە بۆ وەزارەت بگەرێتەوە، بەپێچەوانەوە لە دوای وادەی دیاریکراو هەرکەس ئەو چەکانەی لەدەستدابگیرێت بدرێتە دادگا.**

**سێیەم: سەبارەت بە خواردنی پێشمەرگە پێمانباشە لەبری ئەوەی پارەی خواردن بدرێتە بەرپرسە حیزبییەکان و پاشان بکرێتە خواردن، هەریەك لە میحورەکان، بدرێت بە تەندەرو بەمەش رێگا لە بەفیرۆدانی سامانی گشتی دەگیرێت.**

**چوارەم: هەنگاوەکانی وەزارەتی پێشمەرگە جدی بکرێتەوە بۆ پێداچوونەوە بە لیستی مووچەی پێشمەرگەو ئەوانەی دەوام ناکەنو مووچە وەردەگرن، لە لیستی مووچە دەربهێندرێت، پێداچوونەوەی جدی بۆ لیستی خانەنشیانانی پێشمەرگە بکرێتو کارە نایاساییەکان دەربکرێت.**

**پێنجەم: پێمان باشە بردنی ئۆتۆمبیلّی کەسی لەلایەن پێشمەرگەوە بۆ بەرەکانی جەنگ نەمێنێت و ئەمە گرفتی گەورەی دروستکردووە.**

**شەشەم: پێمان باشە بەکارهێنانی موبایل و ڕاگەیاندنەکانو سەردانی بەرپرسەکانو هاوولاّتیان بۆ بەرەکانی جەنگ لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە رێك بخرێتەوە.**

**حەوتەم: پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان داوابکات لە حکومەتی عێراقی کۆی خەرجی ئاوارەکان بخاتە ئەستۆی خۆی، چونکە سەرجەمی ئەو ناوچانە لەژێر دەسەلاّتی حکومەتی عێراقدا بوونو ئێستا رێکخراوی داعش داگیری کردوونو حکومەتی عێراقیش خەرجیو پێداویستییەکانی ئەو ناوچەیەی ڕاگرتووەو پارەی تەرخانکراو بۆ خەرجییەکانیش دەگەڕێتەوە خەزێنەی ناوەندی.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

**بەشی هەشتەم د.عزت تەواوی دەکات، فەرموو.**

**بەڕێز د.عزت صابر اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە پێشنیاری هەشتەمەوە لەم ڕاپۆرتە لە ڕاستی دا بە هاوبەشی لەگەڵ لیژنەی نەزاهە و لیژنەی دارایی و وەبەرهێنان و ئابووری ئامادە کراوە، لە پێشنیاری هەشتەم ئەمە وەك پرۆژەیەکە بۆ بەڕێزتانی دەخوێنمەوە بەهیوای ئەوەی لە کۆتایی دا سەرۆکایەتی پەرلەمان و پەرلەمانتارە بەڕێزکان بە بڕیارێ دەری بچوێنن، ڕاپۆرتەکە باس لەوە دەکات چۆن بتوانین مووچە نزمەکانی پێشمەرگە کە مووچەیان کەمە بڕێك لە مووچەیان زیاد بکەین بۆ ئەو پێنج مانگەی کە ماوە لە ساڵی( ٢٠١٤) دا مانگی ( ٨ و ٩و ١٠ و ١١و ١٢)، چونکە پێشمەرگە کە مووچەی نزمە ئەمە فیئاتەکانیانە لەناو هێزی پێشمەرگەدا لە جوندیەوە دەست پێ دەکات کە کەمترین مووچەی هەیە لە ناو هێزی پێشمەرگەدا کە مووچەکەی ( ٥٠١ ) هەزار دینارە، جوندی ئەوەل مووچەکەی بریتیە لە (٥٤٦) هەزار دینار، نائیبی عەریف مووچەکەی بریتیە لە (٥٨٤) هەزار دینار، عەریف مووچەکەی بریتیە لە (٦٢٧) هەزار دینار، رەئیسی عورەفا مووچەکەی بریتیە لە (٦٥٦) هەزار دینار، چونکە ئەم پێشمەرگە مووچە نزمانە کە زۆرترین پێکهاتەی پێشمەرگە پێك دەهێنن بە نزیکەی ژمارەیان (٩٠) هەزار پێشمەرگەیە لە هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا، کەمترین مووچەیان وەك بۆ بەڕێزتانم باس کرد (٥٠١ ) هەزارە، زۆرترینیش (٦٥٦) هەزار دینارە لە مانگێك، بکرێ بە (٧٠٠) هەزار دینار بۆ هەمووی، بۆ هەموو ئەم ٥ فیئەیەی پێشمەرگە، ئەم پێنج مانگەی کە ماوە هەر پێشمەرگەیەك (٧٠٠) هەزار دیناری بدرێتێ، بۆیە لیژنەی دارایی بە گرنگی زانی ئەم ڕاپۆرتە بخاتە بەردەم بەڕێزتان بە مەبەستی گەیاندنی بەلایەنە پەیوەندیدارەکان، یان هەر لێرەدا داوا لە بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان و پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەکەین لە هۆڵی پەرلەمان بیکەن بە بڕیار، ئەم پاڵپشتە داراییە بۆ(٥) مانگ بێ وەك مانگەکانی (٨ و ٩ و ١٠ و ١١و ١٢) لە ساڵی ٢٠١٤ دا بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم پلانە ئەم لایەنە پەیوەندیدارانە دەتوانن پارەکەی دابین بکەن، پێشنیاری کردووە لیژنەی دارایی کە ئەم بڕە پارەیە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دابین بکرێ کە دەکاتە ٥٤ ملیار دینار بۆ هەر پێنج مانگەکە، بە نزیکەی (٤٥ ) ملیۆن دۆلار، وەزارەتی دارایی و وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کۆکردنەوەی باجی کۆمپانیا گەورەکانی کوردستان کە لە ساڵی ٢٠١٣ نەیان داوە بە حکومەت یاخود ئەو شەش مانگەی کە لە ٢٠١٤ باج لەسەر کۆمپانیاکان کۆبکرێتەوە قەرزی ناوخۆیی و دەرەکی بکرێت، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ یان ئەوەتا سەرجەم وەزارەتەکانی تر کە داهاتی خۆیانیان هەیە بەخششی کۆمپانیا گەورەکانی کوردستان لە ساڵان کە قازانجێکی زۆردەکەن یان ئەو سەندوقەی کە بۆ کۆمەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەلایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە بانگەوازی بۆ کرا و ڕێکخراوە خێرخوازیەکان ئەخیر شت کە لێرە تەسجیل نەکراوە بڕێك پارە بە حدودی (٧٠) ملیۆن دۆلار تەرخان کراوە کە بودجەیەکی ئیزافیە بۆ هێزی پێشمەرگە لەوەش دەتوانن بڕێك لە پارە زیاد بکەن لە کۆتایی دا داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەکەین انشاءالله بە بڕیار دەرچێت لە پەرلەمان بۆ ئەوەی ئەمە پلانێکی خێرایە، بەڕێزان ئەمە جێگرەوەی هیچ ڕاسپاردە وبڕیارێکی پەرلەمان نییە کە لە پێشوو تردا دراوە سەبارەت بە پێشمەرگە، ئەمە تەنها

پلانێکی خێرا وکاتییە بۆ ئەوەی ئەو ٥ مانگەی لە ساڵی ٢٠١٤ داین کە کەمترین مووچە بۆ پێشمەرگە (٧٠٠) هەزار دینار بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق( سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس بۆ سەرۆکایەتی هەردوو لیژنەی دەستپاکی و لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان بۆ راپۆرتەکەیان، ئێستا با بەڕێز سەرۆکی لیژنەی تەندروستی بفەرموێت بۆ پێشکەشکردنی راپۆرتی تەندروستی و ژینگە.

**بەڕێز زولفا محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی من دەستخۆشیت لێدەکەم بۆ بەستنی ئەم کۆبوونەوە نائاساییە، پێویستە پێش دەستپێکردنی راپۆرتەکەم دەمەوێ بەڕێزت ئاگاداربکەمەوە لەسەر مەترسی رای لیژنەکەمان لەسەر رەوشی تەندروستی ئاوارەکان کە بە هۆی نەبوونی ئاودەست و ئاو و ئاوەڕۆ و زۆری ئاوارەکان لە ناو یەکدا و هەروەها نەبوونی کەمپێکی پێویست لە ناویاندا، ئێمە لە ژێر هەڕەشەی مەترسییەکی گەورەداین، یان لە ژێر کارەساتێکی گەورەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی داین، بۆیە من لێرەدا داوا لە بەڕێزتان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و هەموو وڵاتانی دراوسێ و هاوکارانمان و رێکخراوە حکومییەکان دەکەم کە پەلە بکرێت لە دروست کردنی کەمپێکی ستاندارد بۆ ئاوارەکان و شوێنی تایبەت بۆ کۆکردنەوەی پاشەڕۆی مرۆیی و نامرۆییەکان، بۆ ئەوەی رێگە بگرین لەو کارەساتەی کە ئێمە مەترسیمان لێی هەیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان، لەسەر ڕاسپاردەی بەڕێز دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، لیژنەکەمان دابەش بووین بەسەر پارێزگاکانی (هەولێر، دهۆك، کەرکووك، گەرمیان) بەمەبەستی لەنزیکەوە ئاگاداربوون لە بارودۆخی تەندروستی هێزی پێشمەرگەو ئاوارەکان .

لەسەردانە مەیدانەکانمان بۆمان دەرکەوت، کە لە بەشێك لەناوچەکان تاڕادەیەك بارودۆخی هێزی پێشمەرگە بە بەراورد بەجارەکانی پێشووتر لە هەندێ ناوچە باش بوو، بەلاّم لە بەشێك لە ناوچەکانی تر لە ڕووی پێداویستی تەندروستی زۆر خراپ بوون و لە هەندێ شوێن مامناوەندە، وە دوای کۆتایی هاتنی سەردانەکانمان لە بەرواری ﴿٢٠١٤/٨/١٩﴾ لیژنەکەمان کۆبووەوە و سەرجەم ئەو خاڵانەمان دەست نیشان

کرد، کە لە ئێستادا بەپێویستی دەزانین پەلەی لێ بکرێت و لایەنی پەیوەندیداری لێ ئاگادار بکرێتەوە بۆ جێبەجێ کردنی:

یەکەم، دهۆك:

١- پێشمەرگە: (میحوەرەکانی سحێلا +ماوەران+ بەعشیقە) ئەو میحوەرانە بوون کە ئێمە سەردانمان کرد، میحوەری باشیك لە ڕووی پێداویستییە تەندروستییەکانەوە لە ئاستێکی زۆر خراپدا بوون، بە جۆرێك کە هیچ پێداویستییەکی تەندروستییان لانەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا لە خەتی دووەمی جەنگ کە بنکەی تەندروستی لێیە بە دووری زیاتر لە نیوسەعات دوورە لێیانەوە، بەلآم هەر ئەوکات پەیوەندیمان بە وەزیری تەندروستییەوە کرد کە ڕۆژانە سەیارەی فریاگوزاری گەڕۆکیان بۆ بنێرێت و پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکات.

لە میحوەرەکانی تری ئەم ناوچەیە، بە گشتی پێداویستی لە دەرمان و سەیارەی فریاگوزاری زۆر باش بوو، بەلآم شێوازی هەلگرتنی دەرمان لە ئاستێکی زۆر خراپدایە.

٢- ئاوارەکان: ئاوارەکانی کۆمەلگای (شاریا+خانکێ+سحێلا+باجد کندال، باعەدرێ)، لە سنووری پارێزگای دهۆك، زیاتر لە ﴿٦٠٠٠٠٠﴾ ئاوارە هەیە، دابەش بوون بەسەر کەمپ و خوێندنگاکاندا، بەشێکی زۆریان لەناو ماڵ و بینای تەواو نەکراودان، بەشێکی تریان لەسەر شەقامەکان بوون، بەهۆی ئەوەی ئاوارەیەکی یەکجار زۆر ڕووی لەم پارێزگایە کردووە، هەرچەند لە ڕووی پێداویستییە تەندروستییەکان و دابین کردنی دکتۆر و کارمەندەوە خزمەتی باش دەکرێن، بەلآم لەبەر ئەوەی نەخۆشخانەکان و بنکە تەندروستییە کاتیەکانی ناو ئاوارەکان پاڵەپەستۆی زۆریان لەسەرە، بۆ نموونە: لە بنکەی تەندروستی کاتی خانکێ لە ماوەی سێ سەعات ﴿٤٥٠﴾ نەخۆش بینراوە، وەلە بنکە تەندروستییەکەی ئەو ناحیەیەدا لە یەك شەو ڕۆژدا ﴿٢٥٠٠﴾ دوو هەزار و پێنج سەد نەخۆش بینراوە، بۆیە بەدڵنیاییەوە لەگەڵ بوونی ئەو هەموو ئاوارانە پێویستییەکان زیاتر دەبن، کۆگاکان بەرگەی مانگێك زیاتر ناگرن، وەلەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی نەبوونی ئاوەڕۆ لەناو ئاوارەکاندا، مەترسی بلآوبوونەوەی نەخۆشییە درمیەکانمان لەسەرە.

**٣- سەردانی پێشمەرگە بریندارەکان لە نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن، بەهەماهەنگی ئیش کردن لەگەڵ کادیری پزیشکی لە نەخۆشخانەکاندا، بۆ پێزانین لەسەر ژمارەی بریندارەکان و جۆری برین و پێداویستی ڕۆژانە و هەماهەنگی لەگەڵ جێگای بەرپرس بۆ جێبەجێکردنی پێداویستییەکانیان.**

**٤- سەردانی ڕۆژانە بۆ نەخۆشخانەکانی شاری دهۆك، بۆ ئەگەری بەدواداچوون لە نزیکەوە لەسەر ژمارەی بریندارەکان، کە ڕۆژانە دەگەنە نەخۆشخانە و چۆنیەتی چارەسەرکردن و هەماهەنگی لەگەڵ کارگێڕی ئەو نەخۆشخانەیە و دابین کردنی دەرمانی پێویست.**

**٥- هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی لە قەزاو ناحیەکانی پارێزگای دهۆك، بەتایبەتی ئەوانەی کە ژمارەیەکی زۆری ئاوارەی لێبوو، کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دهۆك، بەمەبەستی زانیاری لەسەر ئامادەکاری وەزارەت بۆ دابین کردنی پێداویستی ئاوارەکان، هێزەکانی پێشمەرگە، ڕێژەی دەرمان لە کۆگاکانی وەزارەت و چۆنیەتی دابین کردنی کادیری تەندروستی، بۆ بەڕێوەبردنی خێوەتگەی ئاوارەکان و دابین کردنی بودجەیەکی تایبەت بۆ کڕینی دەرمان و پێویستی تایبەت، تەرکیز لەسەر ئاوارەکان کە لە دهۆك دانیشتوون بکرێت، چونکە ژمارەیان دووجاری ئەو ئاوارانەن کە لە پارێزگاکانی تر نیشتەجێن.**

**٦- کۆبوونەوە لەگەڵ ڕێکخراوە حکومییەکان و ناحکومییەکان بکرێت کە لە هەرێم ئیش دەکەن، لە پارێزگای دهۆك بە هەماهەنگی لەگەڵ تەندروستی دهۆك و وەرگرتنی زانیاری لەسەر پلانی ئەم ڕێکخراوانە و دابین کردنی پێداویستی ئاوارەکان و چۆنیەتی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری باشتر، بەتایبەتی تەختی منداڵ و ئافرەت و بەساڵاچووان.**

**٧- هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی بۆ دابینکردنی دەرمان و دکتۆری پسپۆر و کادیری تری پێویست بۆ نەخۆشخانەکانی تری دەڤەری شێخان و دابین کردنی دەرمانی پێویست بۆ تیمە گەڕۆکەکان لەناو چادرگەکان.**

٨- هەماهەنگی لە چۆنیەتی بەرگری کردن لە گواستنەوەی نەخۆشی لە بەینی ئاوارەکان و هەروەها هەماهەنگی بۆ دروستکردنی تیمی گەڕۆك بۆ ئیش کردن لەو خێوەتگایانەدا.

٩- دروستکردنی تیمەکانی تەندروستی بۆ ئیش کردن ﴿٢٤﴾ کاتژمێر لە یەك ڕۆژدا بە مەبەستی پێشوازی کردن لە ئاوارەکانی دەڤەری شنگال و کۆمەڵگەکانی ﴿دیرەبوون، باتێل، شاریا، باعەدرێ و لالش﴾.

١٠- هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی بۆ ڕەزامەندی لەسەر خۆبەخش کردنی دکتۆرەکانی دەرچووی نوێ، بۆ ئیش کردن لە دەزگاکانی تەندروستی تا کاتی دامەزراندن، لەلایەن ئەنجومەنی وەزارەتەوە و ناردنی دوو تیم بۆ چیای شنگال بەمەبەستی چارەسەری تەندروستی، هاوکات لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی بارزان هەماهەنگی کراوە بۆ دابین کردنی کەل و پەل و کادیری تەندروستی پێویست.

١١- سەردانی کەمپی ئاوارەکان لەگەڵ شاندی پەرلەمانی ئەڵمانی و بەریتانی بەتایبەتی کەمپی خانکێ.

١٢- سەردانی کردن و کۆبوونەوە لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگای دهۆك، بۆ هەماهەنگی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئاوارەکان.

پێشنیازی لیژنە بۆ چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکان لە پارێزگای دهۆك لە کاتی ئێستادا:

١- دابینکردنی تیمی تەندروستی گەڕۆك بە پێی پێویستی پێشمەرگە لەبەرەکانی جەنگدا بەتایبەتی لە میحوەری باشیك .

٢- هەلگرتن و کۆگاکردنی دەرمان لە هەر شوێنێك بە پێی ڕێنماییە تەندروستی یەکان لەبەرەکانی جەنگ و بنکەی کەمپی ئاوارەکان.

٣- دابین کردنی ﴿١٠﴾ ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن لە جیاتی ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە لە بەرەکانی جەنگدا بە جێماون.

٤- دابینکردنی بودجەیەکی تایبەت بۆ ئامادەکردنی خواردنی ڕۆژانە بۆ تیمەکانی بەهاناچوون و فریاکەوتن.

٥- دابین کردنی دەرمانی پێویست و کەل و پەلی پزیشکی و تیمەکانی فریاکەوتن و سەنتەرەکانی پزیشکی لەسەنتەری هەموو قەزاو ناحیەکانی پارێزگا بە شێوەیەکی خێرا، چونکە ئاوارەکان لە هەموو ناوچەیەك دابەشبوون، ئەنجامدانی کوتان (ڤاگسیندان) و دابینکردنی کەل و پەلی خۆپاراستن لە نەخۆشییەکان و بەهاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکان و بەتایبەتی یونیسێف.

٦- دامەزراندنی ﴿٥٠﴾ دکتۆر و ﴿١٥٠﴾ کادیری تەندروستی بە شێوەیەکی خێرا بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لە تەندروستی دهۆکدا هەیە.

٧- پەلەکردن لە دروست کردنی خیوەتگا گواستنەوەی نەخۆشییەکان لە نیوان  ئاوارەکان و بەتایبەتی منداڵەکان کە ئێستا لە حاڵەتی ناتەندروست دا دەژین بە شێوازێکی تەندروست بۆ ژمارەیەکی زۆری ئاوارەکان، چونکە دواکەوتنی دەبێتە ئەگەری دروستبوون و.

٨- داواکاری لە وڵاتانی دۆست بکرێ بۆ دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی مەیدانی لەکەمپەکاندا ئەوەی کە ئاسانکاری پزیشکی لێ هەیە وەك پشکنین و چارەسەری و نەشتەرگەری، داواکاری لە مانگی سووری عیراقی و خاچی سووری نێودەوڵەتی بکرێت پەلە بکات لە دابینکردنی کەل و پەلی تەندروستی بەرەکانی شەڕ بەتایبەتی لە نەخۆشخانەکان و فریاکەوتن.

٩- پەلەکردن لە دابینکردنی دەرمان و کەل و پەلی پزیشکی جۆراوجۆر، چونکە کۆگای ئێستای پارێزگای دهۆك بەشی زیاتر لە مانگێك ناکات.

١٠- داوابکرێت لە ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەایکۆلۆجتی بۆ پەلەکردن لە دابینکردنی تیمەکانی چارەسەری نەخۆشیەکانی دەروونی و مێشکی، چونکە سیای ئاوارەکان لە ئاستێکی زۆر خراپدایە.

١١- پێویستە بەڕێوەبەرایەتیەکان و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار بۆ چاودێریکردن و دڵنیابوون لە پاککردنی ئاوی خواردنەوە و دروست کردنی ئاودەست و ئاوەڕۆ بۆ فڕێدانی پاشەڕۆی مرۆیی و نامرۆیی لەناو کەمپی ئاوارەکاندا، چونکە حاڵەتی پیسبوون بە گشتی و پیسبوونی ئاوی خواردنەوە بەتایبەتی کارەساتێکی تەندروستی گەورە دروست دەکات، کە وا هەڕەشەیەکی گەورەیە لەسەرمان.

١٢- دابینکردنی ماکوته (ڤاکسیندان) له سەرچاوەی جیهانی باوەڕ پێکراو و دەستپێکردنی کوتانی جۆراوجۆر بۆ ئاوارەکان و بە تایبەتی منداڵەکان و ڕێگریکردن لە بلاّوبوونەوەی نەخۆشی، ئەمە میحوەری دهۆك بوو.

دووەم، پارێزگای هەولێر:

١- پێشمەرگە: (میحوەری خازر)

هێزی پێشمەرگە لەو میحوەرەدا لە ڕووی پێداویستی تەندروستی زۆر باش بوو.

٢-ئاوارەکان، کە ئاوارەکانی خەبات و عەنکاوە دەگرێتەوە: خەبات ئاوارەیەکی زۆری لێیە لە ڕووی پێداویستی تەندروستی، ڕۆژانە تیمی گەڕۆك هەیە، بەلاّم وەکو پێویست نییە بۆیە پێشنیار دەکەین تیمەکان زیاد بکرێن، ئاوارەکانی عەنکاوە بەگشتی بارودۆخیان ئێستا باشە بەهۆی ئەوەی بنکەی تەندروستی نزیکە لێیانەوە کێشەیان نییە، بەلاّم نزیکەی (١٧٠٠٠) حەڤدە هەزار ئاوارە پێویستیان بە دابین کردنی خزمەت گوزاری تەندروستی زیاتر و باشتر هەیە.

سێیەم، میحوەری(کەرکوك و موصل) میحوەرەکانی پێشمەرگە لە (دووز خورماتوو، گوێر، مەخمور، دوبز، کەرکووك) ئەو میحوەرانە بوون کە سەردانمان کردن، بەگشتی ئەو میحوەرانە لەرووی دابین کردنی دەرمان و پێداویستە تەندروستییەکانەوە باش نییە، بارەگای لیوای ﴿٧٠﴾ لە تەلوەرد، هیچ پێداویستی پزیشکی نییە، نە دەرمان، نە پێداویستی پزیشکی، نە دکتۆر، نە یاریدەدەری پزیشکی، نزیکترین بنکەی تەندروستی نیوسەعات دوورە لێیانەوە لەهەمان کاتدا نەخۆشخانەی دوزخورماتوو (١) سەعات دوورە لێیانەوە، سەیارەی فریاکەوتنی خێرا( ئیسعاف) دابین نەکراوە و هیچ فریا گوزاری سەرەتاییان لانەبوو.

- لیوای (١٦) بنکەی تەندروستی لێ نزیکە، بەلاّم پێداویستی بە فریاگوزاری سەرەتایی هەیە.

- بارەگای لیوای (٢) سکرتاریەتی کەرکووك بەرامبەر حەی صیناعە بە گشتی خراپ نەبوو، بەلاّم پێویستی بە فریاگوزاری سەرەتایی هەیە.

- دوبز، هیچ پێداویستی تەندروستیمان نەبینی تەنانەت سەرەتایەکانیش، لە ناو دوبزدا یەك بنکەی تەندروستی هەیە کەبەشی خەلکی ناوچەکەش ناکات.

- دوزخوورماتوو، لە سەنگەرەکانی هێزی بەرگری، فریاگوزاری سەرەتایی نییە و بنکەی تەندروستی (٣٠)دەقە دوورە لێیانەوە.

- گوێڕ، هیچ پێداویستی تەندروستی نییە.

- مەخموور: هیچ پێداویستێکی تەندروستی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ناوچەیە دووپشك و ماری زۆرە.

بە نیسبەت ئاوارەکانەوە لەناو مەخمور کەمپی ئاوارەکانی پەکەکە هەیە کە جاریکی تر ئاوارەبوونەوە، ژمارەیان نێزیکەی ﴿١٢٠٠٠﴾ کەسن لە بارێکی نالەباردان و بە وتەی خۆیان نە پێداویستی پزیشکیان بۆ دابین کراوەو نە بنکەی تەندروستی گەڕۆك سەردانیان دەکات.

لیژنەکەمان پێشنیاز دەکات بۆ ئەم ناوچانە:

١- لە هەموو بەرەکانی جەنگدا (خەتی یەکەم) پێویستە صندوقی فریاگوزاری سەرەتایی هەبێت و لە (خەتی دووەم)ی جەنگدا کە دەکەوێتە دوایانەوە، هەموو پێداویستییە تەندروستییەکان هەبێت کەپێك هاتبێت لە (پزیشك و کارمەندی تەندروستی، دەرمان بە پێی پێویستی پێشمەرگە، سەیارەی فریاکەوتنی خێرا ).

٢- پێویستە ئاوارەکان بنکەیەکی تەندروستی کاتیان بۆ دابین بکرێت لەبەر زۆری ژمارەیان و ڕۆژانە بنکەی تەندروستی گەڕۆك سەردانیان بکات.

٣- دابین کردنی چەند سەیاریەکی فریاکەوتنی خێرا (اسعاف)بە پێی پێویستی ئەو ناوچەیە.

میحوەری چوارەم ناوچەی گەرمیان بوو کە ئەو شوێنانەی کەبەسەرمان کردەوە (ئیدارەی گەرمیان +خانەقین+ میحوەری جەلەولا، نەخۆشخانەی گشتی کەلار) بوو.

١- پێشمەرگە لە (میحوەری جەلەولا)

لە هێڵی پێشەوەی بەرەکانی جەنگ هیچ فریاکەوتنی سەرەتایی نەبیندرا لە هێڵی دواوەی بەرەکانی جەنگ تەنها دوو سەیارەی فریاکەوتنی خێراو دوو کارمەندی تەندروستیمان بینی و پزیشکی لێنەبوو، لە هەمان کاتدا لەقەزای خانەقین تەنها سێ سەیارەی فریاکەوتنی خێرا هەیە، شایەنی باسە گرفتی گەورە هەیە لە رەوانەکردنی پێشمەرگەی بریندار کە بۆ نەخۆشخانەی گشتی کەلار دەگوازرێنەوە، بەڵام توانا و خزمەت گوزاریەکانی ئەو نەخۆشخانەیە سنوردارە، بۆیە هەندێکیان دووبارە رەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی دەکرێن کە ئەمەش کاتێکی زۆر دەخایەنێت و لەوانەیە مەترسی دروست بکات لە سەر ژیانیان.

٢- سەردانی گوندی ﴿مێخاس﴾مان کرد کە کاکەییەکان لێی نیشتەجێ بوون، لەرووی پێداویستی تەندروستی لە ئاستێکی باش دابوون.

٣- نزیکەی شەش هەزار ئاوارە لەسنووری قەزای خانەقین هەیە و بە شێوەیەکی بلاّو دابەش بوون بەسەر شار و گوندەکانی ئەو ناوچەیەدا، ئێمە توانیمان تەنها سەردانی ئاوارەکانی (صالّح ئاغا ) بکەین کە بە شێوەی کۆکراوە لەیەك شوێندا بوون و ئەمانە عەرب بوون و خەڵکی شارەبان بوون، هیچ جۆرە پێداویستیکیان بۆ دابین نەکرابوو تەنانەت لە رووی تەندروستییەوە.

دواتر سەردانی نەخۆشخانەی گشتی کەلارمان کرد، بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی گشتی کەلار و بەرێوەبەری گشتی نەخۆشخانەی گشتی و بەرێوەبەری دەزگای (تەندروستی پێشمەرگە)ی کەلارمان بینی، شایەنی باسە نەخۆشخانەی گشتی کەلار پاڵەپەستۆیەکی زۆری لەسەرە، بەهۆی ئەو بارودۆخەی شەڕەوە، لەبەر ئەوەی لە خاڵی بەرەکانی جەنگەوە نزیکە، ئاوارەیەکی زۆر و برینداریکی زۆر ڕووی تێدەکات، بۆیە پێشنیاز دەکەین بە:

١- دابین کردنی ڕێژەی زیاتری دەرمان بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکەیان تا کۆتایی هاتنی جەنگ بەتایبەتی لەو ناوچەیەدا، هەروەها دابین کردنی پێداویستیەکانی ژووری نەشتەرگەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، بۆ ئەوەی بریندارەکان پێویستیان بە گواستنەوە نەبێت بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی.

٢- دابین کردنی تیمی تەندروستی گەرۆك بۆ ناو ئاوارەكان رۆژانە بەردەوام و رێژەی تیمەكان بە پێی پێویستی ئاوارەكان دابندرێت .

٣- پێویستە ژمارەیەکی زیارتر لە سەیارەی فریاکەوتنی خێرا (اسعاف) دابین بکرێت بۆ ئەو ناوچەیە، و بەڕێوەبەرایەتیەکەیان کۆمەڵێك داواکاری بە پەلەیان ئاراستەی ئێمە کردووە، هاوپێچی دەکەین لەگەڵ ڕاپۆرتەکە، هەروەها هاوپێچ لەگەڵ راسپاردەکانی یەکەمی راپۆرتی پێشوومان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ سەرۆکایەتی لیژنەی تەندروستی سەرجەم ئەندامانی ئەم لیژنەیە بۆ راپۆرتەکەیان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان یاداشتێکمان بەدەست گەیشتووە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان ئیمزا کراوە نێزیکەی ﴿٤٢﴾ ئەندامی پەرلەمان ئیمزای کردووە، داوا دەکەن بە پێی ماددەی ﴿٩﴾ لە پێڕەوی ناوخۆ، هەردوو راپۆرتی لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ، هەروەها لیژنەی داراییشیان نووسیوە، بەڵام درەنگ گەیشتە دەستی ئێمە، بەڵام داوای ئەوە دەکەن کە راپۆرتەکانی لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و دارایی خوێندنەوەیان بە نهێنی بێت و گفتوگۆ کردن لەسەر کۆی راپۆرتەکانیش لە ناو هۆڵی پەرلەمان بە نهێنی بێت، بۆ ئەوەی راپۆرتەکان و گفتوگۆکان نەبنە سەرچاوەی زانیاری، کاك گۆران نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بکرێت تەرحەکە دوو جۆر بێت، راپۆرتەکە، هەموو ئەندامان لەبەر دەستیانە، کاتێك دەخوێندرێتەوە بۆ ئەوەیە بچێتە پرۆتۆکۆل، ئەگەر زەروورە راپۆرتەکە نهێنی بێت هەر پێویست دەکات راپۆرتەکە نەخوێندرێتەوە، چونکە لەبەر دەستماندایە و دواتریش ناچێتە پرۆتۆکۆل، بەڵام ئەگەر بۆ کۆی دانیشتنەکەش بێت و جەلسەکە نهێنی بێت پێم وایە ئەمە شتێکی دیکەیە، بە رای من زەروور نییە دانیشتنەکە نهێنی بێت، دەکرێت راپۆرتەکە نەخوێندرێتەوە لە بەر دەستی هەموو ئەندامان وجودی هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك فەرهاد فەرموو،

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح ﴿فەرهاد سەنگاوی﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان من پێم وایە پێویست ناکات نهێنی بێت، چونکە نهێنییەکان پێشتر لای دوژمن هەیە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان داوایان کردووە ئێمە بە پێی ماددەی ﴿٩﴾ لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەیخەینە دەنگدانەوە، داوای ئەوە کراوە کە خوێندنەوەی ئەم دوو راپۆرتە و گفتوگۆ کردن لەسەر کۆی راپۆرتەکان بکرێتە نهێنی، کێ لەگەڵدایە؟ ﴿٣٧﴾کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ ﴿٢٦﴾کەس لە گەڵدا نییە، کەواتە پەسەند کرا، سەیر ئەوەیە ﴿٤٢﴾ ئەندام پەرلەمان ئیمزای کردووە لەسەر یاداشتەکە، بەڵام ﴿٣٧﴾کەس دەنگی پێدا. باشە کەواتە پەسند کرا، ئێستا داوا لە ڕاگەیاندنی پەرلەمان دەکەین کە دانیشتنەکە بکەنە نهێنی.**

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، خولی گرێدانی دووەم، دانیشتنی ژمارە (٢)ی نائاسایی، ڕۆژی دانیشتن ٢٠١٤ /٨/٢٥، بەرنامەی کار: پشت بەستن بە حوکمی بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (٤٩)ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٢)ی نائاسایی ساڵی یەکەمی خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە، ڕێکەوتی ٢٠١٤/٨/٢٥ بەم شێوەیە بێت:

١- خوێندنەوەو گفتوگۆ کردنی ڕاپۆرتی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر دۆخی قەزای شەنگال و ناوچە کوردستانییە جێناکۆکەکان.

ئێستاش داوا لە بەڕێز شامۆ شێخۆ دەکەم بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکەی با بفەرموێت.

**بەڕێز شامۆ شیخۆ نعمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(پەیام و گازیەك ژ شنگالا ئەنفال کری بۆ پەرلەمانێ کوردستانێ)، گافا مروڤ تەماشای دیروکا تراجیدیا میللەتێ کورد دکە خۆیایە دناڤ ڤێ دیرۆکێ د کوردێن ئێزدی هەلگرێ جۆر و جەفانێ پتر ژ (٧٠) جینو ساید و فەرمانا نە، ئەو ئەنفالێن پێشی سەد سالا دهاتنە سەر ئێزدیا بتنێ، چونکە رەهەکا کەڤنارا میللەتێ کورد بوون و بیر و باوەرێ خوە ییێ ئۆلی نەدگوهارتن و ئاخا کوردستانێ چول نەدکرن، ڕاستە ل وی چاخی کوردستان لە دکرن گۆرستان نەمە گازی هەبوو نەمە هاوار هەبوو نەمە کوردستانەکا ئازاد هەبوو نەمە سەرۆکەکێ مینا بارزانی هەبوو نەمە پەرلەمان و حکومەت و پارتێن نەتەویی و کوردستانی هەبوون، لەوما داگیرکەرا ئەم نزیکی ڤرکرنێ کرن و کوردستان چار پارچە کرن و ئەم ئێزدی ژی دناڤدە بوونە چار پارچە و ئەڤرۆ ل کوردستانێ و جیهانێ ئێزدی ملیونەکێ تمام ناکن.

ئاشکرایە ل سەردەمێ شۆڕەشێن نەتەوەیی مە هنەکێ هەست ب هەبوونا خوە کر تایبەت ل شۆڕەشا ئەیلولا مەزن دەڤەرا ئێزدیا مینە هێلەکا ستراتیجی بگرە ژ چیایێ مقلوب هەتا ب چیایێ شنگال سنورێ پێنج قەزا (شێخان و تلکێف و سێمێل و زاخۆ و شنگال) ئەڤ ڕێزە گوندا ئێزدیا هەر و هەر دەرگەهـ و دامانێ شۆڕەشێ بوو، ئێزدیا ب نان و گیان و تالان ژبۆنا بزاڤا رزگاریخوازا کوردی قوربانی دان.

دیارە قەدەرا مە ئێزدیا جوگرافیەتا مە بۆیە ل سەرهلدانا ١٩٩١ بتنێ ئەم ئێزدی (١٠٪) ژ سەدێ رزگار بوون و (٩٠٪) ژ سەدێ ل سالا ٢٠٠٣ هاتنە رزگارکرن، دیسان ژبۆ دەستڤە ئانینا کێشێن نەتەویی و مەسیری مینا کەڤانەکێ ستراتیژی ل دەر دۆرێ پارێزگەها موسل دگەل پێکهاتێن دیترێن کوردستانێ مینا (برا مەسیحی و برا تورکمان و برا شەبەك و برا کاکەیی)یا کوردێن ئێزدی فلتەرو فاکتەرێن سەرەکی بوون ل هەمی هەڵویست و هەلبژارتنا ل سەر ئاستێ پارێزگەها موسل ژبۆ ب دەستڤە ئانینا ئەنجامێن باش ژبۆ هەڤپەیمانیا کوردستانی دناڤ ١١ ساڵێن دەرباز بوویدە ژ شۆڕەشا ماددا (١٤٠)، د ئازادیا کوردستانێ دا کار و خەباتا ئێزدیا دناڤ دەزگایێن ئیداری، سیاسی، جڤاکا مەدەنی دا دهاتە مەشاندن و ئەو دیرۆکا رەشا بەری

شۆڕەشێن نەتەویی مە ل بیر دئانین وەکو (عبرەت) بۆ ئاڤا کرنا جڤاکەکێ شارستانی و ب تایبەت ل دەڤەرا شنگالێ، خەلکێ مە ل ١١ سالێین دەرباس بوویی گەشبوونەك بەرچاڤ ژ هەمی کنارێن ژیانێ ڤە بخوەڤە دیتبوو، راگرتنا ئارامی و ئەمنیەتا دەڤەرا شنگالێ ئێك ژ ئەرکێن پێشمەرگەی بوون، پشتی هاتنا (داعش) و شارێ موسل کۆنترۆل کری هەمی دەڤەرێن گرێدایی ماددا (١٤٠) بوونە جیرانێ دەولەتا بناڤ اسلام(داعش) و هێزێن پێشمەرگەی لسەر ئەمرێ سەرۆك بارزانی و سەرکردایەتیا کوردستانێ سنور هەمی کۆنترۆل کرن، مەترسی کەتە ناڤ خەلکێ مە ب تایبەت و تێ بیرامن ل ئەڤێ هۆلا پەرلەمانی ئەو راپۆرتا لیژنا پێشمەرگەی پشتی گەڕیانەك سەرانسەری کری لناڤ هێزێن پێشمەرگەی دا دناڤ دان و ستاندن و دیتنێن گەلەك ڕێزدارێن پەرلەمانتار دهاتە گوتن دەڤەرا رۆژئاڤایێ دجلە و ب تایبەت شنگال پێویستی ب تەعزیز کرنا هێزێن پێشمەرگەیە ژبۆ پتر گرەنتی کرنا پاراستنا وی خەلکی، چونکە ئێزدی نە و بیر و باوەرێ وان جوودانە و ئەگەر دەستێ داعشا دڕندە بگەهە وان وێ کارەسات پەیدا بن ئەڤە بوو خواندنا پەرلەمانێ کوردستانێ بەری روودانا ڤێ کارەساتێ، ئەز وەکو پەرلەمانتار و نوینەرێ ئێزدیا ل پەرلەمانێ کوردستانێ و شاندەکێ بنگەهێ لالش تەنیا (٢٤) سەعات پێشی ڤان روودانا مە سەرەدانا دەڤەرا شنگال کر و هەمی سوپا و فەرماندێ پێشمەرگەهێ کوردستانێ مە دیتن و ژنێزیکڤە هایداری رەوشا وان بوون هەمیان ژی ئەم پشت راست کرن وێ فیدا کاربن ژبۆ پاراستنا خەلکێ شنگالێ، هەر وان دگوت خەلکێ شنگالێ هەژی هندێ نە ئەم خوە قوربانی وان بکن، چونکە هەمی دگەل مە پێشمەرگەنە و خوەراگرن، لێ سەد مخابن گاڤا ل رۆژا (٨/٣) داعشا کافر هێرش کریە سەر هەمی دەڤەرێن دەشتا موسل و رۆژئاڤایێ دجلە هێزێن پێشمەرگە پاشڤە هاتن، شنگال هەڤسنورە دگەل عەرەبان ژ هەر چار ئالیانڤە، ئانکو بەر وەخت یا گەفلێکریە ل حالەتێ گهورینا تەرازویا هێزێ و ئەوبوو یا روودایی، هەلوەشانا (زمار) یا نزیك سنورێ پارێزگەها دهوکێ و گەڤا پەڤاندنا پرا (سحیلا) ژ ئالیێ داعش ڤە کاریگەریەکە یەکجار مەزن هەبوو لسەر ورەیا وێ هێزا تەکلیف کری ب پاراستنا شنگالێ ژبلی کو هەڤالبەندی و پشتەڤانیا عەرەبێن دەڤەرێ ژبۆ داعش، دیسان دان و ستاندن دگەل هەبوونا داعش نە د جهێ خوەدە بوو دان و ستاندن لسەر وی بنەمایی بوو کو داعش گرووپەکا دز و رێگرایە و ژمارەیەك کێمە و بێ سەروبەرن ژ ئالیێ چەکانڤە، لێ یاروودایی خۆیاکر کو دەولەتەکا خودان چەکێن گران و رێکخستی یە و ئەو یەك بوو ئەگەرێ هەلوەشینا هێلێن لاوازێن بەرگیریا مە، خەلکێ دەشتا موسل خوە خلاسکرن، لێ مخابن ژبەر دووریا دەڤەرا شنگالێ ژ دهوکێ ب درێژیا (٢٠٠کم) و جوگرافیا وان یا بان کری ب گوندێن عەرەبان بوو ئەگەرێ هندێ شنگال ببە نێچیرا داعش پشتی هندەك ژ وان کەسانێن ڤیادا پێشمەرگەی دکرن ل ئاستێ بەرپرسیارەتیێ و دیرۆکا خوەراگرا پێشمەرگەی ب ئەرکێ خوە رانەبوون، ئەو بوو یا ب سەرێ خەلکێ مە هاتی و تنێ (٣٠٪) ژ سەدێ هەر زوو کارین گیانێ خوە قورتال بکن و گەهشتنە دەڤەرا دهوکێ، لێ (٧٠٪) ژ خێزانێن دەڤەرا شنگالێ د چیادە ئاسێ مان...

بەڕێز سەرۆکی پەڕلەمان

وەك يا ئاشكرا يە چيرۆك و سەرهاتييێن تراجيدى و تاوانێن دژى خەلكێ مە هاتين ئەنجامدان دزۆرن و دەم تێرا هندێ ناكە بينم زمان، ئەنجامێ ئەنفال كرنا خەلكێ مە ل بەر دەست نينە نەهژمارا كوشتنا بكۆم و نە ئێخسير كرنا بكۆم و كرێت كرنا ناموسا كوردا و نەژى هژمارا مرنا بكۆم و تالان كرنا مال و ممتلكاتێ هەمى خەلكێ شنگالێ بگشتى، پشتى تەئمين كرنا رێكێ ژ ئاليێ پێشمەرگەڤە ب هەماهەنگى دگەل رۆژئاڤا ئەو خەلكێ مرن ب چاڤێ خوە ديتى تنێ گيانێ خوە قورتال كرى تێ هەنە نزيكى (٣٥٠) هزار كەس بوونە مێهڤانێ دهۆك و بەهدينان و بارەكێ گران كەتە سەر ملێ حكومەتا هەرێمێ، چونكە هەمى دەڤەرێن ماددا (١٤٠) يێن دەشتا موسل و رۆژئاڤا دجلە قەستا دهوكێ كرن و هەژمارا وان (٧٠٠) هزار دەربەدەر و نزيكى هژمارا خەلكێ دهۆكێ لێ هات، سوپاس دار و منەتكارێ جەماوەرێ شەرەف مەندێ دەڤەرا دهوكێ لسەر ئاستێ هەمى قەزا و ناحيە و وەحدێن ئيدارى برايێن مە كوردێن بوسلمان بگرە ژ كەسايەتييێن ئۆلى و يێن جڤاكى و يێن بازرگانى و يێن خێر خواز تەبايى دگەل دام و دەزگەهێن حكومى و هندەك ژ لايەنێن سياسى و كوردستانى ب واجب رابوون ڤى خەلكێ پەريشان خودان دكەن جهێ سەرفرازيا مە بوو هاريكاريێن پەرلەمانى كوردستانێ ژى گەهشتنە ناڤ وى خەلكێ لێ قەومييايى، كارەساتا شنگالێ بوو دەرگەهێ هاوار هاتنا جيهانێ بۆ كوردستانێ، لسەر پەياما سەرۆك بارزانى ئەمريكا و (un) و جڤاتا ئێمناهيا نێڤدەولەتى و ئۆروپا و وەلاتێن ديتر ژبۆ پشتەڤانى كرنا كوردستانێ ژ ڤێ هێرشا دژوار، دلنيا بوونەك ديرۆكى بوو ژبۆ خەلكێ كوردستانێ بگشتى و مە ئێزديان ب تايبەتى و هەمى پێكهاتێن ديتر ژبۆ ژناڤ برنا ئەڤى دوژمنێ دژوارێ دژى هەمى ئاين و مروڤاتيێ رەفتار دكە، ديار بوو كوردستانێ دوستێن تەنگاڤيا هەنە و نەما ئێدى خەونێن دوژمنا بجى وەرن، راست داعش لژێر كراسەكێ ئاينى ئەنفالكرنا شنگالێ حەلال كر و وان عەرەبێن هەڤالينيا داعش كرين هەمى كەرب و كينا خوە رژاندنە سەر خەلكێ شنگالێ، بارا پتر ژبەر وێ يەكێ بوو، چونكە شنگالێ بەرەڤانى ژ كوردينيا خوە دكر، ئەگەر هندەك هەبن داخازا (هجرا جەماعى) دكەن ژخەلكێ مە براستى دەربرينە ژوێ زولم و زۆرداريا ل وان هاتيە كرن، راستە هندەك كەسان ژ تەخا گەنجان بەرى روودانا ژى قەست كرنە ئەوروپا، ئەڤ كارەساتە وێ ببە ئەگەرێ پەنابرنا خەلكەكێ ديتر بوو دەرڤە، لێ نە مومكينە شنگالێ چۆل بهێلن ئەگەر پاراستنەك نێڤ دەولەتى هەبت، چونكە د درێژايا ديرۆكێ دە ئەڤ يەك نەكرنە و ناكن، چونكە هەر ميللەتەكى بێ عەرد ما هندابوون چارەنڤێسێ وى ميللەتييە.

بەرێز سەرۆكى پەرلەمانى...

پەياما مە ب رێكا جەنابێ وە ژبۆ سەرۆكاتيا پەرلەمانێ كوردستانێ و، سەرۆكاتيا هەرێما كوردستانێ و، سەرۆكاتيا حكومەتا كوردستانێ ئەوە دژوارترين ئەنفال د ديرۆكا ئێزديا دە لڤى سەردەمێ دونيا پێش كەتى و هەبوونا كوردستانەكا ئازاد ب سەرێ مە هات، زيان و زەرەرەكا مەزن گەهشتە خەلكێ مە، جارا ئێكێ يە د ديرۆكێ د شنگال بهێتە چۆل كرن، ئەڤ زۆردارييە بوو، ئەگەرێ هندێ نە خەلكێ مە باوەرى بخوە مايە و نە ب دەردۆرێ خوە مايە، برينێت خەلكێ مە دكوور و دژوارن، لەوما دبێژم دەرمان كرن و

ساخکرنا ڤان برینا نه کارەکێ ئاسانە، یافەرە بلەز شنگال ئازاد ببە و گرەنتی کرنا ئەمنیەتا دەڤەرا وان بیهێتە کرن و خەلکێ مە پشت راست ببە ژ پاشەرۆژا خوە، چونکە نە ئاسانە خەلکێ شنگالێ ئاخا شنگالێ بێ خۆدان بهێلن.

دخوازم هندەك خالێن جەوهەری و فەر ژ بۆ گرەنتی کرنا ژیارا خەلکێ مە ل شنگالێ و هەمی دەڤەرێت هەڤ سنور دگەل موسل بدەمە دیارکرن:

١- پشتەڤانی کرن ل بڕیارا سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ کو لیژنەیەك هاتیە پێك ئینان بۆ ڤەکولینێ ل سەر ڤێ کارەساتێ و دەست نیشان کرنا کەسێن کەمتەرخەم و سزادانا وان کەسان ل گۆرەیی یاسایێ.

٢- گاڤەکە پیرۆزە پەرلەمان ب هەما هەنگی دگەل حکومەتا هەرێمێ هەولێ دایە ب رێکا لیژنێن پەیوەندیدار تێرا هژمارتنا کارەساتا شنگالێ وەك تاوانەکا ڤرکرنێ (جینۆ ساید) بەلگەو دکیۆمێنتا کۆم بکەت، هیڤیدارین کارەکێ خۆرت ل سەر بێتە کرن.

٣- لەزکرن ل سەر دروست کرنا جهێن ژ هەژی ژبۆ دەربەدەران، هەروەسا دابین کرنا هەمی پێتڤی یێن ژیارا وان و گەهاندنا هاریکارییێن ماددی یێن وەزارەتا کۆچ و کۆچبەران و هاریکارییێن حکومەتا هەرێمێ ژبۆ وان دگەل دابینکرنا کوژمەکی پارا یێ هەیڤانە بۆ هەر خێزانەکێ هەتا جێگیر بوونا رەوشا وان دەڤەرا و ڤەگەریانا خەلکێ وێ.

٤- گەهاندنا مەوادێن پلێتا ئاهێن خوارنێ (البطاقة التموينية) ژبۆ هەر خێزانەکێ هەیڤانە ب رێکا وەکیلێن وان.

٥- سەرەدەری کرن و دان و ستاندن ل سەر خوە و حەکیمانە دگەل رەوشا دەروونیا تێکچۆیا دەربەدەرا و کارێ بەردەوام و بێ راوەستیان ب هەموو رێکا ژبۆ ڤەگەریانا باوەریا دەربەدرا ب خوە و دەردۆرێ خوە.

٦- راکرنا هەمی گوند و شارۆچکەیێن عەرەب نشین ل دەڤەرێن کوردی یێن رۆژئاڤایێ دجلە ب تایبەت ئەوێن ل شنگال و رێکا (ربیعە – دهۆك)، چونکە پرانیا ڤان عەرەبان دگەل داعش شنگال ئەنفال کرن و ب زەحمەتە ئێدی خەلکێ شنگالێ و عەرەب پێکڤە بژین، هەروەسا دەست نیشان کرنا وان کەسێن هاریکار دگەل داعش ژبۆ سزادانا وان ب توندی بێی کو ئەو حالەت بهێتە تەعمیم کرن ل سەر ئاستێ هۆزا یان بابکا و هەولدان ژبۆ مکوم کرنا باوەریێ دناڤبەرا کوردێن ئێزدی و یێن بوسلمانێن سونە مەزهەب ئەوێن کو دەست پاك ل شنگالێ.

٧- هەر ب زوویی هزرا ئاڤاکرنا ئیدارەکا سەربخوە بۆ شنگالێ بێ کرن و ئێکسەر گرێدایی جڤاتا وەزیران بە و دامەزراندنا دەزگایەکی تایبەت ب ئەنفالا شنگالێ ژبۆ کارکرن لسەر وان هەمی ئەنجامێن تراجیدی یێن کو ڤێ کارەساتێ ل پێ خوە هێلاین و دئایندەدە وێ خۆیا ببن و چاوانیا قەرەبووکرنا زیان و زەرەرا گیان و مال و ممتلکاتێ خەلکێ.

٨- بزاڤا دابین كرنا هێزەكا پاراستنا ناڤ دەولەتی بۆ پێكهاتێن كوردستانێ بگشتی بهێتە كرن دگەل بنگەهێن سەربازی یێن ئەمریكی نە ژبۆ پاراستنا سنورێ شنگالێ ب تنێ بەلكو ژبۆ پاراستنا هەموو پێكهاتێین كوردستانێ ژبەر كو گەفێن بەردەوام ل سەر جوگرافیەتا وان هەنە ئەگەر داعش ما یان نەما.

٩- پێكئینانا هێزێن لەشكەری یێن چەكدار و رێكخستی ب هەموو چەكێن گران ژبۆ پشكداریێ د بەرگری كرنا دەڤەرێ دا و دڤیا ئەو هێز ژ خەلكێ دەڤەرێ بن.

١٠- دەستپێكرنا هەوەكا بەرفرەها راگەهاندنێ ژبۆ خۆیا كرنا راستیان و شەرمەزار كرن و تاوانبار كرنا داعش و كارێن وان یێن هۆڤانە و داخواز كرن ژ هەموو وەلات و رێكخراوان ژبۆ برینا هەر هاریكاریەكا ژ سەروان ژمارتنا كارێن وان وەك تاوانێن دژی مرۆڤایەتیێ.

١١- قۆناخا ئەڤرۆ یا نازكا كوردستان تێدە و كارەساتا ب سەرێ كوردێن ئێزدی هاتی پێویستی ب تفاق و تەبایا ناڤ مالا كوردی هەی، ئەز دخوازم پەرلەمان ببە دەرگەهێ بەردەوام یێ مكوم كرنا یەك رێزیا لایەنێن سیاسی و كوردستانی، ململانێ و بازارێن سیاسی و بەروڤاژی كرنا راستیا رووداناا ئێكجار خزمەتا هەمبێزكرن و دەرمان كرنا برینێ كورێ ل كوكا كوردێن ئێزدی پەیدا بوویێ ناكەن و هیچ بەرژەوەندیەكا نەتەوەیی ژی تێدا نینە.

ل داویێ ژی هیڤی دكم بزاڤێن ب هێز بهێنە كرن ژبۆ رزگاركرنا وان خێزانێت ددەستێ داعش دە ئێخسیر ماین، و بەژنا خوە دچەمێنم ژبۆ گیانێ پاكێ وان بێ گونەهـ و عەزیزێن مە یێن ب دەستێ ڤان كافرا شەهید بوین و بوینە قوربانێ ئاخ و ئۆل و نەتەوا خوە و هەمی شەهیدێن بزاڤا رزگاریخوازا كوردستانێ، خودێ هاریكارێ هەمی لایەكێ بت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز شێخ شامۆ، بەڕێزان ئێستا داوا لە سەرۆكایەتی لیژنە پەیوەندیدارەكان دەكەین كە بێنە سەر مەنەسە بۆ خوێندنەوەی راسپاردەكان، كاك ابوبكر هەڵەدنی فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر(ابوبكر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاسی بەڕێز شێخ شامۆ دەكەم، بەڵام دوو سەرنجم هەیە بەكارهێنانی وشەی ئەنفال بەراستی بەكارهێنانێكی نا تەندروستە ئەوە چەمكی حیزبی بەعسە بەراستی ئەمە ناوی جینو سایدی لێ دەنێی یان ناوێكی تری لێ دەنێی، بەڵام ئەو بەكارهێنانە پێموایە لە میدیایی كوردیشدا بەراستی بەكارهێنانێكی نا تەندروستە، دووەم حەق بوو بەراستی لەو راپۆرتەدا ئەو بەڕێزە وەكو نوێنەری ئێزدیەكان، یەعنی دەبوایە ژمارەی قوربانیەكانی بە ئێمە بگۆترابایە، چونكە تاكو ئێستا ئێمە ئەو ژمارە دەقیقەمان لا نییە هەندێك لەوانەی كە بەدیل گیراون هەم لەوانەی كە بوونەتە قوربانی لە ناو ئەوانەدا بۆ ئەوەی بزانین لەراستیدا حەجمەكە بە حەقیقی چەندە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دەمەوێت بەس تەنها لەوە ئاگادارتان بکەمەوە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سێ پڕۆژە بڕیار لەبەر دەستی ئێمەدایە ئێستا وەکو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ بە جینوساید ناساندنی ئەو تاوانانەی دژ بە ئێزدیەکان لە شنگال و مەسیحیەکان لە سەهلی نەینەوا ئەنجامدراوە، بە هەمان شێوە دوای پەسەندکردنی راسپاردەکانی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە دۆخی شنگال و ناو چە کوردستانییە جێی ناکوکەکان، ئێوە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەتوانن هەر یەکێك لەو راسپاردانە بەگرنگی دەزانن لەلایەن پەرلەمانەوە وەکو بڕیار دەربکرێ، پڕۆژە بڕیارێکی بۆ پێشکەش بکەن بەماوەیەکی زوو  بۆ ئەوەی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە وەکو بڕیار دەربچێت هەر وەکو چۆن بڕیاری تایبەت بە پێشمەرگە و بڕیاری تایبەت بە هێزەکانی ناوخۆ دەرچوون و چوونەتە بواری جێ بەجێکردنەوە، کاك علی نوقتەی نیزامیت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر راسپاردەکان ئیمکانی جێ بەجێ بوونیان هەیە راستەوخۆ دوو رۆژی تر سێ رۆژی تر دەیکەینە پرۆژەو ببێتە بڕیار، ئەگەر ئیمکانی جێ بەجێ بوونیشی نەبێت هەر پێویست ناکات راسپاردەش دەربکەین، لەگەڵ وەزارەتە مەعنیەکاندا قسە دەکەین بەیانی بزانین کامیان دەتوانن جێ بەجێ بکەن و کامیان ناتوانن، بۆیە بەڕەئیی من و زۆربەی برادەرانیش کەپێشتر گفتو گۆمان کردووە دەرکردنی راسپاردە ئەگەر بتوانین بڕیار دەربکەین بڕیارەکە باشترە ئەگەر جێ بەجێش ناکرێت بڕیارەکە، راسپاردەکە هەر جێ بەجێ ناکرێت ئیتر چ پێویست دەکات راسپاردە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

راسپاردەش دەتوانرێت جێ بەجێ بکرێت، لایەنی پەیوەندیدار دەتوانێت جێ بەجێی بکات، ئێستا یەکێك لەو راسپاردانە پەیوەندیدارە بەسەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ ئەوەی لیژنەیەکی تەحقیقی دروست بکەین هەر سبەینێ لەگەڵ سەرۆکایەتی حکومەت قسە دەکەین بۆ ئەوەی ئەو لیژنە تەحقیقییە دروست بکەین، بەڵام هەر راسپاردەیەکیش کە ئێوە پێتان باشبێت دەبێت لەگەڵ لایەنی مەعنی بە تایبەتی ئەو راسپاردانەی پەیوەندیدارە بە شئونی مالی دەبێت لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەت قسە بکرێت و ئەگەر توانای جێ بەجێ کردنی هەبوو بەزووترین کات دەتوانرێ بکرێت بە بڕیار و لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەربچێت، ئێستا داوایان لێ دەکەین کە راسپاردەکانی دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستان بخوێننەوە،

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەئەنجامی تاوانەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و ئاوارە بوونی خەڵکی سڤیل، چەندین دامو دەزگای گشتی تایبەتی بەهاناوە چوون و هاوکاری و هەماهەنگی ئەو خەڵکە لێ قەوماوانەیان کردووە بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە هەوڵ و هاوکاریان بەرز دەنرخێنین و سوپاسی هەموو لایەکیان دەکەین بەتایبەتی ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی، ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان، ولاَتانی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، ولاَتە کومەك بەخشەکان، هەروەها هاوولاَتیان و حکومەت و ڕێکخراوە مەدەنییەکان و هەرێمی کوردستان کە بەرپرسانە باوەشیان بۆ ئاوارەکانی سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان کردەوە و کۆمەکیان کۆکردۆتەوە، جێگەی ڕێز و دەستخۆشین، هەروەها سوپاسی خۆراگری ئاوارەکانی چیای شنگال بەتایبەتی سەرجەم ئاوارەکان دەکەین کە بەرگەی ئەو هەموو نەهامەتیەیان گرتووە، سوپاسی بەرگری هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی ناوخۆ و هێزە کوردستانییەکان دەکەین کە جوامێرانە بەرگیریان لە خاکی نیشتمان و کوردستان کردووە، ڕاسپاردەی لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی و لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەتان،

١- بڕیاری جینۆ سایدی شنگال لە پەرلەمانی کوردستان دەربکرێت لەو بڕیارەدا چەند ئیلتیزامێکی پێویست بەو تاوانە لەسەر پەرلەمان و حکومەتی ئیتیحادی دیاری بکرێت.

٢- دۆخێکی تایبەت بە هاوکاری مرۆیی دا بمەزرێت، لەبودجەی گشتی ساڵانە گۆژمەیەکی بۆ دیاری بکرێت و هەر کۆمەك و هاوکارییەکی لە دەرەوە و ناوەوە دێت بخرێتە ناو ئەو سندووقە تەنها بۆ ڕووداوی ئاوارەبوون و کارەساتەکان خەرج بکرێت.

٣- داوا بکرێت عێراق ببێت بە ئەندام لە دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی.

٤- مامۆستایانی ئاینی کوردستان هەڵمەتێکی بەرفراوان و بەردەوام بکەن کە ئەو تاوانانەی داعش لە بنەماکانی ئاینی ئیسلام و خەڵکی کوردستان بە دوورە و هەموو لایەك هان بدەن دژی توندوتیژی بەتایبەتی دژی ئەو تاوانانەی کە بە ناوی ئیسلامەوە کاری تیرۆریستی ئەنجام دەدەن.

٥- هەموو ڕێوشوێنێکی یاسایی لەئاستی ناو خۆیی و نێو دەوڵەتی بگیرێتەبەر بۆ دۆزینەوە و هێنانەوەی ئەو ژنانەی لەلایەن گرووپی تیروریستی داعش دەست بەسەر کراون و فرۆشراون.

٦- دامزراوەیەك دروست بکرێت لە لیژنەی پەیوەندیداری پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ بە دوادا چوون و چاودێری کردنی ڕەوشی ئەو ژنانەی قوربانی دەستی جەنگن بەتایبەتی قوربانیانی دەستی داعش، بەتایبەتی ونبووە کان و بێ سەر پەرشتیاران و ئەوانەی دەست درێژی سێکسیان کراوەتە سەر.

٧- دابین کردنی شوێنێکی تایبەتمەند بۆ ژنانی بێ سەر پەرشتیار و ئەوانەی دوورخراونەتەوە لە کەس و کاریان بۆ ئەوەی لە ڕووی تەندروستی و دەروونی و جەستەییەوە چاودێری و چارەسەر بکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ راسپاردەکانی لیژنەکانی مافەکانی مرۆڤ و لیژنەی کۆمەڵگەی مەدەنی و لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتانە؟، کێ لەگەڵیەتی با دەستی خۆی بەرزبکاتەوە؟، (٦٨) کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟، کەس نییە لەگەڵی نەبێت کەواتە پەسەندکرا، لیژنەی مافی مرۆڤ فەرموون.

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راسپاردەکانی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ، لەراستیدا زۆر لە بۆچوونی پەرلەمانتارانی بەڕێز بەشێکی تیکرار بۆ و بەشێکیشی لە راپۆرتی لیژنە جیاوازەکان هاتووە، بۆیە راسپاردەکانمان پوخت کردۆتەوە،

١- یەکەم دروستکردنی (١٥) کەمپ لەشارەکانی هەولێر، دهۆك، سلێمانی، کەرکووك، و گەڕانەوەی ئاوارەی ئەو ناوچانەی کە لەرووی سەربازییەوە شوێنەکانیان ئازاد دەکرێت.

٢- تومارکردنی ناوی سەرجەم ئاوارەکان بەیەك شێواز لە سەرجەم کوردستان و چارەسەر کردنی خوێندنی قوتابیانی ئاوارە بکرێت.

٣- دۆکیۆمێنت کردنی سەرجەم ئەو تاوانانەی کە لە دوای داگیرکردنی شاری موسڵ و شنگال لەلایەن داعشەوە بەرامبەر ئێزدی و مەسیحی و سەرجەم پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان ئەنجامدراون و یەکخستنی سەرجەم هەوڵەکان لەو بارەیەوە.

لێرە پرسیارێك لە سەرۆکایەتی بەڕێزی پەرلەمان دەکەم، ئێمە لە راپۆرتەکەماندا ئەو پێشنیارەی کاك دکتۆر (فرست) کە بۆ پێکهێنانی لیژنەیەك لەپەرلەمان ئەم دوکیۆمێنت کردنە بەشێکی دەکەوێتەوە سەر پەرلەمان و ئەو هەوڵە یەك بخرێت لەو بارەیەوە لەگەڵ حکومەت ئەوە بۆ ڕای بەڕێزتان بەجێ دەهێڵم کە ئایا لیژنەکە لێرە بڕیاری لێ دە درێت و ئەو راسپاردانە جێ بەجێ دەکرێتەوە، چونکە ئەو راسپاردانە بۆ دەرەوەی پەرلەمانە، بۆ حکومەتە ئەوەی کە پەیوەندە بە دوکیومێنت کردنەوەکە دەکەوێتە سەر پەرلەمان، ئۆمێد دەکەم هەر لێرە...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێمان باشە ئەوەش هەر لە زمنی ڕاپۆرتەکان بێت بۆ ئەوەی بەزوویی بتوانین ئیش لەسەر ئەوە بکەین و ئێمە لە سبەینێەوە لەگەڵ حکومەت هەماهەنگی دەکەین بۆ دروستکردنی لیژنەکە،

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

٤- داوا لە حکومەتی عێراقی بکرێت بۆدجەی ئەو پارێزگایانەی کە خەڵکەکەی ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون بۆ پێداویستی ئاوارەکان سەرف بکرێت.

٥- ڕێکخراوێکی تایبەت بۆ هاوکاری مرۆیی بەناوی (مانگی سووری کوردستان) دروست بکرێت کە ئەرکی کاروباری ئاوارە و ئیدارەدانیان و هاوکاری کردنیان لە ئەستۆ بگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاک ئومێد نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن(ئومێد خۆشناو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی پێشتر کە هەمووی بەیەکەوە درا دەنگدان هەق نییە وابێتن، چونکە ئەگەر سەیر بکەین لەوەی مافی مرۆڤ، لەوانیە هندەك خاڵ هەبێتن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لە گەڵ خاڵەکەدا نەبن، بۆ نموونە خاڵی یەکەمی لیژنەی مافی مرۆڤ ناتوانێت ئەو ئیلتیزاماتی مالیە، یەك، دوو بەدیاری کراوی (١٥) کەمپ ئەگەر ئەمە زیاترمان دەوێت یان کەمترمان دەوێتن بەو دیاری کراوییە دەکرێت نەسەکە وابێتن پێویستە یان هەوڵ بدرێت بۆ دروست کردنی کەمپ (عەدەدەکەی) دیاری نەکرێت، دوو ئەوە ئیلتیزاماتی مالیە هەندێك واجیبات دەکەوێتە سەر حکومەتی عێراقی، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی دێن هاوکار دەبن، بۆیە دیاری کردنەکەی بە (١٥) و بە تەحدیدی دەکرێت دەستکارییەکی بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس بەڕێز کاك ئومێد، بەڵێ دکتۆر فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان باسی خەتورەتی ئەوەیان کرد کە لەراپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ هاتبوو مەسەلەی ئاوارەکانی کەرکووك، بۆیە وا باشترە یەکێك لە راسپاردەکان ئەوە بێت کە ئەم مەسەلەیە بە گرینگ وەربگرین و بەراستی زۆریش مەترسیدارە من تەسەور دەکەم زیاتر لە دە ئەندامی پەرلەمان باسی ئەو خاڵەیان کرد (٣٦٠) هەزار ئاوارە (٣٠٠) هەزاری عەرەبە لە کەرکووکە، دەبێت هەڵوێستەیەکی لەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بەوەی کە کاك ئومێد باسی کرد، بۆیە ئێستا ئێمە بڕیار نا دەین لە پەرلەمانی کوردستان، چونکە بڕیار دەبێت یەك بەیەك بخرێتە تەسویتەوە و سیفەی ئیلزامی هەیە و پێویست دەکات ئەوە بزانرێت کە ئایا دەتوانرێت جێ بە جێ بکرێت بە پێی پەیرەوی ناوخۆش هەر بڕیارێك لە پەرلەمانی کوردستان دەدرێت دەبێت پێش ئەوەی داوای بکرێت بەتایبەتی ئەو شتانەی کە ئیلتیزاماتی مالی هەیە پێویست دەکات ئەوە دیاری بکرێت ئەو ئیلتیزامە مالیە لە کوێ دەهێنرێت؟، بۆیە ئەوە دەهێڵینەوە بۆ وتو وێژی

زیاتر كه بڕیار له پەرلەمانی كوردستان دەربكرێت، و دیسانەوە پێویستمان بەوە هەیە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكانیش قسە بكەین، بەڵێ كاك سۆران فەرمو.

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە رەخنەكەی كاك (ئومێد خۆشناو) راستە، بەلأم بینا لەسەر چی ئێمە (١٥)مان دانا بۆ ئەوەی بەرچاو روون بین ئێستا نەتەوە یەكگرتووەكان لەو (٨٨,٣) ملیۆن دۆلارەی سعودیە بڕیاری (١٢) كەمپی داوە (٦) لە دهۆك، (٣) لە هەولێر، (٣) لە سلێمانی كەركوك ماوە كە (٣) كەمپی بخەیتە سەر دەبێت بە (١٥) بینامان لەسەر ئەوە كردووە، ئەگەر نا هەر كەمپێك لەم كەمپانەش كە نەتەوە یەكگرتووەكان راگەیاندووە (٨٥) هەزار كەس دەگرێت ئێستا لەگەڵ حكومەت لە هەوڵی دیاری كردنی شوێنەكانن، بۆیە دەكرێت ئەمە كە وتوومانە هەولێر و دهوك و سلێمانی و كەركوك زامنی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ هەرسێ پارێزگاكە جگە لە كەركووك هەیە، چونكە هەر كەمپێك حكومەتی هەرێم دەڵێت (٣) ملیۆن دۆلاری تێدەچێت، حكومەت ناتوانێت بیكات، ئەوە لە سەر ئەو ئەساسە دامان ناوە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، خاتوون امنە فەرمو.

**بەڕێز امنة زكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ژی هەمان تێبینیا هەی بۆ نموونە ئەم دێ بێژین ئەو تەقسیم بەندیا كو كاك (سۆران) ژێ دبێژیت یا دەقیق نینە، چونكە بەڕێز پارێزگارێ دهۆكێ ئاماژە دا هندێ (١١) كەمپ دێ ل دهوكێ هێنە ڤەكرن، ئەڤ (١١) كەمپە مادەم هاتە ئیعلان كرن هەم حكومەت دێ دانیت هەم ژی ب هاریكاریا رێكخراوێت نێڤ دەولەتی، ژبەر هندێ ئەز دبێژم ئەڤ ژمارە یا دەقیق نینە، یەعنی نە (٦) كەمپ دێ ل پارێزگەها دهوكێ هێنە دانان ژبەر هندێ ژی ئەو ژمارە یا دەست نیشان كری نەبیت باشترە، چونكە بڕیارا (١١) كەمپا نووكە یا ل پارێزگەها دهۆكێ هەی، بلا ل گۆڕ پێتڤیێ بیتن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دروستكردنی كەمپ بۆ ئاوارەكان بە پێی پێویست، با وابێت، بەڵێ، خاتوون مریم فەرموو.

**بەڕێز مریم صمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پرسیارەکەم نازانم ئاڕاستەی کام لیژنە بکەم؟ دیارە هیچ ئامارێك و داتایەكی دەقیق نییە هەم لە ڕێژەی ئاوارەکان، هەم لە قوربانییەکان، هەم لە زۆربەی ئەو ڕووداوانە، بۆیە پێشنیار ئەکەم یان لیژنەی مافی مرۆڤ، یان لیژنەیەكی تایبەت کە دروست ئەکرێ، ڕابسپێدرێت ڕیژەیەكی دەقیق بێنێ بۆ ئەوەی....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەكە ڕائەسپێردرێ دوایی، فەرموو كاك ڕابوون.

**بەڕێز ڕابوون توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێنشیار ئەکەم دەرگا بۆ گفتوگۆ نەکەنەوە، بەس مادام بابەتەکان ڕاسپاردەن، کەواتە جۆرێك مرونەتی تێدایە، ئەگەرنا هەر بۆ نموونە لە ڕاپۆرتی لیژنەکەی پێشوو وشەی جینۆسایدی شنگال هاتبوو کە لە ڕووی قانونییەوە موستەلەحی دەقیق نییە، ئەبوایە بوترێ ئێزێدی بۆ نموونە، جینۆسایدی برا ئێزیدیەکان، بەلاّم با دیسان دەرگای وتووێژ نەکەینەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو پەروا.

**بەڕێز پەروا علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دروست کردنی کەمپ، بە بڕوای من کە ئەڵێی کەمپ ئەبێ لەسەر ئەساسی ستانداردی جیهانی بێ، بۆیە ئەوە زەمەنێکی زۆری ئەوێ بۆ دروست کردن، لەگەڵیدا چادرگەی خێراش ئیشارەتی پێ بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، ڕاپۆرتەكانیش ئاماژەیان بەوە دابوو، کێ لەگەڵ ڕاسپاردەکانی لیژنەی مافی مرۆڤە؟ ٧٢ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ کەس نییە، کەواتە پەسند کرا، فەرموو ڕاسپاردەی لیژنەی پێشمەرگە و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی .

**بەڕێز دلێر مصطفى ماوەتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاسپاردەکانی لیژنەی پێشمەرگە:

١ کۆی سیستەمی سەربازی و سیاسی پێشمەرگە پێویستی بە ڕێکخستنەوە هەیە بە ڕێگەی سەربازگیری (تەجنید) یان هەر شێوازێکی تر لە دامەزراندنی سوپایەکی دامەزراوەیی پرۆفیشناڵ.

٢- بوونی پلانی ستراتیژی ڕوونی سەربازی کە توانای ڕووبەڕوو بوونەوە و پاراستنی هەرێمی هەبێ بە ڕەچاو کردنی ئەم خاڵانە:

أ نەهێشتنی فره مەرجەعی له میحوەرەكانی شەڕ.

ب- هەماهەنگی له نێوان رشته جیاوازەكانی پێشمەرگه و ناوخۆ و ئەوانی تر.

ج- نەهێشتنی گوتاری جیاواز و زمانی ڕاگەیاندنی جیاواز.

٣- چالاك بوونی لیژنەی بالآی بەرگری نیشتیمانی له ژێر چەتری سەرۆكی هەرێمی كوردستان كه سەرجەم بەرپرسی ڕشته جیاوازەكانی تێدابێ، بڕیاری شەڕ و ئاشتی بدات، و بەردەوامی چاودێری بەرەكانی شەڕ بكات.

٤- ڕۆژانه یان هەفتانه له بەرەكانی شەڕ ڕاپۆرت ئاماده بكرێ و كۆبوونەوەی فەرماندە سەربازییه بالآكان بكرێ بۆ دەستنیشان كردنی خاڵه لاواز و به هێزەكان و زمان حاڵی وەزارەتی پێشمەرگه له كۆنگرەیەكدا ڕایبگەیەنێ.

٥- وەزارەتی پێشمەرگه به فەرمی دەرگای خۆبەخشین بكاتەوە بۆ خۆبەخشەكان، و له بنكەی مەشقەكان شارەزا بكرێن به چەك و بنەما سەربازییەكان، پاشان به پێی پێویست دابەش بكرێن، و له كاتی شەهید و بریندار بوونیان مامەڵەی پێشمەرگەی نیزامییان لەگەڵ بكرێ

٦- ئەبێ بەشێوەی زانستی كار لەسەر نەمانی كاریگەریەكانی شەڕی دەروونی بكرێ، ئەو جەنگه دەروونییه پێچەوانه بكرێتەوە كه ئێستا دژی خەڵكی كوردستان بەڕێوە ئەچێ

٧- لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو گوند نیشن و خەڵكانه بكرێ كه پشتیوانی هیزەكانی داعش ئەكەن و هێڵی دواوەیان بۆ زامن ئەكەن.

٨- وەزارەتی شەهیدان له ماوەیەكی كەمدا مامەڵەی شەهیدان تەواو بكات، هەوڵ بدات بۆ دابین كردنی زەوی، یان خانوو بۆ كەس و كار و واریسی شەهیدان. سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ڕاسپاردەكانی لیژنەی پێشمەرگه و زیندانیانی سیاسی و جینۆسایدە؟ (٦٦) كەس لەگەڵیەتی، كێ لەگەڵ نییە؟ كەس نییە، كەواته پەسند كرا، بەڕێزان، سەرۆكی لیژنەكان، ڕاسپارەدەكانی لیژنەی یاسایی، فەرمو.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاسپاردە یاساییەكان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، داوا ئەكەین له بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان، پەرلەمانی كوردستان، حكومەتی هەرێمی كوردستان، به ناوی گەلی كوردستانی عێراق داوا له ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكان بكات كه هەنگاو بنێ بۆ جووڵاندنی كەیسی تاوانه نوێدەوڵەتییەكان، تاوانەكانی جینۆساید، تاوەنەكانی دژ به مرۆڤایەتی، تاوەنەكانی جەنگ، بەپێی ماددەی ١٣ ی برگەی (ب) له سیستەمی دادگای تاوانكاری نێودەوڵەتی كه دژ به خەڵكی سیڤیلی هەموو پێكهاته جیاوازەكان له ناوچه كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی ئەنجام دراوە، له برا (ئێزیدییەكان، مەسیحیەكان، شەبەك،

تورکمان، کاکەییەکان، لەو ڕوانگەی کە گەلی کوردستانی عێراق بە هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق لە ژێر هەڕەشەی لە ناو چوون و هەڕەشە وکۆمەڵکوژیی ، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەڕەشەیە بۆ سەر ئەمن و ئاسایشی نێودەوڵەتی.

٢- ڕاسپاردە یاساییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی:

ا- هەموار کردنەوەی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە( ١١١) ی ساڵی ١٩٦٩ لە ڕێگەی زیاد کردنی تاوانەکانی جینۆسایدی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ، بە پێناسە کردنیان و دیاری کردنی سزاکانیان لە ژێر پرەنسیپی (لا جريمه ولا عقويه الا بنص) ئەوش لە ڕێگەی پێشکەش کردنی پرۆژە یاسای هەمواری یاسای سزادانی عێراقی.

ب- دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە دادگای باڵای تاوانکاری، دەرکردنی یاسا بە دامەزراندنی دادگایەکی تایبەتمەند بە دادگایی گردنی تاوانباران لەسەر ئەو تاوانە نێودەوڵەتیانەی کە ئەنجام دراون، لە ڕێگەی پێشکەش کردنی پرۆژە یاسای تایبەت بە دادگای باڵای تاوانکاری.

ج- ناچار کردنی حکومەتی عێراق بۆ پەسند کردنی پەیماننامەی تایبەت بە دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی و بوون بە ئەندام تێیدا، پێویستە لیژنەی دانوستکاری هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا ئەولەویەت بە ئەندام بوونی عێراق بدات لە دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی، و ئەشێ بوون بە ئەندام بوونی عێراق لەو دادگایە، یەکێك لە پێش مەرجەکانی لیژنەی دانووستکاری کوردستانی بێ لە ڕێکەوتن و هاوپەیمانی بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق.

د- ناچار کردنی داواکاری گشتی بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەی پێویست لەسەر تاوانەکان و دۆکیۆمێنت کردنیان، بە پێی بڕگەی دووەم، لە بەندی دووەم لە یاسای داواکاری گشتی ژمارە (١٥٩) ساڵی ١٩٧٩ ی هەموار کراو، ئەرکی داواکاری گشتییە دەست بکات بە کۆکردنەوەی بەڵگەکان و دۆکیۆمێنت کردنیان لەسەر تاوانەکان.

هـ- پەلە بکرێ لە دامەزراندنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، و دەرکردنی یاسای تایبەت بە ڕاپرسی، و یاسای تایبەت بە پاراستنی مافی پێکهاتە جیاوازەکان بە مەبەستی ئەنجامدانی ڕاپرسی لەو ناوچانە، و گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی یاسایی و دەستووری، و پارێزگاری کردنی سەر و ماڵی دانیشتوانەکەی بە هەموو پێکهاتە جیاوازەکانیانیەوە.

و- پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵا لەسەر ئاستی هەرسێ دەستەڵاتە باڵاکەی هەرێمی کوردستان، دەستەڵاتی یاسادانان، جێ بەجێ کردن، دادوەری، بە مەبەستی دانانی ڕێوشوێنی پێویست بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی دۆخەکە بە شێوەیەکی سیستەماتیکی، بەجۆرێك کە هەر دەستەڵاتەی بە پێی تایبەتمەندی خۆی کار لەسەر کەیسەکان بکات و هەرسێ دەستەڵاتەکەش لە کاری یەکتر ئاگادار بن، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر شێرکۆ.

**بەڕێز د.شێرکۆ حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادام هیچ موناقەشە ناكرێ، و هەر خوێندنەوەیە و دوایی دەنگی لەسەر ئەدرێ، هەر بۆ كارئاسانی هەمووی نەخوێندرێتەوە، بەیەكەوە هەمووی دەنگی لەسەر بدرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێشە نابێ، بەو شێوەیەش هەر كێشە نابێ، فەرموو مامۆستا كاروان.

**بەڕێز كنعان نجم الدین (حاجی كاروان):**

باسی تەنیا ئێزیدی و مەسیحی و توركمان كراوە، موسڵمانیشی تێدایە، بەس لە ناو جەرگەی دهۆك ١٨٥ عائیلەی موسوڵمان لە شنگالەوە هاتوون،........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باسی جینۆسایدە ئەوە.

**بەڕێز كنعان نجم الدین (حاجی كاروان):**

ئێ خۆ ئەوانیشی تێدایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، ئەتوانرێ ئیزافە بكرێ ئەوە، كێ لەگەڵ ڕاسپاردە یاساییەكانە؟ ٦٨ كەس لەگەڵیەتی، كێ لەگەڵ نییە؟ كەس نییە، كەواتە پەسند كرا، كاك فەرهاد نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز فەرهاد سەنگاوی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەو خەڵكە ئاوارە و دەربەدەرەی كە لەم وڵاتەی ئێمە سەیری ئێرە ئەكات و دڵی بە ئێرە خۆشە، ئەوان ئەزانن ئەو حكومەت و دەستەڵاتە گوێ لە پرۆژە بڕیاریش ناگرێ ئینجا نەك لە ڕاسپاردە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، سەرۆكی لیژنەكان

**بەڕێز عمر صالح كۆچەر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاسپاردەی لیژنەی دارایی و كاروباری وەبەرهێنان لەگەڵ دەست پاكی.

١ پێویستە لیژنەی دانوستكاری كورد لەگەڵ بەغدا داوای ١٧٪ ڕاستەقینەی بودجەی عێراق بكات.

٢- پێویستە وەزارەتی پێشمەرگە ئاگادارییەك بڵاوبكاتەوە بۆ ئەو كەس و لایەنانەی دوای ڕووداوەی ٢٠١٤/٦/٩ لەسەربازگەكانی عێراق چەك و پێداویستی جەنگیان دەست كەوتووە بیگەڕێننەوە وەزارەتی پێشمەرگە و پاداشت بكرێن، بە پێچەوانەوە دەست بەسەر چەك و پێداویستیە سەربازییەكان دا بگیرێت.

٣- لە میحوەر لە ناو هێزەكانی پێشمەرگە دروست كردنی خواردن بە تەندەر بدرێت بە كۆمپانیای شارەزا لە جیاتی ئەوەی پارە بدرێ بە لیواكان.

٤- پێداچوونەوە بە لیستی مووچەی پێشمەرگە، و بڕینی مووچەی ئەو پێشمەرگانەی دوام ناکەن و دابەش کردنی مووچەی پێشمەرگە بە سەرپەرشتی دیوانی چاودێری دارایی بێت.

٥- بۆ باش کردنی بژێوی ژیانی پێشمەرگە و بە شێوەیەکی کاتی و خێرا بۆ پێنج مانگی (٨، ٩، ١٠، ١١، ١٢ ) ی ساڵی ٢٠١٤ هیچ پێشمەرگەیەك لە ( ٧٠٠) هەزار دینار کەمتر وەرنەگرێ بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار.

٦- پێویستە دەزگایەکی تایبەت لەسەر ئاستی هەرێم سەرپەرشتی وەرگرتن و کۆکردنەوە و دابەش کردنی سەرجەم کۆمەکی ناوخۆیی و دەرەکییەکان بکات بەسەر ئاوارەکان.

٧- پشکێك لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانی عێراق کە بۆ موسڵ و کەرکووك تەرخان کراوە، داوا بکرێ لە ڕێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئاوارەکانی ئەو دوو پارێزگایە تەرخان بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەمە ڕاسپاردەی هاوبەشی هەردوو لیژنەکە بوو، وایە؟ فەرموو کاك علی نوقتەی نیزامە؟

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لە ڕاپۆرتەکە خاڵێك هەیە، لەوێ ئاماژەیان پێدا، ئەوەیە کە لە پێداچوونەوەکە لیستی خانەنشینیشی تێدایە، لیست تەنیا بن دیوار نییە، خانەنشین کراوە بە ناعەدالەتی، لە ڕاسپاردەکان هەیە، هەر بڕۆ سەر ڕاپۆرتە ئەساسییەکە، ئەوە پێشنیارە، پێداچوونەوە بە لیستی خانەنشیتی کرا، هەر بۆ زانیاری بەڕێزتان..........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو، پێویست ناکات، فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عینایەت :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام ئەوە ڕاسپاردەیە، یەعنی ئیجباری نییە، ئەکرێ بکرێ، ئەکرێ نەکرێ، بەلاّم ئەوەی هەندێ لە بڕگەکان نووسراوە پێویستییە، (پێویستی) یەعنی ئیجباری، لەبەر ئەوە ئەکرێ وشەی پێویستە لە پێش جوملەکان لابرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ئێستا بەو تەعدیلانەوە ئەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵیەتی، ڕاسپاردەی هەردوو لیژنەی کاروباری ئابووری و لیژنەی دەستپاکی پەرلەمانە؟ ٧٥ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵ نییە؟ کەس نییە، کەواتە پەسند کرا، فەرموو ڕاسپاردەکانی لیژنەی تەندروستی و ژینگە.

**بەڕێز زلفا محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاسپاردەکانی لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە:

١ لە هەموو بەرەکانی جەنگ لە خەتی یەکەم پێویستە سندوقی فریاگوزاری سەرەتایی هەبێ، و لەخەتی دووەمی جەنگ کە ئەکەوێتە دوایانەوە هەموو پێداویستە تەندروستییەکان هەبێ کە پێکهاتبێت لە پزیشك و کارمەندی تەندروستی و دەرمان بە پێی پێویستی پێشمەرگە، سەیارەی فریاکەوتنی خێرا بەبێ جیاوازی لە نێوان میحوەر و بنکەی جەنگەکان، و تیمی تەندروستی گەڕۆك بەردەوام سەردانیان بکات، بۆ پاراستنی دەرمان پێویستە بە پێی ڕێنماییە تەندروستییەکان هەڵبگیرێت لە یەکە سەربازییەکان.

٢- ا_ دابین کردنی کلاّوی خودە و بەرهەتاو و پێداویستی جۆراجۆری تر کە تەندروستی پێشمەرگە ئەپارێزێت و هاوکات دابین کردنی ئاوی خواردنەوەی ستاندارد، و گەیاندنی لە کاتی خۆی، و بوونی یەکەیەکی تایبەت بۆ چاودێری سەلامەتی ئەو خواردنانەی لە ڕووی کۆمەکەوە لە لایەن مەدەنییەوە ئەهێنرێ بۆ پێشمەرگە و ئاوارەکان.

ب_ لیژنەیەکی تایبەت لە وەزارەتی تەندروستی پێکبهێنرێ بۆ زوو بڕیاردان لەسەر ئەو پێشمەرگە بریندارانەی برینەکانیان سەختە و چارەسەریان لە دەرەوەی ولاّتە، و زوو ڕەوانەکردنیان ئەگەر پێویست بوو.

٣- کردنەوە و دامەرزاندنی نەخۆشخانەیەکی تایبەتی سەربازی بە هەموو پێداویستییەکانەوە، و جیاکردنەوەی لە نەخۆشخانەکانی مەدەنی، و پێدانی دەرماڵەیەکی تایبەت یان سوپاس و پێزانین بۆ ئەو پزیشك و کارمەند و شوفێرەی ئەمبولاّنس کە لە بەرەکانی جەنگ خزمەت ئەکەن، یان لەمەوپێش کردوویانە.

٤- ا_ پێویستە پەلە بکرێ لە دابین کردنی تیمەکانی چارەسەر کردنی نەخۆشییەکانی دەروونی و مێشکی، چونکە سایکۆلۆژیای ئاوارەکان لە ئاستێکی زۆر خراپ دایە.

ب_ دابین کردنی ماکووتە لە سەرچاوەی جیهانی باوەڕ پێکراو و دەست پێکردنی کوتانی جۆراوجۆر بۆ ئاوارەکان، بە تایەبەتی مناڵەکان، بۆ ڕێگە گرتن لە بلاّو بوونەوەی نەخۆشی.

ج_ دامەزراندنی چەند پزیشك و کارمەندێکی تەندروستی و زیاد کردنی ژمارەی ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنی خێرا بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییەی ئێستا هەیە لە بواری تەندروستی لە ناو یەکە سەربازی و ئاوارەکان، هاوکات داوا لە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بکرێ بۆ هاوکاری پێداویستییە تەندروستییەکان بە تایبەت دەرمان، تایبەت بۆ پارێزگای دهۆك کە زۆرترین ڕێژەی ئاوارەکانی لێیە.

٥- أ_ پێویستە پەلە بکرێ لە دروست کردنی کەمپی ستاندارد تایبەت بە ئاوارەکان بە هەموو پیێداویستییەکانەوە، بۆ دڵنیا بوون لە پاکی ئاوی خواردنەوە و هەبوونی گەرماو و دەبلیوسی و ئاوەڕۆ بۆ فرێدانی پاشەڕۆی مرۆیی و نامرۆیی بۆ ڕێگە گرتن لە بلاّو بوونەوەی مەترسی نەخۆشی.

ب_ دابین کردنی بنکەی تەندروستی مەیدانی کاتی لە ناو کەمپی ئاوارەکان کە هەموو ئاسانکارییەکی تەندروستی تیدابێ، وەکو پشکنین و چارەسەر و نەشتەرگەری و سەردانی بەردەوامی تیمی تەرندورستی گەرۆك، و پێدانی ڕێنمایی بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی هۆشیاری تەندروستی و ژینگەیی بە ئاوارەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بەهزاد

**بەڕێز بەهزاد دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مە پێ باشە لە موداخەلەکەش دا تەڵەب کر، پێشی جەلسەی داهاتوویا پەرلەمانێ سەرۆکێ ڤان لیژنا برینە خارێ، ڤان بەشەکە ڤان ڕاسپاردا بکەنە پرۆژە بڕیار، ب تایبەتی ئەوانێ تەرتیباتێ مالی ل سەر حکومەت ناکەڤیتن، لیژنەی دەستپاکی ئەوانە ب پێویست ئەزانین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باسمان کرد، وتمان ئێوە ئەتوانن لە ئێستاوە پرۆژە بڕیار تەقدیم بکەن بۆ ئەوەی لە دانیشتنی داهاتووی پەرلەمان بخرێتە بەرنامەی کاری پەلەمان، فەرموو خاتوو ڤیان.

**بەڕێز ڤیان عباس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مە حەز کر خاڵەك بێتە دەستنیشان کرن دەربارەی ژینگەهێ ژی، هندەك هەڤاڵاش ئیشارەت پێدای.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارکرابوو لەسەر ژینگە، ئەوەش ئیزافە بکەنە سەر ڕاپۆرتەکەتان، ئیوە لیژنەی تەندروستی و ژینگەن، بەڵێ، فەرموو زوڵفا خان.

**بەڕێز زولفا محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە، ئەگەر وەڵام بدەمەوە، ئێمە داوای کەمپی ستانداردمان کردووە، کە ئێمە باسی ئاوەڕۆ و فڕێدانی پاشەڕۆکان دەکەین ئەمە پاك و خاوێنی ژینگەیە بۆ ئەوەی کە تووشی مەترسی نەخۆشی نەبین، دوو: بمبوورە، هەروەها ئێمە داوا دەکەین کە ڕێنمایی تەندروستی و ژینگەش بدرێ بە ئاوەرەکان ئەمەش هەر دەکەوێتە قاڵبی ژینگەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە، بەڕێزان کێ لەگەڵ ڕاسپاردەکانی لیژنەی تەندروستی و ژینگەیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٦٨) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، کەس نییە لەگەڵدا نەبێت،

کەواتە پەسەندکرا، زۆر سوپاس، دوا راسپاردە پێموابێت راسپاردەی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجەییەکانە، فەرموون.

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راسپاردەکانی لیژنەی ناوخۆ:

یەکەم: وەرگرتن و دابەشکردنی چەکە نوێیەکان لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە بێت و بە سەر هەموو میحوەرەکاندا دابەش بکرێت و لەسەر خاوەنداریەتی وەزارەتی پێشمەرگە بێت، هەوڵبدرێت یەکەی قەناص و چەکە قورسەکان لە هەموو میحوەرەکاندا دروست بکرێت.

دووەم: نەبوونی هێڵی بەرگری و پشتیوانی بۆ هێڵەکانی بەرگری پێشەوە کە کاریگەری هەیە لەسەر ورەی پێشمەرگە و پێویستە پەلە بکرێت لە دروستکردنیدا.

سێیەم: سزادانی ئەو فەرماندانەی بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرووی خۆیان شوێنەکانی خۆیان بە جێ دەهێڵن و دەبنە هۆی لە دەستدانی ناوچەیەك، پاداشتی ئەو هێز و فەرماندانەش بکرێت کە قارەمانیەتیان نواندووە، هەروەها بڕیارەکەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمیش لە داهاتوودا بۆ هەموو میحوەرەکان بێت لە شنگالەوە تا جەلەولا.

چوارەم: رێکخستنەوەی هێزەکان و پاك کردنەوەیان لە هەلاتووەکان و سزادانی ئەوانەی تا ئێستا پێشمەرگە بوون و مووچەیان وەرگرتووە، بەلام ئێستا بەشداری جەنگ ناکەن، هەروەها بەردەوام بوونی دابەشکردنی مووچەی پێشمەرگە بە لیژنە.

پێنجەم: چارەسەرکردنی کێشەی سووتەمەنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کە کاری کردۆتە سەر جوولەی هێزەکاانی پۆلیس و ئاسایش لەو ناوچانەدا.

شەشەم: لیژنەی پسپۆری وەزارەتی پێشمەرگە و ناوخۆ شوێنی سەربازگەکان و شێوازی سەنگەرەکان دیاری بکات لە ئێستاوە بیر لە وەرزی زستان بکرێتەوە بۆ شوێنی مانەوەی هێزەکان و ئەویش بە دروستکردنی بارەگاو قەلاَ لەشەرگەکاندا.

حەوتەم: زیادکردنی تیمی پوچەڵکردنەوەی تەقینەوەکان.

هەشتەم: گواستنەوەی پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ لە رێگەی هۆیەکانی گواستنەوەی وەزارەتی پێشمەرگەوە بێت لە هێڵی دواوە (خەلفی) شەرگەکان بۆ هێڵی بەرگری پێشەوە و راگرتنی ئۆتۆمبێلەکانی پێشمەرگە و ناوخۆ لە هێڵی دواوەی بەرگریدا.

نۆیەم: قەدەغەکردنی کاری حیزبایەتی لەناو ریزەکانی پێشمەرگە و ناوخۆ، وەرنەگرتنی لێدوان لە بەرپرسە حیزبیەکان، وەرنەگرتنی ئابوونەی حیزبی و لێپێچینەوە لەو میدیا حیزبیانەی کە لەم دۆخەدا نا بەرپرسانە مامەڵەیان کرد.

دەیەم: گرنگیدانی زیاتر بە ئاسایشی شارەکان و باشتر کۆنترۆڵکردنی بازگەکان، بیر لە چارەسەری گونجاو بکرێتەوە بۆ ڕێکخستنی ئاوەڕەکان کە ئێستا لە هەموو شارو شارۆچکەکاندا پەرش و بڵاوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوسییەك هەبوو باسمان کرد، ڕۆژانەی پێشمەرگە (١٠٠٠) دینارە لە جەبهەکاندا لە هەموو شوێنێك، یەعنی ئەو (١٠٠٠) دینارە هیچ نییە، داوامان کرد کە بکرێت بە (٣٠٠٠) دینار یان (٥٠٠٠) دینار، وەکو شتێکی ئانی ئێستا ئەوە بکرێت تاوەکو ئەو کاتەی مووچەکەیان.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەوە دەبوو لە ڕاپۆرتی لیژنەی داراییدا باس بکرایە.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو باسی مووچەشی تێدابوو من تەسەورم بوو، گوتم لە یەکەکیان دێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.عزت فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هێزی پێشمەرگە هەموو ڕۆژێك بۆ یەك پێشمەرگە (١٠٠٠) دیناری دەدەنێ لە ڕاستیدا تاوەکو مانگی شەش (٨٠٠) دینار بووە بۆ خەرجکردنی، بۆ ڕۆژانەی پێشمەرگە کڕینی سەوزە و ماستی بەیانیان یان پێویستی شلەیەك بۆ خواردنەکەی، هێزی پێشمەرگە بەشێکیان لە واجبدان بەشێکیان لە ئیسراحەت دان، کەواتە هەموو (١٠٠٠) دینارێك دەبێ بە (٢٠٠٠) دینار، چونکە نیوەی لە دەوامە، لە هەمان کاتدا (٢٠٠٠) دیناری ڕۆژانە دەدرێت، یەعنی بە کۆمەڵ دەدرێت بە ئازووقە بۆ هێزی پێشمەرگە، کەواتە بە نزیکەی دەکاتە ڕێژەی وەکو پارە (٢٠٠٠) دینار دەدرێ بە پێشمەرگە، (٢٠٠٠) دینار بەر پێشمەرگەیەك دەکەوێ، بڕێك پارەش تەرخان دەکرێ بۆ کڕین پێ دەوترێت ئەم خواردن و موستەلەحانە خواردنی وشکە بۆ هێزی پێشمەرگە، بە دڵنیاییەوە ئەو بڕە پارەیە کەمە، بۆیە یەکێك لە پێشنیارەکان ئەوە بووە کە بۆ ئەوەی خۆراك و خواردنی پێشمەرگە چاك بکرێت، یەعنی لە کاتی جەبهەدا برنج و شلە دروست ناکرێت، (٤٠٠٠) دیناریش بخەیتە بەر دەستی پێشمەرگەیەك ناتوانێ بیکات بە خواردن، بۆیە بە بۆچوونی لیژنەی دارایی و تەنانەت لیژنەی نەزاهەش ئەوەیە کە خواردنی پێشمەرگە چاك بکرێت، ئەگەر نا ئەو پارەیە زیادیش

بكرێت ژیان و خواردنی پێشمەرگە چاك ناكات، بۆیە لەو راپۆرتەدا بەو شێوەیە جێمان كردۆتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك محمد فەرموو.

**بەڕێز د.محمد علی یاسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشتر دەما نڤیسینا راسپاردان ژی ئەڤ پێشنارەدابوو، ب راستی مە هیچ ئومێدەك بە میدیای كو نووكە لە هەرێمی كوردستان هەی نینە كە پشێتن بە رەنگێكی بەرپرسیارانە دەمێ شەڕیدا مامەڵەی بكەت، دەما كو مە میدیایەكا پرۆفیشنال نەبیتن بزانیتن چاوا دی تەعامولێت وەختێ شەڕی دكەت، وی دەمیدا هەر هیچ نەبیت وەزارەتا پێشمەرگە یان وەزارەتا ناڤخۆ یان هەردووك پێكڤە دبیتن پلانەكا میدیایی هەبیتن سەرەدەری گەل وان كەناڵێن میدیایی بكەت دەمێ كو ئەوە ناهێتە كرن، بلا ئەڤە پێشنیار بكەن پلانەكا میدیایی......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.محمد، ئێمە لە دانیشتنەكانی پێشوومان كۆمەڵێك راسپاردەمان سەبارەت بە میدیا پەسەندكرد و ئەو راسپاردانەمان ناردووە بۆ حكومەت و لایەنە پەیوەندیدارەكان بۆ جێبەجێكردن، بۆیە ئێستا جارێكی تر پێویست ناكات ئەوەی كە لە رابردوو پەسەندمان كردووە جارێكی تر بیهێنینەوە بەر باس، كاك فرحان فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە لیژنەی ناوخۆ لە خاڵێكدا هاتووە كە دەڵێ لێپێچینەوە لە میدیای حیزبی بكرێ كە سەرپێچی كردووە، لەبەر ئەوەی میدیا لێپێچینەوەی لەگەڵ ناكرێ، با ئەو خاڵە حەزف بكرێت، ئەو لێپێچینەوە بە پێی یاسای رۆژنامەوانی هەیە یان ئیدیعای عام ئیشەكە بكات یان كەسێك دەبێ سكاڵا بكات لە دادگا بەو حاڵەتە لێپرسینەوە دەكرێت، بۆیە ئەم خاڵە ناونان یان ئەو خاڵە هاتنە ناو ئەو لیژنەیەدا هیچ نرخێك و هیچ بەهایەكی نییە، بۆیە حەز دەكەم بسڕیتەوە، لەبەر ئەوەی ناكرێت ئیشەكە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر خۆی مادام لە رابردووشدا راسپاردەمان هەبووە سەبارەت بە میدیا پێموانیە ئێستا شتێكی زیاترمان هەبێت، بۆیە بەڕێزان ئێستا كێ لەگەڵ ئەو راپۆرتەیە بە تەعدیلاتەكانیەوە بەو تەعدلاتانەوە راپۆرتی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجەییەكان؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، (٦٩) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدانییە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، كەس نییە لەگەڵدا نەبێت، كەواتە پەسەندكرا، زۆر

سوپاس بۆ لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانی کوردستان، بەلآم داوا لە سەرۆکی سەرجەم ئەم لیژنانەی کە ئێستا لەسەر سەکۆی لیژنەکان دانیشتوون داوایان لێ دەکەین بە زووترین کات راپۆرتەکانیان پاك نووس بکەنەوە، راسپاردەکانیان پاك نووس بکەنەوە بۆمان بێنن بۆ ئەوەی ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی بکەین، هەروەها داوا لە بەڕێزیان دەکەین و داوا لە سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین بە زووترین کات پڕۆژە بڕیار سەبارەت بەو راسپاردانەی کە پەسەندمان کردوون ئامادە بکەن، چونکە ئەم راسپاردانە مادەی خامی ئێجگار باشن لە ئەنجامی بەدواداچوونی لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ ماوەیەکی درێژ، هەروەها لە هەموو بەرەکانی جەنگ و لە هەموو بوارە جیاجیاکان هاتوونەتە کایەوە سەرەرای رای ئەندامانی پەرلەمان کە ئەمڕۆ بۆ نزیکەی (١٢) کاتژمێر، زیاتر لە (١٢) کاتژمێر موناقەشە کراوە، بۆیە داواتان لێ دەکەین بە زووترین کات پڕۆژە بڕیار لەسەر ئەم راسپاردانە حازر بکەن بە تایبەتی ئەوانەی کە دەتوانرێ بکرێت بە بڕیار بە هاوکاری وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەوەی لە پەرلەمانی کوردستان وەکو بڕیار پەسەندی بکەین، کاك گۆران ئاخیر نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر قسەکانی بەڕێزت، یەعنی ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەی باسکرا لێرە لەبەر ئەوەی گوترا ئەمە بڕیار نییە و مولزەم نییە، بەلآم دەبێت بە رێنیشاندەرێك بۆ ئەوەی پڕۆژە بڕیاری لە پێناو ئامادە بکەین، بەلآم پێموانییە هیچ مانەیەکی هەبێت، هەر لەسەر ئەو دۆخانە ئەگەر بڕیاری تر لە ناو راسپاردەکان نەبوو ئێمە ئازادین هەر لەسەر ئەو دۆخانە....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ، دەکرێت، زۆر سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان، بەم شێوەیە هاتینە کۆتایی دانیشتنی نائاسایی ئەمڕۆمان.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدين قادر** | **جعفر ابراهيم ئێمينکی** | **د. يوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێك**

**چوار شەممە رێکەوتی ٣\٩\٢٠١٤**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێك

## چوار شەممە رێکەوتی ٢٠١٤/٩/٣

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٢٠١٤/٩/٣ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی یوسف محمد صادق سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی دەسپێکی خولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی دەسپێکی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی ٢٠١٤/٩/٣ دا بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: یەك دەقیقە بێ دەنگی وەستان بۆ رێزلێنان لە گیانی شەهیدانی کوردستان و عێراق لەگەڵ مارشی نەتەوەیی.

دووەم: وتاری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق بە بۆنەی دەستپێکی خولی گرێدان.

سێیەم: خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پرۆژە یاساو بڕیارانەی خوارەوە بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو:

١- پرۆژە بڕیاری جینۆسایدی شنگال و دەوروبەری.

٢- پرۆژە بڕیاری بەجینۆساید ناساندنی کارەساتی شنگال.

٣- پرۆژە بڕیاری دانانی ئەو تاوانانەی کە دەرهەق بە گەلی کورد (کوردانی ئێزیدی) ئەنجام دراون بە تاوانی کۆمەڵ کوژی.

٤- پرۆژە یاسای هەمواری یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩,

٥- پرۆژە یاسای پاراستنی مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبیەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

٦- پرۆژە یاسای پەروەردەو خوێندن.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، دانیشتنی دەستپێك رۆژی دانیشتن ٢٠١٤/٩/٣، بەرنامەی کاری کردنەوەی خولی پەرلەمان، بەپێی حوکمی برگە (١) لە ماددەی (٥) و هەردوو برگەی (٢،١) لە مادده (٥٤) و برگە (٢) لە ماددەی (١٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو، بڕیاردا کاتی دانیشتنی دەستپێکی خولی گرێدانی ساڵی یەکەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی ٢٠١٤/٩/٣ بەم شێوەیە بێت:

**یەکەم: یەك دەقیقە بێ دەنگی وەستان بۆ ڕێزلێنان لە گیانی شەهیدانی کوردستان و عێراق لەگەڵ مارشی نەتەوەیی.**

**دووەم: وتاری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق بە بۆنەی دەستپێکی خولی گرێدان.**

**سێیەم: خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پرۆژە یاساو بڕیارانەی خوارەوە بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو:**

**١- پرۆژە بڕیاری جینۆسایدی شنگال و دەوروبەری.**

**٢- پرۆژە بڕیاری بەجینۆساید ناساندنی کارەساتی شنگال.**

**٣- پرۆژە بڕیاری دانانی ئەو تاوانانەی کە دەرهەق بە گەلی کورد (کوردانی ئێزیدی) ئەنجام دراون بە تاوانی کۆمەڵ کوژی.**

**٤- پرۆژە یاسای هەمواری یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩.**

**٥- پرۆژە یاسای پاراستنی مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبیەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.**

**٦- پرۆژە یاسای پەروەردەو خوێندن.**

**ئێستاش داوا لە بەڕێزتان دەکەم کە دەقیقەیەك بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و عێراق بوەستین، زۆر سوپاس، فەرموون، کاك عەلی نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.**

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**یاداشتێکمان هەیە دوایی دەمەوێ بیخوێنمەوە.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**دکتۆر شێرکۆ فەرموو.**

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**یاداشتێکمان هەیە دوایی دەمەوێ بیخوێنمەوە.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**خاتوو ڤیان خان فەرموو.**

**بەڕێز ڤیان عباس عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من بیروکەیەك وەکو داخوازییەك بۆ سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ کوردستانێ هەی حەز دەکەم پێشکەش بکەم، گەر ڕێگە بدەنە من بیخوێنمەوە.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**دکتۆر عزت فەرموو.**

**بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

راپرۆتێكمان هەیە دوایی دەمەوێ بیخوێنمەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر وەتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی پەرلەمان و پەرلەمانتاران لەكەدار نەبن، من و كاك فەرهاد سەنگاوی بایكۆتی ئەم دانیشتنەی پەرلەمان دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، فەرموون، سهام خان فەرموو.

**بەڕێز سهام عمرقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بیروكەیەك وەكو داخوازییەك بۆ سەرۆكایەتیا پەرلەمانێ كوردستانێ هەی حەز دەكەم پێشكەش بكەم، گەر ڕێگە بدەنە من بیخوێنمەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە بەسەر چاو، بیرۆكەكەت دەخەمە ڕوو دوایی، مامۆستا مەروان فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل (مەروان گەلاڵی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یاداشتێكمان هەیە دوایی دەمەوێ بیخوێنمەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە بەسەر چاو، مامۆستا هەورامان فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حەمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە هەمان شێوە وەكو برایان ئاماژەیان پێكرد ئێمەش (٣٣) پەرلەمانتار یاداشتێكمان تەقدیمی سەرۆكایەتی پەرلەمان كرد سەبارەت بە كێشەی بەنزین، بەڵام بە داخەوە ئاماژەی پێنەكراوە لە ئەجینداكاندا، چونكە بەڕاستی ئەمە زۆر زەرووره و كێشەیەكی زۆر گەورەی دروست كردووە، ئێمە لە حاڵەتی حەرب داین و لە حاڵەتی زۆر نارەحەت داین، تكایە باس بكرێت لەبەر ئەوەی نوقتەی لێ بخرێتە سەر پیت، چونكە ئەمە كێشەیەكی زۆر گەورەیە، ئەگەر وا بڕوات كێشەی گەورەتری بەدوادا دێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشه بەسەر چاو باسی دەکەین، هێڤا خان فەرموو.

**بەڕێز هێڤا حجی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر چەندە چەند جارە بـرادەران داوایـان کـردووە کـە کـاتی جەلسـە کـە سـەعاتەکەی دیـاری دەکرێـت نیـو سەعات تاخیر دەبێ، ئەمڕۆ (٣٥) دەقە تەئخیر بوو، تکاتان لێ دەکەم جارێکی تر وا نەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە، سوپاس، کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شعبان عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێشنیارێکم هەیە، دەمەوێ لە کۆتایی دانیشتنەکەدا پێشنیاری بکەم، دوو پێشنیارە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش یاداشتێکمان هەیە، دەمانەوێ لە بەرنامـەی کـار داخیـل بکرێـت و دواتـر پێشکەشـی بکـەین، دووش نوقتە نیزامیەکە دەربارەی سروودی (ئەی رەقیب)ە کە دەستکاری کراوە،ناکرێت لـە پەرلـەمانی کوردسـتان، سروودێك میلۆدیەکەی و ئاوازەکەی بە شێوازێك دەستکاری بکرێت کە سروودەکە وەکو خـۆی لـێ نـەدرا و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سروودەکەمان دەستکاری نەکردووە، ئەوە مارشـێکە لـە لایـەن یـەکێك لـە هونەرمەندەکانـەوە سـاز کـراوە و ئامادە کراوە، ئاراستەی ئێمە کراوە لە پەرلەمانی کوردستان، هیچ دەستکارییەك نەکراوە، یەعنی ئەوە ئێمە دەستکاریمان نەکردووە، مارشێکە بۆمان هاتووە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان، کاك عەلی فەرموو.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەسەر بارودۆخێ نووکە و کێشەیا بانزینی هەندێ گوتنێ هەی، ئەگەر دەرفەت هەبێت دوماهی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ باشە، فەرموو تەلار خان.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بەڕێزانە باسی ئەوەیان کرد کە ئەمڕۆ ئەو کارە بخرێتە بەرنامەی کارەوە، بەڵام من باس لەوە ئەکەم کە پێویستە لێژنەی سامانە سروشتییەکان راپۆرتێکی خۆیان یاخود روونکردنەوە بدەن، چونکە ناکرێ ئەوان بەناوی هەموو ئەندامانی پەرلەمان تەفاوز بکەن لەگەڵ ئەنجومەنی نەوت و غازدا، پێویستە روونکردنەوەی زیاتر بدەن، چونکە ئەوە بوویتە مایەی نیگەرانی خەڵك، خەڵك وا ئەزانێ ئەو نرخانە و ئەو کارانەی کە کراوە هەمووی پە رلەمان موافەقەتی لەسەر کردووە، بۆیە پێویستە روونکردنەوە بدات بۆ کاری ئەوان پێش هەموو شتێك.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا جەمال.

**بەڕێز جمال عثمان مۆرتكە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نەمدەویست قسە بکەم، بەس بابەتی واقیعەتی ئێستای کوردستان و مەترسییەکانی ئەو رووداوانەی ڕابردوو بە تەسەوری من زۆر گرنگترە لەو بابەتانەی کە دەوروووژێنەدرێت، بۆیە من، ئەگەر ئیزنم بدەی پێنج دەقە قسە بکەم لەسەر واقیعەتی ئێستا و لەسەر مەترسییەکانی رووداوەکان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ باشە، سوپاس، کاك انور فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە ئەمڕۆ گرنگە و ئەوەی کە بوویتە کێشەی هاووڵاتییان، دیارە کێشەی گرانی نرخی بەنزینە، بەڵام بەداخەوە لە بەرنامەی کاردا باس نەکراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باس کراوە، ئێستا باسی دەکەین کاك انور، منیرە خان فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ کێشەی بەنزین و ئەو قەیرانەی لەکوردستاندا هەیە باسی نەکەین، ئەوە نوێنەرایەتی کردنمان لە پەرلەمانی کوردستان ئەکەوێتە ژێر پرسیارەوە لەبەردەم جەماوەری خەڵکی کوردستان، بۆیە پێموایە ئەمڕۆ ئەگەر پەرلەمانی کوردستان یەکێك لە برگە هەرەگرنگەکانی دابنێت بۆ ئەو مەوزوعە، چونکە ئێستا ئێمە دەبینین لە شەقامەکان نارەزاییەکی زۆر هەیە، پەرلەمانتاران باجی یەکەمی ئەم بڕیارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەدەن، بۆ ئەوەی ئێمە بە خەڵکی کوردستان بڵێین کە ئەوە پەرلەمانی کوردستان بەرپرس نییە لە زیادکردنی نرخی بەنزین، بەڵکو حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئێمە ...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە نوقتەی نیزامی نییە، تۆ داوای ئەوە دەکەی باسی ئەم پرسە بکەین و منیش وەڵامەت دەدەمەوە، کاك حاجی کاروان فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمووی بوو بە پێشنیار و هەر ئەو قسانە دێتە ناو یەك قاڵبەوە، جەنابت پێشنیار بکە یەك سەعات تەرخان بکرێت، بۆ ئەوەی پێشنیارەکان لەو سەعاتە باس بکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ باشە، ئێڤار خان فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تکایە دیارە لە بەرنامەی کار نەبووە، ئێستا کۆمەڵێك بیرۆکە و کۆمەڵێك یادداشت هەیە، بۆ ئەوەی نەبێتە موزایەدەی سیاسی، چ شتێك لە بەرژەوەندی گشتی هەیە باس لەوە بکرێ، منیش تەئیدی کاك کاروان دەکەم کە سەعاتێك تەرخان بکرێت تا گفتو و گۆ لەسەر ئەم بابەتە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.فرسەت فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش رام وایە ئێستا دەست بە بەرنامەی کار بکەین و بڕۆین، ودوایی هەموومان زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان قسەیان هەیە با ناوی خۆیان بنووسن، ئەگەر خستتانە بەرنامەی کار، هەر چەندە ئەوەش موخالەفەی پەیڕەوی ناوەخۆیە، لەبەر ئەوەی پێشتر داتاننەنابوو، بەڵام لەبەر ئەوەی حاڵەتێکی ئیزتیراریە، بەڵام هەر یەکە و دەست هەڵبڕی و رەئی خۆی و لە جێی خۆی بیرۆکەکەی تەرح بکات، پێم وایە ئەوە..

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێمە دوو یادداشتمان بە دەست گەیشتووە پێش دانیشتنەکەمان دەست پێ بکەین، بۆ باس کردنی کێشەی سووتەمەنی، یادداشتێك داوا لەوە دەکات کە کێشەی بەنزین لە هەرێمی کوردستان باس بکرێت لە پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و غاز لە هەرێمی کوردستان، ئەم یادداشتەمان بە دەست گەیشتووە، پێویستمان بەوەیە کە لەگەڵ حکومەت کاتێکی گونجاو لە حەفتەی داهاتوو دابنێین، بۆ ئەوەی ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و غاز بێتە پەرلەمانی کوردستان، لێرە گفتوگۆ لەسەر بابەتی بەنزین بکەین، یادداشتێکی تریشمان بە دەست گەیشتووە داوای کۆبوونەوەی پەرلەمان

دەکەن، بە ئامادەبوونی وەزیری سامانە سروشتییەکان، کە دیسان ئەوە ئەم یادداشتەشمان ئاراستەی حکومەت کردووە تا کاتێکی گونجاو دابنێن لە هەفتەی داهاتوو و لە دانیشتنەکانی دەستپێکی هەفتەی داهاتوو کاتێك دابنێن بۆ قسە کردن لەسەر کێشەی بەنزین لە هرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی وەزیری پەیوەندیدار، هیچ یادداشتێکمان لە لایەن فراکسیۆنەکانی پەرلەمان بە دەست نەگەیشتووە، داوای ئەوە بکات کە دانیشتنی پەرلەمان یان برگەیەکی دانیشتنی ئەمڕۆ، دەستپێکی خولی گرێدانی ساڵی یەکەم،خولی چوارەم تەرخان بکەین بۆ ئەوە بە بێ ئامادەبوونی وەزیری مەعنی، بۆیە بۆخۆتان داواتان نەکردووە بخرێتە بەرنامەی کارەوە، ئەوەی بیرۆکەی هەیە پێویست دەکات بە شێوەی نووسراو بیرۆکەکە تەسلیمی دەستەی سەرۆکایەتی بکات، دەستەی سەرۆکایەتی ئەتوانێ بیرۆکەکەی بخاتە دوای ئەوەی کە بەرنامەی کار تەواو ئەبێ، بیرۆکەکە باسی لێوە بکرێت، بەڵام بەرنامەی کار ڕێ و شوێنەکانی دیارە، چۆن دەستکاری لە بەرنامەی کاردا ئەکرێ؟، چۆن ئیزافە لە بەرنامەی کاردا ئەکرێ؟، ڕێ و شوێنەکانی لە پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمانی کوردستاندا دیارە، بۆیە ئێستا دەستدەکەین بە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، دوایی کە هاتینە سەر کۆتایی بەرنامەی کار دەرفەت ئەدەین بیرۆکەکان بخرێنە ڕوو، بە تایبەتی ئەوانەی کە یادداشتیان هەیە لەو بارەیەوە، تکایە نوقتەی نیزامی نییە، قسەکانتان زۆربەی نوقتەی نیزامی نییە، لە دەرەوەی پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمانە، بەڵێ کاك ئەبو کاروان.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس( ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەو ڕایەم، ناکرێت هونەرمەندێك دەستکاری سروودی (ئەی رەقیب) بکات، پەرلەمانی کوردستان پابەند بێت پێوەی، ئەمە دووبارە نەبێتەوە و کارێکی نا یاساییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەصڵەن کاك ابو کاروان مارشی نەتەوەیی ئەی رەقیب بە پێی یاسا ڕێك نەخراوە، بۆیە لە لایەن هونەرمەندانەوە وتراوەتەوە و لە لایەن هونەرمەندانەوە نووسراوەتەوە و مۆسیقای بۆ دانراوە، بە شێوەی جیا جیاش مۆسیقای بۆ دانراوە، ئێمە لێرە لە پەرلەمانی کوردستان سێ مارشی جیای ئەی رەقیبمان بۆ هاتووە، بۆیە هیچ گرفتێك نییە لەو ڕووە، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوێنی ئێمە لەگەڵ هاوڕێم کاك ڕابوون بە تەلەفۆن پەیوەندیمان بەجەنابتەوە کرد، بەپێی ماددەی ( ٥٤) ئەڵێت سەرۆکی فراکسیۆنی پەرلەمان ئەتوانێت و مافی هەیە، بەر لە (٢٤) کاتژمێر لە بەستنی دانیشتنەکە بابەتێکی تازە بخرێتە بەرنامەی کارەوە، بەمەرجێك بابەتەکە گشتی و لەناکاو بێت، بەنزین لەناکاو بە پەلەیە، کێشە هەیە، پەیوەندیمان بە بەڕێزتەوە کرد، بەڵام بەداخەوە لەبەرنامەی کار نەمانبینی، نەشنووسراوە بەنووسراو بابەتەکە، ئەڵێت ئەتوانێت داوا بکات، ئێمەش بە تەلەفۆن داوامان لەجەنابت

کرد، هەروەها پشتگیری ئەو داوایەی بەڕێز کاك ئومێد خۆشناو ئەکەم، کە سروودی ئەی ڕەقیب سروودێکی نیشتمانییە، پێویستە بەو شێوەی کە هاتووەو موتەبەعە دەستکاری نەکرێت و دەستکاری کردنیشی بەکارێکی هەڵەی ئەزانم، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك هەورامان، فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی مادام باسی یاسا کرا، پەرلەمانی کوردستان سروودی ئەی ڕەقیب بەچ یاسایەك، لە چ ڕۆژێکدا دەرچووە؟، پێمان بڵێن، ...

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە دانیشتنەکە مەبەن بە لاڕێدا، دانیشتنی ئەمڕۆمان هیچ پەیوەندی بە سروودی ئەی ڕەقیبەوە نییە، مارشێکە لێ دراوە، ئەم سرووده تا ئێستا بە یاسا ڕێك نەخراوە، هونەرمەندی جیا ئەم سروودەیان وتووەتەوە، خوێندوویانەتەوە، ئەم سرووده مۆسیقای بۆ دانراوە، لەبەر ئەوە گرفتێکی ئەو تۆ نییە ئێستا مامۆستا عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێك ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەکەم، دیارە قەیرانی ئەم مەسەلەی بەنزینە سێ، چوار ڕۆژە خۆمان دەزانین نرخێك دیاری کرا، لە هەموو شەقام و کۆڵانەکان، لە شارو شارۆچکەکان خەڵك ڕژانە سەر شەقام، بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەگەر فراکسیۆنەکان ئاراستەی سەرۆکایەتی نەکردووە، بۆ سەرۆکایەتی خۆی نەیخستە بەرنامەی کارەوە، ئەمە یەکەم، دووەم: ئێمە وەك فراکسیۆنی گۆڕان سێ ڕۆژە یاداشتێکمان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، کە بڕگەیەك لە بڕگەکانی بەرنامەی کاری یەکەمین دانیشتن لەدوای دەست پێکردنەوەی دانیشتنەکان لە ڕاستیدا تایبەت بکرێت بە کێشەی سووتەمەنی بەتایبەت بەنزین، کە ئێستا بمانەوێت یان نەمانەوێت بووە بە کێشەیەکی گەورە لە وڵاتدا، ئێمە لێمان تێك نەچێت، نمایندەیی خەڵکی کوردستان دەکەین، خەڵکی کوردستان بەشێکی زۆری ئێستا گەورەترین کێشەی بووە بە کێشەی بەنزین و سووتەمەنی، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا ڕابوون، فەرموو.

**بەڕێز ڕابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیوادارین دانیشتنەکە بە هێمنی و بە ئارامی بەگوێرەی بەرنامەی کاری پەرلەمان بڕوات، ئەو برادەرانەش کە بیرۆکەیان هەبوو ناوی خۆیان نووسی، بەشێکی زۆری قسەکانیان قسەی هاوسەنگ و مەعقولن، من تکا ئەکەم با بەرنامەی کار دەست بکەین بەجیبەجێ کردنی و بەئارامی بەردەوام بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئاواز خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاواز جەنگی برهان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەسەر سرودی ئەی ڕەقیب قسەم هەیە، ڕاستە سروودی ئەی ڕەقیب بە یاسا ڕێك نەخراوە، بەڵام وەکو عورفێك لەهەرێمی کوردستان بەهەزارەها ڕۆڵەی ئەم خاکە لەژێر سروودی ئەی ڕەقیب و ئاڵای کوردستان شەهید بووەو خوێنی ڕژاوە، دەرئەنجامەکەشی پەرلەمانی کوردستانە، لەبەر ئەوە من پێم وایە هونەرمەندێك بەهیچ شێوەیەك بۆی نییە دەستکاری ئەو سرووده بکات، بەکەیفی خۆی بیشێوێنێت، خەڵك ڕێزی بۆ دانەنێت و لەبەری هەڵ نەسێت، لەبەر ئەوە هیوادارم ئەمجارە سروودی ئەی ڕەقیب وەکو خۆی لێ بدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاواز خان بەڕێزت وەك ئەندامی پەرلەمان و هەر فراکسیۆنێکیش ئەیەوێت ئەتوانێت، پرۆژە یاسایەك پێشکەش بکات بۆ سروودی نیشتمانیی کوردستان بۆ ئەوەی لەم گرفتە ڕزگار بین، هەر ڕۆژەو سروودێك بەشێوەیەك نەوترێتەوە، دواین موداخەلە، لەفراکسیۆنی زەرد بۆ ئەوەی قسەکان تەواو بێت، کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان احمد نعمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاواز خان قسەکانی کرد، بەڵی سروودی ئەی ڕەقیب بەپێی عورف لەهەرێمی کوردستان تەسبیت بووە، ئەگەر نەص لەیاساشدا نەبوو ئەوە عورف مەصدەرە، بۆیە لە عورفی وەرگرتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، خوشك و برایانی خۆشەویست.

بەناوی دەستەی سەرۆکایەتیەوە پیرۆزبایتان لێدەکەم بۆ دەسپێکردنی خولی گرێدانی ساڵی یەکەمی خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان.

بەڕێزان ئێمە لەکاتێکدا دەست دەکەینەوە بە خولی گرێدانی پەرلەمان کە هەرێمی کوردستان بە بارودۆخێکی هەستیاردا تێپەڕدەبێ، وەك ئاگادارن لەدوای ١٠ی حوزەیرانی ئەمساڵەوە عێراق و هەرێمی کوردستان بەهۆی پەلامارەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە پێی ناوەتە دۆخێکی مەترسیدار، جگە لە

تاوانی جینۆسایدی ئیزیدیەکان، بەهەزاران خەڵکی بێ تاوان لە مەسیحی و شەبەك و کاکەیی ئاوارەی شاروشارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان بوون، ئەمەش ئەرك و بارگرانییەکی گەورەی بۆ حکومەت و گەلەکەمان دروست کردووە.

لێرەوە بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەو بارودۆخە ناهەموارەی ئابووری کوردستان بکەم، کە دەرهاویشتەی گەورەو بارگرانی زۆری بۆ سەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان دروست کردووە، لە سەرووی هەمووشیانەوە قەیرانیی دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەران و وەستانی پرۆژەکانی ئاوەدانی و پەکخستنی بازارو قەیرانی سووتەمەنی، کە نابێ لەوە زیاتر درێژە بکێشێت، و دەبێ هەرچی زووترە حکومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزێتەوەو دڵنیایی بەخەڵك بدات کە دۆخەکە کاتییەو درێژە ناکێشێت، بەتایبەتی ئێستا قەیرانی بەنزین لەهەرێمی کوردستان پەرەی سەندووە و نرخی بەنزین و چۆنیەتی دەستکەوتنی هێندەی تر هاووڵاتیانی هەرێمی نیگەران کردووە، پێویستە حکومەت لە هەر بڕیارێك کە دەیدات شەفافانە کێشەو گرفتەکانی لەگەڵ گەلی کوردستان باس بکات، چۆنیەتی چارەسەری کورت ماوەو دوور مەودای بخاتە ڕوو، بۆ ئەوەی متمانە لە نێوان حکومەت و هاووڵاتیان دروست بێت.

لەم ڕووەوە بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین، بەناوی خۆم و سەرۆکایەتی و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە سوپاسی خۆڕاگری خەڵکی کوردستان بکەم، کە سەرەڕای دواکەوتنی مووچەو ناهەمواری بارودۆخی ئابوورییان، بە هەستێکی بەرزی نەتەوەییەوە پشتیوان و پەرۆشی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوون، بەتایبەتیش لە ڕێگەی کۆکردنەوەی کۆمەك بۆ برا پێشمەرگەکانمان و چوونە بەرەکانی جەنگ وەك هێزی پشتیوانی لە پێشمەرگەی کوردستان.

لێرەدا بەتایبەتی سوپاسی تایبەتی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دەکەم، لەو پێناوەدا وەك پێزانینێکی ڕەمزی بۆ ئەرك و ماندووبوون و خۆڕاگرییان بە فەرمی سوپاسنامەیەکی تایبەت ئاراستەی سەرجەم فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دەکەین.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان..

سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بە پێویستی دەزانێ لەم خولەی گرێدانەدا لەبواری یاسادانانددا ئەولەویەت بدات بە کۆمەڵێك بابەت کە کاریگەری زۆریان هەیە بۆ سەر ژیانی خەڵك و باشتر کردنی سیستمی بەڕێوەبردن لەهەرێمی کوردستان لەوانە:-

یەکەم: هەموارکردنەوەی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بۆ دروستکردنی سازانی نیشتمانی لەسەری، ڕێگە خۆشکردن بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەسەر ئەو پڕۆژە دەستوورە.

دووەم: بەدامەزراوەیی کردنی کەرتی وزە لە هەرێمی کوردستان، لەڕێگەی دروستکردنی سندوقی داهاتە نەوتییەکان و دەستکردن بە دروستکردنی کۆمپانیا نیشتمانییەکانی بواری وزە.

سێیەم: ڕێکخستنەوەی سیستمی دادوەری لەهەرێمی کوردستان، لەڕێی هەموارکردنی یاسای دەسەڵاتی دادوەری و پەسەند کردنی پڕۆژە یاسای داواکاری گشتی.

**چوارەم: دروستکردنی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لەهەرێمی کوردستان.**

**پێنجەم: ڕێکخستنی سیستمی مووچەو خانەنشینی لەهەرێمی کوردستان و بیمەی بێکاری و تەندروستی، هەروەها پێداچوونەوە بە خانەنشینەکان بەجۆرێك دادپەروەری تێدا ڕەچاو بکرێت.**

**لەبواری چاودێری کردنیشدا، پەرلەمانی کوردستان لەم خولەدا بەم کارانە هەڵدەستێت:**

**یەکەم: بەدواداچوونی بڕیارەکانی پەرلەمان بۆ ڕێکخستنەوەو یەکخستنەوەو بە پیشەیی کردنی هێزە چەکدارەکان، لە پێشەوەیشدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان و باشکردنی گوزەران و مووچەو چەك و تەقەمەنی و ڕاهێنانیان بەشێوەیەکی وا کەبتوانن ڕووبەڕووی هەر هەڕەشەیەك ببنەوە کە دووچاری هەرێمی کوردستان دەبێتەوە.**

**دووەم: بەدواداچوون و لێپرسینەوە لەبەهەدەردانی سامانی گشتی، لەڕێگەی کاراکردنی دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی دەستپاکی و لیژنەی دەستپاکی پەرلەمان، لە پرسی خانەنشینی چینە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان.**

**سێیەم: چاودێری کردنی پرۆسەی دانوستانەکانی نیوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەند لە بەغدا.**

**بەڕێزان ......**

**لەکۆتایدا بە گرنگی دەزانم ئەوەتان بۆ دووبارە بکەمەوە، کە کارکردنی ئێوە لە هەل و مەرجێکدایە کە هەرێمی کوردستان بەگشتی و باروگوزەرانی خەڵکەکەی بە دۆخێکدا تێپەڕ دەبێت کە زۆر سەخت و دژوارە، بۆیە دەبێ هەموومان بە گیانی بەرپرسیارێتیەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، بە پێویستی دەزانم کارو ماندووبوونی ماوەی ڕابردووتان بەرز بنرخێنم، ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان بە هەوڵ و ماندووبوون و شەو نخوونی ئێوە بووەتە جێگەی ئومێدێکی گەورە بۆ خەڵکی کوردستان، بە توندی ئیدانەی هەندێك ڕەفتار و وشەی نابەجێ و ناشایستەی کەسانی نا بەرپرس دەکەین، کە دەرحەق بە ئەندامانی پەرلەمان ئەنجامیان داوە.**

**خوای گەورە پشتیوانی هەموو لایەکمان بێت.**

**بەڕێزان ئێستا دەچینە بڕگەی سێیەمی بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان کە بریتیە لە خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پڕۆژە یاساو بڕیارانەی خوارەوە بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.**

١- **پڕۆژە بڕیاری جینۆسایدی شنگال و دەوروبەری.**
٢- **پڕۆژە بڕیاری بەجینۆساید ناساندنی کارەساتی شنگال.**
٣- **پڕۆژە بڕیاری دانانی ئەو تاوانەی کە دەرحەق بە گەلی کورد و کوردانی ئیزیدی ئەنجامدراون بەتاوانی کۆمەڵکوژی.**
٤- **پڕۆژە یاسای هەمواری یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩.**

٥- پڕۆژه یاسای پاراستنی ماف پێکهاته نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبییەکانی لەهەرێمی کوردستان – عێراق.

٦- پڕۆژه یاسای پەروەردەو خوێندن.

داوا لەسەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی دەکەین بێنە سەر مەنەصە، بۆ دەستپێکردن بە بڕگەی سێیەم لەبەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان، وحیدە خان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز وحیده یاقۆ هرمز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابێ تە ل وتاری خۆ سوپاسی هەمی فەرمانبەرێت هەرێمی کوردستانی کر، بەس مەفروزە سوپاسێکی تایبەت بۆ وزارەتا پەروەردە و مامۆستا و قوتابخانا بکرێت، چونکە ب دەرەجە ئێکێ قوتابخانا خزمەت کاری و هاریکاریا هەمی ئاوارە بوون و قوتابخانا جێگا هەمی ئاوارەکان بوونە، مامۆستا پێ ڕابوونە خزمەتا ئاوارا بکات، زیادەتر ژ هەمی فەرمانبەرێ دی، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لەڕاستیدا فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لەماوەی ڕابردوو، باروگوزەرانی ژیانیان زۆر خراپ بووە، بەتایبەتی بەهۆی دواکەوتنی مووچەوە لەهەمان کاتدا، فەرمانبەرانی هەموو وەزارەتەکانی تریش هەمان شێوەی وەزارەتی پەروەردە بوون، سەرەڕای ئەو بارودۆخە خراپەی لەهەرێمی کوردستان هەیە، بەتەنگەوە بوون، بەتایبەتی فەرمانبەرانی وەزارەتی تەندروستی، دامودەزگا خۆجێییەکان کە بەدەم ئاوارەکانەوە بوون و خزمەتیان کردوون، سەرەڕای سەرجەم هاووڵاتیانی کوردستان، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی پەیڕەو پێویستە بەرنامەی کارو ئەو ئەوراقانەی کە ئەدرێت بە ئەندام پەرلەمان لە سندوقەکانمان هەبێت، من سەیری سندوقی خۆم کرد هیچی تێدا نەبوو، داواکارم لە بەڕێزتان و لە ئیدارەی پەرلەمان ئەو هەڵەیە دووبارە نەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەسەرچاو بەدواداچوونی بۆ ئەکەین پێم وابێت سندوقی ئەندامانی پەرلەمان بەرنامەی کاری تێدا بووە، بەڵام ئەگەر ئەوەی جەنابت تێیدا نەبووە، ئەوە بەدواداچوونی بۆ ئەکەم، سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پـڕۆژە بڕیـاری یەکـەم جینۆسـاید کردنـی شـنگالە، کـە لەلایـەن ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلەمانـەوە پێشکەش کراوە، ئەم پڕۆژە بڕیارە لە ١١ بڕگە پێك دێت، لەگەڵ هۆیـەکانی دەرچـوواندنی، نـاوی ئەنـدامانی پەرلەمان ئەوانەی کە واژوویان کردووە ئەمانەن:

١- سالار محمود.

٢- صالح فقێ.

٣- خلف احمد.

٤- قادر ئۆتمان.

٥- مریم صمد.

٦- تەلار لطیف.

٧- د. عزت صابر.

٨- دلێر مصطفی.

٩- گەشە دارا.

١٠- د. ڕێواز فائق.

١١- سعید محمد.

١٢- ئاواز جنگی.

١٣- زانا عبدالرحمن.

١٤- فەرهاد سەنگاوی.

١٥- سەرکەوت سەرحەد.

١٦- عباس فتاح.

١٧- محمود حاجی.

١٨-ئێڤار ابراهیم

١٩-شێرکۆ حەمە امین

٢٠-زولفا محمود

٢١-ماجد بازرگان

٢٢-محمد سعدالدین

٢٣-یروانت نیسان

٢٤-سۆران عمر

٢٥-سرود سلیم

٢٦-علی حەمە صالح

٢٧-علی علی هالۆ

**٢٨-دڵشاد شعبان**

**٢٩-شێرکۆ جودت**

**٣٠-صالح بشار**

**٣١-محمد علی یاسین**

**٣٢-نجیبة لطیف**

**٣٣-مدینه ایوب احمد**

**٣٤-شکریه اسماعیل**

**٣٥-انس محمد شریف**

**٣٦-فیرۆز طه عبدالخالق**

**٣٧-پەروا علی**

**٣٨-د. شوان قەڵادزەیی**

**٣٩-کەژاڵ هادی**

**٤٠-د. ابراهیم احمد سمۆ**

**٤١-بێستون فائق**

**٤٢-ایوب عبدالله**

**٤٣-وحیده یاقۆ**

**٤٤-عمر عینایەت**

**٤٥-منیرة عثمان**

**٤٦-قارەمان قادر**

**٤٧-عباس غزالی**

**٤٨-رۆزا محمود**

**٤٩-منی نبی قهوەچی**

**٥٠-ئایدن معروف**

**٥١-بەهار عبدالرحمن**

**٥٢-عادل عزیز**

**٥٣-عمر صالح**

**٥٤-دکتۆره جوان اسماعیل**

**٥٥-هێڤا حاجی میرخان**

**داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە ئەم پرۆژە بڕیارە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار بکەن.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پرۆژە بڕیارە ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی پێشمەرگەو شەهید و جینۆساید و لیژنەی مافەکانی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان دەکەین.

**بەڕێز د. ڤالاً فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە بڕیاری دووەم پرۆژە بڕیاری بە جینۆساید ناساندنی کارەساتی شنگالە، ئەم پرۆژە بڕیارە لە ٨ ماددە پێکهاتووە، هۆیەکانی دەرچوواندنی بڕیارەکەشی لەگەڵ دایە، لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، کە ئەوە ناوەکانیانەو واژوویان لەبەرامبەر ناوەکانیان کردووە،

١- د. شێرکۆ حەمە امین

٢- زولفا محمود

٣-عمر عینایەت

٤- منیرە عثمان

٥- بێستون فائق

٦- پەروا علی

٧- ئێڤار ابراهیم

٨- جوان اسماعیل

٩- برزۆ مجید

١٠- ایوب عبدالله

١١- سۆران عمر

١٢- شکریە اسماعیل

١٣- فائق مصطفى

١٤- علی حەمە صالح

١٥- رۆزا محمود

١٦- حسن صالح

داوا لە بەڕێزتان دەکەم کە ئەو پرۆژە بڕیارەش ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پرۆژە بڕیارە بەهەمان شێوە ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی پێشمەرگەو شەهید و جینۆساید و لیژنەی مافەکانی مرۆڤ دەکەین.

**بەڕێز د. ڤالاً فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە بڕیاری سێیەم بریتییە لە دەرکردنی بڕیارێك بۆ گرتنەبەری ڕێ و شوێنی گونجاو سەبارەت بە کارەساتی مرۆیی کوردانی ئێزیدی و برا مەسیحیەکان، ئەو پرۆژە بڕیارە لە ٧ بڕگە پێکهاتووە، هۆیەکانی دەرچوواندنیشی لەگەڵ دایە، لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، کە لە بەرامبەر ناوەکانیان واژوویان کردووە، بەمشێوەیەی خوارەوە:

١- شامۆ شێخۆ
٢- وحیدە یاقۆ
٣- د. ابراهیم احمد سمۆ
٤- ئومێد عبدالرحمن
٥- محمد علی
٦- شوان شێخ احمد
٧- سیراج شێخ احمد
٨- صالح بشار اغا
٩- بەیار طاهر دۆسکی
١٠- محمد صادق سعید
١١- شیلان جعفر علی
١٢- مدینە ایوب
١٣- فرحان جوهر قادر
١٤- ناظم کبیر محمد
١٥- هیڤا حاجی میرخان

داوا لە بەڕێزتان دەکەم کە ئەو پرۆژە بڕیارەش ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پرۆژە بڕیارە بەهەمان شێوە ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی پێشمەرگەو شەهید و جینۆساید و لیژنەی مافەکانی مرۆڤ دەکرێت.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای چوارەم بریتیە لە پرۆژەی هەموار کردنی یاسای سزادانی عیراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، ئەم پرۆژە یاسایە لە یەك مادده پێك دێت لەگەڵ هۆکاری دەرچوواندن ئەمەش ناوی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی پێشکەشکاری پرۆژە یاساکەیە،

١- هێڤا حاجی میرخان
٢- ئاری هەرسین

٣- مدینه ایوب

٤- زۆزان صادق

٥- ڤیان عباس

٦- دکتۆره شیرین حسنی

٧- حیاة  مجید

٨- شوان شێخ احمد

٩- سیراج شێخ احمد

١٠- مەردان خدر

١١- امنه زکری

١٢- وحیده یاقۆ

١٣- عباس غزالی

١٤- انس محمد شریف

١٥- تحسین اسماعیل

١٦- شیلان جعفر

١٧- جعفر ابراهیم

١٨- ابراهیم احمد سمۆ

١٩- د. ڤالاْ فرید

٢٠- ئومێد خۆشناو

داوا لە بەڕێزتان دەکەم کە ئەو پرۆژە بڕیارەش ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمانی کوردستان دەکرێ، نوقتەی نیزامیت هەیە پەروا خان؟ فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرۆژە یاسای جینۆسایدی شنگال، پێم وایە لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی یەکێکە لەو لیژنە پەیوەندیدارانەی کە بەڕێزتان ئاراستەتان نەکرد.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە پەیوەندی بە جینۆسایدناساندنی ئەو پرسە هەیە.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، بەڵام کاری تێدا کردووە، پەیوەندییەکی زۆر هەیە لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوەکانی تر، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرۆژە یاسای سێیەم کە پرۆژە بڕیاری دانانی تاوانی دەرحەق بە گەلی کوردە، وەکو خۆی نەهاتووە لە پرۆژە بڕیارەکە کە پێشکەش کرایە، باس لەوە دەکات کوردانی ئێزیدی و ئاینی مەسیحی و پێکهاتەکانی تری بەجینۆساید ناسێندرانە، بەڵام لێرە تەنها باس لە کوردانی ئێزیدی کراوە، پرۆژە بڕیارەکە وەکو خۆی لە بەرنامەی کرا داخیل نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێم وابێت سەرجەم ئەو پرۆژە بڕیارانە بەپێی ئەو ناونیشانانەی بۆمان هاتوون، بەپێی ئەوە خراونەتە بەرنامەی کارەوە، ئەوەتا ئەوە ناونیشانی پرۆژەکەیە کە جەنابت باسی دەکەی، بڕیاری دانانی ئەو تاوانەی کە دەرحەق بە کوردانی ئیزیدی ئەنجام دراون، بە تاوانی کۆمەڵکوژی جینۆساید، فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د. بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای پێنجەم کە پێشکەش کراوە بریتییە لە پرۆژە یاسای پاراستنی مافی پێکهاتە نەتەوەیی و دینی و مەزهەبیەکان لە هەرێمی کوردستان، ئەم پرۆژە یاسایە لە ١٦ مادده پێکهاتووە لەگەڵ هۆکارەکانی دەرچوواندن و، لەلایەن ژمارە یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە کە ئەمە ناوەکانیانە:

١- د. عبدالله جاسم
٢- زۆزان صادق
٣- د. شیرین حسنی
٤- ناظم کبیر
٥- مدینە ایوب
٦- عباس غزالی
٧- مەردان خدر
٨- فیروز طە
٩- فرحان جوهر
١٠- د. ڕێواز فائق
١١- یروانت نیسان

١٢- وحيده ياقۆ
١٣- لينا عزريا
١٤- ئاواز حميد

داوا له بەرێزتان دەكەم ئەم پرۆژە یاسایەش ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەكان بكەن.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی كاروباری یاسایی و لیژنەی مافەكانی مرۆڤ دەكرێت.

**بەرێز د. بەهار محمود:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای شەشەم كە پێشكەش كراوە، بریتییە لە پرۆژە یاسای پەرەوەردەو خوێندن ئەم پرۆژە یاسایە لە (١٩٦) ماددە لەگەڵ هۆكارەكانی دەرچوواندن پێكدێت لەلایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە كە ئەمە ناوی بەرێزیانە:

١- امنه زكری
٢- جعفر ابراهیم
٣- د. سیراج احمد
٤- عباس غزالی
٥- زۆزان صادق
٦- تحسین اسماعیل
٧- وحیده یاقۆ
٨- دكتۆره شرین حسنی
٩- شوان شێخ احمد
١٠- حیاة مجید
١١- د. ابراهیم احمد سمۆ
١٢- مدینه ایوب
١٣- مەردان خدر
١٤- د. ڤالا فرید

داوا له بەرێزتان دەكەم ئەم پرۆژە یاسایەش ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەكان بكەن.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنـەی پـەروەردەو خوێنـدنی بـالاَ و توێژینـەوەی زانسـتی، لیژنـەی کاروبـاری یاسایی لە پەرلەمانی کوردسـتان دەکرێـت، زۆر سـوپاس بـۆ دەسـتەی سـەرۆکایەتی لیژنـەی یاسـایی فـەرموو دەتوانن بچنەوە جێگای خۆتان، فەرموو کاك فائق.

**بەڕێز فائق مصطفى رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە پێشتریش دەستم بەرز کردەوە، بەلاَم دەرفەت نەبوو، من پێشـنیارێکم هەیـە، ڕاسـتییەکەی کۆمـەڵێك پێشـنیار و بیرۆکـە سـەبارەت بـە کێشـەی سـووتەمەنییە، دیـارە بـەهۆی ئـەو کێشـەیە نەکرێتـە قوربـانی موزایەدە، من پێشنیار دەکەم سەرۆکی فراکسیۆنەکان لەگەڵ لیژنەی پەیوەندیدار کە لیژنـەی پیشەسازی و وزە و سامانە سروشـتییەکانە، هـەموو پێشـنیار و بیرۆکـەکان یـەك بخـەن بـەناوی پەرلەمانـەوە پێشکەش بکرێت و ، گفتوگۆی لەسەر بکرێت، بۆئەوەی ئەو کێشـەیە نەخرێتـە موزایـەدەی چوارچێوەی سیاسـییەوە، چونکە هەمیشە هەر بابەتێك خزایـە چوارچـێوەی موزایـەدەی سیاسـییەوە خەڵکەکە دەبێـت بـەقوربانی و ئەو کێشەیە چارەسەر ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس پێش ئەوەی کاك عمر دەرفەتتان بدەم، کاك ابوبکر دەزانم جەنابتانیش دەبینم، بەڕێزان دەتـانبینین دەستتان بەرز کردوەتەوە، ئەو بابەتە بابەتێکی هەستیارە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان، بەداخەوە یەکێکـە لەو تەنگژە هەرە سەرەکییەکانی ئێستای هەرێمی کوردسـتان، کـە بووەتـە مەسـەلەی نرخـی بـەنزین، گـران بوونی نرخی بەنزین، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی رابردوو خۆتان دەزانـن کـە وەزیـری سامانە سروشـتییەکان ئامـادەبوو لـە پەرلـەمان، بـە ئامـادەبوونی ئـەو گفتوگۆیـەکی دوورودرێـژ لەسـەر مەسـەلەی بەنزین ئەنجامدرا، چەند دانیشتنێکیش لەنێوان لیژنەی وزەو سامانە سروشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان و لیژنەی هەرێمی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا، بۆ قسە کردن لەسەر ئەم بابەتە ئەمەوێت لێـرەوە بـەناوی ئێـوەش لەپەرلـەمانی کوردسـتان ئـەوە بـۆ خـەڵکی هـەرێمی کوردسـتان ڕابگەیـەنین، کـە مەسەلەی دیاریکردنی نرخی بەنزین بەهیچ شێوەیەك لە زمنی ئیختساساتی پەرلـەمانی کوردسـتان نییـە، پەرلەمانی کوردستان بەهیچ شێوەیەك مەعنی نییە بە بەرزبوونەوە یان داگرتنی نرخی بەنزین، لە ماوەی رابـردووش هـەر قسـەیەك لـەم بارەیـەوە کرابێـت، لەلایـەن هەرکەسـێکەوە کرابێـت، چ لـە حکومـەت، چ لـە پەرلـەمانی کوردسـتان قسـەیەکی هەڵـە بـووە، ئێمـە لـە پەرلـەمانی کوردسـتان دەسـەڵاتی چـاودێریکردنی حکومەتمان هەیە، هەر بابەتێك کە لەلایەن حکومەتەوە ئەنجام دەدرێت ئێمە بەدڵمان نییە لـە پەرلـەمانی کوردستان، ئەندامانی پەرلەمان پێیان باش نییـە ئـەوە دەتـوانن لـە ڕێگـای پرسـیارەوە، لـەڕێگای بانگهێشـت کردنـی وەزیـری پەیوەندیـدار بـۆ پەرلـەمانی کوردسـتان و، دروسـتکردنی گفتوگـۆ لەسـەر ئـەو بابەتـە لـە پەرلەمانی کوردستان، ڕای پەرلەمانتاران بگەیەنرێتە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن، لە سیستەمی دیموکراسیدا بنەمایەکی زۆر گرینگ هەیە، کە لە هەموو سیستەمە دیموکراسییە پێشکەوتووەکاندا ڕەچاو دەکرێـت، کـە

ئـەویش بریتییـە لـە بنـەمای جیاکردنـەوەی دەسـەڵاتەکان، حکومـەت پێویسـت دەکـات ئیشـی خـۆی بکـات، بەرپرسیارێتی ئیشی خۆی بێ، بەڕاستی من لە وتارەکەدا ئاماژەم بەوە دا کە لەمەدا حکومەت کەمتەرخـەم بووە، لەوەی ئەو بڕیارانەی کە دەیدات، ئـەو کێشـەو گرفتانـەی کـە هەیـەتی بەشـێوەیەکی شـەفاف لەگـەڵ خەڵکی کوردستان باسی نـەکردووە، بڕیـاردراوە ئینجـا ئەوکاتـە کاتێـك کـە ناڕەزایەتییـەکان دروسـت دەبـێ، حکومـەت یـان هەنـدێ لـە وەزیرەکـان ڕوونکردنـەوە دەدەن، پێویسـت بـوو حکومـەت لـەم قەیرانـە کێشـە و گرفتەکانی کە هەیەتی لەگەڵ خەڵکی کوردستان بەشێوەیەکی شەفافانە باسـی بکـات، کێشـەی دارایـی هەیـە پێویسـت دەکـات باسـی بکـەم بـۆ خـەڵکی کوردسـتان، خـەڵکی کوردسـتان وا بۆمـاوەی (٢) مـانگ دەڕوات مەعاشیشیان وەرنەگرتووە، بەڵام کە دەزانن قـەیرانێکی دارایـی لـە هـەرێمی کوردسـتان هەیـە ، قـەیرانێکی زۆر گەورە دروست نەبووە لەگەڵ ئەوەش کە ئەو هەموو ئاوارانەش ڕوویان کردووەتـە هـەرێمی کوردسـتان، لەگەڵ ئەوەی کە بارودۆخێکی سەخت لە هەموو ڕووەکانی ژیان هاتووەتە کایەوە، ڕەنگدانەوەی لەسەر بازاڕ هەیە، ڕەنگدانەوەی لەسەر پرۆژە خزکەتگوزاریـەکان هەیـە، بـەڵام خـەڵکی کوردسـتان تەفـەهومی ئـەوەیان کردووە، کە ئێستا لە تەنگژەیەکدایە، پێویست بوو حکومەت ڕوونکردنـەوە بدات، وەزیـرە پەیوەندیـدارەکان ڕوونکردنەوە بدەن بە خەڵك، کێشەکانیان چییە، چۆن چارەسەری دەکەن؟، لە کورت ماوە چۆن چارەسەری دەکەن؟، لە دوورماوە چۆن چارەسەری دەکەن؟، بەڵام مەسەلەی دیاریکردنی نرخ کە ئێستا بابـەتێك، ئەمـە بووەتە بابەتێك پەرلەمانی کوردستانی پێ تۆمەتبار دەکرێ، بـەهیچ شـێوەیەك لـە ئـەرك و دەسـەڵاتەکانی پەرلـەمانی کوردسـتاندا نییـە، ئێمـە چـاودێری حکومـەت دەکـەین، وەکـو باسـم کـرد پرۆسـەی چـاودێری کردنیش بەپێی پەیڕەوی ناوخۆیی پەرلەمانی کوردستان دیاریکراوە، من وەکو سەرۆکی پەرلەمان نا بـەڵکو وەکو پەرلەمانتارێك یان هەر لە پەرلەمانتارێك یان هەر فارکسیۆنێك سیاسـەتی حکومـەتییان بـەدڵ نییـە، سیاسەتی وەزیرێکی دیاریکراویان بەدڵ نییە، پێویست دەکـات پرسـیاری لـێ بکـەن، وەڵامـی پرسـیارەکە کـە گەڕایەوە ئەگەر بەدڵی نییە بڕواتە پرۆسـەی پرسـاندنەوە، پرسـاندن لـە وەزیـری دیـاریکراو، پرسـاندن لـە حکومەت ئەنجام بدرێت، ئەگەر بەدڵی نییە دەتوانێت پرۆسەی سەحبی سیقە لە حکومەت یان لـە وەزیـری مەعنی لە پەرلەماندا بڕوات بەڕێوە، بەڵام ئەمەی کـە پەرلـەمانتار بیـەوێ لـە بـاتی حکومـەت نـرخ دابنـێ تەدەخول کردنە لە پرسێك کە ئیشی پەرلەمان نییە و بەداخەوە ئەم کێشەیەشی بۆ پەرلەمانی کوردسـتان ئێستا دروست کردووە، ئەگەر هەر تێبینیەکتان هەیە دەتوانن ئاڕاستەی حکومەتی بکـەن، ئەگـەر هـەر بـە دڵیشتان نەبوو وەکو باسم کرد دەتوانن بڕۆنە ناو پرۆسەی چاودێری کردنەوە، سـەبارەت بـەم پرسـە وەکـو باسم کرد دوو یاداشت گەیشتووە، ئێمە لـە پەرلـەمانی کوردسـتان، لـە سـەرۆکایەتی پەرلـەمان یاداشـتێکیان داوە کـە ئەنجومـەنی هـەرێمی وزە بـانگ بکرێتـە پەرلـەمان و بـەئامادەبوونی ئـەوان قسـە لەسـەر گرفتـی سـووتەمەنی لـە هـەرێمی کوردسـتان بـە تایبـەتی گرفتـی بـەنزین و یاداشـتێکی تریشـیان لەلایـەن ژمـارەی یاسایی داوای گفتوگۆ کردن لەسەر ئەم پرسە دەکەن، بە ئامادەبوونی وەزیری پەیوەندار کە وەزیری سامانە سروشـتیەکانە، ئـەمڕۆ لەگـەڵ سـەرۆکی فراکسـیۆنەکان کۆبووینـەوە بـۆ باسـکردنی ئـەم بابەتـە، ئـەو دوو

یاداشته هەردووکی داوای ئامادە بوونی حکومەت دەکەن لە پەرلەمان، ئەمڕۆ نەماندەتوانی حکومەت لە پەرلەمان ئامادە بێ، بۆیە لە دانیشتنی سەرۆکی فراکسیۆنەکان باسمان لەوە کرد کە چۆن موعالەجەی ئەوە بکەین، ڕای سەرۆکی فراکسیۆنەکانیش ئەوە بوو کە ئەمە پێویستی بە دانیشتنێکی تایبەتی پەرلەمانی کوردستان هەیە، ڕاستە ئێستا کۆمەڵێك بیرۆکە خراوەتەڕوو، بەڵام من دیسانەوە پێموایە خستنەڕووی ئەو بیرۆکانەش کە سەرەڕای ئەوەی ئێمە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ دەرفەت دەدەینە ئەو بیرۆکانەش بخرێنەڕوو، بەڵام قەیرانەکە چارەسەر ناکات، قەیرانەکە وەکو خۆی دەهێڵێتەوە، چونکە ئەمە پێویستی بەوە هەیە وەزیری پەیوەندار، یان وەزیرە پەیوەندارەکانی حکومەت ئەوانیش بێن و لەبەردەم پەرلەمان دا و ئەندامانی پەرلەماندا قسەکانی خۆیان بکەن، بیرۆکەکان و پێشنیارەکانی خۆیان بخەنە ڕوو، حکومەتیش پێشنیار و بیرۆکە و فۆرمەکانی خۆی بخاتەڕوو، ئەو کاتە بۆ خەڵك ڕوون دەبێتەوە کە کێشەکە لە کوێدایە، کێ موقەسرە، ئەندامی پەرلەمان موقەسرن، وەزیر موقەسرە؟ یەك کەس موقەسر نییە، بارودۆخێکی تایبەت هاتۆتە کایەوە لە هەرێمی کوردستان، بۆیە لە دانیشتنی سەرۆکی فراکسیۆنەکان کە کردمان پێشی ئەم دانیشتنە و هۆکاری دواکەوتنی دانیشتنەکەی ئەمرۆشمان بوو، وا بە باش زانرا کە دانیشتنێکی تایبەتی پەرلەمانی کوردستان جارێکی تر ببێت بە پرسی وزە، بە تایبەتی بە پرسی بەنزین لە هەرێمی کوردستان، ئێمە هەوڵ دەدەین بە تەنسیق لەگەڵ حکومەت لە نزیکترین دەرفەتدا ئەو دانیشتنە ڕێك بخەین بۆ ئەوەی کۆی ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیدارە بە بەنزین لە دانیشتنێکی پەرلەماندا بۆ خەڵکی کوردستان ڕوون ببێتەوە، ئێستا نزیکەی (١٠) کەس داوای ئەوەی کردووە کە بیرۆکە بخاتەڕوو، ئەمرۆ گفتوگۆ لەسەر ئەم پرسانە ناکەین، چونکە لەبەرنامەی کاری پەرلەمان نییە، بەشێوەی یاساییش داوای ئەوە نەکراوە بخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە، وتوێژ لەسەر ئەم بابەتە هەڵدەگرین بۆ ئامادەبوونی وەزیری پەیوەندار، تکایە ئەوانەی دەستیان بەرز کردووەتەوە تەنها نوقتەی نیزامی، یەعنی ئیستناد بکەنە سەربڕگەیەك لە پەیڕەوی ناوخۆ، باسی بڕگەیەك لەپەیڕەوی ناوخۆ بکەن، بە پێی بڕگەی پەیڕەوی ناوخۆ نوقتەی نیزامی بگرن، ئەگەر نا ڕێگە نادەین، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی بڕگەی ٥٤ لە پەیڕەوی ناوخۆ من ڕۆژی ٢٠١٤/٧/٩ بیرۆکەیەکم باسکرد دەربارەی مەترسی لەسەر ئەو گەنمەی لە کوردستاندا هەیە، باسی ئەمەم بە تایبەتی لە پارێزگای سلێمانی کرد بڕەکەی ٢٠٠ هەزار تەنە، ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان داوایان کرد کە بەڕێز وەزیری بازرگانی و وەزیری کشتوکاڵ بێنە پەرلەمانی کوردستان، بەڵام تا ئێستا هیچ وەڵامێکمان بە دەست نەگەیشتووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەوەش جارێکی تر بەدواداچوونی بۆ دەکەین، تۆ خۆت دەزانی عوتڵەی پەرلەمانی بەسەردا هات، لە کاتی نەمانی خولی گرێدان، پرسیار دەوەستێ، دانیشتنی پەرلەمان دەوەستێ، بەڵام ئێستاش نەچووە بچێ دەتوانرێ وەزیری پەیوەندار بانگ بکرێتە پەرلەمان بۆ ئەو مەبەستە، د.عزت فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو ئیتفاقیەی فراکسیۆنەکان کردیان هەڵبەتە بەڕێزتان ڕەزامەندیتان دەبڕی کە ئەو ڕاپۆرتە دابەش بکرێ بەسەرجەم پەرلەمانتاران کاتی ئەوەشم پێ ببەخشن ڕاپۆرتەکەم بخوێنمەوە لەسەر ئەو بنەمایەی کە ٤٨ سەعات پێش ئێستا من ئەم ڕاپۆرتەم ئاڕاستەی بەڕێزتان کرد وەك بیرۆکەیەك، پەرلەمانتار مافی ئەوەی هەیە بیرۆکەکەی پێشکەش بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڵێ باشە، کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شعبان عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن وەکـو جێگـری سـەرۆکی لیژنـەی سـامانە سروشـتیەکان، بـە پێـی مـاددەی (٤٨) ی پـەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمان خاڵی (أ) داوای لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم مۆڵەتانـەی خـوارەوە دەکـەم لەسـەر لیژنەکـەی خۆمان، چونکە ئەم دوو بابەتە و زۆر شتی دیکەش هەن کە هەیبەتی پەرلەمانی خستۆتە ژێر پرسـیارەوە، بووەتە هۆی لە دەستدانی کاری پیشەیی پەرلەمان و پەرلەمانتاری، خاڵی یەکەم/ پشکنینی کواڵێتی بەنزین کاری پەرلەمانتار نییە، ئەگەر واش بێ دەبووایە لە ڕێگەی لیژنەیەکی کاتی ببووایـە بـە پێـی مـادەی (٤٨) بڕگـەی ب و مـاددەی (٤٩) خـاڵی ( ١ و ٢و ٣) ئینجـا ئەنجامـەکانی بەرچـاو خسـتەبا بـە پێـی مـاددەی (٥٠)، دووەم/ بە پێچەوانەی هەموو ماددەکانی پـەیڕەوی نـاوخۆ، یـاخود لـە هـیچ ماددەیـەکی پـەیڕەوی نـاوخۆ نەهاتووە وەکو جەنابت ئیشارەتت پێی دا کە پەرلەمان بچێ لەگەڵ حکومـەت نرخـی شمـەك و کـاڵا دیـاری بکەن، لێرەدا داوا دەکەم ئەوانەی بوونەتە هۆی ئەوەی کە لیژنەکە بەم کارە هەستن لەگەڵ حکومەت دیاری بکرێ یانیش ئەگەر میکانیزمێك هەیە بۆمان دیاری بکەن لەگەڵ ڕێزمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

دەتوانی یاداشتەکەت ئاراستەی سەرۆکایەتی بکەی بۆ تێروانینی، بەڕێز کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله(ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشتر کۆبوونەوەی سەرۆکی فراکسیۆنەکان لەگەڵ جەنابتان ئەنجام درابوو لـە دەسـتەی سـەرۆکایەتی، بەداخەوە ئەوەی پێی گەیشتین جێ بەجێ نەکرا لێرەدا، ئەگەر ئەو هەموو پەرلەمانتارە من دڵنیام بیرۆکە نییە، زۆربەی قسە کردنە لەسەر ئەم دۆخە، کە ئەمە مەعنیە بـە هـەموو لایـەکمان، هـەموومان قسـەی بـۆ

دەکەین، لەبەرئەوە ئێمە بڕیارمان دا پەرلەمانی کوردستان ئەمرۆ قسە بۆ قسە نەکات، ئەگەر نا قسە بۆ قسە بێ، لەڕاستی ئەگەر بە بڕیارەوە هەڵنەستین بە ڕاسپاردەوە هەڵنەستین لایەنی جێ بەجێ کاریش کە لێرە نەبێ، ئەوە جارێکی تریش بێ هەیبەت کردنی کاری پەرلەمانی کوردستانە، لەبەرئەوە هیوادارین ئەو ئیتفاقە جێ بەجێ بکرێ، تەنها ئەو بیرۆکەیەی کە د.عزت صابر کە پێشتر گەیاندوویەتی بە جەنابتان غەیری ئەوە گفتوگۆکان هەڵگرین بۆ ئەو کۆبوونەوە تایبەتە کە لەگەڵ ئەنجومەنی وزە دەکرێ، دووەم/ هەر بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ هیچ پەرلەمانتارێك بۆی نییە قسە لەسەر قسەی پەرلەمانتاری تر بکات، ئەویش دەرگایەکە دەکرێتەوە، کە بەڕێزت وەڵامی پەرلەمانتارێکت دایەوە حەقە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ دەرفەت نەدەی پەرلەمانتار قسە لەسەر قسەی پەرلەمانتار بکات، لەسەر هەر بابەتێ بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من ١٠٠٪ پشتیوانی لە هەموو ڕوونکردنەوە قانونیەکانت دەکەم لەسەر ئیشی پەرلەمان، لەسەر دیاری کردنی نرخ، لەسەر مەسەلەی مفاوەزات، قسەکانت زۆر زۆر لە جێگەی خۆیەتی و زۆر قانونییە، بەڵام ئیزافەیەکیشم هەیە و ئەویش ئەوەیە، لیژنەی سامانە سروشتییەکان بە بێ ئەوەی هیچ کەسێك بە هیچ دیاری کردنێکی هیچ لایەنێکی سیاسی لیژنەکە، کۆی لیژنەکە بە چ دەسەڵاتێك مفاوەزەی کرد و قسەی کرد، بێ هەیبەت کردنی خودی لیژنەکە، بێ هەیبەت کردنی هەموو پەرلەمانتارانە، لە هەیبەت دانی هەیبەتی هەموو پەرلەمنتارانە، دانیشتنی لیژنەی سامانە سروشتییەکان لەگەڵ حکومەت بۆ قسە کردن لەسەر دیاری کردنی نرخ واتای ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو نرخەی کاتی خۆی زیاد کرا ئێمە کردمان، لە کاتێك دا هەموو پەرلەمان ئەیزانی ئەو نرخە ئێمە نین و حکومەتە، تۆ جارێکی دەچی قسە لەسەر نرخ دەکەیتەوە شەرعیەت دەدەی بەوەی کە زیاد کردنی یەکەمیش ئێمە بووین، بۆیە بەڕاستی ئەم لیژنەیە لەژێر هەیبەت و دەسەڵاتی بەڕێزتانە کە سەرۆکی پەرلەمانن، بەڕاستی من پشتیوانی قسەکانی کاك دڵشاد دەکەم و کە خۆشی لەو لیژنەیەیە کە هەڤاڵانی ئێمەشی تێدایە، بەڕاستی کارێکی زۆر ناڕیکیان کردووە، ئێستا ئێمە وەك پەرلەمانی کوردستان لەبەردەم سێ ئەگەر داین، ١/ مۆڵەتێك بدرێتە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە زووترین کات موراجەعە لەم سیعرە بکاتەوە، کە پێویست ناکات باس لە هۆکارەکانی بکەم، با دوایی نەڵێن موزایەدەیە، ٢/ لیژنەی ئەنجومەنی نەوت وگاز بە بێ جیاوازی هەر پێنجیان بێنە پەرلەمانی کوردستان هۆکارەکان ڕوون بکەنەوە، نەگەیشتنە ئەنجامی ئەندامانی پەرلەمان دەبێ متمانەیان لێ وەربگیرێتەوە ئەو کاتە کابینەکە هەڵدەوەشێتەوە، چونکە بە پێی قانون سەرۆك و جێگر کە متمانەی لێ وەرگیرایەوە کابینە هەڵدەوەشێتەوە، ٣/ ڕازی بوون بەم نرخە لەلایەن ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان لەم سێ ئیختیارە زیاتر نییە لەبەردەمی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، بۆیە بەڕاستی جارێکی دیکەش

دەیلێیمەوە، دەبێ موراجەعە لە کاری ئەو لیژنەیە بکرێ لەسەر ئەم دانیشتن و موفاوەزاتانەی لەگەڵ حکومەت کردوویەتی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

باشە سوپاس، کاک سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا قسەکانی من برای بەڕێزم مامۆستا گۆران کردی، بەڵام هیوادارم جەنابت هەر بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەوەی ئیتفاقی لەسەر کراوە سەرۆکی فراکسیۆنەکان و جەنابیشت ئاگاداری بیرۆکە بێ و دەبێ لەبەردەست پەرلەمانتاران دابێ، ئەمە تەنها ئەو بیرۆکەیەی بەڕێز د.عزتمان لەبەردەست دایە کە پیاوێکی پیشەییە، کۆمەڵێك موقتەرەحاتی گرنگی تێدایە، ئەوە بخوێنرێتەوە و بابەتەکانی تر هەڵبگیرێ بۆ دانیشتنەکانی تر، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەرئەوەی کە بە ئیجحافێکی گەورەی دەزانم کە حوکم لەسەر لیژنەی پیشەسازی و وزە بدرێ لە جەلسەیەك دا کە هێشتا گوێی لێ نەگیراوە، بەڕاستی بە هەڵەیەکی گەورەی دەزانم کە ئاوها حوکم بدرێ، لیژنەی پیشەسازی وزە بەش بەحاڵی خۆم وەکو پەرلەمانتارێك داوا دەکەم لەو کۆبوونەوەی کە ئەنجومەنی باڵای نەوت و گاز ولیژنەی پیشەسازی و وزە ڕاستیەکان بخاتەڕوو بۆ ئەوەی کە تیایا دەرکەوێ کە ڕاستییەکان چۆنە ئێمە بە هیچ شێوەیەك تەدەخولمان لە دیاری کردنی نرخی بەنزین نەکردووە، بە ئەرکی پیشەیی سەد لە سەدی خۆمان هەڵساوین و ڕۆڵی پیشەیی خۆمانمان بینیوە، بۆیە هەر کاتێك پەرلەمانی بەڕێز پێویستی بە ڕوونکردنەوە بوو لەلایەن ئێمەوە، ئێمە ئامادەین و سەد لە سەد پشتیوانی لە پێشنیارەکەی کاك دڵشاد شعبان دەکەم، کاك گۆران ئازادیش، بەوەی کە پێویستە لیژنەیەکی تەحقیقی دابمەزرێ بۆ ئەوەی کە تەحقیق لەوە بکات بزانێ لیژنەی پیشەسازی و وزە ڕۆڵی خۆی بینیوە وەکێ موخالەفەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی کردووە لەناو لیژنەکە و لە کاروباری لیژنەکە؟ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیاره به پێی ماددەی ٥٤ كه دەڵێ نابێ هیچ بابەتێك بخرێته ڕوو یان گفتوگۆی بۆ بكرێ، ئەگەر له بەرنامەی كار دانەبێ، بۆیه لەوانەیه قسەكانی منیش نوقتەی نیزامی نەبێت، بەڵام ڕاستییەكەی ئەوەی كه گرنگه دانیشتنێك بكرێ چۆن ئێمه ئیش و كاروباری پەرلەمان بەرین بەڕێوه، ئەوەی كه ڕوویدا له مەسەلەی بەنزین پەیوەندی بە پەرلەمانی كوردستانەوەیه كشانەوەی پەرلەمان لەو بابەته بەهەر بیانوویەك بێ هەیبەت كردنی پەرلەمانه، مادام چووینەته ئەو بابەتەوه ئێمه لەگەڵ حكومەت وەختی خۆی دەبوایه ڕەخنه بەڕاستی له كادیرانی حكومەتیش بگیرابایه، یەعنی ئەوان دەڵێن پەرلەمان نرخی دیاری كردووه و پەرلەمان بەرگری له هەیبەتی پەرلەمانتارەكانی بكات، بۆیه كشانەوه لەم بابەته بێ هەیبەت كردنی پەرلەمانه، ئەوەش له ئەستۆی دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستانه، نابێ ڕێگه بدات به هیچ شێوەیەك پەرلەمانی كوردستان لەم پرسه بێته دەرەوه، ئەم پرسه پەیوەندی به كۆمەڵانی خەڵكی كوردستانەوه هەیه و خەڵك چاوەڕێیه كه بڕیار بدات، یەعنی ئەگەر ئەمڕۆ بڕیار نەدرێ لەم پەرلەمانه و شتێك به خەڵك نەڵێین، بەڕاستی ئێمه ئەوانەی سلێمانی ناتوانین بگەڕێینەوه، یەعنی ڕێگایان گرتووه دوێنێ ئێمه كه هاتووین بەڕاستی واهاتووین كه ئەمڕۆ پەرلەمان لەسەر ئەم پرسه كۆ بێتەوه، بۆیه زۆر گرنگه پەرلەمان مادام ئەگەر هەڵەش بێ، ئێمه چووینه ئەم بابەتەوه تا چارەسەری نەكەین بەڕاستی كشانەوه لێی زۆر زۆر قورسه.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق(سەرۆكی پەرلەمان):**

ئێستا پشوویەك وەردەگرین بۆ ئەوەی مشاوەرەیەك بكەین، بزانین ئەم پرسه جارێكی تر تاوتوێ بكەین، ئەگەر سەرۆكی فراكسیۆنەكان نوێنەرایەتی ئێوەی ئەندامانی پەرلەمان دەكەن حەقه به بڕیاری سەرۆكی فراكسیۆنەكان ڕازی بن، چ بڕیارێك دەدرێت، بەتایبەتیش سەرۆكی فراكسیۆنەكان له پەیڕەوی ناوخۆدا به شێوەیەكی ئسوڵی تەعریف كراون، ئێمه له دەستەی سەرۆكایەتی دەمانەوێ فراكسیۆنەكان بەشداری بكەن لەو بڕیارانەی كه دەیدەن، ئەگەر بمانەوێ دەتوانین بەرنامەی كار خۆمان دابنێین دەستەی سەرۆكایەتی و سەلاحیەتی خۆمانه، بەڵام كه دەرفەت به سەرۆكی فراكسیۆنەكان دەدەین، دەرفەت به ئێوەی پەرلەمانتاران دەدەین بۆ ئەوەی له بڕیارەكانی دەستەی سەرۆكایەتی دا بەشدار بن، بۆیه چارەگێك وەردەگرین دوایی دێینەوه بۆ دانیشتنەكەمان، فەرموو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

بە ناوی گەلی کوردستانەوە کۆبوونەکەمان دەست پێ ئەکەین، بەردەوام ئەبین لە سەر بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، چەند پەرلەمانتارێکی بەڕێز داوای ئەوەیان کردبوو کە بیرۆکە بخەنە روو، هەندێك لە پەرلەمانتارانی پێشوو داوای ئەوەیان کردبوو کە بیرۆکەکان بخەنە روو، بۆیە ئێستا دەست پێ ئەکەین بە گوێ گرتن لەو بیرۆکانە کە لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێش کەش کراوە، خاتوو ڤیان عباس با بفەرموێت  بە پێشکەش کردنی بیرۆکەکەی.

**بەڕێز ڤیان عباس عمر:**

**بەڕێز سەروکێ پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامێن پەرلەمانێ کوردستانێ، هێرشێن ڤێ دویماهیی بو سەر هەرێما کوردستانێ چەندین دیمەن تێکەل بوون لبەر چاڤێت مە پەرلەمانتاران، تایبەتی ژبەر وێ دویفچوونا مە یا رۆژانە یا بەردەوام بۆ ڤی بابەتی، و پتر هایدار بوون سەر رەوشا پەنابەران، کو ژمارەکا مەزن ل پارێزگەها دهۆکێنە، ڤان دیمەنان، قەبارێ وێ کارەساتێ بۆ مە دیار کر، لەو چەندین پێشنیارا دانمە بەر سینگێ جەنابێ وە، دخازم ئەڤ پێشنیارە بچنە بەر دەنگدانێ و بێنە پەسەند کرن، ئێك : پێشنیار دکەم پەرلەمانێ کوردستانێ ب شێوەکێ رەسمی دەست خۆشیی خەلکێ پارێزگەها دهوکێ بکەت ژبەر رولێ وان یێ مرۆڤایەتی د هەوار هاتنا بلەز بۆ پەنابەران هەتا نووکە ژی یا بەردەوامە، ب رێکا ئاراستە کرنا نڤیسارەکا رەسمی بۆ کارگێریا پارێزگەها دهوکێ.

دوو : ژبەر رولێ دەزگایێ بارزانی یێ خێرخازی یێ بلەز د هەوار هاتنا پەنابەران، ل دەست پێکێ چیایێ شنگالێ و دیسان ل هەمی دەڤەران پەیدا کرنا ژەمێن خارنێ بۆ ژمارەکا مەزن یا پەنابەران، پێشنیار دکەم پەرلەمانێ کوردستانێ دەست خۆشیەکێ وەك پشتەڤانیەکا مەعنەوی پێش کێشی دەزگای ناڤبری بکەتن ژبەر رولێ وان یێ مرۆڤایەتی.

سێ : سەرەرای هندێ کو کارێ رۆژنامەڤانی دهێتە نیاسین ب (مهنة المتاعب) بەلێ ئایا برس و ترس و هێرشێن داعش و مان ل چیای و پرت و بەلاڤ بوونا خێزانا وی، نەبوو ئەگەر کو رۆژنامەڤان بەرەکات عیسی ژ کاری بهێتە ڤەقەتاندن، بەلکو بەرامبەر ڤێ چەندێ هەمیێ بارو دۆخی راوستیا و پەیاما خو یا رۆژنامەڤانی دگەهاند، لەو پێشنیار دکەم پەرلەمانێ کوردستانێ کارێ وی بەرز بنرخێنێت.

چار : دیسان ژبەر ئەنجامدانا رولێ خۆڤە کو رۆژنامەڤان کو بۆیە ئەگەر شەهید ببیتن،  پێشنیار دکەم پەرلەمانێ کوردستانێ نامەکا رێز گرتنێ پێش کێشی مالباتا رۆژنامەڤانا شەهید دەنیس فورات بکەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، یادداشتەکەت پێش کێشمان بکە بۆ بە دوا داچوون، خاتوو سهام عمر، لێرە نییە، مامۆستا مرروان گەلالی فەرمو.

**بەڕێز حسین اسماعیل (مەروان گەڵاڵی) :**

**بسم الله الرحمن الرحیم.**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

بۆ بەڕێز دەستەی سەروکایەتی پەرلەمانی کوردستان، بابەت : یادداشت، سەبارەت بەو هێرشەی نارەوایەی کە لە لایەن کەسێکەوە لە ٩/٢ /٢٠١٤ لە بەردەم پەرلەمانی کوردستان کرایە سەر پەرلەمانتار شێرکو جەودەت، لە فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی ئیدانەی ئەو کارە ناشیاوە دەکەین، چونکە پەرلەمانتاران وەك نوینەرانی خەڵکی کوردستان لە دوسیەی زیاد کردنی نرخی بەنزین دا هۆکاری کەم کردنەوەی نرخەکە بوون، ئەوەی نرخی زیاد کردووە ئەنجومەنی هەرێمی یە بۆ کارو باری نەوت و گاز، بۆیە داواکارین لە هاووڵاتیانی خوشەویست، لە گرد بوونەوە و نارەزاییەتەکانیاندا شێوازی ئاشتی گەیاندنی داوا رەواکان ون نەکەن، دەربارەی ئەم دۆخەی ئێستاش لە ڕێگای دەستەڵاتی پەرلەمانەوە، لە گەڵ سەرجەم فراکسیۆنەکان لە هەوڵی چارەسەری قەیرانەکەدا دەبین. والسلام وعلیکم.

**فراکسیۆنی کومەڵی ئیسلامی**

**٢٠١٤/٩/٣**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا چەند بیرۆکەیەك وەرگیرا بوون بۆ قسە کردن لە سەر قەیرانی سووتەمەنی، خاتوو سهام فەرموو بیرۆکەکەش بخەنە روو.

**بەڕێز سهام عمر محمد :**

**بەڕێز سەروکێ پەرلەمان.**

بۆ بەرێز سەروکاتیا پەرلەمانێ کوردستانێ، بابەت : داخازی و پێشنیار، وەکو یا دیار هێلێن گشتی یێن حکومەتا هەرێما کوردستانێ هاتنە پێش کێش کرن، و متمانە هاتە بەخشین ژ لایێ بەرێزان ئەندامێن پەرلەمانێ کوردستانێ، لێ د رەوشا نها دا پلان و بەرنامێ کاری یێ هەر وەزارەتەکێ دیار نینە، کانێ دێ ژ خزمەت بۆ هاووڵاتی هێتە پێش کێش کرن د ماوێ داهاتی دا، و ئەم وەکو پەرلەمانتار ب ئەرکێ خو دبینین چاڤدێریا یاسا و هەر بڕیارەکێ ژ لایێ وەزارەتانڤە بکەین و ئەڤ چەندە ناهێتە ب جھ ئینان ئەگەر مە ئاشنا بوون نەبیت ل سەر بەرنامە و پلانا ستراتیجی یا هەر وەزراەتەکێ، لەورا داخازێ ژ سەروکاتیا پەرلەمانێ کوردستانێ دکەم، داخازێ ژ ئەنجومەنێ وەزیران بکەن، هەر وەزیرەك پلانا ستراتیجی و بەرنامێ کارێ وەزارەتا خۆ ئامادە بکەت، و بۆ ئەندامێن پەرلەمانێ کوردستانێ پێش کێش بکەت، یا گرنگە ئەڤ کارنامە بگەهیتە دەستێ پەرلەمانتاران بەری بهێتە خاندن، ئەگەر دەلیڤە و ماوە دەست نەدەت،

پێشنیار دکەم ل سەر ئاستێ لیژنەیێ هەمیشەیی هەر وەزیرەك پلانا ستراتیجیی یا وەزارەتا خۆ پێش کێش بکەت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لەو بیرۆکانەی کە سەبارەت بە قەیرانی سووتەمەنی ئەخاتە بەردەم پەرلەمانی کوردستان، بەرێز دکتۆر عزت صابر فەرموو بۆ خستنەرووی بیرۆکەکەت فەرموو، ناوی تۆشی تێیایە دکتۆر شێرکۆ نوقتەی نیزامی فەرموو دکتۆر شێرکۆ.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

راستییەك هەیە کە ئەبێ بیخەینە روو، کە ئەویش ئەوەیە کە ئەم راپورتە بە تەکلیفی لیژنەی پیشەسازی وزە و سەرچاوە سروشتییەکان لە بەرێز دکتۆر عزت ئامادە کراوە، واتە دکتۆر عزت ئەو داتا و زانیاریانەی کە هەر بە تەکلیفی لیژنەی خۆمان تەکلیفمان لە کاك یروانت کرد کە خۆی لێرەیە، و لە کاك دڵشاد شعبان و لە کاك علی حەمە صالح کرد بۆ ئەوەی کە ئوپشنەکان ئیختیارەتەکان ئامادە بکەن، ئەم جەدوەولانە کە لێرەیە، جەدوەلەکان ئەوان ئامادەیان کردووە کە ئەندامانی بە تەکلیفی ئێمە، دوو فرع تەکلیف کرا کە بینووسیتەوە بە نووسین، لە بەر ئەوە ئەو راپۆرتە، راپۆرتی شەخصی دکتۆر عزت نییە، ئەم راپورتە هەوڵێکی باشی بە نرخاوی دکتۆر عزەتە لە لیژنەکەیە، و ئەوە کاك یروانت خۆی لێرەیە، ئەتوانێ قسە لە سەر ئەم راستیە بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێم وایە کاك یروانت ئەم قسەیە دووبارە بکەیتەوە.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت :**

لە دەقەکان نووسراوە کە ئەگەر دیقەت بکەین لە پەڕەی سێ.

**بەڕێز عزت صابر اسماعیل :**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

هەمان قسەکانی دکتۆر شێرکۆ ئەمەویست بکەم لێرە، بەڵام بواریم نەدا، ئەوەی نوقتە نیزامەکەی، ئەوەی ئەوە دەڵێت من تەئکیدی لێ دەکەمەوە، راستە ئەو قسەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەویش وا ئەڵێ، دکتۆرە جوان نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز د. جوان اسماعیل:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، زۆر سوپاس لو ئامادە بوونی ئەو راپۆرتە، بە راستی لە جێگای خۆیەتی، بەڵام ئەمیش نەفسی رەئی دکتۆر شێرکۆم هەیە، ببوورە بەس حەتا لەو ئەوەی دەر بێ، ناوی دکتۆر عزەتی نووسرایە، ناوی لیژنەکانیش لە دەرەوە بنووسرێ، چونکە بەس لە ژۆرێ نووسرایە.

**بەڕێز د. عزەت صابر اسماعیل:**

ئەوەش جێ بە جێ دەکەم، بە چاوان.

**بەڕێز د. جوان اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی دووەم : بە نیسبەت راپۆرت وەك دكتۆر عزەت دەزانێت و مامۆستای جامیعی یە، راپۆرت ٢١ لاپەڕەیە بە خشتەوە، بێ خشتە ١٥ لاپەڕەیە، حەتا سوود لە وەختەکەی وەرگرین مەعقول نییە ١٥ وەرەقەی بخوێنرێتەوە، بە پوینتەوە دەتوانرێ بە مولەخەسەکی فیکرەکە بگەیەنێتە ئەندام پەرلەمان، راپورتەکە هەموو لە بن دەستمانە ئەوا تەفاسیل پێویستە تا بگەیتە راپۆرت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەروا  رێکەوتووین، بەرێز دکتۆر عزەت بە یارمەتیت، فەرموو کاك یروانت تۆش ئەگەر شتێکت هەیە.

**بەڕێز یروانت نیسان مارکۆس:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

تەبعەن فکرا ئەو جەدوەلە چەوا هاتن؟ فکر ا دەمێ مە موشاورە ل گەل لیژنا بالا کرن، ئەم هاتینە دپەرلەمانیدا، پشتی هنگی مە ئەو فکرە جەمع کرن سێ، چار ئوپشن مە هەبن، و کارێ دکتۆر عزت ژی وەکی برایێ مە یێ مەزن رابوو، ئەوی گوت دێ هەمیان جەمع کەین و کەینە راپورتەك، و وەکی دی ژی ئەز تەئیدا دکتور شێرکۆ دکەم، لازم راپورت ناڤێ لیژنێ بیت نەك ناڤێ شەخصی بیت، ئەم پێ راببووین ب مەعلوماتان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باسی کرد، زۆر سوپاس بۆ ئێوە، فەرموو دکتۆر عزەت.

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

من پێری نامەی دەست لە کار کێشانەوەم نارد وەك ئەندامێکی لیژنەی سامانە سروشتییەکان، هەتا ئێستاش دەست لە کار کێشانەوەکەم قبول نەکراوە، تا ئێستا هەتا راپورتی سامانە سروشتییەکان ئەخوێنمەوە و ئەچمە خوارەوە ئەندامم لە سامانە سروشتییەکان، بۆ مێژوو پێنج خشتەیە، خشتەیەکیان هی وەزارەتی سامانە سورشتییەکان کە ئەوە دوو مانگە نرخی بەنزین بە چەند بووە، نرخی گاز و نەوت بە چەند بووە، تێیادا نووسیمە خشتەی ژمارە شەش، خشتەیەکی تریان لە ئەخیر موفاوزات لە گەڵ

ئەنجومەنی باڵای نەوتە، ئەو خشتەیە ئەنجومەنی باڵای نەوتدا پێمان و خۆم داماناتەوە، سێ خشتەیان بۆ مێژوو بە دەستی خۆم کلێشەکە کاک یروانت دایمێ سۆپاسی دەکەم، ئێکسڵەکە بۆ ئەوەی کات بە فیڕۆ نەدەین، ئەو ژمارانەی کاك یروانت یا خۆد ئەو خشتانەی کاك یروانت چاك بیرمە بوونە ١٨ ملیۆن دۆلار، ١٧٤ ملیۆن دۆلار، ١٣٦ ملیۆن دولار، کاك علی حەمە صالحیش شاهدیم بۆ دەدا، وتمان نرخی راستەقینەی حکومەت کەم ئەکەینەوە، چونکە بەرێز وەزیری سامانە سروشتییەکان وتوویەتی ١٢٥٠ دینار بۆ لیترێك بەنزین زۆرە، ئەوە من ئیقتراحم کرد، من ئەوەم گەیاندە ئەوە کە نیو ملیۆن دینار کاك یروانت ئەگەر وانییە بڵێ وا نییە؟ کاك دکتۆر شێرکۆ، ئەو نیو ملیار دۆلارە من کردم یان ئێوە؟ لە بەر ئەوە هینی نادەمێ، ئێستاش بە ناوی لیژنەکە ئەکەم ئەو شتە، بە ناوی لیژنەی سامانە سروشتییەکانە کە من دەستم لە کار کێشاوە، هەدەفەکەم ئەمەیە دۆخی ئابووری کوردستان، قەیرانی سووتەمەنی بە هیوای ئەوەی ئەم راپۆرتانە ببێت بە بەشێك لە چارەسەر، زۆر سوپاس کە کاتتان پێم بەخشی، هەوڵ ئەدەم بە پیی توانا کورتی کەمەوە، وەکو وتم جارێ شتێکی دەکەمەوە، ٤٨ سەعاتە من ئەم راپۆرتەم دایە سەرۆکایەتی پەرلەمان، بیرۆکەیەکە ئەندامی پەرلەمانم، مافی ئەوەم پێ بەخشراوە کە لە کارنامەی ئەمڕۆ دا هەبێ، ئینجا شتێك لەوە بکەمەوە بە کورتی باسی دەکەم، لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ ەوە وەکو کوردستان تووشی قەیران بووە، بەغدا بودجەمان بۆ نانێرێ، کارێگەرێکی خراپی کردە سەر ئابووریەکەمان، بژێوی ژیانی سەرجەم هاووڵاتیان و خێزانەکان، پێوەری خۆش گوزەرانییان دابەزیوە، بێکاری زۆر بووە، هەژاری زۆر بووە، ئەگەر بەراوردی بکەین لە ساڵی رابردوو، سەرباری ئەوەش پرۆسەی جینۆسایدی و دەر بەدەر کردن و ئاوارەکان، ئاوارە بوونی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لە لایەن گرووپی تیرۆریستی داعشەوە پیادە دەکرێت، زیاتر لە ملیۆنەك ئاوارەمان هەیە، خەرجی مانگێکی ئەم ئاوارانە بریتی یە لە سەدا دەی (١٠٪) خەرجی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مانگێك کە پارەیەکی زۆر دەکات، ئەو پێشمەرگە قارەمانانە، پارێزگاری لە خاکی کوردستان ئەکا، پرۆسەی وەبەر هێنان و ئاوادانکردنەوە لە کوردستان سست بووە، چەندین کۆمپانیا مایە پووچ بوون چەندەهای تریش دەولەمەندتر بوون بە هۆی گۆڕانی نرخی بەنزینەوە، چەندەها پرۆژە لە پەرلەمان پەسەند کراوە، پرۆژەی جوان جێ بە جێ ناکرێ، لە بەر ئەوە حکومەت قەیرانی دارای هەیە، دوایینیان پروژەی هاوتا کردنی موچەی پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆیی بە هێوایین لە نێزیکترین کات قەیرانی دارایی تەواو ببێت، چارەسەر بکرێت و ئەو پروژە یاسایە جێ بە جێ بکرێت، بەرێزان لە دە رۆژی رابردوو لیژنەی پێشەسازی و وزە و سامانە سروشتییەکان، بۆیە کاك دکتۆر شێرکو ئەمە باوەڕ ناکەم یەك دێری تیا بێ موخالف بێ لە گەڵ ئەو بۆچوونەی جەنابتان کە ئێستا شەرحت کرد، لیژنەی پێشەسازی وزە و سامانە سروشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان دوو کۆبوونەوەی ئەنجام دا لە گەڵ ئەنجومەنی نەوت و گاز، لە یەکەم کۆبوونەوەدا ئەنجومەن خشتەی دا پێمان، بە بەرهەم و بە تێ چوون و بە سەرجەم بەرهەمی نەوت لە کوردستان، ئێمەش دیراسەیەکی وردمان کرد، ئەگەرەکەمان بە هەند وەرگرت، سێ پلانمان ئامادە کرد بۆ جەلەسەی دووەم چووینەوە لا بۆ ئەنجومەنی

نەوت و گاز، پلانی یەکەممان ئەمە بوو، بەرێزان ئەگەر بە دیقەت کاتتان هەبێ سەیری دوایین لاپەرە یئەم راپورتە بکەینەوە بریتی یە لە نرخی سەرجەم سووتەمەنی کوردستان لەم دوو مانگەی رابردووە، دواین خشتە نووسراوە خشتەی ژمارە شەش، بریتی یە لە نرخی بەنزین بۆ تەکسی، بەنزین بە کۆبوون، بەنزین بۆ ئوتومبێلی حکومەت، گاز بۆ حکومەت و بۆ مۆەلیدە بە کۆبوون، نەوتی سپی بۆ حکومەت و بۆ فڕنەکان و بۆ ماڵان، وەکو ئاشکرایە لاتان تێیادا نووسراوە تێچوونی لیترێك بەنزین لە حکومەت ١٢٥٠ دینارە، بە ٥٠٠ دینار ئەدات بە تەکسی بە ٨٠٠ دینار ئەدات بو کۆبۆن، لیترێك گاز بە ٤١٥ دینار ئەدرێ بە سەرجەم چین و توێژکان، لیترێك نەوتیش بە ١٦٠ دینار، ئەمە ئەو خشتەیە کە لە دوو مانگی رابردووە پیادە ئەکرا، ئەگەر دواین رەقەم سەیر بکەن حکومەتی هەرێم ساڵی دوو ملیار و ١٧٤ ملیۆن دوڵار پارە خەرج ئەکا بۆ پاڵپشتی سووتەمەنی، بە پێی ئەو دوو مانگەی کە رابورد، پڵانی یەکەممان ئەمە بوو : دیراسەیەکی ورد بکەین بۆمان دەرئەچێ کە بەرمیلێك نەوتی خاو چەنێك بەنزینی لێ دەرئەچێ، چەنێ نەوتی لێ دەرئەچێ، چەنی گازی لێ دەر ئەچێ؟ بۆمان دەرکەوت تێچووی وەزارەت (١٣٦) دۆلارە، بۆ بەرمیلێك نەوت، لە سەر ئەو بنەمایەی کە هەرێمی کوردستان بەرمیلێك نەوت بکا بە بەرهەمەکانی، حکومەتی عێراقی (١٠٠) دۆلار لە بودجەکەمان دەبڕێ، کەواتە نزیکەی (١٢٦) دۆلار کولفەکەیەتی لە سەر حکومەت بە بەرهەمەکان، بەو نرخانەی کە لە پێشتردا بە دەعمەوە دەیان دا (١١٦) دۆلار داهاتی دەست دەکەوتەوە، ئەگەر دەعم نەکات، ئەگەر بە نرخی راستەقینەی خۆی بفرۆشێت، پلانی یەکەممان بریتی بوو لە: ئەگەر دیقەت لە ژمارە چوار بدەن بەرێزتان، ئێمە پێشنیارمان کرد لیترێك بەنزین بۆ هەموو ئۆتۆمبێلێك بە (٥٠٠) دینار بێت، ئەمە پێشنیاری یەکەمی لیژنەکەمان بوو، لیترێك گاز بدرێت بە ئۆتۆمبێلەکانی حکومەت بە (٨٠٠) دینار، لیترێك گاز بدرێت بە مۆلیدەی ئەهلی بە (٤٠٠) دینار، لیترێك گاز بدرێت بە پڕۆژە بچووکەکانی کوردستان بە (٧٠٠) دینار، لیترێك نەوتی سپی بدرێت بە حکومەت بە (٨٠٠) دینار، لیترێك نەوتی سپی بدرێت بە فڕنەکان بە (٦٠٠) دینار، تا کۆتایی، بەم خشتەیە بۆمان دەرکەوت کە دەتوانین (٤٣٥) ملیۆن دۆلار، خەرجی حکومەت کەم بکەینەوە لە ساڵێك، ئەمە پلانی یەکەممان بوو، سەبارەت بە نرخی بەنزین تاقیکردنەوەی دوو مانگی رابوردوو بۆمان دەرکەوت کە سێ نرخی جیاواز لە کوردستان بە کۆبۆن کێشەی چارەسەر نەکرد، بەلأم ئەوە جێی دەست خۆشی بوو کە بە پاص و کۆستەریان دەدا بە (٥٠٠) دینار، بەلأم لە هەمان کاتدا ئەم راپۆرتە واقیعانە دروست کراوە بە جوهدی هەموو بەڕێزان، سەدان تەکسیش هەبوو بەنزینی وەردەگرت بە(٥٠٠) دینار، دەیدایەوە بە (١٢٥٠) دینار، تەکسیەکەی لە ماڵێ دانابوو، بەڕێزان نرخی راستەقینەی لیترێك گاز بەم حیساباتەی ئێستای حکومەت (١١٠٠) دینارە، بە کۆبۆن دەدرێ بە پڕۆژەکان و کارگە بچووك و مام ناوەندییەکان بە (٤١٥) دینار، وای لێهاتووە کە لە (٦٢٪)داشکاندنیان بۆ دەکەن، دەیان کارگەی گەچ و خشت و دەواجن دەچن مەعمەلەکانیان دادەخەن، تەنها بازرگانی بە گازەکەوە دەکەن، دەچن لە بازاڕ دەیفرۆشنەوە، نرخی راستەقینەی یەك تەن نەوتی رەش کە دەدرێ بە کارگە گەورەکان (٤٩٢) هەزار دینارە، بە (٢٠٩) هەزار

دەینار دەیان دەنێ، وای لێهاتووە بازرگانی بە نەوتە ڕەشەکەوە دەکرێت، لەلایـەکی تـرەوە وەزارەتـی سـامانە سروشتییەکان دەتوانی کاری جدی بکات بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکانی، بەتایبەتی خەرجی گواستنەوەی نەوتی خاو و بەرهەمە نەوتییەکان، لێرەدا یەك نموونە بۆ بـەڕێزتان دەهێنمـەوە بـەهیوای ئـەوەی ئەمانـە بەشێکیان راسـپاردە بـن، حکومـەتی هـەرێم و وەزارەتـی سـامانە سروشـتییەکان سـوودی لـێ ببـینێ، ڕۆژانـە (٢٠٠٠) تەن ماددەی (کۆندێسەیت) کە نزیکە لە بەنزینەوە، لە بیری نەوتی قادر کەرەم و چەمچەماڵەوە بە تەنکەر دەبردرێ بۆ هەولێر، هەموو تـەنێك (٣٠) دۆلار تێچوونەکەیەتی، لـە هـەولێر لـە پاڵاوگـەی خـەبات ئەو ماددەیە تێکەڵاوی بەنزینی تورکیا، تێکەڵاوی بەنزینی پاڵاوگەی هەولێر دەکرێت و دیسان بـە تەنکـەر دەنێرێتـەوە بـۆ سـلێمانی، هـەموو تـەنێك (٣٠) دۆلاری تـری بـۆ خـەرج دەکـرێ، یـەك تـەن (٦٠) دۆلار خەرجییەکەیەتی لە ساڵێکدا، (٤٠)ملیۆن دۆلار خەرجییەکەی لە سەر حکومـەت دەوەسـتێ، بـەڕێز وەزیـری سامانە سروشتییەکان لەم پەرلەمانە، بەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمانیش ئاگادارە کـە وەزیرێـك دێتـە پەرلـەمان بڕیار دەدا لە پڕۆتۆکۆلدا نووسراوە، دەبێ جێبەجێی بکەی، دووجار لێرە تەئکیدی لەوە کردەوە لـە مـاوەی یەك حەفتەدا کۆمپانیایەك تەقدیمی کـردووە، مەسـفایەك دابـنێ بـۆ ئـەوەی ئـەم خەرجییانـە نـەمێنێ، بـۆ ئەوەی ئەم حادیسانە نەمێنێ، بـەڵام جێبـەجێش نـەکرا، بـەڕێز وەزارەتـی سـامانە سروشـتییەکان بڕیاریـدا پاڵاوگەی نا یاسایی لەماوەی ئەم ساڵادا هیچی نەمێنێ، وا ساڵ تەواو بوو، یەك پاڵاوگەی نا یاسایی کە ژینگە پیس دەکا دانەخراوە، پلانی دووەم: لە خشتەی ژمارە دوو سەرجەم پێشنیارەکانمان خسـتۆتە روو بـەڕێزان ئـەم ژمارانـەی هـەمووی هاوپێچە لەگـەڵ ئـەو خشـتانەی کـە لـە کۆتـایی ئـەم راپۆرتـەدا هەیـە، پێشـنیاری دووەمان ئەوەبوو کە بەنزین بدرێ بـە (٦٥٠) دینـار، بـۆ سـەرجەم خـاوەن ئۆتۆمبێلـەکانی کوردسـتان بـەبێ کۆبۆن، گاز بدرێ بە حکومەت بە (٤١٥) دینار، گاز بدرێ بە مۆلیدە بـە (٤٠٠) دینـار، لیترێـك گـاز بـدرێ بـە پڕۆژە بچووکەکان بە (٤١٥) دینار، و هەتا کۆتایی وەکـو ئـەم ژمارانـەی لەبەردەسـتان دایـە، نـەوتی سـپی بـۆ ماڵان بە نرخەکەی خۆی بمێنێتەوە بۆ ئەمساڵ، نەوتی ڕەش بدرێتـە کارگـەکان لـە جیـاتی بـە (٢٠٩)هـەزار دینار، بە (٣٥٠) هەزار بۆ تەنێك، ئەم پلانەش بەهەند وەرنەگیرا، پلانی سێیەممان: لە خشتەی ژمارە سێدا لە کۆتایی ئـەم راپۆرتـەدا هـەموو ژمارەکـان دیـاریکراوە، پێشـنیارەکەم ئـەوە بـوو، بـەنزین بـدرێ بـە (٦٥٠) دینار، بۆ هەموو ئۆتۆمبێلەکان لە کوردستان بەبێ کۆبۆن، گازی حکومەت بە (٨٠٠) دینار بێ، گازی مۆلیـدە بە (٤٠٠) دینار بێ، گازی پڕۆژەکان بە (٦٠٠) دینار بێ، وەکو ئەو ژمارانەی کە لە دوای یەکـدا ئیشـارەت پـێ داروە، نـەوتی مـاڵان بـە (١٦٠) دینـار بـێ بـۆ لیترێـك، بـەم شـێوەیە دەمـانتوانی (٥٦٨) ملیـۆن دۆلار، لـەو خەرجییەی حکومەت کەم بکەینەوە لە ماوەی ساڵێك، نیو ملیـار دۆلار زیـاتریش، لەگـەڵ ئـەم سـێ پلانـەدا لیژنەکەمان پێشنیاری کرد، هەر یەکێك لەم سێ پلانە ئەگەر جێبەجێ کرا، لەلایەن بەڕێزیانەوە، ماوەکەی تـا کۆتـایی ٢٠١٤/١٢/٣١ بێـت، لـەو ماوەیەشـدا وەزارەتـی سـامانە سروشـتییەکان و، وەزارەتـە پەیوەنـدارەکان هەماهەنگی بکەن بۆ ئەوەی هەموو خاوەن ئۆتۆمبێلێك لە کوردستان کارتی زیرەکی پێبـدرێ، لـە سـەرەتای ١/١/ ٢٠١٥ەوە، من پێشبینی ئەوە دەکەم تا دوو ساڵی تر نرخی سووتەمەنی لە کوردستان جێگیری بەخۆیەوە

نابینێ، نرخێکی جیاواز لە کەرکووك دەبێ، نرخێکی جیاواز لە موسڵ دەبێ، نرخێکی جیاواز لە شارەکانی تری لە عێراق دەبێ، لەبەر ئەوەی ئەم کارتی کۆبۆنە ئێمەی هاووڵاتیانی کوردستان ئۆتۆمبێلەکانمان دەمانپارێزێ لە ئۆتۆمبێلی غەیرە کوردستانی، بۆیە ئەم پێشنیارانەمان کردووە، کێشەی سووتەمەنی بەتەنها بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان چارەسەر ناکرێ، گرنگە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنیش، هێڵی گواستنەوەی گشتی لە جادە شەستییەکانی شارەکانی کوردستاندا بە پەلە دابین بکات، پاصێك (٥٠) نەفەر دەگوازێتەوە بە هەمان بڕە بەنزین، یەك کەس بچێ بەهەمان بڕی بەنزین یان (٥٠) کەس، پەنجا ئەوەندە خواست لە سەر بەنزین کەم دەبێت، بەو شێوەیە نرخیش هەرزان دەبێ و بەرهەمیش زۆر دەبێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە دوایین کۆبوونەوەی لیژنەی سامانە سروشتییەکانی پەرلەمان لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای نەوت و گاز، ئەم سێ پێشنیارەی سەرەوەمان خستە بەردەمیان، بەداخەوە هیچ یەکێك لە سێ پێشنیارەکەیان پەسەند نەکرد، لە هەمان کاتدا ئەنجومەنی باڵای نەوت و گاز، دوو پێشنیاری بۆ لیژنەکەمان هێنابوو، کە پێشنیارە گونجاوەکەیان بۆ ئێمە و بۆ خەڵکی کوردستان بریتی بوو لەخشتەی ژمارە چوار، هیوادارم ئەگەر کاتتان هەبێ بچینە سەر خشتەی ژمارە چوار، ئەو خشتەیە ئەنجومەنی باڵای نەوت و گاز دای بە ئێمە، خشتەی ژمارە چوار هاوپێچە، دوایین پلانی ئەنجومەنی نەوت و گازی حکومەت، دوایین دانیشتن، بەڕێزتان دیقەت بدەن، لە بەرامبەر بەنزینی تەکسی بڕیاریاندا بەنزین بۆ هەمووی بە (٧٥٠)دینار، بەبێ کۆبۆن بۆ هەموو ئۆتۆمبێلێك لە کوردستاندا، یەعنی (٧٥٠)دینار، بۆ هەموو ئۆتۆمبێلێك، بەنزینی بازرگانیش دەبێ لیتری بە (١٠٠٠) دینار بێ، گاز بۆ حکومەت بە (٩٠٠) دینار، گاز بۆ مۆلیدە بە (٩٠٠) دینار، گاز بە کۆبۆن بە (٨٠٠) دینار، هەموو بەرهەمە نەوتییەکانیش بە (٩٠٠) دینار، تەنها بۆ ماڵان بە (١٦٠)دینار، بەم شێوەیە حکومەت و وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەیتوانی (٨١٠) ملیۆن دۆلار، لە خەرجی ساڵێکی کەم کاتەوە، بە دڵنیاییەوە ئەو ژمارەیە زۆر گەورەترە لەو سێ ئۆپشنەی ئێمە، بەداخەوە ئەو پێشنیارەشیان کە لەگەڵ خۆیان هێنابوو ئەویشیان پەسەند نەکرد، دوایین بڕیار کە دایان، بەو شێوەیە کە باسم کرد (٨١١) ملیۆن دۆلار، دەمانتوانی خەرجی ساڵێکی حکومەت کەم بکەینەوە، جارێکی تر دەیڵێم بەداخەوە، کە ئەنجومەنی باڵای نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان ئەم پلانەشی جێبەجێ نەکرد، کە خۆی ئامادەی کردبوو بۆ کۆبوونەوەکە، بۆ مێژوو ئەو قسەیە دەڵێم، لە دوایین ساتی کۆبوونەوەکە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان، وتی بەڕێزان ئەنجومەنی باڵای نەوت و گاز پێشنیار دەکەم لیترێك بەنزین نرخەکەی (١٠٠٠) دینار بێت و، (٥٠٠) دیناریش بێت بۆ تەکسی و پاص، بەڕێز سەرۆکی حکومەت وتی (١٠٠٠) دینار، زۆرە با (٩٠٠)دینار بێ، کاك دڵشاد شعبان و کاك د. شێرکۆ ئەگەر هەڵەم با راستم بکەنەوە، پلانی ئێستای حکومەتی هەرێم بۆ نرخی سووتەمەنییەکان هیوادارم بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان تەئکید لە سەر ئەم خشتەیەی ئەخیر بکەن کە زۆر گرنگە، من پێشبینییەکی باشی لێ ناکەم بۆ چەند رۆژی داهاتووی ئابووری کوردستان، خشتەی ژمارە (٥) ئەگەر کاتتان هەبێ بۆ ئەوەی پێش ئاخیر خشتە سەیری بکەین بزانین ئەو بڕیارەی کە حکومەت داویەتی نرخەکەی چۆن دەبێ، پلانی ئەنجومەنی نەوت و گاز

جێبەجێ کرا، نرخی لیترێك بەنزین بۆ تەکسی و پاص بە (٥٠٠) دینـار، کۆبۆنیـان پێـدراوە، بـەنزین بـەبێ کۆبـۆن بـە (٩٠٠) دینـار، بـەنزینی بازرگـانیش دەبـێ (١٣٥٠) دینـار، لیترێـك گـاز بـدرێت بـە ئۆتۆمبێلـەکانی حکومەت بە (١٠٠٠) دینار، لیترێك گاز بدرێت بە مۆلیدەی ئەهلی بـە (١٠٠٠) دینـار، لیترێـك گـاز بـە کۆبـۆن ببێ بە (١٠٠٠) دینار، نەوت بۆ حکومـەت بـە (١٠٠٠) دینـار، نـەوت بـۆ فڕنـەکان بـە (١٠٠٠) دینـار، نـەوت بـۆ مـاڵان بــە (١٦٠) دینــار، وەك خــۆی، بــەڕێزان ئەگــەر ســەرنجێکی ورد و خێــرا لــەم خشــتەیە بــدەین، دەرئەنجامەکەی قەیرانی ئابووری قوڵتری لێ دەکەوێتەوە، لەبـەر ئـەم هوکارانـە، لیترێـك بـەنزین بـە (٨٠٠) دینــار، دەبــێ بــە (٩٠٠) دینــار، بــاری شــانی هاووڵاتیــان قورســتر دەکــات لــەم قەیرانــە، لــەم دواکەوتنــەی مووچەیەدا، تەسەور بکەن هێشتا غاز و نـەوت گـران نـەبووە، ئـەم بەیانیـەی لـە هـەولێر چاپەك لـە (٢٥٠) دینارەوە بوو بە (٥٠٠) دینار، لیترێك گاز بدرێت بە ئۆتۆمبێلەکانی حکومەت ئێستا بە (٤١٥) دینارە، دەبێتە (١٠٠٠) دینار، ئەمەش خەرجی حکومەت زیاد دەکات بە بڕی (٤٠٠) ملیۆن دۆلار، فکرەکە ئەمەیـە وەزارەتـی سامانە سروشتییەکان ملیارێك دۆلار لە خەرجی خۆی کەم دەکاتەوە، بەشێکی ئەم خەرجییـە دەچـێتە نـاو بودجە و نەفەقاتی تەشغیلییەوە، لە خەرجی وەزارەتی دارایـی زیـاد دەکـات، بـە سـەراحەتیش ئـەوەمان بـۆ زیاد کردوون، خاڵێکی تر، نرخـی گـاز بـۆ مۆلیـدە ئێسـتا بـە (٤١٥) دینـارە، ببـێ بـە (١٠٠٠) دینـار، سـەرجەم خـاوەن مۆلیـدەکان یـان ئـیش ناکـەن یـان نرخـی ئـەمپێری مولیـدە لـە کوردسـتان دەبـێ بـە دوو ئەوەنـدە، ئەمەش باجەکەی هەر هاووڵاتی دەیدا، خـاڵێکی تـر لیتیرێـك گـاز بـۆ دەواجینـەکان، خـاوەن تراکتۆرەکـان و کارگەکان ئێستا بە (٤١٥) دینـارە، دەبێتـە (١٠٠٠) دینـار، کاریگـەر خراپـی دەبـێ لـە سـەر کـەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی، نـرخی بەرهەم گران دەبێ، لە مریشك و گۆشتەوە تا خشت و بلۆکیش، ئەم حکومەتـە نەمـدیت جارێك بڵێ حەلی نییە، یان زۆر زۆر نـرخ دائەبـەزێنێ، یـان زۆر زۆر نـرخ بـەرز دەکاتـەوە، لـە کـەم شـوێنی دونیادا روو دەدا نرخی لیترێك بـەنزین بـە رێـژەی لـە (٨٠٪) بەرزبێتـەوە، لـە کـەم شـوێن روو دەدا نرخـی لیترێك گاز بە رێژەی لە (٨٠٪) دەعم بکەیت، ئەمە کاریگەری ئابووری زۆر خراپی دەبـێ، بـۆ نموونـە گـازی مۆلیـدە کـە (٤١٥) دینـارە، دەبێتـە (١٠٠٠) دینـار، واتـا رێژەکـەی لـە (١٤٠٪) بـەرز دەبێتـەوە، دەرهاویشـتەی ئابووری زۆر خراپی دەبێ، لیترێك نەوتی سپی بۆ فڕنی صەمون و نانەواکان (١٦٠) دینارە ئێستا، ببێت بـە (١٠٠٠) دینار، بە رێژەی لە (٥٠٠٪) زیاد دەکات، دوو رێگایان لەبەردەمدایە یان نانەواخانـەکان دابخـرێن یـان نرخی نان دەبێ بە دوو ئەوەندە لە کوردستان، تەنێك نەوتی رەش دەدرێت بـە کارگەیـەکی چیمەنتۆ یـان شیش بە (٢٠٩) هەزار دینار، ئێستا بیکەی بە (٤٩٢) هەزار دینار، کەواتە رێژەکەی لە (١٤٠٪) زیادی کردووە، یان چیمەنتۆ گران دەبێ یان کارگەکان دادەخەن یان دەبێ حدوود بکەیتەوە لە وڵاتانی ترەوە بۆمـان بێـت، چیمەنتۆ گران بوو، (١٥٠) شمەك لە کوردستان گران دەبێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لـەم راپۆرتـەدا چـەند خـاڵێکی گـرنگ بـاس دەکـەم سـەبارەت بـە پرۆسـەی نـەوت لـە کوردسـتان، تـا ئێسـتا کـوالێتی بـەنزین وەك پێویسـت نییــە، بــەپێی ئــەو بەدواداچــوونانەی لیژنــەکانی پەرلــەمان کردوویانــە، بــەڕێزان یــەکێك لــە هۆکارەکانی خراپی کوالێتی بەنزین لە کوردستان بریتییە لـە تێکـەڵاو کردنـی (کۆندێسـەیتی) چەمچـەماڵ،

بەنزینی تورکیا، لەگەڵ بەرهەمی بەنزینی پاڵاوگەی هەولێر، ماددەیەکی تێدایە رصاصە، نایەتە دەرەوە، زیان بە تەندروستی مرۆڤ دەگەیێنێ، تا ئێستا نەوت لە تەق تەقەوە بۆ پاڵاوگەی بازیان بە تەنکەر دەچێ، بۆیە جادەکانی کوردستان قەرەباڵغە، لە کاتێکدا دەبێ بە بۆری بۆ ببرێ، قازانجی کۆمپانیاکانی پاڵاوگەکان نیو ملیار دۆلارە، لەم قەیرانەدا زۆرە ئەم قازانجە، پێویستە بە عەقدەکانیان دا بچنەوە، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، ئەمە زۆر گرنگە، هیوادارم تەئکیدی لێ بکرێتەوە، ئەو بە ئێمە ئەڵێ کە هەموو بەرمیلە نەوتێك لە خاکی کوردستان کە دەردەهێنرێ ئەبرێت بۆ پاڵاوگە و ئەکرێ بە بەرهەمی نەوت، حکومەتی عێراقی ١٠٠ دۆلار لە بودجەی کوردستان ئەبڕێ، بۆیە نرخی لیترێك بەنزین لە کوردستان خەرجی لەسەر حکومەتی هەرێم ١٢٥٠ دینارە، لە کاتێکدا لە باقی ناوچەکانی تری عێراق و پاڵاوگەکان ٧٠٠ هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا ئەدرێ بە پاڵاوگەکان بە خۆڕایی، حکومەتی عێراقی ئەو نەوتە بە پارە حیساب ناکات لەسەر بودجەی خۆی، جا ئەمە پێویستی بە جوهدی پەرلەمانە، پێویستی بە پەرلەمانتاری خۆمانە لە بەغدا، پێویستی بە ئیتیفاق کردنە، ٧٠٠ هەزار بەرمیل ڕۆژانە لە مەسفاکانی بێجی و دۆرە و بەسرە ئەکرێ بە بەرهەم، بە خۆڕایی ئەدرێ بە مەسفاکان، مەسفاکان ئەیکەن بە بەرهەم و لیترێك بەنزین ١٥٠ دیناری تێ ئەچێت، بەنزینخانەکان کە ئەیفرۆشن بە ٤٥٠ لە هەموو لیترێك ٣٠٠ قازانج ئەکەن، ئەمە فیکەرەکەیە، بەڵام لەسەر کوردستان بەرمیلێك نەوتی خاو کە ئەیکەی بە بەرهەمی نەوتی ١٠٠ دۆلارت لەسەر بێ، ١٧ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك بدەی بە کۆمپانیا بۆ ئەوەی بیپاڵێوی و کولفەی نەقدی لێ بدەی، ١٣٠ دۆلار ئەکەوێ، بۆیە ئەم بەرهەمی سووتەمەنیانە لە کوردستان گرانە، یەکێك لە پێشنیارەکان، چۆن باقی ناوچەکانی تری عێراق ماق خۆیان هەیە نەوتی خاو بەخۆڕایی تەسفییە بکەن، ئاواش هەرێمی کوردستان ماق خۆی هەبێ، ئەوە حەلە، نەوتەکەی خۆی بە خۆڕایی یان قیمەتی حیساب نەکرێ لەسەر بەرمیلە نەوتە خاوەکە، ئەکات لە هەرێمی کوردستانیش ئەتوانین بڵێین تێچوونی لیترێك بەنزین ١٥٠ دینارە، خاڵێکی تر، خاڵی ژمارە ٦ لە لاپەڕە ١٣، بەهۆی کێشەی نێوان وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و کۆمپانیای دانا غاز ئابووری کوردستان زیانی شەش ملیار دۆلاری بەرکەوتووە، ئەو کۆمپانیایە ئەگەر لە ٣ ساڵی ڕابردوو گازی سروشتی بەرهەم بهێنابایە، وێستەگاکانی کارەبا بە گاز ئیشی بکردایە، حکومەتی هەرێم ساڵی ٣ ملیار ئەدات بە هاوردە کردنی گازوایل بۆ ئیش پێکردنی وێستگەکانی کارەبا، خاڵێکی تر، ساڵی ١ ملیار دۆلار ئەدرێتە کڕینی تەزووی کارەبا لە ٣ وێستگەی کارەبا لە کوردستان، هەرگیز حکومەت ناتوانێ هەموو ساڵێ ٤ ملیار دۆلار بدات بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، بۆیە ئەڵێم داهاتی گران کردنی بەنزین لە ٨٠٠ بۆ ٩٠٠ ئەکاتە ١٠٠ ملیۆن لە ساڵێك، ١٠٠ ملیۆن دۆلار ناکاتە قازانجی ئەو کۆمپانیایە لە ماوەی مانگێك، بۆیە ڕێگەی تر هەیە بۆ ئەوەی داهات زۆربکەین، بۆ ئەوەی ئەم باجە گەورەیە خەڵك نەیدات، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، داواکارم لە بەرێزتان، ناوەڕۆکی ئەم ڕاپۆرتە لەسەر ئەو بنەمایە قسە ئەکەم بۆ ئەوەی دوایی موناقەشە بکرێ، ئێستا جەخت ئەکەمەوە لە دانیشتنەکانی داهاتووی پەرلەمان بکرێ بە بابەتی گفتوگۆ کردن لەسەری، و چەند ڕاسپاردەیەك بۆ بەرێزتان باس بکەم، وەکو باسم کرد بڕیارێك لە

پەرلـەمان دەربکـرێ سـەبارەت بـەوەی ئـەو نەوتـە خـاوەی ئەدرێتـە پاڵاوگـەکانی کوردسـتان هاوشـێوەی پاڵاوگـەکانی تـری عێـراق مامەڵـەی لەگـەڵ بکـرێ، خـاڵی تـر، ڕاسـپاردەیەك بـدرێ بـە حکومـەتی هـەرێمی کوردستان بۆ پێداچوونەوە بەو نرخی بەرهەمە نەوتیانـە کـە هێشـتان نەچۆتە بـواری جـێ بـەجێ کـردن، ئەمجارەش جەخت لەوە ئەکەمـەوە بـەو نرخانـەی حکومـەت ئەیـەوێ جـێ بـەجێی بکات قـەیرانی دارایـی قوڵتر ئەبێتەوە، نرخی زۆربـەی شمەکـەکان لـە کوردسـتان گـران ئـەبن، یـان قـەیرانێکی ئـابووری قوڵترمـان تـووش ئـەبێ، خـاڵێکی تـر، وەزارەتـی سـامانە سروشـتییەکان پابەنـد بکـرێ بـەو بڕیـارەی لـە دانیشـتنی پەرلەمان بەڵێنی دابوو، وەکو چۆن لە پرۆتۆکۆڵەکان نووسراوە، خاڵیکی تر، ڕاسپاردە پێشکەشـی حکومـەتی هـەرێم بکـرێ بـە پێداچـوونەوەی سیسـتەمی کارەبـا و تێچـووی بەهـەرمهێنانی کارەبـا و گرێبەسـتی بەرهەمهێنانی کارەبا، خاڵێکی تر، ڕاسپاردە بدرێتە وەزارتی گواستنەوە و گەیاندن، لە هـیچ وڵاتێکـی دونیـا کەرتی گواستنەوە بە تـەنیا لـە دەست کـەرتی تایبـەت نییـە، کێشـەی بـەنزین و سـووتەمەنی بـە تـەنیا بـە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان چارەسەر نەکرێ، بۆیە ئەبێ وەزارەتی گواستنەوە هێڵێ گواستنەوەی گشتی لە شارەکان پیادە بکات بۆ ئەوەی بەشێك لە قەیرانەکە چارەسەر بکات، ڕاسپاردە بدرێتـە وەزارەتـی سـامانە سروشتییەکان بۆ دابین کردنی کارتی زیرەکی ئەلیکترۆنی بۆ سـەرجەم ئۆتۆمبێلـەکانی کوردسـتان، چـونکە پێشبینیکەران ئـەڵێن تـا ٢ سـاڵی تـریش نـرخـی بەرهەمـە نەوتییـەکان جێگـری بـەخۆوە نـابینێ، ڕاسـپاردە بدرێتە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە گواستنەوەی نەوتی خاو و بەرهەمەکانی لە ڕێگەی بۆڕیـەوە بـێ، کاری بۆ بکرێ، لە ناوخاکی کوردستان ئەو جادانەی لە کوردستان دایە تا سەر تەحەمولی ئەو هەموو لۆریە ناکات، و ئەو هەموو ڕووداوی هاتوچۆیە، لە کۆتایی دا لەم کوردستانە قازانجی کۆمپانیاکانی نەوت بە ملیار دۆلارە، قـازانجی کۆمپانیاکـانی کارەبـا یـەك ملیـار دۆلارە، قـازانجی کۆمپانیاکـانی مۆبایـل بـە ملیـار دۆلارە، قـازانجی کارگـەکانی چـیمەنتۆ نیـو ملیـار دۆلارە، قـازانجی کۆمپانیاکـانی ئینتەرنێـت سـەدان ملیـۆن دۆلارە، قازانجی پاڵاوگەکان نیو ملیار دۆلارە، هەر بۆیە گیرفانی پێشمەرگە و خەڵك و حکومەت بەتاڵە، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەرێز دکتۆر عزت بـۆ ئـەو بیرۆکـەی خستییە ڕوو، ئێسـتا بـەرێز علـی حمـە صالح فـەرمووو بـۆ خستنەڕووی بیرۆکەکەت.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بە توندی ئیدانەی ئەو هێرش کردنە بۆ سەر بەرێز دکتۆر شـێرکۆ جـەودت ئەکـەین، و لێـرەوە بـۆ مێژوو ئەیڵێم دکتۆر شێرکۆ لە لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان ڕۆڵێکی ئێجکار گرنگـی گێـڕا بـۆ ئـەوەی سـووتەمەنی بـە کـەمترین نـرخ بـدرێ بـە هاووڵاتیـان، بـەرێز دکتـۆر عـزت ڕاپۆرتەکـەی خوێندەوە، ئێمە پشتیوانی ناوەڕۆکی کۆی ئەو ڕاپۆرتە ئەکەین کە هەموومان کارمان تێـدا کـردووە، دکتـۆر عزتیش ڕۆڵێکی زۆر سەرەکی تێدا هەبووە، بەڵام من هەوڵ ئەدەم لەوێوە دەست پێ بکەم کە بـەرێز دکتـۆر

عزت کۆتایی پێ هێنا، چونکە ئەو ڕاپۆرتەی ئێمە ئامادەمان کرد زیاتر بۆ ئەو کۆبوونەوانە بوو کە لەگەڵ حکومەت کردمان، و لێرەوە تەئکیدیش ئەکەمەوە ئێمە هیچ موعامەلەیەکمان لەگەڵ حکومەت نەکردووە، تەنیا پێشنیارمان کردووە، وەکو پەرلەمانتاریش حەقی خۆیەتی پێشنیار بکات بۆ بەرگری کردن لە مافی هاوولاتی، ئەگەرنا بە هیچ شێوەیەك هیچ ئیتیفاقێك لە نێوان ئێمەو حکومەت نەبووە بۆ دیاری کردنی نرخ، ئێستا هەرێمی کوردستان لە قەیرانێکی دارایی ئێجگار گەورەدایە، ئەمە ئەبەستمەوە بەوەی ئایا بە گرانکردنی نرخی بەنزین ئەتوانرێ ئەم قەیرانە چارەسەر بکرێ یان نا؟ وەزارەتی دارایی ٧ ملیار دۆلار عیجزی هەیە، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ٣ ملیار دۆلار قەرزارە، واتە بەگشتی هەرێمی کوردستان لەم دۆخە ١٠ ملیار دۆلار کورتهێنانی هەیە و قەرزارە، بەرهەمی ناوخۆ بەپێی ئەرقامەکانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ بەنزین کە لە هەردوو پالاوگەی بازیان و کەلەك بەرهەم دێن، بڕی سێ ملیۆن و دووسەد هەزارە، بەلام بەکارهێنانی ڕۆژانەی خەلك لە نێوان ٥ ملیۆن بۆ ٥ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار بەرمیلە، داهاتی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵی پرسی نەوت بە گشتی، دوو ملیار دۆلارە، واتە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە فرۆشتنی نەوتی خاو و موشتەقاتی نەوت بڕی دوو ملیار دۆلار قازانجی کردووە، بە خوێندنەوە و دیراسەی ئێمە، بە پشت بەستن بە زیاد کردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت کە ئێستا گەیشتۆتە دوو سەد هەزار بەرمیل، لە کۆتایی ئەمساڵ نزیك ئەبێتەوە لە (٤٥٠) هەزار بەرمیل، داهاتی نەوت نزیك ئەبێتەوە لە (٦) ملیار دۆلار، ئەمە جگە لەو پارانەی لە چوارچێوەیی گرێبەستە نەوتییەکانەوە دەست ئەکەوێت، مەبەستم چییە لەم بابەتەی وروژاندم؟ بە زیاد کردنی نرخی یەك لیتر بەنزین لە کە گەیشتە ٩٠٠ دینار ، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر لیترێك بەنزین بە ٧٠٠ دینار بدات بە خەڵکی کوردستان، کە ئێستا کردوویەتی بە ٩٠٠، لە کۆی ساڵەکە تەنیا ٣٠٠ ملیۆن دۆلاری پێویست بوو، بۆ ئەم چەند ڕۆژەی ئەم مانگەی کە تێیداین، تەنیا ٢٣ ملیۆن دۆلاری پێویست بوو، پرسیار ئەوەیە، ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ١٠ ملیار دۆلار قەرزار بێ و عیجزی هەبێ نەیئەتوانی ٢٣ ملیۆن دۆلاریش ئیزافە بکات بۆ ئەوەی ئەو قەیرانە دروست نەبێ؟ بە دیوێکی تر ئەم بابەتە ڕوون بکەینەوە، ئەگەر نرخی بەنزین بکرێ بە ٦٠٠ دینار بۆ ئەم بیست و چەند ڕۆژەی ماوە لەو مانگە ٣٣ ملیۆن دۆلار پێویستە، ئەگەر بکرێ بە ٧٠٠ دینار، ٢٣ ملیۆن دۆلار پێویستە، ئەم بڕە پارەیە تەنیا ئەتوانێ لە ٪٢،٥ خەرجییەکانی حکومەت لەم مانگە دابین بکات، کە خەرجی مانگێکی مووچەی فەرمانبەرانە، بە خەرجی بەکاربردن، بەهەندێ پرۆژە نزیکەی ملیارێك دۆلارە، واتە ئەگەر بەنزین لە ٥٠٠ بکات بە ٧٠٠ دینار، تەنیا لە ٪٢،٥ خەرجییەکان عیجز ئەکات، بە بۆچوونی ئێمە ئەگەر حکومەت بتوانێ لە ٪٩٧،٥ دابین بکات، ئەتوانێ لە ٪٢،٥ یش دابین بکات، گرفتێکی تری گەورە کە تا ئێستا هەستی پێ نەکراوە ئەوەی خوارەوەیە کە ئێستا عەرزی ئەکەم، لێرە وەکو ئاماژەیەك ئەیخەمە ڕوو کە ترسم هەیە لە چەند ڕۆژی ئایندە لێکەوتەی خراپی هەبێ، ئەو بەنزینەی کە دیسانەوە تەئکید ئەکەمەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان سێ ملیۆن و دووسەد هەزار بەرمیل ئەهێنی بەپێی ژمارەکانی خۆی، ئەم سێ ملیۆن و دووسەد هەزارە هەشت سەدی بۆ تەکسییە، دوو

هەزار و دووسەدی بۆ کۆبۆنە، دوو سەدی بۆ حکومەتە، واتە بازرگانی ماوە، ئەگەر دوو هەزار و دوو سەد لیتر بە ٩٠٠ دینار دابەش بکات، ئەوە دوو ملیۆن و دوو سەد هەزار لیتر بە کۆبۆن دابەش بکات کە کۆبۆن نەماوەن واتە هەروا خەڵك وەریبگرێ، بە ئەندازەی ئەو بڕەش بازرگانی ئەمێنێ، واتە لە ئێستا ئەوە نەماوە بازرگانی نەمێنێ، چەند بڕ بە ٩٠٠ دینار ئەفرۆشرێ، ئەوەندەش بە ١٢٥٠ دینار ئەفرۆشرێ، ئەمە تەرکیزی خەڵك ئەبات بۆ ئەوەی هەمووی بڕوات بەنزین بە ٩٠٠ دینار بکرێ، نەك ١٢٥٠، ئەمەش وا ئەکات کەسێك لە ڕۆژێکدا چەندین جار وەریبگرێ، کەسێکی دی وەرینەگرێ، بە دیوێکی تر ئەم حیسابە بۆ بەرێزتان عەرز بکەم، لە کوردستان نزیکەی ملیۆنێك و دوو سەد هەزار ئۆتۆمبێل هەیە، ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان سێ ملیۆن و دووسەد هەزار لیتر دابەش بکات، لە ڕۆژێکدا هەر ئۆتۆمبێلێك ئەگەر عەدالەتی ١٠٠٪ تێدابێت ٢ لیتر بەنزینی بەردەکەوێ، چونکە ئەوە ڕەقەمە و ئەبێ حیسابی بکەین، ملیۆنێك و دوو سەد هەزار لیترمان هەیە، عەفوو، دوو ملیۆن و دووسەد هەزار لیتر، دابەشی بکەین بەسەر ملیۆنێك و دوو سەد هەزار ئۆتۆمبێل، من ترسی ئەوەم هەیە، لێرەوە ڕایئەگەیەنم کە لە چەند ڕۆژی ئایندە، قەیرانی گەورە دروست بێ، دیسانەوە بەنزین وەکو جاری پێشوو ببێتەوە بە ١٢٥٠ دینار، چونکە کۆبۆن نەماوە، ئەگەر کۆبۆن بمایە بەشێوەیەك لە شێوەکان تا ڕادەیەك عەدالەت ئەچەسپا، بەلاّم دوور نییە خەڵکێکی زۆر ڕۆژانە سەرە بگرێ، چەند جارێکی بەنزین تێ بکات، خەڵکێکی تریش تێی نەکات، ئەوە ئەو گرفتەیە کە ئەیخەمە بەردەمی بەرێزتان، یەکێ لە کێشە گەورەکان کە ئێمە بۆ حکومەتیشمان ڕوون کردەوە ئەوەیە ئێستا بەشێك لە نیگەرانیەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان کاتێ کە ڕاستەوخۆ بە بەرێز سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەیمان وت، ئەگەر خەڵکی کوردستان دڵنیا بێ لەوەی کە ئەم بەنزینە بە ٧٠٠ دینار، یان بەنرخێکی نزیك ئەوە ئەیدرێتێ، دڵنیا بێ ئەو پارەیە بەکاردێ بۆ ئەوەی بدرێ بە شەقام و ئۆتۆمبێلەکان بۆ ئەوەی بەسەری بڕوات، ئەدرێ بە قوتابخانە و منداڵەکەی تێیدا بخوێنێ، ئەدرێ بە نەخۆشخانە و چارەسەری تێدا وەرگرێ، لێرەوە پێموابوو خەڵکی کوردستان تا ڕادیەك ئەیکات، بەلاّم تاکو ئێستا ئەوە نەبووە، لێرەوە ڕایئەگەینم ئەو بەڵێنی دا بە ئێمە کە لەمساڵ بە تەواوی سندوقی داهاتە نەوتییەکان دروست بکات، کۆی ئەو پارانەی لە چوارچێوەی بەنزین، گازوایل، نەوتی رەشن، نەوتی خاو، هەموو جۆرە سەرچاوە وکۆی ئەو پارانەی لە چوار چێوەی بەنزین، گازوایل، نەوتی ڕەش، نەوتی خاو، هەموو جۆرە سەرچاوە سروشتییەکان لەم سندووقەدا بێت و، پەرلەمان چاودێربێت لەسەر ئەم سندووقە و دیوانی چاودێری دارایش کاری لەسەر بکەن، من پێموایە ئەگەر تاراددەیەك بیتوانیبا بەگران کردنی نرخی بەنزین بۆ (٩٠٠) دینار قەیرانی مووچە چارەسەر بوایا لای خەڵکی هەرێمی کوردستان تا ڕاددەیەك سووك دەبوو، بەلاّم دیسانەوە تەئکید دەکەمەوە بە گران کردنی نرخی بەنزین قەیرانێکی تر دروست بووە لەکاتێك دا ئەم قەیرانە کە دروست کراوە تەنیا دەتوانێت لە (٠٢,٥٪) خەرجییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابین بکات، ئەگەر بیتوانیبا لە (٥٠٪) مووچەی فەرمانبەران دابین بکات لە (٦٠٪) مووچەی فەرمانبەران دابین بکات، بەدڵنیاییەوە لای خەڵکی کوردستان بابەتێکی گرنگ دەبوو، سەرنجتان بۆ خاڵێکی

سەرەکی رادەکێشم، بەو پلانەی کە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان دایناوە بە بەراورد لایەنی کەم مانگێك پێش ئێستا پارەی بەدەست هاتوو بەهوی فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکانەوە لە ساڵێك دا بەبڕی ملیارێك و (٣٠٠) ملیۆن دۆلار زیاد دەکات، هاورێیانم ئەگەر هەڵە بووم راستم بکەنەوە، لێرە لە ئەخیر خشتەدا نووسراوە (١٢٥٠) بۆ نرخی یەك لیتر بەنزین، بەلاّم وەزیری سامانە سروشتییەکان وتی (١١٠٠) نەك (١٢٥٠) واتە (١٢٥٠)کە بکەرەوە بە (١١٠٠)کە ئێمە پشتمان بە ئەرقامی بەرێزیان بەستووە، ئەوا بەم پلانەی کە حکومەت دایناوە بەهوی زیادکردنی نرخی گازوایل، نرخی بەنزین، حکومەت ملیارێك و (٣٠٠) ملیۆنی بۆ زیاد دەبێت، من لێرەوە داوا دەکەم و لەوێش خستمانە ڕوو با ملیارێك و (٣٠٠) ملیۆن نەبێت لەم مەرحەلەیە ملیارێك بێت، بەلاّم واتە ئەگەر ملیارێکیش بێت داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبڕی لە ساڵێك دا کۆی ئەم ساڵ نزیك بێتەوە لە نێوان (٦) بۆ (٧) ملیار دۆلار ئەم قەیرانە بەتەواوەتی کۆتایی پێدێت تا وەکو ئەو کاتەی کە مووچەی فەرمانبەر، وەلە لێرەوە تەئکید لە خاڵێکی تر دەکەمەوە ئێستا لە کوردستاندا تا وەکو دوێنێ ئێوارە من نازانم ئەمڕۆ چی ڕوویداوە بە هوی گرانی نرخی بەنزینەوە (٥) کەس بریندر بوونە، ئایا (٢٣) ملیۆن دۆلار لە مانگێك دا بەراورد بەو خەرجییە زۆرەی حکومەت ئەوە دەهێنێت (٥) کەس بریندار ببێت؟ کە یەکێك لەوانە فیشەك بەرسەری کەوتووە و برینەکەی سەختە، ئەمە سەرەڕای ئەوە تەئکید دەکەمەوە دەبێت لە زووترین کاتدا وەزارەتی پێشمەرگە ئەو بەرپرسانە بداتە دادگا کە تەقەیان لە خۆپیشاندەران کردووە، بۆیە لێرە داوا دەکەم لە سەر کۆی خەڵکی کوردستان بۆ پەیداکردنی بڕێك پارەی دیاری کراو کە وەك ئاماژەم پێدا بۆ بەرێزتان بڕەکە کەمە ئەم قەیرانە دروست نەکرێت، ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان کومەڵێك هەنگاوی چاکسازی بگرێتەبەر لەبەشێك لە خەرجییەکانی حکومەت بەتایبەتی لەخەرجییەکانی بەکاربردن و بەتایبەتی تر لە خشتەی مووچەی فەرمانبەران بەدەرهێنانی ناوی ئەو کەسانەی کە دوو جار مووچە وەردەگرن یاخۆد ئەوانەی کەهیچ کارێکیان نییە و لە دەرەوەی قانون مووچەیان پێدەدرێت، دەتوانرا زۆر زیاتر لەم بڕە پارەیە پەیدابکرێت و نیگەرانی لای خەڵکی کوردستانیش دروست نەدەکرد، ئەمە جگە لەوەی بەرێز دکتۆر (عزت) باسیکرد من ئەگەر بتوانم کەمێ ئیزافەی کورت بکەم، کۆمەڵێ عەقد کراوە لە کوردستاندا تەنیا لە کوردستاندا مۆدێلی هەیە من تەرکیزتان بۆ ئەوە ڕادەکێشم هەر بەرمیلێك نەوت کە پاڵاو گەکانی کەڵەك و بازیان دەیپاڵێون (١٧) دۆلار لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانە، لەکاتێکدا تێچووی ئەوە کە ئێمە پرسیارمان کردووە و بەدواداچوونمان کردووە ناگاتە (٧) دۆلار واتە هەر بەرمیلێك (١٠) دۆلار قازانجە ئەگەر (١١٥٠٠٠) بەرمیل بپاڵێورێت کە ئێستا پێموایە زیاترە دەکاتە (٤٢٠) ملیۆن دۆلار، سەیری بکەن ئەگەر بەنزین بدرێت بە (٧٠٠) دینار لە کۆی ساڵێك دا هەموو خەڵك رازی دەبێت (٣٠٠) ملیۆن دۆلار دەبێت، بەلاّم دوو کومپانیا لە ساڵێك دا (٤٢٠) ملیۆن دۆلار قازانج دەکەن ئەمە جگە لەوەی ئەگەر ئەم عەقدە لە لەسەرەتا بوایە تا راددەیەك قبوڵکراوبوو، بەلاّم چەند ساڵێکە ئەم عەقدە کراوە و ئەم دوو پاڵاوگە بەم شێوەیە کاردەکەن، بۆیە ئێستا جگە لەوەی ئەم دوو پاڵاوگە لەبنەڕەتدا بۆ زانیاریتان پاڵاوگەی حکومەت بووە، بەلاّم

تەتویریان پێ کردووە دوو کومپانیاکە ، ئێستا ئەم دوو کومپانیایە زۆر بەزیادەوە مایەی خۆیان دەرهێناوە قازانجێکی زۆریان کردووە، بۆیە پێویستە پێداچوونەوە بۆ ئەمە بکرێت، خاڵی دووەم بەپێی ئەو گرێبەستەی تەنیا بۆ کڕینی تەزووی کارەبا واتە نە گازوایلی تیایە نە غازی تیایە تەنها تەزووەکەی ساڵانە حکومەتی هەرێمی کوردستان (١) ملیار دۆلار دەدات، واتە ئەم ملیار دۆلارە بیکە بە (٧٠٠) ملیۆن دۆلار دەتوانی بەنزین بدەی بە (٧٠٠) دینار و هەمان پارەش بە دەست دەکەوێتەوە ئەگەر ئەم ملیار دۆلارە بیکەی بە (٦٠٠) ملیۆن دۆلار دەتوانی بەنزین بدەی بە (٦٠٠) دینار و هەمان پارەش بە دەست دەکەوێتەوە، لەکاتێك دا خۆمان دەزانین ئەم سەرمایەدارانە لە ماوەی رابردوو دا سەرمایەداری نیشتمانین جێگەی تەقدیرن لای ئێمە دەزگای خێرخوازی گەورەیان هەیە، بەلاّم بە بۆچوونی ئێمە پێویستە پێداچوونەوە بەم گرێبەستە بکرێت، بۆ زانیاریتان بەپێی ئەو گرێبەستەی کراوە ئەگەر یەکەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا کاریش نەکەن بەهۆی ئەوەی گازوایلی پێنادرێت حکومەت دەبێت وەك ئەو کاتەی کە کار دەکات پارەیان پێبدات، بەراستی ئێمە پێشنیازمان کرد کە پێداچوونەوە بەم گرێبەستانەدا بکرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڵێنی پێداین ئێستا چاوەڕێی ئەم بەڵێنەین، ئەمە جگە لەوەی بەڕێز دکتۆر (عزت)یش ئاماژەی پێدا چەندین کارگە هەن لە کوردستاندا لە دوو لاوە زیانی داوە لە خەڵکی کوردستان لەلایەك ئەوەیە کە ئەم کارگانە سووتەمەنی وەردەگرن، بەلاّم کارگەکانیان داخستووە تەنها سووتەمەنییەکە دەفرۆشنەوە، چونکە قازانجەکەی زۆر لەوە زیاترە ئەگەر کارگەکەی ئیش بکات، واتە ئەو گازوایلە کە وەری دەگرێت بەکاری ناهێنێت بۆ دەواجنەکەی یان مەعمەلی خشتەکەی راستەوخۆ دەیفرۆشرێتەوە، چونکە ئەگەر مەعمەلی خشتەکەی یان دەواجنەکەی کاربکات بەم ئەندازەیە قازانج ناکات ئەمە لەلایەك بەرهەمی ناوخۆیی کەم دەکاتەوە و لەلایەکی تریش پرسێکی گەندەڵی دروست دەکات، بۆیە لێرەوە دیسان پێشنیار دەکەین ئەوەی کە ئێمە ئەمڕۆش بەدوادا چوونمان کردووە، پێشبینی دەکرێت لەم مانگە بەپشتیوانی خودای گەورە قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا چارەسەر بێت، لەپێناوی بەرژەوەندی گشتی دا، لەپێناوی ئەوەی کۆتایی بەو خۆپیشاندانە بێت، چیتر کوڕی کەس نەکوژرێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداچوونەوە بەنرخی سووتەمەنی بکات، پێداچوونەوە بە کوی ئەو عەقدانەدا بکات کەکردوویەتی، پێداچوونەوە بەو زیادەڕەویانە بکات کەکردوویەتی، پێداچوونەوە بەلیستی مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینیاندا بکات، بەدڵنیاییەوە کوردستان دەکەوێتە سەر پێی خۆی، چونکە ساڵ بە ساڵ بڕی بەرهەمهێنانی نەوت زیاد دەکات و لەکۆتایی ساڵی ئاییندە دا دەگاتە (١) ملیۆن بەرمیل بەپێی ئەمەش بودجەی ساڵێکی هەرێمی کوردستان دەگاتە (٢٤) ملیار دۆلار لێرەدا دەمەوێت پەیامێکی سەریح بنێرین بۆ حکومەت، تکایان لێ دەکەین خاکی کوردستان نەکەن بە قوربانی بودجە، چونکە بە پشت بەستن بەنەوتی هەرێمی کوردستان لە دوو مانگی ئاییندەدا ئەگەر شەفاف بێت پڕۆسەکە بە سیستەماتیك بکرێت، سندوقی داهاتی نەوت و کۆمپانیاکان دروست بکرێت دەتوانین بودجە و مووچە و هەموو خەرجییەکانی خۆمان دابین بکەین، بۆیە دیسانەوە لێرەدا داواکارین خاکی کوردستان، سنووری کوردستان، ئیستیحقاقە

نەتەوەییەکان نەکرێت بە قوربانی بابەتێك کە چارەسەر بوونی زۆر نزیکە، دیسانەوە داوای لێ بووردن دەکەم لەدرێژ کردنی بابەتەکە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ علی حەمە سالح، بۆ ئەو بیرۆکەی کە خستیەڕوو، بەڵێ دکتۆر ابراهیم فەرموو.

**بەڕێز د.ابراهیم احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز حەز دکەم وەکو جەنابێ تە بەحس کری هەرکەسەکی تشتەك هەبیت ب نڤیسین بت، چونکە ئەگەر نە ب نڤیسین بت گەلەك فەقەرات مەعنایت دی ژێ دەردکەڤن ژبەر هندێ ژی ئەڤ ئاخفتنێت بەڕێز هەڤالێ من کاك (علی) نووکە کرین شەرحەکا موفەسەلا ڤان موفرەداتا بۆ یا بەڕێز دکتۆر (عزت) کری ئەز حەز دکەم ئەگەر ب نڤیسین نەبت نەهێتە قەبیل کرن، چونکە ئەگەر نە بنڤیسین بت دێ گەرم بیت شاشا تەلەفزیونێ یە خەلکێ گوهێ خۆ دەتێ دێ ژ ختوتا دەرکەڤیت ژبەر هندێ ب نڤیسین دێ ڕێزێ ل خۆژی گریت و ل مەژی گریت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لە دانیشتنی سەرۆکی فراکسیۆنەکاندا ئەوەمان وت کە ڕێ بە هەر یەکێك لە فراکسیۆنەکان دەدرێت ئەوانەی کە بیرۆکەیان خستووەتە ڕوو یەکێکی قسە بکات بۆئەوەی قسە لەسەر ئەم قەیرانە بکەین، بەڵام گفتۆ گۆ لەسەر کۆی ئەم بابەتانە دەخرێنەوە دانیشتنی داهاتۆ، فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل سەر پێشنیارا دکتۆر (ابراهیم)ی یامن دێ ب نڤیسین بت، لەڕوانگەی هەست کرن بە نیگەرانی و توڕەیی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لەسەر بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین و سووتەمەنی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەخەینە ڕوو:

١- لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان بەقەیرانێکی دارایی راستەقینە تێپەڕ دەبێت و فەرمانبەرانی هەرێم و پێشمەرگە دلێرەکان بەدەست دوا کەوتنی مووچە گیرۆدەبوونە و بارێکی ئابووری زۆر قورس کەوتۆتە سەر شانیان لەهەمان کاتدا نرخی بەنزینیش بەرز بۆتەوە و ئەمەش ئەوەندەی دیکە باری سەرشانی هاووڵاتیانی گرانتر کردووە، بۆیە لێرەدا دەمانەوێ وەکو فراکسیۆنی زەرد پشتیوانی و پاڵپشتی خۆمان بۆ خەڵکی کوردستان دووپات بکەینەوە، ئێمە زۆر بە باشی لە موعانات و ئێش و ئازاریان تێدەگەین و زۆریش نیگەرانین لەم نرخەی کە دانراوە، واتە ئێمەش بەنرخێکی زۆر بەرزی دەزانین و رازیش نین داکۆکی لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستان دەکەین، هەر بۆیەش ئەوەی لە توانای ئێمەدابێت بۆ چارەسەری ئەم قەیرانە دەیکەین هەڵبەت بەهاوکاری فراکسیۆنەکانی دیکەی پەرلەمانی کوردستان.

٢- بەو پێیەی ئێمە ئێستا لە حکومەتی یەکڕێزی نیشتمانیداین هەر بۆیەش لە سەرکەوتن و شکستەکانی ئەم حکومەتە بەرپرسیارەتی دەکەوێتە سەر شانی هەموو لایەك مان، دەبێت هەموومان بەجورئەتەوە، بەشێوەیەکی تەزامونی ملی بیدەینە بەر پرسیارەتی، بڕیاری گران بوونی نرخی بەنزین و سووتەمەنی لە ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و گاز دەرچووە ئەم ئەنجومەنەش زۆربەی هێزە سەرەکییەکانی بەشدار لە حکومەتدا ئەندامیان هەیە، بۆیە پێمان وایە کێشەکە بەوە چارەسەر نابێت کە هەر یەکێکمان بەر پرسیارییەتەکە لەخۆمان دووربکەینەوە بەپێچەوانەوە پێمان وایە ئەم قۆناغە ئەوەمان لێ دەخوازێت هەموومان بەیەکڕیزی و دوور لە ململانێی تەسکی حزبایەتی ڕووبەڕووی ئەم قەیرانە ببینەوە، دەبێت هەموومان وەکو یەك تیم لە بەرەی خەڵك و بۆ بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان کاربکەین و چارەسەری گونجاو پێشکەش بکەین.

٣- لەم قەیرانە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە دەبێت لە قۆناغی داهاتوو ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان زیاتر پابەندبین بە پڕەنسیپی لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان هەوڵ بدەین لەداهاتوودا بەشێوەیەکی زۆر کارا و کاریگەر ڕۆڵی چاودێری و یاسادانان و نوێنەرایەتی خۆمان ببینین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا نەبینە بەدیلی دەسەڵاتەکانی دیکە، ئەمەش بەو مانایە نییە کە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان بەهیچ شێوەیەك و لەژێر هیچ بیانوویەك لە پاڵپشتی کردنی داخوازییەکانی گەلی کوردستان سڵ بکەینەوە، دڵنیابن بە هەموو شێوەیەك لەخزمەتی خواست و داواکانی خەڵکی کوردستان دەبین.

٤- بەو پێیەی کە ئێستا هەرێمی کوردستان بە قەیرانێکی دارایی گەورە ڕوو بەڕوو بووتەوە و بە پەلاماری تیرۆریستان تێپەڕدەبێت لەهەمان کاتیشدا حکومەتی ئیتیحادی زۆر نا بەرپرسیارانە گەمارۆیەکی ئابووری ناهەقی خستۆتەسەر باشووری کوردستان هەروەها بەسەدان هەزار ئاوارە ڕووی لە هەرێمی کوردستان کردووە و حکومەت ڕوو بە ڕووی عجزێکی دارایی زۆر گەورە بۆتەوە، بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی ئەم قۆناغە سەختەش لەهەموو کات زیاتر پێویستیمان بە هەماهەنگی و تەنسیق هەیە لە نێوان خەڵك و حکومەت و پەرلەمان و هەموو دام و دەزگاکانی دیکەی هەرێمەکەمان، بۆئەوەی بۆ ناوخۆ و دەرەوەش بیسەلمێنین کەلە سایەی یەکڕێزی و تەبایدا دەتوانین ڕوو بەڕووی گەورەترین مەترسی ببینەوە، لەهەمان کاتدا ئەوەی لە خولی گرێدانی یەکەمی پەرلەمانی کوردستاندا هەستمان پێکردووە ئەوەیە کە هەماهەنگییەکی زۆرباش لەنێوان فراکسیۆنەکان و، هەروەها لەنێوان حکومەت و پەرلەمانیشدا هەبووە، هەر بۆیەش هیواخوازین لەم خولەی گرێدانەدا بتوانین لەچوار چێوەی هەماهەنگی زیاتر بەیەکەوە لەو ئاستەدابین خەم و کێشەکانی گەلەکەمان لە کۆڵ بگرین و کەمیان بکەینەوە.

٥- بەجدی لە هەوڵەکانی خۆمان بەردەوام دەبین بۆ کەم کردنەوەی نرخی بەنزین و سووتەمەنی بۆئەم مەبەستەش لەچوار چێوەی خشتەیەك پێشنیاری خۆمان هاوپێچ لەگەڵ ئەم یادداشتە دەیخەینە ڕوو.

٦- بـۆ دابـین کردنـی بـەنزین بەکوالیێتیـەکی بـەرز هەوڵـدەدەین بەرێساو ڕێکاری یاسایی کەلـە پـەیرەوی ناوخۆدا هاتووە چاودێرێکی کارا و کاریگەربین.

٧- پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بـۆ کـەم کردنـەوەی نرخـی بـەنزین لەسـەر هاووڵاتیـانی ئاسـایی پاڵپشتی خۆی بۆ سووتەمەنی و کۆمپانیـا گـەورەکان کـەم بکاتـەوە، هـەروەها ئـەو داهاتـەی کـە لـە سـیعری گرانی بەنزین بە دەستەوە بێت دەبێ حکومەت بەو پارە خزمەتگوزاری زیاتر پێشکەشی خەڵکی کوردستان بکات.

٨- پێویسـتە لەگـەڵ کۆتـایی هـاتنی ئـەم قەیرانـە داراییـە یەکـەم هـەنگاو کـە حکومـەت بیگرێتـە بـەر بەرزکردنەوەی داهاتی تاکە کەس بێت لە باشووری کوردستان.

٩- هەرێمەکەمان پێویستی بـە چاکسازی گشـتی هەیـە لـە زۆربـەی جومگـەکانی حوکمڕانیـدا، هـەر بـۆ ئـەم مەبەسـتەش ئێمـە لـە فراکسـیۆنی زەرد هـەموو هـەوڵێکمان دەخەینـە گـەڕ بـۆ ئـەم چاکسازییە لـە پێنـاو باشـترکردنی بـاری ژیـانی هاووڵاتیـانی کوردسـتان بـۆ ئـەم مەبەسـتەش پـڕۆژە یاسـامان پێشکەش کـردووە، هەڵبەت ئێمـە لـە فراکسیۆنی زەرد، بـەڵام دووبـارەی دەکەمـەوە بـە پشـتیوانی و بـە هەماهـەنگی بێـت، لـە کۆتاییـدا جـارێکی دیکـە هاووڵاتیـانی کوردسـتان دڵنیـا دەکەینـەوە کـە ئێمـە لەگـەڵ ئێـوەداین و هـەموو تواناکانمان دەخەینە گەڕ بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانـە، ئەمـە کۆتـایی هـیچ نییـە، ئـەم چـەند مانگـەی دوایی تا کۆتایی ساڵ انشاءالله قەیرانی ئابووری و دارایـی لـە هـەرێمی کوردسـتان کۆتـایی دێـت، چ بـەو بـڕە نەوتەی کە لە هەرێمی کوردستان دەفرۆشرێت یان چارەسەرکردنی کێشەکانمان لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی عێـراق، ئـیتر ئـەو کاتـە دەتـوانین فشـار و گوشـارەکانمان لەسـەر حکومـەتی کوردسـتان زیـاتر بکـەین، ئـەو گوشـارەش هـەر دەبـێ بـە هەماهـەنگی بێـت، هـەموومان خـەم خـۆری وڵاتـین، بـەڵام دەبـێ هەماهـەنگیمان هەبێت ئێمە وەکو دەزگای تەشریعی ئەم وڵاتە کاری خۆمان بکـەین و فشارەکانمان زیـاتر بکـەین، بـەڵام لـە کاتی خۆیدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بۆ خستنەرووی بیرۆکەکەی، نوقتەی نیزامی هەیە؟ کاك رابوون فەرمووو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سـەبارەت بـەو رەئیـەی کـە تـەعن دەدات لـە وتـە شـەفەویەکان، خۆتـان ئاگـادارن ئێمـە لـە کۆبوونـەوەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان و سـەرۆکایەتی فراکسـیۆنەکان رێکـاری یاساییمان جێبـەجیکردووە، بـە گـوێرەی پەیڕەوی ناخۆ قسەکان دەکرێ، ئیتیفاقەکە لەسەر ماددەی (٥٤) بەشی دووەم بڕگەی (٤) کە هەر ئەندامێك مـافی هەیـە بیرۆکەیـەك دەخاتـەروو ئـەو ئەنـدام پەرلەمانـەی ئێسـتا وا قسـەدەکەن بیرۆکـەکانی خۆیـان دەخەنەروو هەماهەنگ لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆ، مـاددەی (٥٤) بەشـی دووەم بڕگـەی (٤)، بۆیـە نـاکۆك نییـە لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بە نووسراو بێت باشترە، بیرۆكەكە كە دەخرێتەروو بە نووسراو بێت باشترە، بەڵام ڕێگریش نییە لەگەڵ ئەوەی كە بیرۆكەكە بە شێوەی شەفەیی بخرێتەروو، فەرموو كاك باپیر.

**بەڕێز باپیر كاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان، ئێستا خەڵكی كوردستان بە حكومەت و بە پەرلەمان و بە خەڵكەوە تووشی قەیرانێك بووین، تووشی تەنگەژەیەك بووین كە نەخوازراوە، لەلایەك شەڕ، لەلایەكیش قەیرانی ئابووری، هەمووومان ئەوە تێدەگەین دەرك بەوە دەكەین كە قەیرانەكە چەند قووڵە، كە كێشەكە چەند گەورەیە، بەڵام ژیانی خەڵكیش ئەمڕۆ ئەوەی كە لە ئێمە دەخوازێ پێویستی بەوەیە پێداچوونەوە بە نرخی سووتەمەنی، بە تایبەتی بەنزین بكرێت، ئێمە كە هەر قسە لە پێناو قسەو دانیشتن لە پێناو دانیشتن بێ و بڕیارێكمان پێوەرنەگیرێت بە ڕەئی من خۆمان ئەوەندە كاتەكە نەكوژین بەوەی كە قسەیەك بكرێت، ئەوەی كە گرنگە ئێستا چاوەڕێ دەكرێت داشكاندنی ئەو نرخەیە، ئێمە چیمان پێدەكرێت وەكو پەرلەمان، من پێموایە كە ئێستا باس لەو بارو دۆخە دەكەین كە حكومەت پێیدا دەڕوات لە رووی داراییەوە، ئەوە كارێكە كە ڕاستە داتای زۆر دەخرێنە بەرچاو لە ئەرزی واقیعدا جێبەجێكردنی كارێكی ئاسان نییە، كە كارێكی ئاسان نییە لە دوو ڕووەوە، لە ڕوویەكیان پێكهاتەی حكومەت كە لە پێنج لایەن پێكهاتووە بە تەوافووقییە ناتوانن لێپرسینەوەیەكی جدی پەرلەمان بكەین، لەبەر ئەو ڕێككەوتنەی هەیە لە نێوان ئەم پێنج لایەنە، لەلایەكی تریش كە حكومەت تووشی ئەو قەیرانە بووە كە واقیعێكی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەكرێت چارەسەرێكی مامناوەندی بكرێت ئەو چارەسەرییە مامناوەندییە بە حزوری حكومەت و بە حزوری دەزگا پەیوەندیدارەكان دەكرێت بە تایبەتی ئەنجومەنی هەرێم بۆ كاروباری نەوت و گاز، ئەو ئەنجومەنە پێكهاتووە لە پێنج كەس، كە پێنج كەسەكە بریتییە لە سەرۆكی حكومەت، جێگری سەرۆكی حكومەت، وەزیری دارایی، وەزیری سامانە سروشتییەكان، وەزیری پلان دانان، كە هەموو لایەنەكانی تێدایە بە تایبەتی لایەنی فراكسیۆنە گەورەكان، دەكرێ لێرە نەكرێت هەر كەسێك قسەیەك لەوە بكات یا بە لایەنەكەی خۆی بڵێت یا بڕیارەكەی قەبوول نەكردبا، من پێموایە ئەو بڕیارە بڕیاری هەموو لایەنەكانە، كەواتە نەقدەكە روو لە هەموویەتی، نەك ئەوەبێت یەكێك لەسەر حیسابی یەكێكی تر قسە بكات، من پێموایە نە ئێستا و نە لە داهاتووش ئەو پەرلەمانەی كە ئێستا دانیشتووین ناتوانین بڕیارێك وەربگرین كە خاریجی ئەو تەوافوقە بێت كە پێنج قۆلیەكە هەیە، بۆیە دەگاتە قۆناغێك كە متمانە لە وەزیرێك یان لە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران یان جێگرەكەی وەربگیرێتەوە، كەواتە تەوافوقەكە تێك دەچێت، كەواتە تەوافوقت كرد، كەواتە ئێمە ناتوانین بڕیار وەربگرین، لە ئایندەش ناتوانین بڕیار وەربگرین زۆرینەی فراكسیۆنەكان لێرە حزوریان هەیە، ئەوە واقیعێكە دەبێت ئێمە قەبووڵی بكەین، خەڵكی كوردستانیش بەرچاو ڕوونی هەبێت لەوە، بۆیە چارەسەركردن تەنها بە تەفاهوم دەكرێ لەگەڵ

دەزگـا پەیوەندیـدارەکان، بۆیـە مـن پێشـنیار دەکـەم بـە زووتـرین کـات ئێمـە و لایـەنی پەیوەندیـدار کـە ئەنجومەنی هەرێم بۆ نـەوت و گـاز کۆبوونەوەیـەك بکـەین ئینجا کۆبوونەوەکـە لـە چ ئاسـتێك دابێـت یـان بتوانین بگەینە بڕیارێك کە کەمێك لە کێشەو گرفتی خەڵك و لە نرخی بەنزین دابـەزێنرێت، بـە تـەفاهوم بکرێت، بە بێ تەفاهوم ناکرێت کە تەفاهومی تێدا نەبێت پڕۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردسـتان تەگـەرەو گـرفتی زۆری بـۆ دێتـە پـێش بـەو تەشـەنوجەی کـە ئێسـتا دەکرێـت، هەرچـەندە ئێمـە بـۆ خۆمـان لـە چوارچێوەی ئەو ئیتیفاقاتانەدانین وەکو لایەنێك، بەلاّم بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەنـدی گشتی، بۆیـە ئـەو پێشنیارە دەکەم، هەروەها لێرەوەشەوە پێشنیار دەکەم و ئومێد دەکەم گوێیان لێ بیت بۆ ئەنجومەنی هەرێم بۆ نەوت و گاز، بە بێ ئـەوەی ئێمـە کۆبوونـەوەیان لەگـەڵ بکـەین کـە نرخـی بـەنزین و گـاز دابـەزێنن کـە گونجاو بێت لەگەڵ ئەو واقیعەی کە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شوان فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى باوەمیر (د.شوان قەلاّدزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی ئێمە ئەو کۆبوونەوەو دەیان کۆبوونەوەی تریش بکرێت ئـەوەی کـە جـەماوەری کوردسـتان دەیـەوێ ئەم هەموو دوور و درێژییە نییە بەراستی، ئەوەی کە دەیەوێ ئایا پەرلەمان وا خۆی نیشانداوە کە بەشێکە لە زیادکردنی نرخی بەنزین، بەراستی من سەرم سووڕماوە لەم هەموو ئەو کۆبوونەوانـەی لیژنـەی سامانە سروشتییەکان لەگەڵ ڕێز و ئیحترامێکی زۆرم بۆیان، ئەم هەموو کۆبوونەوانە دەی ئێستا دەرئەنجامەکـەی، نەتیجەکەی ئەو ئەجیندایەی کە وەزیری سامانە سروشتییەکان هەیبوو، هەر ئەوە جێبـەجێکرا، حکومـەت لە هیچ داواکاریەکی نەهاتە خوارەوە، ئینجا ئـەم هـەموو کۆبوونەوانـە وای کـردووە کـە خـەڵکی کوردسـتان بڵێ بەراستی پەرلەمان ڕۆڵی هەبووە لە زیادکردنی ئـەو بەنزینـە، هـەر هـەمووشمان سـوێند بخـۆین خـەڵك باوەڕمان پێناکات، کە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان لەسەر ئـەو مەنەسـەیە خـۆی وتـی باسـی (٨٠٠) دیناری کرد، پەرلەمانتارێکیش باسی کرد، لەو ڕۆژەوە ئێمە خۆمان خستۆتە ژێر پرسـیارەوە، ئێسـتا بۆچـی پرسیار ناکەن لە پێشدا هەمووومان دەمان وت هەر وەزیرێك گەر بێتو بەرنامەی حکومەت جێبەجێ نەکات لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی خەڵك نەیەتەوە، خۆمان سەحبی سیقەی لـێ دەکـەین، بـەلاّم پالاّوگـە زیـاد نـەکرا، ئەو پالاّوگانەی کە نا یاسایی بوون دانەخراون، کوردسـتان لەسـەر دەریـای نەوتـە، خـەڵك چاوەڕێی ئەوەیـە لەو نەوتەی کە دەڕوات بۆ ولاّتان، دونیا لێی سوودمەند دەبێت، بـەلاّم ئێمـە لێـی بـێ بەشـین لێـرە، خـەڵك چاوەڕێیە مانگانە پارەی پێ بدرێت، خەڵك ئیشی بەوە نییە قـەیران هەیـە و پـارە نییـە، شـت نییـە، بـەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی کە کاك (د.عزەت) باسی کرد، ئەوانە جێبەجێ بکرێن قەیرانەکـە بـە خـۆی کۆتـایی پێ دێت، ئێنجا بەرزکردنەوەکەی لە (٥٠٠) دینارەوە بۆ (٩٠٠) دینار نە زانستییە نە هیچ شتێك تەحـەمولی دەکات، نیوە زیاد بکرێ، لە کاتێکدا کە دوو مانگ مووچە نەدرێ پڕۆژەکان وەسـتاوە، بـازاڕ وەسـتاوە، هـەزار

کێشەو گرفت هەیە، لەبەر ئەوە لەلایەن خەڵکەوە تەحەمول ناکرێت، بۆیە ئەو مەسیجەی دوێنی کە لە کفریەوە تا دەگاتە زۆربەی شار و شارۆچەکەکانی کوردستان کە خۆپیشاندان کراوە، بریندار هەبووە، گوولە بەر سەر کەوتووە، ئەگەر پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی کوردستان بەوە نەیەتە سەر خەت، چارەسەرێکی ریشەیی بۆ ئەم مەسەلەیە دانەنێت بە دوور نازانرێ ئەو خۆپیشاندانانە لەوەش زیاتر پانتایەکەی فراوانتر بێت و دواییش هەمووومان لێی زەرەر دەکەین، لەبەر ئەوە جێی خۆیەتی ئەگەر ئێمە لە پەرلەمان پێمان دەکرێت بانگهێشتی وەزیری سامانە سروشتییەکان بکرێت یان ئەوانەی کە هەموو پەیوەندیدارن، ئەو پێنج لایەنەی کە حکومەتیان پێکهێناوە بەرنامەی حکومەتیان داناوە ئەگەر ئەو بەرنامەیە جێبەجێ ناکرێت ئەوە با وەڵامی خەڵك بدرێتەوە، فراکسیۆنەکانیش بۆ خۆیان راشکاوانە داوا بکەن لە حکومەت، ئەگەر دەزانن ئەم سیعرە کە سیعرێکی زاڵمانەیە لە دژی خەڵکی کوردستانە با داوا بکەن ئەم نرخە کەم ببێتەوە، بەراستی ئەم هەموو قسانەی کە دەکرێن هیچ سوودێکی نییە، ئێستا بڕیاری ئەنجومەنی نەوت و گاز هاتووە، نرخەکە سابت بووە، دەی پەرلەمان رۆڵی چی دەبینێت لەوەدا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا بیرۆکە بەڕێز د.شێرکۆ فەرمووو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سڵاوی خوای گەورەتان لێ بێت، ئێستا جێی خۆیەتی کە راستییەکان بخەینەروو، هەروەها ئێستا جێی خۆیەتی کە لە گفتوگۆی ئەم پرسیارانەی کە بە دەست نووس ئامادەمان کردووە بۆ ئەوەی کە بەڕێزتان و رای گشتی لە هەرێمی کوردستاندا بە ئاگا بێنەوە لە راستییەکان، وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەینەوە و (document) و بەڵگەی فەرمیشمان ئامادە کردووە بۆ ئەوەی کە پشت راستیان بکەینەوە، لە گفتوگۆی قسەکاندا باس لەوە دەکەین کە ئایا ئەم هەموو کۆبوونەوەیەمان بۆ کرد لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەت؟ ئایا ئەگەر قەیرانێك بەرەو رووی کۆمەڵگەکەمان بێتەوە پەرلەمان لیژنەی مەعنی لە پەرلەمان نابێ بەدواداچوونی بۆ بکات و روونکردنەوەی پێویست و پێشنیاری پێویست و چاودێری پێویست بکات بۆ ئەوەی کە قەیران روونەدات و کۆمەڵگە ئازار نەدات، هەزاران و دەست کورتانی کۆمەڵگەکەمان نەناڵێنن، بەر لەوە بگرێ کە رۆژێکی وەکو ئەوەی کە ئەمڕۆ و دوێنێ روویداوە نەیەتە دی، نابێ پەرلەمان و لیژنەی پەرلەمانی کار بۆ ئەوە بکات کە گلۆپی تەحزیری دابگیرسێ و بڵێ وریابن ئەم بڕیارانە هەڵەیە ئەگەر سەر بگرێ کۆمەڵگە تەحەمولی ناکات، وەزعی ئێمە راستە حکومەت هیلاکە، ماندووە، قەرزارە، باری زۆر لەسەرە، دونیایەك فشاری لەسەرە، بەڵام کۆمەڵگەش هیلاك ترە، لاواز ترە، تەحەمولی ئەمانە ناکات، ئەگەر ئەمە نەکەین با بڕۆینەوە بۆماڵەوە، کەوابێ پەرلەمان و لیژنەی پەرلەمانی کاری چییە، ئەگەر ئەمە نەکات، ئایا ئێمە کارەکانمان شخصی بووە یان بە لیژنە بووە؟

**ئەوە هەموو بەڵگە و (document) ئەوە دەسەلێنیت بڕیارەکانی لیژنەی سامانە سروشتییەکان چۆن بە لیژنە کاری کردووە، چۆن بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ کاری کردووە، ئێستا باسی دەکەین، ئایا جیاوازی بۆچوون لە لیژنەدا واتای ئەوەیە کە ئەم لیژنەیە شکستی هێناوە یان حاڵەتێکی زۆر ئاساییە؟ کە لە لیژنەیەکی (١١) کەسیدا جیاوازی بۆچوون هەبێت، بە پێی جێبەجێکردنی پەیڕەوی ناوخۆ بڕیارەکان دەربکات، ئایا ئێمە وەکو لیژنە، وەکو پەرلەمان دەتوانین ئێمە بڕیاری خۆمان فەرز بکەین بەسەر حکومەتدا ؟ ئایا پەرلەمان دەتوانێ بە حکومەت بڵێ دەبێ نرخ ئەوها بێت و ئەوها بێت؟ ئێمە ئەوەمان نەکردووە، لەبەر ئەوەی قەناعەتمان وایە کە پەرلەمان بە حکومەت ناڵێ دەبێت نرخ وابێت. بەڵکو پێشنیار و حلول ، چارەسەر و ڕێگا چارەی دەربازبوون لە قەیرانەکان پێشنیار دەکا بۆ حکومەت ، بڕیاری ئاخیر لەلای حکومەتە ، دواتر ئەیسەلێنم لە قسەکانا کە لیژنەی وزەو سەرچاوە سروشتییەکان ئەو پەڕی کاری پسپۆڕی و پیشەیی خۆی بە لێهاتووترین شێواز ئەنجامداوە ، هەروەها ئەوەش ئەسەلێنین کە لیژنەی وزەو سەرچاوە سروشتیەکانی پەرلەمان ، هەیبەتی پەرلەمانی بەرزکردۆتەوە بەوەی کە قبوڵی نەکردووە بڕیاری هەڵە بەرامبەر بە میللەتەکەی بدرێ ، قبوڵی نەکردووە ، بە شێوازی میهەنی ، بەجێبەجێکردنی پەیڕەوی ناوخۆ ، بە یاسا ، بە سەلاحیاتی لیژنەی پەرلەمانی و پەرلەمان چۆتە ناو مەوزوعەکەوەو هەموو بەرپرسانی مەعنی لە حکومەت ئاگادار کردۆتەوە لە ڕاستی و دروستی شتەکان ، ئەم بەڵگانە ئەخەمە بەردەستی بەڕێزتان کە چۆن ئێمە موخاتەبەی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کردووە ، لە ڕێی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە موخاتەبەی ئەنجومەنی باڵای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانمان کردووە ، وەزارەتی سامانە سروشتییەکانمان کردووە ، لیژنەی پەیوەندیدارمان کردووە بۆ ئەوەی کە هەموو لایەك دڵنیابێ کە ئێمە وەکو لیجنە ئەمانەمان کردووە ، نەك وەکو بڕیاری شەخسی کە بەداخەوە لێرەو لەوێ هەوڵ ئەدرێ بۆ ئەوەی کە ئەم مەوزوعە بە ڕوانگەیەکی شەخسی یان تەنانەت بە ڕوانگەیەکی حیزبیش موزایەداتی سیاسی لەسەر بکرێ کە هەڵەیەکی گەورەیە مەوزوعێکی پیشەیی و میهەنی ئاوا ئیستغلال بکرێ بۆ ئەوەی کە موزایەداتی سیاسی پێبکرێ ، ئەم مەوزوعە مەوزوعێکی زانستییە ، مەوزوعێکی ژیان بە هیچ شێوەیەك بەندە بەش بە حاڵی خۆم ڕای ئەگەیەنم بۆ هەموو هاونیشتمانیان لە هەرێمی کوردستانم ، دڵنیاشم هەموو فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان کەس ڕازی نییە کە نرخ بەرز بکرێتەوە بەرامبەر هاووڵاتیان ، بۆیە ئەم مەوزوعە هیچ حزبێك لە هەرێمی کوردستان ڕازی نییە میللەتەکەی ئازاری پێبگا ، بۆیە موزایەداتی سیاسی و تەفسیری حزبی بۆ ئەم مەوزوعە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە ئەبێ وریابین ، بەلام ئەوەش مەعنای ئەوە نییە کە لە ڕووی زانستی و لە ڕووی میهەنییەوە لیژنەی موختەس ڕاو بۆچوونی نەخاتە بەردەمی ڕای گشتی ، بەردەمی لایەنی پەیوەندیدار ، با ئەم بەڵگانە عەرزی بەڕێزتان بکەم سەرەتا ئەمە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ، ڕاپۆرتێکە قەیرانی بەنزین لە هەرێمی کوردستانە ، ئەم ڕاپۆرتەمان وەکو لیژنە ئامادە کردووە پێشکەشمان کردووە بە سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ ئەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمان عیلمی هەبێ ، بە ئاگا بێ لەوەی کە قەیرانی بەنزین لە هەرێمی کوردستانا لە ڕووی عیلمییەوە تەحلیلی**

چۆنە ، وە لە ڕووی دیدو بۆچوونی ئێمە وەکو لیژنەی موختەس ، لیژنەی پیشەسازی و سەرچاوە سروشتییەکان کام ڕێگا چارە هەیە بۆ چارەسەرکردنی ، ئەمە یەك ، دوو لە کۆبوونەوەی لیژنەمانا لە ٢٠١٤/٧/٢٢ بڕیارێکمان داوە لە بڕیارەکەدا ئەڵێ (بڕیاردرا لیژنە کۆبوونەوە لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ئەنجام بدات بەمەبەستی کەمکردنەوەی نرخی بەنزین ئەوە بڕیاری یەکەمی لیژنەیە کە لیژنە بڕیاریداوە بە زۆرینە ، ئیمزای ئەندامانی لیژنەی لەسەرە ئەم کۆنووسانە بەوەی ئێمە بڕیارمانداوە نرخی بەنزین کەم بکەینەوە ، ئەمە نووسراوێکی ترە کە باس لەوە دەکا کە ئەندامانی لیژنە بڕیاریان داوە کە سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕەزامەندی بفەرموێ لەسەر ئاراستە کردنی نووسراوێك بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ ناردنی ڕاو سەرنجی خۆیان لەسەر پڕۆژە یاسای سندووقی نەوت و گاز کە ئەوە پڕۆژەیەکی ستراتیژییە زۆرێك لە کێشەکان لە ڕووی شەفافییەتەوە چارەسەر دەکا ، ئەمەش بڕیارێکی تری لیژنەیە بەوەی کە سەرۆکایەتی پەرلەمان داوا بکا وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆچوونی خۆیمان پێبڵێ بۆ پڕۆژە یاسای دامەزراندنی کۆمپانیای کوردستان بۆ نەوت و گاز ئەو کۆمپانیانەی کە هەموو پڕۆسەی بەرهەمهێنان و گەڕان و فرۆشتن و کڕین لە بواری نەوت و گازا ئەنجام ئەدا ، ئەمە بەڵگەیەکی ترە لەسەر ئەوەی کە هەر بەهەمان شێوە لیژنەکەمان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کردووە کە داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە نووسراوێك ئاراستەی ئەنجومەنی باڵای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بکەن بۆ ساز کردنی کۆبوونەوە لەگەڵ لیژنەی پیشەسازی ووزە و سەرچاوە سروشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی تاوتوێکردنی نرخ و دابەشکردنی بەنزین و گازوایل و نەوتی سپی و پرسی فرۆشتنی نەوت ، هەناردەکردنی ، ئەمە شێوازی مەرجەعی ئیداری خۆمان بووە کە بەکارمان هێناوە نەك ئەوەی لە خۆمانەوە بچین هەنگاو بنێین ، بۆیە سەرۆکایەتی پەرلەمان موخاتەبەی ئەنجومەنی نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی کردووە وە ئەوانیش ڕەزامەندیان دەربڕی بۆیە ئێمەش کۆبووینەوە دووجار لەگەڵیان ، ئەمەش نووسراوێکی ترە کە هەر بڕیاری لیژنەیە باس لەوە ئەکا کە بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ، بابەت / کۆبوونەوە ، ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوت ٨/٢٠ لیژنەی پیشەسازی ووزە و سەرچاوە سروشتییەکان کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا بە ئامادەبوونی سەرۆك و جێگر و بڕیاردەر و ئەندامانی لیژنە کە تایبەت بوو بە پرسی کێشەی بەنزین لە کۆتایدا بە کۆی دەنگ بڕیاردرا کە بەیاننامەیەك بڵاوبکرێتەوە بۆ ڕای گشتی و ئەوە بەیاننامەکەشمان بڵاوکردۆتەوە ، ڕای گشتیشمان بە ئاگا هێنایەوە لەوەی کە ڕۆڵی ئێمە چی بووە ، دەرئەنجامی کۆبوونەوەکانمان چی بووە ، هەوڵەکانمان چی بووە؟ چونکە فشارێکی زۆرمان لەسەر بوو بەوەی کە ئێوە ڕۆڵی خۆتان نابینن وەکو لیژنەیەکی موختەس لە پەرلەمانىدا ، ئەمەش بەڵگەیەکی ترە کە بەهەمان شێوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە ٨/٢٦ دا داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە نووسراوێك ئاراستەی بەڕێز وەزیری پیشەسازی و بازرگانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن بۆ هەمان مەبەست ، چونکە ئەم مەوزوعە تەنها وەزارەتی سامانە سروشتییەکان نییە بەڵکو وەزیری کارەباش مەعنییە لەم مەوزوعە وەزیری پیشەسازی و وزەش مەعنییە لەم مەوزوعە ، بۆیە

هەروەكو چۆن چووینەتە سەر خەت لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەكان هەمان داواكاریمان بۆ وەزیری كارەباش كردووە كە یەكگرتووە ، بۆ وەزیری پیشەسازی و وزەش كردووە كە گۆڕانە ، بۆ ئەوەی هەموو لا یەك دڵنیابێ لەوەی كە ئێمە ئیشەكەمان میهەنییە بە هەمان شێوە لێپرسینەوەو بەدواداچوون لەگەڵ ئەوانیش دادەكەین ، ئەمەش بەڵگەیەكی ترە بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان داوا لە بەڕێزتان دەكەین ئەوە بۆ وەزیری كارەبایە بە هەمان شێوە كە داوامان كردووە لەگەڵمانا كۆببنەوە بۆئەوەی تاوتوێی ئەوە بكەین (٣ملیار) دۆلار لە بودجەی هەرێمی كوردستان تەرخان دەكرێ بۆ سووتەمەنی بۆ تەولیدی كارەبا لە هەرێمی كوردستاندا ئەی بۆچی تەحویل ناكرێ بۆ گازی سروشتی بۆ ئەوەی ئەو (٣ملیار) دۆلارە ساڵانە بگەڕێتەوە بۆ بودجەی هەرێمی كوردستان ، كە ئەوە یەكێ بووە لەو تەوەرانەی كە ویستوومانە تاوتوێی بكەین ، ئەمەش بڕیارێكی تری لیژنەیە كە تێیدا داوامان لە سەرۆكایەتی پەرلەمان كردووە كە داواكرا لە ڕێگای سەرۆكایەتی پەرلەمانەوە بانگهێشتی وەزیری پەیوەندیدار بكرێت بۆ ئەوەی شێوازی یاسایی وەرگرێت ، دوو یا بڕیارێكی تر داواكرا بە بانگهێشتنی وەزیری سامانە سروشتییەكان سەبارەت بەم تەوەرانەی خوارەوە ( نرخی بەنزین ، یاسای نەوت و غاز ، پرسی هەناردەكردن و فرۆشتنی نەوت ) هەموو موخاتەبەكانمان بەو شێوە ڕەسمیانە بووە ، بڕیارێكی تری لیژنەی پیشەسازی ووزە و سەرچاوە سروشتییەكان لە ٨/٢٧ دەرمان كردووە داوامان لە سەرۆكایەتی پەرلەمان كە دیاریكردنی كۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری سامانە سروشتییەكان بكرێت بۆ ڕوونكردنەوەی كێشەی بەنزین و كۆبوونەوەكە لەم هەفتەیە ئەنجام بدرێ تەبعەن ئەمە لە ٨/٢٧ ئەم داوایەمان كردووە ، هەروەها بڕیاری لیژنەی پیشەسازی وزە و سەرچاوە سروشتییەكان كە لە ٨/٢٧ بڕیاریداوە ئەڵێ ( داواكرا نرخی بەنزین بكرێتەوە بە ٥٠٠ دینار ) ئەمە بڕیاری لیژنەی پیشەسازی ووزە و سەرچاوە سروشتییەكانە ، هەر بەڕێزێك ئەیەوێ لە ڕاستی و دروستی ئەم بەڵگانە دڵنیابێتەوە ئەتوانێ سەردانی سكرتاریەتی لیژنەی پیشەسازی ووزەو سەرچاوە سروشتییەكان بكا ، لەوێ ئیمزای ئەندامانی لیژنە بە چاوی خۆی ببینێ كە ئێمە بەم شێوەیە كارەكانمان ئەنجام داوە ، لێرەدا بە كورتی چەند خاڵێكی زۆر گرنگ كە بە لامەوە گرنگە ئەمەوێ باسی بكەم ، وەكو باسم كرد داواكارم ، هیوادارم هەموومان ئەم مەوزوعە ڕزگار بكەین لە موزایەداتی سیاسی ، لە چوار چێوەی مەوزوعێكی پیشەیی بژێوی ژیانی هاووڵاتیان بیهێڵینەوە نەك ئەوەی كە یەكێكمان دڵسۆز تربێ لەوی ترمان بۆ خاكی كوردستان و بۆ میللەتی كوردستان ، دوو سەرەتای قەیرانی ئەم بەنزینە ئێمە كاتێك كە هەستمان كرد تەعلیماتی وەزارەتی سامانە سروشتییەكان ئازاری خەڵك دەدا زۆرێك لە خەڵك كۆبۆنی دەست ناكەوێ ، زۆرێك لە كێشەكان چارەسەر ناكا ، پەیوەندییەكی زۆر لە هاووڵاتیانەوە بۆ ئێمەی لیژنەی موختەس لەو مەوزوعەیە ئەكرێ ، بۆیە داوامان كرد كە وەزیری سامانە سروشتییەكان بانگهێشت بكرێ بۆ ئەوەی كە ئەو تەعلیماتانە ڕاست بكرێتەوە ، باش بكرێتەوە و پرۆژەیەكمان ئامادەكرد لەبەر چاوی جەنابتان خوێندمانەوە كە ئاوا چارەسەری مەسەلەی ئەوانەی ساڵنامەی بەناوی خۆیانەوە نییە ئی سەیارەكانیان ، ئەوانەی ئارمی سەیارەیان هەیە ، ئەوانەی ماددەی ١٤٠ن ، چۆن ئەمانە چارەسەر دەكرێن ،

چونكە ئەمانە ژمارەيەكی زۆرن لە هاووڵاتيان ، كاتێك كە بەڕێز وەزيری سامانە سروشتييەكان هات بۆ پەرلەمان و لێرە لەبەر چاوی جەنابتانا بۆماوە ٧ سەعات گفتوگۆی لەگەڵ كرا دواتر لە ئاخر قسەيدا وتی من پێشنياری ئەوە ئەكەم كە نرخ ببێ بە ٨٠٠دينار ، ئەو ليژنەی كە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان تەكليفی لێكردين كە بەندەو كاك گۆران ئازاد كە حەزم ئەكرد لێرە بووايە ، كاك علی حەمە صالح كە ئەو لێرەيە ، دكتۆر عزەت صابر كە پێكەوە بووين لەگەڵ دكتۆر ئامانج رەحيمی سكرتێری ئێستای ئەنجومەنی وەزيران كە شتێك ئامادە بكەين بۆ ئەوەی كە ئەو كۆبوونەوە ٧ سەعاتييە بەرهەمێكی وای هەبێت ، چونكە خەڵك چاوەڕوان دەكات ، بۆيە ئێمە لە كاتی گفتوگۆكانی بەڕێزتان چووين لە ژورێكی ترا كۆبووينەوە ، دەست نووسی دەرئەنجامی ئەو كۆبوونەوەيە لەلای بەندەيەو لەلای كاك علی حەمە صالحە ، تێدا لەسەر نرخی بەنزين ئێمە ڕازی نەبووين و جێگەی نرخی بەنزين بە بەتاڵی ماوەتەوە ، بەڵام ڕێك كەوتووين لەسەر ئەوەی كە لە هەموو قەزايەكدا بەنزينخانەيەكی بازرگانی بكرێتەوە ، ڕێك كەوتووين لەسەر ئەوەی دەبێ پاڵاوگە بهێنرێ ، ڕێك كەوتووين لەسەر ئەوەی كە ئەو تەعليماتانە ڕاست بكرێتەوە ماددەی ١٤٠ ئەوانەی كە لە دەرەوەی هەرێمی كوردستان فۆرمی بايەعيان هەيە بەڵام خۆيان نيشتەجێ بووی هەرێمی كوردستانن ، حەقيان هەبێ كۆبۆن وەربگرن هەموو تەسهيلاتەكانمان كرد ، بەڵام بە داخەوە لەلايەن وەزارەتەوە دواتر جێبەجێ نەكرا ، كەوا بێ ئەوی وەزيری سامانە سروشتييەكان ئەڵێ پەرلەمان بڕياری داوە ببێ بە ٨٠٠دينار جەنابتان ئەندامانی پەرلەمان باش ئەزانن كە بڕياری پەرلەمان بە كام پڕۆسە ئەدرێ ، ئەرێ بەڕێزتان كەستان دەنگتانداوە لەسەر بڕيارێك بۆ نرخی بەنزين لەم پەرلەمانی هەرێمی كۆردستانە ، بۆيە ئەبێ لێپرسينەوە لە وەزيری سامانە سروشتييەكان بكرێ چۆن بەناوی پەرلەمانەوە لە پەرلەمان بڕياريدا ، جەنابتان باش ئەزانن پڕۆژە بڕيار لە پەرلەماندا چۆن دروست ئەكرێ ، پەرلەمان چۆن بڕيار ئەدا ، بۆيە كاتێك كە چووە هۆڵی دەرەوەی پەرلەمان لە كۆنگرەيەكی ڕۆژنامەوانيدا خۆی ڕايگەياند كە ئاوا بڕيارمدا بيكەم بە ٨٠٠دينار هەر بۆ بەيانييەكەی پەيوەنديمان كرد بە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانەوە ، بە بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلەمان كە ئامادەبوو لە كۆبوونەوەكەماندا كە پێويست دەكا بچين داوا لە سەرۆكی حكومەت بكەين لە جێگری سەرۆكی حكومەت بكەين ئەم ٨٠٠دينارەی كە لەدەرەوەی هۆڵی پەرلەمان بڕياری لەسەر دراوە وەزيری سامانە سروشتييەكان ، تكا دەكەين با ئەمە دابگيرێ ، بۆيە ئەوە بوو بۆ تەكسی و بۆ پاس كرايەوە بە ٥٠٠دينار ، بەڵام بۆ سەيارەی تايبەت وترا ناتوانين ، ئێمە بەردەوام بووين لەوەی كە كۆبوونەوە بكەين بۆ ئەوەی داوابكەين كە دابەزێ ئەم سيعرە هەتا كار گەيشتە ئەوەی كە داوامان كرد لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای نەوت و گاز كۆببينەوە ، چونكە وەزيری سامانە سروشتييەكان وتی لە دەستی من دانييە بڕيار دان لەسەر نرخی بەنزين ، ئەوە بوو دوو كۆبوونەوەمان لەگەڵ كردن ، كۆتايی بە قسەكانم بەوە دەهێنم ئێمە بە دواداچوونمان بۆ قەيرانی ميللەت و بۆ قەيرانی پێشمەرگە و ئەو كەسانەی كە لە سەنگەرەكانی پێشی پێشەوەی خەباتن ، هەستكردن بۆ بەمەسوليەتەكی گەورە ، بە مەسوليەتەكی مێژوويی كە ئەبێ ئێمە ڕۆڵی خۆمان ببينين نەك تەداخول

بکەین هەموو لایەك دڵنیا بکەینەوە کە بە هیچ شێوەیەك ئێمە تەدەخولمان نەکردووە لە سونعی قەرار لەناو حکومەتدا ، ئێمە پێشنیارمان کردووە حکومەت ئەڵێ حلول نییە ناتوانین دەسەلاْت و تواناو دەسەلاْتی داراییمان نەماوە تاوەکو نرخ دا بگرین ، ئێمە هاتووین وەکو برای بەڕێزم دکتۆر عزەت ڕاپۆرت و جوهدی لیژنەی خوێندەوە بۆ ئەوەی بزانێ ئەم لیژنەیە چەند بە پیشەیی و بە عیلمی چارەسەری دیاری کردووە هەر وەکو کاك علی حەمە صالحیش لێرەیا بۆی عەرزکردن کە چەند چووینەتە ناو ئەو زانیاریانەی کە حکومەت خۆی پێیداین بۆ ئەوەی چارەسەریان بۆ پێشنیار بکەین ، بۆیە ئێمە نەچووین مفاوەزات بکەین حەقی ئەوەشمان نییە مفاوەزات بکەین ، ئێمە پەرلەمانتارین ، لیژنەی موختەسین ئەچین بە حکومەت ئەڵێین ئەم ڕێگا چارانە هەیە ، بیری لێبکەنەوە بزانن ئێمە ڕەقەمەکانمان تەواوە ، قسەکانمان عیلمییە ، ئەوە بوو حکومەت قەناعەتی بە تەرحەکانی ئێمە نەکرد و بڕیاری خۆیدا لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە بچین ﴿مفاوضات﴾ بکەین و حەقی ئەوەشمان نییە بۆ ئەوەی ﴿مفاوضات﴾ بکەین، ئێمە پەرلەمانتارین، لیژنەی موختەسین، دەچین بە حکومەت دەڵێین ئەم ڕێگە چارانە هەیە، بیری لێبکەنەوە، بزانن ئێمە ڕەقەمەکانمان تەواوە؟ قسەکانمان علمییە؟ ئەوە بوو حکومەت قەناعەتی بە تەرحەکانی ئێمە نەکردو بڕیاری خۆی دا، بۆیە بە راستی دەبوایە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان سوپاسی لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکانی بکردایە، دەستخۆشی لێبکردایە بۆ ئەوەی بە دەیان سەعاتی بە شەو و بە ڕۆژ خستۆتە سەر یەك بۆ ئەوەی نەهێڵێت ئەم کارەساتەی کە دوێنێ و ئەمڕۆ روویان دا، روویان بدابایە، نەك بەوەی کە تۆمەتبار بکرێت بەوەی کە هەیبەتی پەرلەمانی شکاندووە و لە هەیبەتی پەرلەمانی داگرتووە، کە بە هەموو شێوەیەك ئەم شتە راست نییە، بە پێچەوانەوە ڕێزی پەرلەمان و ڕۆڵی پەرلەمانی لە چاودێری و بەدواداچوون پاراستووە و بەهێزتری کردووە، و قەبولی نەکرد ئەم بابەتە هەروا تێپەڕێت بە بێ خستنە رووی راستییەکان، یەك خاڵی تر هەیە کە بۆ یەکەم جارە دەڵێم و لە ئیعلامیشدا حەزم نەکردووە باسی بکەم و قەت حەز ناکەم پشتی برای پەرلەمانتاری خۆم بدەم لە عەرز، گەرچی ئەو لە ئیعلامیشدا قسە بکات و ئێمە تۆمەتبار بکات بە شتی تر، بەڵام ئێستا کاتێتی کە ئەوە بڵێین: کە ئایا ئێمە پێڕەوی ناوخۆ مان جێ بە جێ کردووە؟ یان کێ پێڕەوی ناوخۆی پێشێل کردووە؟ ئێستاش دوو دڵم لەوەی کە بڵێم: نهێنی کۆبوونەوەکانی لیژنەی پیشەسازی و وزە بە پێی پێڕەوی ناوخۆ نابێت ببرێتە دەرەوە، بەڵام کاتێك کە ئێمە چووین بۆ ئەوەی ئۆپشنەکانمان ﴿خیارات﴾ ببەین بۆ لای ئەنجومەنی باڵای نەوت و گاز پێش ئەوەی دەست پێبکەین برای بەڕێزمان کاك ﴿دلشاد شعبان﴾ یەکسەر هەرسێ حەلەکانی ئێمەی تەسلیمی سەرۆکی حکومەت کرد، کە ئەمە نهێنییەکی لیژنەیە بە پێی پێڕەوی ناوخۆ، نهێنییەکە لە چی دایە؟ ئێمە ویستمان یەکەمجار عەرزی باشترین شتەکان بکەین، عەرزی باشترین چارەسەر، ئەوە بوو کە پێشکەشمان کرد ئەگەر قەناعەتیان نەکرد، ئەوا عەرزی دووەم باشترین چارەسەر بوو، ئەگەر قەناعەتیان نەکرد ئەوا عەرزی سێیەم باشترین چارەسەرە، بەڵام لە سەرەتاوە بڵێین سێ چارەسەرمان هەیە، ئەوە شێوازێکی پرۆفیشیۆناڵ نییە بۆ تەرح کردنی مەشاریع و بۆ قەناعەت پێ

کردنی بەرامبەر بـەوەی کـە چارەسـەری گونجاو پێویسـتە، ئینجا کاتێـك کـە ئێمـە لـە نـاو لیژنـەیەکدا بـە زۆرینەی دەنگ لەبەر ئەوەی زۆر گفتگۆمان کردبوو ئەم بەڕێزانە کاك علی هالۆ، کاك دڵشاد شعبان خـۆی، خۆی هیلاك کردبوو، ئەو بەڕێزانەی تر کاتێك کە پرۆژەکەمان ئامـادەکرد، خسـتمانە دەنگدانـەوە بـە کـۆی ﴿٧﴾ دەنگ بەرامبەر بە ﴿٤﴾ دەنگ پەسەند کرا، وەکو خوێنـدیان ئـەم بەڕێزانـە کـە ﴿٧ بـە ٤﴾ بـوو بـە بڕیاری لیژنە، چووین لەگەڵ ئەنجومەنی نەوت و گازدا ئەم بڕیارەمان جێ بە جـێ کـرد کـە ئـەم دوو، سـێ ئیختیـارە هەیـە، لـەوێ تـەرحمان کـرد، بۆیـە لـە کۆتاییـدا مـن یـەك دێـڕ دەڵـێم هیـوادارم ئـەم قەیرانـە یەکرێزیمان لێ تێکنەدات، هەموو لایەك دڵنیا دەکەینەوە نە نییـەتمان هـەبووە، نـە ویسـتوومانە، کـە ئەمـە بکرێت بە موزایەداتی سیاسی و هیوادارم و پێشنیار دەکەم کـە پەرلـەمانی کوردسـتان ڕۆڵـی یەکلاکـەرەوەی خـۆی ببینێـت بـۆ یەکلاکردنـەوەی ئـەم بابەتـە، ئـەوا ئێمـە وەکـو لیژنـەی وزە و پیشەسـازی و سەرچـاوە سروشـتییەکان هـەموو شـتێکمان کـرد، هـەموو شـێوازێکی زانسـتی و پیشـەیی مـان کـرد، ئیهانـەش کـراین قبوڵمان کرد، لـە پێنـاوی ئـەوەی کێشـەی میللـەت چارەسـەر بکـەین، فـەرموون جـەنابتان وەکـو پەرلـەمانی هەرێمی کوردستان ڕۆڵی مێژوویی خۆتان ببینن و ئەو کێشەیە یەکلایی بکەنەوە و ئێمەش بەردەوام دەبین لەو ڕێرەوەی کە گرتوومانە و لەو ڕێگا پیشەیی و میهەنییەی کە گرتوومانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس بـۆ بـەڕێز د. شـێرکۆ جـودت سـەرۆکی لیژنـەی پیشەسـازی و وزە و سـامانە سرۆشـتییەکانی پەرلەمانی کوردستان، بەڵام ئێمـەش بـە هـەمان شـێوە ئیدانـەی ئـەو هێرشـکردنەی سـەر بـەڕێز د. شـێرکۆ دەکەین کە دوێنێ لە بەردەم پەرلەمانی کوردستان ئەنجام درا، دەستخۆشی لە سەرۆك و ئەندامانی لیژنـەی سامانە سروشتییەکان دەکەین کە لە ماوەی رابردوو هەوڵی زۆریان دا کە قەیرانەکان زیاتر پەرە نەسێنێت، رەنگە لە مامەڵە کردنی ئیعلامییانە لەگەڵ ئەم پرسەدا هەڵە و کەمو کورتی هەبوو بێت، بەڵام هـەمووومان دەزانین کە لیژنەکانی پەرلەمان لە ماوەی رابردوو بە شێوەیەکی زۆر لە خۆ بردووانـە کاریـان کـردووە، بـە تایبـەتی لیژنـەی وزە و سـامان سروشـتییەکانی پەرلـەمانیش جوهـدیان بـەرز دەنـرخێنین، هیـوادارین لـە دانیشتنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان کە ئەنجامی دەدەین لەسەر پرسی وزە و لەسەر قەیرانی بـەنزین، سەرجەم ئەو سەرنج و تێبینیانەی کە لە دانیشتنی ئەمڕۆ خرایە روو لە لایەن پەرلەمانتارانی فراکسیۆنە جیاوازەکانی پەرلەمان لەگـەڵ حکومـەت بـاس و خواسـتی لێبکرێـت و لـە ئـەنجامی ئـەو موناقەشـەیەی کـە ئەنجامی دەدەین بتوانین بەشێك لەو قەیرانانـەی کـە ئـەمڕۆ رووبـەرووی هاووڵاتیـانی هـەرێمی کوردسـتان بووە چارەسەریان بکەین لە ئەنجامی بڕیار و ڕاسپاردە کـە لـە پەرلـەمانی کوردسـتانەوە دەردەچێت، تکایـە بەس نوقتەی نیزامی کاك دڵشاد فەرموو،

**بەڕێز دڵشاد شعبان عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تكاتان لێدەكەم پێشنیارەكەی من بە هەند وەربگرن بۆ ئەوەی كە لیژنـەی لێكۆڵینـەوە لەسـەر لیژنـەی سامانە سروشتییەكان دروست بكرێت، جارێكی تر تەئكید دەكەمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ماموٚستا مەروان فەرموو،

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین ﴿مەروان گەڵاڵی﴾:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەروەكو تێبینییەك، ئێمە بابەتییانە قسەكانی خۆمان كرد و پابەنـد بـووین بـە بەرنامـەی كـار و ئێمـەش وەكو فراكسیونی كۆمـەڵی ئیسلامی لـە یەكـەم رۆژدا بەیاننامەیـەكمان دەركـرد و بـەو نرخـە رازی نـین و دەنگمان لەگەڵ دەنگی هاووڵاتیانە بۆ كەمكردنەوەی نرخی بەنزین و سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس د. ڤالاّ فەرموو،

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وا دیارە بیرۆكەكانیش كە پێشكەش دەكرێن لە لایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانەوە بـە هـەمان ڕێـڕەوی نوقتە نیزام بووە، چونكە نوقتەی نیزامـی تـاكو ئێسـتا لـە زمنـی پـەیڕەودا پێشـكەش نـەكراوە و لـە لایـەن ئەندامانی پەرلەمانەوە بە هەند وەرنەگیراوە، بە هەمان شێوە بیرۆكـەكان لـە زمنـی ئیختیساسـی پەرلـەمان دەرچوون، هەر بیرۆكەیەك كە پێشكەش دەكرێت لـە لایـەن ئەنـدامانی پەرلەمانـەوە دەبێـت خزمـەت بـەو ئیختیساسە بكاتن كە پەرلەمان بۆی هەیە بـە پێـی یاسـا، ئـەم بیرۆكـە خزمـەت بكـات لـە بـواری تەشـریع و ئیمما خزمەت بكات لە بواری چاودێری كردن، ئەو بیرۆكانەی كە ئەمرۆ پێشكەش كـران بیرۆكـەی وا بـوون كە لە دارشتنی سیاسەتی عامەی وەزارەتەكانە، یەعنی ئەوەی دارێژراوە و ئەو راپۆرتانـەی پێشكەش كـراوە ئەوە ئیختیساسی وەزارەتە كە بێتە ئێرە و پێم بڵێت كێشەكە ئەوەندە مـاوە حـەل بكرێـت و ئـەوها حـەل بكرێت و پلان دەبێت بەم شێوەیە بێت، نرخ ئەگەر بەم شێوەیە بێت بـەم شـێوەیە دەبێـت، یـەعنی ئـەوەی كە پێشكەشكرا بە راستی لە ئیختیباسی حكومەت بوون بیرۆكـەكان و بریتـی بـوون لـە دارشـتنی سیاسـەتی عامـە، نـەك هـەر تـەنیا سیاسـەتی عامـەی وەزارەتـی سـامانە سرۆشـتییەكان و سیاسـەتی عامـەی وەزارەتـی دارایـی، بـەڵكو پـەلی هاوێشـت بـۆ سیاسـەتی عامـەی وەزارەتـی پیلانـدانان، وەزیـر دەبێـت ئـەم راپۆرتانـە و بیرۆكانـە كـە لـە ئیختیباسـی وەزارەتەكاندایـە، بێـت لێـرە عـەرزی بكـات، كـە ئـەو عـەرزی كـرد لـە بـەردەم پەرلەمان، ئینجا دوایی ئەگەر تەنفیزی سیاسەتی عامەی خۆی نـەكرد داوای لێپێچینەوەی لێبكەم، كاتێـك كـە پەرلـەمان جێگـەی سـوڵتەی تـەنفیزی دەگرێتـەوە و جێگـەی سـوڵتەی قـەزایی دەگرێتـەوە و خۆشـی پەرلەمانە، لێرەدا هەموو ئەندامانی پەرلـەمان دەبێت لەمـە ئاگـادار بـن كـە ئەگـەر ئـەمرۆ خـەڵك هێـرش بكاتە سەر پەرلەمان و خۆپێشاندانەكان بهێنێتە بەردەم پەرلەمان و ئیهانـەی پەلـەمانتار بكـات، دوو رۆژی

تر دەسەڵات و دادوەریش هاواریـیـان لێ هەسـتاوە، ئـەوانیش لەگـەڵ خـەڵك لەوانەیـە رووبـەڕووی پەرلـەمان ببنـەوە، چـونکە پەرلـەمان خەریکـە جێگـای هـەر سـێ دەسـەڵات دەگریتـەوە، یـەعنی کاتێـك کـە خـەڵك گوێبیسـتی ئـەم راپۆرتانـە دەبێـت، دەڵێـت لـە پەرلـەمان خوێندرایتـەوە و بـەیانی رووبـەڕووی ئەنـدامانی پەرلـەمان دەبێتـەوە، پەرلـەمانتار ئـەی خـۆت وات نـەوت؟ ئـەی کـوا تـەنفیزکردنی ئـەو راپۆرتـە یـان ئـەو راسپاردەیەی کە دەرت کردووە؟ لە کاتێکدا کە ئەمـە نـە خزمـەت بـە ئیختیساسـی تەشـریعی کـردووە و نـە خزمەتیشـی بـە ئیختیسـای چـاودێری کـردن کـردووە، ئەمـە لـە لایـەك و لـە لایـەکی تـر بـەڕێز سـەرۆکی پەرلەمان، هەر کاتێك کە پەرلەمان داوای لێپێچـنەوە و پرسـیار و پرسـاندن دەکات، لـە زمنـی ئیختیساسـی خۆیدا دەبێت داوای بکات، واتە دەبێت بیسەلمێنێت کە ئەوەی حکومەت کردوویەتی بە پێچەوانەی یاسـایە، کە پێچەوانەی یاسایەك نەبوو تۆ ناتوانی لێرە پرساندن بکەی، ئەو کاتـە کـە بڕیـار دەردەکات مومارەسـەی ئیختیساسی حەسری خۆی دەکات بۆ تەحدید کردنی هەرکارێك بە تایبـەتی لـە تەسعیردا، کـە مومارەسـەی ئیختیساسی حەسری خۆی کردووە یاسایەکم بۆ بێنە، دەستوورێکم بۆ بێنە بڵێت تەسعیرە لـە ئیختیساسـی پەرلەمانە، و حکومەت خۆشی خاوەنی سیاسەتی عامـەی خۆیـەتی و لێـرە بەرنامـەی کـاری خوێندوتـەوە و سیقەی پێدراوە، کە مومارەسەی ئیختیساسی خۆی کردووەو لێپێچینەوە چۆن لەگـەڵ کەسـێك دەکرێـت کـە مومارەسەی ئیختیساسی کردبێت و پێچەوانی قانون هەڵسوکەوتی نـەکردبێت؟ بۆیـە ئێمـە وەکـو سـەرۆکی لیژنەی قانونی و وەکو ئەندامێکی پەرلەمان تکا دەکەم، بیرۆکـەکان بـە هینـی نوقتـە نیزامـەکان نەچـێت و ئـەم هەڵوێسـتانەی ئەنـدامانی پەرلـەمانیش هـەمووی بـە نـەزەری ئیعتیبـار وەربگیرێـت و هـەمووی لـە دڵسوزییانە، بەڵام ئەگەر بێت و ئاوا بڕوات کاری پەرلـەمانی نـەك رووبـەرووی هێرشـی خـەڵك دەبینـەوە و متمانە لە دەست دەدەین، ئەوا حکومەت و دەسەڵاتی دادوەریش دوو رۆژێکی دیکە دێنە سەر خەت و بەرەو ئێمە بوون لە هەرسی٘دەسەڵاتەکە و ئەمە کارێکی نایاساییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سەبارەت بە بیرۆکە خاڵی چوار لە ماددەی ﴿٥٤﴾ دەڵێت: هەر ئەنـدامێك مـافی هەیـە داوا لـە دەستەی سەرۆکایەتی بکات کە بیرۆکەکـەی بخاتـە روو، بـۆ ئـەوەی لـە لایـەن حکومەتـەوە پێـی وەربگیرێـت، کەواتە ئەمە بیرۆکەیە و بڕیار نییە، بڕیار نادرێت لە پەرلەمان، کە پەرلەمان تەداخولی سـوڵتەی تـەنفیزی بکات لە رێگای بڕیارێکەوە، بەڵکو بیرۆکەیەکە دەخرێتە روو و حکومەت دەتوانێت وەریبگرێت و دەتوانێـت وەریشی نەگرێت.

**بەڕێز د. ڤالاْ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵام دکتۆر دەبێ لە زمنی ئیختیساس بێت بیرۆکە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جگە لەمە، سەبارەت بە مەسەلەی پرسیار و پرساندن لە موحاکەمە جیاوازە، ئەمە لە دادگاییکردنداپە کە لێپرسینەوە دەکرێت لەوەی کە ئایا پێچەوانەی یاسا کاری کردووە یان نا؟ بەڵام مەسەلەی پرسیار و پرساندن پەیوەندیارە بە سیستەمی پەرلەمانی و پەیوەندیدارە بەوەی کە حکومەت لە لایەن پەرلەمانەوە متمانەی پێدراوە بۆیە قسە لەسەر ئەمە نییە، بەڵێ منیش بوتان باسم کرد، ئەرکی حکومەتە، بەرپرسیارەتی حکومەتە نرخ دابنێت چ بۆ سووتەمەنی یان هەر بوارێکی تر، ئەمە لە ئیختیساسی پەرلەمانی کوردستان نییە، بەڵام ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بۆی هەیە پرسیار لەسەر ئەو نرخە بکات کە حکومەت بۆی داناوە، ئەگەر دواییش پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان رازی نەبوون لەسەر ئەم پرسە و بە پێی پێڕەو وەڵامی حکومەت بۆ پەرلەمان قانع کەر نەبوو و نەیتوانی قەناعەتیان پێ بکات ئەوا پرسی پرساندن لە پەرلەمان کارێکی ئاساییە، یەعنی ئەمە بۆ سیاسەتە گشتییەکانیش راستە، ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە یاساوە نییە و ئەوەی پەیوەندیدارە بە یاسا ئەوەیە کە من ناتوانم فەرزی کەم لەسەر حکومەت کە دەبێت تۆ نرخی بەنزین بە ﴿٥٠٠﴾ دینار دابنێی، چونکە ئەمە لە زمنی ئیختیساسی پەرلەمانی کوردستان نییە، بەڵام پەرلەمانی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو ئەرکانە و بەرپرسیارەتییانەی کە هەیەتی دەتوانێت لە جیاتی خەڵك پرسیار و پرساندن بکات.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیار و پرساندن بە ئامادەبوونی ئەو کەسەیە کە روونی دەکاتەوە، پرسیار و پرساندن بە بیرۆکە نییە، ئێمە لە ئیتاری یاسا دەرناچین، کاتێك کە داوای ئەنجومەنی باڵاتان کرد یان وەزیر بێت روونکردنەوە بدات، دوای روونکردنەوە ئەم بابەتانە دەست پێدەکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەم بابەتە هیچ پەیوەندی نە بە پرسیارەوە هەبوو نە بە پرساندنەوە، ئەمە خستنەرووی هەندێ بیرۆکە بوو، بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێش دوو مانگ، یاداشتێك بە واژووی ﴿٢٨﴾ پەرلەمانتارەوە پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانم کرد و داوامان کردووە تێیدا کە پەرلەمانی کوردستان دوو هەفتە جارێك یان هەفتەی جارێك کۆبوونەوەیەکی تەرخان بکات بۆ کێشەی هاووڵاتیان و هێڵە گشتییەکانیشمان تێدا نووسیوە، یەعنی چۆن بێت؟ و ئەندامانی پەرلەمان چۆن پێشکەشی بکەن و چۆن داتا و زانیاری کۆبکاتەوە؟ بە راستی تا ئێستا هیچ وەڵامێکم وەرنەگرتووە، ئەمە رزگارمان دەکات لەوەی کە ئەوەی دەستپێشخەری کرد بۆ کۆبوونەوە، ئیتر بیکەین بە منەت بەسەر خەڵکیدا کە لەبەر ئێوە کۆبوونەوەمان کردووە، دیسانیش دەڵێم کە لە

چوارچێوەی موزایەدە دەرچێت، ئەو فراکسیۆنە یان ئەو شەخسە بڵێت مـن داوای کۆبۆنـەوەم بـۆ چارەسـەر کردنی کێشەی خەڵك کردووە، هیوادارم پێداچوونەوەیەك بۆ ئەم یاداشتە بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە دەبێت لە زمنی هـەر لـە ئێسـتاوە داواتـان لێدەکـەین ئەنـدامانی پەرلـەمان و فراکسـیۆنە جیاوازەکـان ڕێککەوتن بکەن لە ماوەی هەفتەیەکدا لەسـەر سـەرۆکایەتی ئـەو سـێ لیژنەیـەی کـە بـە بڕیـاری پەرلـەمان دروست کراون لە پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی لە هەفتەی داهاتوودا دەست بەکار بـن، بـە هـەمان شـێوە لیژنەیـەکمان دروسـت کـردووە بـۆ پێـڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمان بـۆ پێداچـوونەوە بـە پێـڕەوی پەرلـەمانی کوردستان، ئەو لیژنەیە داوایـان لێدەکـەین بـەیانی لـە پەرلـەمان ئامـادە بـن بـۆ ئـەوەی سـەرۆکایەتییەکەی دەسـت نیشـان بکرێـت، بـۆ ئـەوەی ئـەم لیژنەیـە ئـیش و کارەکـانی دەسـت پێبکـات و ئەمـە دەچـێتە زمنـی پێداچوونەوە بە پێڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمان، دەتوانـدرێ ئـەم بابەتـە لـە پێـڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمان جـێ بکرێتەوە، کاك سۆران جگە لە نوقتەی نیزامی ناتوانین وەری بگرێن، فەرموو،

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەیەکم هەیە بە زەرووری دەزانم ئەگەر ڕێگەم پێبدەی ژمـارە ﴿٥٥١٤﴾ەی سـەرۆکی وەزیـران کـە هاوکـات سەرۆکی ئەنجومەنی نەوت و غازی هەرێمیشە، ئاماژە بە بڕیاری کۆبوونەوەی ئەنجومەنی هەرێمی لیژنـەی نەوت وگاز لە ﴿٢٠١٤/٨/٣١﴾ واژووی کردووە، نرخی بەنزین بە ئیمزای بەڕێزیان و ئەنجومەنی هـەرێمی لێ دراوەتەوە، لێرە قسەکەم ئەمەیە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان شەوێك لە دوو کەناڵ لـە پـێش ئـەو نارەزایەتی و تووڕەییەی خەڵك دەڵێت: با خـەڵکی کوردسـتان بـڕوات یەخـەی ئەوانـە بگرێـت کـە وەعـدیان دابوو لە پەرلەمان بەنزین بکەن بە ﴿٥٠٠﴾، ئەمە تـەحریز کردنـی خەڵکـە بـۆ هاتنـە سـەر پەرلـەمان، بـۆ ڕێگە گرتن لەسەر پەرلەمانتار، هیوادارم بە مەسئولیەتەوە مامەلە لەگەڵ بارۆدوخەکە بکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆپاس کاك سۆران، فەرموو فیروز خان،

**بەڕێز د. فیروز طه عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی ب راستی ئەو بیرۆکە یا موقنع نەبوو، ئەز پشـتەڤانیا کـاك دڵشـاد و کـاك گـۆران ئازادی دکەم و پێشنیار دکەم کو لیژنەکا تەحقیقێ بهێتە دامەزراندن، هەر ئـەڤرۆ و بهێتـە دەنگـدانێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەم شێوەیە هاتینە کۆتایی کۆبوونەوەی ئەمڕۆ، بۆ دانیشتنی داهاتوو بانگهێشتتان دەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدين قادر** | **جعفر ابراهيم ئێمينكی** | **د. يوسف محمد صادق** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)**

**سێ شەممە رێکەوتی ٢٠١٤\٩\٢٣**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٢)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٩/٢٣

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٩/٢٣ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی یوسف محمد صادق سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١١)ی خولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (٢)ی ئاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٩/٢٣ دا بەم شێوەیە بێت:

١- قبول کردنی دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێز (ئاری محمد عبدالرحیم) لە ئەندامێتی پەرلەمانی کوردستان بەپێی ماددەکانی (٣٣) و (٣٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە یەکی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

٢- خوێندنەوەو گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە بڕیاری هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بە پێی ماددەی (٩٤)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە یەکی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

٣- گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە بڕیاری پایتەختی ئاشتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق، بەپێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە یەکی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

٤ ـ دەنگدان لە سەر ئەندامانی نوێی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان، بە پێی ماددەکانی (٣٩) و (٣٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە یەکی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

٥ ـ خوێندنەوەی یەکەم بۆ سێ پڕۆژە یاسا کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پێشکەش کراون.

٦- دروستکردنی لیژنەی تایبەتمەندی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە پاڵاوتنی ئەندامانی ئەنجومەنی کومسیاران بەپێی بەندی یەك لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (٥) لە یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی ژمارە چواری ساڵی ٢٠١٤.

٧ ـ دروستکردنی لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ بە جینۆساید ناساندنی تاوانەکانی دژ بە پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان، بەپێی ماددەکانی (٣٧) و (٤٨) و (٤٩) و (٥٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە یەکی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستان دەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، دانیشتنی ژمارە دوو، رۆژی دانیشتن ٢٠١٤/٩/٢٣، بەرنامەی کار بەپێی حوکمەکانی برگە یەکی ماددەی (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ژمارە یەکی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا کاتی دانیشتنی ژمارە دووی خولی گرێدانی ساڵی یەکەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان، لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێشەممە، رێکەوتی ٢٠١٤/٩/٢٣ بێت و بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیە بێت،

١ـ قبول کردنی دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێز (ئاری محمد عبدالرحیم) لە ئەندامێتی پەرلەمانی کوردستان بەپێی ماددەکانی (٣٣) و (٣٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە یەکی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

٢ـ خوێندنەوەو گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە بڕیاری هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بە پێی ماددەی (٩٤)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە یەکی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

٣ـ گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە بڕیاری پایتەختی ئاشتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق، بەپێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە یەکی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

٤ ـ دەنگدان لە سەر ئەندامانی نوێی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان، بە پێی ماددەکانی (٣٩) و (٣٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە یەکی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

٥ ـ خوێندنەوەی یەکەم بۆ سێ پڕۆژە یاسا کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پێشکەش کراون.

٦ـ دروستکردنی لیژنەی تایبەتمەندی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە پاڵاوتنی ئەندامانی ئەنجومەنی کومسیاران بەپێی بەندی یەك لە برگەی یەکەمی ماددەی (٥) لە یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی ژمارە چواری ساڵی ٢٠١٤.

٧ ـ دروستکردنی لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ بە جینۆساید ناساندنی تاوانەکانی دژ بە پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان، بەپێی ماددەکانی (٣٧) و (٤٨) و (٤٩) و (٥٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە یەکی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو.

بەڕێزان ئێمە ئێستا لە کاتێکدا دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەین کە ئەمە بۆ ماوەی چەند رۆژێکە ناوچەی کۆبانی لە کوردستانی رۆژ ئاوا کەوتۆتە بەر هەڕەشەی دڕندانەی تیرۆرستان، بۆیە بۆ پشتگیری کردنی کوردانی رۆژئاوا و، بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ئەو رووداوە دڵتەزێنانەی لەوێ روویانداوە، داوا دەکەین لە بەڕێزتان دەقیقەیەك بە پێوە بوەستن، زۆر سوپاس، فەرموون، ئێستا داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین پوختەیەك لە بەرنامەی دانیشتنی پێشووی پەرلەمانی کوردستان بخوێنێتەوە، فەرموو،

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای گەورەو بەخشیندەی میهرەبان، پوختەی دانیشتنی دەسپێك لە بەرواری ٢٠١٤/٩/٣، بەم شێوەیەی خوارەوە بوو،**

**١ ـ دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە.**

**٢ ـ خوێندنەوەی وتاری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.**

**٣ ـ خوێندنەوەی یەکەم بۆ سێ پڕۆژە بڕیار و سێ پڕۆژە یاسا.**

**٤ ـ چەند بیرۆکەیەك لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە خوێندرایەوە سەبارەت بە یەکەم: قەیرانی بەنزین، دووەم: بابەتی هەنووکەیی لە هەرێمی کوردستان.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، داوا لە بەڕێزیان دەکەین کە ناوی ئامادەنەبوانی کۆبوونەوەی پێشووی پەرلەمانی کوردستان بخوێنێتەوە، فەرموو،**

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ناوی ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی دەسپێك لە بەرواری ٢٠١٤/٩/٣، مۆڵەت پێدراو بوون یان بێ مۆڵەت ئامادە نەبوون بەم شێوەیەی خوارەوەیە، (١ـ امنە زکری سعید ئامادەنەبووە، ٢ـ ایوب عبدالله اسماعیل مۆڵەت، ٣ـئاری محمد عبدالرحیم ئامادەنەبووە، ٤ـ ئایدن معروف سلیم مۆڵەت ٥ـجودت جرجیس ئامادەنەبووە ٦ـ خلف احمد معروف مۆڵەت ٧ـ شامۆ شێخۆ نعمۆ مۆڵەت ٨ـ شیلان جعفر علی مۆڵەت ٩ـ صالح بشار صالح مۆڵەت ١٠ـ گەشە دارا جلال مۆڵەت ١١ـ ڤەمان فیصل سلیم مۆڵەت ١٢ـ محمد صادق سعید ئامادەنەبووە ١٣ـ نجات محمد عبدالله ئامادەنەبووە ١٤ـ یعقوب گۆرگیس یاقو مۆڵەت)**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**لە دانیشتنی ئەمڕۆوە ناوی ئامادەنەبووانی لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەخوێنینەوە، چونکە بەڕاستی ئامادەبوونی ئەندامانی پەرلەمان لە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان هەروەکو ئامادەبوونیانە لە دانیشتنەکانی پەرلەمان و، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆش هەروا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، لە ماوەی ڕابوردوودا بەهۆی ئەوەی کە بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمان ئامادەی دانیشتنی لیژنەکان نەدەبوون، بۆیە نیصابی یاسایی لیژنەکان تەواو نەدەبوو و، ئەمەش ئیشی پەرلەمانی پەك خستووە، بەهۆی ئەوەی کە کاری لیژنەکان کارێکی بنەڕەتی کاری پەرلەمانییە، بەهۆی ئەوەی ڕاپۆرتی پڕۆژە یاساکان و، بەدواداچوونی کێشەکانی هاووڵاتیان و، گفتوگۆکردن لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان هەمووی لە لیژنەکان دەکرێ، بۆیە لە ماوەی ڕابوردووش بەڕێز جێگیری سەرۆکی پەرلەمان بە یاداشتێك هەموو لیژنەکانی ئاگادارکردۆتەوە کە پێویستە ئەندامانی پەرلەمان ئامادەی دانیشتنەکانی پەرلەمان بن، پابەند بن بەکاتی دانیشتنەکانی لیژنەکان و، دوا نەکەون و، غیاباتی ئەندامانی پەرلەمان لە لیژنەکان بنێرێ بۆ دەستەی سەرۆکایەتی، بۆ ئەوەی لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵ بکرێ، بەهەمان شێوە داوامان لە هەموو لیژنەکان کردووە کە لە ڕۆژی**

کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بە هیچ شێوەیەك کۆبوونەوەی لیژنەکان دانەنێن، بۆ ئەوەی رەنگە پێش کۆبوونەوەکانی پەرلەمان، فراکسیۆنەکانی پەرلەمان پێویستیان بە وتووێژ هەبێ و، کێشەش دروست نەبێ بۆ کۆبوونەوەکانی پەرلەمان، بۆیە لەم رۆوە غیابات یان ئامادەنەبوونی ئەندامانی پەرلەمان لە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانیش لە دەستپێکی دانیشتنەکانی پەرلەمان دەخوێندرێتەوە، داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین کە ناوی ئامادەنەبووانی ئەندامانی پەرلەمان لە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان بخوێنێتەوە، فەرمور.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئامادەنەبوانی لە کۆبوونەوەی هەردوو رۆژی ٢٠١٤/٩/٢١ و ٢٠١٤/٩/٢٢ لیژنەکان و، ئامادەنەبووان بەم شێوەیەی خوارەوەیە، یەکەم: لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان، رۆژی یەکشەممە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی کۆبوونەوە بووە، ئەندامانی پەرلەمان بەم شێوەیەی خوارەوە مۆڵەت و نەهاتبوون، یەکەم: (شرین حسنی رمضان مۆڵەت، رۆزا محمود نەهاتووە، سۆران عمر مۆڵەت) دووەم: (لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجەییەکان، رۆژی یەکشەممە کۆبوونەوە بووە(عبدالله حاجی محمود نەهاتووە، قادر ئۆتمان مۆڵەت، ئاواز حمید مۆڵەت) سێیەم: لیژنەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەکان رۆژی یەکشەممە کۆبوونەوە بووە (خلف احمد معروف نەهاتووە) چوارەم: لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی رۆژی یەکشەممە کۆبوونەوە بووە (شێرکۆ حەمە امین مۆڵەت، زۆزان صادق سعید مۆڵەت) پێنجەم: لیژنەی تەندروستی و کاروباری ژینگە رۆژی یەکشەممە کۆبوونەوە بووە، هیچ کام لە ئەندامان ئامادەنەبوون، لەبەر ئەوە کۆبوونەوە بە ئەنجام نەگەیێنراوە، شەشەم: لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن رۆژی یەکشەممە کۆبوونەوە بووە (عمر عینایەت حەمە سعید ئامادەنەبووە) حەوتەم: لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی رۆژی یەکشەممە کۆبوونەوە بووە (پەری صالح حمید مۆڵەت، انس محمد شریف مۆڵەت) هەشتەم: لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی رۆژی یەکشەممە کۆبوونەوە بووە ( ئاری هەرسین نەهاتووە، قادر ئۆتمان نەهاتووە، عبدالرحمن فارس مۆڵەت، یعقوب گورگیس نەهاتووە) تێبینی ئەم لیژنانەی خوارەوە کۆبوونەوەیان بەئەنجام نەگەیاندووە لە بەرواری ٢٠١٤/٩/٢١، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان. یەکەم: لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان، دووەم: لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەتان، سێیەم: لیژنەی تەندروستی و ژینگە، سەبارەت بە رۆژی ٢٠١٤/٩/٢٢، کۆبوونەوەی لیژنەکان بەم شێوەیە بوون، ئامادەنەبوان و مۆڵەت بەم شێوەیەی خوارەوە بووە، یەکەم: لیژنەی رۆشنبیری راگەیاندن و هونەر ٢٠١٤/٩/٢٢ رۆژی دووشەممە (زانا عبدالرحمن عبدالله نەهاتووە، ڤیان عباس مۆڵەت) لیژنەی وەرزش و لاوان ٢٠١٤/٩/٢٢ رۆژی دووشەممە (قارەمان قادر مۆڵەت) لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان ٢٠١٤/٩/٢٢ رۆژی دووشەممە (رۆزا محمود مۆڵەت، د. عزت صابر نەهاتووە) لیژنەی نەزاهە دەست پاکی ٢٠١٤/٩/٢٢ رۆژی دووشەممە

(خلف احمد معروف نەهاتووە، نجيبە لطيف مۆڵەت، انس محمد مۆڵەت) تێبینی: ئەم لیژنانەی خوارەو کۆبوونەوەیان بە ئەنجام نەگەیاندووە لە ٢٠١٤/٩/٢٢، یەکەم: لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگای مەدەنی، دووەم: لیژنەی ئاسەوار و خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن و گەشت و گوزار، سێیەم: لیژنەی بازرگانی و پاراستنی مافەکانی بەکاربەر، لەبەر هاتنی میوانی بەغدا بۆ پەرلەمان کە لە پێشوازیدا بوون، چوارەم: لیژنەی مافەکانی مرۆڤ کۆبوونەوەکەیان دواخراوە بۆ ٢٠١٤/٩/٢٤،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، داوا لە سەرۆکایەتی لیژنەکان دەکەین کە پابەند بن بە کاتی ئەو کۆبوونەوانەی کە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی بۆیان ڕێکخراوە، لەمەولا یەکشەممان و دووشەممان دانیشتنی لیژنەکانی پەرلەمانە، سێشەممان و چوارشەممان دانیشتنی ئاسایی پەرلەمانی کوردستانە، پێنچشەممانیشمان داناوە بۆ بەدواداچوونی کێشەی هاووڵاتیان لە نووسینگەکانی پەرلەمان و لە شار و شارۆچکەکان، بۆیە داواتان لێ دەکەین سەرۆکایەتی لیژنەکان پێویست دەکات پابەند بن بە ئەنجامدانی کۆبوونەوەکانی لیژنەکان و، داوا لە هەموو لیژنەکان دەکەین ئەو پڕۆژە یاسایانەی کە لەلایانە دەست بکەن بە ئامادەکردنی راپۆرت لە سەریان ئەو پڕۆژە یاسایانەی کە گرنگن ئەولەویەتیان پێ بدەن، راپۆرتەکانیان حازر بکەن، بۆ ئەوەی بخرێتە دانیشتنی کاری پەرلەمانەوە، ناتوانین چیتر چاوەڕێی لیژنەکان بکەین راپۆرتەکانیان ئامادە نەکەن، کاری پەرلەمان پەکی بکەوێ و، نەتوانین بەدواداچوون بۆ کێشەکانی هاووڵاتیەکانیش بکەین، فەرموو کاك عمر،

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆبوونەوەی لیژنە بەپێی ماددەی (٣٩)، دەبێ سەرۆکی لیژنە داوای کۆبوونەوە بکات و، بەپێی پێویست، ناکرێ جەدوەلی زەمەنی دابنرێ، ئەمە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆیە و، لیژنە کاتێك کۆدەبێتەوە ئیشی هەبێ، ئەگەر ئیشی نەبێ بۆ کۆببێتەوە، لەبەرئەوە بەڕاستی ئەم جەدوەلە من لەگەڵی نیم و، دژیشی دەوەستمەوە و، کاتێك من لە دهۆکەوە کەسێك بهێنمە هەولێر بۆ کۆبوونەوە هیچ ئەوراقێك نەبێ لەبەردەستماندا، کۆبوونەوە بۆچی بکەین؟ لەبەرئەوە پێویستە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ سەرۆکی لیژنە ئاگاداری بڕیاردەر بکات، بڕیاردەریش ئاگاداری ئەندامان بکا، نەك دەستەی سەرۆکایەتی فەرزی جەدوەلی زەمەنی دابنێ بۆ کۆبوونەوەی لیژنە، کاتێك کە ئیشی هەبێ پێویستە خۆی هەست بە بەرپرسیارێتی بکات و کاری خۆی بکا، بەڵام کاتێك کە ئیش نەبێ لیژنە بۆچی بە خۆڕایی کۆببێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەموو ئەو دەستانەی بەرزکراوەتەوە لە سەر ئەو بابەتە رێیان پێ دەدەین قسە بکەن و، دواییش ئێمە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی روونکردنەوەی خۆمان دەدەین، فەرموو کاك عباس،

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٥٤)، هەر بڕگەی دوو، خاڵی چوار، بیرۆکەیەکم هەیە ئەگەر مەجال هەبێت دەیخەینە ڕوو،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. شێرکۆ،

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی حوکمی مادده (٥٤)، لە پەیڕەوی ناوخۆ منیش بیرۆکەیەکم هەیە، ئەگەر ڕێگام پێ بدەن و، سەرنجێکیشم هەیە لە سەر مەسەلەی ئەو کۆبوونەوانەی لیژنەکان، من لەگەڵ ئەوەم بێگومان لیژنە ئیش و کارەکانی خۆی بکا و، جدی بێ لە ئیش و کارەکانی خۆیاندا، بەڵام ئەگەر بەپێی ئەو خشتەیە بێت کە ئێستا کە دانراوە، ئێمە ڕۆژێك نامێنێتەوە بۆ ئەرکی نوێنەرایەتی کردن، هەتا ئەوەی ناو خەڵك، یەعنی من ئەگەر بۆ نموونە چوار ڕۆژ لە هەولێر بم، ڕۆژێکیش من و ئەو هاوکارانەی ترم کە لە نووسینگەی سلێمانی دەوام دەکەین کە خۆتان دەزانن، کە با بڵێین پڕ جموجۆڵترین شوێنە بۆ ئیشکردنی کاری پەرلەمانی، خۆ بێگومان ڕۆژێکیشمان دەوێ بۆ ناو خەڵك، بۆیە من پێشنیاز دەکەم تەنها ڕۆژی دووشەمان دابنرێت بۆ کۆبوونەوەی لیژنەکان و، بەپێی پێویستیش، ئەگەر پێویستی کرد و، ئەوەی تریشی بۆ جەدوەلێکی سابت بێ بۆ دانیشتنەکانی پەرلەمان و ئەوەی بیرۆکەکەم ڕێگام پێ بدەن لە کۆتاییدا بیخوێنمەوە، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ابراهیم،

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز خو ژی هەر تەئیدا (کاك عمر عینایەت و کاك شێرکۆ) د کەم، کو ڕۆژەك تێرا نڤیسینگەها ناکات، گرنگ ئەوەیە کو سێشەم و چوارشەم ڕۆژانێ جەلساتێ پەرلەمانی ئیجتماع نەبن، خەلاس، ئەوانی تر هەر یەکە تەحەمولا مەسئولیەتا خۆ د کەت، کە ئیجتماعی خۆ ب ڕێك و پێکی د کەن ئان ناکەن، دووشەم ژی ڕۆژەکا درێژا بەرمەیە، ئەم بێ منەت جینە سەعاتەك ل خشتێ داناى، ئەم بچین کۆبوونا خۆ بکەنە دوو سەعات و بکەنە سێ سەعات، هەژبەر بێ چەندێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. جوان،

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەعەکسەوە من دەست خۆشی لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم کە کۆبوونەوەکان خشتەی بۆ داناوە و، لەگەڵ ئەوەش مەجموعەك ڕێنمایی دەرهێنایە، چونکە بەڕاستی لیژنەکان تا ئێستا ئەندام هەیە دەوامی نەکردووە لە ناو ئەو لیژنانە، ئەو خشتە دەتوانین زۆر سوودی لێ وەرگرین، یەعنی ئەگەر (٢١)ی مانگی کۆبوونەوەت هەیە یان (٢٨) مانگ کۆبوونەوەت هەیە با بڵێین ١٠/١٠ کۆبوونەوەت هەیە، دەتوانی (٢١)ی مانگ نێن ئەگەر ئیشمان نەبێ، (٢٨) مانگ بێین، یەعنی پابەند بین بە خشتەکەی، بەڵام لە جەدوەلەکەی مەسەلەن ئەمڕۆ نیتمان لەو تاریخەی هیچ ئیشمان نییە، بەڵام تاریخی داهاتوو ئیشمان هەیە دەتوانین کۆببینەوە و، دەست خۆشی لە جەنابتان دەکەم، بەڵام گلەییەکم هەیە لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، ڕاستە لیژنەکان زۆرە، (١٩) لیژنەیە، هێشتا سێ لیژنەش دەست بەکار نەبووە، ئیشی نەکردووە، ئیشەکان زۆرە، بەڵام بەداخەوە زۆر کیتاب هەیە، نووسراو هەیە لە دەستەی سەرۆکایەتی تەئخیر دەبێ تا دەنێرنە ئەنجومەنی وەزیران، لە ئەنجومەنی وەزیرانیش تەئخیر دەبێ هەندێك کێشە هەیە لە دەستەی سەرۆکایەتی زانکۆ، بەڕێزان یەعنی ئەگەر لە کاتی خۆی چارەسەر نەکرێ، هاووڵاتی زۆر زەرەرمەند دەبێ، تکا لە جەنابتان دەکەم ئالیەتەکی ببینەوە ئەو کێشانە بەخێرایی بڕوا ئەو ئیجرائاتە ڕۆتینییە نەمێنێ لە پەرلەمان، سێیەم: تێبینیم هەیە بۆ قسەکان کە دادەنرێ بەڕاستی دیارە (١١١) بۆکس زۆرە، من نازانم ئالیەتەکەی یەك فەرمانبەرە دوو فەرمانبەرە، ئەمە تەرکیز و وردبینی دەوێ، زۆر جار پڕۆژە یاسا هەیە سێ جار بۆم دانراوە، پڕۆتۆکۆلەکە دوو جار بۆم دانراوە، بەحسی نەسار خانی سێ جار بۆم دانراوە، یەعنی بەعزێ یاسا بۆت دادانرێ و، بەعزەکی تر دانانرێ، تکا دەکەم یەعنی ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ایوب،

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خوێندنەوەکەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ناوی کاك عبدالله حاجی محمود بە ئامادەنەبوو خوێندەوە، بەڵام لە ڕۆژی ٢٠١٤/٩/٢١ لە کۆبوونەوەکەی لیژنەی ناوخۆدا ئامادەبووە نازانم ئەو هەڵەیە چۆن ڕوویداوە؟ لە کۆبوونەوەکەدا ئامادەبووە، داوا دەکەم ڕاست بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو حاجی کاروان،

**بەڕێز كنعان نجم الدين (حاجی كاروان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ناوانەی كە دەخوێندرێتەوە لە لیژنەكان نین یان دیار نین یان نەهاتوون یان لیژنە دانەنیشتووە، من هیچ ئیجرائاتێكم نەبیستووە، چی ئەكرێ لەگەڵ ئەندامی پەرلەمان؟ یان لەگەڵ ئەو لیژنانەی كە تا ئێستا دەست بەكار نەبوونە؟ ئەگەر ئیجازەم بدەن بیرۆكەیەكم هەیە دوایی لە خزمەتتان دابم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ناظم،

**بەڕێز ناظم كبیر محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت كۆبوونەوەی لیژنەكان بە بۆچوونی ئێمە بەڕاستی شتێكی باشە ئەو خشتەیە دانراوە دوو رۆژ دانراوە بۆ كۆبوونەوەی لیژنەكان، ئەمە شتێكی باشە و، ئەگەر لە سەریشی بڕۆین لەوانەیە زیاتر ئیهتیمامی هەبێتن، بەڵام لەوەی تر مولزەم نەبین كە ئایا كۆبوونەوە دەكەین، ئەگەر ئیشێكمان هەبێ كۆدەبینەوە و، ئەگەر ئیشێكمان نەبێ ئەوا دەكەوێتە سەر ئەستۆی لیژنەكە بۆ ئەوەی كۆبوونەوە بكرێ یان نەكرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا غریب،

**بەڕێز غریب مصطفى حەمە خان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەڵبەت من پشتیوانی راكەی (عمر عینایەت و د. شێركۆ) دەكەم، بەڕاستی پابەندكردنی ئەندام بەو خشتەیە بە مانەوەی دوو رۆژی تر غەیری دانیشتنەكانی پەرلەمان، لە ناو پەرلەماندا وا دەكات كاتی بۆ نەمێنێتەوە بۆ پەیوەندی كردن بە هاووڵاتیانەوە، بۆ نموونە ئەو لیژنەی ئێمە كە لیژنەی كشتوكاڵ و ئاودێرییە زۆر بواری كارەكەی فراوانە، دوو رۆژیش دەوام نییە لە دائیرە حكومیەكاندا چوار رۆژیش لێرە بین ئەمە شەش رۆژ تەنها یەك رۆژ دەمینێتەوە كە فریای هیچ ناكەوین بەڕاستی بۆ پەیوەندی بە هاووڵاتیانەوە، خاڵی دووەمیشم بیرۆكەیەكم هەیە ئەگەر دەرفەت هەبێ حەز دەكەم تیشكی بخەمە سەر، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك ڤەمان،

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیڤ مادده (٢٠)ی ژ پەیڕەویٚ ناوخۆ کو دەسەلاٌت و ئەرکێت هاوبەش دیار کەتن، خالاٌ چاریٚ: بێژیتن خوێندنەوەی پوختەی کۆنووسیٚ دواین دانیشتنی پەرلەمان لە دانیشتنی دواتردا، کەواتە کەی خاندنا ناڤیٚ غیابات ناڤ لیژنادا بەشێکە ل دوایین دانیشتنە پەرلەمان، یەعنی ئەڤە ژی پێچەوانەی پەیڕەوی ناڤ خۆیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بێستوون،

**بەڕێز بێستوون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماوەی چەند مانگی رابوردوودا ئەو کاتەی کە ئێمە پەیڕەوی ناوخۆمان تەعدیل کرد، چەند لیژنەیەك بۆ نێو پەیڕەو زیاد کرا، یەکێك لەو لیژنانە، لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بوو، ئەم لیژنەیە دەبوو چەند مانگێکە دەستەی سەرۆکایەتی هەڵبژاردایە و، لەو رووداوانەی دواییدا رۆڵی گرنگی هەبوایە لەو ناوچانە، بەداخەوە تا ئێستا دەستەی سەرۆکایەتی لەبەرئەوەی فراکسیۆنەکان نەگەیشتوونەتە رێککەوتن، دەستەی سەرۆکایەتی ئەم لیژنە گرنگە هەڵنەبژێردراوە، ئەمەش ئەم لیژنەیەی پەکخستووە، هیچ رۆڵێکی نییە، ئەوەتا خەریکە نووسینگەی پەرلەمانی کوردستان لە کەرکووك دەکرێتەوە کە رەبتێکی راستەوخۆی لەگەڵ ئەم لیژنەیە هەیە، بۆیە من پێشنیاز دەکەم داوا لە بەڕێزتان دەکەم ئەگەر سەرۆکی فراکسیۆنەکان یان فراکسیۆنەکان ناگەنە رێککەوتن، خۆتان سەرۆکایەتی ئەم لیژنەیە دابنێن، بۆ ئەوەی ئەم لیژنەیە لەم رووداوە گرنگانەی ناوچە کوردستانیەکاندا رۆڵی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو حیات خان.

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆ پەرلەمانی کوردستان دەبێ دوو رۆژ پێش کۆبوونەوەکان (٤٨) سەعات پێش کۆبوونەوەکان ئەجیندای کار لە ناو بۆکسەکاندا هەبێت، بەلاٌم ئەم جارەش وەکو زۆر جاری تر ئەجێندای کار پێش (٢() سەعات لە ناو بۆکسەکانی پەرلەماندا بوو، بەڕاستی پەرلەمانتار پێویستی بەوەیە کە موتابەعە بکات و دیراسەی ئەجیندای کار بکا، بەلاٌم بەو تەئخیر بوونە بەڕاستی هیوادارم لە داهاتوودا بەم شێوەیە نەبێت و، دواتریش لە سەر بڕگەی یەکەمی ئەجیندای کار لە سەر قبوڵ کردن،

شەرت نییە هەر قبولّ کردن بێ لەوانەیە قبولّ نەکردنیش بێت، ئەو نوقتەیە هینم هەیە لە سەری و، لە سەر پرسیارەکان هەندێك لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان پرسیار دەنێرن بۆ بەڕێزتان پرسیارەکان نەخوێندراوەتەوە، هەندێك دەخوێندرێتەوە و، هەندێکی تر نەخوێندراوەتەوە، لە سەر مەسەلەی ئیجازەش نەجات خان لە کۆبوونەوەی رابووردووە ئیجازە بووە، بەڵام بە غیاب خوێندرایەوە، بۆ کۆبوونەوەکانی پەرلەمانیش لەگەڵ ئەوەدام کە ئەندامانی پەرلەمان ئیلتیزام بکەن بە کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی کوردستان، بەڵام نەك ئەوەی رۆژێك بەتایبەتی تەحدید بکرێ، بەپێی پێویست ئیلتیزامیان بۆ بکرێت و ئیلتیزامەکان حیساب بکرێت و، دووەم لە ئەجیندای کاردا ئیمزای بەڕێز کاك جعفر ئیمنیکی پێوەی نییە، هەر بۆ زانیاریتان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك صالح،

**بەڕێز صالح فەقێ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بە هەمان شێوە لەگەڵ ئەو رایەم کە کاتی کۆبوونەوەی لیژنەکان دیاری نەکرێ، ئەگەر دیاریش کرا، گونجاوتر بێ یان دووشەم یان پێنج شەم، رۆژێك بێ لەگەڵ سێ شەم و چوار شەمە بێ کاتی جەلسەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بەیار،

**بەڕێز بەیار طاهر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل دیف ماددەی (٦٦)ی لە پەیڕەوی ناوخۆ بێژیتن، وەڵامی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە یەکەم دانیشتنی دوای هاتنی پرسیارەکان دەخوێندرێتەوە، ئەڤە دوو پرسیار بۆ من هاتن، جەوابا وا من مولاحەزەیە کری نەهاتیا خاندن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مدینە خان،

**بەڕێز مدینە ایوب احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەرنامەی کاری برگە ئێکێ بەحس لە دەست کار کێشانە بەڕێز (ئاری هەرسین) کر، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی ئەم هەمی د زانین دەمێکە کاك ئاری دەست لەکار کێشانا خۆ پێشکەشی سەرۆکایەتیا پەرلەمانی کری، ئەوی بوو بەرەڤانی کرنا ئاخا کوردستانێ بی، نە بۆ دڵخۆشیا خۆ بی، ژ بەر هندێ حاڵەتا

وی حاڵەتەکا تایبەت بی، ئەوجا داخازا سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ د کەم، بێ کو دەنگدان بێتە سەر کرن، کاک ئاری بزڤرت کاری خۆیی پەرلەمانی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاک ابو کاروان،

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو رایە دام کە بەرنامەیەك دابنرێ بۆ کۆبوونەوەی لیژنەکان، بەڵام بەستنەوەی بە دوو رۆژ ئەوە بڕوا ناکەم لە جێی خۆیدا بێ، چونکە رەنگە لیژنەیەك بواری هەبێ چوارشەممە کۆببێتەوە و، رەنگە بواری هەبێ پێنج شەممە کۆببێتەوە، ئەمە خاڵێك، خاڵی دووەم: من تێبینیم لە سەر بەرنامەی کار هەیە، ئەگەر بوار بدەن قسەی لە سەر بکەم ئێستا، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە باش تێدەگەین و دەزانین بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکانی پەرلەمان لە دەسەڵاتی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دایە، بەڵام زۆر جار جەختمان لەوە کردۆتەوە کە بەرنامەی کار، بەپێی ئەولەویاتی ئەو پڕۆژە یاسا و بابەتانە بێت کە گرنگیان زیاترە، بەڵام هەست دەکەین ئەو پێوەر و سیستەمە جێبەجێ ناکرێ، مەبەستیشم لێرە ئەوەیە بڵێم پێویست بوو کە پڕۆژە یاسای دەستەی نیشتیمانی دانوستاندن لە بەرنامەی کاردا بوایە، لە کاتێکدا لە دانیشتنی ژمارە چواری رۆژی چوارشەممەی رێکەوتی ٢٠٠٤/٥/١٤، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە و هەمووشمان ئەو راستییە دەزانین، کە یەکێك لە پێداویستیە سەرەکی و بنەڕەتیەکانی ئیدارەدانی ئەم قۆناغەی ئێستای هەرێمی کوردستان بوونی یاسایەکی بەو شێوەیە، هەروەکو ڕوونیشە ئێستا هەرێمی کوردستان لە چەندین گفتوگۆی جیادایە لەگەڵ حکومەتی فیدڕالی بەغدا و ڕێکەوتن ئەنجام ئەدرێ، بەبێ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان بەشداری و قسەی لەو بارەوە هەبێ، و ئاگاداری ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکان نییە، ئەمە لە کاتێکدایە کە پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردراوی کۆمەڵێك خەڵکی کوردستانە، و نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکە، پێویستە ئاماژەش بەوە بکەم کە بە چ پێوەر و یاسایەك نوێنەری ٥ حیزبی کوردستانی تەرخان و تەخویل کراون بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکان و بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسازەکان، وکو ئەشبینین ئاکامی گفتوگۆکان لە هەموو خولەکانی پێشووتری گفوگۆی نێوان هەرێم و بەغدا کەمترین شتی دەستەبەر کردووە، بۆیە من بەش بە حاڵی خۆم ڕەخەنم لە دانانی بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی پەرلەمان هەیە، پێویست بوو ئەولەویەت بۆ پڕۆژە یاسای دەستەی نیشتیمانی بۆ دانوستاندان بدرایە، هەرچەندە بەوەش گفتوگۆی ئەم پرۆژە یاسایە بۆ ئەمرۆش دوا کەتووە، و کاریگەری نەرێنی خۆی هەیە، هیوادارم پەلەی لێ بکرێ، لەمەودا لەمە زیاتر دوا نەکەوێ، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاک گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە، تێبینیەکانی من لەسەر بەرنامەی کارەکە بوو، بەڵام دیارە قسەکانم کرا، یەکەم شت، حەزم لێیە بزانین، ئەگەر چییە بەلای من تەبیعییە بۆ کورت کردنەوەی کاتیش، پرسیاری ئەندامانی پەرلەمان نەخوێندرێتەوە وەکو شەخصی، بەڵام لە ڕابردوو خوێندراوەتەوە، منیش چەند پرسیارێکم ئاڕاستەی حکومەت کردووە، ئەگەر نەشخوێندرێتەوە موشکیلە نییە، ئەگەرنا ویستم هەر ڕوون کردنەوە بدەم، دوو، یاداشتێك هەبوو لە ماوەی پێشوو لەسەر بانگهێشت کردنی ئەنجومەنی نەوت و گاز، و قەیرانەکەش بەردەوامە، ئەگەر بانگیان ناکەین بۆ ئەوەی ئێمە بە شێوازی تری دەستەڵاتی خۆم کە پرسیار کردن و ئەو دەستەڵاتەی پێمان دراوە لە پەیڕەو بیگرینە بەر، چونکە قەیرانەکە بەردەوامە، و گرفتی هاووڵاتیانیش هەر هەیە، سێ، یاسای خۆپیشاندان کە بە پێی دەستەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕەتی کردۆتەوە، و بە پێی یاسا ئەبێ بخرێتەوە ناو بەرنامەی کار و دەستەڵات بۆ پەرلەمانی کوردستانە، بەداخەوە لە ناو بەرنامەی کاردا نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان ڕوون کردنەوە ئەدات لەسەر مەسەلەی دیاری کردنی کات بۆ دانیشتنەکانی پەرلەمان، دکتۆر شوان قسەیەکت هەبوو، ناوت نووسراوە بۆ بیرۆکەکە، فەرموو.

**بەڕێز د.عمر مصطفى( د. شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە زیاد کردنی نرخی بەنزین بەو شێوازە دوو قات بەرز کرایەوە، ئەو یاداشتەی کە پەرلەمان پێشکەشی کردبوو پێویست بوو یەکێ لە بەرنامەکانی ئەمڕۆی دانیشتنی پەرلەمان بانگهێشت کردنی وەزیر بایە، چونکە ناکرێ پەرلەمان بەسەریدا تێپەڕی، ئەو دۆخە کە پەیوەندی بە هەموو هاووڵاتی کوردستانەوە هەیە بەو ئاسانییە تێپەڕێ، مەسەلەی کۆبانیش لە شنگاڵ کەمتر نییە، نزیکی ٧٠ تا ١٠٠ هەزار کەس ئاوارە بووە، بەڵام بە ١ دەقیقە ڕاوەستان بۆ ئەوێ کیفایەت نییە، پێویست بوو یەکێ لە خاڵە سەرەکییەکانی ئەمڕۆ ئەم بابەتە باس بکرایە کە ڕۆڵی پەرلەمان و ڕۆڵی هەرێمی کوردستان چییە لە بەهاناوەهاتنی خەڵکی ئەو شارە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لەبواری کۆبوونەوی ئاسایی لیژنەکان بەراستی گرفتێکمان هەیە، بەشێکی ئەم گرفتە پەیوەست نییە بە لیژنەکانەوە، گرفتە بە خودی دیوانی پەرلەمانەوە کە شوێنی گونجاو بۆ لیژنەکان نییە تا ئیش و

كارەكان لەو شوێنە ئەنجام بدەن، شوێنمان هەیە دوو لیژنـەی تێدایـە، یـان زەحمەتـە كۆبوونـەوەی ئاسایی خۆیان ڕێكبخەن وەكو پێویست، ئەمە گرفتێكە لە سەرەتای دەستبەكار بـوونی لیژنـەكان ئـەم گرفتـە مـاوە، چارەسەر نەكراوە، ڕاستە ئەوەی بەڕێز كاك ( عمر عینایـەت) ئامـاژەی پـێ كـرد، مـاددەی ٣٩ ڕاسـتە لەسـەر داوای سەرۆكی لیژنە كۆبوونەوە ئەنجام ئـەدرێ، بانگەشـەش لەلایـەن موقابیـل ئـەنجام ئـەدرێ، بـەلأم ئـەوە وەكو پێویست پەیڕەو نەكراوە، كە پەیڕەو نەكرێ گرفتەكەش لە شوێنی خۆی بێ، نزیكـەی ٤٠ پـڕۆژە یاسا خوێندنـەوەی یەكـەمی بـۆ كـراوە، و پرۆژەكـان لەلایـەن لیژنـەكان مـاون، نەگەڕێندراونەتـەوە بـۆ ئـەوەی دانیشتنەكانی پەرلەمان چڕ تر بن و، ئەو بوارانەی ئێوە ئاماژەی پێ ئەكەن بواری زۆر گـرنگ هەنـە مـاون كە نالێم پەكی كەوتووە، بەلأم ئیشەكانی پەرلەمانیش بەو شێوەیە بەڕێوەبچێت، بە حەقیقەت لاوازییـەكی زۆر لە دانیشتنەكانی پەرلەمان بەدی ئەكرێ، لەبەر ئەوە ئەوەی لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتی كراوە ئـەوە بـە ڕاوێـژكاری بـوو لەگـەڵ سـەرۆكی لیژنـەكان، ئـەوە بـە حـزووری بـەڕێز سـكرتێری پەرلـەمان پێكـەوە دانیشتین باسی ئەو خشتە كرا، و ئەو خشتەش پێشنیار كـرا، و لەلایـەن بەرپرسـی لیژنـەكانی ئەوكاتـە لای هەمووومان پەسند بوو، بە شێوازی خشتە كۆبوونەوەكان ڕێكبخرێن، و ئەوەی كـراوە ئێسـتاش ئـەڵێین ئـەوە هاوكارییە بـۆ لیژنـەكان، دیسان هـەر لیژنەیـەك بـینی كـە لـەم هەفتەیـە ئیشـێكی نییـە، ئـەتوانێ بیخاتـە هەفتەی دواتر، ئەو خەشتەیە مولزەم نییە كە لـەو سـەعاتە، یـان لـەمڕۆ ئـەم كۆبوونەوەیـە ئـەنجام بـدرێ، بەلأم ئەوە هاوكارییە بۆ ئێوە، لەوە ئەنجام نـەدرا، ئـەكرێ هەفتـەی دوای ئـەوە، لەبـەر ئـەوە ئـەوەی كـراوە هاوكارییە، خاڵێكی تر هـەبوو دیسان باسـی لێكـرا، لەوكاتـەی بـەڕێز سـەرۆكی پەرلـەمان سـەفەری كـرد بـۆ هۆڵەنـدا ، مەسـەلەی نـەوت و بانگهێشـت كردنـی ئەنجومـەنی هـەرێمی وزە یاداشـتەكە ڕۆیشـتووە بۆیـان، و داوامان لێ كردووە لـە پەرلـەمانی كوردسـتان وەكـو ئەنجومـەن حـازر بـبن، و لەسـەر پرسـی بـەنزین ڕوون كردنەوە بدەن پەرلەمانی كوردستان هەر بۆ ئاگاداری بەڕێزتان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سـوپاس، هەنـدێ تێبـینی تـر هـەبوون قسـەیان لەسـەر ئەكـەین سـەبارەت بـە ناوچـە جـێ نـاكۆك لەسـەرە كوردستانییەكان، ئێمە كۆبوونەوەیەكمان كرد، باشە، با وەلأمی ئەم تێبینیانە بدەینەوە كاك سالار دەرفـەت بـە بەڕێزیشـت ئـەدەین، لەگـەڵ سـەرۆكی فراكسـیۆنەكان كۆبووینـەوە، پـێم وابـێ سـەرۆكی فراكسـیۆنەكان ناگەنە دەرئەنجام، بۆ یەكلایی كردنەوەی ئـەو سـێ لیژنـە هەمیشـەییەی لەلایـەن پەرلـەمانی كوردسـتانەوە دەنگیان لەسەر درا، بۆیە وەكو دەستەی سەرۆكایەتی پێشنیارێكمان خستۆتە بەردەسـتیان، پـێم وابـێ ئـەو پرسـە یـەكلایی كراوەتـەوە، و ئـەمڕۆ یـان سـبەی دانیشـتنی ئـەم سـێ لیژنەیـە بـۆ هەڵبـژاردنی دەسـتەی سـەرۆكایەیەتییەكانیان، سـەبارەت بـەو پرسـیارەی كـاك ڤـەمان كـردی، چـۆن نـاوی ئامـادە نـەبووان ئەخوێندنرێتەوە؟ بەڕێز كاك ڤەمان، لە ماددەی (٥٤) خاڵی یەكـەم، لـە چـوارەم، پـاش ئـەوەی سـەرۆكایەتی كردنەوەی دانیشتنەكە ڕادەگەیەنێ، ناوی ئەمادە نەبووان ئەخوێندرێتەوە، جا ئەوانـەی بـی پاسـاو ئـەمادە نەبوون، دواتر پوختەی دانیشتن، پاش ئەنجامدانی ئەو ڕاست كردنەوانـەی سـەرۆكایەتی، یـان لەسـەر داوای

یەکێ لە ئەندامەکان بڕیاری لەسەر ئەدات پەسند ئەکرێ، یەعنی ئەوە بەو شێوەیە کە لە پەیڕەوی ناوخۆ ئەوانەی کە ئامادە نەبوون لە دانیشتنی پێشوو بە پاساو یان بێ پاساو ئەخوێندرێتەوە، چونکە لە سەرەتای هیچ دانیشتنێك ناتوانرێ ناوی ئامادە نەبووانی ئەو دانیشتنە بزانرێ، بۆیە ئەوەی بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەو کارە ئەکرێ، سەرەتا بەرنامەی کار، بەپێی ماددەی ٢٠ بەڕێز حەیات خان، بەڕێز ماددەی ٢٠ بڕگەی (١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بەرنامەی کار ڕائەگەیەنرێ، مەرج نییە بخرێتە سندوقی ئەندامان، پێش ٤٨ سەعات بەرنامەی کار لەسەر سایتی پەرلەمان ڕاگەیەندراوە، بەڕێزت ئەگەر موتابەعەی سایتی پەرلەمانت کردبێ بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆت لەسەر سایتی پەرلەمان ئەبینی، سەبارەت بە قەبوڵ کردن یان نەکردنی وازنامەی بەڕێز ئاری محمد هەرسین، سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی، ئێمە ئەوە ئەخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان قەبوڵی دەست لەکارکێشانەوەکەی نەکەن ئەوە بەڕێزیان ئەگەڕێتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە پرسیاری بەڕێز کاك ابو کاروان سەبارەت بە دەستەی نیشتیمانی بۆ دانوستان، ئێمە خوێندنەوەی یەکەممان بۆ دوو پرۆژە یاسا لەم بوارە کردووە، هەردوو پرۆژە یاساکە ڕۆیشتوونەتە لیژنەکانی پەرلەمان، بەلاَم تا ئێستا ڕاپۆرتی لیژنەکان سەبارەت بەو دوو پرۆژە یاسایە نەخراوەتە بەرنامەی کاری پەرلەمان، کاك گۆران باسی لە یاسای خۆپیشاندان کرد، کە لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە فیتۆ کرابوو، بەڵێ بە دڵنیاییەوە پەرلەمان ماڧ ئەوەی هەیە کە بیخاتەوە بەرنامەی کاری دانیشتنی خۆی و لە پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکرێتەوە و، دوای پەسند کردنی لە ڕۆژنامەی وەقائیع بلاَو ئەکرێتەوە، بۆیە لە دانیشتنەکانی داهاتوو ئەیخەینە بەرنامەی کارەوە، ژمارەیەکی زۆر بیرۆکە گەیشتوونەتە دەستەی سەرۆکایەتی، بەشێکی زۆر لەو بیرۆکانەش پەیوەندی بە باروگوزەرانی ئێستا هاووڵاتیانی هەرێمەوە هەیە، بەڕێزان ئەزانن بەهۆی دواکەوتنی مووچە، بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، ئەم قەیرانە داراییە کێشاویەتی بۆ قەیرانی ئابووریش لە هەرێمی کوردستان، سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان تووشی زیان بوون، سەرجەم چین و توێژەکانی هەرێمی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانیانەوە، مووچەخۆر، ئەوانەی لە بازاڕن، ئەوانەی بە کاری کشتوکاڵەوە خەریکن، ئەوانەی  بە کاری بازرگانییەوە خەریکن، خاوەن کار، هەموو ئەوانە تووشی قەیرانی گەورە بوون، بۆیە ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان بیرۆکەیان ئامادە کردووە سەبارەت بەو پرسە، ئێمە لەبەر گرنگی ئەو بابەتە پێش دەست پێکردن بە دانیشتنی ئەمڕۆ، دەستەی سەرۆکایەتی بڕیارمان دا کە ئەو بیرۆکانە بخەینە ڕوو، بەلاَم پێش ئەوە کاك سالار و کاك ابو بکر هەڵەدنی دەستیان هەڵبڕی بوو، بزانین نوقتەی نیزامیان هەیە؟ فەرموو کاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە حوکمی ئەوەی ناوی من لە غیاب بوو، بۆیە حەق بەخۆم ئەدەم بڵێم ئەو ناو خوێندنەوەی غیابی لیژنەکان لە هۆڵی پەرلەمان خوێندرایەوە، پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانە، ماددەی ٥٤

ئیستیناد ئەکاتە سەر خوێندنەوەی  غیابات بۆ دانیشتنی ئاسایی پەرلەمان، ئەو دانیشتنەی ئێستا کردوومانە، و لیژنەکان لە ڕێگەی سەرۆکەکانییەوە بە پێی پێویست خۆیان دانیشتنی خۆیان دیاری ئەکەن، ئەکرێ سەرۆکایەتی پەرلەمان هاوکاریان بێ، وەکو چۆن ئەکرێ لیژنەکان هاوکاری سەرۆکایەتی پەرلەمان بن بۆ دانیشتنەکان، پرسیارێك لە سەرۆکایەتی بەرێز ئەکەم، ئایا سەرۆکایەتی پەرلەمان ٢٠ ڕۆژە دانەنیشتووە، کێ ناوی سەرۆکایەتی بخوێنێتەوە وەکو غیاب؟ ئەگەر لە کاتێك قسە لەسەر ئەوەیە ڕاپۆرتی پڕۆژە یاساکان ئامادە نییە، خۆ مەسەلەی بیرۆکە و وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەندامان بۆ وەزیرەکان و کۆمەڵێك پرسی هەنووکەیی کە پەیوەندی بە مەسیری ئەم وڵاتەوە هەیە، ئەکرا گفتوگۆی لەسەر بکرێ، خاڵێکی تر، پرسیار ئەکەم، بۆچی تا ئێستا یاسای خۆپیشاندان نەهاتۆتەوە ناو هۆڵی پەرلەمان، بەڵێ ئەرکی سەرۆکایەتی پەرلەمانە بیخاتە ناو دانیشتنەکان، چونکە بە پێی پەیڕەو کات دیاری نەکراوە، ئەو ماوەی ڕۆیشتووە ئەبێ یەکلایی بکەینەوە، یان بە دەنگ داخوازی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە بین، یان ئەوەتا پەرلەمان سەلاحیەتی خۆی بەکاربێنێ، سەبارەت بە بانگهێشت کردنی ئەنجومەنی نەوت و غازیش من دووبارەی ناکەمەوە، هەڤاڵان ئاماژەیان پێ کرد، بابەتێکی هەستیاری تر ئەوەیە، زیاد لە نیوەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان داوایان کردووە دانیشتنێکی تایبەت ساز بکرێ سەبارەت بە پرسی ڕۆژئاوا، ئەو بارودۆخەی لەوێ ئەگوزەرێ، ئەو ناخۆشیەی لەسەر خەڵکی کوردستان هەیە لە ڕۆژئاوای کوردستان، زیاتر لە ٢ مانگە پەرلەمانی کوردستان نە بە بەڵێ، نە بە نەخێر جوابی پەرلەمانتاران ناداتەوە، ئایا ئەمە هۆکارەکەی چییە؟ هەرچییەك بێ هۆکار بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ سەرۆکایەتی بەرێز مولزەمە وەڵامی پەرلەمانتاران بداتەوە، وەڵامەکە موقنیعە یان موقنیع نییە، ئێمە تێدەگەین، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێوە وەڵام بدەنەوە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ بە ئەرکی قانونی خۆتان هەڵبستن، بە شێوەیەکی گشتیش دەستتان خۆشبێ کە داواتان کرد پەرلەمانتاران بە ئەرکی خۆیان هەڵسن بۆ ئەو لێقەوماوانەی لە کۆبانی و شێوێنەکانی تر، و پەرلەمانی کوردستان بەیانامەی هاوخەمی دەرکردووە، بەڵام ئەوە کیفایەت نییە، کیفایەت ئەوەیە لە هۆڵی پەرلەمان هەڵوێستێکی ڕاشکاوانە بگرینە بەر سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ئێمە بە باشووری کوردستان لەگەڵ هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان، ئەم دۆخە نابێ بەو جۆرە مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، بە بەرچاو هەموومان ڕۆژانە خەڵك قەتل و عام ئەکرێ، و خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان، و هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەمڕۆ لە ئاستی پارچەکانی یەکگرتووە، ئەو پشتوانییەی ئێمە پەرە پێبدەین، بۆ ئەوەی بتوانین لە نیتاقێکی بەرفراوان پەرلەمانی کوردستان هاوبەشی ئەو یەکڕیزیە نیشتیمانیە بکات کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ کورد هاتۆتە بوون.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ژمارەیەکی زۆر لە پەرلەمانتاران جارێکی تر دەستیان بەرز کردۆتەوە، کاك ابو بکر هەڵەدنی فەرموو.

**بەڕێز ابو بكر عمر هەلەدنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئامادە نەبوون لە لیژنەکانی پەرلەمان ماددەی ٤٣ ئەم بابەتەی حەل کردووە کە ئاماژە ئەدات بە ماددەی ٢٥ کە لە خاڵی یەکەم باس ئەکات کە ئامادە نەبوون لە لیژنەکانی پەرلەمان وەکو ئەوەیە ئامادە بووبێ لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان، لەبەر ئەوە ئەتوانین ئیستیناد بکەینە سەر ئەوە نەك ماددەی ٥٤ کە باست کرد، ئەوە تایبەتە بە دانیشتنەکانی پەرلەمان، واتە ئەو بابەتە لە ماددەی ٤٣ و ٢٥ زیاتر یەکلایی کراوەتەوە، دووەم، لە خاڵی چوارەمیدا ئەوەی بەڕێزتان یەکسەر پەنا ببەن بۆ ئەوە ٢٠٠ هەزارەکەی لێ ببڕدرێ، بەهەمان شێوە لەماددەی ٢٥ لە خاڵی حەوتەم، ئێوە لە ڕێگەی ئەندام و لیستەکەی ئەبێ ئەو ئیجرائەش بکرێ ئینجا پەنا بەرن بۆ ئەوەی تر، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ڕابوون

**بەڕێز ڕابوون توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ٥٤ لە خاڵی دووەم، چوارەم، لە کوردیەکەی وازیح نییە، هەرکسە بیخوێنێتەوە نازانێ یەعنی چی، لە عەرەبیەکەش باسی ئەوە ئەکات کە پەرلەمانتاری بەڕێز ماڤی هەیە بیرۆکەیەك لە ڕێگەی سەرۆکایەتییەوە پێشکەش بکات، و سەرۆکایەتیش پەیوەندی بە حکومەتەوە ئەکات، بۆ ئەوە تەبەنی بکات ئەگەر بابەتەکە گرنگ بوو، ئێستا ئەم بابەت و ئەم بیرۆکەیە لە پەرلەمان خەریکە بە ئاراستەیەکی تر ئەڕوات، بەڕاستی پەرلەمانی کوردستان شوێنی موزادەیاتی سیاسی و بەیەکدانی بیروبڕواکان نییە، ئەوە ئاراستەیەکی خراپ وەرئەگرێ، پێشنیار ئەکەم، پێم وایە لە فراکسیۆن گۆڕان پشتگیری ئەکەین، لە هەفتەیەکدا ڕۆژێك تەرخان بکرێ لە پەرلەمان گفتوگۆی بابەتە هەنووکەی و هەستیارەکان بکرێ، بۆ نموونە خەڵکی قارەمانی کۆبانی موقاوەمە ئەکەن پێموایە هەمووما لەگەڵ ئەوەین کە خەڵکی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پەرلەمان و فراکسیۆنەکان بەیانامەیان دەرکردووە، خەڵکی کوردستان یەکدەنگە کە پشتگیری جدی لە خەڵکی خۆرئاوای کوردستان بکرێ، قەیرانی مووچە پێموانییە کەسێك هەبێ لە پەرلەمانی کوردستان پێی وابێ ئەبێ حکومەت کەمتەرخەمی بکات لە دانی مووچە بە فەرمانبەران، بەپێچەوانەوە چەندین جار لەم پەرلەمانە موناقەشەمان کرد، بۆیە پێشنیار ئەکەم پەرلەمانی کوردستان یان سەرۆکایەتی گفتوگۆی ئەوە بکات ڕۆژێك لە هەفتەیەك تەرخان بکات بۆ گفتوگۆ کردن لە ناو هۆڵی پەرلەمان، ڕێکیبخات کە موناقەشەی بابەتە هەستیار و هەنووکەیەکان بکرێ، بۆ ئەوەی هەمووجار دانیشتنەکانی پەرلەمان بە ئاراستەی موزایەداتی سیاسی و ئەم بابەتانە نەڕوات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو خاتوو ڤیان.

**بەرێز ڤیان عباس:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ژی دوو پرسایرێت هەی ژ جەنابی هەوە، ل سەر سەفەرا جەنابەوە دەست خۆشیە دكەم، بەس پرسیارا من ئەوەیە بۆچی چ ژن د ناڤ ئەو شاندێدا نەبوون؟ هیڤیدارم ئەڤ تشتێ ب هەند وەرگیرێ، یا دووێ سەبارەت وان بیرۆكە و پێشنیارێت ئەم پێشكەشێ جەنابێت وێ دكەین، ئەنجامێت وێ چنە؟ بۆ نموونە لە كێشا ئابووری من بیرۆكەك پێشكەش كر چەند پێشنیار تێدا بوون، ٢٢ ئەندام پەرلەمان ئیمزا كر بوو، چار پێشنیار ئەز داخاز كر بوو كە بهێتە دەنگدانێ، بۆ كێڤە چوو؟ دیسان چەند جارا ئەم پرسیارا پێشكەشی حكومەت دەكەین، هندەك تێنە خاندن هندەك نە، ئەز حەز دكەم بزانم، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا پرسیارەكان لەبەر دەستمە، ئەوە لە دەرفەتێك ئەیانخوێنینەوە، خاتوو ڕێواز فەرموو.

**بەرێز د. ڕێواز فائق:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من نوقتەی نیزامیم هەیە، ماددەی (٥٤) فەقەرەی (٣ ) ئەڵێ (نابێ هیچ بابەتێك بخرێتە ڕوو یان گفتوگۆی بۆ بكرێ ئەگەر لە بەرنامەی كاردا نەهاتبێ) من هەست ئەكەم لەم پەرلەمانە كات هیچ گرنگی نییە، بۆ گرنگی نییە؟ ئێمە بۆ ماوەی یەك سەعاتی تەواوە قسە لەسەر هەندێ بابەت ئەكەین كە بە هیچ شێوەیەك لە ناو بەرنامەی كاردا نییە، تكا لە بەرێزت ئەكەم ئەو قسەی كاك ڕابوون مەعروف باسی ئەكات نازانم ئالیەتەكەی چییە؟ بەڵام داوا ئەكەم، ناوی نانێم موزایەدە، ئەوەی هەڤاڵ و هاوڕێكانمان لە پەرلەمانی كوردستان هەمووی حەقیقەتن، و هەمووی واقیعن، داوا لە بەرێزت ئەكەم دەسەڵاتی خۆت بەكاربێنی لە كورتكردنەوەی ئەو گفتوگۆیانە، و ئالیەتی گونجاو بۆ قسە كردن لەسەر ئەم مەسەلانە، ئێمە زیاتر لە نیو سەعاتە تەنیا كارمان لەسەر ئەوە كرد كە ئەو دوو ڕۆژەی دانراوە بۆ كۆبوونەوەی لیژنەكان دروستە یان دروست نییە؟ بە تەسەوری من ئەوە لە دەستەڵاتی بەرێز جێگری سەرۆكی پەرلەمانە، خۆی ئەبێ ئەو مەسەلەیە یەكلایی بكاتەوە، تكایەك لە بەرێزت ئەكەم، جارێكی تریش باسی ئەوەم كرد، كات بۆ ئەم پەرلەمانە زۆر گرنگە، ئەمڕۆ ٢١ ڕۆژ بەسەر كردنەوەی ئەم وەرزە تەشریعییە تێئەپەڕێ ئەوە یەكەم دانیشتنە ئەیكەین، و سەعاتێكی دانیشتنەكەمان هەروا ڕۆیشت، تكا ئەكەم پەیڕەوی ناوخۆ وەكو خۆی با جێ بەجێ بكرێ، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك ئومێد.

**بەرێز ئومێد خۆشناو:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێڕای پشـتیوانی کـردن لـه بۆچـوونەکەی کـاك ڕابـوون کـه بـەڵێ لەگـەڵی داینـە، و ئێمـە دوێـنێ یاداشـتێکمان پێشکەش کردبوو کە داواکارین ئەویش لەگەڵ ئـەو داواکاریانـەی کـە ئەخرێنـە ڕوو، یاداشـتەکە دەرفـەتی پـێ بدرێ کە بخوێندرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، یەعنی تۆ لەگەڵ خوێندەوەی یاداشتەکەشی و لەگەڵیشی نی؟ فەرموو خاتوو امنه .

**بەڕێز امنه ذکري:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ژی هەمان تێبنیا کاك ڕابوونی هەبوو، ئەگەر سەحکەینە ماددەی ٥٤ ی بڕگا دووێ، خالا چـارێ، گەلـەگ ب ڕاشکاوی بەحسێ هەندێ دکەتن ئەو تشتێ کو گرێدای بـیتن بـۆ حیکمـەتێ ئـەو بیرۆکـەیت ئـەو دهێتـە پـێش هێخستن، ل پرۆتۆکۆلێت دا کێشەیت هەی، بۆ نموونە ئاخر ناڤێت ئەندامێت لیژنا هەمیشـەیت یـێ وەرگرتـی بۆ هندێ کـو دیراسـەیت ل سـەر بکـەین، گەلـەك نـاڤ هـەی د سـێ لیژنـەدا، هنـدەکێت هـەی د لیژنەیـەکی دا و هندێك د ناڤ دوو لیژنـەدا، پرۆتۆکۆڵ مـە دایـە دەسـتێ سـەرۆکایەتی هـەتا هەنووکـە ئەنـدامێت مـە نەهاتیـە ڕێزبەند کرن، بۆ نموونە ناڤێ وی ل ناو سێ لیژنەدایە، ئەڤ خۆ د ناڤ سێ لیژنەدا هـەی، کـاك عـادل د نـاڤ دوو لیژنەدایە، ناڤێ وی د ناڤ یەك لیژنەدایە، کاك شوان احمد ناڤێ وی  د نـاڤ دوو لیژنەیـە، د سـێ لیژنـەدا هـەی، پرۆتۆکۆلێت مە دا بەردەستێ وە، و ئەگەر و ژی بهێتە ریزبەندا کرن باشە، جەنابێ وە بەحسێ هنـدێ کـر کـو دەسـتا سـەرۆکایەتیا بیرۆکـەیا ئێخسـتیە بەردەسـتێ سـەرۆکێت فراکسـیۆنا بـۆ ئیکلابوونـا هەرسـێ دەسـتێ سەرۆکایەتێت یێ لیژنەیەت هەمیشەیی، جەنابێتا بەحسێ هندێ ژی کر کـو دیـارە ڕێکەفتنـەکی هاتیـە کـرن، بەس ئەز بناڤێ فراکسیۆنا پارتی دبێژم مە هیچ ڕێکەفتنەك ل سەر ئەو بیرۆکەیا نینە، ڕێـزت هـەی، هێشـتان ئەم نەگەهیشتیا هیچ ئەنجامەکی، و دبێت موفاوەزات دگەل سەرۆکێ فراکسیۆنا بکـەین، و ئـەو لیـژنا نـەهاتیا یەکلایی کرن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاسـتی مـادام باسـی ڕێکخسـتنی کاروبـاری پەرلـەمان کـرا ئێمـە وەکـو ئـەو ئەنـدام پەرلەمانانـەی کـە لـە نووسینگەکان بە ڕەسمی دەوام ئەکەین، بە تایەبت لە نووسنگەی سلێمانی لەگەڵ دکتۆر شێرکۆ، ئێمـە فشـار و زەختێکی زۆرمان لەسەرە، گرنگە دەستەی سەرۆکایەتی لەگەڵ ئەو ئەندامانەی بەردەوام لە نووسینگەکان کار ئەکـەن، کۆبوونـەوەی هەنـدێ کێشـە و گرفـت هەیـە چارەسـەری بکـەین، ڕێکخسـتنی کۆبوونـەوەی لیژنـەکان لەوانەیـە گرفـت و عەرقەلـە بـۆ ئێمـە دروسـت بکـات، چـونکە ئەگـەر ڕۆژێـك لـە نووسـینگەکە پەرلـەمانتار

حزووری نەبێ گلەیی زۆرمان دێتە سەر، ئەم بەیانییە تا گەیشتوومەتە هەولێر زیاد لە ٢٠ تەلەفۆنم بۆ هاتووە، لە نووسینگەوە، خەڵك لێرە و لەوێ، ئێمە ئەبێ بیانبینین، من زۆرجار ئەڵێم ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە لە نووسینگەکان داتانناوین وەکو دکتۆری گشتیمان لێهاتووە، هەموو کەیسەکان ئەبینین، و کیتابیان بۆ ئەکەین، و زۆرجار بەڕاستی کەمو کورتیش هەیە، هەم کیتابەکان لە کاتی خۆی ناگاتە جێگەی خۆی، هەم لیژنەکان درەنگ وەڵامی ئەو کێشانە ئەدەنەوە کە لە شار و شارۆچکەکان هەیە، بۆیە بۆ دانانی میکانیزمێك پێم خۆشە لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەك لەگەڵ ئەو ئەندامانە کە بە ڕەسمی دانراون لە نووسینگەکان و دەوام ئەکەن، کۆبوونەوەیەك بکەین بۆ ئەوەی ئیش و کارەکانمان ڕێکبخەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هەر زۆر بە کورتی، فەرموو مامۆستا عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك سالار ئیشارەتی بە مەسەلەی کۆبانی دا، و پێم وابێ ٦٨ ئەندام پەرلەمان دوو مانگ پێشی ئێستا داوای دانیشتنێك کرا لەسەر مەسەلەی ڕۆژئاوا، بە بڕوای من هەر هۆکارێك هەبێ کە نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەکەم، بە حوکمی ئەوەی ئێستا مەسەلەی کۆبانی مەسەلەیەکە بەڕاستی زۆرترین قسە هەڵئەگرێ، و داوا ئەکەم بۆ ئەوەی شنگالێکی تر دووبارە نەبێتەوە، داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی ئەکەم کە لای کەم ئەگەر کۆبوونەوەیەکی تایبەتی بۆ ناکرێ، هەوڵ بدرێ لە شاری هەولێر کە ژمارەیەکی زۆر نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکان یان وڵاتانی دونیا لەم شارە هەیە دانیشتنێکیان لەگەڵ بکرێ بۆ ئەوەی باسی مەترسی گرووپی تیرۆرستی داعش بکرێ کە چۆن پەلاماری ئەو شارە ئەدەن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو خاتوو شکریە.

**بەڕێز شکریە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دانیشتنەکان بەراستی زۆر بە زەڕووری ئەزانم لە مانگێك هەر لیژنەیەك چوارجار دابنیشێ، ڕەنگە ئەو جەدوەلەی دانراوە تۆزێك ئەستەم بێ بەتایبەتی بۆ ئەوانەی خەڵکی دەرەوەی هەولێرن، خەڵکی دهۆکن یان سلێمانین، بەڵام بەڕاستی هەموو لیژنەکان کۆمەڵێك داواکاری و کێشە و گرفتی خەڵك ڕوویان تێ ئەکات، بۆیە دەرنگ دانیشتنی دانیشتنەکان کاریگەری زۆری هەیە کە کێشەی هاووڵاتی چارەسەر نەکرێ، بۆیە بە بۆچوونی من ئەگەر ئالیەتێکی وا هەبێ بکرێتە ئیجباری لەسەر هەموو لیژنەکان لە مانگێك چوارجار

دابنیشن، من و نەجیبە خانیش بیرۆکەیەکمان هەیە ئەگەر دەرفەتمان پێ بدرێ بخوێنینەوە لە کاتێك سوپاستان ئەکەین، و ماوەیەك لەمەوبەر دکتۆر شێرکۆ حمە امین، شتێکی پێشکەش کرد من یەك لەو کەسانە بووم کە ئیمزام لەسەر کرد، داوامان کرد لە مانگێك جارێك یان دووجار دانیشتنی پەرلەمان تایبەتمەند ژبکرێت بە بیرۆکە و، کێشەی هاوولاّتییان لە ناو هۆڵی پەرلەماندا باس بکرێت، هیوادارم ئەمە بخرێتە بواری جێ بە جێ کردنەوە و، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، زۆر بەکورتی سەبارەت بەو بابەتە لە لایەن ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشی ئێمە کرا بوو، تەبعەن ئەو یاداشتەی کە خراوەتە بەر دەست ئێمە بۆ گفتۆ گۆ کردن نییە لەسەر کێشەکانی ڕۆژئاوا، بەڵکۆ بۆ دانپێدانانە بە هەرێمەکانی ڕۆژئاوا وەکۆ هەرێم، ڕاستی ئەم بابەتە پرسێکی قانونییە خستوو مانەتە بەردەم لیژنەی یاسایی پەرلەمان وەلاّمیان داینەتەوە و، خستوو مانەتە بەردەم ڕاوێژکارانی یاسایی پەرلەمان وە ئەوانیش ڕای ڕاوێژکاری یاسایی خۆیانیان داینەتەوە، ئێمە وەکۆ دەستەی سەرۆکایەتی بە مافی بەڕێزتان دەزانین کە وەلاّمی ئەوان و ڕای دەستەی سەرۆکایەتی بە یاداشتێك ئاراستەی ئێوە بکەین، وە ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان پێیان باشە کە لەدانیشتنێکی تایبەتی پەرلەمانی کوردستان باس لە ئەو هێرشانە بکەین کە کراوەتە سەر کوردانی ڕۆژئاوا، باس لە کێشەکانی کوردانی ڕۆژئاوا بکەین ئەوا ئێوە دەتوانن یاداشتێك ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەن و ئەو کاتە ئێمە هەوڵی ئەوە دەدەین کە لە یەکێك لە دانیشتنەکانی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان ئەم پرسە بخەینە بەر باس و لێکوڵینەوەی پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بەوەی کە بۆچی ناوی ئامادەنەبووانی لیژنەکان نەخوێنرێتەوە، چونکە بەپێی ماددەی (٤٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئامادە نەبوون لە لیژنەکانی پەرلەمان هەر وەکو ئامادە نەبوون لە پەرلەمانی کوردستان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، وە چۆن ناوی ئامادە نەبووان لە دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان دەخوێنرێتەوە، بەهەمان شێوە پێویستە ناوی ئامادە نەبووان لە دانیشتنەکانی لیژنەکانیش بخوێنرێتەوە، سەبارەت بەوەی کە کات گرنگە، بەراستی منیش پێموایە کە کات گرنگە، وە پێویست دەکات ئەم پرسە ڕێکبخرێت، بەلاّم بەداخەوە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هیچ حیسابێك بۆ ئەم بابەتە نەکراوە، ئێستا هەندێك بابەت کە پەیوەندی بە دانیشتنەکانەوە هەیە لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی ڕێککەوتووین بخەینە دەنگدانەوە، بەلاّم پەیڕەوی ناوخۆ لەم بوارەدا روون نییە، هەم سەبارەت بە بیرۆکە روون نییە، هەم سەبارەت بە کاتی قسەکردنی ئەندامانی پەرلەمان روون نییە، هەم سەبارەت بە کاتی خستنەوە بەرنامەی ئەو یاسایانەی کە لە لایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێمەوە ئەگەڕێنرێتەوە بۆ پەرلەمان روون نییە، بۆیە هەموو ئەمانە دەکرێت لەڕێگای ئەو هەموارەی کە ئێستا لەپەیڕەوی ناوخۆ دەکرێت و لیژنەیەکی بۆ پێك هێنراوە و دەست بەکار بوون، هەموو ئەم بابەتانە موعالەجە بکرێن بۆ ئەوەی کێشەکانی دانیشتنەکانی پەرلەمان کۆتایی پێبێت، ئێمە لە ماوەی ڕابردوو دانیشتنی دەستەی سەرۆکایەتیمان ئەنجامداوە بەشێوەیەکی مونتەزەم کارەکانی خۆمان دەکەین، دەستەی

سەرۆكايەتی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆكايەتی ليژنەكانيش كۆبۆتەوە لەگەڵ سەرۆكايەتی فراكسيۆنەكانيش بەردەوام لە كۆبۆنەوەداين بۆئەوەی كە كاری پەرلەمان بڕواتە پێش، ئێستا سەبارەت بە بيرۆكە ناروونييەك هەيە لەپەيڕەوی ناو خۆ بەپێی ماددەی (٥٤) پێموابێ بڕگەی (٢) كە باس لەوە دەكات بيرۆكە بخرێتە ڕوو لە لايەن ئەندامانی پەرلەمانەوە بۆئەوەی حكومەت كاری پێ بكات، لەدانيشتنەكانی پێشووش ئەمەمان زۆر باسكردووە بۆئەوەی كۆتايی بەم قسانە بێنين من داوا لە بەڕێزتان دەكەم خۆتان ئەم پرسە يەك لا بكەنەوە، ئێستا دەيخەينە دەنگەوە ئايا بيرۆكەكان كە لە لايەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش دەكرێن راستەوخۆ بخرێتە بەرنامەی كاری پەرلەمانەوە يان بيرۆكەكان ئاراستەی ليژنەكان بكرێن و ليژنەكانی پەرلەمان بەدوادا چوون بۆ بيرۆكەی ئەندامانی پەرلەمان بكەن؟ بۆيە كێ لەگەڵ ئەوەيە ئەو بيرۆكانەی كە لەلايەن ئەندامانی پەرلەمانەوە ئامادەدەكرێن و پێشكەشی دەستەی سەرۆكايەتی دەكرێن بخرێتە بەرنامەی كارەوە؟ كێ لەگەڵ ئەوەيە بيرۆكەی ئەندامان كە پێشتر ئامادەی دەكەن داوا دەكەن بخرێتە بەرنامەی كاری پەرلەمانەوە و، قسەی لەسەر بكەن لە دانيشتنەكانی پەرلەمان؟ بخرێتە بەرنامەی كارەوە و پێش دەسپێبكردن بەكارەكانی بەرنامەی كار يان بڕگەكانی بەرنامەی كار يان دوای كۆتايی هاتنی بڕگەكانی بەرنامەی كار بخرێتە دەنگەوە، سێ ئەندام پەرلەمان كە نوقتەی نيزاميان هەيە لەم ڕووەوە بەڕێز دكتۆر فرست فەرمو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە لەناو پەيڕەوی ناوخۆ بەروونی باسی كراوە، مافێكە دراوەتە ئەندامانی پەرلەمان، بەڵام ئەوەی گرنگە چۆن ڕێكی بخەين نەك ئەو مافەی وەربگرينەوە، ئەمە پێشتريش گفتو گۆمان كرد دەكرێت لە پەيڕەوی ناو خۆ وای لێبكەين (٤٨) سەعات پێش كۆبوونەوەی پەرلەمان بيرۆكە بە نووسراو بدرێتە دەستەی سەرۆكايەتی ئەگەر دەستەی سەرۆكايەتی پێی باشبێ بيرۆكە كە بخرێتە ڕوو، ئەگەر نا ئەوەی كە برادەرانی تر باسيان كرد ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەكرێت دوو هەفتە جارێك ڕۆژێك تەرخان بكرێت بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان باسی كێشە و گيرو گرفتەكانی هاووڵاتيان بكەن، چونكە ئێمە هەموو ئەندامانی پەرلەمان پابەندين بەوەی كە وەڵامی داخوازيەكانی خەڵك بدەينەوە، و لە چوار چێوەی ئەوەی كە لێرە دەرفەتمان هەيە ئەگەر ئەو دەرگايەش دابخەين، ناكرێت؟، بۆيە قەيدبكرێت، كۆت و بەند بكرێت بۆ ئەوەی كە بە مونەزەمی بدرێت و ئەنجاميشی هەبێت و، بۆ ئەوەی بتوانرێ بەدوا داچوونيشی بۆ بكرێت بەو شێوەيە پێموايە باشترە بخرێتە دەنگدان نەك ببێ يان نەبێت؟، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، خاتۆ امنە ذكری فەرموو.

**بەڕێز امنە ذكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ژی هەمان ڕەئیا هەی، مافەکە کو نابیتن ژ پەرلەمانتاران بێتە وەرگرتن، ڕێکخستناوێ یا گرنگە، ئەگەر ئەم بەرێ خۆ بدەینە دەقێ وێ یێ عەرەبی من نەدزانی بچ ڕەنگییە، بەس ئەگەر ئەم بەرێ خۆ بدەنە دەقێ وێ یێ کوردی، دبێژیتن هەر بیرۆکەیەك کە بخاتە ڕوو بۆ ئەوەی لەلایەن حکومەتەوە پێی وەردەگیرێت، یەعنی یا وازحە ئەز بیرۆکەیەکێ دێ ئێخمە ڕوو تەنها ئازراندنا مەوزوعەکێیە، ئازراندنا مەوزوعەکێ خۆ نابیتە سەبەبێ هندێ کۆ ئەز وێ بیروکێ دناڤ هۆلا پەرلەمانیدا بخینم، ئەو تشتێ کو گرێدای بیت بکارێ حکومەتێ حکومەت ژی ژمن وەربگریت کو بزانیت پلانەکە، بەرنامەیەکە دارشتنا تشتەکێ یە، کۆ حکومەت ژی بێتە دناڤا وێ بیروکێدا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێموایە کە ئەو دەقەی کە لە ناو پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە زۆر بە موتڵەقی هاتووە، بەڵام ناشبێت ئەو مافە لە ئەندامان بسەنرێتەوە، بۆیە تەئیدی ڕەئیەکەی کاك ئومێد و دکتۆر فرست و امنە خان دەکەم بە ئیزافەی ئەوەی گرنگە بۆ ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان بزانین کە بیرۆکە چییە، یەعنی بیرۆکە هەر ئەوە نییە کە هەر کەسێ قسەیەکی هەبێت بیکات و ناوی بنێت بیرۆکە، بیرۆکە دەبێت حەلی تێدابێت هەرکەسێك حەلێکی بۆ کێشەیەك پێیە کەلەناو هەرێمی کوردستان دا هەیە ئەمەیە بیرۆکە، بیرۆکە ئەوە نییە وەك گۆتم، ئەوە نییە بێت و قسەیەك بکات و تەواو، ئایا ئەمە چۆن ڕێك دەخرێت؟، ئایا فلتەرێك دا دەنرێ بۆ ئەوانەی بیرۆکەیان پێشکەش دەکەن؟، ئایا ئەمە فیعلەن بیرۆکەیە فیعلەن دەبێتە هۆی چارەسەر کردنی کێشەیەك؟، یان هەر حەلێکی تر دا دەنرێ ئەوە زۆر گرنگە کە ئەوەی پێشکەش دەکرێت فیعلەن بیرۆکەبێ و چارەسەری تێدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا من پشتگیری لە قسەکانی بەڕێزان دکتۆر فرست و امنە خان و دکتۆرە بەهار دەکەم، بەو مەعنایەی کە ئەو بابەتە لە ناو پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە، ئەگەر بۆ نموونە ئێستا دەنگدان بکرێت دژی ئەوە کەواتە دەستکاری کردنی پەیڕەوی ناوخۆیە، ئەوەش دەبێت بچێتە بەرنامەی کارەوە و پێشتر ئامادەکاری بۆ بکرێت بۆ ئەوەی دەنگدان بکرێت لەسەر گۆڕانکاری لە پەیرەوی ناوخۆ، بۆیە تەئکید دەکەمەوە لەسەر قسەکەی کاك دکتۆر بۆ ئەوەی ئالییەتێکی وازح دابنێین کە بابەتەکە جۆرە ڕێکخستنێکی پیشەیی و جۆرێك

فره ڕەسمیاتی تێدا بێت، دەکرێت ئەندام پەرلەمان پێشتر بیرۆکەی بە نووسین، بەفۆرمێکی ڕێك و پێك بداتە دەستەی سەرۆکایەتی و دەستەی سەرۆکایەتی دیراسەی بکات، چونکە دەڵێت بیرۆکەکە دەداتە هەیئەی سەرۆکایەتی، هەیئەی سەرۆکایەتی هەقی ئەوەی هەیە موناقەشەی بکات ئایا دەکرێت ئەو فیکرەیە بنێردرێت بۆ حکومەت بۆئەوەی تەبەنی بکات یان نا، تەئکیدیش لە قسەکەی خۆم دەکەمەوە، من خۆم پێشنییار دەکەم لەبەر ئەوەی وڵاتەکەمان پڕ کێشەیە، سەرۆکایەتی موناقەشەی ئەوە بکات کە لە هەفتەیەکدا ڕۆژێك تەرخان بکات بۆ گفتوگۆ کردنی بابەتە هەنووکەیی و کێشە هەستیارەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵاهی لدەف من ژی هندابی، ئەز وەسا تێگەهشتم جەنابێ وە وەسا عەرزدکن کو بیرۆکەین پێشتر بێخنە دناڤ بەرنامێ کاریدا یان نە، ئەگەر وەسابیتن و دەنگ بێتە دان لسەر هندێ کو ئەندام پەرلەمان ڕازی ببن براستی ئەڤە تەعدیلەکە لسەر پەیڕەوێ ناوخۆ، پەیڕەوێ ناوخۆ راستڤەکرناوی لدیف ماددا (٩٤) دروستە سەرۆکایەتیا پەرلەمانی ئەو دەسەڵاتا هەی پێشنیار بکەن کو بێتە تەعدیل کرن، بەلێ دڤێت ئەو پێشنییارە پێشتر (٤٨) سەعاتا هاتبیتە ڕاگەهاندن، ژبەر هندێ ژی ئەگەر هین گۆنجایی دبینن کو ئەف مەوزۆعێ بیرۆکەیا بێتە راستڤەکرنێ هین دشێن د (٤٨) سەعاتێن بێتدا یان ژی د دانیشتنا بێتدا راستڤە بکن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە کورتی سێ خاڵ دەخەمە ڕوو: یەك: ئێمە هەموومان هاوڕاین لەوەی کە لە هەولێربین یاخۆد لە کۆبانێ، هەموومان وەکو کورد هاوچارەنووسین، وە پێم وایە هیچ یەکێك لە پەرلەمانتاران و لە خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکان بەتایبەتی لەسەر ئەمە جیاوازیمان نییە، وەکو خاڵێکی بنەڕەتی، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئایا ئێمە دەتوانین لێرەوە، لە پەرلەمانەوە جۆری ئەو هاوکاری و چۆنیەتی ئەو هاوکارییانەی کە پێویستە لەڕێگەی دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئاراستەی...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئومێد لەسەر بیرۆکە هیچ شتێکت هەیە؟، ئێستا لەسەر باسی بیرۆکە قسە دەکەین دەیخەینە دەنگەوە، ئایا بیرۆکە بەم شێوەیە بمێنێتەوە کە راستەوخۆ ئەو ڕۆژەی ئەندام پەرلەمان داوای ئەوە دەکات کە بیرۆکەکەی بخاتە ڕوو لە پەرلەمان بمێنێتەوە و یەکسەر داخلی بەرنامەی کار بکرێت وە لە پێش دانیشتنەکە یان لە دوای دانیشتنەکە یان لە کۆتایی دانیشتنەکە بیخوێنرێتەوە، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بیرۆکە من پشتگیری لە قسەکانی دکتۆر فرست و دکتۆرە بەهار دەکەم، سەبارەت بەوەی کە بەڕێزت باسی خوێندنەوەی ناوی ئامادە نەبووان لە کۆبوونەوەی لیژنەکان، کۆبووبنەوەی لیژنە، جارێکی دیکە تەئکید دەکەمەوە بە داواکاری سەرۆکی لیژنە دەبێت کاتێك بەڕێزتان دەتوانن ناوی بخوێننەوە کە لە سەر داواکاری سەرۆکی لیژنە کۆنەبوویێتەوە و ئامادەنەبێت نەك لەسەر ئەو خشتەیەی کە سەرۆکایەتی داوای کردووە، لەو کاتەدا ئێوە مافی ئەوەتان هەیە بیخوێننەوە، بەڵام بەپێی خشتەکە ئێوە مافی ئەوەتان نییە کە لەناو هۆڵی پەرلەماندا ناوی ئامادەنە بوون بخوێننەوە تەنها بەپێی ماددەی (٣٩) بڕگەی (٥) دەبێت سەرۆك ئاگاداری ئەندامەکە بکات ئامادەبێت ئەگەر ئامادەنەبوو سەرۆك ناوەکەی دەدات بە بەڕێزتان و بەڕێزتان دەتوانن ناوی بخوێننەوە، ئەگەر نا پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆیە خوێندنەوە ناوی ئامادە نەبووان لە لیژنەکە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك عمر مادام لیژنە کۆبوونەوەی خۆی ساز کردووە، مادام کاتی کۆبوونەوەکەی دیاری کراوە، بۆیە ئامادە نەبوون لە دانیشتنی لیژنەکانی پەرلەمان بەپێی ماددەی (٤٣) لە پەیڕەوی ناوخۆ هەروەکۆ ئامادە نەبوون لە دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان هەژمار دەکرێت و ئاوا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەکان لەسەر داوای سەرۆکەکەی کۆدەبنەوە، لەڕێگەی بڕیاردەرەکەی بانگەشەی ئەندامەکانی دەکرێت، دەبێت ئێمە ئەمە جێ بەجێ بکەین...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵام لە پەیڕەوی ناو خۆ ئێستا بە دروستی نازانم لە چ بڕگەیەکە لە ماددەی (١٨) دا یەکێك لە دەسەڵاتەکانی جێگری سەرۆکی پەرلەمان بریتییە لە بەدوا داچوونی کاری لیژنەکان و پێشکەش کردنی

ڕاپۆرت دەربارەیان بۆ سەرۆکی پەرلەمان، بۆیە لە دەسەڵاتی جێگری سەرۆکی پەرلەمانە کاری لیژنەکان ڕێك بخات و بەدوا داچوونیان بۆ بکات وە وا بکات دانیشتنەکانی لیژنەکان بە ڕێك و پێکی ئەنجام بدرێت، لەماوەی ڕابردوو یەکێك لەو کێشانەی ئێمە هەستمان پێکردووە لە دەستەی سەرۆکایەتی ئەوەیە کە لیژنەکانی پەرلەمان کۆبوونەوەکانیان ئەنجام نادەن یان کۆبوونەوەکانیان کە ئەنجام دەدەن بەهۆی نەبوونی نیصابەوە کۆبوونەوەکان دوا دەخرێن، بۆ ڕێکستنی ئەمە بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆکی هەموو لیژنەکان کۆبوتەوە و بە ئامادەبوونی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان و لەوێ ئەم مەوزوعە تەرح کراوە و بەڕێککەوتنی هەموو لایەکیان کار بۆ ئەوە کراوە کە کات بۆ دانیشتنی لیژنەکان دیاری بکرێت، بەرواری بۆ دیاری بکرێت و دانیشتنەکانی پەرلەمان و دانیشتنەکانی لیژنەکان ڕێك بخرێت بۆئەوەی موتەناقز نەبێت ئەو ڕۆژەی دانیشتنی پەرلەمان ئەنجام دەدرێت دانیشتنی لیژنەکانیشی تێدا نەبێت، لەبەر خاتری ئەمە دانیشتنەکان ڕێکخراون، ئەوەش نییە دوو ڕۆژ دیاری کرابێت بۆ کۆبوونەوەی لیژنەکان، کاتی کۆبوونەوەی لیژنەکان ڕێکخراوە، لە هەفتەیەك دا هەر لیژنەیەك یەك ڕۆژ کۆبوونەوە ئەنجام دەدات نەك لیژنەکان لە هەفتەیەك دا دوو ڕۆژ کۆبوونەوە ئەنجام بدەن، بۆیە بۆ موعالەجە کردنی ئەو کەم و کورتییەی لە دانیشتنی لیژنەکاندایە.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر هاتو هاتین بۆ کۆبوونەوە ئیش نەبوو ئەوەیان چۆن دەبێت؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ژمارەیەکی زۆر لە پڕۆژە یاسا لەبەر دەمی هەموو لیژنەکاندایە.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لای ئێمە هیچ پڕۆژەیەك نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو کاتە ئێوە وەکو سەرۆکایەتی لیژنەکان یان وەکو لیژنەکە دەتوانن دانیشتنەکەی خۆتان دوا بخەن، یان تەنانەت خۆتان دەتوانن ڕاپۆرتێك بدەن کەهیچ بابەتێك لەبەر دەم کۆبوونەوەی لیژنەکەمان نییە و کۆبوونەوەکەتان دوا بخەن، ئەوە بابەتێك نییە زۆر مەسەلەیەکی موعەقەد بێت و نەتوانرێت موعالەجە بکرێت، بەڕێز دکتۆر عزەت فەرموو.

**بەڕێز د.عزەت صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەراستیدا زۆر گرنگە بیرۆکە سێ بەش بێت، یەکێکیان کێشەکە چییە و ئەوی تریان شیکارێکی بچووك و کورت بۆ کێشەکە، بەشی سێیەمیان پێشنیار یاخۆد راسپاردە یاخود داوای ئەوە بکرێت بە بریار، بیرۆکە عەمەلیاتێکی خێراترە بۆ چالاکی پەرلەمانی لەجیاتی ئەوەی کێشەیەکی کاتی ڕوو دەدات پرۆژە یاسایەکی بۆ دروست بکەی دوایی نەتائیجی خراب دەبێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم بیرۆکە پێشکەش بکرێت بە سەرۆکایەتی پەرلەمان (٤٨) سەعات پێش کۆبوونەوە کە ئەم مەرجانەی تێدابێت کە دۆخێکی هەنووکەیی بێت، کێشەیەکی هەنووکەیی بێت چارەسەری هەبێت، چونکە (١١١) پەرلەمانتار نوێنەری هەموو خەڵکی کوردستانن، بۆیە پێشنیاردەکەم (٤٨) سەعات بدرێت بە سەرۆکایەتی پەرلەمان بخرێتە بەرنامەی کارەوە و بخوێنرێتەوە و، بیرۆکەکە ئەگەر پێویستی کرد بریاری لەسەر بدرێت و بکرێت بە راسپاردە یاخۆد پێشنیار بنێریت بۆ حکومەت، ئەمە ئیشێکی خێراترە وەك ئەوەی ڕێگەیەکی تر بگرێتەبەر، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا پێشنیارێکمان لە ئارادایە، بەڕێز دکتۆر شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە ئەو هاوڕێیانە باسیان کرد، من پێش دوو مانگ لە شێوەی یاداشتێکدا کە ئیمزای نزیکەی (٢٠) پەرلەمانتاریشی لەسەرە، پشتم بەستووە بە پەیڕەوی ناو خۆ و میکانیزمەکەشم دیاری کردووە، هەندێك لە هاوڕێیان ئەوانەی کەواژوویان کرد، من خوم وتم هەفتەی ڕۆژێك بەس ئەو هاوڕێیانە بەشێکی زۆریان وتیان دوو هەفتە جارێك، یەعنی ئەگەر سەیری بکەن میکانیزمەکەشمان دیاری کردووە چۆن ئەو بابەتە لە ناو پەرلەماندا و لایەنی پەیوەندیدار چۆن بانگ بکرێت، ئەو هاوڕێیە چۆن زانیاری کۆبکاتەوە، تکا دەکەم ئەگەر جارێکی تر بچنەوە سەری، بەراستی ئەوە زۆر کێشەمان لە کۆڵ دەکاتەوە و کاتیشمان بۆ زۆر کۆرت دەکاتەوە و دەتوانین کەڵك لە کاتەکە وەر بگرین، خاڵێکی تریش پێم خۆشە پێش ئەوەی بیخەنە دەنگدانەوە، یەعنی پشت بەستوو بە چ ماددەیەکی پەیڕەوی ناوخۆ ئێستا ئێوە دەیخەنە دەنگدانەوە و، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز دکتۆر شێرکۆ بەپێی پەیڕەوی ناوخۆیی یەکێك لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی پەرلەمان ئەوەیە هەر بابەتێك کەلە پەرلەمان باسدەکرێت دەتوانرێت بیخاتە دەنگدانەوە، هەر بابەتێك هەر پرسێك کە لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە و هەر بابەتێکی تریش سەرۆکی پەرلەمان دەتوانێت بیخاتە دەنگدانەوە، مادەی (١٧) برگەی (١٠) خستنە ڕووی شت بۆ پەرلەمان تا وەکو دەنگی لەسەر بدرێت لە کاتی پێویستدا و، پێموابێت ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان قسەیان کردووە لەسەر ئەم بابەتە، خاتۆ بەهار فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی (٥) لە ماددەی (٥٤) دەڵێت ناكرێت بەندەكانی بەرنامەكە پاش و پێش بخرێت بەڕەزامەندی زۆرینەی ئامادەبووان نەبێت، واتە بەرنامەی كار، ئەوە سەعاتێك زیاتر تێپەڕیوە لە سەرەتاوە لە لیژنەكانەوە ئینجا ئێستا بۆ باسی بیرۆكە ئەمانە دەكرا بخراونەتە بەرنامەی كارەوە كە ئەوەنـدە بابـەتێكی گـرنگ بێـت نـەك ئەوەی كە ئێمە هێشتا نەهاتووینە سەر بەرنامەی كار، بۆیە دەبوایە ئەوە بخراوەتە بەرنامەی كارەوە كەلـە بەرنامەی كار نەبووە، ئەمـە لـە لایەكـەوە پێچـەوانەی پـەیڕەوی نـاو خۆیـە و، لـە لایـەكی تـرەوە بەراسـتی دكتۆرە ( ڕێواز ) لەسەر مەسەلەی كات كەزۆر گرنگە بۆ ئێمە ئەگەر وابڕوات چۆن ئێمە لە چەند مانگێكی پێشوو رەخنەیەكمان گـرت وتمـان ئەگـەر وابـڕوات پەرلـەمانی ئێمـە دەبێـت بـە پەرلـەمانی كـات بەرێكـەر، راستی با ئەو ئینتیباعە دروست نەبێت ئێمە زۆر لە دانیشتنەكانمان بەشتی زۆر سـادە دەچێت بـەڕێوە كـە هیچ بەرهەمێكی نییە، لەكاتێكدا ئەو هەموو كێشەیەی كە خەڵك هەیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێمەش بۆیە پێداگیری دەكەین كە پێویسـت دەكـات دانیشـتنەكانی لیژنـەكانی پەرلـەمان ڕێـك بخرێت و، دانیشتنەكانی لیژنەكان بەرهەمی هەبێت بۆ ئەوەی ئەو پرۆژە یاسایانەی كـە ڕوویشـتونەتە بـەر دەستییان ڕاپۆرتی لەسەر حازر بكەن و بییهێنن بـۆ دەسـتەی سـەرۆكایەتی بـۆ ئـەوەی بیخەینـە بەرنامـەی كارەوە، ئەو كاتە دانیشتنەكانی پەرلەمان موسمیر دەبێت لیژنەكان بەباشی ئیشـی خۆیـان دەكـەن، تـا ئێسـتا هیچ ڕاپۆرتێك لە لایەن لیژنەكانی پەرلەمانەوە نەهاتۆتـەوە بـۆ ئـەوەی بیخەینـە بەرنامـەی كـارەوە، بۆیـە ئێمە داوا لە ئێوە دەكەین كە پابەندبن بە كاتی دانیشتنی لیژنەكانی پەرلەمان، كاك سالار فەرمووو.

**بەڕێز: سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر قەراربێت من ئەخیر كەسبم لەسەر بابەتی بیرۆكـە قسـە بكـەم، دەتـان گێڕمـەوە بـۆ یەكـەم جـار كـە برای بـەڕێزم كـاك (عمـر عینایـەت) لـە سـەر بیرۆكـە باسـی كێشـەی سایلۆكان و گـەنمی كـرد، بەبـەڕێزتانم ڕاگەیاند دەستەی سەرۆكایەتی ئەم دەرگایە نەكرێتەوە، چونكە دەرگا دەكاتەوە بۆ چەندین بیرۆكـەی تـر و، لە ئێستاشدا بابەتی بیرۆكە كە مومارەسە كراوە لـەم خۆلـەی پەرلەمانـدا یەكێكـە لـە مافـە موحەققەقـەكان، بۆیە پێویست ناكات بخرێتە دەنگدانـەوە، داواكـارم سـەرۆكایەتی پەرلـەمان ڕێوشـوێنی تـر بگرێتەبـەر و لـە ئێستادا بەپێی بەرنامەی كار بچین بۆ ئەوەی ئەم بابەتی بیرۆكەش لە دانیشتنێكی دەرەوەی هۆڵەكـە یـەكلا بكرێتەوە و قەراری لەسەر بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا ژمارەیەكی زۆر لە بیرۆكە هاتووتە بەر دەستی ئێمە لەلایـەن ئەنـدامانی پەرلەمانـەوە و بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمان خۆیان لە گەڵ خوێندنەوەی بیرۆكەنین، بەڵام بیرۆكە پێشكەش بە دەستەی سەرۆكایەتی دەكەن و داوای ئەوە دەكەن بیخەینە بەرنامەی كارەوە، بۆیە ئەمە بۆتە یـەكێك لـە كێشـەكانی ئێمـە، كێشـەی دانیشـتنەكانی پەرلـەمان، پێموابێـت ئـەم كێشـەیە تادێـت زیـاتریش دەبێـت، چـونكە تادێـت بیرۆكەكانیش زیاتر دەبێت هەر ئەندامێكی پەرلەمان كە دەبینـێ هاوڕێیەكـەی بیرۆكەیـەكی بـۆ هـاتووە لـە شارەكەی خۆی كێشە و گرفتـی شـارەكەی خۆیـەتی یـان كێشـە و گرفتـی چـین و توێژێكـە دێتـە پەرلـەمانی كوردستان بیرۆكەكەی پێشكەش دەكات، ئەویش حەزدەكات بیرۆكەیەكی تر پێشكەش بكات بەهـەمان شـێوە، بۆیە پێویستی بە ڕێكخستن هەیە، ئەم ڕێكخستنە بەشێكی پەیوەندیدار دەبێـت بـە و هـەموارەی پـەیڕەوی ناو خۆ كە ئێمە لیژنەیەكمان بـۆ دروسـت كـردووە لـە پەرلـەمانی كوردسـتان بـۆ ئـەوەی هـەمواری پـەیڕەو بكەن، ئەو بەڕێزانەی كە ئەندامن لەو لیژنە كاتییە دەتوانن كاری جدی لەم مەسەلەیە بكەن ئەم پرسە بە تـەواوەتی لـە پـەیڕەوی نـاوخۆ ڕێـك بخـەن بۆئـەوەی ئـەم كیشـانەی لێ دروسـت نـەبێت كـە ئـەم جیـاوازی بیروڕایەی لێ دروست نەبێت لەناو پەرلـەمانی كوردسـتان، بـەڵام بەشـێك لـە ڕای ئەنـدامانی پەرلـەمان بـەو شێوەیە بۆ كـە لـەماوەی (٤٨) سـەعات ئـەو بیرۆكانـە بخرێنـە بەردەسـت دەسـتەی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان و دەستەی سەرۆكایەتی تاو توێی بكات، بـزانن ئایـا پێویسـتە لـە دانیشـتنی پەرلەمانـدا بخرێتـە ڕوو یـان نـا؟، ئەگەر ئەو كاتە ئەنـدامانی پەرلـەمانیش ئیعتـرازێكیـان هـەبوو دەتوانـرێت ئـیعتراز بگرێـت، پێموابێـت ئـەم بیرۆكەیە بیرۆكەیەكی باشە لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتیشەوە ئـەم بیرۆكەیـە پەسـەندە، كـار بەمـە بكـەین (٤٨) سەعات پێش ئەوەی دانیشتنی پەرلەمان ئەنجام بدرێت بیرۆكەكەت پێشكەش بەدەستەی سـەرۆكایەتی بكرێت و، دەستەی سەرۆكایەتی سـەیری بكـات و ئەگـەر زانـی گونجـاوە لـە دانیشـتنی پەرلەمانـدا پێشكەش بكرێت ئەوا دەیخاتە بەرنامەی كاری پەرلەمانەوە و ئەگەر نە ئەوكاتە ئەنـدامانیش بۆیـان هەیـە ئـیعترازی لەسەر بگرن، ئەگەر پێتان باشبێت بەمە كۆتایی پێ دەهێنین تا تەعدیلی پەیڕەوی نـاو خـۆ سـەبارەت بـەم پرسە و، لە هەمواركردنی پەیڕەوی ناو خۆدا ئەم بابەتـە بەشـێوەیەكی ورد موعالەجـە بكرێـت، بـەڵێ كـاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر كامەلا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی جەنابتان پەسەندە، بەڵام تەنها وەكو بڕیار نەبێت وەكۆ عورفێكی پەرلەمانی كاری پێبكەین، بـەڕای من پەسەنـدە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، خاتۆ ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ حەل كردنی ئەو كێشەیە، بابەتەكە بە موتڵەقی هاتووە، بەڵام ماددەكە زۆر روون و ئاشكرایە ئەوەی كە پەیڕەو كراوە لە خۆلەكانی پێشووتریش كاتێك كە هەر ئەندام پەرلەمانێك بیرۆكەیەكی هەبووە بیرۆكەكەی موباشەرەتەن پەیوەندی بە حكومەتەوە هەبووە سەرۆكایەتی پەرلەمان دیراسەی كردووە و دوا جاریش بەشێوەیەكی راستەوخۆ ناردوویەتی بۆ حكومەت، یەعنی زۆربەی بیرۆكەكان ئەوە نەبووە لە هۆڵی پەرلەمان و لە جەلسەكان لەبەر ئەوەی نەسەكە وازحە ناڵێت لە جەلسە ئەندام پەرلەمان پێویستە بیرۆكەكەی بخاتە ڕوو، دەڵێت بیرۆكەكە و فكرەكە تەرح دەكات بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان، بۆیە ئێوە دەتوانن لە سەرۆكایەتی پەرلەمان ئەوەش ڕێگا چارەیەكە هەتا تەعدیلی پەیڕەوی ناو خۆ دەكرێتن بەشێوەیەكی موباشر ئەو بیرۆكانە بە نەزەر ئیعتیبار وەربگرن و ڕەوانەی بكەن بۆ حكومەت بۆ چارەسەركردنی ئەو كێشانەی كە پێوە دەناڵێنێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەمەش دیسانەوە یارمەتیدەرمان دەبێت، خۆی ئەوەی كە باسی بیرۆكە كراوە لە پەیڕەوی ناو خۆ لە ماددەی (٥٤) كە تایبەتمەندە بەكارنامەی پەرلەمان و كۆبوونەوەی پەرلەمان، بەڵام ئەو بیرۆكانەشی كە ئێمە وەكو دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان زانیمان پێویست ناكات لە دانیشتنی پەرلەمان باس بكرێت دەتوانرێت راستەوخۆ بنێردرێت بۆ حكومەت بۆ ئەوەی لێ وەربگرێت، نایخەینە تەسویتەوە بۆ ئەوەی كێشە دروست نەبێت لە ناو پەرلەماندا، بەڵام ئێستا ئەگەر بەم پێوەرە بێت تەنها یەك بیرۆكە پێش (٤٨) سەعات بە ئێمە گەیشتووە و ئەوەی كە ئێمە سەیرمان كردووە لە دەستەی سەرۆكایەتیش بیرۆكەیەكی زۆر ڕێك و پێكە سەبارەت بەو بارودۆخەی كە ئێستا هاتۆتە كایەوە لە هەرێمی كوردستان، كاك سهراب (میكایل)یش بە هەمان شێوە بیرۆكەیەكی پێشكەش بە دەستەی سەرۆكایەتی كردووە پێش (٤٨) سەعات د.فرست صۆفی بیرۆكەیەكی پێشكەش كردووە سەبارەت بە بار و گوزەرانی هاووڵاتیان، ئەم دوو بیرۆكەیە ئێستا لە دانیشتنی ئەمڕۆ دەخرێتە روو، دواتر هەر بەڕێزێك هەر بیرۆكەیەكی تری هەیە دەتوانێت بە نووسراو ئاراستەمان بكات بۆ ئەوەی لە دانیشتنەكانی تری پەرلەمانی كوردستان سوودی لێ وەربگیرێت، بەڕێز د.فرست فەرموو بۆ خستنە رووی بیرۆكەكەت.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، ئەو بیرۆكەیەی كە ئێستا دەیخوێنمەوە بەرهەمی ﴿١٠ تا ١٥﴾ڕۆژ كاركردنە لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەكان، لەگەڵ سەندیكا پیشەییەكان، هەروەها سەردانی مەیدانی بۆ كرێكاران و جوتیاران و هەموو ئەو شەریحانەی كۆمەڵگا كە ئێستا بە دەست ئەو قەیرانەی دارایی هەرێمی كوردستانەوە دەناڵێنن، راپۆرتەكە لەبەر دەستی ئێوە دایە، بۆیە تەنها پۆختەیەكی دەخەمە روو، دواتر بۆ ئێوەیە كە گفتوگۆی لەسەر بكەن لە دانیشتنەكانی داهاتوو، بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ حكومەت كەمێك لەو

موعانات و ئێش و ئازارانەی کە کەمدەرامەتانی کوردستان هەیانە کەمی بکەینەوە، تەبعەن هەر ناونیشانی ئەم راپۆرتە ئەم پێشنیازانە تایبەتن و بەپەلەن و لە بەرژەوەندی خەڵکی کەمدەرامەت لە ژێر کاریگەری قەیرانی دارایی، جەنابتان دەزانن دۆخی ئیستیسنائی پێویستی بە بڕیاری ئیستیسنائی هەیە، بەڵام تا ئەمڕۆ کە ئێمە قسەی لەسەر دەکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر کەمتەرخەم بووە بۆ دەرکردنی بڕیاری ئیستیسنائی لە بەرژەوەندی خەڵکی کەمدەرامەت و بۆ کەمکردنەوەی بەشێك لە موعاناتی ئەم خەڵکە، بۆیە کۆمەڵێك پێشنیازمان ئامادە کردووە و کێشەکەشمان دەست نیشان کردووە ئێستا خاڵ بە خاڵ دەیخەینە بەر دەستی بەڕێزتان، ئەوەی کە پەیوەستە بە خاڵی یەکەم، باج و رسومات و گەڕاندنەوەی پێشینەکان و غەرامە و ئەقساتەکان، أ: باج، لە هەرێمی کوردستان نێزیکەی ﴿٢٢﴾هەزار کۆمپانیا هەیە، تا ئێستا تەنها ﴿١٤﴾هەزار لە بەرێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خان و بەرەی میری تۆمار کراون، واتا ئەوانی تر کە نێزیکەی ﴿٨﴾هەزار کومپانیایە ئەگەر کاری ئەهلی بکەن باج نادەنە حکومەت، رێژەی باج لە هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ بەغداد زۆر زۆر کەمترە، بۆ نموونە﴿کە دوو نموونەم خراوەتە روو﴾: باجی دابینکردن ﴿تجهیز﴾لە بەغدا ﴿٢٠٪﴾ە، بەڵام لێرە ﴿٩٪﴾ە، باجی موقاولات لە بەغدا ﴿١٨٪﴾ە، لێرە ﴿٦٪﴾ە، هەروەها ئیعفائاتی زەریبی لە هەرێمی کوردستان زۆر زۆرە، تەبعەن ئەوانەی باس دەکەم هەمووی لە لامە بە بەڵگە، بە پارچە هامێشێکی زۆر بچووك زیاتر لە پێنج سەد ملیۆن دینار کومپانیا ئیعفا کراوە، و هەروەها کۆمپانیاکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان بە تەواوی تا ئێستا باجیان نەداوە ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ ماددەی چل لە یاسای ژمارە ﴿٢٢ لە ساڵی ٢٠٠٧﴾ی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، ئەو ئیعفایانەی باسم کرد بە هیچ شێوەیەك لە رووی یاساییەوە نابێت، چونکە هەم سەپاندنی باج و زەریبە و هەم ئیعفاکردنی دەبێت بە پێی قانون بێت، هەروەها ئەوەی زۆر جێگەی دلگرانیە پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ﴿٢٠٠٧ و ٢٠٠٨﴾ بوویتە شوێنێك بۆ ئەوەی باجی هەرێمی کوردستان بۆ ئاستێك دابەزێت کە ئەمڕۆ باسی قەیرانی دارایی دەکەین بە داخەوە پەرلەمانی کوردستان بەرپرسیارێکی سەرەکییە، ئەو بڕیارانەی کە دەری کردوون و ئەو قانونانەی کە تەعدیلی کردوون بە پلەی یەکەم لە بەرژەوەندی خەڵکی مەلاك بووە وەکو ئەوەی ئێرە ئەنجومەنی لۆردات بێت و تەنها نوێنەرایەتی ئەوان بکات، ئێستا چەند نموونەیەك دەخەمە روو، لەبەر کات تەنها بیرۆکەکان پێشکەش دەکەم، ئەوەی پەیوەست بووە بە تەعدیل کردنی هەندێ قانون کە پەیوەست بووە بە زەریبە، ئەگەر لە قانونەکانی پێشووتر کە لە ﴿٥٩ و ٦٩﴾ دەرچوونە، باج لەسەر بینایەی سێ تابق بەسەرەوە بۆ سێ ساڵ ئیعفا کرابێ، بەڵام پەرلەمان تەنها بۆ ﴿٧﴾ ساڵ ئیعفای کردووە، ئەگەر لە قانونەکانی زەریبەی پێشووتر ئەوەی پەیوەست هەیە، ئەو کەسەی کە لە ئەنجامی تەعویزی ئیتفا کردنی زەویەکی زیراعی ﴿١٠٠﴾ پارچە زەوی وەرگرتووە تا ﴿٣﴾ ساڵ لە زەریبە بەخشراوە بە پێی تەعدیلی پەرلەمانی کوردستان، بەڵام پێشتر یەکسەر دەبوایە باج بدات، پێشووتر هەر هاووڵاتییەك ئەگەر زەوی هەبوایە تەنیا بۆ یەك جار دەتوانرا لە باج ببەخشرێت، بەڵام پەرلەمانی کوردستان وا تەعدیلی کردووە کە ﴿ما لا نهایە﴾ هەر زەویەك بفرۆشرێت و

بكرِدرێت، واته سەد پارچە زەوی، سەد جار ئیعفا دەکرێ لە باج و زەریبە، مانای وایە پەرلەمانی کوردستان وای کرد کە ڕێژەی زەریبە لە هەرێمی کوردستان کە قسەشم کردووە لەگەڵ جیهەتی مەعنی، ئێستا باجی هەرێمی کوردستان ﴿١٦٠﴾ملیار دینارە ساڵانە، کە ناکاتە مووچەی یەك مانگی وەزارەتی پەروەردە کە پێموایە ﴿١٦٢﴾ ملیار دینارە، ئەمە بە ڕاستی وای کردووە ڕێژەی باج زۆر دابەزێت، بۆیە ئەرکی پەرلەمانی کوردستانە بە دەرەجەی یەکەم ئێمە پێداچوونەوە بەم یاسایە بکەین و بە شێوەیەك تەعدیلی بکەین کە ڕێژەی باج بگەڕێتەوە ئاستی خۆمان، وا خۆمان ڕێکخستبوو کە پارە هەروا بە ئاسانی بۆمان دێت، بۆیە بە ڕاستی ئێمە دەبێت ئیعتیماد بکەینە سەر سەرچاوەکانی تر، جگە لە نەوت و ئەوەی لە بەغداد بۆمان دەهات، بۆیە بە کورتی لە سەپاندنی باج و لە وەرگرتنی باج کێشەی زۆر گەورەمان هەیە و ئێستا کۆمپانیاکان قەرداری زۆری حکومەتن، ئەگەر بێت و ئەو باجەی کە ئێستا قەردارن بیدەن بەشی ﴿٦﴾مانگی وەزارەتی پەروەردە دەکات، ئێستا ئەوەی قەرارە بیدەن بەشی شەش مانگی وەزارەتی پەروەردەیە کە بیدەن بە فەرمانبەران و مامۆستایان، هەروەها بە داخەوە بە پێی قانونی ئیستیسمار یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان، هەموو کۆمپانیاکان، هەموو وەبەرهێنەرەکان ﴿١٠﴾ساڵ ئیعفا کراون لە زەریبە کە هەموو ئەو مۆڵە گەورانە و هەموو ئەو فەنادیقە گەورانە ﴿خمسە نجوم﴾انە ئەو یەکەی نیشتەجێ بوونە گەورانە، کە ﴿٩٠٪﴾ یەکەی نیشتەجێبوون تا ئێستا باجیان نەداوە، هەموو ئەو مەشروعە گەورانە کە بە پێی قانونی ئیستیسمار کە لەو پەرلەمانە دەرچووە ﴿١٠﴾ساڵ ئیعفا کراون لە زەریبە، ڕسوماتی کارەبا، تەبعەن ڕەچاوی ئەوەم کردووە یەك خاڵ نەم نووسیوە کە یەك دینار لەسەر حکومەت زیاد بکات، لەبەر ئەوەی دەزانم قەیرانی ئابوورییە، لەبەر ئەوە هەر خاڵێکم نووسیوە حسابی ئەوەم کردووە کە یەك فلس لەسەر شانی حکومەت زیاد نەکات، بەڵام ڕسوماتی کارەبا ئێستا ماڵ هەیە سێ مانگی لەسەر کۆبووتەوە، ئێستا ناتوانێت بیدات هەر نەیدات باشترە یان بۆی بکەیە ئەقسات؟ بۆیە وا باشە کە بڕیارێك دەربچێت کە بە قستی درێژخایەن ئەو پارانەی لەسەری کۆبوویتەوە بیدات، خاڵی تر پێشینەکان، بە ڕاستی ئێستا سێ مانگە مووچە نەهاتووە و خەڵك هەیە پێشینەی تەسجیل کردنی ئەو خانووەی لەسەرە یان سەیارە یان کەل و پەلی ناو ماڵی لەسەرە، ئەگەر بڕیارێك دەربچێت سێ مانگ دەعوا دژی ئەوان نەجوولێندرێت یان غەرامەیان نەهێتە سەر، چونکە ئەوانەی قەرزی بانکیان کردووە بە پێی قانونی بەغدا کار دەکەن غەرامەیان دێتە سەر، ئەگەر حکومەت هاوکاریان بێت تا سێ مانگی تر دەعوایان لەسەر نەجوولێندرێت و غەرامەیان نەهێتە سەر ئەمە زۆر باشتر دەبێت، لە خاڵی دیکە ئۆتۆمبێلی ژمارە کاتی و تەسدیر، من خەڵکی گوندم، ئەو خەڵکەی دانیشتووی گوندە و هەژارە، سەیارەی کەم نرخی کڕیوە، ئەمانە تابلۆی تەسدیر یان ژمارەی کاتی پێوەیە، سەیارە هەیە ﴿٦٠﴾ وەرەقە دەکات بەڵام لەوانەیە ﴿٦٥﴾وەرەقە قەردارە، لەبەر ئەوەی چەند ساڵە ژمارە نەکراوە، بۆیە لێرە دوو ڕێگە چارە هەیە، یان ئەو سەیارەیە حکومەت لێی بگەڕێت و هیچ قازانج نەکات یان هەم لەبەرژەوەندی هاووڵاتی هەژار، هەم لە بەرژەوەندی حکومەت نیسبەیەکی باش لەو غرامەیەی کە چەندین ساڵە کەتۆتە سەری ئیعفا بکرێت، بۆ

ئەوەی هەم خاوەن سەیارەکە کە هەموو زیاتر خەڵکی هەژار و فەلاحینن نێزیکەی ﴿٨٠٪ بۆ ٩٠٪﴾ غەرامەکەی بێتە خوار، هەم لەوکاتە دەچن پارە دەدەنە حکومەت هەم ئەو خەڵکە هەژارە دەبێتە خاوەن سەیارەکی تابلۆ و لە رووی ئەمنیشەوە تەسەور دەکەم کارێکی زۆر باشە، سەبارەت بە ئەقساتەکان و پێشینەکان وەکو باسم کرد کە زۆر گرنگە لەو بارەیەوە حکومەت قسەیەکی هەبێت، ئەوەی تریان سەبارەت بە کرێی خانوو، یەکێك لە کێشە هەرە گەورەکان کە ئێستا رووی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە کێشەی کرێی خانووە، من لەگەڵ چەندین پیشەگەر دانیشتم کە ئەوانەی چاپخانەیەکی بچووکیان هەیە یان ئەوانەی کە چاککەرەوەن، ئێستا لەبەر ئەوەی ﴿٤٠ یان ٥٠﴾وەرەقە کرێی خانوو دەدەن ئیشیان وەستاوە، ئێستا هەموویان خەریکن ئیفلاس دەکەن، ئێوەش دەزانن ختورەتی لە ناوچوونی تەبەقەی وەسەت چەند موشکیلەیە، بۆیە بە نیسبەت ئەو خەڵکە هەژارە بە هۆی هاتنی عەرەبێکی زۆر و بە هۆی هاتنی ئاوارەی زۆر، ئێستا کرێی خانوو زۆر زۆر بەرزبۆەتەوە، لە ساڵی ﴿٢٠٠٣﴾ بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ئێمە لەو پەرلەمانە بڕیاری ﴿٣٢﴾مان دەرکرد دەسەڵاتمان دایە حکومەت، گوتمان حکومەت ئێوە دەسەڵاتی خانوو تان هەیە، کرێ کەم بکەن یان زیاد کەن، بە پێی ئەوەی من لە خەڵکی ئابووریم پرسیوە، بە پێی ئەو قەیرانە ئابوورییەی ئێستا هەیە ئەو دۆخە خراپەی ئێستا هاووڵاتی تێدایە، ئەگەر خراپتر نەبێت لە ﴿٢٠٠٣﴾ باشتر نییە، بەڵام تا ئێستا حکومەت بڕیارێکی ئیستیسنائی لەم بارەیەوە دەرنەکردووە، چونکە بە پێی رێنمایی ژمارە ﴿ ١ لە ساڵی ٢٠٠٣﴾، رێنماییەك دەرچوو کرێی خانووی سەکەنی ئەوەی خەڵکی تێدایە ﴿٣٠٪﴾هاتە خوار، بۆ ئەوانەی مەحەلاتی تیجاریش ﴿٢٥٪﴾ هاتە خوار، بۆیە لەم دۆخەی کە ئێستا ئێمە تێیداین، من پێم وایە جارێکی دیکە لە پەرلەمان تەخویلێك بیدەینە حکومەت بۆ ئەوەی پێداچوونەوەیەك بە مەسەلەی کرێ دا بکات، چونکە شەوانە لە دەزگاکانی ئیعلام دەبینین کە خەڵك چەند پەرێشانە، چەند سەرگەردانە لە دەست زۆری کرێی خانوو،

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز د.فرست تکایە ئاگات لە کات بێت، راپۆرتەکە بە زوویی بیخوێنەوەو کورتیشی بکەوە.

**بەرێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، لە هەمووشی زیاتر ئەوەیە کە پەرلەمانی کوردستان جارێکی تر لە ساڵی ﴿٢٠٠٨﴾ قانونی ژمارە ﴿٨٧ی ساڵی ١٩٧٩﴾ی تەعدیل کرد، بە پێی ئەم تەعدیل کردنە ئەگەر بە کورتی بیخەمە بەردەم تان، ماددەی سێ هەیە لە قانونی ژمارە ﴿٨٧ لە ساڵی ١٩٧٩﴾، کە لە لای منە، قانونی ﴿ایجار العقار﴾، کە ئەم قانونەی تەعدیل کرد ماددەی سێی راگرت، کە ماددەی سێی راگرات بەو مانایە بوو کە خاوەنی خانووەکە بۆی هەیە کرێچیەکە دەربکات، بەڵام بە پێی ئەم قانونە ماددەی سێ، هەتا کرێچی دەفعی حوجرەکە بدات و پارە بدات و بیەوێ لە خانووەکە بمێنێتەوە ساحیبی خانوو ناتوانێت دەری بکات، ئەوە لە راستی دا لە

جیاتی ئەوەی لە بەرژەوەندی کرێچی دەری بکەین لە بەرژەوەندی ساحبی خانوو قانونمان دەرکرد، لەبەر ئەوەی ئەمە تەتبیق نەبوو، ساڵ بە ساڵ پەرلەمانی کوردستان ناچارە کارکردن بە ماددەی سێ لەم قانونە درێژ بکاتەوە، لە ساڵی ﴿٢٠١٣﴾ بە تەواوی قانونی رەقەم ﴿٩ی ساڵی ٢٠٠٨﴾ی هەڵوەشاندەوە، ئێستا دەوائیری تایبەتمەند کێشەیان بۆ دروست بووە نازانن کار بە کامەیان بکەن، کە دەڵێن بگەڕێوە بۆ قانونی رەقەم ﴿٤٠ی ساڵی ١٩٥١﴾ قانونی مەدەنی کە لەسەردەمی مەلەکی دەرچووە، قانونێکی باشە، بەڵام ئەو بابەتە لە بەرژەوەندی کرێچی دا نییە، بۆیە گرنگە پەرلەمانی کوردستان لەمەشدا پێداچوونەوە بکات و بە شێوەیەکی نیهائی نەك ساڵ بە ساڵ ماددەی ﴿٣﴾ی قانونی ئیجار نوێ بکاتەوە، کرێکاران و پیشەگەران، ئەوەی کە بە دواداچوونمان بۆ کردن لە رۆژی دروست بوونی قەیران تائەو کاتەی کە لەگەڵ جەنابتان قسە دەکەین ﴿٨٥﴾هەزار کرێکار بێکارە، ئەمە جگە لەو کرێکارانەی کە ئیحسائیەم لا نەبووە، لە مەیدانەکانی کار، لەسەر شەقامەکان بۆ کار کردن دەوەستن و پاشانیش بە بێ هیوا بە دەستی بەتاڵ دەگەڕێنەوە ماڵ، چونکە هیچ ئیشێك نییە و هەروەها ﴿٨٠٪﴾ ژووری فەنادیقەکان بەتاڵە، بۆیە رۆژانە کرێکار ئیزن دەدرێت، لە کوردستان زیاتر لە بیست هەزار پیشەگەر هەیە وەکو باسم کرد و ئەو پیشەگەرانە لەبەر زۆری کرێخانی و بێکارییان وەزعیان لەوپەڕی خراپی دایە، بۆیە کرێکاریش ئیستیغلال دەکرێت بە دەلیل رۆژی بە شەش هەزار دیناری خۆمان کار بە کرێکار کراوە کە دەکاتە کەمتر لە پێنج دولار، بۆیە أ: دەبێ حکومەت رێگە نەدات کرێکار ئیستیغلال بکرێت و پێویستە کرێی رۆژانە دیاری بکرێت بۆ ئەوەی پیشەگەرەکان ئیفلاس نەکەن زۆر گرنگە هەروەك لە خاڵێ پێشوو باسم کرد، دابەزاندنی بەشێکی کرێی خانووی گران و هەروەها پێویستە حکومەت ئەو کارانەی خۆی دەیکات بیداتە خەڵکی داخلی، با نموونەیەکتان پێ بڵێم، وەزارەتی پەروەردە ساڵانە بەشی ﴿٤٥﴾ملیۆن دینار کتێب چاپ دەکات کە بە یانزە ساڵ دەکاتە ﴿٤٩٥﴾ملیۆن دۆلار، بەڵام ﴿٩٩٪﴾ی لە دەرەوە چاپ کراوە، بۆیە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی ئیشی ئەم پیشەگەرانە نەوەستێت بیداتەوە خەڵکی ناوخۆیی و بیانخاتەوە گەڕ، هەروەها سەبارەت بە کرێکارانی نەقل کێشەیەکی زۆر گەورەیان هەیە، پێم وایە خۆپێشاندانیشیان کرد ئەوانەی خاوەنی پاسن، ئەوانەی خاوەنی کیان و ئەوانەی خاوەنی کۆستەر و سەیارەی گەورەن، ﴿٨٠﴾ لیتر بەنزین بەشیان ناکات، وای کردووە پێم وایە لە شاری سلێمانی نرخی بەنزین گران بووە، بۆیە گرنگە ئەم ﴿٨٠﴾ لیترە بکرێتە ﴿١٢٠﴾لیتر، تەنانەت ئەو تەکسیانەی کە لە خەتی خارجی ئیش دەکەن بەشێکی بەنزینیان بۆ زیاد بکرێت بۆ ئەوەی کرێی هاتووچۆ گران نەبێت لەسەر هاووڵاتی، جوتیاران و بەرووبۆمی کشتوکاڵی، بە کورتی سێ خاڵ دەخەمە روو بۆ ئەوەی کاتەکە درێژەی نەکێشێت، ئێمە بە مەیدانی بە دواداچوونمان بۆ کردووە، جوتیاران کە ئەمساڵ تەماتەیان کردووە سەیری ئەو ئەرقامانە بکەن، یەك سندوق تەماتە کە سی کیلۆیە، بە ﴿١٠﴾هەزار دینار لە فەلاح وەردەگیرێت، کە سی سندوق تەنیا ﴿١٠٠﴾هەزار دینار بە سافی بۆی دەگەڕێتەوە، چونکە ﴿١٥٠ بۆ ٢٠٠﴾ هەزار لە کرێی نەقلەکەی دەڕوات کە ﴿١٠٠﴾هەزاری بۆ دەگەڕێتەوە من پرسیارم کرد ئەگەر جوتیارێك ساڵی هەمووی پانزە بار بفروشێت یەك ملیۆنی بۆ دەگەڕێتەوە، ئەگەر

بەراوردی بکەی لەگەڵ ﴿تۆ و شەتل و جووت﴾ و هەموو ئەو خەرجیاتانەی هاتوچۆ و ئەوانەی جوتیار دەیکات، ناکاتە ئەوەی کە خەرجی کردووە، بۆیە ئێستا ئاگادارم بە زۆری ئەو تەماتانە فڕێ دەدەن نایهێنن بۆ عەلوەکان و بیفرۆشن، ئەمەش بۆ؟ لەبەر ئەوەی دەرگا کراوەتەوە بە قاچاخ یان بە ڕەسمی لە زۆر شوێن تەماتە داخل دەبیت بە بێ ئەوەی گومرگێکی ئەوتۆی بخەنە سەر، بۆئەوەی جوتیاری خۆمان زەرەرمەند نەبێت، نموونەیەکی تر، پەتاتە کە زۆربەی زۆری لە مەنتەقەی بەردەرەشە و ئەمساڵ خوشبەختانە ﴿١١٥﴾هەزار تەن بەرهەم هاتووە کە هەموو پێویستی کوردستان ﴿٩٥﴾هەزار تەنە، بەڵام پێشوەختە هەندێکی دەچوو بۆ بەغداد هەندێکی تەسدیر دەکرد بۆ سعودیە، ئیتر لەبەر داعش وەستا، یەك تەن پەتاتە ساڵی پار بە هەشت سەد هەزار دەیفرۆشت، بەڵام ئەمساڵ بە سێ سەدو پەنجا هەزار دەیفروشێت، کە ئێمە بەدوای داچووین نێزیکەی ﴿٣٠٠﴾هەزار بەس خەرجی پەتاتەکەیە، بۆیە ئێستا لەوێش فەلاح زۆر زەرەرمەندە، جوتیار زۆر بێچارە بووە، ئەوەی گەنمیش پێشتر باس کرا، ئێستا چارسەد هەزار تەن گەنم لە مەترسی لەناوچوون دایە، لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی سێسەدو پەنجا هەزار تەن لە سایلۆکان جێگای دەکرێتەوە، بەڵام چوارسەد هەزار تەن ئێستا لە شوێنەکان و مەیدانەکان دانراوە، یەك باران ببارێت ئەو گەنمە هەمووی مەترسی لەناوچوونی تێدایە، کونترۆڵ کردنی نرخەکان کە یەکێکە لە کێشەکان درێژی ناکەم، بەڵام بەس دوو نموونەتان دەدەمێ، لە بەندەر عەباسەوە سەیارە تاکۆ حدودی حاجی ئۆمەران کە هەزار و دووسەد کیلۆمەتر دەکات بە پێنج سەد دۆلار دەگوازێتەەوە، بەڵام لە حدودەوە تاکو ئێرە بە ﴿٧٠٠﴾دۆلار دەگوازێتەوە، کە سەدو پەنجا کیلۆمەترە، واتە هیچ سەیتەرەیەك لەسەر نرخ نییە، لە چۆمان غاز بە هەشت هەزارە، لە هەولێر بە شەش هەزارە، کەچی لە هەموو شوێنەکان بە پێنج هەزار وەری دەگرن، ئەمەش بە ملیۆنان دەکات و کێ شەریکە لەگەڵیان و چۆن دەڕوات ئەمەش پرسیارێکە دەبێ لە حکومەتی بکەین، سەبارەت بە فەرمانبەران، پێشتر برای بەڕێزمان ئەندامی پەرلەمان ﴿کاك عبدالرحمن﴾ پێشنیارێکی کرد کە یەك ساڵی فەرمانبەران بە دوو ساڵ خزمەت حساب بکرێت، ئێمە پاڵپشتی ئەم فەرمانە دەکەین بەڵام پێم وایە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو پێشنیارەی دا بە حکومەت، ئەمە پەیوەستە بە پەرلەمان لەبەر ئەوەی ئەمە تەناقوز نەکات لەگەڵ قانونێك، پێویستە پەرلەمان بە بڕیارێکی تەشریعی ئەمە دەربکات، ئەمە یەك، دووەمیان ئاسانتر لەمە هەیە کە شەش مانگ قیدەمیان پێبدرێت یان سەرۆکی حکومەت یان سەرۆکی هەرێم یان وەزیری تایبەتمەندی فەرمانبەرەکە سوپاسنامە پێشکەشی فەرمانبەرەکە بکات بە هۆی خۆراگری و ئەمەشیان دیسان بە پێی قانونی ﴿انظباط موظفي الدولة﴾ بە پێی قانونی ژمارە ﴿١٤ی ساڵی ١٩٩١﴾، زۆر بە باشی روونکراوەتەوە، هەم ئەو عقوباتانەی کە لە سەرێتی کە هەر سوپاسنامەیەك چەندی ڕەش دەکاتەوە و چۆن قیدەم وەردەگرێت، ئەمەیان زۆر گرنگ دەبێت و هەروەها داوا دەکەین کە دوای وەزارەتی پێشمەرگە وەزارەتی پەروەردە مووچە وەربگرێت، چونکە بە ڕاستی حاڵی مامۆستا زۆر پەرێشانە و لە دوای ئەوانیشەوە کەس و کاری شەهیدان، ئەوەی تریان خاڵی حەوتەم، کە خەریکە دەگەمە کۆتایی نەشتەرگەری و عیادە و پشکنینی تەندروستی یەکێکە لەو خاڵانەی کە بە ڕاستی

بۆ هەژار بۆتە مۆتەکە، کە بە تەواوی هەراسانی کردوون، بۆیە گرنگە ئێستا حکومەت بڕیارێك بدات کرێی عەیادە لە پێنج هەزار دینار بێتە خوار بێتە خوار بۆ هەموو فحوساتی تر نیسبەیەك بێتە خوار، چونکە بە بەراورد لەگەڵ هەموو ئەو شوێنانەی دەوروبەریشمان ئێمە پرسیارمان کردوە تەنانەت لەگەڵ تورکیاش ئێرە زۆر زۆر گرانترە، فحوسات و نەشتەرگەری و ئەوەی کە لە بواری توب، بۆیە وەزارەتی تەندروستی لەگەڵ سەندیکای پزیشکان حەقە سنوورێك بۆ ئەمە دابنرێت، ئەوەی تریان خانەنشینیە کە لەوانەیە لە داهاتوودا قسەی لەسەر بکەین، لێرە لەبەر کەمی کات باسی لێ ناکەم، ئەوەی تریان تاپۆ کردنی زەویەکانە، بە راستی لەبەر ئەوەی جووڵەی بازاڕ بە تەواوی وەستاوە، بۆ ئەوەی جوولەیەك بکەوێتە بازاڕ، گرنگە وەزارەتی شارەوانی کە پێم وایە خەریکیشن بەڵام پەلە بکەن لە تاپۆ کردنی ئەو زەویانەی کە کارتیان هەبووە، خاڵی دووەم، قانونێك ئامادەبوو لەسەر مەشروعێك لەسەر خانووە تەجاوزەکان، گرنگە زوو بێتە پەرلەمان بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکەین وەکو باسم کرد جوولەیەك بکەوێتە بازاڕ، لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان نوێنەرایەتی هەمو کوردستان دەکەین بە هەموو چین و توێژەکان و دەبێ بەرژەوەندی هەموویانیش بپارێزین، بەڵام لە قوناغی ئەمڕۆ ئەوەی زیاتر و زیاتر پێویستی بە پاڵپشتی و ئاوڕ لێدانەوەیە چینی هەژار و کەمدەرامەتن، دەبێت ئەوەی پێمان دەکرێت بیکەین بۆ ئەوەی کەمێك لە ئێش و ئازار و خەمەکانیان کەم بکەینەوە، هەر بۆیەش زۆر پێویستە لیژنەکانی پەرلەمان هەریەکە و بە پێی پسپۆری خۆی بەشدار بن لە داڕشتنەوەی ئەم پێشنیارانە، هەر لێرەشدا داوا لە سەرۆکی پەرلەمان دەکەم بە پێی برگەی ﴿ ١٠ لە ماددەی ١٧﴾ لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئەو پێشنیازانەی کە پێشکەشم کرد بیان خاتە بەردەم ئێوەی بەڕێز و دوای دیراسەکردن و دەوڵەمەندکردنی وەك راسپاردەی پەرلەمان یان وەك بڕیاری پەرلەمان بیدەینە حکومەت و ببێتە هەوڵێکی بە کۆمەڵ، دوا وشە ئەوەیە کە دەمەوێ بڵێم، گەلی کوردستان لەگەڵ ئێمە پشووی زۆر درێژ بووە و تەحەمولی نەهامەتی و دەردەسەری زۆری کردووە، لەبەرامبەر ئەم خەڵکە خۆراگرە پێویستمان بە پەرلەمان و حکومەتێکە کە هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن و لە ئازاری میللەتەکەیان تێبگەین، زۆر سوپاس بۆ تەحەمولتان و گوێگرتنتان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز د.فرست صۆفی بۆ ئەو راپۆرتەی کە ئامادەی کردبوو کە چەندین بیرۆکەی لە خۆ گرتبوو، ئێمە ئەم راپۆرتە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین بە تایبەتی لیژنەی دارایی و ئابووری و لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری، بۆ ئەوەی بە زووترین کات ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیدارن بە گوزەرانی خەڵك، بە شێوەیەك کە دەتوانرێ کاری تێدا بکرێت لەگەڵ حکومەت تاوتوێ بکرێت و لە دانیشتنەکانی داهاتووی پەرلەمان بکرێتە بڕیاری گونجاو بۆ باشتر کردنی بار و گوزەرانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و کەم کردنەوەی بار قورسی ئەو قەیرانە ئابووری و داراییەی کە رووی لە هەرێمی کوردستان کردووە لەسەر شانی ئەوان، دوا بیرۆکە بریتیە لە بیرۆکەی پەرلەمانتارێکی بەڕێز کاك سوهراب میکائیل با فەرموێت بیرۆکەکەی پێشکەش بکات، باشە خاتوو بەهار فەرموو،

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو راپۆرتەی بەڕێز دکتور، ئاراستەی لیژنەی یاسایش بکرێت، چونکە پێم وایە راپۆرتەکەی کۆی سیستەمی ئابووری هەرێمی کوردستان دەخاتە ژێر پرسیارەوە، ئێمە حکومەتی هەرێمی کوردستان تەبەننی کەرتی بازاڕ و حکومەتی کردووە، ئەمە بەرەو سیستەمی سوشیالیستی دەبات، بۆیە تێکەڵەیەکی لەم جۆرە هەیە پێویست دەکات لە رووی یاسایشەوە پێداچوونەوەی تێدا بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاراستەی هەموو لیژنەکانی پەیوەندیداری دەکەین کە بابەتەکانی ئەم راپۆرتەی لە خۆ گرتووە، فەرموو کاك سهراب،

**بەڕێز سهراب میکائیل محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب هاتنا داعش هەمی ناخۆشی و ئاریشە هاتنە دەڤەرێ، ژبەر کار و کریارێن وان یێن درندە،سەدان هەزار ئاوارە بەرەو هەرێما کوردستانێ هاتن و لێرەدا ژ دل سوپاسیا خەڵکێ خوە یێ خوشتڤی دکەین ئەوێن کو دلێن خۆ و مالێن خۆ ڤەکری بۆ وان ئاوارەیان، دەستێ هاریکاریێ بۆ درێژ کری هەمی رەنگێت هاریکاریێ ل دویف پێچێبوونا خۆ، بێ کو بەرێ خۆ بدەنێ چ نەتەوە و چ ئاین و چ لایەنە؟ د وی دەمیدا ئەم زانین هەمی گاڤا هندەك یێت هەین ڤان گاڤدانا بۆ خۆ ئیستیغلال دکەن بۆ بەرژەوەندیێن خۆ یێن بەرتەنگ، د.فرست ب سوپاسی ڤە ئیشارەت دا ب کرێ یێن خانیا و شوقا، ئەڤە سەر ئەزمانێ خودانێن عەقاراتا خودانێن شوقە و خانیا هەروەسا کرێدارا، نووکە نرخێ خانی و شوقا یێن دووقات بوو ﴿٣٠٠﴾دۆلارا بوینە ﴿٦٠٠﴾، ل ﴿٤٠٠﴾دۆلارا بووینە ﴿٨٠٠ و ٩٠٠﴾، هەتا بوویە ئەگەرێ هندێ رۆژنامێت جیهانی لسەر ڤێ چەندێ دئاخفتن، پێشمەرگەهەك دبێژیت، بەری داعش بهێن کرێیا خانی من ﴿٣٠٠﴾دۆلار ددان، بوویە ﴿٤٠٠ و ٥٠٠ و بەری هەیڤەکێ بوویە ٦٠٠﴾ و دبێژیت، باوەرامن دێ هێشتا گرانتر لێ دهێت، ئەز بێژمە وان خودان خانیا کرێیا شوقا، ئەڤە نەعمەتەکە کو ﴿رب العالمین﴾ رزقێ هەوە کری، هیڤیە خزمەتا هەرێم و هاووڵاتیا دابن داکو خودێ ل هەوە رازی بیت، بیرۆکا من ئەوەیە بۆ حکومەتێ، هەکە یاسا رێکێ بدەت بڕیارەکێ دەربێخن هەر ئێکی دخانیەکێ دا یان شوقەیەکێ دا، بەری داعش بێتن کا کرێ چەندە بڕیارەکێ بدەن کو هەمان کرێ ڤێ گاڤێ ژی بدەت و رێکێ نەدەنە خودانێن خانی و شوقەیان کو کرێ زێدە بکەن، ئەم حەز دکەین مافێ هەموویان بهێتە پاراستن یێن خودانێن ملکی بێن یان ژی کرێدارا بن، بەس هەر هاووڵاتی و پێشمەرگە و فەرمانبەر یێن دبنە قوربانی، ئەڤە ب کورتی من بەحسێ بیرۆکا ئێکێ کر و بیرۆکا دوویێ هەروەسا ب کورتی، ل دەمەکێ خەڵکەك بۆ ژینگەهێ رێکخراوا پێك دئینیت و دەهان ملیۆن و سەدان ملیۆنا دانێتە بەر دەستێ وان، کەسێن پسپۆر کار دکەن کو بزانن ئەگەرێ پیس بوونا ژینگەهێ چییە؟ ئەگەرێن پاقژبوونا ژینگەهێ چییە؟ و مەترسیێن ژینگەهێ چییە و چەوا چێ دبن و چەوا دێ

پارێزن؟ ببورن، بیرۆکا دووەم هەروەسا بە کورتی بەحس دکەم، دەمەکێدا خەلکەك بۆ ژینگەهێ رێکخراوا پێکدەهێنیتن بە دەیان ملیۆنان و بە سەدان ملیۆنان دادەنێتە بەر دەستێ وا، کەسێن پسپۆر کار دکەن کو بزانن ئەگەرێ پیسبوونا ژینگەهێ چنە؟ ئەگەرێن پاقژبونا ڤێ ژینگەهێ چنە؟ مەترسییێت وێ چنە؟ چ ئێش دێ چێ دبن؟ چاوا دێپارێزن؟ ببوورن ئەو بەرێزانی لیژنەیا تەندروستی و ژینگە راستە کەسێن پسپۆرن، بەس پشتی مە بە چاڤێ خۆ دیتی مە دیت یا فرە بیرۆکە پێشکەشی حکومەتێ بکەین دا خزمەتا وان ژی بکەین و خزمەتا هاوولاتی بکەین ژینگەیەکا پاقژ بپارێزین، خەلکەك نەك بەس شیایە رێکێن زانستی بە کار بێنیتن کو دێ چاوا خۆش گلێشی خلاس کات، یان ژی ئەم بێژنێ ژ زبلی خلاس کات، ژ بەرمایکێ مالا خلاس کات، بەلکو گەلەکا هەولدایە مە فایدە ژ ڤی گلێشی ببینن، ئیعادە تەدویر بکەن، یان ژی بە رێکێن زانستی و خۆ لێ خلاس بکەین، بۆ نموونە ولاتی یابان سۆتن هەی یا گلێشی، بەس بە رێکێن زانستی، کەسێن پسپۆر کو مەترسی نەبیتن و زەرەر نەبیتن سەر ژینگەهێ، لە ولاتی تورکیا چونکو رێکەکا زانستی بەکارهینا شیا بەخۆ مە فایدە ژی لێ ببینین، ب کورتی بەحسێ تورکیا بکەم نووکە دشێن (١٠٠) هەزار خانیان بەس ل ئەستەنبولێ کەهرابا وان دابین بکەن برێکا کار ئینانا گلێشی و بن ئاخ کرنا گلێشی، بەلێ مەخابنی ل هەرێمێ کوردستانێ ئەڤ دیمەنێن جان گەلەك جاران کرێت دبن، ل (سیرییێ، شێلادزێ)، چونکو ئەز کورێ وێ دەڤەرێمە ئەز باش دزانم کە موعاناتێت وان چنە؟ ل تەنیشت کۆمەلگەها، تەنیشت ناحیەیا (سیرییێ، شێلادزێ، دێرەلوکێ، ئەلکانێ ل ئامێدی) هەتا دێیە هەولێرێ و دەچیە سلێمانییێ هەمی ئەڤدا ب شکلەکێ گەلەك نەشیاو دێتە سۆتن و زەرەرێ ل ژیان و ژیارا خەلکەکێ دکەتن و ژینگە پیس دبیتن، ئەگەر ئەز یەك نموونە بینم کانی قرژاڵە ئەز بێژم ئەگەر ئەز ناڤ دروست خواندبیتن ل تەنیشت هەولێرێیە بەری چەند رۆژەکا ئەز ل تەکسیەکا دابووم ل دهۆکی ب شەڤ دهاتمە هەولێرێ ئەم گەیشتینە دەڤەرەکێ هەمی دوکەل بوو، من گۆتە شۆفێرێ ئەڤە چییە؟ گوتی ئەڤە ڤێرێ زبلخانەیە ئاگر بەردەدەنێ، ئەو دوکەڵە هەتا نێزیکا هەولێرێ بخۆ ئەو گوندێ ل تەنیشت هەولێرێ دێتن، من گوت ئەڤە چ دەڤەرە، گوتی ئەڤە گوندێ کانی قرژاڵەیە، هەروەسا کۆمەلگەها کانی قرژاڵەیە، ئەم گەهشتینە سەیتەرێ ئەو برایێن وێرێ کار دکەن ئەو ئاسایشە ل وێرێ هەمیا دەڤێ خۆ گرت بوو، کەمامە ئێخستبوونێ، یێن سپی، من پرسیار پێ کر، من گوت خێرە ئەڤە هۆسا دەڤێ خۆ گرتی، گوتی ژبەر ڤێ یا دوکەلێ، من هزر کر هەندەکا سەر دابین کرنە، گوتە من ئەڤە هەڤاڵەکی بۆمە ئینای ئەگەر هۆسا نەبا ئەم ل ڤێرێ دخەندقین، بیرۆکا من بۆ وەزارەتا تەندروستی و شارەوانی ئەڤەیە کو بزیترین وەخت هەولبدەن ئەڤی گلێشی برێکێ زانستی بن ئاخ بکەن بە دوو ئەگەران، ئێك: دا ئیش دێ چێنەبن، دا ژینگە پیس نەبیت ل پاشە رۆژێ دا مە فایدە ژی ببینین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا بەرنامەی کار وەك خۆی دەست پێ دەکەین کە بڕگەی یەکەمی بریتییە لە قەبوڵ کردنی دەست لەکار کێشانەوەی بەڕێز (ئاری محمد عبدالرحیم) لە ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان بە پێی ماددەکانی

(٣٣، ٣٥) له پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەمواركراو، بەڕێزان كێ لەگەڵ قەبوڵكردنی دەست لەكار كێشانەوەی بەڕێز (ئاری محمد عبدالرحیم) دایە لە ئەندامیەتی پەرلەمانی كوردستان؟ كێ لەگەڵ دایە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، كەس لەگەڵ نییە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدانییە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، (٥٥) كەس لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، كەواتە پەسەند نەكرا، هیچ كەسێك دەستی بەرز نەكردەوە بۆ قەبوڵكردنی، (٥٥) كەس لەگەڵدانییە، كەواتە پەسەند نەكرا، بۆیە ئێمە داوای لێدەكەین لە دانیشتنی داهاتووی پەرلەمانی كوردستان ئامادەبێتەوە، دەست بە كارەكانی خۆی بكاتەوە وەكو ئەندامی پەرلەمانی كوردستان، بڕگەی دووەم بەڕێزان لە بەرنامەی كاری دانیشتنی ئەمرۆمان بریتییە لە خوێندنەوەو گفتوگۆكردن لەسەر پڕۆژە بڕیاری هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان بە پێی ماددەی (٩٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، ژمار (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەمواركراو، بەڕێزان سەبارەت بە هەمواركردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانیش دیسانەوە ئیشكالییەت هەیە، لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان یەك بڕگەی تەرخان كردووە بۆ باس كردن لە چۆنیەتی هەمواری پەیڕەوی ناوخۆ كە ماددەی (٩٤)ی پەیڕەوە، لە ماددەی (٩٤) هەمواركردنی پەیڕەوی ناوخۆ هاوشێوەی هەمواری پڕۆژە بڕیار و یاساكان مامەڵەی لەگەڵ نەكراوە، بەڵكو بە ماددەیەكی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ كراوە كە دەڵێ (دەكرێت حوكمەكانی ئەم پەیڕەوە هەمووی یان هەندێكی لەسەر پێشنیاری سەرۆك یان (١٠) ئەندام و بە ڕەزامەندی زۆرینەی ئامادەبووان هەموار بكرێت)، تەبعەن ئەمە لە خولەكانی پێشووش جیاوازی بیرو را لەسەری هەبووە هەندێك پێیان وابووە كە پێویست دەكات پڕۆژە بڕیار ئامادە بكرێ، خوێندنەوەی یەكەمی بۆ بكرێ، هەروەها ئەم پڕۆژە بڕیارە بڕواتە لیژنە هەمیشەیەكانی پەرلەمانی كوردستان ڕاپۆرتی لەسەر ئامادە بكرێ و دواتر بهێنرێتەوە بۆ دانیشتنی پەرلەمان لە دانیشتنی پەرلەمان دەنگی لەسەر بدرێت، بە شێوەیەكی عورف لە خولی پێشوو بە تەنانەت لەم خولەش ئەو كاتەی كە هەمواری پەیڕەوی ناوخۆمان كرد سەبارەت بە لیژنە هەمیشەیەكانی پەرلەمان وامان كرد كە پڕۆژە بڕیارەكەمان هێنایە پەرلەمانی كوردستان هەر ئەو ڕۆژەی كە پڕۆژە بڕیارەكە خرایە بەرنامەی كاری پەرلەمانەوە گفتوگۆی لەسەر كرا، ئەندامانی پەرلەمان گفتوگۆیان لەسەر كرد، بەڵام لەبەر ئەوەی ژمارەیەكی زۆری ئەندامانی پەرلەمان قسەیان لەسەر ئەو بابەتە كرد بۆ كۆكردنەوەی رای ئەندامانی پەرلەمان و، ڕێكخستنەوەی ڕەئیەكانیان لیژنەی یاسایی پەرلەمان مۆڵەتیان لە دەستەی سەرۆكایەتی وەرگرت كە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ دیراسەی بكەن و جارێكی تر لە دانیشتنێكی تری پەرلەماندا بخرێتە ڕوو، ئەم بابەتە بابەتێكی ئیشكالییەت ئامێزە، پێویست دەكات ئەمیش دیسانەوە لە هەمواری پەیڕەوی ناوخۆ كاری لەسەر بكرێت، بە تەواوەتی ڕێكبخرێتەوە، كە ئایا هەمواری پەیڕەوی ناوخۆ بە چ ئاقارێك دەڕوات، دوای ئەوەی كە ئەوەمان خستۆتە بەرنامەی كار هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان دیسانەوە ڕەئیان وایە كە پێویست دەكات پڕۆژە بڕیاری هەمواری پەیڕەوی ناوخۆ خوێندنەوەی یەكەمی بۆ بكرێ و بڕواتە لیژنەكانی پەرلەمان، هەروەها دوای ئەوەی كە لە لیژنەكانی پەرلەمان ڕاپۆرتی بۆ ئامادە دەكرێ بهێنرێتەوە بۆ دانیشتنی پەرلەمان و گفتوگۆ

لەسەر راپۆرتەکەی بکرێت، لەبەر ئەوەی لە پەیڕەوی نـاوخۆ بـە دروسـتی و بـە دەقیقـی ئەمـە باسـی لێـوە نـەکراوە و رێـك نـەخراوە، لەبـەر ئـەوەی جیـاوازی بـیرو را لەسـەر ئـەم پرسـە هەیـە، هـەروەها بـۆ ئـەوەی جارێکی تریش سەرقاڵ نەبینەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەم بابەتە دەیخەینە دەنگدانـەوە کـە ئایـا ئێـوەی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەن کە ئێستا لەگەڵ خستنەرووی ئـەو پـڕۆژە بڕیـارەی کـە لەلایـەن ژمارەی یاسایی ئەنـدامانی پەرلەمانـەوە ئامـادە کـراوە گفتوگـۆی لەسـەر بکـرێ و بخرێتـە دەنگدانـەوە، یـان ئێستا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێ بڕواتە لیژنەکانی پەرلەمانەوەو لە لیژنەکانی پەرلەمان دوای ئەوەی کە راپۆرتی لەسەر ئامادە دەکرێ بهێنرێتەوە بۆ دانیشتنی پەرلەمان بۆ ئـەوەی دەنگـی لەسـەر بـدرێت، دوو نوقتەی نیزامی هەیە؟ بەڕێز د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صوڤی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەکێك بووم لەوانەی زۆر بە دوای ئەم مەسەلەیەداچووم، زۆربەی پرۆتۆکۆلەکانی خولەکانی پێشووشم سەیرکردەوە، چەندین جاریش ئەو پەیڕەوەی لەبـەر دەسـتماندایە تەعـدیل کـراوە، یـەك جاریش بـە پێـی ئجرائاتەکانی کە بۆ یاساییەکی ئیعتیادی کراوە، نەکراوە، لێرەش پێموایە زۆر وازحـە مـاددەی (٩٤)، یـەعنی ئەگەر مەبەستی ئەوە نەبوایە کە تەعدیل کردنی پەیڕەو جیاوازە لەگەڵ تەعدیل کردنی قانونێکی تـر یـان قەرارێکی تری ئاسایی، بە هیچ شێوەیەك ئەو ماددەی (٩٤) نەدەنووسرا، مـادام کـە مـاددەی (٩٤) نووسـراوە، یەعنی حاڵەتێکی خاصە بـە پـەیڕەو بۆیـەش ئەگـەر خـاڵێکی تـریش کـە ئـەوە دەسـەلمێنێ، ئەگـەر تەعـدیل کردنی پەیڕەو وەکو قـانونی دیکەیـە باشـە بـۆ ئێسـتا لیژنەیـەکی تایبـەتان بـۆ تەعـدیل کـردن یـان دانـانی پەیڕەوێکی نوێ داناوە؟ ئەگەر نا دەکرا بە هاوشێوەی رێگەکانی تر پڕۆژە یاسایەك پێشکەش بکرابوایـە لـە لیژنەی تایبەتمەند و لیژنەی یاسایی بهاتبوایـە، مانـای وایـە حاڵـەتێکی تایبـەت دراوەتـە پـەیڕەو، بۆیـە بـە تەسەوری من ئەگـەر بیدەیتـە دەنگـدان پێچەوانەی مـاددەی (٩٤)ە، دەبێـت چـۆن رۆیشـتووە لـە خولـەکانی رابردوو بە ئیستناد لەسەر ماددەی (٩٤)، هەروەها بەردەوام بین، هـەروەها پێموایـە ئـەوە رێگـا راسـتەکەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دەبێ جیاوازی بکەین لە نێوان پڕۆژە بڕیار و لە نێوان پێشنیار، ئەوەی کە لـە مـاددەی (٩٤)دا هـاتووە باس لە پێشنیار دەکات، بەڵێ ئەگەر وەکو پێشنیارێك پێشکەش بکـرێ لەلایـەن بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان، یان ئەندامانی پەرلەمان ئەو کاتە دەکرێ بە شێوەیەکی راستەوخۆ گفتوگۆی لەسەر بکرێ و دەنگـی لەسـەر بدرێت، بەڵام ئەوەی کە ئەمڕۆ هاتۆتـە بەرنامـەی کـارەوە ئـەوە لـە شـێوەی پـڕۆژە بڕیـار پێشکەش کـراوە،

مادام له شێوەی پـرۆژە بڕیـار پێشکەش کـراوە، کەواتـە دەبـێ مـەجرای یاسایی خـۆی بگـرێتن، بۆیـە لێـرە جیاوازی هەیە لە نێوان پێشنیار و لە نێوان پرۆژە بڕیار، تەعدیل کە بە پرۆژە بڕیار پێشکەشکرا دەبێ بـە هەموو ئەو خەتەواتانـەدا بـڕوات کـە پـەیڕەوی نـاخۆ دیـاری کـردووە، ئەگـەر بـە پێشـنیاریش پێشکەشـکرا لەلایەن بەڕێزتان و لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان ئەوە ماددەی (٩٤) قابیلی تەتبیقە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بۆ روونکردنەوە تەنانەت ئەگەر بە پێشنیاریش بێت دوایی لەلایەن پەرلەمانی کوردسـتانەوە پەسـەند بکرێ، هەر دەبێ لە چوارچێوەی بڕیارێکدا بنووسرێتەوە و رابگەیەنرێت، بۆیـە جیاوازیـەکی ئـەوەتۆ نییـە لە مەسەلەی تەعدیلدا لە نێوان ئەوەی کە بـە پێشـنیار بێـت یـان بـە پـرۆژە بڕیـار بێـت، بـەڵام رەئیەکـەی جەنابیشت بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگرین، بەڕێز کاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موشەریعی جیاوازیەکا وازح یا کری ناڤ بەینا تەعدیل کرنا پـەیڕەوی نـاڤخۆی پەرلـەمانی و تەعـدیل کـرن یان ژی دەینانـدا ناڤ پرۆژە بڕیار یان پرۆژە یاسایەکێ، کەواتە ئەگەر دیف وی چەندێ بیتن ئەوی ئەڤرۆکە بەرنامێ کاریدا هاتیە دەیناندنێ ئەڤە دێبیتە موخالەفەیەکا وازح یـا پـەیڕەوی نـاڤخۆ ئـەو ژی کـو ماددەیـا (٧١)یە کو دڤێتن خاندنا ئێکێ بۆ بێتە کرن دیڤدا خانـدنا دووێ بێتـە رەوانـەکرن بـۆ لیژنـەیا تایبەتمەنـد، ئەگەر لە دیف وی سەلاحیاتێ بێتن ئەوە کو پەیڕەوی ناڤخۆ دایە تە وەکو سەرۆکی پەرلەمانی یان ژی دایە (١٠) ئەندام پەرلەمان پێشنیارێکی پێشکەشی دەستەیا سەرۆکایەتیا پەرلەمانی بکەن، هەنگی تە ئەو مافـەیا هەی تۆ شێوەی پێشنیاری بخوێنی دگەڵ هەندێدا موناقەشە لەسەر بێتـە کـرن و دەنگدان ژی لەسـەر بێتـە کرنێ، بەڵێ دگەڵ هەندێدا دڤێتن ئەو پێشنیارە دیف ماددەیا (٢٠) فەقەر ئێـك (٤٨) سـەعات بـەری هـەنگێ هاتبێتە ناڤ بـەرنامێ کاریـدا، بـۆ هەنـدێ کـو وازحییـەك ژی تێـدا دیـار بـێتن کـو پرۆتۆکـۆلێ پـێش هاتیـە دەینانـدنێ بڤـێ عیبـارەی خسـتنەروویا پـرۆژەی پێشـنیارێ، نەگۆتیـە پـرۆژە بڕیـار، یـەعنی کەواتـە هـیچ جارەکێ ئەڤ حاڵەتە رووی نەدایە تەعـدیل کرنـا پـەیڕەوی نـاڤخۆ بـە پـرۆژە بڕیـارەکی یـان ژی بـە پـرۆژە یاسایەکی بیتن، ئەگەر پرۆژە بڕیار بیتن دڤێتن بە وان مەجرایا را دەرباز ببێتن ئەو ئالیەتێن کو پەیڕەوی ناڤخۆ ماددەیا (٧١) واندا دیارکرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە پێی تەفسیری خۆم بۆ ئەو ماددانەی کە لە ناو پەیڕەوی ناوخۆدا هەیە، پێموایە کە دەبێ ئەم پرۆژە بڕیارە و هەر بڕیارێکی تر بۆ تەعدیل کردن بە مەجرای یاسایی خۆیدا بڕوات، چونکە ماددەی (٩٤) راسـتە

کە پـەیڕەوی نـاوخۆی جیاکردۆتـەوە، بـەس بـۆ ئـەوە جیـای کردۆتـەوە مەبەسـت لـەوە نییـە کـە نـابێ بـە مەجرای خۆیدا بڕوات، مەبەست لەوەیە کە پـەیڕەوی نـاوخۆ تایبەتمەندیـەکی خـۆی هەیـە نـە یاسـایە نـە بڕیارە، شتێکە تایبەتە بە پەرلەمانەوە، دەسەڵاتی داوە بە پەرلەمان کە بتوانێ هەمواری بکات، خـۆ ئەگـەر ئەو ماددەیە نەبێ ڕەنگە بکەوینە فەراغی ئەوەی کە ئایا پەرلەمان دەتـوانێ تەعـدیلی بکـات یـان نـا؟ بۆیـە باشترە ئەمڕۆ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێ و مەجرای یاسایی خۆی وەرگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز د.بەهار، هەردوو ڕەئیەکە کە ئێستا لە ناو پەرلەمان گوێتـان لێبـوو، پێمـوابێـت ڕەئـی یاساییـن بە هۆی ئەوەی کە بە تەواوەتی پەیڕەو ئەم بابەتەی ڕێك نەخستووە، بۆیە ئەم جیاوازی بیرو رایە هەیـە، لـە خولـەکانی پێشـوو تەنانـەت لـەم خولـەش ئێمـە خۆمـان جارێکیـان کـە پـەیڕەوی ناوخۆمـان هەموارکردەوە وامان کرد کە لەگەڵ پڕۆژە بڕیارەکەدا راسـتەوخۆ گفتوگـۆی لەسـەر کـرا، بـەڵام بـۆ ئـەوەی وەکـو بابـەتی پێشـوو نەبێتـە جێـی مەشـت و مـڕی زیـاتری ئەنـدامانی پەرلـەمان دەیخەینـە دەنگدانـەوە، بەڕێزان کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە خوێندنەوە و گفتوگۆکردن لە دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەماندا لەسەر پـڕۆژە بڕیـاری هـەمواری پـەیڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمانی کوردسـتان بـە پێـی مـاددەی (٩٤)ی پـەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو ئـەنجام بـدرێ؟ واتـە کـێ لەگـەڵ ئەوەدایـە کـە ئەمڕۆ هەم پڕۆژە بڕیارەکە بخرێتەروو و گفتوگۆی لەسەر بکرێ و بڕیاریشی لەسەر بدرێت؟ کێ لەگەڵدایە ئەمڕۆ خوێندنەوەی یەکـەمی بـۆ بکـرێ و گفتوگۆشـی لەسـەر بکـرێ و بخرێتـە دەنگدانـەوە؟ تکایـە دەسـت بەرزکاتـەوە، (١٥) کـەس لەگەڵدایـە، زۆر سـوپاس، کـێ لەگەڵدانییـە؟ تکایـە دەسـت بەرزکاتـەوە، (٤٤) کـەس لەگەڵدانییە، زۆر سوپاس، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند نەکرا ئەمڕۆ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێ، لە خاڵی پێنجەمدا خوێندنەوەی دەکرێ و دواتر ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان دەکرێ، راپۆرتی لەسـەر ئامادە دەکرێ و لە بەرنامـەی کـاری پەرلـەمان دادەنرێتـەوە جـارێکی تـر، دەچـینە سـەر بڕگـەی سـێیەم لـە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان کە بریتییە لە گفتوگـۆکردن لەسـەر پـڕۆژە بڕیـاری پایتـەختی ئاشـتی هەرێمی کوردستان_عێراق، بـە پێـی ماددەکـانی (٧٢، ٧٤، ٧٥) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمانی کوردسـتان، ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو، با سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی بفەرموون بۆ سەر سەکۆی لیژنـەکان، بۆ دەست کردن بە گفتوگۆکردن لەسەر پڕۆژە یڕیاری ناوبراو، فەرموو د.ڕێواز.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیوادارم ئەم قسەیەم نەچێتە ناو پرۆتۆکۆڵەوە، جارێکی تریش ئەم قسەیەم کـرد ئێمـە ئەوانـەی کـە لێـرە دانیشتوین واللە مێشکمان نەماوە لەبەر ئەو دەرگایە، تکا دەکـەم ئەنـدامانی پەرلـەمان هاوڕێیانمـان تۆزێـك موراعاتمان بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشه، هەوڵدەدەین موعالەجەیەکی بکەین د.ڕێواز، فەرموون بەڕێزان لە دەستەی سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی لەسەر پڕۆژە بڕیاری پایتەختی ئاشتی هەرێمی کوردستان_عێراق.

**بەڕێز د.ڤالاْ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا لە بەڕیزتان دەکەین کە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بە پڕۆژە بڕیاری ناونانی شاری هەڵەبجە بە پایتەختی ئاشتی لە هەرێمی کوردستان_عێراق بکرێت بە ئەسڵ، دەنگی لەسەر بدرێت، لەبەر ئەوەی ئەو پڕۆژە یاسایەی کە پێشکەشکرابوو سەبارەت بەو بابەتە لە شێوەی ڕاپۆرت بوو، ئێمە لە لیژنەی یاسایی لە شێوەی مەواد دامان ڕشتۆتەوە، تەحدیدی هۆیەکانی دانانی پڕۆژە بڕیارەکەشمان کردووە، بۆیە داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە بیدەنە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی ببێت بە ئەسڵ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر باشە، بەڕێزان لەگەڵ ئەوەدایە کە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بە پڕۆژە بڕیاری ناونانی شاری هەڵەبجە بە پایتەختی ئاشتی لە هەرێمی کوردستان_عێراق بکرێت بە بنەمای گفتوگۆ؟ کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (٦٥) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، کەس نییە لەگەڵیدا نەبێت، کەواتە پەسەندکرا، بەڕێز د.فرست نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ئەو پڕۆژەی کە پێشتر پێشکەش کرابوو لەسەر ئەو بابەتە ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی، لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش، لیژنەی پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینوساید کرابوو، ئەگەر ڕاپۆرتێکیش بە پێی پەیڕەو ئاراستەی زیاتر لە لیژنەیەك کرا یان دەبێ هەر یەکەو ڕاپۆرتی خۆی هەبێت، یان دەبێ ڕاپۆرتی هاوبەش هەبێت، پرسیارەکە ئەوەیە کا ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی پێشمەرگە ئەوە یەك، دوو: مادام ئەوەی کە پێموایە فراکسیۆنی یەکگرتوو ئەوەی پێشکەش کردووە لە شێوەی ڕاپۆرتێك پێشکەشی کردووە، ئەسڵ وایە بگەڕێنرێتەوە بۆ جیهەتی خۆیان بۆ ئەوەی لە شێوەی بڕیار دابڕێژنەوە ئینجا ڕاپۆرتی لیژنەکانی تایبەتمەندی لەگەڵ بنێردرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز د.ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەوەی لای ئێمـە تۆمـارکرابوو تـەنها بـۆ لیژنـەی کاروبـاری یاسـایی تـەحویل کرابـوو ئـەو پـڕۆژە بڕیـارە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صوَفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە لە لامە بە ئیمزای تۆ بۆ هەر سێ لیژنەکە چووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێمـوابێت دوو لیژنەکەی تریش راپۆرتیان ئامادە نییـە، هـەروەها ئـەم راپۆرتـەش راپـۆرتی هاوبـەش نییـە، بەڕێز د.فرست تکایە نووسراوەکەمان بۆ بێنە؟ فەرموو مامۆستا هەورامان نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز د.هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی پێشمەرگە و شەهیدان پێموایە ئـەو پڕۆژەیـە ئاراسـتەی ئێمـە نـەکراوە و نەهاتۆتـە لای ئێمە تاوەکو قسەی لەسەر بکەین و راپۆرتی لەسەر بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو بەهار عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـەڵێ، ئاراسـتەی لیژنـەی پێشـمەرگەش کـراوە، بـەلاَم ئێمـە ویسـتمان کۆبوونـەوە لەگـەڵ لیژنـەی یاسـایی رێکخەین، لیژنەی یاسایی لەبەر ئەوەی پڕۆژەکەی رەفزکردبۆوە، بۆیە ئێمە هیچ گفتوگۆیەکمان لـە بـارەوە نەکرد و گوتمان مادام پڕۆژەکە یەکەم جار رەفزکراوە لەبـەر ئـەوەبووە کـە لـە لیژنـەی پێشـمەرگە گفتوگۆ نەکراوە، ئەگـەر نـا گەیشـتووە بـە لیژنـەی پێشـمەرگە و قـەراربووە ئێمـەش راپۆرتمـان هـەبێ لـە روانگـەی ئەوەی کە لیژنەی یاسایی رەفزی کردۆتەوە، ئێمە هیچ گفتوگۆیەکمان نەکرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، گەیشتۆتە ئەو لیژنانەش، چونکە بە نووسراوی رەسمی ئاراستەی هەر سێ لیژنەکە کراوە، لیژنەی کاروباری یاسایی، لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجەییەکان، لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینوساید، فەرموو کاک عمر عینایەت.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەستخۆشی لەو بەڕێزانە دەکەم ئەم پڕۆژە یاسایەیان ئامادە کردووە، بەلاّم شتێك هەیە لە فیزیادا پێی دەوترێت (تەسامی)، یەعنی لە حاڵەتی رەقیەوە دەبێ بە گاز، هەڵبجە هیشتا قەزایە چۆن دەکرێ بە پایتەخت ئەگەر پارێزگاکەی بۆ جێبەجی نەکرێت، یەعنی ناکرێ تۆ پارێزگاکە جێبەجێ نەکەی، وەکو ئەو وایە کەسێك پێلاّوی نەبێ بۆینباغی بۆ بکڕی، ئەمە ناکرێ، تۆ جارێك پارێزگاکە جێ بەجێ بکەو داوا لە حکومەت بکەن با پارێزگاکە بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە ئەو کاتە بیکەن بە پایتەخت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕیاری بە پارێزگابوونی بۆ دەرچووە جێبەجێکردن کارێکە و بڕیاریش کارێکی ترە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە د.فرست دەکەم کە لە چەند ڕێگەیەکەوە تەقدیم کراوە لەلایەن برادەرانی فراکسیۆنی یەکگرتوو، ئاراستەی خۆیان بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئاراستەی لیژنەی مەعنی بکرێت، بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێ و پاشان بگەڕێتەوە بۆ گفتوگۆ لەناو پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، مامۆستا عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێمـوابێ ئەمــە دەنگــی لەســەر دراوە و کۆتــایی پێهــاتووە ، ئــیتر بگەڕێتــەوە و نــە گەڕێتــەوە شــتێکی کەیە ئەوە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ئێستا باسی ئەکەین ، بەڕێز کاك عادل عزیز فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شكر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەنگــدرا کــە ئــەم ڕاپۆرتــەی لیژنــەی یاســایی بکرێتــە ئەســاس ، یــەعنی ئەبوایــە پــێش دەنگدانەکــە ئەو ڕاپۆرتەی ئەو لیژنانەی تر هەبوایە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز کاك ئومێد حەمە علی فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربــارەی ئــەم پڕۆژەیــە مــن حەزدەکــەم جــەنابتان داوابکــەن لەوانــەی کــە پێشکەشــیان کــردووە ، ئەگــەر ئــەو ڕاپۆرتــەی ئێســتا ئێمــە دەنگمــان لەســەرداو کردمــان بــە ئەســاس جیاوازییــەکی ، ناکۆکییــەکی جەوهــەری لەگــەڵ پڕۆژەکانــا نییــە بــا کــاری پێویســت و یاســایی لەســەر بکــرێ و پێموایــە هیچ ئیشکالێك نەبێت ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بــەڕێز کــاك ئومێــد ، بــەڕێزان ئەنــدامانی پەرلــەمان ، بــە پێــی پــەیڕەوی نــاوخۆ هــەر پــڕۆژە یاســایەك ئاڕاســتەی لیژنــە پەیوەندیــدارەکانی پەرلــەمان کــرا ، ئــەبێ هەریــەکێ لــەو لیژنانــە ڕاپــۆرتی خــۆی لەســەر حازرکــا یــان پێکــەوە ڕاپۆرتــەکی هاوبــەش حازرکــەن لەســەری و پێشکەشــی پەرلــەمانی کوردســتانی بکــەن ، هــەموو ڕاپۆرتــەکان پێکــەوە یــان ڕاپــۆرتی هاوبــەش لەپەرلــەمانی کوردســتان گفتوگــۆی لەســەر بکرێــت ، دیــارە بــەهۆی ئــەوەی کــە لیژنــەی یاســایش ژمارەیــەکی زۆر پــڕۆژە یاســای لایــە ڕەنگــە بــەهۆی ئــەوەوە کــە بــەردەوام لــە موناقەشــەکردنی پــڕۆژە یاســا و بڕیارەکــانن ، ســەرنجی ئــەوەیان نــەدابێت کــە ئــەم پــڕۆژە یاســایە ئاڕاســتەی دوو لیژنــەی تــری پەرلــەمانی کوردســتان کــراوە ، بۆیــە ڕاپۆرتیــان ئامــادەکردووە بــەبێ ئــەو دوو لیژنــەی تــر ، ئــەو نوقتــە نیزامیانــە وەردەگــرین دواتــر بڕیاری خۆمان ڕادەگەیەنین ، کاك انوەر فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـاس لــەوە كــرا كــە ليژنــەی ياســايی ڕاپــۆرتی ليژنـــەی پێشــمەرگەی ڕەفزكردبـــێ ، ئــەمن وەكــو ئەنــدامێكی ليژنــەی ياســايی ئاگــاداری ئــەوە نــيم ، دەســتەی ســەرۆكايەتی دەتــوانێ ئــەوە ڕوونكاتــەوە ، سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز كاك فائق.

**بەڕێز فائق مصطفى رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمــە پێويســتە ببێــت بــە تەجروبەيــەك ، هــەر پــڕۆژە ياسـايەك كـە بنــەماكانی پــڕۆژە ياسـای تێـدا نــەبوو ، لــە شــێوەی ڕاپۆرتــدا بــوو نــە خوێندنــەوەی يەكــەمی بــۆ بكرێــت ، نــە ئاڕاســتەی ليژنــەكان بكرێت بۆ ئەوەی ئەو گرفتە حەل بێت لە داهاتوودا ، سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بە ڕێز كاك سۆران عمر فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ديــارە ئــەوەی كــە پێشــتر فراكســيۆنی يــەكگرتوی ئيســلامی پێشكەشــی كــردووە ليژنـــەی ياســايی ڕوونكردنـــەوەی دا ، بـــەلآم دواجــار ئەمـــەی كــە ليژنــەی ياســايی ئامــادەی كــردووە تــەواو جيــاوازە لــەوەی كــە فراكســيۆنی يــەكگرتوو پێشكەشــی كــردووە ، ئــەمان پــڕۆژە بڕيارێكيــان ئامــادەكردووە ئــەتوانرێ ناويشــی نــەنرێ ڕاپــۆرت جــارێكی تــر پــڕۆژە بڕيارێكــە عــەينی ئــەو بڕيارانــەی كــە بڕيــاری ژمــارە (١٩) بــۆ پێشــمەرگە دەرچــووە ، وا ئــەزانم ئەمــەيان پــڕۆژە ياســا نييــە تــاكو تووشــی ئــەو ئيشــكالە بــين ، ئــەكرێ بــەڕێزتان ئێســتا بڕيــار بــدەن ئــەم پــڕۆژە بڕيــارە وەكــو بڕيارەكــانی بــۆ پێشـمەرگە و نــاوخۆ دەرچــوو قســەی لێبكــرێ ، يــاخود جــارێكی تــر ئــەم پڕۆژەيــە ئاڕاســتەی ليژنــە پەيوەنديدارەكانی تر بكرێ ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، كاك ابوبكر هەڵەدنی فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله (هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمــە ئــەم پــڕۆژە بڕيارەمــان پێشكەشــی دەســتەی ســەرۆكايەتی پەرلــەمان كــردووە ، خوێندنـــەوەی يەكەميشــی بــۆ كــراوە ، لەلايــەن ســەرۆكايەتی پەرلەمانــەوە ڕەتكردنەوەكــە نــە گەيشــتۆتەوە بــە ئێمـەو تـاوەكو سـياغەی بكەينـەوە وەكـو فراكسـيۆن بـە نووسـراوی فـەرمی ، دووەم هاتۆتـەوە ليژنـەی

یاسایی و لەوێ سیاغەیەکی نوێ کراوەتەوە کە هەر لە جەوهەری ئەو ڕاپۆرتە دەر هێنراوە ئەم سیاغە نوێیە ، جەوهەری ڕاپۆرتەکەی پێشوو ، پاشان جەنابت خستۆتە دەنگدانەوە پێشتریش دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئیعلانی کردووە کە لە کارنامەی ئەمڕۆدایە ، لەبەر ئەوەی هیوادارم بابەتەکە تێپەڕێ و مەوزوعێکی سیاسیش نەبێ ڕەتکردنەوەکە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، دڵنیابە هیچ مەوزوعێکی سیاسی نابێت ، خستوومانەتە بەرنامەی کارەوە ئێستا لە بەرنامەی کارە ، بەڵام لەبەر ئەوەی لەلایەن لیژنە پەیوەندیدارەکانی تریشەوە ڕاپۆرتی لەسەر ئامادە نەکراوە ، بۆیە ناتوانرێ بەتەواوەتی گفتوگۆی لەسەر بکرێ ، کاک خەڵەف فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیشکالمان لەگەڵ ناوەرۆکی ڕاپۆرتەکە نییە ، چونکە ئێستا کاتی گفتوگۆ نییە لەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکە ، ئیشکالەکە ئەوەیە لەبەر ئەوەی ڕاپۆرتی هاوبەش نییە پشتگیری ڕایەکەی کاک دکتۆر عبدللە و کاک فرسەت و برادەرانی تر ئەکەم بگەڕێتەوە لە دانیشتنەکی تر ئەو کات قسەمان لەسەر ناوەڕۆکەکەی ئەبێ و قسەی لەسەر ئەکەین ، بۆ ئەوەی تووشی ئەو ئیشکالە قانونییە نەبین ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە سوپاس ، بەڕێز دکتۆرە ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە کاک دکتۆر فرسەت ئەکەم ، ئیشکالیەت لەگەڵ ناوەڕۆکی پڕۆژەکەیا نییە ، دەستی لیژنەی یاسایی خۆش بێ ڕاپۆرتەکەیان کردووە بە قانون ئیشێکیان کردووە کە دەلالەتە لەسەر لە خۆبردوویی ئەوان ، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەندامانی پەرلەمان دەنگییان لەسەر مەسەلەیەکدا موخالفی نەسێك بوو لەناو پەیڕەوی ناوخۆیا ئەم مەسەلەیە مەسەلەیەکی ئاساییە ، چونکە ئەو بەڕێزانەی کە ئێستا لەو دوو لیژنەی ترن کە هەمان پڕۆژەیان ئاڕاستە کراوە دەنگدانی ئێمە دەنگدانە لەسەر خواردنی حەقێکی ئەوان کە لە ڕاستیدا لە ڕووی قانونییەوە ئەو حەقەمان نییە ، بۆیە داوا لە بەڕێزتان ئەکەم بۆ ئەوەی ئەمە نەبێت بە نوقتەیەك دواتر لە ڕووی ئیجرائی و شکلییەوە لە سەر دەرچوونی پڕۆژە بڕیارەکە دروست ببێ ، داوا لە هەردوو لیژنەی تایبەتمەند بکەی کە بۆ هەفتەی داهاتوو پڕۆژە بڕیارەکە بڵێین ڕاپۆرتی هاوبەش لەگەڵ لیژنەی یاسایی بنووسن و هەفتەی داهاتوو دەنگی لەسەر بدەی.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە زۆر سوپاس ، بەڕێز دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە زۆر لەو پرۆژە یاسایانەی کە پێمان ئەگا بنەماکانی پرۆژە یاسایی تێدا نییە ، مەجموعەیەکمان گێڕایەوە بۆ خاوەنەکانیان بۆ ئەوەی کە لە شێوەی پرۆژە یاسا دووبارە بۆمان بنێرنەوە ، بەلاّم بەداخەوە تائێستا هیچ جوابێکمان لەوانەوە پێنە گەیشتووە ، ئێمە لەبەر گرنگی بابەتەکەی هەڵبجەو لەبەر ئەوەی کە خۆی پرۆژەکەمان ڕاستە ڕەفز کردووە ، بەلاّم بە گرینگمان زانی ، لە ڕووی سیاسیشەوە ڕەفزکردنەکەمان تۆزێ بە حەساسییەتەوە سەیرکرد ، بۆیە لەسەر ئەو بنەمایە هاتین دامان ڕشتەوە ، بۆیە داوا لەئەندامانی بەڕێز دەکەم داوا لە خاوەنی پڕۆژەکان ئەکەین کە بۆیان ئەنێرینەوە جارێکی تر وەلاّمان بدەنەوە کە ئایا ئەوان دەست بەرداری ئەو پرۆژە یاسایە بوون یا جارێکی تر دایئەڕێژنەوە بۆمان ئەنێرن لە شێوەی پرۆژەیەکا ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ ئێوە ، زۆر سوپاس بۆ لیژنەی یاسایی کە ڕاپۆرتەکەیان لە شێوەی پرۆژە بڕیار ئامادە کردووە ، بەلاّم داوا لە هەردوو لیژنەی پەیوەندیداریش ئەکەین کە یان ئەو ڕاپۆرتەی ئێستا لیژنەی یاسایی حازری کردووە ، کە زۆر بەوردی ئیشیان لەسەری کردووە ، ئەو ڕاپۆرتەی کە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کراوە لە چوارچێوەی پرۆژە بڕیار ڕێکیان خستۆتەوە ، تەبەنی بکەن ، لە دانیشتنەکانی خۆیاندا کە ئەنجامی دەدەن دەنگی لەسەر بدەن و بیکەن بە ڕاپۆرتی هاوبەشی هەر سێ لیژنەکە کە پرۆژە بڕیارەکەیان بۆ نێردراوە یان ڕاپۆرتی خۆیان حازرکەن لەسەری ، بۆیە ئەم بابەتە دوائەخەین بۆ کۆبوونەوەکانی داهاتووی پەرلەمان ، بەلاّم بە شێوەیەکی پەلە داوا لە هەردوو لیژنەی تایبەتمەند دەکەین کە بریتین لە لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان ، لیژنەی کاروباری پێشمەرگەو شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید لەم بابەتە بڕوانن وە بیخەنە بەرنامەی دانیشتنەکانی خۆیانەوە ، سوپاس بۆ لیژنەی یاسایی ئەتوانن بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆتان فەرموون ، بەڕێز دکتۆر فرسەت فەرموو.

**بەڕێز د. فرسەت صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕێگا چارەیەك هەیە دەتوانی هەر ئێستا حەلی بکەی هەتا برگەکانی دیکە ئەڕوات لیژنەی پێشمەرگە لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ لە دەرەوە یەك کۆبوونەوەی کورت بکەن ئەگەر تەبەنیا ئەو ڕاپۆرتە بکەن بۆ ئەوەی هەر ئەمڕۆ بیروێنین ، ئیتاری قانونی خۆشی وەردەگرێت ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایش داوای ئەوەیان کرد ، مامۆستا هەورامان.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شەریف:**

**بەرشێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەهــەمان شــێوە بەڕاســتی منــیش پشــتیوانی لــە بۆچــوونەکەی دکتــۆر فرســەت ئەکــەم ، لەبــەر ئــەوە پێموایــە ئــەو پرۆژەیــە هــیچ مشــت و مڕیــەکی تێدانییــە هــەمووی موتــەفیقن لەســەری ، بۆیــە پــێم باشــە دوانــەخرێ و کاتێکمــان پێبدرێ و ئەو دوو لیژنەیەش دانیشتنی خۆمانی لەسەر بکەین هەر ئەمڕۆ ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز دکتۆر شێرکۆ جودة فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هــەر بــەپێی پــەیڕەوی نــاوخۆ کاتێــك کــە ســەرۆکایەتی پەرلــەمان داوا دەکــات لــە لیژنــەی مــەعنی کــە ڕاپــۆرت بنێــرێ لەســەر بابــەتێکی تایبــەت لــە مــاوەی (١٠)ڕۆژ ئــەبێ لیژنــەی تایبەتمەنــد ئــەو ڕاپۆرتــە بگێڕێتــەوە ، بــەڵام کــە لیژنــەی تایبــەت ڕاپۆرتەکــە ناگێڕێتــەوە بــۆ ســەرۆکایەتی پەرلــەمان ئــەوا یــەعنی ئــەرکێکی لیژنەکەیــە کــە بیکــا و نــەیکردووە ، بۆیــە مــادام تــا ئێســتا نــەکراوە ئــەو تەرحــەی دکتــۆر فرســەت تــەرحێکی زۆر باشــە بــەوەی کــە ئێســتا هــەردوو لیژنەکــە ڕای خۆیــان دەربــبڕن لەماوەیــەکی تایبــەتا تاکۆتــایی بــە کۆبوونــەوەی ئــەمڕۆ ئــەهێنرێ ، بــۆ ئــەوەی یــەکلایی ببێتــەوە ئــەگینا ئــەرکی ئــەوان بــوو ئــەبوایا ڕایــان پەڕاندبایــە ، بــەڵام ڕایــان نەپەڕانــدووە لەبــەر ئــەوە (١٠) ڕۆژەکە تێپەڕیوە سەرۆکایەتی بۆی هەیە خۆی قەراربدا لەسەر ئەو مەوزوعە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باشە سوپاس ، بەڕێز کاك ایوب فەرموو.

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمــە کــاتی خــۆی لــە لیژنــەی نــاوخۆ ، بۆیــە هــیچ ڕاپۆرتێکمــان ئامادەنــەکرد کــە لیژنــەی یاســایی پرۆژەکــەی ڕەتکــردەوە کــە باســی لــەوە کــرد لــە شــێوەی ڕاپۆرتێــك ئامــادەکراوە ، هــیچ پرۆژەیــەکی نــوێ پــرۆژە بڕیــارێکیش بەدەســتی ئێمــە نەگەیشــتووە تــا ڕاپــۆرتی لەســەر ئامــادە بکــەین ئێســتاش کــە پــرۆژە بڕیارەکــە خوێندرایــەوە پێشــنیار دەکــەین کاتێــك کــە(rest) وەردەگــرین ئێمــە هــەر ســێ لیژنەکــە بەیەکــەوە کۆدەبینــەوە بــا ئێســتا بخرێتــە دەنگدانــەوە پــاش و پێشــی ئــەو بڕگەیــە بکــەین و لە کۆتایدا ئەوەکە دەخەینە بەرنامەی کارەوە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سوپاس ، با لیژنەی یاسایی تێڕوانینی خۆیان بخەنەڕوو ، بەڕێز دکتۆرە ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی پێمان باشە کە ئەورۆ جەلسەیەو ئەندامان لە جەلسە دانەبڕێن ، بۆیە فرسەتمان پێبدەن بەزووترین کات ڕاپۆرتەکە ئامادە دەکەین و کۆبوونەوەی خۆمان لەگەڵ هەردوو لیژنەی مەعنی دەکەین، بەلاَم ئەورۆ جەلسە هەیە بە هیچ شێوەیەك نامانەوێ ئەندامان لە جەلسەکە دابڕێن ، بۆیە بۆ ڕۆژێکی تر کۆبوونەوە دەکەین و ڕاپۆرتەکەش ئامادە دەکەین بۆ ئەوەی هیچ پێچەوانەیەکی لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆ تێدا نەبێ و پەلەشی تێدا نەبێ ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، بەڕێز کاك عمر عینایەت.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە تەسەوری من پەیوەندی بە لیژنەی پێشمەرگەوە نییە بابەتەکە ، ئەبوایە بۆ لیژنەی شارەوانی بنرێردرایە باشتر بوو لەوەی بۆ لیژنەی پێشمەرگەی بنێرن ، یەعنی ئەوە بابەتێکە عیلاقەی بە شاری هەڵەبجەو بە لیژنەی ئاسەوار و شارەوانی هەیە ، ئەم بابەتە بۆ لیژنەی شارەوانی نەنێردراوە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك عمر عنایەت پەیوەندی بە پێشمەرگەوە نییە ، بەلاَم پەیوەندی بە شەهیدان و قوربانیانی جینۆسایدەوە هەیە کە هەمان تایبەتمەندی لیژنەی پێشمەرگەیە ، لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید ، ئەو ڕاپۆرتە بۆیە حازرکراوە داوای ئەوە ئەکەن کە هەڵەبجە بکرێ بە پایتەختی ئاشتی هەرێمی کوردستان چونکە کیمیابارانی هەڵەبجە تێیدا ڕوویداوە ژمارەیەکی زۆر شەهید و قوربانی لەوێ هەیە ، بە جینۆسایدیش ناسراوە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق ، لەو سۆنگەیەوە بۆ ئەو لیژنەیە نێردراوە ، کاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرباری پشتگیری کردنم لە ئاخافتنی دکتۆرا هەڤالأمە ژی تەئکیدێ دکەم کو دڤێتن جەنابی تە سەلأحیاتێت خۆ بکار بینێتن ماددە (١٧) فەقەرە یەك ئەو ژی تەبیق کرنا پەیڕەوی یاساییانە بەهیچ شێوەیەکی دەرفەت نەدا دروست بوونی کەلتورێکی نە گەلەکی ساغلەم ئەو ژی وەرگرتنا ئیمزا و شەفەهی و دروستکردنا ڕاپۆرتی شەفەهی ، حەقیقەت ئەڤ دێ شێت هەیبەت و مەزناهیا

پەرلـــەمانێ کــێم کــەتن و ئەڤــە تشــتەکی خــراپ دێ ، ســلبی دێ مــە ســەر زڤــرت تایبــەتیت نــاڤ نوخبەیا کۆمەلگەهێ کوردەواری ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر ســوپاس ، ئێمــە ئــەو بڕگەیــە لەبەرنامــەی کــاری پەرلــەمان لانابــەین ، لەبــەر ئــەوەی تــەواوی وردەکاریــەکانی ئامادەنییــە دوای ئەخــەین لــە بەرنامــەی کــاری پەرلــەمانی کوردســتان ئەمێنێتــەوە هــەر کاتێــك راپۆرتــە هاوبەشــەکەی ئێــوە گەیشــتە دەســتی ئێمــە ، راپــۆرتی هاوبەشــی لیژنــە پەیوەندیــدارەکانی پەرلــەمانی کوردســتان گەیشــتە بەردەســتی ئێمــە ئــەوە بــە دڵنیاییــەوە لــە بەرنامــەی کــار دایئــەنێین ، جــا هــەر کاتێــك بێــت ئێمــە کێشــەمان لــەو ڕووەوە نییــە ، ئێســتا ئەچــینە ســەر خــاڵی چــوارەم کــە بریتییــە دەنگــدان لەســەر ئەنــدامانی نــوێی لیژنــە هەمیشــەکانی پەرلــەمانی کوردســتان بــە پێــی ماددەکــانی (٣٩) ، (٣٤) لــە پــەیڕەوی نــاوخۆی پەرلــەمانی کوردســتان ژمــارە یــەکی ســاڵی ١٩٩٢ی هــەموارکراو بــەڕێز ســکرتێری پەرلــەمان کــاك شــێخ فــەخرەدین یــەك بــە یــەك ئــەو ناوانــە دەخوێنێتــەوە کــە داوایــان کــردووە بچــنە لیژنــە هەمیشــەییەکانی پەرلەمانــەوە ئەیخەینــە دەنگدانەوە ، فەرموو بەڕێز سکرتێری پەرلەمان،

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف / سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینییــەك بــۆ بــەڕێزان ســەرۆکی فراکســیۆنەکان ئــاڵوگۆڕ لــە جێــی ئەنــدامانی لیژنــەکان ئەنــدام پەرلەمانــەکان دەکرێــت ، بۆیــە هەنــدێك کــات ئــەو حاڵەتــە دووبــارە دەبێتــەوە وەکــو امینــەخان ئامــاژەی پێــدا کــە زیــاتر لــە لیژنەیــەك ئەنــدامان ئامــادە دەبــن ، بۆیــە هۆکــاری ئــەوە ســەرەتا ئەگەڕێتــەوە بــۆ ســەرۆکی فراکسیۆنەکان لــە ســەرەتای تەشــکیلی لیژنــە هەمیشــەیەکانیش کــە هــەمان گیروگرفــت تووشمــان بوویەیــەوە ، بۆیــە قســە ئەوەیــە کــە ســەرۆکی فراکسیۆنەکان کاتێــك ئــاڵوگۆر بــە جێــی ئەنــدامانی پەرلــەمان ئەکــەن لــە لیژنــە هەمیشــەییەکاندا ڕەچــاوی ئــەوە بکــەن زیــاتر لــە دوو لیژنەیــە ئەنــدامان نــەبن بــۆ ئــەوەی ئــەو حاڵەتــە دووبــارە نەبێتــەوە ، ئــەوەی کــە ئێســتا لــەلای ئێمــە هەیــە ئەنــدامانی پەرلــەمان بــەم شــێوەیە کــە (٢١) ئەنــدام پەرلــەمان لــە لیژنــە هەمیشــەکانی پەرلــەمانی کوردســتاندا داوایــان کــردووە ئەنــدامێتیان هــەبێ هەنــدێکی جیــێ گۆڕکێیــە ، هەنــدێکی تازە ئەچێتە لیژنەی نوێیەوە ، بەم شێوەی خوارەوەیە :

١- صالح فەقێ داوا دەکات بچێتە لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە بەڕێز صالح....... تکایە بێ دەنگی ، فەرموو کاك صالح.

**بەڕێز صالح فقێ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببـــووره ، مـــن ئـــەو داواكارییـــەی پێشكەشـــم كـــردووە بـــۆ لیژنـــەی ئاســـەوار و خزمـــەتگوزاری شارەوانییەكان و ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمە.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف / سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئـــەوەی مـــن لـــە فراكســـیۆنی ســـەوزەوە بەدەســـتم گەیشـــتووە بـــەو شـــێوەیە دابەشـــی ئەنـــدامانی پەرلەمانی كردووە بەسەر لیژنەكانا ، نووسراوەكە لەلای ئێمەیە.

**بەڕێز صالح فقێ احمد :**

بەڵێ من خۆم هەر ئەندامی لیژنەی دارایشم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ فەرموو بێگەردخان.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داوا دەكـەم بـەڕێز سـكرتێری پەرلـەمان ئـەو نووسـراوانە بخوێنێتـەوە كـە كـە ئەنـدامانی پەرلـەمان لـــە فراكســـیۆنی ســـەوز بۆخۆیـــان باســـی دەســـت لەكاركێشـــانەوەكەیان كـــردووە و شـــوێنی تـــازەی كاركردنیشیان دەستنیشان كردووە ئێمە ئەمڕۆ بۆمان ناردوون ، سوپاس.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف / سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نووسراوی فراكسیۆنی سەوز ژمارە (٢٠) لە بەرواری ٩/٢١ بەم شێوەیە گەشتۆتە دەستی ئێمە.

**بابەت/ دابەشكردنی ئەندامان بەسەر لیژنە هەمیشەییەكان.**

سلاو ڕێز.....

بـــەڕێزان ئەمـــەی خـــوارەوە چـــۆنیەتی دابەشـــكردنی ئەنـــدامانی فراكســـیۆنی ســـەوزە بەســـەر لیژنـــە هەمیشـــەییەكانی پەرلـــەمانی كوردســـتاندا تكایـــە بخرێتـــە بەرنامـــەی كـــار بـــۆ پەســـەندكردن ســـەرۆكی فراكسیۆن واژووی كردووە ، بەم شێوەیەی خوارەوە هاتووە :

- لیژنەی قانونی (گۆران ئازاد ، تەلار لەتیف)
- لیژنەی دارایی (دكتۆر عزت صابر ، صالح فەقێ)
- لیژنەی ناوخۆ (قادر ئۆتمان ، سەركەوت سەرحەد ، سەعید مەسیفی)
- لیژنەی كشتوكاڵ (خلف احمد ، ئاواز شێخ جەنگی)
- لیژنەی ژنان (مریم صمد)
- لیژنەی پەروەردە (دكتۆرە ڕێواز فائق)
- لیژنەی تەندروستی (مریم صمد ، سالار محمود)

- لیژنەی کۆمەلأیەتی (گەشە دارا ، ئاواز شێخ جەنگی ، تەلار لطیف)
- لیژنەی ئاوەدانکردنەوە (عباس فتاح)
- لیژنەی ڕۆشنبیری ( فەرهاد سەنگاوی ، زانا عبدالرحمن)
- لیژنەی پێشمەرگە ( دلێر مصطفی ، قادر ئۆتمان)
- لیژنەی مافی مرۆڤ ( سعید مەسیفی)
- لیژنەی وزە ( دکتۆرە ڕێواز فائق ، دکتۆر عزت صابر)
- لیژنەی شارەوانی (بێگەرد تاڵەبانی ، عباس فتاح)
- لیژنەی دەستپاکی ( خلف احمد ، گۆران ئازاد)
- لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی (سالار محمود)
- لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان (صالح فەقێ ، فەرهاد سەنگاوی ، گەشە دارا)
- لیژنەی پەیوەندییەکان (زانا عبدالرحمن ، سەرکەوت سەرحەد)
- لیژنەی کاروباری پەرلەمان (دلێر مصطفی ، بێگەرد دڵشاد)

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو بێگەرد.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر داوای بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئێمە ئیمڕۆ بەفەرمی نووسراوی فەرمی هەر یەکێك لە ئەندامانی پەرلەمان کە دەستیان لەو لێژنە کێشاوەتەوە کە کاریان لێکردووە ، ئەو لێژنەی کە داوا دەکەن بگوازرێنەوە بۆ ئەوەی ناردوومانە بۆ بەڕێزیان ، لەگەڵ ئەو قائیمە تازەی کە ئیمڕۆ ناردوومانە نازانم ئەگەر لەلای جەنابیان نەبێ ، ئەوە هی سێ ڕۆژ بەر لە ئێستایە بەلأم لەسەر قسەی جەنابتان ئێمە ئیمڕۆ کۆی دەست لە کار کێشانەوەکان و لێژنە تازەکانیشمان بۆ جەنابت ناردووە.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف / سکرتێری پەرلەمان:**

ئەوەی کە من دوێنێ بێگەردخان داوام لێکردی وتم ئەندامانی پەرلەمان لە دوو لیژنە زیاتر ئەبن ، بۆیە پێش ئەوەی کە من تەسویتی بۆ بکەم ، بیخەینە بەرنامەی کارەوە ، تەسویتی بۆ بکرێ مەفروزە دەست لە کار کێشانەوەی قبوڵ بکرێ لە لیژنەیەکی ترا ، من تەنها داوا دەست لە کار کێشانەوەی ئەندامانی پەرلەمان لە بەڕێزت کردووە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دیاره لێك تێنەگەیشتنێك هەبووە لە نێوان هەردووكتاندا ، بەڕێز سكرتێری پەرلەمان داوای ئەوەی كردووە دەست لە كار كێشانەوەی ئەندامان بنێری لەگەڵ ئەو لیستەی كە پێشتر كە ناردووتانە بۆی تا پێكەوە بەراورد بكرێن ئەندامێك زیاتر لە دوو لیژنە ئەندامی لیژنە نەبێت.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ریعایەتی ئەم حاڵەتەمان كردووە بەپێی شوێنەكانی خۆمان و ئەندامانی خۆمان لە لێژنەكاندا ئاڵوگۆڕەكەمان كردووە تەنها دوو لیژنە كە هیچ ئەندامێكمان نەبوو تێیدا یەكێكیان لیژنەی ژنان ، بۆ ئەوی تریشیان لێژنەی مافی مرۆڤ كە شوێنیش هەیە ، لێژنەی مافی مرۆڤ (١٠) ئەندامن ، ئێمە حەقی ئەوەمان هەیە ئەندامێك بنێرینە ئەوێ ببێ بە (١١) ، لیژنەی ژنانیش هیچ كێشەیەكی لەو بابەتەی نییە ، هەموو شتەكانیش بە ڕێكارە یاساییەكان ئیمڕۆ ناردوومانەتە لای بەڕێز سكرتێری پەرلەمان لە (١٠:٣٠) كاتژمێر.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەبوو ئەمە زووتر بگاتە دەست سكرتێری پەرلەمان بۆ ئەوەی باشتر ڕێك بخرێ ، تكایە فراكسیۆنی سەوز ئەو نووسراوەی خۆتان بگەیەننە دەست سكرتێر بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەندامانی پەرلەمان لە فراكسیۆنی سەوز دابەشكردنی بە سەر لیژنەكاندا تا ئەوە ڕێك نەخرێ ناخوێنینەوە، ئەندامانی پەرلەمان لە فراكسیۆنەكانی تر بەم شێوەیەی خوارەوە داوادەكەن:

١- ایدن معروف داوا دەكات بۆ (لێژنەی مافەكانی مرۆڤ).

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەوەیە كە بەڕێز ( ایدن معروف ) بچێتە لیژنەی مافەكانی مرۆڤ؟ با دەست بەرزبكاتەوە ، (٧٦) كەس لەگەڵیەتی ، كێ لەگەڵی نییە؟ كەس نییە لەگەڵی نەبێ كەواتە پەسەندكرا.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف / سكرتێری پەرلەمان :**

٢- شكریە اسماعیل بۆ ( لێژنەی كاروباری پەرلەمان ).

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەوەیە خاتوو ( شكریە اسماعیل ) بچێتە لیژنەی كاروباری پەرلەمان؟ با دەست بەرزكاتەوە ، (٧٧) كەس لەگەڵیەتی ، كێ لەگەڵی نییە؟ كەس نییە لەگەڵی نەبێ ، كەواتە پەسەندكرا.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف / سکرتێری پەرلەمان :**

٣- بە ڕێز ( یراونت نیسان مارکۆس ) بۆ لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە بەڕێز ( یروانت نیسان ) بچێتە لێژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان؟ بادەست بەرزکاتەوە ، (٧٥) کەس لەگەڵیەتی ، کێ لەگەڵ نییە؟ کەس نییە لەگەڵی نەبێ ، کەواتە پەسەندکرا.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف / سکرتێری پەرلەمان :**

بەڕێز ( بەهزاد دەروێش) بۆ هەردوو لێژنەی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن ، لێژنەی ئاسەوار و خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە بەڕێز (بەهزاد دەروێش) بچێتە لێژنەی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، کێ لە گەڵیەتی؟ (٦٩) کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ کەس نییە لەگەڵی نەبێ کەواتە پەسەندکرا، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بەڕێز (بەهزاد دەروێش) بچێتە لێژنەی ئاسەوار و خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار؟ با دەست بەرزبکاتەوە، (٧٤) کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ کەس نییە لەگەڵی نەبێ، کەواتە پەسەندکرا.

**بەرێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتیری پەرلەمان:**

بەرێز عمرصالح بۆ لیژنەی کاروباری کومەڵایەتی و منداڵ و خێزان.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لە گەڵ ئەوەیە کە بەرێز عمر صالح بچێتە لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان؟ با دەست بەرز بکاتەوە، فەرمووو کاك ابوبکر.

**بەرێز ابوبکر عمر (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەرێز سەروکی پەرلەمان.**

ئەبوایە دەست لە کار کێشانەکانیش قبول بکرێت ئینجا ئەمانە ئیزافە بکرێ، چونکە هەندێکی ئاڵوگۆڕە.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست لە کارکێشان پێویستی بە قبول کردنی پەرلەمان نییە، تەنها چوونی ئەندامان بۆ لیژنەکان پێویستی بە دەنگدانی ناو پەرلەمانە.

**بەرێز ابوبکر عمر (ابوبکر هەڵەدنی):**

هەندێکی ئالۆگۆرە.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشه یەعنی ئێستا ئەوا ئالوگۆڕە، ئەندامێکی دەستی لە کار کێشاتەوە لەو لیژنەیە، سکرتێری پەرلەمان بە دووا داچوونی بۆ ئەو پرسەیەی کردووە، ژمارەی ئەندامان زیاد نەبووە لە لیژنەکان، ئالۆگۆڕییان پێ کراوە، ئیستیقال ناخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ دەنگدان لە سەری، مایکەکە داگیرسێنە تکایە.

**بەڕێز امنە ذکری سعید:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

پێدڤی یە ناڤێن وان ژی بهێنە خاندن بۆ ئالۆگۆڕیێ، راستە ناچێتە دەنگدانێ بەس دڤێت ل پروتوکولێ بهێتە تەسبیت کرن، بۆ تەسبیت بوونا پرۆتۆکۆلان دڤێت ناڤێت وان بهێتە خاندن، فلان کەسی دەست ژ کار بەردا، فلان کەس دێ چێتە جهێ وی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی بە پەیرەو پێویست بەوە ناکات کە ئیستیقالەی ئەندامانی پەرلەمان و لیژنە هەمیشەیی یەکان بێتە ناو دانیشتنی پەرلەمان، بەڵام ئەکرێت دوایی ئەوە ئاراستەی هەموو ئەندامان بکرێت کە کێ لە لیژنەکانی پەرلەمان ئیستیقالەی کردووە، ئێستا کێ لە گەڵ ئەوەیە کە بەڕێز عمر صالح ببێت بە ئەندام لە لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی ومنداڵ و خێزان، کێ لە گەڵێیەتی با دەست بەرز بکاتەوە؟ ٧١ کەس لە گەڵێیەتی، کێ لە گەڵی نییە؟ کەس نییە لە گەڵی نەبێ، کەواتە پەسەند کرا.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان :**

بەڕێز سهام عمر بۆ لیژنەی کاروباری پەرلەمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لە گەڵ ئەوەیە کە خاتوو سهام عمر بچێتە لیژنەی کاروباری پەرلەمان؟ با دەست بەرز بکاتەوە، نوقتەی نیزامی هەیە؟ بەڵێ خاتوو کەژاڵ فەرموو.

**بەڕێز کەژاڵ هادی فقێ:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

من کەژاڵ هادی دەمەوێ بچم بۆ لیژنەی کاروباری پەرلەمان، ئەوە داواکاریم نووسی بەس نەمتوانی بە دەستتان بگەیەنم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی خاتوو سهام ناچێتە ئەوێ؟

**بەڕێز کەژاڵ هادی فقێ:**

خاتوو سهام ناچێت، لە بری ئەو من دەچم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەبوو زووتر سكرتێری پەرلەمان لەمە ئاگادار بكات، تۆ داوات كردووە بچێتە لیژنەی كاروباری تەندروستی و ژینگە، تكایە نووسراوێك بێنە، با یەكێكی تریان بخەینە دەنگدانەوە، بەرێز كاك كنعان نجم الدین، كێ لە گەڵ ئەوەیە كنعان نجم الدین بچیتە لیژنـەی پەیوندییـەكان و كاروبـاری رەوەنـدی كوردسـتانی؟ بـا دەسـت بەرز بكاتەوە، كێ لە گەڵێیەتی؟ (٧٤)كەس لـە گەڵێیـەتی، كـێ لـە گـەڵی نییـە؟ یـەك كـەس لـە گـەڵی نییـە، كەواتە پەسەند كرا.

**بەرێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان :**

بەهار عبدالرحمن بۆ لیژنەی كاروباری كۆمەڵگای مەدەنی.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لە گەڵ ئەوەیە كە خاتوو بەهار عبدالرحمن بچیتە لیژنەی كاروباری كۆمـەڵگای مـەدەنی؟ ٦٧ كـەس لـە گەڵێیەتی، كێ لە گەڵی نییە؟ كەس نییە لە گەڵی نەبێ، كەواتە پەسەند كرا.

**بەرێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان :**

بەرێز شامۆ شێخۆ نعمۆ بو لیژنەی ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لە گەڵ ئەوەیە كە بەرێز شامۆ شێخۆ نعمۆ بچێتە لیژنەی ناوچـەی كوردسـتانییەكانی دەرەوەی هـەرێم كە بێ سەرۆكە تا ئێستا، ٧٣ كەس لـە گەڵێیـەتی، كـێ لـە گـەڵی نییـە؟ كـەس نییـە لـە گـەڵی نـەبێ، كەواتـە پەسەند كرا، كێ لە گەڵ ئەوەیە كە خـاتوو كـەژاڵ هـادی بێتـە ئەنـدام لـە لیژنـەی كاروبـاری پەرلـەمان؟ بـا دەست بەرز بكاتەوە، ٧٤ كەس لە گەڵێیەتی، كێ لە گەڵی نییە؟ كەس نییە لە گەڵی نـەبێ، كەواتـە پەسـەند كرا، فراكسیۆنی سەوز یادداشتەكان نەهێنا، بەڵێ، فەرموو.

**بەرێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەرێز سەروكی پەرلەمان.**

داوا دەكەم بەرێز سكرتیری پەرلەمان داوا لە نووسینگەكەی خۆی كا، چونكە ئێستا چوومە نووسـینگەكەی بۆیان هێناوی، لە لای خۆتە.

**بەرێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتیری پەرلەمان:**

بەرێز بێگەرد خان، ئەوەی كە بەرنامەكەتان تێكدا وەكو یەكەم جار چۆن بەرنامـەی، یـەعنی بەرنامـەی لیستەكەی لای من ناو دووبارە بووە، وەكو چۆن یەكەم جار لیژنەكانمان تەشكیل كرد نـاو سـێ بـارە بـووە و نـاو ئیزافـە بـووە لـە نـاو لیژنەكانـدا بـە داخـەوە، ئێسـتا جارێكی تـر وای لێهاتـەوە، مـن ٢٠ دەقیقـە پـێش كۆبوونەوەی ئاسایی داوام لێكردی تەلەفونم بـۆ كـردی، بـەس مـن ئـەوەی ئەمـەوێ لـە بـەرێزت ئەوەیـە كـە

دەست لە کار کێشانی ئەندامەکانم بدەرێ بۆ ئەوەی ڕێکارە یاساییەکان وەکو خۆی بێت کە بتوانین ئێمە کاری لە سەر کەین لە سەر کیتابەکەی ئێوە، لە سەر ئەو نووسراوە کە بە رەسمی لە ٢١ مانگ کە بم خویندوتەوە بابەتەکم دارشتۆتەوە، لیژنەکان جارێکی تر بەو شێوەیە کلێشە کردۆتەوە داریشتوتەوە، بۆیە کە ٢٠ بۆ ١١ نووسینەکان هاتووتە لای من، من تەنها ئیشم لە سەر دەست لە کار کێشانەوە کردووە نەك لە سەر دارشتنەکانی ئەندامەکانی پەرلەمان، ئاساییە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان فەرمانتان بە چییە، ئەوا ئەکەن؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ فەرموو بێگەرد خان.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

ئێمە ئیزافەمان بۆ هیچ لیژنەیەکی زیاد نەکردووە جگە لە دوو لیژنە، تەنها هەڤاڵەکانی خۆمان، برادەرانی فراکسیۆنی سەوزمان تەوزیع کردووەتەوە لە بەینی خۆمان لەو لیژنانەی کە بۆ خۆمان لێی بووین، هیچ زیادەیەکمان نەکردووە ئەوە یەك، دوایی ئەوە ئەمڕۆ بەر لە دانیشتنی پەرلەمان، ئێمە بە فەرمی هەموو دەست لە کارکێشانەوەی ناردۆتە لای بەڕێز سکرتێر لە سەر داوای خۆی، کە قسەمان لە گەڵی کردووە سەعات (١٠/٣٠ ) لە دوای تەلەفۆنەکەی خۆی بۆمان ناردووی، ئێستا چوومە نووسینگەکەی گوتیان بردمانە بەر دەستی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتیری پەرلەمان:**

بەس دەست لە کار کێشانەوە داواتانە، و بەڕێزیشت ئاماژەت بەوە نەداوە کە دووبارە ناوەکان تەوزیع ئەکەیتەوە، بەس وتت دەست لە کار کێشانەوە بەڕێز بێگەرد خان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەگەر نووسراوەکەتان لایە، نووسراوەکەتان بخەنە بەر دەست بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانی پەرلەمانەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتیری پەرلەمان:**

نووسراوەکانی ئاراستە کردووە، بێگەرد دڵشاد داوا ئەکات دەست لە کار بکێشێتەوە لە لیژنەی پەروەردەو خوینەوەی باڵا و بچیتە لیژنەی کاروباری پەرلەمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لە گەڵ ئەوەیە کە خاتوو بێگەرد بچێتە لیژنەی ئاسەواری خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و گەشت و گوزار، کێ لە گەڵ ئەوەیە؟ با دەست بەرز بکات، کێ لە گەڵێیەتی؟(٦٩) کەس لە گەڵێیەتی، کێ لە گەڵی نییە؟ کەس نییە لە گەڵی نەبێ، کەواتە پەسەند کرا، کێ لە گەڵ ئەوەیە کە بەڕێز غریب مصطفی حمە خان بچیتە لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی با دەست بەرز بکاتەوە، کێ لە گەڵێیەتی با دەست بەرز

**بکاتەوە؟ (٦٨) کەس لە گەڵێیەتی، کێ لە گەڵی نییە؟ کەس نییە لە گەڵی نەبێ، کەواتە پەسەند کرا، کێ لە گەڵ ئەوەیە کە خاتوو بێگەرد دڵشاد بچیتە لیژنەی کاروباری پەرلەمان؟ (٧١) کەس لە گەڵێیەتی، کێ لە گەڵی نییە؟ کەس نییە لە گەڵی نەبێ، کەواتە پەسەند کرا.**

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتیری پەرلەمان :**

**بەڕێز دلێر مصطفی داوا دەکات بۆ لیژنەی کاروباری پەرلەمان.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لە گەڵ ئەوەیە کە بەڕێز دلێر مصطفی بچێتە لیژنەی کاروباری پەرلەمان؟ (٧٢) کەس لە گەڵێیەتی، کێ لە گەڵی نییە؟ دوو کەس لە گەڵی نییە، کەواتە پەسەند کرا.**

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتیری پەرلەمان :**

**بەڕێز، نووسراوە بۆ لیژنەی ئاوەدانکردنەوە، بەڵام ناوی ئەندام پەرلەمانەکەی تێدا نییە، بەڕێز گۆران ئازاد بۆ لیژنەی دەستپاکی.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لە گەڵ ئەوەیە کە بەڕێز گۆران ئازاد بچیتە لیژنەی دەستپاکی پەرلەمانی کوردستان؟ (٦٣) کەس لە گەڵێیەتی، کێ لە گەڵی نییە؟ کەس نییە لە گەڵی نەبێ، کەواتە پەسەند کرا.**

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتیری پەرلەمان :**

**بەڕێز مریم صمد بۆ لیژنەی ژنان.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لە گەڵ ئەوەیە کە خاتوو مریم صمد بچیتە لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان؟ (٧١) کەس لە گەڵێیەتی، کێ لە گەڵی نییە؟ کەس نییە لە گەڵی نەبێ، کەواتە پەسەند کرا.**

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتیری پەرلەمان :**

**بەڕێز عباس فتاح بۆ لیژنەی شارەوانی.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لە گەڵ ئەوەیە کە بەڕێز عباس فتاح بچێتە لیژنەی ئاسەواری شارەوانی و گەشت و گوزار و گەیاندن؟ ٦٩ کەس لە گەڵێیەتی، کێ لە گەڵی نییە؟ کەس نییە لە گەڵی نەبێ، کەواتە پەسەند کرا.**

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتیری پەرلەمان :**

**بەڕێز سەرکەوت سەرحەد خلیفە بۆ لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خوجێیەکان.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لە گەڵ ئەوەیە کە سەرکەوت سەرحەد خلیفە بچێتە لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجۆمەنە خوجێیەکان؟ ٦٨ کەس لە گەڵێیەتی، کێ لە گەڵی نییە؟ کەس نییە لە گەڵی نەبێ، کەواتە پەسەند کرا.**

**بەرێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان :**

بەرێز فەرهاد سەنگاوی داوا ئەكات بچێتە لیژنەی كشتۆكاڵ.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لە گەڵ ئەوەیە كە بەرێز فرهاد سەنگاوی بچێتە لیژنەی كشۆكاڵ و ئاودێری؟(٦٨) كەس لە گەڵێیەتی، كێ لە گەڵی نییە؟ یەك كەس لە گەڵی نییە، كەواتە پەسەند كرا.

**بەرێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان :**

بەرێز سعید مەسیفی بۆ لیژنەی مافەكانی مرۆڤ.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لە گەڵ ئەوەیە كە بەرێز سعید مەسیفی بچێتە لیژنەی مافەكانی مرۆڤی پەرلەمانی كوردستان؟ (٦٨) كەس لە گەڵێیەتی، كێ لە گەڵێ نییە؟ دوو كەس لە گەڵی نییە، كەواتە پەسەند كرا.

**بەرێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتیری پەرلەمان :**

بەرێز رێواز فائق بۆ لیژنەی پەروەردە و خویندنی باڵا.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لە گەڵ ئەوەیە كە بەرێز دكتۆرە رێواز بچێتە لیژنەی پەروەردە و خویندنی باڵا؟ (٧٤) كەس لە گەڵێیەتی، كێ لە گەڵی نییە؟ یەك كەس لە گەڵی نییە، كەواتە پەسەند كرا.

**بەرێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان :**

بەرێز صالح فقێ محمد داوا دەكات بۆ لیژنەی ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لە گەڵ ئەوەیە بەرێز صالح فقێ بچێتە لیژنەی ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم؟ ٧٣ كەس لە گەڵێیەتی، كێ لە گەڵی نییە؟ كەس نییە لە گەڵێ نەبێ؟، كەواتە پەسەند كرا.

**بەرێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتیری پەرلەمان :**

و ئاخیر وەرەقە بریتی یە لەو وەرەقەی جارێكی تر بۆی ناردم بێگەرد خان، ئەوە بوو كە یەكەم جار خویندمەوە، هەر لە گەڵ ئەوانە بووم، لە گەڵ رێزمان.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەرێز سكرتێری پەرلەمان، هەموو ئەو دەست لە كار لە كێشانەوانەی ئەندامانی پەرلەمانیش نووسراوە ئاراستەی لیژنە پەیوندیدارەكانی ئەكەین، خاتوو امنە ذكری فەرموو.

**بەرێز امنە ذكری سعید:**

**بەرێز سەروكی پەرلەمان.**

داخازییەکا دیتر ژی هەبوو یا بەڕێز شێخ شامو بۆ لیژنەیەکا دیتر یا بەر دەستێ هەوە نڤیسی، بۆ لیژنا پەیوەندییا رەڤەندا کوردی.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتیری پەرلەمان :**

ببوورە، امنە خان کەی گەیشتووتە لای من؟ تەصوتمان بۆ کرد (٧٣) دەنگی هێناوە، شێخ شامۆ بۆ لیژنە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، من خۆم بەس یەك داواکاریم نووسی بۆ ئەم لیژنە، داواکاری دووەمم لای نییە، ئێستا هاتووە؟ ...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خاتوو امنە ذکری پێویست دەکات ئەو داواکارییە پێشتر پێشکەش بکەیت، بۆ ئەوەی سەرنجی ئەوە بدرێت ژمارەی یاسایی ئەندامانی ئەو لیژنەیە زیاتر نەبێت لە رادە یاساییەکەی خۆی، بۆیە دەکرێت داواکاریەکەتان ئاراستەی سکرتێری پەرلەمان بکەن، بۆ ئەوەی بەدواداچوونی بۆ بکات و لەوە بڕوانێت کە ژمارەی ئەندامانی پەیوەندییەکان و رەوەندی کوردستانی چەندن و دەکرێت ئەندامی تری بۆ ئیزافە بکرێت، یان نا؟

**بەڕێز امنە ذکري سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامێ د لیژنێ دیڤ ئەوە وەکو ژمارە پرۆتۆکۆلی وەرگرتیە لیژنا هەمیشەیی (٩) کەسن ئەندامەکی دیتر زێدە بوو بۆ ئەڤە (١٠) کەس، یەعنی مەجال هەی ئەندامەکی دی زێدە بیتن ب نڤیسین ژی هەناردیە بۆ هەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ببوورن، یەك کەس ئیزافە کراوە بۆ لیژنەی ئەمڕۆ.

**بەڕێز امنە ذکري سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەلێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری رەوەندی کوردستانی.

**بەڕێز امنە ذکري سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەلێ، یەعنی مەجال هەی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفيق معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ، پێش تەئكيدات، حەزم كرد بەڕێز پەرلەمانتار پەروا خان حەز دەكات تەئكيد بكاتەوە، كاتی خۆی كە ليژنەی پەيوەندييەكان و كاروباری رەوەندی كوردستانی دروست كرا، پەرلەمانتاری ئێمە بەڕێز پەروا خان لە ليژنەی كاروباری رۆشنبيری ئيستيقالەی دا بوو بە ئەندام لە ليژنەی پەيوەندييەكان و كاروباری رەوەندی كوردستانی و پێشتريش ئەندامە لە ليژنەی كۆمەڵگەی مەدەنی دەيەوێت تەئكيد بكاتەوە، كە ئەو بابەتە بەو شێوەيە لەلای ئێوەيە، يان نا؟

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لە پەرلەمانی كوردستان دەنگی لەسەر درا؟

**بەڕێز رابوون توفيق معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ، لە رۆژی خۆی دەنگی لەسەر درا، بەڵام حەز دەكات تەئكيد بكاتەوە، كە ئێستا ئەو ئەندامە لە هەردوو ليژنەی پەيوەندييەكان و كاروباری رەوەندی كوردستانی و لەگەڵ ليژنەی كاروباری كۆمەڵگەی مەدەنی.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو پەروا فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، لەكاتی خۆيدا دەست لە كاركێشانەوەكە دەنگی لەسەر درا، بەڵام بۆ ئيزافە كردن بۆ ئەو ليژنە نوێيە دەنگدانی لەسەر نەكرا، ويستم دڵنيا بكرێمەوە كە پێويستە دەنگدانی لەسەر بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خۆی ئەسڵەن ئيستيقالە دەنگدانی لەسەر ناكرێت لە پەرلەمان.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نا، نا، كاتی خۆی يەعنی ئيستيقالەكەم ماوە، بەڵام ئێستا ناوم يەعنی نەخوێندرايەوە كە لە ليژنەيەكی نوێدا ناوم نووسراوە.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

داوات كردووە؟

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ، پێشتر لە ڕێگای کاك رابوونەوە داوا کرا بوو، ئێستا داواکارییەکە پێشکەش دەکەمەوە، بەلآم خۆی بەو شێوەیە بوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، کەواتە داواکارییەکان پێشکەش بکەنەوەو، ئەوە ژمارەی یاسایی ئەو لیژنەیە زیاتر دەبێت، ئێستا دوو داواکاری هەیە بۆ ئەوە، بۆیە پێویست دەکات ئەوە ساغ بکەینەوە.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە دەکەوێتە دانیشتنێکی تر، چونکە ئێستا داواکارییەکە لەبەر دەستی دەستەی سەرۆکایەتی و بەڕێز سکرتێری پەرلەمانن، دەچینە خاڵی پێنجەم لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان کە بریتییە لە خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەو پرۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو:

١- پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتی دەستپاکی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ,٢٠١١

٢- پرۆژە یاسای پەروەردە لە هەرێمی کوردستان.

٣- پرۆژە یاسای ڕێکخستنی مافی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان.

با سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی بفەرموون بۆ خوێندنەوەی یەکەمی ئەو پرۆژە یاسایانە.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی پرۆژە بڕیاری هەموار کردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان خرایە دەنگدان بۆ خوێندنەوەی یەکەم، پێویستە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت، بۆیە یەکەم خوێندنەوە بۆ ئەو پرۆژە بڕیارە دەکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر راستە، فەرموون.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە بڕیار بۆ هەموار کردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لە (٣) مادده پێك دێتن بەبێ دیاری کردنی هۆیەکانی دەرچوواندن و، لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، کە ئەمە ناوی بەڕێزیانە:

١- د.بەهار محمود فتاح.

٢- تەلار لطیف محمد.

٣- ابوبکر عمر عبدالله.

٤- شوان شێخ احمد.

٥- ڤەمان فیصل سلیم.

٦- لینا عزریا بەهرام.

٧- د.ڤالاّ فرید ابراهیم.

٨- نجات محمد عبدالله.

٩- د.فرست صۆفی علی.

١٠- علی حەمە صالح.

١١- برزۆ مجید عبدالله.

١٢- فرحان جوهر قادر.

١٣- محمد صادق سعید.

داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەو پرۆژە بڕیارە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پرۆژە بڕیارە ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان و لیژنەی ئاسەوار و.....، بەڵێ دکتۆرە بەهار.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە پرۆژە بڕیاری هەمواری پەیڕەوی ناوخۆ بوو، لیژنەی دارایی.........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دەزانم، پێویست دەکات ئاراستەی ئەو لیژنە پەیوەندیدارانەش بکرێت کە لە پرۆژە بڕیارەکە بۆ هەموار کردن هاتوون، بە هەمان شێوە ئاراستەی لیژنەی ئاسەوارو خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و گەشتوگوزارو گواستنەوەو گەیاندن دەکرێت، هەروەها لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان و گشت ئەندامانی پەرلەمان، فەرموون.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پرۆژە یاسای دووەم بریتییە لە پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی گشتی دەستپاکی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١، ئەو پرۆژە یاسایە لەلایەن دەستەی گشتی دەستپاکی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کراوە، وەکو جیهەتێکی مەعنی لە (٢٠) مادده پێکهاتووە بەبێ دیاری کردنی هۆیەکانی هەموار کردنەوەی، داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەو پرۆژە هەموارەش بۆ ئەم یاسایە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار بکەن.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەو پرۆژە یاسایە ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و لیژنەی کاروباری یاسایی و، هەروەها لیژنەی دەستپاکی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، فەرموون.**

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پرۆژە یاسای سێیەم بریتییە لە پرۆژە یاسای پەروەردە لە هەرێمی کوردستان.**

**ئەم پرۆژە یاسایە لە (٩٤) مادده پێکهاتووە لەگەڵ هۆکارەکانی دەرچوواندن، لەلایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، کە ئەمە ناوی بەڕێزیانە:**

**١- مەردان خدر مصطفی.**

**٢- بەیار طاهر سعید.**

**٣- د.عبدالله جاسم رجب.**

**٤- د.شرین حسنی رمضان.**

**٥- هیڤا حاجی میرخان.**

**٦- ئاواز حمید حسین.**

**٧- انس محمد شریف.**

**٨- ادریس علی اسلام.**

**٩- د.سراج احمد حمدامین.**

**١٠- بشار مشیر اسماعیل.**

**١١- تحسین اسماعیل احمد.**

**١٢- ناظم کبیر محمد.**

**١٣- د.ڤالآ فرید ابراهیم.**

**١٤- شوان شێخ احمد.**

**١٥- فیروز طه عبدالخالق.**

**١٦- د.ابراهیم احمد سمۆ.**

داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی پەرلەمان و گشت ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، فەرموون.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای چوارەم بریتییە لە پرۆژە یاسای رێکخستنی مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

ئەم پرۆژە یاسایە لە (١٢) مادده پێکهاتووە لەگەڵ هۆکارەکانی دەرچوواندن، لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، کە ئەمە ناوەکانیانە:

١- د.بەهار محمود فتاح ٢- د.ڤالا فرید ابراهیم ٣- ماجد عثمان توفیق ٤- محمد سعدالدین انور.

٥- جودت جرجیس لطیف ٦- یروانت نیسان مارکۆس. ٧- کمال یلدا مرقوز. ٨- منی نبی نادر.

٩- سالار محمود مراد. ١٠- ئومێد حەمە علی. ١١- قارەمان قادر فتاح. ١٢- بیستون فائق محمد.

١٣- د.جوان اسماعیل عزیز.

داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی پەرلەمان و لیژنەی مافەکانی مرۆڤ و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، فەرموون.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە کۆی ئەو پرۆژە یاسایانە بوو کە دانرا بوون لە بەرنامەی کار بۆ خوێندنەوەی یەکەمیان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی، دەتوانن بچنەوە شوێنی خۆیان، ئێستا بۆ ماوەی یەك کاتژمێر دانیشتنەکەمان هەڵدەگرین، دوایی دەست دەکەینەوە بە برگەکانی تری بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان، زۆر سوپاس، فەرموون.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان.**

کۆبوونەوەکەمان دەست پێ دەکەین، خولی چوارەمی هەڵبژاردنی ساڵی یەکەمە دانیشتنی ژمارە دوو، رۆژی دانیشتن ٢٠١٤/٩/٢٣، کۆبوونەوەی دووەم، لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان دوو بڕگەمان ماوە، بڕگەی شەشەم دروستکردنی لیژنەی تایبەتمەندی پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە پاڵاوتنی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران، بەپێی بەندی یەك لە بڕگەی یەکەمی ماددەی پێنجەم لە یاسای کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی ژمارە چواری ساڵی ٢٠١٤، ئێمە یاداشتێکمان لەبەر دەست دایە، کە (٥) فراکسیۆن واژوویان لەسەر کردووە، لەو یاداشتەدا فراکسیۆنەکانی پارتی، گۆڕان، یەکیەتی، یەکگرتوو، کۆمەل، داوای ئەوە دەکەن کە ئەم (٨) کەسە ببن بە ئەندام لە لیژنەی تایبەتمەندی پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە پاڵاوتنی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران، کە بریتین لە (ئومێد عبدالرحمن حسن- رابوون تۆفیق معروف- بێگەرد دڵشاد شکراللە- ابوبکر عمر عبداللە- حسێن اسماعیل حسێن- مامۆستا مروان گەلاڵەیی- ڤالا فرید- بهار محمود فتاح- گۆران ئازاد) داوایان کردووە کە ئەم هەشت بەڕێزە ببن بە ئەندامی ئەم لیژنە تایبەتمەندەی، کە تایبەتمەند دەبێ بە پاڵاوتنی ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمسیاران بەپێێ بەندی یەك، لە بڕگەی یەکەمی ماددەی پێشوو لە یاسای کۆمسیارانی هەڵبژاردنەکان، لە هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەوە دەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو لیژنەیە پێك بێت لەو (٨) ناوەی کە خوێندمانەوە، ٦١ کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ (٨) کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند کرا، ئەو لیژنەیە دروستکرا، دکتۆر شوان قسەی هەبوو لەگەڵ کاك ابوکاروان و دکتۆر سرود، فەرمو دکتۆر شوان.

**بەڕێز د. شوان شیخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گرینگ ئەوەنییە بڵێین ئێمە مەطالبمان هەبێ، داواکاریمان هەبێ، بەلام هەر بۆئەوەی دەڵێن ئەمە خولە جیاوازی لەگەڵ خولەکانی پێشوو هەیە، یەعنی هەموو شتێك بەڕاستی بە ئیتفاقیە پێی دەڵێن ژووری تاریك، پێشتر ئەو پێناسەیەی بۆ دەکرا، هەموو شتێك لەوێ یەك لای نەکرێتەوە، هەروەکو ڕاوێژیش بووایە تورکمان، مەسیحییەکان، ئەوانەی کە یەك کورسیان هەیە لە پەرلەمانی کوردستان بانگهێشت کرابان، یەعنی ئێستا ئەوە فەرقی چییە ، کاتی خۆی گلەیی لە یەکیەتی و پارتی دەکرا لەناوخۆیانا هەموو بەشە خێرەکە بەش دەکەن، بەبێ ئەوەی کەوا هیچ ڕاوێژی خەڵکی تر وەربگرن، ئەوەی کە ناوەکان خوێندراوە هەمووی سەرۆك فراکسیۆنەکانن، خۆیان پێکهاتوون و ئەوانی تر هەمووی زەربی سفر کراون، بەڕاستی ئەوە نە تەوافوقە، نە موشارەکەی حەقیقییە، نەحیساب کردنە بۆ لیستەکانی تر.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابوکاروان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابوکاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەگەر بەو ئاراستەیە کار دەکرێ، لە هەموو جوومگەکان، لەم وڵاتە ٥() کەس کۆنترۆڵی دەکات، ئیتر باسی تەعەددودی سیاسەت و حزبایەتی نەکرێت لەم وڵاتە، ئێوە لە حکومەت خەڵکتان لادا، لە جەلسەی دانووستاندن خەڵکتان لادا، مەجلیسی ئەحزابتان دوورخستەوە، من یەك پرسیار دەکەم حەزدەکەم لێرە وەڵامم بدەنەوە، لە وەختی خۆی کە دەوترا ئەم دوو لایەنە تەوافوق دەکەن لەسەر هەموو شتێك، دژی قسە کراو زۆریش، ئایا ئەو برادەرانەی ئێستا وا رێك دەکەون لە دەرەوەی شەرعیەت، ئەوکاتە ڕاست بوون یان ئێستاکە وەڵامم بدەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سرود فەرموو.

**بەڕێز سرود سلیم فقی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئێمەوە ئەوە ئیشکالمان نییە لەسەر ئەوانە، ڕێزمان هەیە بۆ هەموویان، ئیشکالەکەمان ئەوەیە کە پرس بە ئێمە نەکرا، بە باوەڕی ئێمە لیژنەکە جوانتر دەبوو ئەگەر نوێنەری پێکهاتەکان لەناویان با، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا ماجد فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمەش وەکو نەتەوەی تورکمان بەڕاستی نیگەرانین، لەبەرئەوەی ئێمە ڕێزمان هەیە ئەو پەرلەمانتارا بەڕێزانەی لەو لیژنەیەن، دەست خۆشیانی لێ دەکەین، بەڵام دەبووایە نوێنەری تورکمانەکانیش هەبێتن لەو لیژنەیە، چونکە هەر خۆی لەخۆیدا ئەو لیژنەیە پالأوتنی ئەندامانی کۆمسیارانی ئەو ماددەیە چۆن ئێمە متمانەمان هەبێ بەو ڕاپرسیە ئەگەر نوێنەری ئێمەی تێدا نەبێ، ئەگەر لیژنەکە تورکمانێکی تێدانەبێ، برایانی مەسیحی تێدانەبێ، بەڕاستی نیگەرانین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یعقوب فەرموو.

**بەڕێز یعقوب گورگیس یاقو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی ڤیٚ گاڤیٚ ئەم لیژنە تەشکیل دەکەین، پێکهاتی تێدا نینە وەك کلد و ئاشووری و تورکمان، یەعنی مع العلم قانون زەمان کریە، پێکهاتی لە ئەو کۆمسیۆن دەبن، دیارە لیژنە ئەم هاتینە ئەقسا کرن، ئەگەر سبەی بێت کۆمسیۆن تەشکیل دەبێت، ئەم دەترسن دە جارەکا دی ئەقسای مە دێتە کرن، ئەو تشت نە مەقبولە نە یاسا بەخۆیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو پەروا فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە لیژنە بەتایبەت ئەگەر بێتو دەنگدانی تێدابیٚ، عادەتەن لیژنە تاکە، بەلاَم ئەم لیژنە جووتە ئەگەر بکرێت، یان دەبێت کەم بکرێت یان دەبیٚ زیاد بکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەم لیژنە بەپێی قانونەکە دروست کرایە، دەسەلاَت و سەلاحیەتی هیچ شتێکی نییە، دەسەلاَت و سەلاحیەت بۆ هۆڵی پەرلەمانە، تەنها لیژنەیەکە بۆ ڕێکخستنی شکلیاتی ئیش کردنەکەیە، واتە پەرلەمانی کوردستان ئەو بانگەوازە وردەی ئەو سیڤیانەی وەردەگرێت، ڕێکی دەخات بۆ فەنییات، بەلاَم لە نەتیجە ئەو لیژنەیە پابەندە بەو مەرجانەی کە زەمانی حقوقی نەتەوەکانی تری تێدایە، زەمانی ژنی تێد دەبێت لەو چوارچێوە پابەند بیٚ، لە نەتیجەش هۆڵی پەرلەمان بڕیاردەدات، لەبەرئەوەی ئەم لیژنەیە لیژنەیەکی شکلیە بۆ یاساکە ڕێکخراوە، نە بڕیار، نە قەراری تێدا نادرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لە خەمی ئەوەی کە باس دەکرێت، لەوەی هەست بەشتێك نەکرێت، پێم باشە یەك بۆئەوەی نیسابەکەش ببێتە نۆ، یەکێك لە پێکهاتەکانی تری تێدا بێت وەکو پێشنیارێك یەك لەوان دابندرێت ببێتە نۆ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها تەئکید دەکەمەوە لە قسەکانی بەڕێز گۆران ئازاد، دوێنێ خەڵکێکی زۆر پەیوەندیان پێوە کردم، غەڵەت تێگەیشتنێك دروست بووە، کە ئەوەی ئەمڕۆ دەنگمان بۆ دا کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسییە، بەڵام هەروەکو بەڕێز ئەو پەرلەمانتارا ئاماژەی بۆ پێشێلکردنی یاسا کرد، یاساکە بە وازحی زەمانی بەشداریکردنی ژنانی کردووە بە (٢) ئەندام لە نۆ، زەمانی بەشداری تورکمانەکانی کردووە، زەمانی بەشداری برا مەسیحیەکانی کردووە، زەمانی بەشداری قانونی کردووە، ئێمە مولزەمین بەوەی کە ئەو یاسایە جێبەجێ بکەین، ناتوانین یاسا پێشێڵ بکەین لە پەرلەمانی کوردستان، بەڵام ئەم کۆمسیۆنە وەکو بەڕێز پەرلەمانتار گۆران ئازاد ئاماژەی بۆ کرد تەنها پێشوازی لە سیڤیەکان دەکات و سیڤیەکە هەڵدەسەنگێنێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عباس غزالی فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەکانمان هەمووی دەبێ تاکو ئێستا عورف وابووە تاکن، بەڕەئی من هیچ لە وەزع ناگۆڕێت ئەگەر لە هەشتەوە بیکەین بە (١١)، برایانیش کە هەست دەکەن فەرامۆش کراون یان دیموکراسییەت کەم کرایتەوە دووش لەو پێکهاتانە زیاد بکرێت، هیچ لە وەزع ناگۆڕێت، ئیشەکەی لیژنەکەش ئاسانتر دەبێ، پشتگیری برایانی تورکمان و مەسحیش دەکەین کە زیاد بکرێت، هەتا ئەحزابی بچووکیش نوێنەرێکیان تێدا هەبێ زۆر باشتر دەبێتن، با (١١) کەس بێت، هیچ لە وەزع ناگۆڕێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابو کاروان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابوکاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا ئەگەر هەر لەو ڕوانگەیە لە قسەکانی برای بەڕێزم کاك رابوونەوە تەماشا بکەی، کۆمسیۆنەکەش تەواو بووە، چونکە ئێستا هەر خۆی وتی ئەوە زەمانی نەتەوەکەمان کردووە، زەمانی ئەدیانمان کردووە، یەعنی ئێستا هەموو ئەوکارانەی لێرە دەکرێت هەمووی حیلە شەرعیەو لەجێی خۆیان نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو وەحیدە فەرموو.

**بەڕێز وەحیدە یاقو هرمز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشتگیری لە ئاخافتنە کاك عباس غزالی دکەم، من تێبینیەکم هەیە ئەڤ رێکەوتنە ناڤ بەینە ئەحزابە دائیمەن (٥) حزبێت زۆرینەی، رۆژانەی ژی ئەڤ کۆبوونە دێتە کرن بێ ئاگاداریە مە، یان ئەگەر هاتە کرن ژی بەری سەعاتەك یەعنی مەسەلەن یەك شەم بێ گوتی سەعات ١٠ تلفۆن کر سەعات ١١ کۆبوونە فراکسیۆن هەیە، وەختێ دبێتە پێنج شەم و جومعەو شەمی عوتلەیە ئێکە ژمە ژی حازر نەبووە، بەری سەعاتەکە ئەز لە زاخۆ تەیارەش ژی هەبێت ئەز ناگەمە بهێمە کۆبوونە، ئەچ رێکەوتنە ئەگەر مە ژی تێدانەبن مەفروزە یەعنی ئەم ئاگادار بین، سبەی بۆ ئیعلامێ ئەز بچم پرسیارێ من بێتە کرن چ جواب دەم، ئەز بێژم وەڵلا گازی من نەکریە یان پرسیارێت من نەهاتە کرن، یەعنی ئەڤە ژی کێماسیە بۆ پەرلەمانی، ئەم حەزکەین یان هێڤیا مە ئەوە ئەڤرۆ پێش وەختێ کۆبوونە فراکسیۆنە بێتە کرن بەری رۆژەکێ مە ئاگادار بکەن بشێن حازر بین لوێرێ، دا ئەم ژی بچین دیفاعێ لەخۆ بکرین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمود فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی لە ڕایەکەی کاك عباس و کاك شوان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یروانت فەرموو..

**بەڕێز یروانت نیسان مارکوسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز تەئیدە کاك عباس و کاك شوان دکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو شکریە فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پاڵپشتی لە بۆچوونەکەی کاك عباس دەکەم، با (٢ ) ئەندامی دیکە زیاد بێ، لە بۆ ئەو دوو پێکهاتەش، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له دیف مادده پێنج و هەشت ژ پەیڕەوی ناوخۆ بەرنامەی کاری، هەر خاڵەکیش بەرنامەی کاری دڤێتن بەری کو دەنگدان سەربێتە کرنێ گفتوگۆ سەر بێتە کرنێ، کەواتە لە دیف مادده پێنجێ و شەش برگە دوو نابێت بگەرێن سەر وان، ئەو گفتوگۆکرنە وان بابەتە هاتین یەك لایی کرنێ، ژ بەر کو ئەڤی بابەتێ کۆمسیۆنێ ئان ژی ئەو لیژنەیە بێتە پێکهێنان بۆ هەڵبژاردنە سیڤیە دەنگێ وەرگرتی کۆتای هاتی، داوا دەکەین کو تۆش سەلاحیەتی خۆ بەکاربێنی ڤی دەرگەهی بگری، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیعتراز لەسەر ئەو دەنگدانە هەبوو، بۆیە من بە مافی ئەندامانی پەرلەمانی دەزانم، کە ئیعترازیان هەبێ لەسەر ئەو ناوانەی کە پێشتر پێشکەش کرا، بۆیە دەرفەتیان پێ دەدرێ کە ناڕەزایەتی خۆیان دەرببڕن، کاك فەرهاد سەنگاوی فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا منیش لەگەڵ ئەو برادەرانەم، چونکە ئەگەر ئەمە لیژنەیە بەس بۆ وەرگرتنی سیڤیەکانە، یەعنی شتێکی ئیعتیادیە، بۆچی ئەو هەموو ناڕەزاییە دروست بکرێ لەلایەن پێکهاتەکانەوە، لەلایەن پێکهاتەکانی ترەوە، کلد و ئاشوور نزیکە (٤) هەزار ساڵە لەسەر ئەم خاکەن بۆیان نەبێ یەك زەلامیان هەبێ لەناو لیژنەیەك کە هیچ موهیمیش نییە، لەبەرئەوە منیش لەگەڵ برادەرانم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کام برادەران؟ ئاخەر زۆرن لە برادەران، کاك ایدن فەرموو.

**بەڕێز ایدن معروف سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی برادەران دەکەم، کە لەو لیژنەیە دەبێت پێکهاتەی تورکمان و کلد و ئاشوریش تێدا بێ، پرسیارێکیش لێرە هەیەلە هەموو کۆمسیۆن لیژنەکان، پێکهاتەکان، مومەسیلەن نوێنەریان هەیە، لەبەرچی لەو کۆمسیۆن و لیژنەیە پێکهاتەکان نوێنەریان نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕاستی ئێمە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی هیچ تەعلیقێکمان لەسەر ئەو توێژە نییە، چونکە ئێمە ڕەئی خۆمان هەبوو پێشتر، لەسەر چۆنیەتی دانانی ئەو لیژنەیە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو بابەتە خرایە دەنگدانەوە بە دەنگدان یەك لایی کراوە، دەچینە سەر برگەی حەوتەم لە دانیشتنی ئەمڕۆمان، کە بریتیە لە دروستکردنی لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ بە جینۆسایدناساندنی تاوانەکانی دژ بە پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان بەپێی ماددەکانی(٤٧، ٤٨، ٤٩، ٥٠ ) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە یەکی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو، بەپێی ئەو ڕێکەوتنەی کە لەنێوان فراکسیۆنەکان کراوە ئەو ناوانە پێشەکەش کراون، بۆ ئەندامییەتی ئەو لیژنەیە کە بریتین لە بەڕێزان (بەیار طاهر- شامۆ

شێخۆ نعمۆ- ڤالاً فريد- جوان اسماعيل- بێستون فائق- تەلار لطيف- سالار محمود- سۆران عمر- بەهار عبدالرحمن- ايدن سليم معروف- وحيده ياقۆ)، کێ لەگەڵ ئەوەيە کە ئەو ناوانەی خوێندمانەوە ببن بە ئەندامی ليژنەی لێکۆڵينەوەو بەدواداچوون بۆ بەجينۆسايدناساندنی تاوانەکانی دژ بە پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان، کێ لەگەڵيیەتی؟ ٦٤ کەس لەگەڵيیەتی، کێ لەگەڵی نييە؟ ٣ کەس لەگەڵێ نييە، کەواتە پەسەند کرا، فەرموو دکتۆر شێرکۆ.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە خووڵی پێشووی پەرلەمانيش لە ئەرکی خۆمدا بووم، بەس ئەوەيە پەرلەمانتار نەبووم، تێبينيم هەبوو لەسەر، پەرلەمانێك شك نابەم لە عالەمدا، ئەگەر بە هەڵە نەچوو بم حەرفی ئەبجەدی ئەندامەکانی ڕيز کردبێ، دواجار پەرلەمان دەبێ فراکسيۆن دانيشێ، ئەوەی تێبينی دەکرێ لەم هۆڵە ئەو دوو کەرتەی ئەولاوە بە چ بنەمايەك ئاوا فراکسيۆنەکانيان جيان، زۆرترين ژمارەيان لەپێشەوەيە، بەڵام ئەمەی تر بە مانايەکی کوردەواری وەکو ئاردی ناو درك وايە، جا ئومێدەوارين ئەگەر بنەمايەك هەيە بۆ دانيشتنی فراکسيۆنەکان بۆمان بخەنە ڕوو، ئەگەرنا پێويستە ئەوە ڕاست بکرێتەوە، پێويستيش ناکات لەڕاستيدا لە شوێنی خۆتەوە قسە بکەی، ئومێدەوارم کە نۆبەت هات ئينجا قسە بکەی، سوپاس.

**بەڕێز فخرالدين قادر عارف / سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئێمە بۆ دابەشکردنی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر کورسييەکانی هۆڵی کۆبوونەوە، لە ماددەی ٥٢ لە پەيڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ئەو دابەش بوونەمان کرد عورف وابوو لە ٣ خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستاندا بەپێی دابەش بوونی حەرفی کوردی (ا، ب، ت) دابەشکرا بوو، بەڵام دواجار بە واژووی (٣٩) ئەندام پەرلەمان داوايان کرد دەستەی سەرۆکايەتی پەرلەمانی کوردستان، کە ئەوەی لە پەيڕەودا هاتووە، کە دەڵێت دانيشتن بەپێی حروفە ئەبجەديەکان، مەبەست پێی ئەبجەد هەوەزی زمانی عەرەبيە، بۆيە لە دەستەی سەرۆکايەتی پەرلەمانی کوردستان بڕياردرا کە بەپێی ئەو دابەشکردنی ئەبجەد هەوەزە ئەندامانی پەرلەمان بەسەر کورسيەکانی هۆڵەکە دابەش بکرێت، سەبارەت بەوەش کە بۆچی فراکسيۆنەکان بەم شێوەيە دانيشتوون، هۆکارەکەی هەر لە دەستەی سەرۆکايەتی پەرلەمان موناقەشە کرا، کە لە هۆڵی کۆبوونەوە، لەکاتی دانيشتنە ئاساييەکانی پەرلەمانی کوردستاندا دەکرێت فراکسيۆنەکان گفتوگۆيەکيان لەگەڵ يەکتر هەيە، ڕاوێژکردن و ڕاگۆڕينەوەيەکيان هەيە، بۆيە بەمشێوەيە فراکسيۆنەکان دابەش کران، ئەوە بڕياری کۆتايی بووە کە داومانە لەسەری، بەدڵنياييشەوە تەوزيعی حەرفی ئەبجەد هەوەز لەگەڵ (ا- ب- ت- ث) جياوازيان هەيە لە ڕيزبەندی حەرفەکاندا، بۆيە جياوازيان دەبێ لە ڕيزبەندی دانيشتنی ئەندامانی پەرلەمان لە ناوەکاندا.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناوم نووسی د. شێرکۆ، کاک گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە ئەو بابەتی لیژنەی لێکۆڵینەوەیە دەنگی لەسەر درا، بەڵام پێم وابوو دەبووایە ڕێ بە ئەندامان بدرێت ڕەئی خۆیان بدەن، گفتوگۆی لەسەر بکەین، بۆچی ئەم لیژنەیە دروست دەکرێت، بۆچی دروست نەکرێت، بەڵام ئۆتۆماتیکییەن خرایە دەنگدانەوە، بەڵام وەك ئەوەی پێشووش هەبوو بۆ لیژنەکەی کۆمیسیۆن دوای دەنگدان قسەی لەسەر کرا، من دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئەگەر چی دەنگدانی لەسەر کراوە، بەڵام پێم وایە پەرلەمانی کوردستان ئەو لیژنەیەی کە زەرور بوو دروستی بکات بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ لیژنەی لێکۆڵینەوە بوو، لە دۆخی شەنگال، تەحقیق کە بە نووسراوی رەسمیش لە ٢٦ی مانگ ئاراستەی بەڕێزتانم کرد، کە ئەمە خودی ئیشی سەرۆکایەتی پەرلەمانە، ئێمە و ئەو سەرۆکایەتییە ئەم لیژنەیەی دروست نەکرد، بەڵام هاتووە لیژنەیەکی تر دروست دەکات بۆ کۆکردنەوەی دۆکیومێنت، کە بەس ئەمە ئیشی پەرلەمان و پەرلەمانتار نییە، من قانونیم، بەڵام دۆکیومێنت کۆکردنەوەو دۆکیومێنتار کردنی هەر تاوانێك ئیشێکی ئیختساسی سرفە و، پەیوەندە بە دەسەڵاتی جێبەجێ کردنەوە، ئەو لیژنەیەی حکومەت دەکرا ئێمە موتابەعەو موراقەبەی بکەین، یەعنی ئێمە لیژنەی لێکۆڵینەوە دروست ناکەین، بەڵام لیژنەیەك دروست دەکەین کە پێم وایە ئیشی ئێمە نییە، تێیدا سەرکەوتوو نابین و، ئەگەر ئەو لیژنەیەش ئیش بکات، لیژنەی جینۆساید و پێشمەرگە هەبوو لە پەرلەمانی کوردستان، دەیتوانی بۆ تەوسیق بکرێ، سێ لە دونیادا من نەمبیستووە لە مەنتیقەیەك شەڕ هەیە، تا ئێستا شەنگال و ئەو مەنتیقانەی بابڵێین ئەو تاوانانەی تێدا ئەنجامدراوە ڕزگار نەکراوە، تۆ چۆن لە مەنتیقەیەك شەڕ هەیە جارێ قسە لەسەر وردەکاری و دۆکیومێنتاریانە دەکەی، لەبەرئەوە بەڕاستی لەلای من ئەمە یەعنی نازانم بۆ دوورخستنەوەی مەبەستی لیژنەی لێکۆڵینەوەکە بوو، یان بۆ جوان کردنی شتێك بوو، ئەگەرنا نە لەڕووی قانونییەوە، نە لەڕووی ئیختساسەوە دەبووایە لیژنەی لێکۆڵینەوە دروست بکرێت، ئەگەر لیژنەی لێکۆڵینەوە بە هەر سەبەبێك دروست نەکرا، چاوەڕێی لیژنەکەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمان دەکرد، ئەم لیژنەیە پێم وابوو پەرلەمانی کوردستان نەدەبووایە دەستی بۆ ببات، کەمکردنەوەش بوو لە شەئنی لیژنەی پێشمەرگەو شەهیدان لە پەرلەمانی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دروستکردنی ئەم لیژنەیە یەکێك بوو لە راسپاردەکانی، کە لە دانیشتنی نا ئاسایی پەرلەمان دەنگی لەسەر درا، لە دانیشتنی نا ئاسایی پەرلەمان سەبارەت بەو ڕووداوانەی کە لە شنگال روویاندا، ئەندامانی پەرلەمان دەنگیان لەسەر ئەوەدا کە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ ئەم مەبەستە دروست بکرێت و بخرێتە ناو بەرنامەی کارەوە، گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەر سەبارەت بە پێكهێنانی ئەو لیژنەیە، ناچمەوە سەر ئەوەی كە پێویست بوو ئێمە لە پەرلەمان ئەوە دروست بكەین، تازە بڕیاری لەسەر درا و منیش خۆم یەكێكم لەوانەی كە دەنگم داوەتێ، بەڵام ئێمە ئەنجام گرنگە بۆمان، ئەویش كۆكردنەوەی دۆكێومێنت و حەقیقەتی ئەو كارەسات و ئەو تاوانانەیە كە لە شنگال روویداوە، بۆیە من پێم وانییە كە لیژنەی پەرلەمان، ئەگەر ئیستیعانە بە خەڵكی موختەص بە لیجانی تەحقیقی موختەص نەكات، بتوانێ سەركەوتوو بێت لە كۆكردنەوەی ئەو دۆكیۆمێنتانەدا، بۆیە من پێم باشە پەرلەمان موفاتەحەی ئەنجومەنی دادوەری بكات كە هاوكار و پشتیوان بێت لە دروستكردنی هەماهەنگییەك لە نێوان ئەنجومە نی دادوەری، كەواتە پێكهێنانی تیمێكی موحەقیق عەدلیەكان لەگەڵ لیژنە پەرلەمانیەكان و، مەرج بێت لە لایەن پەرلەمانەوە كە خەڵكانی كوردی ئێزیدی لەو لێژنانەدا هەبن و خەڵكی موختەص لە هەموو شارەكاندا لەو لیژنانەدا هەبن بۆ كۆكردنەوەی ئەو دۆكیۆمێنتانە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەكانی كاك گۆران دەكەم، بەڕاستی بە نیسبەت هەڵەبجەوە، ئەگەر بێینەوە سەر هەڵەبجە، كارەساتی هەڵەبجە بە جینۆساید ناسێندرا، سەرەتا مەحكەمەی دادگای باڵای تاوانەكان پێكهێندران، كۆمەڵێك مودەعی عام و موحامیان دانا، خەڵكیان دۆزیەوە و شوهودیان پەیدا كرد، لە مەحكەمە بڕیاردرا كە ئەمە جینوسایدە و دواتر هاتە پەرلەمانی عیراق و، لە پەرلەمانی عیراق پەسندكرا، بە ڕەئی من دەبوایە لە ڕێگای دادگاوە ئەو مەسەلەیە یەكلایی بكرێتەوە و دوای ئەوەش كە شەڕەكە كۆتایی هات، بۆیە من پشتگیری گۆران ئازاد دەكەم كە دەبوایە بەو شێوەیە بایە، سەبارەت بە ئەو بابەتەی كە سەبارەت بە دانیشتنی ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە هەست دەكەین بلۆكێك بۆ لیستی سەوز دیاری كراوە، بلۆكێك بۆ لیستی زەرد دیاری كراوە، بەڵام ئەمەی ئێمە هەروەكو جاران تێكەڵكراوین لێرە، ئێمەش ڕاوێژمان هەیە و كارمان هەیە، بتوانین هەندێ راوێژ لە بەینی خۆمان بكەین، ئەوەی كە زیاتر سەرنجی ئێمەی راكێشاوە لیستی زەرد سێ كەس لە پێشەوەیە، سەوز بە هەمان شێوە سێ كەس لە پێشەوەیە، نازانم بۆ تەنها ئێمە كە دووەم فراكسیۆنین یەك كەسمان لە پێشەوەیە؟، ئەمە جۆرێك نا عەدالەتی تێدایە، ئێمە هیواداریین جەنابی سكرتیری پەرلەمان، ئەگەر بە حروفی ئەبجەدیش بێت، بلۆكێك حروفی ئەبجەدی بێت، یان قاعەكە هەموو حروفی ئەبجەدی بێت، تێكەڵ دانیشین هەموومان، یان ئەگەر حروفی ئەبجەدی بێت، ئەوە بلۆك بە بلۆك حروفی ئەبجەدی بێت، بەو شێوەیە ئێمە هەست بە عەدالەتی دەكەین و هیواداریین بۆمان راست بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك زانا عبدالرحمن فەرمو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەكانی كاك گۆران دەكەم، و منیش كێ بە كورسیەكەی من ڕازییە با بێتە جێی من و كورسیەكەی خۆمی دەدەمێ، چاوم باش ئەبێنێ، من نازانم بەراستی، ئێمە كێشەی زۆر گەورەمان هەیە، جێی دانیشتنمان با نەبێتە كێشەیەكی گەورە، ئێمە خەریكە یەكتری پێ بریندار ئەكەین، دكتۆر ئەگەر بە شوێنەكەی من ڕازییە ئەوە من شوێنەكەی خۆمی دەدەمێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك تەحسین فە رموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد (دۆڵەمەڕی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵا منیش لەگەڵ ڕەئیەكەی كاك شێركۆ حەمەدئەمینم، بە نیسبەت حروفی ئەبجەدی نەدەبوا لە پەیڕەو هەبێ، دەبوا بە پێێ حروفی كوردی بێت، مادام هەیە، ئێستاش ناكۆكیەك هەیە، هەندێ لە برایانی بەڕێز ناویان بە حەرفی كوردی دەستپێدەكات، دەبێ هیچ كورسییان بەرنەكەوێ بەو حاڵە بێ، چونكە حوروفی كوردی لە ئەبجەدیدا نییە، كاك گۆران ئازاد، خوشكە ڤیان، د.ڤالاّ، ڤەمان، ئەوانە دەچنە كام خانە ئەگەر بە پێی حروفی ئەبجەدی بێت؟، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز د.شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێركۆ حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر چەندە بە پێی پەیڕەو، پێموایە نووسراوە هیچ ئەندامێكی پەرلەمان بۆی نییە قسە لەسەر قسەی ئەندامێكی تر بكات، بەڵام منیش هاوڕام لەگەڵ كاك زانای هاوڕێم، دەوەرن با ئێستاكە بەپێی پەیڕەوی ناوەخۆ، لێژنەیەكی لێكۆڵینەوە دروست بكەین بزانین كێ موسەببیبی ڕەئیسیە لە هەموو ئەو نەهامەتیانەی بەسەر خەڵكی كوردستاندا هاتووە، وەرن با هەموومان بە یەكەوە پەیمانێك مۆر بكەین لەسەر ئەوەی كە ئەوەی بچووكترین گەندەڵی كردووە لە هەرێمی كوردستان، كە مەسئولە لەم دۆخەی هەرێمی كوردستان، وەرن با بەدادگای بگەینین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە دەست خۆش، خاتوو ئێڤار فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵا من هەر نوقتەی نیزامیم هەیە، دیارە لە ڕاسپاردەكان بڕیار بوو لێژنەیەك پێكهاتبوو لە پەرلەمان و لە حكومەت، دیارە دوو كۆبوونەوەیان كردیە، نازانم حزوری ئەو لێژنانە چ بووە؟، دوو كۆبونەوەشیان كردیە و ئێستا ئەو لێژنانە هەڵوەشایتەوە، ئێستا ئیش لەسەر ئەوە دەكرێت دروست كردنی لێژنەیەكی لێكۆڵینەوە، ئێمە دوو مانگە چوار لێژنەی مەعنی هەیە كاری كردووە، لێژنەی مافی مرۆڤە، تەندروستیە، ژنانە، هەروەها لێژنەی مونەزەماتی موجتەمەعی مەدەنییە، ئەوان ماندوو بووینە بەو كەیسانە و شارەزاییەكی تەواویان هەیە، حەق وابوو ئەوانە تەهمیش نەكرێن، نەك بە میزاجی شەخصی خەڵك دابنرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دوا موداخەلە كاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو لێژنەیە لە راستیدا وەكو خاتوو ئێڤار وتی، ئێمە ماوەیەكی زۆرە بەو كەیسانەوە مەشغولین، ئەوەشی كە زەرووره ئەوەیە كە ئەو لێژنەیە كاری لێژنەكەی حكومەت ناكات، دوو دانیشتنمان لەگەڵ لێژنەكەی حكومەت هەبووە، لە پەرلەمان و لە ئەنجومەنی وەزیران، ڕەنگە بەشێك لە هاوڕێیانم بەشدار بوون لەو كۆبوونەوانە، پێویست بوو ئەم لێژنەیە رەسمیەت وەربگرێ، ڕەنگە من مولاحەزەم لەسەر دانانی ئەندامەكانی هەبێ كە هەندێك زیادی هەیە، بۆیە خۆم دەنگم بەلێژنەكە نەدا كە خۆشم تێدام، بەڵام دواجار ئەم لێژنەیە چاودێری و هەماهەنگی لەگەڵ لێژنەكەی حكومەت دەبێ، جگە لە لێژنەكەی حكومەت، هیچ هەوڵێكی تر نییە بۆ دۆكێومێنت كردن، لەبەر ئەوەی لێژنەكەی حكومەت ئەنجومەنی دادوەری داخیل كردووە، ئەوەی موتابەعەی ئەم كەیسەی كردبێ لەشاری دهۆك جێگری بۆ دانراوە، دادوەری بۆ دانراوە، لێكۆڵەری بۆ دانراوە، پۆلیسی تەحقیقی بۆ دانراوە، كەیسەكە بۆ دۆكیومینت كردن نەك بۆ ئیحالە بۆ مەحكەمە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانیش كە سەرۆكی ئەو شاندە بووە، بۆخۆی باش دەزانێ لە لاهای ئەو كەیسە چۆن چووتە پێش، دوایین نامەی لاهای كە دوێنێ هاتووە و ئەمڕۆ سەرۆكی پەرلەمان لە بەردەستیدایە، دەزانێت ئەو كەیسە لە پەرلەماندا هەنگاوێكی ناوە، كە ڕەنگە خەونێك بێت ئێمە بە ئاسانی بیرمان نەكردبێتەوە ئەو كەیسە بەرینە ئەو حاڵەتە، بۆیە ئێستا دۆكیۆمێنتكردنەكەی دەتوانم بڵێم دواش كەوتووە، ئەوەی كە حازرە و لەبەر دەستە، وەكو لێژنەكەی حكومەت ئاماژەی پێكرد، ئێستا ٨٣ ئافرەت لەبەر دەستە كە ڕزگاربووی ئەو ڕفاندن و دەسبەسەر داگرتنە و ئیغتیصابە و، دەیان دۆكیۆمێنتی تر هەیە كە خۆشبەختانە ئیشەكان زۆر بە باشی دەستی پێكردووە، وا هەست دەكەم ئەمە لێژنەیەك نییە بەدیلی كاری جێبەجی كردن بێت وەكو هەماهەنگیە و چاودێری ئەوەی حكومەتە، دوا جاریش ڕێككەوتووین لەگەڵ لێژنەكەی حكومەت، هەموو دۆكیۆمێنتەكان بدرێتەوە بە پەرلەمان و

تەقاریریش بدرێت بە پەرلەمان، لە نەتیجەی ئیشەکان و دۆکیۆمێنتەکاندا، بەڵام دواجار دەبێت ئەم لێژنەیەی پەرلەمان هەماهەنگی بکات لەگەڵ ئەمانە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك ڤەمان فەرمووو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە كۆما مولاحەزەی سەر هەی، دیسا هەر ژ بڕگە حەفتێ بەرنامەی كار كو هاتیا دیاركرنا لێژنە لێكۆڵینەوە، كو هین وەكی سەرۆكایەتیا پەرلەمانێ و هەمێ پەرلەمانیش دەزانن كو لێكۆڵینەوە تەنێ ئەركێ حكومەتیە و ژ دەسەڵاتێ جێبەجێ كردنا كو پەرلەمانیش دشێتن لێژنەی كاتی پێك بێنن بۆ دیفچوونا ئەڤێ كەیسێ وئەڤی مەسەلە، دیسا ئەگەر جەنابێ دەرفەتێكمان بدەیت كو چەند تێبینیەكم هەی كو ئەدائا كارێ پەرلەمانی وەكو موئەسەسە بە شكلێكی گشتی هەن، كو ئەڤرۆكە هەرێما كوردستانێ كو قۆناغێكی گەلەكە گرنگ و هەستیاردا دەرباز بێتن، پەرلەمان بە حەقیقەت ئیڤ بڕیارا ژمارە ١ سالا (٢٠٠٥ ) كو لە ٢٠٠٥/٥/٢٩ هاتە بلاڤ كرن كو مەرجەعی سیاسی و دەستووریە هەرێما كوردستانییە، پاشەكشیە ئەڤ خۆدزینەكێ دكەن لە وەزیفە خۆیا ئەساسی، ئەو ژی ئەوە كو نەك تنەكی پرسیار پەرلەمانێ كوردستانێ نەهتیە كرنێ سەبارەت بەشداریە كوردستانێ ژ حكومەتا فیدراڵدا یان هەر بەشداریشی نەهاتیە كرن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ڤەمان ئەمانە ئەتوانی بە نووسراو ئاراستەی دەستەی سەرۆكایەتی بكەی .

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەس یەك مەسەلەیا هەی، پیشنیاری ئەڤە لێژنەی پێكهینان كرنێ ئایا مەوقیفی كوردستانێ بۆ یەعنی هەندێك شەلەل و هەندێك سیست و خاوە؟، ئە گەر تە بەشداری كریە بە جیددی بەشداری بكە، ئەگەر بەشداری نەكریە ئەز حەز دەكەم پەرلەمان وەزیفا خۆی رابگرێ و،سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا عبدالرحمن فەرمووو.

**بەڕێز عبدالرحمن علي رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من داواکارم لە دەستەی سەرۆکایەتی کە ئەو قسانەی کاك زانا کردی لە ڕاستیدا لە پرۆتۆکۆل بسڕێتەوە، چونکە لە ڕاستیدا کە برادەرێك پێشنیار دەکات و داواکاری دەکات، ناوەکان لە حروفی ئەبجەدی بکرێتە هیجائی ئەمە نیشانەی ئەوە نییە ئێمە چاومان هیچ نەبینێ، ئێمە چاومان ئەبینێت و چاویشمان تیژە، کورسیش کورسی خۆمانە لە ڕاستیدا، کورسی ئەوە نییە داگیر کرابێ، لەبەر ئەوە ئەو قسەیە کە وتراوە ئێمە چاومان تیژە، داوا دەکەم لە پرۆتۆکولدا بسڕێتەوە و پێویستیش ناکات هەندێ وشە بەراستی بوترێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم خۆش نەبوو بەراستی لەسەر قسەی ئەو بەڕێزە قسە بکەم، بەڵام من داوای لێ ئەکەم مادام چاوی تیژە، دەستنیشانی ئەو کەسەمان بۆ بکات کە پێشتر چوویتە لای مالیکی  و داوای کردووە بودجەی هەرێمی کوردستان ببڕن بۆ ئەوەی ببێتە خاڵی لاوازی خەڵکی کورد، ئەمە یەك، ئەو دوو لایەنەی کە سێ کورسیان هەیە لە پێشەوە دوو کەس لەو برادەرانەی کۆتاکان ببەنە لای خۆیان و خۆیان ببن بە یەك کەس و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، تەبعەن بەڕێزان ئەندامان پەرلەمان، سکرتێکی پەرلەمان لە هەوڵی ئەوەیدا ئەو داواکارییەی ئێوە جێبەجێ بکات، من حەز دەکەم خۆی ڕوونکردنەوە بدات لەسەر ئەم بابەتە.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

سەبارەت بە دانیشتن بە پێی حروفی ئەبجەدی کە دانراوە، ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی، بەراستی ئەمانویست هەر لەسەر ئەوەی پێشوو کار بکەین و بە پێی حەرفی ئەبجەدیەکە، بەڵام دوای ئەوەی کە ئەندامانی پەرلەمان ئەو ژمارەیە کە واژوویان بۆ هێناین بۆیە ناچار بووین کە ئێمەش بە پێی پەیڕەو و بە پێی حەرفی ئەبجەدی دابەشی بکەین، هەر چەند هەوڵمان دا ئێمە لە فراکیسیۆنەکان، لە ڕێزی پێشەوە، هەر یەك لەو کەرتانە بن، بەڵام بە داخەوە دواجار فراکسیۆنەکان وایان پێ باش بوو کە ئەندامانی فراکسیۆنەکەیان لە شوێنێکدا بن کە بتوانن مەشوەرەت لەگەڵ یەك بکەن و گفتوگۆیان هەبێ و نامە گۆڕینەوەیان هەبێ لەسەر بابەتی دیاری کراو قسە و باسیان هەیە، بۆیە بەو شێوەیە دواجار دابەش کرا، ئەوە بریتیە لە ئیرادەی فراکسیۆنەکان لە پەرلەمانی کوردستان کە بەو شێوەیە دامانا، ئەوە شتێکی واقیعیە کە ئەندامانی هەر فراکسیۆنێك نزیك بن لە یەك، وەکو ئەوەی کە ئێستا لە پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنەکەی ئێستادا دەبینرێت، کەرتی یەك فراکسیۆنی سەوزە، نزیکن لە یەکترەوە و دەتوانن گفتوگۆ بکەن و هەر بابەتێکیان هەیە دەتوانن قسە و باسی لێوە بکەن، هەر کاتێك ئەیانەوێ هۆڵی پەرلەمان بە

جێ بێڵن ئەوا پێکەوە بەجێ دێڵن، هەروەها فراکسیۆنی زەرد، هەروەها فراکسیۆنەکانی تر کە کەرتی سێیەمە کە سێ فراکسیۆنی تێدایە بەو شێوەیە دابەش کراون، کەرتی چوارەمیش بریتیە لە کەرتی پێکهاتەکانی کوردستان لە ئایینی و لە نەتەوەیی، بۆیە وامان پێ باش بوو لەبەر ئەوەی ئەو واقیعەی کە ئێستا هەیە لەناو فراکسیۆنەکان وا بەو شێوەیە دابەش بکرێت، شوێنی دانیشتنەکەش حەرفی ئەبجەدی حوکمی پێوە کردووە نەك ئێمە قسەمان هەبێ لەسەری.

**بەڕێز غریب مصطفى حەمەخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك فخرالدین وا نییە کە تۆ ئەیڵێ، تۆ سێ فراکسیۆنت تێکەڵ کردووە بە یەکەوە بە حروفی ئەبجەدی دایناوە، ئەوانیش ئەو فراکسیۆنی جیایە و ئەویش فراکسیۆنی جیایە.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

برای بەڕێزم، ئێمە بە نیسبەت کەرتی سێ وە فراکسیۆنەکانمان ئاوا دابەش کرد، ئێمە ئەو نیزامەمان پیادە کرد، هەر فراکسیۆنێك بە پێی حەرفی ئەبجەدی دابەش بکرێت، بەڵام بە نیسبەت کەرتی یەکەوە ١٨ کورسیە، ١٨ ئەندام پەرلەمانتارە، بە نیسبەت کەرتی دووشەوە هەر بە هەمان شێوەیە، کە دەگاتە کەرتی سێ فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە یەك ڕێزدا دامانتا بە پێی حەرفی ئەبجەدی خۆیان، لە ناوەڕاست بە مامۆستا ڕابوون دەست پێ ئەکات، بە حەرفی ئەبجەدی بەو شێوەیە دابەش کراوە، فراکسیۆنی یەکگرتوو لە ئەمسەری کەرتی سێیەوە بەم شێوەیە دابەش کراون کە ئەگەڕێنەوە ئەوێ کە مەجالیان نامێنی کە ئەندامێکیان دێتە ناو پێکهاتەکان کە ئەویش مامۆستا غەریبە، بۆیە ئەندامانی هەر یەکێك لە فراکسیۆنەکان حەرفی ئەبجەدی بۆ بەکارهێنراوە، ئەندامانی پەرلەمان هەر یەکێك لە فراکسیۆنەکان نەك کەرتی سێمان ئەبجەدی بۆ هەمووومان کردبێ، بەو شێوەیە دانراوە وەکو کە ئەیبینن لە کۆبوونەوەکاندا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا غەریب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفى حمەخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە هەموو ئەو پێوەرانەی کە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان باسی کرد، هەر چەندە وەڵامەکەی دامەوە ئێستا، بەڵام من نەمزانی من بۆ کەوتوومە ئەو سووچە؟؟، سەیر لەوە بوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕاستی ئەم بابەتە شایەنی ئەم گفتوگۆی درێژە نەبوو کە لە پەرلەماندا کرا، بەڕاستی شایەنی ئەمە نەبوو، ئێوە هەمووتان سەرۆکی فراکسیۆنتان هەیە، ئەتانتوانی لە ڕێگای سەرۆکی فراکسیۆنەکانتانەوە باسی ئەم بابەتە بکەن، ئەتانتوانێ بە یادداشت ئەم بابەتە بخەنە ڕوو بۆ دەستەی سەرۆکایەتی، بە داخەوە وا نزیکەی نیو سەعاتە کاتی دانیشتنی پەرلەمان بەوە ڕۆیی کە کێ لە کوێ دانیشێ؟، بە دڵنیاییەوە پێشتر

باسمان کردووە، کاری بۆ کراوە، بەڵام نە ئەگونجا و سکرتێری پەرلەمانیش هەوڵی دا کە بیگونجێنیت کە ئێوە داوای ئەکەن، چونکە لە دەستەی سەرۆکایەتی باسمان کردبوو و خۆمان هەستمان بەو ناعەدالەتییە کردبوو، سێیانی فراکسیۆنی سەوز لێرە دائەنیشن و سێیانی فراکسیۆنی زەرد بە هەمان شێوە، فراکسیۆنەکانی تریش یەکێکیان دائەنیشێت، بەڵام دیسان ئەوە کێشەی دروست ئەکرد و سکرتێری پەرلەمانیش ڕوونی کردەوە، هیوادارم ئەم بابەتانە لە دەرەوەی هۆڵی پەرلەمان موناقەشەی بکەێنن لە ڕێگای سەرۆکی فراکسیۆنەکان، لە ڕێگای یادداشتی ئەندامانی پەرلەمانەوە، بۆ ئەوەی لەناو هۆڵی پەرلەمان ئاوا نەبێتە کێشە، کاک جەعفەر جێگری سەرۆکی پەرلەمان قسەیەکی هەبوو لەم بوارەیەوە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕاستی من پەشیمان بووم قسە لەسەر ئەو مەوزوعە بکەم، بەڵام دیارە وای لێهات، حەقیقەت خۆی گرفتێك هەبوو کە چۆن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دانیشن، بیر لەوە کرا کە حەرفی ئەبجەدی پەیڕەو بکرێت، لە حەرفی ئەبجەدیش بەراستی ئەوە زۆر راستە کە ئەوترێت حەرفی ئەبجەدی مەبەستمان حەرفی کوردی بوو، دواتر ئەو یادداشتە پێشکەش کرابوو بە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان حەرفی ئەبجەدی پەیڕەو بکرێت، ئینجا ئەوەش دەهاتە پێشەوە ئەو حەرفانە لەسەر بلۆك تەتبیق بکرێت یان لەسەر قاعە، بە حەقیقەت کە لەسەر قاعە دروست بوو، ئەوە ئیعتیرازات دروست دەبوو، ئەو قسەش قسەیەکی بە جێ بوو کە فراکسیۆنەکان هەموو ڕاوێژکاری لەنێوان خۆیان دەکەن، لەو حاڵەتەش دەبێ باس لەوە بکەن کە غەدر لە فراکسیۆنی گۆڕان دەکرێ، لە یەکگرتوو دەکرێ، لە کۆمەڵ دەبێ، ئەوان تێکەڵاو دەبن، واقیعێك دروست بووە حەقیقەت پێم باشە ئێمە تەجاوزی ئەوە بکەین، یەعنی بە سینگ فراوانی و لە یەکتر تێگەیشتن تەجاوزی ئەوە بکەین و لە ڕاستیدا مامۆستا غەریب حەقێتی کە گلەیی لە هەموومان بکات، چونکە ئەو بە تەنیا لەوێ کەوتووە، ئەوی ڕاست بێت ئەوەی تر ئەوەی لە پێشەوە دادەنیشیت ئەوە دووبارە ڕەنگە دەرفەتێك بیت لەگەڵ سکرتێری پەرلەمان دووبارە ڕەچاوی ئەوە بکرێت، بە پێی ئەندازەی هەر فراکسیۆنێك بێت، بە پێی ڕەچاوی مەسەلەی تر بکرێت، حەقیقەت خۆزگە ئێمە ئەو بابەتەمان، من ئەو قسە دووبارە ئەکەمەوە کاتی ئەوەش نییە ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکەین، خۆزگە ئەم مەسەلەیە لە دەرەوەی دانیشتن چارەسەرمان بکردبا نەك لەناو دانیشتندا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا پرسیارەکانی ئێوەی بەڕێز ئەخوێنینەوە، پرسیارەکانتان کە بۆ حکومەتتان ناردووە، بەڕێز کاك ئومێد حمە علی پرسیاری لە سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان کردووە، تیادا ئەڵێ: وەزارەتی دارایی بە نووسراوی ژمارە (٦٩٤٠) وەڵامی ئێوەی داوەتەوە بۆ دەربڕینی ڕەزامەندی بۆ دامەزراندنی ١٥ کەس بە شێوەی گرێبەست لە بەرواری ٢٠١٣/٥/٦، پرسیاری کردووە ئایا ئەو

دامەزراندنانەی ئێوە یاسایین و بە پێی ڕێنماییەکانن؟، دوو، ئەگەر بە پێی ڕێنماییەکانن، بە بۆچوونی ئێوە روونی بکەنەوە چۆن لە پەیوەند لە هەریەك لە دامەزراوەکان؟.

خاتوو ڤیان عباس پرسیاری لە وەزیری رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، کە چ پلانێکیان هەیە بۆ پتر کاراکردنی سەکتەرە رۆشنبیریەکان بۆ ئەوەی زیاتر خزمەتی هەموو تەمەنەکان بکەن لە بواری هۆشیاری و رۆشنبیریشدا؟، بەڕێز کاك بێستون فایەق و کاك ئومێد حەمە عەلی پرسیاریان لە سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستانیان کردووە، سەبارەت بە دەرکردنی بڵاوکراوەیەك سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ و گەشە پێدانی هۆشیاری بە مافەکان مرۆڤ، پرسیار دەکەن: ئایا بڵاوکراوەی ژمارە (سفر) ی دەستەکەتان تەرخان کراوە بە مافی مرۆڤ و هۆشیاری لەم بارەیەوە؟.

دوو: بۆ چی (٢٢ ) لاپەڕەی سەرەتا و( ١٧ )لاپەڕەی کۆتاییتان تەنها هەواڵی خۆتان وەك سەرۆکی دەستە تەرخان کردووە؟، سێ: لەبەر چی بڕی (٦٠٠) هەزار دینار وەك یادداشت بۆ خۆت تەرخان کردووە لە دەرکردنی ئەو گۆڤارە؟.

بەڕێز د.شێرکۆ جەودەت، پرسیاری ئاراستەی وەزیری دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە، بۆ چی بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٤ پەسەند ناکرێت؟، ئامادەکردنی بودجە کارێکی خەملاندنە و پێویست ناکات لەسەر بەغدا ڕاوەستێ، دوو: کورت هێنانی بودجەی ساڵی ٢٠١٣ چەندە و پلانتان چییە بۆی؟، پرسیاری سێیەمی سەبارەت بە حیساباتی خیتامیە، پرسیاری چوارەمی سەبارەت بە ماددەی (١٩) ی پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٣یە کە (١٥) هەزار پلەی وەزیفی بۆ دامەزراندن بودجەی بۆ تەرخان کراوە، بە پێی زانیارییەکانمان چارەکی زۆر کەمتر دامەزراون، ئەو بودجەیەی تەرخان کراوە چی لێ هاتووە؟، پرسیاری پێنجەمی دەڵێت: ئایا داهاتی نەوت کە بۆ خەرجی خۆماڵی حکومەت بەکار هاتووە چەندە بۆ ساڵی ٢٠١٣ و ٢٠١٤؟ ژمارەیەکی پرسیاری تر کە سەبارەت بە سیستەمی وەصفی وەزائیف و قەرزی بانکتان کردووە.

بەڕێز د.شێرکۆ جەودەت پرسیاری ئاراستەی وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، سەبارەت بە بڕی بەنزین لە پاڵاوگەکان چەند بەرهەم دێت و نرخی فرۆشتنی نەوتی خاوی بەرهەم هاتوو چەندە و تێچووی پاڵاوگەکان چەندە؟.

بەڕێز د.شێرکۆ جەودەت پرسیارێکی ئاراستەی سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان کردووە، سەبارەت بە حیسابی خیتامی سالی ٢٠١٢ و ٢٠١٣ داهاتی وەزارەتەکان و دام و دەزگاکانی حکومەت، بەڕێز شێرکۆ جەودەت پرسیاری ئاراستەی وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، سەبارەت بە پشت بەستنی وەزارەتی کارەبا بە نەوت و بەرهەمەکانی تری نەوت وەك غاز لە جێگەی نەوت، بەڕێز د.شێرکۆ جەودەت پرسیاری ئاراستەی وەزیری سامانە سروشتییەکان کردووە سەبارەت بە کێشەی کۆمپانیای دانا غاز لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی سامانە سروشتییەکان.

بەڕێز غەریب مصطفى حەمە خان پرسیاری ئاراستەی وەزیری دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، پرسیاری لەسەر ژمارەیەك فەرمانبەری گرێبەست کردووە کە لە دەروازە سنوورییەکان کار دەکەن و مووچەیان نزیکەی (٥٠٠) هەزار دینار، ئەڵێ: ئایا بە نیاز نین ئەو گرێبەستانە، هەمان دەرماڵەی پیشەییان بۆ سەرف بکرێ کە بۆ فەرمانبەرەکانی تر سەرف دەکرێ.

بەڕێز د.شێرکۆ جەودەت پرسیاری ئاراستەی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە سەبارەت بە هۆی تەواو نەبوونی بەنداوی بێخمە و پلانی ستراتیژی وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ چوار ساڵ، بەڕێز غەریب مصطفى پرسیاری ئاراستەی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، سەبارەت بە تاقیگەی کشتوکاڵی پارێزگای هەڵەبجە، بەڕێز د.شێرکۆ جەودەت پرسیاری ئاراستەی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کردووە سەبارەت بە کێشەی تەواو نەبوونی بەنداوی بێخمە و پلانی ستراتیژی چوار ساڵی وەزارەت.

بەڕێز د.شێرکۆ جەودەت پرسیاری ئاراستەی وەزیری بازرگانی و پیشەسازی کردووە سەبارەت بە ئەو کۆمپانیانەی کە لە کارگەکانی حکومی کار دەکەن لە هەولێر، ئایا گرێبەستیان بۆ کراوە؟، بەڕێز غەریب مصطفى پرسیاری ئاراستەی وەزیری دارایی و ئابووری کردووە، سەبارەت بە فەرمانبەری گرێبەست... ئەوە دووبارەیە، خاتوو شوکریە اسماعیل پرسیاری ئاراستەی وەزیری رۆشنبیری و لاوان کردووە سەبارەت بە پلانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بۆ هۆشیاری ئابووری و رۆشنبیری بەکار بێت بۆ تاکەکانی میللەتەکەمان.

بەڕێز غەریب مصطفى پرسیاری ئاراستەی وەزیری ناوەخۆی هەرێمی کوردستان کردووە، سەبارەت بە کێشەی پۆلیسێك کە ناوی (قادر صابر قارەمان)ە ماڵیان لە ناحیەی خۆرماڵە، سەبارەت بە کێشەی ئەو پۆلیسە پرسیاری ئاراستەی وەزیری پەیوەندار کردووە.

بەڕێز بەهزاد دەروێش پرسیاری ئاراستەی وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، سەبارەت بە ئەنجامی بەدواداچوونی هۆی پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانەی کە پێشتر لێی بوون، دەیەوێ بزانێ ئەنجامی بەدواداچوون بۆ پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە لە ٢٠١٤/٨/٢ لە ناوچەی شەنگال و زومار کەسك چۆن بووە و کێ لێی بەرپرسە؟.

بەڕێز د.شوان قەڵادزەیی پرسیاری ئاراستەی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە سەبارەت بە کەم کردنەوەی نرخی ئەنجامدانی گەشتی پیرۆزی فەریزەی حەج لە هەرێمی کوردستان، بەڕێز د.شوان قەڵادزەیی پرسیاری ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کردووە سەبارەت بە نزم کردنەوەی نرخی بەنزین و هاتنە سەر خەتی بۆ چارەسەری قەیرانی بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین، بەڕێزیان پرسیارێکیان ئاراستەی وەزیری پیشەسازی هەرێمی کوردستان کردووە سەبارەت بە (٤) مانگ کە دەڵێ (٤) مانگە قەزای مەخمور و شارەدێ و گوندەکانی دەوروبەری ئازووقەیان وەرنەگرتووە، پرسیاری لەسەر ئەوە کردووە.

بەڕێز سۆران عمر پرسیاری ئاراستەی وەزیری دارایی و ئابووری حکومەت هەرێمی کوردستان کردووە سەبارەت بەوەی کە چەند کەناڵ و گۆڤار و ڕۆژنامە لە هەرێمی کوردستان مانگانەی پێ دەدرێت، بەڕێز سۆران عمر پرسیاری ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، کە دەڵێ لە خولی پێشووی پەرلەماندا، ئەو زیندانیانەی کە پاش ساڵی ١٩٩١ دەستگیر کراون و ئازاد بوون بە ڕێکاری یاسایی دۆسیەیان بۆ پڕکرایەوەو ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانیان کردووە، بۆیە ئەو دۆسیانە بۆ تا ئێستا وەڵام نەدراونەتەوە؟.

د.شوان قەڵادزەیی پرسیاری ئاراستەی وەزیری کاروباری پێشمەرگە کردووە، سەبارەت بە ناردنی پزیشکەکان بۆ بەرەکانی جەنگ، لەبری مانەوەیان لەناو وەزارەت، بەڕێز حسین اسماعیل حسین پرسیاری ئاراستەی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان کردووە سەبارەت بە فرۆکەخانەی کشتوکاڵی عەربەت، کە لەسەر ڕووبەری زیاتر لە (٧٩) دۆنم دروست کراوە کەتا ئێستا هیچ بەرهەمێکی نەبووە لە چارەسەری گرفتی پەتا کشتوکاڵییەکان.

د.شوان قەڵادزەیی پرسیاری ئاراستەی وەزیری کاروباری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، سەبارەت بە ژمارەی هێزەکانی پێشمەرگە و بودجەی وەزارەت و یەك خستنەوەی هێزەکان، بەڕێز علی حەمە صالح پرسیاری ئاراستەی وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، سەبارەت بەو گرێبەستانەی حکومەتی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیای ماس گلۆباڵ کردوویەتی و ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانە بۆ کڕینی تەزووی کارەبا بڕی یەك ملیار دۆلار دەداتە کۆمپانیای ناوبراو دەڵێ بۆچی پیاچوونەوە ناکرێ بەو گرێبەستە کە حکومەتی هەرێم لەگەڵ ئەو کۆمپانیایە کردوویەتی، بەڕێز علی حەمە صالح پرسیاری ئاراستەی وەزیری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان کردووە سەبارەت بە خشتەیەك بۆی ڕەوانە کردوون بەناوی ٤٠٤ ئافرەت کە هەرچەندە بەشێك لەو ئافرەتانە پێش ڕاپەڕین خەڵکی شۆڕشگێڕ بوون، بەڵام هەندێکیان هیچ ساڵێك خزمەتی پێشمەرگایەتیان نییە، سەبارەت بە خانەنیشینی پێشمەرگە و ئەو کارە نایاساییانەی لەوێ کراون، پرسیارەکەی سەبارەت بەوەیە.

بەڕێز علی حەمە صالح پرسیارێکی ئاراستەی وەزیری سامانە سروشتییەکان کردووە سەبارەت بە ئەو گرێبەستەی کە لە نێوان وەزارەت بۆ پاڵاوتنی نەوت لەگەڵ هەردوو کۆمپانیای کار گروپ و قەیوان کردوویانە، چەندین ساڵ بەسەر ئەنجامدانی گرێبەستەکە تێپەڕیوە بۆ پاڵاوتنی هەر بەرمیلێك (١٧) دۆلار بدرێتە پاڵاوگەکان بە پێی بەدواداچوونی ئەوان و بە پێی بەدواداچوونی بەڕێزی ( ١٧) دۆلار بە پێی بەدواداچوونی بەڕێزی دەڵێ تێچوونی هەر بەرمیلێك بۆ پاڵاوتن کەمتر لە (٧) دۆلاری پێویستە، پرسیار لەسەر ئەوە دەکات، بەڕێز علی حەمە صالح پرسیاری ئاراستەی وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، سەبارەت بە خانەنشین کردنی (١٠) کادیری پارتی دیموکراتی کوردستان بە پلەی وەزیر، بە بڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها پرسیاری ئاراستەی وەزیری دارایی و ئابووری کردووە،

سەبارەت بە خانەنیشین کردنی خەڵك بە پلەی بەڕێوبەری گشتی لە وەزارەتی دارایی بە پێی نووسـراوێکی سەرۆکی حکومەت دیسانەوە ئەوە پەیوەنداره بە کەیسی خانەنیشینانی هەرێمی کوردستان.

بەڕێز علی حەمە صالح پرسیاری ئاراستەی وەزیری دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان کردووە دەڵێ بـە پێی نووسراوێکی وەزیری دارایی کە واژووی بریکاری وەزیری دارایی لەسەرە (٤٩) کەس بە ٥٦ ملیۆن دینـار مانگانـە تـەمویل کـراون، بـەڵام هـیچ ئاماژەیـەك نییـە کـە ئەمانـە فەرمانبـەری حکومـەت بـن، هـەروەها ئاماژەیەکیش نییە کە خانەنیشین بن، پرسیاری لەسەر ئەوە کردووە، هەروەها پرسیاری ئاراستەی وەزیـری کاروباری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان کردووە، تیایدا دەڵێ بە پێی یاسا ئەو کەسەی بـە پلـەی سـەربازی خانەنشین دەکرێ بەهۆی ئەوەی خەباتی پێشمەرگایەتی هەبووە پێش ڕاپـەڕین بێـت بـەلای کـەم سـێ سـاڵ پێش ڕاپـەڕینی ساڵی ١٩٩١ ی خزمـەتی پێشـمەرگایەتی کردبـێ، بـەڵام دەڵـێ بـە پێـی زانیاریـەکانی ئـەو بـۆ خانەنیشین کردنی پێشمەرگە تـاوەکو ئێسـتا کـار بـەم یاسایە نـەکراوەو پرسـیار لـەوە دەکات بۆچـی ئـەوە نەکراوە.

هەروەها پرسیار لە وەزیری دارایی و ئابووری هەرێمی کوردسـتان دەکات سـەبارەت بـە خانەنشـین کردنـی (١١٠) کـەس بـە پلـەی وەزیـر لەسـەر داوای یـەکێتی نیشـتمانیی کوردسـتان، خـاتوو فـەیروز طه پرسـیاری ئاراسـتەی سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیرانـی هـەرێمی کوردسـتان کـردووە سـەبارەت بـەوەی کـە پەرلـەمانی کوردستان بە بڕیاری ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠٠٢ هـەموو ئـەو خانووانـەی کـە بـەزیادەڕەوی و تـەجاوز دروست کراون تاپۆ بکرێ لەسەر هاووڵاتیان، بەڵام تاوەکو ئێستا ژمارەیەك خانوو ماون کە لە سنووری شارەوانیەکە تاپۆ نەکراون بەهۆی ئەوەی کە دەکەونە ناو جادەکـان و سـەوزایی و خزمـەتگوزاری، پرسـیاری لەسـەر ئـەو بابەتە کردووە لە وەزیری پەیوەندار.

خاتوو فیروز پرسیاری ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردسـتان کـردووە، سـەبارەت بـە بڕیاری ١٨٥٣ لە ١٩٧٩/١٢/٣٠ ی مەجلسی قیادەی سەورەی پێشوو کـە نابێـت هـیچ هاووڵاتییـەك لـە سـنووری هەردوو قەزای ئاکرێ و شەقڵاوە تەسەروف بە باخەکانیان بکەن و خانوو بە ئارەزووی خۆی دروست بکات، تا ئێستا کاری پێ دەکرێت، بۆیە جێگای گازاندەی هاووڵاتیانە.

خاتوو شکریە اسماعیل مصطفی پرسـیاری ئاراسـتەی وەزیـری پـەروەردەی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان کردووە تیایـدا دەڵـێ لای گشـتمان ڕوونـە ئـەمڕۆ گـەلان و هـەرزەکارانی ئـەم هەرێمـە ڕوحـی ئینتمایـان بـۆ کوردسـتان و ئـاین و کلتـور و داب و نـەریت کـزو لاوازە، پرسـیاری ئـەوە دەکـات کـە ئایـا پلانـی سـتراتیژی وەزارەتـی پـەروەردە چـییە لـەم بارەیـەوە، هـەروەها پرسـیارێکی تـری ئاراسـتەی وەزیـری کشـتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کـردووە سـەبارەت بـە پلانـی سـتراتیجی وەزارەتـی کشـتوکاڵ بـۆ زیـاد کردنـی بەروبوومـە کشتوکاڵییەکانی ناوخۆ، ئەو بەروبوومە کە دێن بە پێی ستانداردی جیهاتی بێ، ئایا پلانـی ئێـوە چـییە بـۆ پتەوکردنی کۆنترۆڵی جۆری؟.

كاك غريب مصطفى پرسیاری ئاراستەی وەزیری ناوخۆی حكومەتی هەرێمی كوردستان كردووە سەبارەت بە ژمارەیەك پۆلیس كە نزیكەی (٢٠) كەس دەبن سەر بە وەزارەتی ناوخۆن و پاسەوانی دەواجنی بەرزان تكریتی دەكەن لە دوزخورماتوو كە بە دوو وەجبە دەوامیان پێ دەكرێ، ئەركەكەیان زۆر گرانە، پرسیار لە كێشەی ئەو پاسەوانانە دەكات، هەروەها پرسیار ئاراستەی وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو كردووە، كە ئایا پلانی ستراتیجی وەزارەتی كشتوكاڵ چییە بۆ بەرەوپێش بردنی كەرتی كشتوكاڵ و ئاژەڵداری لە پێناو دابین كردنی ئاسایشی نەتەوەیی و سەقامگیری سیاسی ئابووری و كۆمەڵایەتی لە هەرێمی كوردستان؟، هەروەها پرسیار ئاراستەی وەزیری پەروەردەی حكومەتی هەرێم كردووە تیایدا كە دەپرسێ ئایا پلانی ستراتیجی وەزارەتی پەروەردە چییە لەم كابینەیە بۆ گرنگی دان وەك پێویست بۆ ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەڕووی پەروەردە و خوێندن.

بەڕێز علی حەمە صالح پرسیاری ئاراستەی وەزیری دارایی و ئابووری حكومەتی هەرێم كردووە سەبارەت بەوەی كە دەوام نەكردنی زیاتر لە (١٢) هەزار كەس بە پلەی ڕاوێژكار و بەڕێوبەری گشتی و بەڕێوبەری تەنفیزی و جێگری بەڕێوبەر و چەند پۆستێكی دیكە لە بەڕێوەبەرایەتی ڕێكخراوەكانی سەر بە وەزارەت، پرسیاری سەبارەت بەم فەرمانبەرانەی بەڕێوبەرایەتی ڕێكخراوەكان كردووە.

بەڕێز شكریە اسماعیل مصطفی پرسیاری ئاراستەی وەزیری و دارایی و ئابووری حكومەتی هەرێمی كوردستان كردووە، بۆچی تاوەكو ئێستا ئەو هاووڵاتیانەی كە پرۆژە یاسای قەرەبووكردنەوەی ڕاگیراوانی پاساوی..... عەفوو ئەو یاسایە پەسەند كراوە پێشتر، تیایدا دەپرسێ بۆچی هەندێ هاووڵاتی ئەو یاسایە شمولی نەكردوون ئەگەر پەیوەندی بە وەزیری داراییەوە هەیە ئەوا بڕی پارەكە بۆ هەر هاووڵاتیەك دیاری بكرێ لە كاتی بوونی پارە قەرەبوو بكرێنەوە.

خاتوو ڤیان عباس، پرسیاری ئاراستەی وەزیری دادی حكومەتی هەرێمی كوردستان كردووە تیایدا پرسیار لەسەر ڕێگری كردن دەكات لەسەر دروست كردنی دادگای كارگێڕی لە دهۆك، لە كاتێك دا كە بڕیار بۆ ئەمە دەرچووە، بەڵام جێ بەجێ ناكرێ، ئەگەر دروست تەرجومەم كردبێ خاتوو ڤیان، داكۆكی دەكات كە لە كاتێكدا بڕیار دراوە دروست بكرێ، بەڵام هێشتا جێ بەجێ نەكراوە.

بەڕێز عبدالله جاسم ڕێكانی پرسیار ئاراستەی وەزیری ناوخۆی حكومەتی هەرێمی كوردستان كردووە، تیایدا باسی ئەوە دەكات كە قەرەبوو كردنەوەی نزیكی هەزار خێزانی ئەنفالكراوەكان ئەوانەی پەنابەرن لە كەمپەكانی پەنابەران لە وڵاتی توركیا و گەڕاونەتەوە بۆ كوردستان دوای ناوی (٢٠٠٠) هەزار كەس لەوانە هاتوونە، دوای ساڵی ٢٠٠٠ وایە د.عبدالله؟

**بەڕێز عبدالله جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە کەمپەکانی پەنابەران لە تورکیا ٢٠٠٠ کەس لەو کاتە ژەهراوی کردووبوون لە لای حکومەتی عیراق، دوای ئەو ژەهراوی کردنە زۆربەی ئەو پەنابەرانە تەقریبەن یەك هەزار خێزان گەڕانەوە بۆ عیراق و کوردستان.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

**دوایی (٢٠٠٠) کەس لەوانە هاتوونەتەوە و هاتوونە ژەهراوی کردن لە ساڵی ١٩٩٠، پرسیار لەسەر کێشەی ئەو هاووڵاتیانە دەکات، بۆ قەرەبووکردنەوەیان، بەڕێز مامۆستا رحمن علی رضا پرسیار لە وەزیری کاروباری پێشمەرگە کردووە سەبارەت بە هۆکارەکانی پاشەکشە کردنی هێزی پێشمەرگە لە دەڤەری شەنگال و دەوروبەری و هۆکارەکانی کە ئایا تاکتیك بووە یان شکست، هەروەها ئایا لە جەلەولا پاش چەندین شەر و پێکدادان و و بوونی چەندین شەهید و برینداری زۆر بۆ پاشەکشە کرا؟، پاشەکشەکە تەکتیك بوو، هەروەها پرسیاری کردووە کێ بەرپرسە لەم پاشەکشانە، ئایا بە فەرمانی وەزارەت ئەم پاشەکشەیە کراوە یان بە بڕیاری تاکەکەس، بەڕێز مامۆستا عبدالرحمن علی رضا پرسیاری ئاراستەی بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، پرسیاری کردووە بۆچی بۆ ماوەی دوو ساڵە نووسینگەی هەرێمی کوردستان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرپرسی بۆ دیاری نەکراوە؟، کەسێك ئەو پۆستەی پێ نەدراوە، ئایا کەسێکی شیاو نییە بۆ ئەم پۆستە یان هۆکارەکەی پشت گوێ خستنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە؟، پرسیاریشی کردووە هەرێمی کوردستان بەلایەوە گرنگ نییە نووسینگەیەکی چالاکی لە وڵاتە زلهێزەکانی دونیای ئێستا یان سازان نییە لە نێوان لایەنەکانی هەرێم بۆ دەست نیشان کردنی کەسێك بۆ ئەو نووسینگەیە.**

**بەڕێز د.شوان قەڵادزەیی پرسیاری ئاراستەی وەزیری پێشمەرگە کردووە سەبارەت بە تاپۆ کردنی ئەو زەویانەی دراوە بە پێشمەرگە کارتیان بۆ کراوە، بەڕێز مامۆستا غەریب مصطفی پرسیاری ئاراستەی وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان کردووە، کە دەپرسێ بۆچی کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆ لە کاتی مۆڵەت وەرگرتنی نەخۆشی مووچەیان بۆ حساب نەبێ.**

**بەڕێز کاك عمر عینایەت حەمە سعید پرسیاری ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، سەبارەت بە پاك ستی لە سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٤ ەوە دەستی پێکردووە، تا ئێستا تەواو نەبووە، دەپرسێ پاك ستی چ جۆرە پرۆژەیەکە وەربەرهێنانە یان فرۆشتن؟ بە پێی یاسای ژمارە ( ٣٢) ی موساتەحە، بە چ نرخێك زەویەکەی پێ دراوە؟، گرێبەست لەگەڵ کێ کراوە و؟ چەند پرسیارێکی تریشی ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کردووە سەبارەت بە هەمان پرۆژە، بەڕێز کاك ئومێد حەمە علی پرسیاری ئاراستەی وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان کردووە، سەبارەت بەوەی کە قەزای سەید سادق زۆر کێشەی هەیە بە تایبەتی لە بواری پەروەردەدا یەکێك لەو کێشانە لەسەردانم بۆ پەروەردەی سەید سادق پێیان ڕاگەیاندم موشکیلەی (١٦٤٥) مامۆستاییان هەیە و (٩٠٢) مامۆستا لەو**

ژمارەیـە هاتووچـۆ دەکـەن، (٩٧٥) مامۆسـتا مـافی گواسـتنەوەیان هەیـە و فۆڕمیـان پڕکردووەتـەوە و پێـنج خوێندنگای نوێ پێویستیان بە میلاکاتە.

پرسیاری سەبارەت بەم بابەتە لە وەزیری پەیوەنـدار کـردووە، بـەڕێز گـۆران ئـازاد پرسـیاری سـەبارەت بـە سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیرانـی هـەرێمی کوردسـتان کـردووە، سـەبارەت بـەوەی کـە دوای دەرچـوونی سـێ فەرمانی سەرۆکایەتی هەرێم بەژمارەکانی ( ٥٣) بۆ بەڕێز د.پشتیوان هاشم بەزاز و بە ژمـارە ٥٤ بـۆ بـەڕێز د. خدرمعصـوم ، وە ژمـارە (٥٥) بـۆ بـەڕێز د.کـوثر عزیـز گـەلالی لەبـەرواری ٢٠١٤/٥/١٥ بەمەبەسـتی خانەنشین کردنیان و دەست بەردار بوونیان لە پۆستەکانیان بە گوێرەی یاسای وەزارەتـی خوێنـدنی بـالا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠٠٨، پرسیاری کردووە کە بۆچی بەس تەنها فەرمان دەرچـووە بـۆ خانەنشین کردنی بەڕێز د.خدر معصوم و ئەوانی تر کەچی لە جێگەکانی خۆیان ماونەتەوە؟.

بەڕێز کاك گۆران ئازاد پرسـیاری ئاراسـتەی وەزیـری کاروبـاری پێشـمەرگەی هـەرێمی کوردسـتان کـردووە و دوای ڕووداوەکانی شەنگال و چۆڵکردنی سنوورێکی بەرفراوان بە بێ شەڕ و بەرگری کردن، بەڕێز سـەرۆکی هێـــزە چـــەکدارەکانی کوردســـتان لیژنەیـــەکی لێکۆڵینـــەوەی دروســـت کـــرد بەمەبەســـتی ســـزادانی کەمتەرخەمەکان، ئەڵێ ئایـا ئـەم لیژنەیـە لـە چـەند نوێنـەر پێـك دێـن و کـێن و چـۆن لێکۆڵینـەوە دەکـەن، کارەکانیان گەیشتووەتە کوێ؟ بـەڕێز گـۆران ئـازاد پرسـیاری ئاراسـتەی وەزیـری نـاوخۆی هـەرێمی کوردسـتان کـردووە، دەپرسـێ بۆچـی وەزارەتـی نـاوخۆ کردنـەوەی خـولی ئەفسـەرانی ڕاگرتـووە لـەکۆلیـژی پـۆلیس بـۆ کارمەندەکانی لە کاتێك وەزارەت زۆر پێویستی پێیـەتی و تێچوونیشـی پێویسـت نییـە، چـونکە کارمەنـدی وەزارەتن.

بەڕێز مامۆستا عبدالرحمن علی رضا پرسـیاری ئاراسـتەی وەزیـری کارەبـای هـەرێمی کوردسـتان کـردووە، سەبارەت بەوەی کە تەزووی کارەبا، تیایدا دەڵێ لە بەرواری ٢٠٠٧/١٠/٢٥ تەزووی کارەبا لە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە گەیەنراوەتە قەزای پێنجوین، بەڵام (١٠/٢٥) هێشتا نەگەیشتووە، لـە ئێسـتادا پێنجوین و ناحیـەی گـەرمك و ناڵپـارێز و (٩٠) گونـدی قەزاکـە سـوود لـەو کارەبایـە وەردەگـرن، پرسـیار لەسـەر ئـەو تـەزووەی کارەبایە دەکات کە لە ئێرانەوە دێت، پرسیار لەوە دەکات کە لە مانگی (١١) ی ئەمساڵ گرێبەسـتەکە کۆتـایی دێـت و تـەزووی کارەبـا لـەو شـوێنانە دەبڕدرێـت، بـەڕێز عبـدالرحمن علـی پرسـیاری ئاراسـتەی وەزیـری کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوەکان کردووە سەبارەت بەوەی کە لـە سـەرەتای سـاڵی ٢٠١٤ ەوە بـە مەبەسـتی جینۆسـاید ناسـاندنی چـەند شـار و ناوچـەیەك کـە بـریتین لـە پێنجـوێن وشـارباژێر و مـاوەت و دوکـان و باڵەکایەتی، چەنـدین سکاڵا لە هاووڵاتیان وەرگیراون، بەڵام دەڵێ زیاتر لە سێ مانگـە سـەرجەم سـکاڵاکان لـە وەزارەتی شەهیدان ماونەتەوە و نەنێردراون بـۆ دادگـای بـاڵای تاوانـەکان، پرسـیاری ئـەوە دەکـات بۆچـی و هۆیەکەی چییە و پرسیاری ئەوە دەکات هاووڵاتیان دەبێ تاکەی چاوەڕوانی وەزارەت بن، بەڕێزان ئەمە ئەو پرسیارانە بوون کە لەلایەن ئێوەوە نێردراون بۆ وەزارەتە پەیوەندارەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێز کاك بەیار فەرموو.

**بەڕێز بەیار طاهر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارەکا دی ئەز داکۆکیا دکەم دیف مادەیێ ٦٦ ی دوو جەوابێت بۆمە هاتین هەتا نووکە نەهاتینە خاندن، بەس بزانم کە چ ئیجرائاتێ دی دکەن، داخازێ دکەم کو بێنە خاندن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

بە دڵنیاییەوە ڕاستە، نەگەیشتووەتە دەستی من، وەڵامەکان نەگەیشتوونەتە دەست ئێمە، ڕەنگە ڕاستەوخۆ لە کاروبارەوە ناردرابێ بۆ ئەوێ، بەڵام ڕاستە لە دانیشتنەکانی داهاتوو کە ئەوە دەکەین کە داوایان لێ بکەین هەموو ئەو وەڵامانەشی کە لەلایەن حکومەت و وەزارەتە پەیوەندارەکان دەگەڕێنەوە بۆ پەرلەمان بدرێتە دەستەی سەرۆکایەتی تا ئەو کاتەی پەیڕەو دەستکاری دەکرێ، دەکرێ وەڵامەکانیش بخوێنینەوە بۆ ئەوەی چاوی پەرلەمانتارانی ڕوون بێ لەوەڵامی وەزارەتە پەیوەندارەکان لەسەر پرسیاری پەرلەمانتاران، بەڵێ بەڕێز دڵشاد شعبان فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شعبان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش کۆمەڵێك پرسیارم ئاراستەی وەزیری دارایی و ئابووری هەرێم کردووە، بەڵام نەخوێندرایەوە؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڵێ، لەبەردەستی من بوو، ڕاستە دیارە نێردراوە و نەنێردراوە بۆ ئێمە بۆ ئەوەی بیخەینە فایلی دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان، بەڵام من سەروسۆراخی دەکەم و وەری دەگرین و لە دانیشتنی داهاتوو بیخوێنینەوە، مامۆستا هەورامان فەرموو.

**بەڕێز د.هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە هەمان شێوە منیش ٧ پرسیارم ئاراستەی وەزیرە جیاوازەکان کردووە، بەس نەخوێنرایەوە نازانم بۆ ؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

سۆراغی دەکەین بزانین پرسیارەکان بۆچی نەخوێنرایەوە؟، بزانین پرسیارەکان نێردراون یان نا؟، ئەگەر نێردرابن، نا، نا نەهێنراوە بۆ من، ئەو پرسیارانەی کە دراون بە ئێمە هەموویمان خوێندەوە ئێستا، بەڕێز د.عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله جاسم رجب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

٥ پرسیار لە بۆکسی من هەبوو، بەس تەقریبەن یەك پرسیارت خوێدووەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

ڕاستە، کاك حاجی کاروان فەرموو.

**بەڕێز كنعان نجم الدين (حاجی كاروان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیارم ئاراستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان دەكەم لە هەر وڵاتێك، هەر جەیشێك بە تایبەتی ئەمریكا بچێتە هەر وڵاتێك لەوێ قاعیدەیەكی عەسكەری دابنێ پەرلەمانی ئەو وڵاتە ڕێ دەدات لەڕووی قانونی و لەڕووی دەولیشەوە هەر وایە، هەر چەندە بەڕەسمی وابزانم تەكلیف نەكراوە لە كوردستان، بەڵام واقیعەك هەیە لەوە دەچێ بێتە پێشەوە، ئ ەوەیە پەرلەمانی كوردستان بێ دەنگی یان مەسەلەن هەڵوێستی یان ڕەئیەكی نەبێ لەو مەسەلەیە دەكەوینە ژێر پرسیارەوە، بۆیە ئێمە چاوەڕێی جواب لە جەنابتان دەكەین، ئەگەر بە رەسمی داواكراوە لە كێ داواكراوە و پەرلەمان چ ڕۆڵێكی هەیە لەوەی كە مۆڵەت بدات بە وڵاتێكی وەكو ئەمریكا لێرە لە مەتاری هەولێرەوە بە تەیارە قەسفی داعش بكات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس بەڕێز حاجی كاروان بە دواداچوون بۆ ئەم پرسەش دەكەین، بەڵام جەنابیشت دەتوانی بە پرسیار ئاراستەی وەزارەتی پێشمەرگەی بكەی و ئێمەش بەدواداچوون بۆ ئەوە دەكەین بزانین بە شێوەیەكی ڕەسمی هەرێمی كوردستان لەوە ئاگادار كراوەتەوە یان ئەو قاعیدانە لەچوارچێوەی ڕێككەوتنی نێوان عیراق و ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكایە كاتی خۆی كە ڕێكەوتنامەی ستراتیجی لە نێوانیان ئیمزا كراوە بە پێی ئەوەیە یان نا؟ بەڵێ خاتوو نەجیبە فەرموو.

**بەڕێز نەجیبە لطیف احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرسیارەكان منیش پرسیارم ناردووە و نەهاتووەتەوە، بەڵام لە یاداشتەكان دەپرسم ئایا ئەو یاداشتانە كە قەرار وایە حكومەت تەبەنی بكات و ئیشی لەسە بكات، ئەویش نابێ وەڵامەان بدرێتەوە یەعنی دوو یاداشتم ناردووە بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ٧/٧ و یەكێكیشیان لە ٧/١٠ نازانم سقوتی كردووە یان هەر وەڵام نادرێنەوە یان ئەوە چۆن؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

خاتوو نەجیبە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ و بە پێی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان حكومەت مولزەمە كە وەڵامی پرسیاری ئەندامانی پەرلەمان بداتەوە، بەڵام سەبارەت بە بیرۆكەكان یان هەر یاداشتێك كە ئەندامانی پەرلەمان ئەینێرن بۆ حكومەت، حكومەت دەتوانێ كاری پێ بكات یان دەتوانێ كاری پێ نەكات، چونكە ئەوە وەكو پرسیار نەڕۆیشتووە بۆیان، مامۆستا حسن فەرموو.

**بەڕێز حسن صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله من ٦ پرسیارم هەبوو پێموایە لەوانەیە ئێستا لە تایب دابن، بەڵام ٥ یان کراون لێرە، من دەمەوێ میکانیزمێك هەبێ بۆ ئەوەی من بۆچی سبەینێ کاتێکی دیکە بەفیڕۆ بدەین ولەناو پەرلەمان ئەو پرسیارانە بکەمەوە، ئەو پرسیارانەی کە دەکرێن وەڵامەکانیان چۆن دێتەوە ڕەنگە وەڵامەکانیان تەنها بۆ پەرلەمانتارەکە بێتەوە، بەڵام ئەگەر میکانیزمێك بدۆزنەوە و هەموو ئەو وەڵامانە بە دەست هەموو پەرلەمانتاران بکەوێ و ڕەنگە کاتمان کەمتر بوێ لەمەودوا، بۆ ئەوەی من سبەینێ ئەو پرسیارە بۆ بکەمەوە؟، هەمان پرسیارە و دەچێتەوە لای وەزیر، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم/ من پێم باش بوو هەر لە سەرەتای کردنەوەی جەلسەی ئەمڕۆ بەڕێزت باسی ئەم سەردانەت کردبا کە بۆ هۆڵەندات کرد، ئیجابیاتی ئەم سەردانەت و لەمەودواش هەر سەردانێك کە لەلایەن پەرلەمانەوە دەرکرێ بۆ هەر وڵاتێك، دواتر بەرهەمی ئەم سەردانە لەلایەن ئەو وەفدەوە بۆ پەرلەمانتاران ڕوون بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

سەبارەت بەو سەردانەی کە بۆ هۆڵەندا ئەنجاممان دا ڕاپۆرتێك ئامادە کراوە و بڕیارە ئەمڕۆ خرابێتە بۆکسی ئەندامانی پەرلەمان، هاتووە؟ خراوەتە بۆکسی ئەندامانەوە؟، دیارە جەنابت بۆکسەکەت نەکردووەتەوە ئەگەر نا باشە ئێستاش بێ کەواتە لەناو بۆکسی ئەندامان ڕاپۆرتێك هەیە سەبارەت بەو سەردانەی کە ئەنجاممان داوە، مامۆستا غەریب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفی حەمەخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا کە باسی ئەو پرسیارانەی کە پەرلەمانتار ئاراستەی وەزارەتەکانی دەکات، ڕەنگە کاتی ئەوە هاتبێ عەرزی ئەوە بکەم کە پەرلەمانتار کە پرسیار ئاراستەی وەزیر دەکات هەڵبەتە کێشەیەك هەیە دەیەوێ بەو پرسیارە چارەسەری بکات، یان ناڕوونییەك هەیە و وەزارەت ڕوونکردنەوە بدات، بەڵام ئەگەر وەڵامی وەزیرەکە یان وەزارەتەکە بەجۆرێ بێ کە ناڕوونی تیا بێ دیسان ئەویش بە غموزەوە بێتەوە بەردەستی پەرلەمانتارەکە دیسان چی بکات ئەم، من هەست دەکەم وەڵامی وەزیر یان وەزارەتەکە زۆرجار مەتاتییە، بە جۆرێکە وەڵامێك نادات بە دەستەوە کە ئەو کەسە لێی حاڵی ببێ یان نەبێ یانی چی بکات؟ بەڕاستی سەری لێ دەشێوێ، گرفتەکە چارەسەر نابێ، لەبەرئەوە دەبێ میکانیزمێ بێتە پێشەوە کە ئەو پرسیارە ئامانجی خۆی بپێکێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڵێ خۆی پەیڕەوی ناوخۆ ئەو میکانیزمەی دیاری کردووە مامۆستا غریب، بەڕێزت کە ئاراستەی وەزیری پەیوەنداری دەکەی ئەگەر لە وەڵامەکەی دڵنیا نەبووی دەتوانی بانگی بکەی بۆ پەرلەمان بۆ ئیستجواب، بۆ لێپرسینەوە، یەعنی ئەوە میکانیزمەکەیەتی پەرلەمان دەسەڵاتی سەپاندنی ڕای بەسەر حکومەت نییە، بەڵام دەسەڵاتی لێپرسینەوەی هەیە، پرسیار کردن و دواتر لێپرسینەوە، زۆر سوپاس بەڕێزان بەم شێوەیە دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی پێ هات.

| | | |
|---|---|---|
| فخرالدین قادر | جعفر ابراهیم ئێمینکی | د. یوسف محمد صادق |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |